



کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی هەشتەم

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر


بەرگی هەشتەم

لێکۆڵینەوەی سیاسی

کۆکردنەوەی:

د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر

کوردستان ٢٠٢٥




**کۆبەرهەمی**

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی هەشتەم

کۆکردنەوەی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

گرافیك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێڕست

## بۆندسرات - ئەنجوومەنی فیدراڵی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ


پێشوازیی......................................................................................١٢
پەرە ئەستاندنی فیدرالیزم لە ئەلمانیا:..........................................................١٤
لەپاش ١٩٤٥:......................................................................................١٦
دووبارە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا:..................................................................١٨
ئۆرگانی دەستووریی فیدراڵیی:..................................................................١٩
پێنج ئۆرگانە دەستوورییە هەمیشەییەکانی فیدراسیۆن:......................................٢٠
فیدرالیزم یەکێتی لە جیاوازیی و هەمەجۆرییدا:...............................................٢١
شێوازگەلی پێچەوانەی پێکهێنانی دەوڵەتان ئەمانەن:........................................٢١
چاکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵیی بە بەراورد لە تەك دەوڵەتی یەکێتییدا:...................٢٣
زیانەکانی (خراپییەکان) دەوڵەتی فیدرالیی لە هەمبەر دەوڵەتی یەکێتییدا:...............٢٥
ئەنجوومەنی گشتی و ئەندامان.....................................................................٢٨
دەزگایەکی هەمیشەیی و نەگۆڕ:..................................................................٢٨
٢. دابەشبوونی دەنگەکان: .........................................................................٢٨
٣. پێگەی یاسایی ئەندامان:.........................................................................٣٠
٤. سەرۆك و سەرۆکایەتی:..........................................................................٣٠
٥. ئەرکەکانی سەرۆك:...............................................................................٣١
٥. ئەنجوومەنی راوێژکاریی هەمیشەیی:............................................................٣٢
٦. ئەنجوومەنی کاروبارە ئەوروپییەکان (شێوەی بچووکی بۆندسرات): ......................٣٤
٧. کۆمیتەکان:..........................................................................................٣٥
٨. لێژنەی ناوبژیی و رێکخستن:....................................................................٣٦
٩. پرۆسەی بڕیار وەرگرتن لە بۆندسرات:.........................................................٣٨

ئەرك و فەرمانەكانی بۆندسرات ..................................................... ٤١
١. دابەشكردنی ئەرك و فرمان و كرداری هاوبەش.................................... ٤٢
٢. ئۆرگانی یاساسازیی ........................................................................ ٤٣
٣. مافی دەستپێشكەریی یاسادانان............................................................ ٤٣
٤. لێدوان لە پرۆژە یاساكانی حكومەتی فیدراڵ ........................................... ٤٤
٥. خوێندنەوەی دووهەم:........................................................................ ٤٥
٦. سەبارەت بە پرۆژە پەسەندكراوەكانەوە .................................................. ٤٦
٧. پڕۆژە یاساییە رەتكراوەكان.................................................................. ٤٨
٨. رۆڵی بەڕێوەبردن.............................................................................. ٤٨
٩. بەشداریكردن لە كاروباری یەكێتی ئەوروپادا ........................................... ٤٩
١٠. بەشداریكردن لە كاروبارەكانی دەرەوەدا .............................................. ٥١
١١. كاروفەرمانی تر............................................................................... ٥٣
١٢. دەسەڵاتەكانی بۆندسرات:.................................................................. ٥٣
١٣. بۆندسرات وەك فاكتەرێكی رامیاریی ................................................... ٥٤
١٤. هاوسەنگیی لەتەك حكومەتی فیدراڵدا.................................................... ٥٥
١٥. دوو ئەنجومەنی یاسازیی ................................................................... ٥٧
١٦. پێوەندیی نێوان فیدراسیۆن و ویلایەتە فیدراڵییەكان ................................. ٥٨
دادگەی دەستووریی فیدراڵی.................................................................... ٦٢
ئەركەكان............................................................................................. ٦٣
رێكخستن............................................................................................. ٦٣
ئەنجوومەن ........................................................................................... ٦٦
رێوشوێنەكان ........................................................................................ ٦٦
ناكۆكیی و كێشە دەستوورییەكان.............................................................. ٦٨

**خودموختاریی هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە (چین)**


کتێبێکی دانسقە و هەڵوێستێکی وڵاتپارێزانە.......................... ٧٠
پێشەکی بابەتەکان.......................... ٧٢
پێشەکیی .......................... ٧٣
کۆماری چینی گەلی وڵاتێکی فرە رەگەزیی یەکگرتووە.......................... ٧٣
وڵاتێکی فرەرەگەزیی یەکگرتوو، خودموختاریی هەرێمایەتی ... .......................... ٧٤
پێگەی سیاسی خوموختاریی هەرێمایەتی ... .......................... ٨٠
مافی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمە نەژادییە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکان.......................... ٨٧
پشتگیریی و یارمەتی حکومەتی ناوەند بۆ هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکان .......................... ٩٧
پەرەسەندنی مێژویی ئەرکە هەمە جۆرەکان ... .......................... ١١٠
دەرەنجام (کۆتایی) .......................... ١١٨
پاشکۆ .......................... ٢١٠


سیستەمی فیدراڵی لە چەند وڵاتێکی جیهاندا - ٢٠٠٥


پێشدەستیی و پێناسەیەك.......................... ١٣٦
کەنەدا | دیڤید کامیرۆن .......................... ١٣٨
سویسرا | تۆماس ستاوفەر و نیکۆل تۆپەرڤیان.......................... ١٦١
هیند | جۆرج ماپیۆ .......................... ١٨٣
بەلژیکا | ئەندری لیکۆرس .......................... ٢٠٦
ئەفریقیای باشوور | جانیس ڤاندیر وێستهۆیزن .......................... ٢٣١

**یاسای زمانە فەرمییەکان لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا**

جێبەجێکردنی زمانە فەرمییەکان لە هەندێ وڵاتی فرە نەتەوەدا ........................ ٢٥٦
تاکو زمانەکان یەکسان بن ئەوا پێویستیمان بە یاسای زمان هەیە ........................ ٢٦٠
هیند ........................ ٢٦٣
زمان لە هیند ........................ ٢٦٨
هێز بۆ ئیمڕۆ و هیوای گەش بۆ دوارۆژ ........................ ٢٦٨
ئەفریقای باشوور ........................ ٢٧٣
سویسرا ........................ ٣١٠
بەلژیك (بەلجیکا) ........................ ٣٣٧
پاکستان ........................ ٣٧٠
قوبرس ........................ ٣٨٣

# بۆندسرات

## ئەنجوومەنی فیدراڵی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ

...

**د. کۆندراد رۆیتەر**

بەڕێوەبەری بۆندسرات و دادگەی دەستووری فیدراڵی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

مەجید ئاسنگەر

راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان

کوردستان /٢٠٠٩

## پێشدەستیی و پێشنیازێك

خوێنەری هێژا:

ئـەم پەرتووکـەی بەردەسـتت چوارەمیـن بەرهەمـی وەرگێـڕدراوی چاپکـراوی نووسـەری ئـەم پێشـەکییەیە کـە لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە کردوومـن بـە کـوردی و، بەشـێکی دانەبڕاویشـە لـەو پـتر لـە پەنجـا بەرهەمانـەی کـە پەرلەمانـی کوردسـتان لـەم خولـەی ئێسـتەی خۆیـدا بـە چاپـی گەیانـدوون.

ئـەوەی راسـتی بـێ، دەبـێ بـە ئینسـافەوە بگوترێـت ئـەم هەمـوو چالاکییـە بەرچـاوەی ئـەم مەیدانـە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمانـی کوردسـتان بەتایبەتـی بـۆ بەگەرمیـی بەدەنگـەوە هاتـن و هاوکاریـی بـێ سـنووری بەڕێـز کاك (عەدنـان موفتـی) سـەرۆکی پەرلەمـان دەگەڕێتـەوە، لـە هەمانکاتـدا ئەنجامـی هەڵوێسـت و پشـتگیریکردنی لیژنـەی یاسـایی پەرلەمـان و بەتایبەتیتریـش پەرۆشـیی و شـەونخوونی و هاندانـی پەرلەمانتـاری ماندوونەنـاس و پشـوودرێژ بـرای بەڕێـزم پارێـزەر (طـارق جامبـاز)ە کـە بـەردەوام لـە خەمـی راپەڕاندنـی پرۆژەکەدابـووە و هەوڵـی بێوچانـی داوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی سـەرچاوەی دەگمـەن و بـە سـوودی جۆراوجـۆر بەمەبەسـتی ئاسـانکاریی و ئەنجامدانـی پرۆسـەی وەرگێڕانەکـە، هەموویـان شایسـتەی پێزانیـن و سوپاسـگوزاریی بـێ پایانمانـن، نموونەیـان هـەر زۆر بێـت.

وەلـێ، وێـڕای ئـەم هەنگاوانـەش کـە لـەم بـوارە گرنـگ و پـڕ بایەخـەدا نـراون، ئەمـە هێشـتا هـەر بـە هـەوڵ و تەقەلـلای تاکەکـەس یـان چەنـد کەسـانێکی دڵسـۆز دەژمێردرێـت و لـە خانـەی (تاکەکەسییەوە) تێناپەڕێنێـت و، بـەم ئاسـتەیش تێنوێتـی کتێبخانەکانمـان ناشـکێنێت و پێداویسـتییەکان و هیـوا و ئاواتەکانـی گـەل پـڕ ناکاتـەوە.

جـا لەبـەر گرنگیـی و نـرخ و بەهـای هـەرە زۆری وەرگێـڕان بـۆ ئێمـەی خەڵکـی کوردسـتان لـەم قۆناغـە مێژووییـە هەسـتیارەماندا، بەتایبەتـی بەهـۆی کاریگەریـی

بـێ سـنووری پڕۆسـەکەوە، بەتایبەتیـش لـە بوارەکانـی زمانەوانیـی و کێشـەی نەژادیـی و نەتەوایەتیـی و بابەتـی فیدرالیـزم و چۆنییەتـی چارەسـەرکردنیان بەشـێوەگەلی روون و ئاشـکرا و بەبـێ کەموکورتـی لـە دەسـتووری وڵاتانـی پێشـکەوتووی خـاوەن سیسـتەمگەلی فیدراڵیـدا، لـەم روانگەیـەوەدا بـە دڵسـۆزیی پێشـنیاز دەکـەم و هیـوادارم کـە لەمـەودا پەرلەمانەکەمـان لـە خولەکانـی داهاتوویـدا نـەك هـەر لەسـەر ئـەم رێبازەیـدا بـەردەوام بێـت و بـەس، بگـرە پێویسـتە و دەبـێ زۆر بـە پەرۆشـەوە درێـژە پێبـدات و ئومێـد دەخـوازم پڕۆسـەی وەرگێـڕان لـە هەرێمـی کوردسـتان بکرێتـە کارێکـی دامەزراوەیـی و هـەر نەبـێ لـە پەرلەمـان بەڕێوەبەرایەتییەکـی گشـتی یـان فەرمانگەیەکـی تایبـەت بـۆ (بـاس و توێژینـەوەی زانسـتی) دابمەزرێـت کـە (پڕۆسـەی وەرگێـڕان بکاتـە یەکێـك لـە ئەرکـە هـەرە سـەرەکییەکانی خـۆی و بـە هەمـوو شـێوەیەك پـەرەی پێبـدات. ئیـتر دەسـت لـە دەسـت و سـەرکەوتن لەخـوای پەروەردەگارەوەیـە.

وەرگێڕ

مەجید ئاسنگەر

نەورۆزی ٢٠٧٩

٢٠٠٩/٣/٢١

## پێشوازیی

ئـــەم نامیلکەیـــە بانگەوازێکـــە بـــۆ بەدەســـتهێنانی زانیـــاری زیاتـــر لەمـــەڕ (بۆنـــدسرات) و بەدەســـتهێنانی تێگەیشـــتنی باشـــتر لەمـــەڕ پایـــە و ئەرکەکانییـــەوە لەنێـو سیسـتەمی فیدراڵیـی حکومـەت لـە ئەڵمانیـادا. بۆنـدسرات (the bundesrat) کـە (پەرلەمانـی لانـدەر) یـان حکومەتەکانـی ویلایەتـە فیدراڵییەکانـە. خـۆی ئامـراز و هـۆکاری پێوەندیـی و بەیەکـەوە گرێدانـی نێـوان (فیدرالییەکـە) و لاندەرەکەیـە.

کارو ئـەرك و پێکهاتەکـە لـە هەمـوو جیهانـدا وەکـو یەکـن و نیشـانەیەکی زۆر بـە دیـارەوە ناسراویشـە لەنێـو دامـەزراوە یاسـاییەکانی تـردا ئەوانـەی کـە هەمیشـە لـە گۆڕانـدان.

فیدرالیـــزم و لامەرکەزییـــەت لەسەرتاســـەری جیهانـــدا بوونەتـــە دروشـــمی یەکـەم لەنێـو ئەجینـدای سیاسـیی سـەردەمدا. ئـەو ئەزموونـەی بۆنـدسرات لـە مـاوەی پـتر لـە ٥٠ سـاڵەی بوونـی خۆیـدا لەنێـو سیسـتمی فیدرالیـی ئەڵمانیـادا بەدەسـتی هێنـاوە و بـە بەراورکـردن و لێکدانـەوەی خاڵـە بەهێزەکانـی و خاڵـە لاوازەکانییـەوە بوونەتـە بەشـێکی گرنـگ لـە بەشـداریکردنی ئەڵمانیـاوە لـەم مشـتومڕ و گفتوگۆیـەدا کـە سـەرتاپای جیهانـی گرتۆتـەوە.

پێداچوونەوەیەکـی مێژوویـی بـە (بۆنـدسرات)دا بـە چاکـی ئـەو تەقلیـدە دەســـتوورییەی روون دەکاتـــەوە. پێکهاتەکـــەی، رێکخســـتنەکەی و شـــێوازەکانی کارکردنـــی بـــە دوورودرێـــژی باســـیان لێوەکـــراوە، کـــرداره تایبەتمەندەکانیشـــی خراونەتـــە بەرچـــا و و پێداچوونەوەیـــان بـــۆ کـــراوە. ئەمەیـــش یارمەتیـــدەرە بـــۆ دروســـتکردنی رای تایبەتـــی سیســـتەمی شـــەرعیی (یاســـایی) و سیاســـییەوە.

پێرسـتێك ئامـادە کـراوە بـۆ ئەنجامدانـی گـەڕان بـە دوای زانیاریـی تایبەتمەنـددا کـە نـەك تەنهـا وشـە سـەرەکیەکان دەگرێتەخـۆ، بەڵکـو هەروەهـا ئـەو بابەتانـەش کـە پێوەندییـان بـە باسـەکەوە هەیـە.

خوێنـەران ئەوانـەی ئـارەزووی بەدەسـتهێنانی زانیاریـی زیاتـر دەکـەن دەتوانـن

بـۆ بيبليۆگرافەكـە و ليسـتی سـايتەكانی ئينتەرنێـت بگەڕێنـەوە.

ناوەڕۆك:

١. پەرەئەستاندنی فيدراليزم لە ئەڵمانيا

٢. يەكگرتوويی

٣. كارو ئەركەكانی بۆندسرات

ديرۆكـی دەسـتورويی ئەڵمانيـا لـە بۆنـدسرات و هەنـگاوە مێژووييەكانيـدا رەنگدەداتـەوە، ئامانجيـش بەدەسـتهێنانی يەكێتـی نيشـتمانييە شـان بەشـانی پشـتگيری كـردن لـە هەمـە جۆريـی و جوداوازيـی هەرێمايەتيـی وڵاتـەوە.

**پەرە ئەستاندنی فیدرالیزم لە ئەڵمانیا:**

ئەڵمانیـــا وڵاتێکـــی فرەناوەندییـــە، ژمارەیەکـــی زۆر خاڵـــی هاوبەشـــیی بـــۆ کەلتـــوور، زانســـت پـــەروەردە، بازرگانیـــی و پیشەســـازیی هەنـــە، ئـــەم بونیـــادەی کـــە لـــە هەمـــان کاتـــدا ژمارەیەکـــی زۆیـــش نیشـــانەگەلی هەرێمایەتـــی لەخـــۆ دەگرێـــت، پێشـــینەیەکی مێژوویـــی هەیـــە و لـــە مـــاوەی دوورودرێـــژی ســـەدان ســـاڵدا تـــا بـــە ڕۆژی ئیمـــڕۆی گەیشـــتووە هـــەر ماوەتـــەوەو پارێـــزراوە و پەرەیشـــی پێـــدراوە.

کەلەپـــووری دێریـــن و لەمێژینـــەی ئەڵمانیـــا، بـــۆ نموونـــە ئـــەوەی لـــە پەیکـــەر و کۆنـــە پاشـــماوە هونەرییـــە گرنـــگ و بەناوبانـــگ و ناسراوەکانـــەوە کـــە لـــە سەرتاســـەری وڵاتـــدا دۆزراونەتـــەوە، دەبینرێـــن، نەبوونـــی ناوەندێکـــی دەســـەڵاتداری بەهێـــز دەســـەلمێنێت.

وێـــڕای ئەمەیـــش گەلـــی جەڕمانیـــی مەیلێکـــی بەهێزیـــان هەیـــە کـــە بـــە ناســـنامەی نیشـــتمانیی هەرێمەکانیانـــەوە بناسرێتـــەوە.

بـــۆ نموونـــە کەسـێك کـــە لـــە شـــاری (میۆنیـــخ) دەژیـــت، هـــەر تەنهـــا بـــەوە حســـابی بۆناکرێـــت کـــە (ئەڵمانیـــە) بەڵکـــو بـــە هەمـــان شـــێوەو بـــە هەمـــان گرنگییـــەوە بەوەیشـــەوە کـــە (باڤار)ییـــە.

لـــە کاتێکـــدا وڵاتانـــی دیکـــەی ئەوروپـــا، وەك فەرەنســـا، ئینگلتـــەرە و ئیســـپانیا دەوڵەتگەلـــی نەتەوەیـــی بـــوون و، پاشـــا، یـــان شـــاژنێکیان وەك ناوەنـــدی هێـــز و دەســـەڵات دەبـــوو، ئەوروپـــای ناوەنـــد لەهەنـــدێ کاتانـــدا لـــە زێـــتر لـــە (٣٠٠) ســـێ ســـەد ناوچەگەلـــی جـــوداواز پێکدەهـــات.

تەنهـــا بـــە درەنگـــەوە توانـــرا لـــە ســـەدەی نۆزدەهەمـــدا ئـــەم هەمـــوو ویلایەتـــە بچکۆلانانـــە بـــەرەو یەکگرتوویـــی ببرێـــن.

ئەوەبـــوو لـــە پـــاش پێکهێنانـــی کۆنفیدراســـیۆنی ئەڵمانیـــی کـــە بریتـــی بـــوو لـــە یەکگرتنـــەوەی ویلایەتـــەکان لـــە ســـاڵی (١٨١٥) وە هەتـــا (١٨٦٦) و دوا بـــەدوای هەوڵێکـــی نەزۆکـــی بـــێ ئەنجـــام بەمەبەســـتی دامەزراندنـــی دەوڵەتێکـــی فیدرالیـــی

دیموکراتیـــدا ســاڵی (١٨٤٨-١٨٤٩.) (کۆنفیدراسـیۆنی ئەڵمانیــای باکــوور) بــوو بــە یەکەمیــن دەوڵەتــی فیدراڵیــی لەســەر خاکــی ئەڵمانیــادا. ئەمەیــش دەوڵەتێکــی یەکگرتــووی خــاوەن داهاتــوو دراماتــی تایبەتــی و ســەرۆکایەتی و پەرلەمــان و دامودەزگــەی حکومەتیــی خــۆی بــوو، چــوار ســاڵ دواتــر بــە هاتنــە نــاوەوەی چــوار ویلایەتــی جەرمەنســتان لــە (١٨٧١)دا (رایخــی ئیمپراتۆرییەتــی ئەڵمانیــا) دامەزرێــنرا، یەکگرتنــەوەی بــە ســەرکردایەتیی (پرۆســیا) هاتــە کایــەوە و بــە (دروســتکردنی ئەڵمانیــای بچــووك) بەبــێ نەمســا ناســێنرا.

رایخــی نوێــی ئەڵمانیــا یــان ئیمپراتۆرییەتــی ئەڵمانــی دەوڵەتێکــی یەکگرتــووی گشــتگیری خــاوەن ناوەندێکــی زۆر بــە دەســەڵات نەبــوو. بەڵکــو بریتــی بــوو لــە هاوبەندیــی (٢٢) شــارەوانیی هەرێمایەتــی و ســێ (هانســیتیك) واتــا شــاری گــەورەی پێشــتر ســەربەخۆ- بریمــەن (Bremen)، هامبــورگ Hamburg لووبــەك Lubeck.

لەســەر ئاســتی (رایــخ)دا بۆنــدسرات ئۆرگانــی نوێنەرایەتیــی ئــەو ســێ ویلایەتــە فیدراڵییانــە بــوو کــە هەتــا ئــەو کاتــەش زۆر مافــی گشــتگیریان پێدرابــوون، ئەمــەش واتــای ئــەوە بــوو کــە (بۆنــدسرات) لــە دوای ئەنجوومەنــی بــاڵای فەرمانگێڕیــی بەرزتریــن ئۆرگانێکــی ئیمپراتۆرییــەت بــوو وەك نوێنــەری شانشــینەکان و شــارەوانییەکان و هــەر ســێ ویلایەتــە شــارییەکان.

بەپێــی دەســتووریش ئــەم فەرمانگــە باڵایــە خرابــووە ژێــر رکێفــی قەڵەمڕەویــی شــای پرۆســیاوە، ئــەوەی بــەم هۆیــەوە نازنــاوی (ئیمپراتۆرێکــی ئەڵــمان)ی هەڵگرتبــوو، وەك (ئیمپراتــۆری ئەڵمانیــا).

**کۆماری وایمار (Weimar): ئەنجوومەنی فیدراڵیی کۆماری وایمار**

کۆتایــی هاتنــی جەنگــی یەکەمــی جیهانیــی لــە ســاڵی ١٩١٨دا کۆتایشــی بــە حکومەتــە شــاهانیەکان لــە ئەڵمانیــادا هێنــا. دەســتوورەکەی رایخــی ئەڵمانیــی

مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩١٩ (دەسـتووری وایـمار) لەسـەر بنەمـای سـەروەریی گـەل دارێژرابـوو. کەچـی ویلایەتـە دەرمانییـە فیدراڵییـەکان، ئەوانـەی لـە دەسـتوورەکەدا تەنیـا وەك (لانـدەر) – ویلایەتـەکان- ئاماژەیـان پێدرابـوو بەردەوامبـوون لەسـەر هێشـتنەوەی خۆیـان وەکـو (کۆمـار) ئەوانـەی لەلایـەن (رایخـشرات) (ئەنجوومەنـی رایـخ)ەوە نوێنەرایەتـی دەکـران، وەلـێ، ئـەم ئەنجومەنـە تەنیـا کاریگەرییەکـی کەمـی بەسـەر دەسـەڵاتە یاسـایەی هـەرە فرەوانەکانـی رایخشـتاخ (پەرلەمانـی رایـخ)دا هەبـوو، سۆشیالیسـتە نەتەوەپەرسـەتەکان هەنـگاو بـە هەنـگاو، بونیـادی دەوڵەتـە فیدراڵییەکەیـان هەڵوەشـاندەوە و لـە رەگوریشـەوە هەڵیانتەکانـد، هەرچەنـد ویلایەتـەکان خۆایـن بەشـێوەیەکی فەرمیـی لـەم ماوەیـەدا (١٩٣٣-١٩٣٥) هەڵنەوەشـێنرابوونەوە.

**لەپاش ١٩٤٥:**

دوابـەدوای خۆبەدەسـتەوەدانی بـێ هیـچ مەرجێکـی ئەڵمانیـا و رووخانـی بەتەواوەتـی وڵات لـە سـاڵی ١٩٤٥دا وڵاتـی جەرمانسـتان بـۆ چـوار ناوچـەی داگیرکـراوی ژێـر دەسـەڵاتی ئەمەریـکا، بەریتانیـا، فەرەنسـا و یەکێتـی سـۆڤیەتەوە دابەشـکرا، بەرلیـن پێگەیەکـی چـوار هێـزی پێـدراو، ناوچەکانـی ئەوبەرەکـەی دیکـەی رووبارەکانـی (ئـۆدەر و نەیسـە) لـە ئەڵمانیـا دابڕێـنران و هەرێمـی سـار (Saar region) یـش خرایـە سـەر پانتایـی ئابووریـی فەرەنسـاوە. ژیانێکـی تـازەی سیاسـی و کارگێڕیـی لەسـەرەخۆ هاتـە نێـو ئەڵمانیـاوە، ئەمەیـش لەسـەر ئاسـتی لانـدەر یـان ویلایەتـە فیدراڵییەکانـدا ئەوانـەی لەلایـەن هێـزە داگیرکەرەکانـەوە دامەزرێنرابـوون هەنـدێ جـار بـە دانانـی سـنوور بۆیـان بەشـێوەیەکی رەمەکیـی زۆرتریـش بـە هەڵوەشـاندنەوە و دابەشـکردنی ویلایەتـی پروسـیا بـووە. بەهەرحـاڵ ئومێـد و خەونـی پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی فیدراڵیـی سەرتاسـەریی بـۆ هەمـوو ئەڵمانیـا لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا بـە ئەنجـام نەگەیشـت. ئەوەبـوو لـە سـاڵی

١٩٤٩ دا دابەشــكردنى ئەڵمانيــا بــە فەرميــى راگەيەنــرا پــاش ئــەوەى كــە كۆمــارى فيدراڵيــى ئەڵمانيــا لــە هــەر ســێ ناوچــە داگيركراوەكانــى خۆرئــاوا و لەگــەڵ بەشــى رۆژئــاواى بەرليـنــدا دامەزرێــنراو هەروەهــا كۆمــارى ديموكراتــى ئەڵمانيــاش لــە بەشــەكەى ژێــر دەســەڵاتى ســۆڤييەتدا بــە (بەرلينــى) خۆرهەڵاتيشــەوە پێكهێــنرا.

قانوونــى بنەڕەتيــى ٢٣ى ئايــارى ســاڵى ١٩٤٩ ى كۆمــارى ئەڵمانيــاى فيــدراڵ بڕيارگەلــە كۆتاييــە پێويســتەكانى لــە ديكتاتۆرييەتەكــەى هيتلــەرەوە دەرهێنــان. فيدراليــزم بــە بەشــداريى ويلايەتگەلــى بەهێــز و توانــا بــوو بــە گەوهــەرى ســەرەكيى پێويســتى نيزامــە سياســييەكەوە. بۆندسراتيــش رۆڵێكــى هــەرە گرنــگ و بەرچــاو لــەم بونيــادەدا دەگێڕێــت، ئەگەرچــى ئــەم رۆڵــەى نەختێــك كەمــتر كاريگــەرە لــەوەى بۆندســترات لــە ئيمپراتۆرييەتەكــەى ســاڵى (١٨٧١)دا بينويەتــى بــەڵام دەســەڵاتى گەلــێ زياتــرە لــەوەى (رايخشــتات) (Reixhstart) لــە كۆمــارى (وايمــەر)دا پيادەيكــردووە.

دەســتوورەكە (٧)ى تەشرينــى يەكەمــى ســاڵى (١٩٤٩)ى كۆمــارى ئەڵمانيــاى ديموكراتيــش لــە ســەرەتادا هەمــان دەســتوورەكەى ئــەو فيدراســيۆنە بــوو كــە لــە ويلايەتەكانــى (براندنبــۆرگ، ماكلينبــورگ، سەكســۆنيا، ساكســۆنيا- ئەنهالێــت و ســورينگاو، هەروەهــا دەڤــەرى تابەتــى بەرلينــى رۆژهــەڵات) پێكهاتبــوو.

سيســتەمە فيدرالييەكــە ئەوەنــدە ســەرنجراكێش نەبــوو، زۆر زووش بــە ئێجــگارى هەڵوەشــێنرايەوە و دوايــى پێهێــنرا.

ســاڵى ١٩٥٢ ش ويلايەتــە فيدرالييــەكان هەڵوەشــێنرانەوە و چــواردە هەرێــم شــوێنيانيان گرتنــەوە، ئەمانــەش لەيەكــە گەلــى ئيداريــى ناســەرەكيى لەنــاو دەوڵەتێكــى ناوەنديــى زياتــر هيچــى تــر نەبــوون.

## دووباره یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا:

لەســەروبەندی ئــەو رووداوە شۆڕشــگێڕیانەدا کەســاڵی ١٩٨٩ روویانــدا یەکگرتنــەوەی هــەر پێنــج لانــدەر (ویلایەتــە فیدرالییــەکان) ی پێشــوو هــەر لەســەرەتاوە یەکــێ بــوو لــە ئامانجــە سیاســییەکانی دەســتپێکردنی بزاڤەکــەوە. فیدرالیــزم وەك شــێوەیەکی دەوڵــەت زێــتر لــە دەوڵەتــی یەکگرتــووی گشــتگیر خوازراوتــر بــوو، بــە هاتنــە ئــاراوەی (کۆمــاری فیدرالیــی ئەڵمانیــا) و کۆمــاری دیموکراتــی ئەلمانیــا (ئەڵمانیــای رۆژهــەڵات) لــە رێککەوتنــی ٣ی ئۆکتەبــەری ١٩٩٠وە چیــتر بوونــی نەمــا. تەنهــا شــوێنەوارێکی لێیــەوە جێمابــن ئــەو ویلایەتــە فیدرالییانــەن کــە خــۆی لــە ٢٢ی تەمــوزی ١٩٩٠دا ســەرلەنوێ دایمەزراندنــەوە و ئەمانــەن: براندنبــۆرگ، ماکلینبــۆرگ، پۆمیرانیــای خۆرئــاوا، سەکســۆنیا، ساکســۆنیا، ئەنهایــت ســورینگاو بەرلینــی خۆرهــەڵات کــە ئێســتا ببــووە بەشــێکی (ویلایەتــی بەرلیــن)، بەرلیــن دووبــارە بۆتــەوە بەپایتەختــی ئەڵمانیــا و هــەر لــە رۆژی (٣١) ی تەممــوزی ٢٠٠٠ەوە کراوەتــە بــە شــوێنی بۆنــدسرات پــاش ئــەوەی لــە شــاری (بــۆن)ەوە گوێزرایــەوە بــۆ ئــەوێ. یەکگرتنــەوەی نەتەوەیــی و نیشــتمانیی لــە کۆمــاری فیدرالیــی ئەڵمانیــادا تاقیکردنــەوە و تەحەدایەکــی گــەورە بــوو بــۆ پرەنســیپی یەکێتــی و هاوکاریــی و پشــتگیریی ناوخۆیــی و دوولایەنیــی کــە بنەمــا و چەمکــی ســەرەکی فیدرالیزمــن. فیدراســیۆنەکە و هەروەهــا لانــدەرە کۆنەکەیــش پشــتگیری (لانــدەرە تازەکەیــان) کــردووە، لەگــەڵ ئامــۆژگاری و بــە کردەنــی هاوکاریــی کردنــی و ســەرچاوەگەلی داراییــان داوەتــێ تاوەکــو بەســەر گەڕانــەوەی دیکتاتۆرییەتــی تــاك حزبییــدا کــە بــۆ مــاوەی ٤٠ ســاڵانی خایاندبــوو، زاڵ بێــت و رێگــەی لێبگرێــت.

دوا بــەدوای ئــەم یەکگرتنــەوە بەیاســاییەوە، ئەڵمانیــا بــۆ نزیکبوونــەوە لەســەر ئاســتی هۆشــیاریی و ئاوەزیــی، فەرهەنگــی (کەلتورویــی) و ئابــووری پێویســتی بــەوە هەبــوو کــە هەمدیــس گەشــە بکاتــەوە، بــەڵام بەبــێ لەدەســتدانی زیاتــری

هەمەجۆریـی و جوداوازیـی کـە لـە ڕێـگای ویلایەتـە فیدراڵییـە تازەکانـەوە پێـی ئاشـنا ببـوو.

کۆمـاری ئەڵمانیـای فیـدراڵ لـە ١٦ (لانـدەر) پێکهاتـووە، دەوڵەتـی فیدراڵـی مانـای ئەوەیـە کـە چەنـدان بڕیارگەلـێ سیاسـی پێویسـتە لـە فیدراسـیۆنەوە (ناوەنـد) وەربگیرێـن و بڕیارگەلـی دیکەیـش دەبـێ لـە خـودی تاکـە ویلایەتەکانـەوە (لانـدەر) بدرێـن.

واتـا (یەکێتـی لـە جوداوازیـی)دا) کـە سـوودێکی زۆر دەبەخشـێت و هەروەکـو لـە هەمانکاتـدا بـە بـەراورد لەگـەڵ دەوڵەتـی یەکگرتـووی ناوەندییـدا هەنـدێ زیـان و ناتەواویشـی هەیـە.

فیدراسیۆن

ئۆرگانی دەستووریی فیدرالیی

یەکێتی لە جوداوازییدا

سوودەکانی دەوڵەتی فیدراڵیی لە هەمبەر دەوڵەتی یەکێتی ناوەندیدا.

زیانـەکان و کەموکوڕیەیکانـی دەوڵەتـی فیدراڵیـی بـە بـەراورد لەگـەڵ دەوڵەتـی یەکێتـی ناوەندیـدا.

## ئۆرگانی دەستووریی فیدراڵیی:

بۆنـدسرات یەکێکـە لـە پێنـج ئۆرگانـە دەسـتورییە هەمیشـەییەکانی کۆمـاری ئەڵمانیـای فیـدراڵ، ئەوانـی تـر بریتیـن لـە (سـەرۆك کۆمـار، بۆندشـتاغ (پەرلەمانـی فیـدراڵ) حکومەتـی فیـدراڵ (ناوەنـد) لەگـەڵ دادگـەی دەسـتووریی). لەنێـو ئـەو بونیـادە فیدراڵییـەدا (بۆنـدسرات) نوێنەرایەتـی بەرژەوەندییەکانـی ویلایەتـە فیدراڵییـەکان (لانـدەر) دەکات و بەشـداریش لـە دروسـتکردنی بڕیارگەلـە سیاسـیەکانی فیدراسـیۆنەکەدا دەکات و بـەم شـێوەیە هاوسـەنگییەك لەبەرامبـەر

ئۆرگانــە سیاســییەکانی دیکــەی ناوەنــددا- بۆندشــتاغ و هەروەهــا حکومەتــی فیــدراڵ دەســەبەر دەکات، هەروەکــو دەشــبێتە ئەڵقەیەکــی بەیەکگەیانــدن لەنێــوان (فیدراســیۆن و لانــدەر)دا پێگــەی یاســایی و ئەرکەکانــی لــە مــاددەی (٥٠) یاســای بنەڕەتیــدا دیاریکــراون کــە لــە ســاڵی (١٩٩٢)وە زۆر بــە روونــی گرنگیــی و بایەخــی رۆڵــی ئەوروپــای لــە سیاســەتە نیشــتمانییەکاندا لەخۆگرتــووە.

مــاددەی ٥٠ی قانوونــی بنەڕەتیــی دەڵێــت (لانــدەر دەبــێ لــە رێــی بۆندسراتــەوە بەشــداری لــە یاســادانان و بەڕێوەبردنــی فیدراســیۆن و بابەتەکانــی پەیوەســت بــە یەکێتــی ئەوروپــادا بــکات، نــرخ و بەهــای ئــەم رســتەیە لــە دەســتووردا بەتایبەتــی وەختێــك بەدیاردەکەوێــت کــە چــاو بخشــێنرێتەوە بــە پاشــخاندا (واتــە دابەشــبوونی دەوڵــەت بــۆ فیدراســیۆن (دەســەڵاتی ناوەنــد) و ویلایەتگەلــی فیدرالیــی (لانــدەر) کــە شــێوەیەکی تایبەتمەندیــی فیدرالیزمــی ئەڵمانیایــە.

فیدرالییــەت هەمیشــە و لــە ئێستەیشــدا شــێوەیەکە لــە شــێوەکانی رێکخســتنی دەوڵــەت کــە (یەکێتــی) دروســت دەکات و هەروەهــا لــە هەمانکاتیشــدا ســنووری ناوخۆییــەکان دەستنیشــان دەکات و بــەم چەشــنە رێگــە دەگرێــت لــە فشارخســتنی لەرادەبــەدەر بــۆ ســەر چەمکــی (یەکێتــی) و کەمــی دەکاتــەوە.

## پێنج ئۆرگانە دەستوورییە هەمیشەییەکانی فیدراسیۆن:

ئەنجوومەنــی فیدرالــی، ســەرۆکی فیــدراڵ، دادگای دەســتووری فیدراڵــی، حکومەتــی فیــدراڵ، پەرلەمانــی فیــدراڵ.

مــاددەی (٢٠)، برگــەی (٢) دووی قانوونــی بنەڕتــی (ســەرجەم دەســەڵاتەکانی دەوڵــەت لەگەلــەوە ســەرچاوە دەگــرن، پێویســتە لەلایــەن گەلیشــەوە لــە رێگــەی هەڵبــژاردن و دەنگەکانــی دیکــەوە و ئەنجوومەنەکانــی یاســازیی و کارگێڕیــی و دادوەریــی تایبەتمەنــدەوە جێبەجــێ و پیــادە بکرێــن).

**فیدرالیزم یەکێتی لە جیاوازیی و هەمەجۆرییدا:**

چەمکــی (فیدرالیــزم) لــە زاراوەی (فۆیــدەس Foedus)ی لاتینییــەوە هاتــووە کــە دەکــرێ بــە واتــای (هاوپەیمانییەتــی) و (بەڵێننامە-گرێبەســت) لێکبدرێتێــەوە (تەرجەمــە بکــرێ). بــەم پێیــە فیدرالیــزم واتــای دروســتکردنی دەوڵەتێــك دەگەیەنێــت کــە لــە رێــگای (هاوپەیمانییەتێکــەوە) (دەوڵەتــی فیدراڵــی) یاخــود یەکگرتنــی (یەکێتــی) چەنــد ویلایەتێــك (ویلایەتگەلــی ئەندامــی ســەربەخۆ) بــۆ دروســتکردنی (یــەك دەوڵەتــی نەتەوەیــی) (فیدراســیۆن) کــە تیایــدا ویلایەتــە ئەندامــە ســەربەخۆکان چۆنیەتــی تایبەتمەندیــی خۆیــان وەکــو ویلایەتگــەل هــەر بــە پارێــزراوی دەمێنێتــەوە.

**شێوازگەلی پێچەوانەی پێکهێنانی دەوڵەتان ئەمانەن:**

یــان ئەوەتــا بەتەواوەتــی دەوڵەتــی نێوەندییــە و هیــچ یەکەیەکــی لاوەکیــی خودموختاریــی سیاســییانەی تیــادا نییــە، یانەخــۆ لەشــێوەی دەوڵەتێکــی کۆنفیدراســیۆن دەبێــت. ئەمــەی دوایــی بریتییــە لــە (یەکگرتنــی) چەنــد دەوڵەتێــك لەژێــر یاســای نێونەتەوەییــدا کــە تیایــدا دەوڵەتــە ســەربەخۆکان ســەربەخۆیی تــەواوی خۆیــان دەپارێــزن و یەکگرتنەکەیــان تیایــدا نابێــت هــۆکاری پێکهێنانــی دەوڵەتێکــی نەتەوەیــی.

لــە فیدراســیۆندا دەوڵەتــی نەتەوەیــی بەشــێوەیەکی گشــتی بەرپرســیارە بــۆ ســەرجەم ئــەو بابەتانــەی بەپێــی پێویســت دەبــێ لــە شــێوازێکی یەکگرتــووی وەکیەکییــدا کــە لــە بەرژەوەندیــی گەلــدا بێــت رێکبخرێــن، وێــڕای ئەمەیــش دەبــێ فیدراسیۆن خــۆی هــەر بــە تەنهــا بــۆ ئــەم ئەرکــە تەرخــان بــکات. چونکــە هەمــوو کاروبارەکانــی دیکــە پێویســتە لەلایــەن ویلایەتگەلــە ئەندامــە ســەربەخۆکانەوە رێکبخرێــن. ئەمــە واتــای ئــەوە دەبەخشــێ کــە لــە فیدراســیۆندا زۆران شــت یەکڕەنــگ و چــۆن یەکــن، بــەڵام لــە هەمــان کاتیشــدا چەنــدان پێکهاتــەی دیکــەش لــە یەکــتری جــوداوازن. بنەمــای هــەرە بنچینەیــی فیدراســیۆنێکی راســتەقینە

بریتییــە لــە (یەکبــوون لــە هەمەجــۆری و جوداوازیــی)دا.

لــە دەســتووردا ئــەم بنەمــا ســەرەکییە وا دانــراوە کــە نەگــۆڕو زۆر پیــرۆزە (مــاددەی ٧٩- پەرەگرافــی ٣ی قانوونــی ئەساســیی).

بــەڵام ئەمــە مانــای ئــەو ناگەیەنــێ کــە هیــچ پێویســتییەك بــە بیرکردنــەوە و لێکۆڵینــەوە لەبــارەی واتــا و چەمــك و مەبەســتی فیدرالیزمــەوە نەبێــت، بــە پێچەوانــەوە زۆر زیــان بــە چەمکــی بیرۆکەکــە دەگەیەنێــت گــەر وا بیــر بکرێتــەوە کــە (فیدرالیــزم نەگــۆڕە و قابیلــی دەســتکاریی نییــە).

ئەنجوومەنــی پەرلەمانیــی ئــەوەی (قانوونــە ئەساســییەکەی) وەك (دەســتووری کۆمــاری ئەڵمانیــای فیدراڵــی) دانــاوە بۆیــە پڕەنســیپی فیدراڵییەتــی دەوڵەتــی لــە ســاڵی ١٩٤٩ دا پەســەند کــرد چونکــە ســەرباری دابەشــبوونی کلاســیکیانەی هێــز و دەســەڵات لــە نێــوان دەزگاکانــی یاســادانان، جێبەجێکــردن (کارگێڕیــی) و دادوەرییــدا، دابەشــکردنی ســتوونیی دەســەڵاتەکان، لــە هەمانکاتــدا دابەشــکردنێکی دیکەیشــی دەســەڵاتی سیاســی لەمابەینــی فیدراســیۆن و ویلایەتــە فیدراڵییــەکان دا – دابەشــکردنی ئاســۆیی- پەیــڕەو دەکــرد و ئــەم دابەشــکردنە دوو لایەنییــەی هێــز و دەســەڵاتەکان (دەتوانێــت وەکــو هۆکارێکــی کاریگــەر بــۆ ڕێگەگرتــن لــە بەچەوتــی بەکارهێنانــی دەســەڵاتەکاندا کار بــکات).

شــێوەی نوێــی دەوڵــەت: بەهەرحــاڵ هیــچ شــێوەیەکی دەوڵــەت بەبــێ کەموکوڕیــی نییــە تەنهــا مەگــەر لــە تیۆرییــدا، بۆیــەکا پێویســتە تەواوییــەکان و ناتەواوییــەکان (چاکییــەکان و خراپییــەکان) هەمیشــە و بەبەردەوامیــی بەرامبــەر بــە یەکــدی هەڵســەنگێنرێن و بــەراورد بکرێــن. لــە سیســتەمی دیموکراســیدا فاکتــەری بڕیــاردەری یەکلاکــەرەوە هەمیشــە لــە وەرامــی ئــەم پرســیارە ســادەیە دایــە: (ئــەم سیســتەمە چــۆن چۆنــی ســوود بــە جەمــاوەری گــەل دەگەیەنێــت)، جــا ئەمــە دەبــێ هانــدەر و پاڵنــەری مەبەســتی یەکــەم و ســەرەکی بێــت نــەك دامودەزگــەی بەهێــز و کاریگــەر و لێهاتــووی دەوڵەتەکــە.

## چاکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵیی بە بەراورد لە تەك دەوڵەتی یەکێتییدا:

١. دابەشبوونی هێز (دەسەڵاتەکان)

لــە سیتســەمی فیدراڵییــدا دابەشــبوونە ئاســۆییە کلاســیکییەکەی دەســەڵاتی دەوڵــەت (یاســادانان جێبەجێکــردن- دادوەریــی) بەدابەشــبوونی ســتوونیی دەســەڵاتەکانەوە لــە نێــوان دەوڵەتــی نەتەوەیــی بەگشــتیی و ویلایەتــە ئەندامــە ســەربەخۆیەکاندا تــەواو دەکرێــت. دابەشــبوونی دەســەڵاتەکان مانــای کۆنترۆڵکردنــی هێــزەکان و خۆپاراســتنە لــە بەچەوتــی بەکارهێنانیــان.

٢. دیموکراسی زیاتر:

دابەشــکردنی لاوەکــی بەســەر یەکەگەلــی بچووکــتر دەبێتــە هــۆکار بــۆ روونــی (شــەفافییەت) و بەرچاوخســتنی چالاکییەکانــی دەوڵــەت و بــەم شــێوەیەش پــەرە بــە پرۆســەی بەشــداریکردن و بڕیاردانــی هاوبــەش و تێکڕایــی دەدات. وێــڕای ئەمەیــش هاووڵاتــی تــاك دوو هەلــی رەخســاو دەبێــت بــۆ پیادەکردنــی مافــی بنچینــەی بڕیــاردان لــە سیســتەمی دیموکراتیــدا- واتــای مافــی دەنگــدان، چونکــە لــە وڵاتــی فیدراڵییــدا هەڵبژاردنــەکان هــەم بــۆ پەرلەمانــی دەوڵــەت بەگشــتیی و هەروەهــا بــۆ پەرلەمانەکانــی ویلایەتــە ئەندامــە ســەربەخۆکانیش ئەنجــام دەدرێــن.

٣. هەلە رەخساوەکانی سەرکردایەتیی:

چانــس و دەرفەتــی حزبــە سیاســییەکان زۆر فرەوانــترن و کێبرکــێ لــە نێوانیانــدا هاندەدرێــت چونکــە ئەمــان تەنانــەت ئەگــەر لەســەر ئاســتی دەوڵەتــی نەتەوەیشــدا کەمینــە بــن بۆیــان هەیــە و دەتوانــن بەرپرســیارییەتی سیاســی لــە ویلایەتــە ئەندامــە ســەربەخۆکاندا بەدەســت بێنــن و بــەم شــێوەیە توانســتەکانی خۆیــان لــە بــواری ســەرکردایەتیی کــردن و بەدەســتهێنانی دەســتکەوتدا تاقــی بکەنــەوە و بــە کــردەوەش بیســەلمێنن.

٤. نزیکبوون لە کردارەکانەوە:

لــە سیســتمی فیدرالیــدا ئەنجوومەنــە گشــتییەکان لەســەر کێشــەگەلی

هەرێمایەتییەکانەوە نزیکترن تا ئەوەی لە دەوڵەتی یەکگرتوودا. لە یەکەمیاندا هیچ (هەرێم و دەڤەری) زۆر دووره دەست و پشتگوێخراو بوونیان نییە.

٥. کرداری ڕاهێنانی هاوڵاتی

هاووڵاتی زووتر و خێراتر دەگاتە دەسەڵاتە گشتییەکان و بۆ ئەم ساناتره تێکەڵاوی سیاسەتمەداران و فەرمانگە گشتییەکان بێت تا لە دەوڵەتی یەکگرتوودا کە (ناوەند) ئێجگار دووره دەستە و شارەزایی لێیەوە نییە.

٦. کێبڕکێ:

ولایەتە ئەندامەکان هەمیشە لە کێبرکێی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا، کێبڕکێیش کاریگەریی زۆری هەیە چونکە ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی و ئەزموونەکانیان هاندانی پێشکەوتن دەدات و یارمەتیدەر دەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە گۆڕانکاریی و پەرەسەندنە نەخوازراوکان لەسەر ئاستی نەتەوەییدا.

٧. هاوسەنگیی تەواو:

کۆنترۆڵکردنی دوو لایەنە، گۆڕینەوەی بیروڕا و ئەنجامگەلی لێکۆڵینەوەکان و ناچاربوون بە گەڕان بە دوای ڕێککەوتن و پێکەوە سازان ڕێگە دەگرێ یان هیچ نەبێ لانی کەم کۆسپ و ئاستەنگ دەخاتە ڕێی هەڵوێستگەلی توندۆڕیانەوە. فیدرالیزم کاریگەرییەکی زۆری لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی و چەسپاندنیدا هەیە.

٨. هەمەجۆریی و جیاوازیی:

دابەشبوونی وڵات بۆ چەند ویلایەتێکی فیدراڵی یان (لاندەر) دەبێتە گەرەنتی هاتنە ئاراوەی چەندان نێوەندگەلی ئابووریی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و مسۆگەریان دەکات. دەکرێ خەسڵەتە تایبەتمەندە مێژوویی و ئابووری و کەلتوورییە هەرێمایەتییەکان بپارێزرێن و پەرەی زێتریان پێبدرێت. ئەم جوداوازیی و هەمە جۆرییەش دەشێت ببێتە هۆکار بۆ سەربەستیی و ئازادی

زیاتریــش. بــە کورتــی ســەرەنجام ئــەم گتفوگۆیانــە ســەبارەت بــە پەســەندکردنی فیدراســیۆن، چاکیــی و خەســڵەتە سوودبەخشــەکانی بــۆ تاکــی هاووڵاتییــان پێــش چــاو دەخــەن. ئەمانیــش پــتر لــەوەی بژاردنــەوەی زیانــەکان بــن- کــە نابــێ بەهیــچ شــێوەیەك فەرامــۆش بکرێــن- بەشــێکی زگــماك و سروشــتین لــە بونیــادی فیدراڵییــدا.

## زیانەکانی (خراپییەکان) دەوڵەتی فیدرالیی لە هەمبەر دەوڵەتی یەکێتییدا:

١. نەبوونی وەکیەکی و یەکشێوەیی

خودموختاریــی (ئۆتۆنۆمــی) ویلایەتــە فیدراڵییــەکان ئــەوە دەخوازێــت کــە کۆمەڵێــك جوداوازیــی هەبــن. جوداوازیــی و هەمەچەشــنی پێچەوانــەی (وەکیەکیــن) و ئەمەیــش دەشــێ ببێتــە هــۆکاری هەندێــك گرفــت و دژواریــی، بــۆ نموونــە بــۆ منداڵانــی قوتابخانــەو خوێندنــگاکان کاتــێ خێــزان (بنەماڵــە) شــوێنی نیشــتەجێبوونی خۆیــان لــە ویلایەتێکــی فیدراڵییــەوە بــۆ یەکێکــی تــر دەگوێزنــەوە.

٢. ئاڵۆزیی

بونــی چەندیــن ســەنتەر (ناوەنــد)ی بڕیــاردان لــە کۆمــاری فیدراڵییــدا و، دابەشــبوونی دەســەڵات لــە نێــوان فیدراســیۆن و لانــدەردا مانــای ئــەوە دەبەخشــێت کــە زۆر گرنــگ و پێویســتە هــاوکاری و بایــەخ پێــدان و رەچاوکــردن و کۆنترۆڵــی دوو لایەنــە و ســنوورگەلی دوولایەنــە هەبــن.

٣. کات بەفیرۆدان

پەرلەمانــەکان و حکومەتــەکان و دەزگــە کارگێڕییەکانــی فیدراســیۆن و لانــدەر ناچــارن دەبێــت بــۆ گەیشــتن بــە رێککەوتــن و چارەســەریی گشــتیی و هاوبــەش چاوەڕوانیــی دەستپێشــخەریی لــە بڕیــاردان، یــان پەســندکردن و رازیبوونــی خەڵکانــی تــر بکــەن و بکەونــە مشــتومڕ و گفتوگــۆی درێژخایــەن، ئەمــەش واتــای ئەوەیــە کــە دەشــێت کاتێکــی زۆر و بــە نــرخ بــە فیــڕۆ بچێــت.

٤. بە گران وەستان

نــرخ و بەهــا و تێچوونــی خەرجییەکانــی پەرلەمــان و حکومــەت و کارگێڕییــە ســەربەخۆکان لــە فیدراســیۆن و لانــدەردا بەگشــتی وامەزەنــدە دەکرێــت کــە زۆر زیاتــر بــن تــا لــەوەی بەڕێوەبردنــی هاوشــێوەکانیان لــە دەوڵەتــی یەکگرتــوو (یەکێتــی)دا.

لــە راســتیدا هەنــدێ گومــان لــەوەدا هەیــە کــە ئــەم گریمانەیــە تــا ئێســتەیش هــەر بەراســت دەربچێــت چونکــە دامــودەزگاکان لەلانــدەردا ناکــرێ هــەر ئــاوا بــە ســانایی دابخرێــن بەبــێ ئــەوەی شــوێنەکانیان پــڕ بکرێتــەوە لــە دەوڵەتێکــی یەکگرتــوو (یەکێتــی)دا.

فەرمانگــە فیدرالییــەکان بێگومــان دەبــێ فرەوانــتر بکــرێ و مایــەی پرسیاریشــە ئاخــۆ دەبــێ دامودەزگــە زەبەللاحەکانــی نێوەنــد لــە تێگەیشــتنی کۆتاییــدا بەراســتیی خەرجیــی کەمتریــان تێبچێــت!

فیدرالیــزم یادگارێکــی کۆنینــەی (ســەردەمی قۆناخەکانــی گواســتنەوەی پۆســتە بــە گالیســکە) نییــەو بۆمــان مابێتــەوە، بەڵکــو بەهــۆی توانســتی خۆگونجانییــەوە شــێوەیەیك مۆدێــرن و ســەردەمیانەی دەوڵەتانــە. لــەوەش زیاتــر فیدرالیــزم شــتێکی تەنیــا تایبــەت بــە ئەڵمانیــاوە نییــە.

نەخشــەی جیهــان ژمارەیەکــی زۆر لــە وڵاتانــی خــاوەن بونیــادی فیدرالیــی لەخۆگرتــووە کــە بەرەچاوکردنــی تایبەتمەندییەکانیانــەوە بەرەنجامگەلــی زۆر جوداوازیــان بــۆ هاووڵاتییەکانیــان هێناوەتــە دی. بــۆ نموونــە ئــەم وڵاتانــەی خــوارەوە بــە گوێــرەی دەســتوورەکانیان ســەرجەمیان دەوڵەتــی فیدراڵییــن:

(کەنــەدا، ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا (USA) مەکســیك، بەرازیــل، ئەرژەنتیــن، ئوســترالیا، هینــد، رووســیا، ئوســتریخ (نەمســا) بەڵژیــك (بەڵژیــکا و سـویسرا) تەنانـەت ئـەو دەوڵەتانەیـش کـە هـەر لەکۆنـەوە (ناوەندیـی) بوونـە وەك (فەرەنســا، ئیســپانیا، ئیتالیــا) دەســیانکردووە بــە (بەهەرێمکردنــی) وڵاتەکانیانــەوە،

کـە هەرچەنـد بەدڵنیایەیـوە مانـای پێڕەوکردنـی شـێوەیەك لـە شـێوەکانی فیدرالیـزم ناگەیەنێـت، بـەڵام بـزاڤ و هەنگاوێکـی بـەم ئاراسـتەیە لـەو ڕێبـازەدا.

ڕاسـتییەکی تریـش سـەلمێنراوە کـە ئەرووپایەکـی یەکگرتـوو ناشـێت شـێوەی دەوڵەتێکـی ناوەندیـی (سـەنترالی) وەربگـرێ، بەڵکـو ئـەو یەکێتییـە تەنهـا و تەنهـا بـۆی هەیـە وەك (یەکگرتنـی فیدراڵییانـەی چەنـد دەوڵەتێـك) پەرەبسـتێنێ. کەوابـوو دەکـرێ بگونجێـت بەتایبـەت سـەبارەت بـە ئەوروپـاوە (فیدرالیـزم شـێوەی دەوڵەتـی پاشـەرۆژە).

کـێ لـە بۆنـدسرات دادەنیشـێت، کـێ لـە لێـدوان و لێکۆڵینەوەکانـدا بەشـداریی دەکات، کـێ بـۆی هەیـە دەنـگ بـدات، پرۆسـەکانی بڕیـار وەرگرتـن چـۆن چۆنـی دەچـن بەڕێـوە؟ لـەم چاپتـەرەدا ئەندامـان و ئۆرگانـە جۆراوجۆرەکانـی بۆنـدسرات پێشـاندەدرێن.

ڕەوش و شـێوازی کارکـردن و ڕێوشـوێنەکان بـە تەواوەتـی جـوداوازن لەوانـەی پەرلەمانەکانـەوە کـە لـە ئەندامگەلـی هەڵبژێـردراو و حزبـە سیاسـییەکان پێکدێـن. کارەکانـی بۆنـدسرات ڕێوشـوێن و خەسـڵەتی تایبـەت بـە خۆیانیانـەوە هەیـە.

دەزگای بۆندسرات

ئەنجوومەنی گشتی و ئەندامەکان

دابەشبوونی دەنگەکان- پێگەی قانوونی ئەندامان

سەرۆك و سەرۆکایەتی- دانیشتن و خولە گشتیەیکان

ئەنجوومەنـی کاروبارەکانـی ئەوروپـا- کۆمیتـەی ڕێکخسـتن و ناوبژیوانیـی- پرۆسـەی بڕیـار وەرگرتـن لـە نـاو بۆندسراتـدا.

## ئەنجوومەنی گشتی و ئەندامان

بۆنــدسرات لــە ئەندامانــی حکومەتەکانــی ویلایەتــەکان پێکدێــت. هەبوونــی کورسییەك و دەنگێك لـە حکومەتی ویلایەتدا مەرجێکی پێشـەکییە بـۆ ئەندامییەتی لــە بۆندسراتــدا، حکومەتەکانــی ویلایەتــەکان خۆیــان بڕیــاری ئــەوە دەدەن کــێ بنێردرێتــە بۆندسراتــەوە. بەهەرحــاڵ وێــڕای ئەوەیــش هــەر ویلایەتێــك بــۆی هەیــە تەنیــا بەقــەدەر ژمــارەی ئــەو دەنگانــەی لەوێــدا هەیەتــی ئەندامــان بــۆ بۆنــدسرات بنێرێــت. ئەندامەکانــی دیکــەی کابینەکانــی ویلایەتــەکان عادەتــەن وەك جێگــری ئەندامــان دەنێردرێــن بــۆ بۆنــدسرات.

### ١. دەزگایەکی هەمیشەیی و نەگۆڕ:

لەبــەر ئــەوەی کــە ئەندامانــی بۆنــدسرات بــە هەڵبــژاردن نەهاتــوون بۆنــدسرات هیــچ جــۆرە مەرجێکــی یاســایی بــۆ ئــەوە دانەنــاوە.

بەمشــێوەیە بــە زاراوەی دەســتووریی بــە (دەزگایەکــی هەمیشــەیی و نەگــۆڕ) دادەنرێــت کــە تەنهــا بــە ســازدانی هەڵبژاردنەکانــی ویلایــەت دەگۆڕدرێــت. ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە هەڵبژاردنەکانــی ویلایــەت کــە لــە کات و مــاوەی جــوداوازدا ســازدەدرێن هەمیشــە بایــەخ و گرنگیــی سیاســی لەســەر ئاســتی نەتەوەییــدا هەیــە چونکــە هــەر کاتــێ دەســتەی هەڵبژاردنــی ویلایەتێك بڕیــاری پێکهێنانــی ئەنجوومەنــی ویلایــەت و کابینەکــەی وەزیرانــی بــدات، ئــەوا بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ بڕیــاری ئــەوەش دەدا کــە کــێ دەبــێ نوێنەرایەتــی ویلایەتەکــە لــە بۆندسراتــدا بــکات.

### ٢. دابەشبوونی دەنگەکان:

ژمــارەی ئــەو دەنگانــەی ویلایەتێــك لــە بۆندسراتــدا هەیەتــی دەوەســتێتە ســەر ژمــارەی دانیشــتوانی ویلایەتەکــەوە، هیــچ ویلایەتێکــی لەســێ دەنــگان کەمــتری نییــە. ئــەو ویلایەتانــەی لــە دوو هەتــا شــەش ملیــۆن دانیشــتوانیان هەنــە (٤) دەنگیــان دەبێــت و ئەوانەیــش کــە پــتر لــە حــەوت ملیــۆن خەڵکیــان هەیــە ئــەوا شــەش دەنگیــان دەبێــت.

وێستیڤالیا: راینی باکوور، باڤاریا، بادن- وێرتێنبێرگ و ساکسۆنیای خواروو هەر یەکێکیان شەش دەنگی هەیە، هەیە (٥) دەنگ. ساکسۆنیا، راینلەند- پالەتێنێت، بەرلین، سەکسۆنی، ئەنهالیت، سورینگبا، براندنبێرگ و شلیزۆیك، هۆلشتاین هەر یەکی ٤ دەنگیان هەیە. ماکلینبێرگ- ویستەرن پۆمیرانیا، هامبورگ و ساولاند و بریمەن هەر یەکە و سێ دەنگی هەیە. بۆندسرات بەگشتی ٦٩ ئەندام هەمان ژمارەی دەنگیشی هەیە. بەم پێیە ٣٥ دەنگ پێویستە بۆ زۆرینەیەکی رەها و ٤٦ دەنگیش بۆ زۆرینەی ٣/٢ دوو لەسەر سێی پێویستە بۆ هەموارکردن و هەر گۆڕانکارییەکی دەستوریی.

دەنگەکانی هەر ویلایەتێك پێویستە هەر هەموویان (بەڵێ) یان (نە) بن، یانیش هەر دەنگ نەدەن. هەرگیز ناشێت دەنگەکانی سەربەخۆ و(تاك) بدرێن. پێویستە بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان لە بۆندسرات لەسەر هەر بابەتێك کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت حکومەتی هەر ویلایەتێك گەیشتبێتە رێککەوتنێك و هەڵوێستی خۆی دیاری کردبێ. یەکێك لە ئەندامانی شاندی ویلایەتێك کە (وتەبێژی شاندەکەیە) هەموو دەنگەکانی ویلایەتەکەی خۆیان دەدات. لە راستیدا نوێنەرەکانی دیکەی ویلایەتەکەی هەر پێویست ناکات تەنانەت ئامادەی دانیشتنەکەش بن، لە دەنگدانیشدا ئەندامانی بۆندسرات بەو بڕیارانەوە پابەندن کە حکومەتەکانی ویلایەتەکانیان پێیانگەیشتوون. ئەوەش کە لە بۆندسراتدا دەخرێتەروو هەڵوێستی تاك ئەندامانی نییە، بەڵکو لە واقیعدا ئەوە هەڵوێستی خودی ویلایەتە سەربەخۆکانە، بەم شێوەیە ئەندامانی بۆندسرات دەسەڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆیان نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمان گیرۆدەی دەسەڵات و فەرمانی زۆرەکیش نین مادامەکی رێنماییەکانی حزبە پلەستییەکان جێبەجێ ناکەن و بە فەرمانی ئەوانیش ناجوولێنەوە، لەجیاتی ئەمەدا ئەمان وەکو ئەندامانی حکومەتی ویلایەتێك خۆشیان لە بڕیاردانی ویلایەتەکەیاندا بەشدارن کە چۆن لە بۆندسرات دەنگ دەدات.

### ٣. پێگەی یاسایی ئەندامان:

بەگوێرەی دابونەریتی دەستووریی ئەڵمانیاوە ئەندامەکانی بۆندسرات مافێکی هەرە تایبەتمەندیان هەیە: دەتوانن ئامادەی هەر دانیشتنێکی (بۆندشتاغ) یان هی کۆمیتەکانی بن و مافی ئەوەشیان هەیە هەر کاتێ بیانەوێت لەوێ قسە بکەن. کەچی ئەندامانی بۆندشتاغ خۆیان لەبەرامبەر ئەوەدا، ئەو مافەیان نییە ئامادەی دانیشتنە گشتییەکانی بۆندسرات یان هی کۆمیتەکانی بۆندسرات بن.

ئەندامییەتی بۆندسرات و بۆندشتاغ لەیەك کاتدا قەدەغەیە، ئەگەر ئەندامێکی بۆندسرات بۆ ئەندامییەتی بۆندشتاغ هەڵبژێردرا ئەوا پێویستە لەسەری لەماوەیەکی دیاریکراوی گونجاودا ئاگاداری سەرۆکی بۆندسرات بکاتەوە لەبارەی ئەوەی کە لەو دوو فەرمانگەیانە کامیان هەڵدەبژێرێت و تیایدا دەمێنێتەوە. ئەندامانی بۆندسرات لە بەرامبەر کارەکەیاندا لە بەرلین هیچ دەرماڵەیەك وەرناگرن. بەڵام تەنیا پارەیەکی رۆژانەی دیاریکراویان بۆ بڕاوەتەوە بۆ خەرجیی رۆژانەو لە جیاتی کرێی هاتووچۆکردنیان. هەروەها بۆشیان هەیە سوود لە سیستەمی هێڵی ئاسنی نیشتمانیی ببینن و بە خۆڕایی (بێ پارە) بەکاری بێنن.

### ٤. سەرۆك و سەرۆکایەتی:

ئاڵوگۆڕکردنی سەرۆکایەتی لە نێوان سەرەك وەزیراندا، ویلایەتەکان هەموویان ماف و دەرفەتی وەك یەکیان هەیە بۆ سەرۆکایەتیکردنی بۆندسرات. هەر ساڵێك سەرەکوەزیرانی ویلایەتێکی جیاواز بەسەرۆکی بۆندسرات هەڵدەبژێردرێت. ئەو رێوشوێنەی ئەم پرۆسەیەی پێ ئەنجام دەدرێت لەسەر بنەمای قەبارەی دانیشتوانەکانی ویلایەتەکانەوە بڕیاری لێدراوە.

خولی ئەم جێگۆڕکێیە بە سەرەك وەزیرانی ئەو ویلایەتەوە دەستپێدەکات کە زۆرترین دانیشتوانانی هەیە، ئەم رێککەوتنە ساڵی (١٩٥٠) لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ویلایەتەکانەوە بڕیاری لێدراوە، لەوەتەی یەکگرتنەوە ئەنجامدراوە تاکو ئێستا لەسەری بەردەوام بوونە. ئەم رێکخستنە دوو قازانجی هەیە، کە

یەکــەم: هەریــەك لــە ١٦ ویلایەتــەکان بــۆی هەیــە هەمــوو شــانزدە ســاڵ جارێــك ســەرۆکایەتی وەربگرێــت. دووەم: ئــەوەی پۆســتی ســەرۆکایەتییەکەی بەدەســتەوەیە لەســەر بنەمــای گۆڕینــەوەی زۆرینایەتییــەکان و لەبەرچاوگرتنــی سیاســەتەکانی ســەر بــە حزبایەتییــەوە ئــەم بڕیــارەی بــۆ نــەدراوە. کەســیی هەڵبژێــردراو لەیــەك کاتــدا ســەرۆکایەتی بۆنــدسرات و هەروەهــا ســەرۆکایەتی وەزارەتــی ویلایەتەکــەی خۆیشــی لــە ئەســتۆ دەگرێــت.

### ٥. ئەرکەکانی سەرۆك:

ئەرکــی ســەرەکیی ئەوەیــە بانگهێشــت بــۆ کۆبوونــەوە گشــتییەکانی بۆنــدسرات و ســەرۆکایەتی دانیشــتنەکانی بــکات. بەپێــی قانوونیــش ئــەو کەســە خــۆی لەســەرجەم کاروبــار و بابەتەکانــی بۆندسراتــدا نوێنەرایەتــی کۆماریــی فیدرالیــی ئەڵمانیــا دەکات. ســەرۆکی بۆنــدسرات ســێ جێگــری یاریــدەدەری هەنــە کــە هاریکاریــی دەکــەن و لــە راپەڕاندنــی ئەرکەکانیــدا ئامۆژگاریــی پێشــکەش دەکــەن و لــە کاتــی ئامــادە نەبوونییــدا جێگــەی دەگرنــەوە.

ســەرۆك و ســێ جێگرەکانــی پێکــەوە دەســتەی ســەرۆکایەتی بۆنــدسرات پێکدێنــن و ئــەم دەســتەی ســەرۆکایەتییەش بەرپرســیارە لــە ئامادەکردنــی پــرۆژەی بودجــەی بۆنــدسرات و بابەتــە ناوخۆییــەکان ئەوانــەی پێویســتییان بــە بڕیارێکــی گشــتی نییــە.

دامەزرانـــدن و پێوەندیـــی کارمەنـــدە ســـڤیلەکان (مەدەنـــی) و فەرمنبـــەر و موچەخــۆران کــە بــۆ بۆنــدسرات کاردەکــەن لــە بەرامبــەر ســەرۆکی بۆندسراتــدا بەرپرســـیارن.

ژمــارە ٢ لــە پــاش ســەرۆکی فیدرالیــی: قانوونــی بنەڕەتیــی (ئەساســی) ئەرکێکــی تایبەتــی لــە دەرەوەی بازنــەی پۆســتەکەیەوە دەخاتــە ئەســتۆی ســەرۆکی بۆنــدسرات: هــەر کاتــێ ســەرۆکی فیدراڵــی نەتوانــێ کاروبارەکانــی ئۆفیســەکەی خــۆی راپەڕێنێــت، ئــەوا ســـەرۆکی بۆنــدسرات دەســـەڵاتەکانی ئــەو پیــادە دەکات و لــەم حاڵەتــەدا ســەرۆکی بۆنــدسرات خــۆی بریــکاری کارای دەوڵــەت و بەرپرســیارە لــە ئیمزاکــردن

و دەرچووانــدن و بڵاوکردنــەوەی پــرۆژە یاســاییەکان و دامەزرانــدن و لابردنــی کارمەنـدە مەدەنییـەکان و هەروەهـا بەخشـینی مەدالیـا و نیشـانەکان، ئەمـە وێـڕای کارو ئەرکەکانـی دیکەشـی. لـە پرۆتۆکۆڵـە حکومەتییەکانیشـدا سـەرۆکی بۆنـدسرات زۆربــەی جــار وەك کەســایەتی ژمــارە (٢) لــە دوای ســەرۆکی فیدرالییــەوە ئامــاژەی پێـدراوە، سـەبارەت بـەو ئەرکـەی جێگیرکردنەوەیـە کـە پێـی ئەسـپێردراوە.

ئەگەرچــی هیــچ پلــە پێدانێکــی پرۆتۆکۆڵــی لــە کۆمــاری ئەڵمانیــای فیدراڵــدا پێناســە و دەستنیشــان نەکــراوە.

### ٥. ئەنجوومەنی راوێژکاریی هەمیشەیی:

لـە دوای سـەرۆکایەتییەوە ئەنجوومەنـی راوێژکاریـی هەمیشـەیی دێـت کـە لـە ١٦ نوێنەرانـی ویلایەتـەکان بـۆ بۆنـدسرات پێکدێـت. کاری ئەوانـە بریتییـە لـە پەرەپێـدان و بەرەوپێشــبردنی بەرژەوەندییەکانــی ویلایەتەکانیانــەوە لــەوەی کــە پێوەندیــی بــە بۆنــدسرات، بۆندشــتاغ، کابینــەی وزارەتــی فیدراڵیــی و دەســەڵاتەکانی تــرەوە هەبــێ، ئەمانــە گرنگییەکــی زۆریــان هەیــە لــە بــواری پێکگەیشــتن و تێکەڵبــوون بــە میوانــە بیانییــەکان و باڵوێزەکانــی وڵاتــە بێگانەکانــدا.

بــە بــەراورد لەگــەڵ ئەنجوومەنــی پیــران لــە پەرلەمانانــی دیکــەدا ئەنجوومەنــی راوێژکاریــی هەمیشــەیی یارمەتــی و هاوکاریــی بــۆ ســەرۆك و دەســتەی ســەرۆکایەتیی پێشــکێش دەکات. لەســەرووی هەمووشــیانەوە، ئەنجوومــەن زۆر ئەرکــی گرنگــی دیکەشــی هەنــە لــە پێشکەشــکردنی زانیاریــی و رێکخســتندا. لــە کۆتایــی هــەر دانیشــتنێکی کابینــەی حکومەتــدا وەزیــری دەوڵەتــی بەرپــرس لــە نووســینگەی ســەرەك وەزیرانــی فیدراڵیــدا هەڵدەســتێ بــە ئاگادارکردنــی ئەنجومەنــی هەمیشــەیی راوێژکاریــی لــەو بابەتانــەی کــە گفتوگۆیــان لەســەر کــراوەو ئــەو بڕیارانــەش کــە وەرگیــراون.

ســکرتارییەت: بەڕێوەبــەری بۆنــدسرات یارمەتــی ســەرۆك دەدات لــە بەڕێوەبردنــی کاروبارەکانــی پۆســتەکەیداو، لەهەمــان کاتــدا بەرپرسیاریشــە لــە (ســکرتارییەتی

بۆنــدسرات) وەك نوێنــەری ســەرۆك، ســكرتارییەت ســتافێكی (١٩٠) ســەد و نــەوەد كەسـیی دادەمەزرێنێـت كـە ئـەرك و كاری سـەرەكیی ئەوەیـە لـە بـواری ئامادەكاریـی و بەڕێوەبردنــی كۆبوونــەوە ســەرەكییەكانی كۆمیتەكانــدا یارمەتــی پێشــكێش بــكات.

كۆبوونــەوە گشــتییەكان: بۆنــدسرات بەشــێوەیەكی ڕێكوپێــك هــەر ســێ هەفتــە جارێــك ڕۆژانــی هەینــی لەشــاری بەرلیــن كۆبوونەوەگشــتییە ســەرەكییەكانی خــۆی ســاز دەكات لــە هۆڵــی گشــتییدا ئەندامــان لــە شــانزدە گرووپــدا كــە لەلایــەن دەوڵەتــەوە بــە گوێــرەی تەرتیبــی ئەلفوبێــی ناوەكانیــان ڕێكخــراوە دادەنیشــن. هیــچ گرووپێكــی سیاســی- حزبیــی لەوێــدا بوونــی نییــە. ســەرۆكی بۆنــدسرات پێكــەوە لەگــەڵ ســكرتێر و بەڕێوەبــەری بۆندسراتــدا لەســەر دوانگەیەكــی ناوەڕاســت بەرامبــەر بــە ئەندامــان دادەنیشــن. ئەندامانــی حكومەتــی فیــدراڵ لەدەستەراســت و دەســتەچەپیانەوە دادەنیشــن. ئەندامانــی حكومــەت ئــەو مافەیــان هەیــە و هەروەهــا لەكاتــی داواكردنیانــدا لەلایــەن بۆندسراتــەوە، ناچــار دەكرێــن، ئامــادەی كۆبوونــەوە گشــتییەكان بــبن.

زۆرینــەی ڕەهــا: بڕیــارە كۆتاییەكانــی بۆنــدسرات پێویســتە بــە زۆرینیــە دەنــگ پەســەند بكرێــت، واتــا زۆرینــەی ڕەهــای لانــی كــەم ٣٥ دەنــگ. دەنــگ نــەدان، هەروەهــا دەنگــی (نــە)ی ئاشــكرا لــە زۆرینــەدا بایەخیــان نییــەو حیســابیان بــۆ ناكــرێ. دەنگدانیــش بــە ڕێگــەی بەرزكردنــەوەی دەســت بەڕێــوە دەچێــت. یاسـاكانی پەیوەسـت بـە ڕێوشـوێنەكانی كاركردنـی بۆنـدسرات هیـچ ئاماژەیەكـی بـۆ شـێوازی دەنگدانـی نهێنـی تیایـدا نییـە. دەشـكرێ دانیشـتنەكان لـە ڕێگـەی ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنــەوە پەخــش بكرێــن. تۆمارێكــی دەقاودەقــی گفتوگــۆ گشــتییەكانیش لــە ڕاپۆرتێكــی تایبــەت بــە كۆبوونەوەكــەدا چــاپ و بــڵاو دەكرێتــەوە.

نەبوونـــی هەڕەشـــە و ژاوەژاو لـــە پەرلەمانـــدا: خەســـڵەتێكی تایبەتمەنـــدی دانیشـتنەكانی بۆنـدسرات ئەوەیـە كـە هیـچ هاتوهـاوار و هەڕەشـەیەكی پەرلەمانیـی بوونـی نییـە. گرنـگ نیـەی دیدوبۆچوونـەكان چەنـد جـوداواز و لەیەكـتری دووربـن،

جەختکردنێکــی تووەنــد لەســەر پێوەندییــە بابەتیــی و کردەنییەکانــدا هەیــە. قســەپێبڕین زۆر دەگمەنــە، داوای راگرتنــی نیــزام نابیســترێ و، نارەزایــی دەربڕیــن یاخــود چەپڵەلێــدان کــە تاکــو ســەرەتای ســاڵەکانی نەوەدەکانــی ســەدەی رابــردوو وەکــو شــێوازێکی هــەژار و ســەرەتایی ســەیر دەکــران ئێســتەیش هــەر کــردەوەی نائاســایین، تەنانــەت لــە ئێستەیشــدا کــە دەربڕینــی راســتەوخۆ زێــتر پــەرەی پێــدراوە. ئەندامــان هەوڵــی ئــەوە دەدەن بــە خێرایــی و بەبــێ چەنــدوو چــوون کار لەســەر ئەجینــدا هــەرە گشــتگیرەکاندا بکــەن. دانیشــتنەکان بەشــێوەیەکی سروشــتیی بــۆ یــەك یــان دوو بابــەت تەرخــان دەکرێــن و، ئەوســاکە بــە فرەوانیــی و بــە دوورودرێژیــی لێکۆڵینــەوە و گفتوگۆیــان لەبــارەو دەکرێــت.

## ٦. ئەنجوومەنی کاروبارە ئەوروپییەکان (شێوەی بچووکی بۆندسرات):

ئــەو بڕیارانــەی دەشــێ کاریگەریــی دەرکییــان هەبێــت، پێویســتە لــە دانیشــتنە گشــتییەکانی بۆندسراتــدا وەربگیرێــن، تەنیــا یــەك لێدەرکردنــی لــەم قاعیدەیــە هەیــە کــە ئەمەیــە: بۆنــدسرات بــۆی هەیــە ئەنجوومەنێــك پێکبێنێــت بــۆ تاوتوێکردنــی کاروبارەکانــی پەیوەســت بــە یەکێتــی ئەوروپــاوە، بڕیارەکانــی ئــەم ئەنجوومەنــەش وەکــو بڕیارەکانــی خــودی بۆنــدسرات هەمــان کاریگەرییــان هەیــە. ئــەم ئەنجوومەنــە بەرپرســیارە لــە کارە بــە پەلــە و نهێنییــە گرنگەکانــی پەیوەســت بــە یەکێتــی ئەوروپــاوە، بەتایبەتــی بابەتــە یاســاییەکان. ئەنجومەنیــش تەنیــا لەســەر داخوازیــی و بانگهێشــتی ســەرۆکی بۆنــدسرات کۆبوونەوەکانــی ســاز دەکات. مەبەســتی ئــەم رێوشــوێنە ئەوەیــە کــە رێگــە لــە کۆکردنــەوەی بۆنــدسرات بــۆ ســازدانی دانیشــتنی تایبــەت بگیرێــت.

هــەر ویلایەتێکیــش یــەك ئەندامــی حکومەتەکــەی بــۆ ئــەم ئەنجوومەنــە دەنێرێــت، بــەڵام هــەر هەمــان ئەوەنــدە دەنگانــەی لــەم دانیشــتانەدا هەیــە کــە لــە دانیشــتنە گشــتییەکانی بۆندسراتــدا هەیەتــی.

ئەنجوومەنەکــە بــەم جــۆرە شــێوەیەکە لــە بۆندسراتــی بچــووك کــراوە بــۆ

خەریکبــوون بەبابەتگەلــی تایبەتییــەوە. تاکــو ئێســتاکەش ئەنجوومەنەکــەی کاروبــارە ئەوروپاییــەکان زۆر بــە دەگمــەن کۆبوونــەوەی ئەنجامــداوە.

### ٧. کۆمیتەکان:

وەك ئەنجوومەنێکــی هەمــوو پەرلەمانەکانــی تــر، بۆنــدسرات چەنــد کۆمیتەیەکــی هەمیشــەیی هەیــە کــە راســپاردە و پێشــنیاز ســەبارەت بــەو بڕیارانــەی پێویســت بــە وەرگرتــن دەکــەن لەلایــەن بۆندسراتــەوە، دەخەنــەڕوو. مــەودای بەرپرسیارییەتەکانیان پابەنــدی مــەودای دەســەڵاتی کارگێڕیــی حکومەتەکەیانــە. ئاوەهــا کارامەیــی و لێزانینــی حکومەتــی فیــدراڵ بــە لێهاتوویــی وشــارەزایی بۆنــدسرات و ویلایەتەکانــەوە کامــڵ دەبێــت. هــەر ویلایەتێــك یــەك ئەنــدام و یــەك دەنگیــان هەیــە لەهــەر کۆمیتەیەکــدا. ئەمــە واتــای ئەوەیــە کــە دابەشــبوونی دەنگــەکان لــە نێــو کۆمیتەکانــدا لەگــەڵ ئــەوەی نێــو ئەنجومەنکــەدا جیاوازیــان هەیــە. دانیشــتنەکانی کۆمیتەکانــی گشــتی و کــراوە نیــن. بەشــێوەیەکی ئاســایی و ویلایەتــەکان لــە کۆمیتەکانــی تایبــەت بــە کاروبارەکانــی دەرەوە و بەرگرییــدا لەلایــەن ســەرەکوەزیرەکانیانەوە نوێنەرایەتــی دەکرێــن. وەزیــرە پێوەندیدارەکانــی لــە کۆمیتەکانــی دیکــەدا ئەوانــەی پێیاندەگوتــرێ (کۆمیتــەی پســپۆڕییەکان) بەشــداری دەکــەن. واتــا ئەنــدام کۆمیتــەکان دەکــرێ لەلایــەن دەســەڵات پێــدراوە هەڵبژێــردراوەکان واتــا پســپۆران لــە وەزارەتەکانــەوە نوێنەرایەتیــان بکرێــت. ئەمــەش تاکــە رێگەیــە بــۆ ئــەوەی بتوانرێــت بــە هــەردووك ئــەرك و فەرمانــەکان رابگــەن وەك وەزیــری ویلایــەت و لــە هەمانکاتــدا ئەنــدام لــە بۆندسراتــدا.

لیژنــەی کاروبــاری بێگانــەکان، لیژنــەی پاســەوانی، لیژنــەی کشــتوکاڵ، لیژنــەی کارو سیاســەتی کۆمەڵایەتــی، لیژنــەی کاروبــاری یەکێتــی ئەوروپــا، لیژنــەی خێــزان و بەســاڵداچووان، لیژنــەی دارایــی، لیژنــەی ژنــان و لاوان، لیژنــەی تەندرســتی، لیژنــەی کاروبــاری ناوخــۆ، لیژنــەی کاروبــاری رۆشــنبیری، لیژنــەی کاروبــاری یاســایی، لیژنــەی پێشخســتنی شارســتانی نیشــتەجێکردن و نەخشــەی هەرێمایەتــی، لیژنــەی

ژینگـە و پاراسـتنی سروشـتی و کاراکردنـی خۆپاریـزی، لیژنـەی گواسـتنەوە، لیژنـەی کاروبـاری ئابـووری.

ئــەم مافــی نوێنەرایەتیکردنــەش زێــتر لــە (کۆمیتــە پســپۆڕییەکان)دا کاری پێدەکرێـت. هەنـدێ لـە کۆمیتـەکان بـە زۆریـی هەمیشـە وەك (گرووپـی کارمەندانـی شارسـتانی (مەدەنـی) کۆدەبنـەوە. پسـپۆڕانی ویلایەتـەکان، ئەوانـەی لـە پایتەختەکانـی ویلایەتەکانــەوە هاتــوون، لەســەر مێزێــك رووبــەڕووی کارمەندانــی وەزارەتەکانــی فیدراڵـی دادەنیشـن کـە وەك دەسـەڵات پێـدراوی فیدرالیـی ئامـادە و بەشـدار دەبـن. ئـەم جـۆرە پێشـنیاز و راسـپاردانەی کۆمیتـەکان یارمەتییەکـی زۆری داوە بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی کـە کێشـە و بابەتگەلیـی تایبەتمەنـد بەشـێوەیەکی بابەتـی و پسـپۆریانە لـە بۆندسراتـدا شرۆڤـە و لێکۆڵینەوەیـان بـۆ دەکرێـت.

بــەم شــێوەیەش وردبینــی و پێداچوونــەوە کاریگەریــی زۆری لەســەر کار و چالاکییەکانــی کاربەدەســتانی راپەڕاندنــی فیدراڵــدا مســۆگەر کــردووە.

## ٨. لێژنەی ناوبژیی و رێکخستن:

ئــەرك و کاری ئــەم لیژنەیــە ئەوەیــە، هــەر کاتــێ جوداوازیــی راوبۆچــوون لــە نێـوان بۆندشـتاخ و بۆندسراتـدا سـەبارەت بـە نیوەرۆکـی ئـەو پـرۆژە یاسـایانەی بـۆ بڕیـاردان لەسـەریان دەخرێنـە بەردەسـت، رووبـدات ئـەم پـرۆژە گەلـی جێگـرە و (بەدیـل) پێشـکێش دەکات. ئەمـە لیژنەیەکـی بـە یەکگەیاندنـی هەمیشـەییە کـە هــەر دووك بۆندشــتاغ و بۆنــدسرات تیایــدا بــە یەکســانی نوێنەرایەتــی دەکرێــن هەریــەك لــە ١٦ ویلایەتــەکان کورســییەکیان لەوێــدا هەیــە. شــانزە کورســییەکانی کەلەلایــەن ئەندامانــی بۆندشــتاغەوە پڕکراونەتــەوە لــە نێــوان ئــەو حزبانــەدا بەشـکراون کـە بەپێـی رێـژەی سـەدیی لەوێـدا نوێنەریـان هەنـە. کۆمیتەکـە خـۆی ٣٢ ئەندامـی هەنـە. کۆبوونەوەکانـی زۆر نهێنیـن و، یـەك لـە دوو سەرپەرشـتیارەکان یەکیـان ئەندامێکـی بۆنـدسرات و ئەویتریـان ئەندامێکـی بۆندشـتاغ- سـەرۆکایەتییان دەکات. هـەروەك سەرپەرشـتیارەکان بـە نـۆرە بـۆ خولێکـی سـێ مانگـی سـەرۆکایەتی

کۆمیتەکـە دەکـەن و لـە کاتـی پێویسـتیدا بۆیـان هەیـە لـە جیاتـی یەکـتری کارەکـە ئەنجـام بـدەن.

ئەندامانــی ئــەم کۆمیتەیــە پابەنــدی هیــچ ڕێنماییــەك نیــن، ئەمــەش بــۆ ئەوەیــە کــە ڕێگــە چــارەی مامناوەندیــی بــۆ ڕێککەوتــن بدۆزنــەوە و بیخەنــەڕوو. ئــەم لیژنەیــەی ڕێکخســتن و ناوبژیوانیــی لــە هــەر حاڵەتێکــدا بــۆ مــاوەی خولێکــی بۆندشـتاغ پێکدەهێنێـت و تەنیـا ئـەو دەمانـە کۆدەبێتـەوە کـە بۆنـدسرات، بۆندشـتاغ و یــان وەزارەت بــۆ پــڕۆژە یاســایەکی تایبەتمەنــد داوای کۆبوونــەوەی لێدەکــەن. بڕیارەکانــی ئــەم لیژنەیــەش لەســەر بنەمــای (زۆرینــە) وەردەگیرێــن.

بــە گوێــرەی یاســا و پەیڕەوەکانــی جێبەجێکردنــی کارەکان پرۆســەی ڕێکخســتن و ناوبژیوانیــی دەشــێ ببێتــە هــۆکاری چــوار دەرەنجامــی جیــاواز:

- لەوانەیـە کۆمیتەکـە ئـەوە پەسـەند بـکات کـە پرۆژەیـەك لەلایـەن بۆندسراتـەوە دەرچوێنرابێــت پێداهاتنــەوەی بــۆ بکرێــت، واتــا بڕگــە و ماددەگەلــی کــە بۆنـدسرات پێیـان ڕازی نەبێـت و قەبوولیـان نـەکات دووبـارە دابڕێژرێتـەوە، شـتی زیـادەی بخرێتـە سـەر، یـان هەنـدێ بەشـی لـێ لاببرێـت.
- پــڕۆژە یاســایەك (بۆندشــتاغ) پەســەندی کردبێــت دەچەســپێنرێت و هــەر گۆڕانکارییــەك لــە پڕۆژەکــەدا کــە (بۆنــدسرات) خســتبێتییە ڕوو ڕەتدەکرێتــەوە.
- دەشـێت پێشـنیازێك بخرتێـە ڕوو بـۆ ئـەوەی (بۆندشـتاغ) پـڕۆژە یاسـای کـە مشــتومڕی لەســەرە بســڕێتەوە و لای بــدات. ئەمــەش ئەوکاتــە ڕوو دەدات کــە (بۆنــدسرات) پــڕۆژە یاســایەك هەمــووی بەتەواویــی ڕەتدەکاتــەوەو لەوەشـدا سـەرکەوتوو دەبێـت کـە لێژنـەی ڕێکخسـتن و ناوبژیوانیـی لـەوەدا پشـتگیریی لێـدەکات و ڕەفزکردنەکـە قەبـوول دەبێـت.
- دەکـرێ هەنگاوەکانـی کۆمیتـەی ڕێکخسـتن و ناوبژیوانیـی بەبـێ وەرگرتنـی هیـچ پێشـنیازێکی مامناوەندیـی کەلەسـەری ڕێککەوتـن هەبـێ کۆتاییـان پـێ

بێـت. ئەمـەش وەختـێ دەبێـت کـە بـۆ نموونـە: لەنێـو کۆمیتەکـەدا نەگەنـە بڕیارێـك کـە بـە زۆرینـەی دەنـگ قەبـوول کرابێـت. کۆمیتـەی ڕێکخسـتن و ناوبژیوانیـی تەنیـا بـۆی هەیـە پێشـنیاز پێشـکەش بـکات، چونکـە هیـچ دەسـەڵاتێکی بڕیاردانـی لەسـەر ناوەرۆکـی پرۆژەکانـەوە نییـە چونکـە ئـەم (پەرلەمانێکـی باڵاتـر) نییـە لەگـەڵ ئەمەشـەوە بووەتـە ئەنجومەنێکـی گرنـگ لـە پرۆسـەی یاساسـازیدا، لـە ساڵی (١٩٤٩) وە لەهـەر هەشـت پـڕۆژە یاسـایەك بـۆ ناوبژیوانیـی داوا کـراوە. هەتاکـو ئیمـڕۆش تەنهـا نزیکـەی (١٪) لـە سـەدا یەکـی ئـەو پـرۆژە یاسـایانەی (بۆندشـتاغ) دەریچوانـدوون پەسـەند نەکـراون.

## هۆڵی دانیشتنی گشتی:

لەنێـو هۆڵـی کۆبوونـەوە گشـتییەکانی (بۆنـدسرات)دا ئەندامـەکان بـە گوێـرەی پیتـی ئەبجـەدی لـە شـانزدە (بلۆکـی لانـدەر)دا بـۆ هـەر گرووپێـك شـەش کورسـیی، دادەنیشـن. لێـرەدا هیـچ گـرووپ و دەسـتەی سیاسـی حزبایەتـی بوونیـان نییـە. سـکرتێر و بەڕێوەبـەری بۆنـدسرات بـە تەنیشـت سـەرۆکی بۆندسراتـەوە دادەنیشـن بـۆ ئـەوەی لـە بەڕێوەبـردن و سەرپەرشـتیکردنی کۆبوونـەوەکان و ئەژماردنـی دەنگەکانـدا هاوکاریـی بکـەن. ئەندامـان و نوێنەرانـی حکومەتـی فیـدراڵ لـەلای دەسـتی راسـت و دەسـتی چەپیانـەوە دادەنیشـن. خەڵکانـی تریـش ئەوانـەی لـە بۆندسراتـدا کار دەکـەن لـەلای چەپـەوە دادەنیشـن. هەروەهـا سـێ بلـۆك کورسـیی دیکـەش هەنـە کـە لەوێـوە میوانانـی شـەڕەف و گەشـتیاران و رۆژنامەوانـان دەتوانـن چاودێریـی و موتابەعـەی کاروبـاری دانیشـتنەکان بکـەن.

## ٩. پرۆسەی بڕیار وەرگرتن لە بۆندسرات:

دوو فاکتـەر شـێوازەکانی کارکردنـی بۆنـدسرات تایبەتمەنـد دەکـەن لـە دەزگـە و ئەنجومەنەکانـی دیکـەی یاساسـازیی جـودای دەکەنـەوە. ئەرکـی دوو لایەنـەی ئەندامـەکان بـۆ سـنوورە قەدەغەکراوەکەیەتـی کـە بـۆ بڕیـارە گرنگـەکان دانـراون. جـا وەك دەرەنجـام کاروکردەوەکانـی بۆنـدسرات بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لـە پێتەختەکانـی

لانــدەردا جێبەجــێ دەکرێــت. نــەك لــە (بەرلیــن)ی پایتەختــدا و بەبەردەوامیــی پاڵەپەســتۆ و فشــاری کاتــی بەســەرەوەیە. ئــەو سســتیی و خاوییــە کوشــندەیەی بــۆ دەرچواندنــی یاســاکان دانــراوە شــەش هەفتــە (لــە حاڵەتــی تایبەتــدا ســێ یــان نــۆ هەفتــە) بــۆ خوێندنــەوەی یەکــەم و ســێ هەفتــە بــۆ دووهــەم خوێندنــەوە، دوو هەفتــەش بــۆ ڕەخنــە و بەرهەڵســتیکردنەکان ئێجــگار کــورت و بەرتەســکن و بۆنــدسرات ناچــار دەکــەن بــە پەلــە و زۆر بــە جــۆش و بــە ســەختی دەســتبەکار بێــت. مێــژووی کۆبوونــەوە گشــتییەکان پێشــوەختە لەســەر ڕۆژمێــری ســاڵێکدا دیــاری کــراون بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو هەفتانــەی کــە بۆندشــتاغ کۆبوونەوەیــان تیــادا ســاز دەکات. لەهــەر ساڵێکیشــدا نزیکــەی١٣ دانیشــتن ئەنجــام دەدرێــت بــە ڕێــژەی هــەر جــارە و پشــوویەکی ســێ هەفتەییــدا.

حکومەتــی فیــدراڵ شــەش هەفتــە (یــان ســێ یاخــود نــۆ هەفتــە) زووتــر بــە پێــی حاڵەتــە نائاســاییەکان وەك لــە دەســتووردا هاتــوە بــەر لــە ڕۆژە دیاریکراوانــەدا پــڕۆژە یاســاییەکانی خــۆ دەداتــە بۆنــدسرات. کەچــی پــڕۆژە یاســاییەکانی بۆندشــتاغ ٣ هەفتــە پێشــتر بــۆی دەنێردرێــن. ســەرجەم پرۆژەکانیــش یەکســەر ئاراســتەی لێژنــە پێوەندیــدارەکان دەکرێــن و چەنــدی بکرێــت ئــەوا هــەر لــە هەمــان ڕۆژی گەیشــتنیاندا چــاپ دەکرێــن و بەســەر ئەندامەکانــدا دابــەش دەکرێــن، پێویســتە کۆمیتەکانیــش بــە دوو هەفتــە بــەر لــە دانیشــتنە گشــتییەکەدا لێکۆڵینــەوە و ڕاوبۆچوونــی خۆیانیــان ئامــادە کردبێــت.

ئــەم ســنوورە ئێجــگار بەرتەســکە تەنیــا بــەوە دەکــرێ چارەیــان بــۆ بدۆزرێتــەوە کــە ئەندامەکانــی بۆنــدسرات و پســپۆڕ و شــارەزا پێوەندیــدارەکان لــە وەزارەتەکانــی لانــدەر پێشــوەختە بــە دوای داتــا و زانیارییەکانــدا لەســەرچاوەگەلی دیکــەی بەرتەســکدا گەڕابــن.

پێشــنیازکردنی ســازدانی کۆبوونــەوەی گشــتیی لــە دانیشــتنەکانی کۆمیتــەی بۆندسراتــەوە رادەگەیەنرێــت. پێشــنیازەکان لەلایــەن ســکرتێری لێژنــە بەرپرســیارەکەوە

بــە چاپکــراوی ئامــادە دەکرێــن و دەبنــە بناخەیــەك بــۆ بڕیارگەلــی دیکــەوە کــە لــە پایتەختەکانــی بۆندسراتــدا دەردەچوێنرێــن. بــە واتایەکــی فەرمیــی، پێویســتە کابینەیەکــی لانــدەر بــە ســەرجەمی ئــەو پــرۆژە یاســا و پێشــنیازانەوە خەریــك بــن کــە دەخرێتــە ســەر کارنامــەی بۆندسراتــەوە و تاوتوێیــان بکــەن. لەلایەکــی دیکەشــەوە، بــە کردەنــی، چەنــد دامەزراوەیەکــی دی لەســەر ئاســتی کارمەندانــی ســڤیلەوە پێشــوەختە لــە کێشــەو بابەتەکانیــان کۆڵیوەتــەوە بــۆ ئــەوەی بــە تەنهــا بابەتگەلــە گرنگــەکان، یــان ئەوانــەی چەنــد وچوونــی زۆریــان لەســەرە پێویســت دەکات لــە کابینەکــەدا بڕیاریــان لەســەر بدرێــت. هەروەهــا کابینــە بڕیــاری ئــەوە دەدات ئاخــۆ ئەندامانــی بۆنــدسرات لەســەریان پێویســتە رێوشــوێنی تایبەتمەنــد بــۆ هەرحاڵەتێــك بەتەنیــا بگرنەبــەر و بەچــی شــێوەیەك دەنــگ دەدرێــت و دەنگــەکان دەژمێردرێــن و ئایــا پێشــنیاز و پــرۆژەی زێدەبــار پێویســتن یــان نــە!

دوو رۆژ بــەر لــە ســازدانی دانیشــتنی گشــتییەوە، ئــەو کارمەندانــەی لــە فەرمانگەکانــی لانــدەردا ســەروکاریان لەگــەڵ کارەکانــی بۆندسراتــدا هەیــە، پێکــەوە لــە تــەك فەرمانبــەرە دەســەڵاتدارەکانی ســکرتارییەت و ئەنجوومەنــی هەمیشــەیی راوێژکارییــدا بــە خاڵــەکان و بابەتەکانــی نێــو بەرنامــەی کارەکــەدا دەچنــەوە. ئەمــەش لەبــەر رۆشــنایی بڕیارەکانــی کابینــەی لانــدەردا. لــە مــاوەی ئــەم خۆئامادەکردنــەدا بێگومــان زۆر سروشــتییە کــە زۆرەهــا بەیەکگەیشــتن و یەکــتر بینــن لــە نێــوان لانــدەردا ئەنجامدەردێــن بەمەبەســتی بەدەســتهێنان و کۆکردنــەوەی هاوپەیمانــان بــۆ چەســپاندنی هەڵوێســتی تایبەتــی خۆیــان. هــەر لــە پێــش دەســتپێکردنی کۆبوونــەوە گشــتییەکەدا هەمــوو جــار دانیشــتنێکی زۆر نهێنــی کورتخایەنــی ئەندامانــی بۆنــدسرات (لێکۆڵینــەوە و گفتوگــۆی ســەرەتایی) ئەنجــام دەدرێــت. لــە کۆبوونــەوە گشــتییەکەدا بڕیــاری تایبــەت بــۆ پــرۆژە تایبەتمەنــدەکان وەردەگیرێــت و هــەر هەمــان رۆژیــش بڕیــارەکان بــە حکومەتــی فیــدراڵ و یــان دەســەڵاتە بەرپرســەکانی دیکــەوە رادەگەیەنرێــن و ئەوانیــان لێــوە ئاگــەدار دەکرێنــەوە. دواتریــش بــە

چاپكراوەیـــی هاوپێـــچ لەگـــەڵ تۆمارنامەیەكـــی وردەكارییەكانـــی كۆبوونەوەكـــەدا پەخشـــو بڵاودەكرێنـــەوە.

لـــە هەفتـــەی دوای كۆبوونـــەوە گشـــتییەكەدا پێشـــنیاز و راســـپاردەكانی كۆمیتەكـــە ســـەبارەت بـــە دانیشـــتنە گشـــتییەكەی داهاتـــوو ســـەرلەنوێ دەســـتپێدەكاتەوە.

ئـــەرك و فەرمانەكانـــی بۆنـــدسرات، یاســـازیی، كارگێڕیـــی و سیاســـەتی ئەوروپایـــی- بـــە وشـــەیەكی تـــر، ســـەرجەم چالاكییـــە سیاســـیەكان و ئیدارەدانییەكانـــی فیدراســـیۆنەكە دەگرێتـــەوە. لەراســـتیدا بۆنـــدسرات هاوســـەنگ و هاوتـــای بۆندشـــتاغ و حكومەتـــی فیدراڵـــەوە، هەروەهـــا پـــردی پەیوەســـتی و بەیـــەك گەیشـــتنە لەنێـــوان (فیدراســـیۆن و لانـــدەر)دا.

## ئەرك و فەرمانەكانی بۆندسرات

١. دابەشكردنی كاروكردارە هاوبەشەكان
٢. یاسازیی
٣. مافی بەشداریكردن لە یاسازییدا.
٤. رادەربڕین لەبارەی پرۆژە یاساكانی حكومەتی فیدراڵ.
٥. دووەهەمین خوێندنەوە.
٦. پرۆژە پەسەندكراوەكان
٧. پرۆژە رەتكراوەكان.
٨. رۆڵی بەڕێوەبردن.
٩. بەشداریكردن لە كاروبارەكانی یەكێتی ئەوروپادا
١٠. بەشداریكردن لە كاروبارەكانی دەرەوەدا.

ئەركەكانی تر:

دەسەڵاتەكانی بۆندسرات

بۆندسرات وەك فاكتەرێكی رامیاریی

هاوسەنگیی و چاودێرییکردن.
بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵ
هاوتایی لەگەڵ ئەرکی گونجاندن.
رووبەڕووبوون لەگەڵ بۆندشتاغ.
پردی پێوەندیی لە نێوان فیدراسیۆن و ویلایەتە فیدرالییەکاندا.

## ١. دابەشکردنی ئەرك و فرمان و کرداری هاوبەش

قانوونی ئەساسی ئەرکە تایبەتمەندەکانی هەریەك لە فیدراسیۆن و لاندەر لە بوارەکانی یاسازی بۆ راپەڕاندن و دادوەرییدا دیاریکردووە. بەگشتی دەکرێ بگوترێت فیدراسیۆن وەکو پرەنسیپ خۆی بەرپرسیارە لە هێڵەکانی یاسادانان و راپەڕندن بەهۆی لێهاتوویی و چالاکی لاندەرەوە. لەنزیکەوەش هاریکارییەکی تەواو لەبارەی دادوەرییەوە لە نێوان فیدراسیۆن و لاندەردا هەیە. راستی لاندەر لە هەمان کاتدا چالاکی گرنگی یاسازیشی هەیە بەتایبەتی لەپەیوەست بە سیاسەتی پەروەردەیی و فەرهەنگیی حکومەتی خۆجێیی و بە پۆلیسەوە، کەچی لە هەندێ ناوچاندا فیدراسیۆن کاری بەڕێوەبردنی بەتەواوەتی لەدەست دایە وەکو بۆ نموونە لەکاروبارەکانی دەرەوە، بۆندسوێر (سوپای ئەڵمانی) و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندنی مووچەخۆراندا. بەشێوەیەکی گشتیی ئەم پرەنسیپەی لای خوارەوە پەیڕەو دەکرێت.

- فیدراسیۆن بە ئەندازەیەکی زۆر لە یاسازییدا باڵادەست و توانایە.
- کارگێڕیی و بەڕێوەبردن وەکو پرەنسیپ بە لاندەر سپێردراوە.

ئەم دابەشکردنەی ئەرك و فەرمانەکان پێگەی فیدراسیۆن بەهێز و قایم دەکات، چونکە بەهۆی دەسەڵاتە یاسازییە گشتگیرییەکانییەوە دەتوانێ ستاندەری سەرتاپایی بۆ هەموو لاندەرەکە و هەروەها بۆ سەرجەمی هاووڵاتییانیش بسەپێنێت.

بۆندسرات پردی پێوەندیی نێوان فیدراسیۆن و لاندەرە. ئامانجیشی ئەوەیە

کـە دڵنیابێـت لـەوەی وێـڕای ئـەم دابەشـکردنەی کارو فەرمانەکایـش هیـچ لـە یـەك تێنەگەیشـتن و ناکۆکییەکـی وەهـا لـە نێـوان دەوڵەتـی نەتەوەیـی و ویلایەتـە تایبەتـە فیدرالییەکانـدا روو نـەدات کـە چارەسـەری بـۆ نەکرێـت.

### ٢. ئۆرگانی یاساسازیی

بۆنـدسرات دووهـەم ئەنجوومەنـی یاسـادانانە لـە دوای بۆندشـتاغ کـە بـە پلـەی یەکـەم دێـت. پرەنسـیپە دیموکراتییـەکان و قانوونـی دەسـتووری وایاندانـاوە کـە دەبـێ سـەرجەم بڕیـارە سـەرەکییەکان بـە یاسـا وەرگیرابـن یـان لەسـەر قانوونێـك بنیـاد نرابـن (بناخەیەکـی قانوونیـان هەبـێ). ئەمـەش دووپاتردنـەوەی ئەوەیـە کـە نـە حکومـەت و نـە ئیـدارەش هیـچ بڕیارێـك لـە دەرەوەی یاسـاوە دەرناکـەن. ئـەم ئەنجوومەنـە گشـتییانە بـە کۆمەڵێـك یاسـاوە بەسـتراونەتەوە کـە رەوایەتیـی و دروسـتییە دیموکراتییەکانیـان لـەو بڕیارانـەوە بەدەسـتهێناون کـە لـە بۆندشـتاغ و بۆندسراتـدا وەرگیـراون. بایـەخ و گرنگـی ئـەم فەرمانـەی یاسـازیی دەکـرێ لـەو راسـتییەوە ببینرێـت کـە پـتر لـە ٣٠٠ یاسـا لـە هەریـەك لـە دواییـن خولەکانـی یاسـازیی بۆندشـتاغدا (کـە عادەتـا چـوار سـاڵان دەخایەنـێ) دەرچوێـنراون و خراونەتـە بـەرکارەوە، پێویسـت بـە گوتنیـش نـاکات کـە هەمـوو ئـەم قانوونانـە بەتەواویـی نـوێ نینـە، بگـرە ژمارەیەکـی زۆریـان بریتیـن لـە گۆڕانکاریـی و هەموارکردنـی مـاددە گەلـی یاسـایی کەسـیی تایبـەت بـە بـاری کەسـەکانەوە.

### ٣. مافی دەستپێشکەریی یاسادانان

هـەروەك بۆندشـتاغ و حکومەتـی فیـدراڵ بۆندسراتیـش مافـی ئـەوەی هەیـە پـرۆژە یاسـایان پێشـکەش بـکات. هـەر کاتـێ بۆنـدسرات لەسـەر داواکردنـی لاندەرێـك یـان زێـتر پرۆژەیەکـی خـۆی پەسـەند کـرد ئـەوا ئـەم پرۆژەیـە دەنێردرێتـە حکومەتـی فیـدراڵ بـۆ رادەبڕیـن. حکومەتـی فیدراڵیـش دەبـێ لـە مـاوەی شـەش هەفتـە لـە هەنـدێ حاڵەتـی تایبەتیشـدا لـە مـاوەی سـێ یـان ٩ هەفتانـەدا پرۆژەکـە بـۆ بۆندشـتاغ رەوانـە بـکات.

## ٤. لێدوان لە پرۆژە یاساکانی حکومەتی فیدراڵ

زۆرینــــەی هـــەرە زۆری پـــرۆژە یاســـاییەکان لەلایـــەن حکومەتـــی فیدراڵـــەوە پێشـــکەش دەکرێـــن. قســـەی یەکـــەم لـــە رێوشـــوێنە پەرلەمانییەکانـــدا ســـەبارەت بـــە پـــرۆژە یاساییەکانی راپەڕانـدن هـی بۆندسراتـە مادامەکـی لەسـەر حکومەتـی فیـدراڵ پێویســتە پــڕۆژە یاســاییەکانی خــۆی بخاتــە بەردەســت بۆندسراتــەوە بەمەبەســتی لێکۆڵینــەوە و رادەربڕیــن لەبارەیانــەوە. پێداچوونــەوە و گفتوگــۆ کــردن لەســەر ئــەو پــرۆژە یاســاییانەی حکومــەت پێشکێشــیان دەکات دوو ئەرکــی هــەرە ســەرەکیی و ســـەرەتایی بۆندسراتـــن.

تاقیکردنەوەکانــی ویلایەتــە فیدرالییــەکان لــە خســتنەکار و پێڕەوکردنــی یاســاکاندا، ئەوانـــەی نزیکـــەی هـــەر هەموویـــان لەلایـــەن خۆیانـــەوە کاریـــان پێکـــراوە لـــەم (خوێندنـــەوەی یەکەمـــە)دا یەکخـــراون و کـــراون بـــە قانوونـــی فیدراڵـــی. بـــەم پێیـــە فەرمانبەرانــی راپەڕاندنــی ســەر بــە حکومەتەکانــی ویلایەتــەکان گفتوگۆیەکــی چڕوپڕ لەگـــەڵ فەرمانبەرانـــی راپەڕاندنـــی ســـەر بەفیدراســـیۆندا دەکـــەن. لێـــرەوە ئـــەرك و فەرمانـــی وردبینـــی و هاوســـەنگی راگرتـــن لـــە شـــێوازی حوکمڕانیـــی فیدراڵیـــدا بـــە روونــی بەرجەســتە دەبێــت. بۆنــدسرات، لــە کۆمیتەکانیــدا پڕۆژەگەلــی یاســایی بــۆ بابەتەکانــی وەکــو (بەدەســتووریی بــوون، تەکنەلۆژیــا، کاروبــاری دارایــی و سیاســی) پێشــکەش دەکات. زۆران جاریــش هەموارکــردن، خستنەســەر، یــان گــۆڕیــن و جێگــرەوە پێشـــنیاز دەکرێـــن و دەخرێنـــە روو. لـــە زۆربارانیشـــدا ئەنجامـــی پێداچوونەوەکـــە (لاریـــمان نییە)یـــە. زۆریـــش دەگمەنـــە وا رووبـــدات پـــرۆژە یاســـایەك بـــە تەواوەتـــی لەلایـــەن بۆندسراتـــەوە رەتکرابێتـــەوە کەچـــی حکومەتـــی فیـــدراڵ هـــەر رەوانـــەی بۆندشـــتاغی بـــکات. لـــەم قۆناغـــەدا بەباشـــی هەڵســـەنگاندنی پـــرۆژە یاســـایەك لەلایـــەن بۆندسراتـــەوە بـــە هیـــچ کلۆجـــێ حکومەتـــی ناوەنـــد و یـــان بۆندشـــتاغ مولـــزەم نـــاکات.

لەگـــەڵ ئەمەشـــەوە ئـــەم هەڵســـەنگاندنە ســـەرەتاییە هێمایەکـــی گرنگـــە بـــۆ ئـــەوەی ئایـــا هەڵســـانگاندنی دووەهـــەم و دوا وشـــەی بۆنـــدسرات لـــە (خوێندنـــەوەی

دووەم)دا چی و چۆن ئەبێت. ئەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنانە ناکرێ پشتگوێ بخرێن. حکومەتی فیدراڵ دیدوبۆچوونەکانی خۆی لە (راپۆرتێکی پێچەوانە)دا دەخاتەڕوو. ئەوجا پڕۆژە یاسایەکە و راپۆرتی سەرەتایی بۆندسرات و لەگەڵ (راپۆتەرە پێچەوانە)ییەکەی حکومەتی فیدراڵدا پێکەوەوە رەوانەی بۆندشتاغ دەکرێن.

## ٥. خوێندنەوەی دووهەم:

هەموو ئەو پڕۆژە یاساییانەی دەدرێنە بۆندشتاغ، دەبێ سەرۆکی بۆندشتاغ بیانداتە بۆندسرات. لە دووەم (خوێندنەوە)دا کە بە خستنەڕووی پڕۆژەکە و ناساندنییەوە دەستپێدەکات دانیشتنەکانی کۆمیتەی بۆندسرات بۆ ئەوە ساز دەدرێن تا بڕیار بدرێت کە ئایا ئەنجامەکانی یەکەمین (پێداچوونەوە) لەبەرچاو گیراون یان نە، ئایا بۆندشتاغ هیچ گۆڕین و هەمواركردنی دیکەی پێشکێش کردوون یان نە، ئەو پڕۆژە یاسایانەشی پێشتر لەلایەن بۆندشتاغەوە پێشکێش کرابوون و لەبەر ئەم هۆیەش پێشوەخت نەدرابوونە بۆندسرات بۆ هەڵسانگاندن ئەوا دەخرێنە بەر پشکنین و لێبوردنەوەیەکی تایبەتەوە.

ئەگەر بۆندسرات لەگەڵ ناوەرۆکی پرۆژەیەك کە بۆندشتاغ دەریچواندبێت ناکۆك بێ، ئەوا بۆی هەیە لە ماوەی سێ هەفتەدا پەنا بباتە بەر کۆمیتەی رێکخستن و ناوبژیوانیکردن کە لە ١٦ ئەندامی بۆندسرات و١٦ نوێنەری بۆندشتاغ پێکهاتووە. لە گەڕاندنەوەیدا بۆ کۆمیتەکەوە بۆندسرات عادەتەن پێشنیازی تایبەتمەند بۆ هەمواركردنی لەگەڵ پاساوی روون و گونجاودا دەخاتە روو. ئەرکی کۆمیتەکەی ناوبژیوانیکردنیش ئەوەیە کە چارەسەرێکی مامناوەندیی بدۆزێتەوە. داڕشتنی پڕۆژەی یاسایش هەمیشە بۆندشتاغ بڕیاری لەسەر دەدات و بۆندسرات هیچ تێکەڵ بە کارەکە نابێت هەتا پاش ئەوەی کە پڕۆژەکە ئامادە دەکرێت، ئەوەیش تەنها بۆ چەند پلەیەکی جۆربەجۆر. بەپێی توانا و کاریگەریی دەسەڵاتەکانی بۆندسراتەوە جوداوازییەك لە نێوان دوو جۆر پڕۆژەی یاساییدا،

ئەوانــەی پەســەند دەکرێــن و ئەوانــەش کــە ڕەت دەکرێنــەوە دەکرێــت.

## ٦. سەبارەت بە پرۆژە پەسەندکراوەکانەوە

ســەبارەت بــە پــڕۆژە پەســەند کراوەکانــەوە، بۆنــدسرات ڕۆڵێکــی گرنگــی تایبــەت یاریــی دەکات. ئــەم جــۆرە پڕۆژانــە کــە کاریگەرییەکــی تایبەتمەندیــان لەســەر بەرژەوەندییەکانــی لانــدەردا هەیــە ناکرێــن بــە یاســا هەتاکــو بۆنــدسرات ئاشــکراو بەبــێ چەنــد و چــوون ڕەزامەندیــی خۆیــان لەســەر نــەدات. بۆندشــتاغ و حکومەتــی فیــدراڵ هەریەکەیــان بــۆی هەیــە تەنیــا یەکجــار بگەڕێتــەوە بــۆ کۆمیتــەی ناوبژیوانیکــردن. وەك هەوڵدانێــك بــۆ فەراهەمکردنــی جێگرەوەیەکــی مەقبــووڵ بــۆ پڕۆژەیــەك. بــەڵام گــەر هاتــو بۆنــدسرات لەســەر پێنەدانــی ڕەزامەندیــی خۆیــدا هــەر بــەردەوام بێــت ئــەوا پــڕۆژە یاســاییەکە ڕەفــز دەکرێتــەوە. مــاددە و بڕگەکانــی قانوونــی بنەڕەتــی ئــەوە نیشــان دەدەن کام پــڕۆژە یاســاییەك پێویســتیان بــە وەرگرتنــی ڕەزامەندیــی بۆنــدسرات هەیــە، دەکــرێ ئەمانــە بــۆ ســێ گــرووپ پۆلێــن بکرێــن:

١. ئــەو پڕۆژانــەی دەســتوور هەمــوار دەکــەن: ئەمانــە پێوســتیان بــە ڕەزامەندیــی ٣/٢ دوو لــە ســەر سێی ئەندامــان هەیــە.
٢. ئــەو پڕۆژانــەی کاریگەرییــان بەســەر دارایــی (لانــدەر) دا دەبێــت ئەمــەش بەشــێوەیەکی ســەرەکیی ئــەو پڕۆژانــە دەگرێتــەوە کــە پەیوەســتن بــە باجەکانــەوە کــە (لانــدەر) یــان دەســەڵاتە خۆجێییــەکان دەگرنــەوە، وەکــو بــۆ نموونــە باجــی دەرامەت،باجــی زیادکردنــی نــرخ و باجــی ئۆتۆمۆبیــل.

ئەو پڕۆژانــەی کار لــە دەســەڵاتەکانی کارگێڕیــی (لانــدەر) دەکــەن: ئەم گرووپەشیان گرنگییەکــی تایبەتــی خــۆی هەیــە چونکــە ئەگــەر لەسەرتاســەری پڕۆژەیەکــدا تەنیــا یــەك ماددەیشــی تیادابێــت کار بکاتــە ســەر دەســەڵاتی کارگێڕیــی (لانــدەر) ئــەوکات پێویســت دەکات ڕەزامەندیــی بۆندسراتــی بەســەرەوە بێــت، ئەمــەش ئــەو وەختــە دەبــێ کــە بــۆ نموونــە قانوونــی فیدراڵــی ڕێوشــوێنی دەســەڵاتداریی و دادپرسیی دیاریکــراو، شــێوازگەل، سنوورەکانی کات، کرێــی کارگێڕیــی و بەڕێوەبــردن (مووچــە) یاخــود جۆرەکانــی پێدانــی

دۆكیۆمەنت (بەڵگەنامەكان) بە كاربەدەستانی (لاندەر) دەستنیشان دەكات.

بەپێی ئەم بڕگە گەلە جوداواز تایبەتانەوە، تەنانەت ئەو پڕۆژانەش كە كار لە(بەرژەوەندییەكانی لاندەر) بە گشتی ناكەن وەك ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان، یان یاساكانی بەرگریی، دەشێ لەباری كۆتاییدا پێویست بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بكەن. پایە وگرنگی بۆندسرات لە بنەڕەتدا لە توانستییەكەیەوە بۆ ڕەتكردنەوەی (ڤیتۆكردنی) ئەم جۆرە یاسازییە سەرچاوە دەگرێت، ئەم دەسەڵاتەش لە پرۆسەی یاسازییدا كاریگەرییەكی فرە بە بۆندسرات دەبەخشێت. بە كردەنی نزیكەی نیوەی پرۆسەكانی یاسازیی فیدراڵ بریتین لە (پرۆژە پەسەند كراوەكان) كە پێویستیان بە ڕەزامەندی بۆندسرات هەیە. ئەمەش بە زۆری ئەم پڕۆژانە دەگرێتەوە كە لەناوەوە مشتومڕ و ناكۆكی زۆریان لەسەرە. بەم شێوەیە سەبارەت بە نیوەی پڕۆژە یاساكانەوە، بۆندشتاغ بۆی نییە و ناتوانێت خۆی بە تەنها یاسازیی بكات، بەڵكو دەبێت لە پرۆسەی یاسازییدا لە تەك بۆندسراتدا پێكەوە كار بكەن. بە هەمان شێوە بۆندسراتیش ناتوانێت خۆی بە تەنها یاسازیی ئەنجام بدات.

هەردووك ئەنجومەنەكان داواكراون كە میانڕەویی و نەرمونیانیی و ڕازیكردن و تێگەیشتنی دوو لایەنی و بۆچوونی ئاڵوگۆڕكراو پیادە بكەن و پێویستە لەسەریان ئەم بەهایانە وەك پێداویستییەكی سیاسیی لە حكومەتێكی سیستەم فیدراڵیدا بزانن و پێڕەویان لێ بكەن. هەردووكیانیش ئەم بەرپرسیاریەتییەیان بەلاوە قەبووڵە. ژمارەیەكی ئێجگار كەمی پڕۆژە یاساییەكانیش لە ئەنجامی (نا)یەكی كۆتایی بۆندسراتەوە فەشەلیان هێناوە.

### ٧. پڕۆژە یاساییە ڕەتکراوەکان

لـە حاڵەتـی یاساسـازیی (پـڕۆژە گەلـی ڕەتکـراو)دا کـە پێویسـت بـە ڕەزامەندیـی ئـــەو نـــەکات بۆنـــدسرات بـــۆی هەیـــە دوابـــەدوای کۆتایـــی هاتنـــی ڕێوشـــوێنی ناوبژیوانیکردنـــەوە لـــە مـــاوەی دوو هەفتـــە ناڕازیبوونـــی خـــۆی ڕابگەیەنێـــت.

ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە پێویسـت دەکات بۆندشـتاغ پڕۆژەکـە بخاتـەڕوو بـەر خوێندنەوەیەکـی تـازەوە، جـا ئەگـەر بۆندشـتاغ لەگـەڵ ناڕەزاییەکانـی بۆنـدسرات کـۆك نەبـوو، ئـەوا دەتوانـێ ڕازیبوونەکـەی بۆنـدسرات (کـە بـە زۆرینـەی ڕەهـای ئەندامەکانـــی پەســـەندکراوە) بـــە زۆرینەیەکـــی ڕەهـــای ئەندامەکانـــی خۆیـــەوە ڕەتبکاتـەوە و پشـتگوێی بخـات. جـا ئەگـەر (ناڕەزاییەکـە) بۆنـدسرات بـە زۆرینـەی ٣/٢ دوو لەســـەر ســـێی ئەندامەکانـــی بووبێـــت، ئـــەو کات بـــۆ پووچەڵکردنـــەوەی (ڕازیبوونەکـە) پێویسـتی بـە زۆرینـەی ٣/٢ دوو لەسـەر سێی ئەندامـە ئامادەبووەکانی بۆندشـــتاغ خۆیشـــی دەکات و (ئـــەم زۆرینەیـــە هەروەهـــا پێویســـتە نوێنەرایەتـــی زۆرینـەی ئەندامانـی بۆندشـتاغ بەگشـتیش بـکات). گـەر هاتـوو (ناڕەزاییەکـە) سـەری نەگـرت و ڕەتکرایـەوە، ئـەوا دەکـرێ (پـڕۆژە کێشـە لەسـەرەکە) وێـڕای ناڕەزایـی بۆندسراتیـش ئیمـزا بکرێـت و بڵاویـش بکرێتـەوە. لـە ڕاستیشـدا بۆنـدسرات تاوەکـو ئێسـتا زۆر کـەم ناڕەزایـی لـەم چەشـنەی خسـتوونەتەڕو.

### ٨. ڕۆڵی بەڕێوەبردن

ڕۆڵـی بۆنـدسرات لـە بەڕێوەبردنـی فیدرالیـدا کەمـتر بەرچـاو دەکـەوێ، بـەڵام بـە زۆریـی ڕاسـتەوخۆ لـە ژیانـی تاکەکانـی دانیشـتواندا هەسـتپێکراوە. بەپێـی دەسـتوور حکومەتـی فیـدراڵ یاخـود وەزیرێکـی فیـدراڵ دەشـێت دەسـەڵاتی دەرکردنـی ئـەو فەرمـان و یاسـایانەی شـارەوانیی پێبدرێـت کـە بەگشـتیی ماددەکانـی تەئکیـد لـە پیادەکـرن و جێبەجێکردنـی یاسـاکان دەکەنـەوە. ئـەو بڵاوکراوەیانـە دەبـێ بـە دوور و درێـژی ڕێنمایـی و ڕوونکردنەوەیـان تێدابـێ بەرەچاوکردنـی بارودۆخـی سیاسـیی وڵات لـە بـواری پاراسـتنی ژینگەییـەوە، بـۆ نموونـە پێویسـتە بەرزتریـن ئاسـتی ژاوەژاو

دیاری بکات و سنوورێکیش بۆ ڕێژەی دووکەڵ و دیاردە پیسەکانی وێستگەکانی شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیلەکان دابنێت.

بەڵام پەسەندکردن و ڕەزامەندیی بۆندسرات لەسەر زۆربەی ئەم ڕێنمایی و فەرمانانە شتێکی پێویستە، بە واتایەکی تر بۆندسرات بۆی هەیە بە یەکسانی لەگەڵ بەرپرسانی فیدراڵییدا لە داڕشتنی ناوەرۆکی ئەو یاسا و فەرمانانەدا بەشداری بکات. بە کردەنیش ڕەزامەندییەکەی بە زۆری لە هەندێ گۆڕانکاریی دیاریکراودا مەرجی پێویستە.

وەزارەت یان وەزیری دەسەڵات پێدراو دەبێ فەرمان و یاساکە بەو گۆڕانکارییانەش کە بۆندسرات ئاماژەی پێداون بڵاوبکاتەوە، یانەخۆ هەر بەتەواویی وازیان لێبهێنێت. لەم حاڵەتەشدا ئەگەری گەڕاندنەوەیان بۆ کۆمیتەی ڕێکخستن و ناوبژیوانیکردن لە ئارادا نییە و نابێت.

### ٩. بەشداریکردن لە کاروباری یەکێتی ئەوروپادا

کە پرۆسەی یەکخستن و نەهێڵانی جیاوازیی لە یەکێتی ئەوروپادا بەردەوامە، ئەو ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی کە لە (برۆکسل ستراتسبۆرگ) دەردەچوێنرێن زیاتر کار لە یاسازیی نەتەوەیی وڵاتە ئەندامەکانی دەکەن. ئەو دەزگەیەی پێوەندیی بە دەرکردنی بڕیارەوە هەیە (ئەنجوومەنی وەزیرانە) کە هەر یەك لە وڵاتە ئەوروپاییە ئەندامەکان بە ئەندامێکی حکومەتەکەیان تیایدا بەشدارن. بەپێی برگەی (٢) لە ماددەی (٢٣)ی قانوونی ئەساسیدا بۆندشتاغ و لاندەر هەردووکیان (لەرێی بۆندسراتەوە) بەشداریی لە کاروبارەکانی پەیوەست بە ئەوروپادا دەکەن. هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە حکومەتی فیدراڵ بەرپرسە لە پێدانی زانیاریی گشتگیر دەرهەق سەرجەم چالاکییەکانی (یەکێتی ئەوروپاوە) بە بۆندشتاغ و بۆندسرات لە زووترین کاتێکی ڕەخساودا. بۆندسرات کە لە حاڵەتە گرنگ و بە پەلەکاندا لەلایەن ئەنجوومەنی کاروبارە ئەوروپاییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر پرۆژە یاساییەکانی

تایبەتمەنــد بــە رێنمایــی و رێوشــوێنەکانی یەکێتــی ئەوروپــاوە و ئاراســتەکانیان دەخاتــەڕوو. ئــەم هەڵســەنگاندنانە پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوە و لێدوانـی ورد و قـووڵ لـە کۆمیتەکانـی خۆیـدا هەیـە. ئەگـەر ئـەم یاساسـازییە ئەوروپاییـە کار لـەو بابەتانـە بــکات کــە لــە ســنووری ناوەخــۆی قەڵەمــڕەوی دەســەڵاتەکانی فیدراســیۆندا بــن، ئــەوا پێویســتە حکومەتــی فیــدراڵ (لێکدانــەوە و روونکردنــەوەی پێویســت بــدات سـەبارەت بـە راو هەڵوێسـتی بۆندسراتـەوە لەوەرگرتنـی بڕیارەکانیـدا لـە (برۆکسـل).

جــا هاتــوو ئــەم یاساســازییەش بەشــێوەیەکی ســەرەکیی کار لــە دەســەڵاتی یاساســازیی دەوڵــەت (لانــدەر) یاخــود پێکهاتــە و بونیــادی دەســەڵاتەکانی لانــدەر، یــان رێوشــوێنە کارگێڕییەکانــدا بــکات، ئــەوا لــەو حاڵەتەشــدا پێویســت دەکات بۆچــوون و هەڵوێســتی بۆنــدسرات وەك (بڕیــاری یەکلاییکــەرەوە و کۆتایــی) وەربگیرێــت. بەواتایەکــی تــر، لــەم جــۆرە حاڵەتانــەدا، بۆنـدسرات لـە راسـتیدا لـە بڕیاردانـی هەڵوێسـتی ئەڵمانیـا لەنێـو ئەنجوومەنەکـەی وەزیرانـی یەکێتـی ئەوروپـادا (EU) وتـەی کۆتایـی هەیـە. لـەم چوارچێوەیـەدا بۆنـدسرات ئـەو بەرپرسـیارییەتییەی خراوەتـە ئەسـتۆ کـە (ملکەچـی بەرپرسـیارییەتییەکانی فیدراسـیۆن وەکـو نەتەوەیـەك بێــت) و رەچاویــان بــکات. ئەمــەش ئاماژەدانــە بــە دەســەڵات لــە یەکخســتن و یەکبــوون لــە مەیدانەکانــی سیاســەت، کاروبارەکانــی دەرەوە و ئاسایشــی گشــتیدا.

هــەر کاتــێ رای بۆنــدسرات لەگــەڵ رای حکومەتــی فیدراڵــدا ناکــۆك بــوو، هەروەهــا ئەگــەر لــە توانــادا نەبــوو هیــچ رێککەوتنێــك بکــەن، ئــەوا ئــەو کاتــە راکــەی بۆنــدسرات، ئەگــەر لەســەر بڕیارێکــەوە داڕێژرابــێ کــە بــە زۆرینــەی ٣/٢) دوو لەســەر ســێی دەنگەکانــەوە پەســەند کرابێــت، راکــەی بۆنــدسرات دەبیاتــەوە و کۆتایــی دەبێــت. ئــەو مافــەی هەبوونــی وتــەی کۆتایــی لــەو بابەتانــەدا کــە دەشــێت ئەنجامــی زیادبوونــی خەرجییەکانــی فیدراســیۆن و یاخــود کەمکردنــەوەی داهاتەکانیــان لــێ بکەوێتــە ســنوردار کــراوە. لــەم چەشــنە بارانەشــدا پێویســتە حکومەتــی فیــدراڵ ئــەو هەڵوێســتەی ئەڵمانیــا کــە بۆنــدسرات دیاریــدەکات پەســەند

و پشــتگیریی لــێ بــکات. لــەو حاڵەتانەشــدا کــە ڕێوشــوێن و تەرتیباتەکانــی یەکێتــی ئەوروپــا بەشــێوەیەکی ســەرەکیی کار لــە لێهاتوویــی چالاکییــە یاساســازییەکانی لانــدەر دەکــەن، ئــەوا پێویســتە ســەرۆکی شــاندی ئەڵمانیــا و وتەبێژەکەیــان لــە (ئەنجوومەنــی وەزیرانــدا لــە برۆکســل) وەزیرێکــی دەوڵــەت بــێ لــە لایــەن بۆندسراتــەوە دانرابێــت.

بــەم شــێوەیە بۆنــدسرات وەنەبــێ هــەر تەنهــا بەشــداریی لــە بڕیــاردان و دیاریکردنــی هەڵوێســت و پێگــەی ئەڵمانیــا لەســەر ئاســتی (نەتــەوەدا) دەکات، بەڵکــو هەروەهــا ڕاســتەوخۆ لــە بەدەســتهێنان و پاراســتنی مافەکانــی کۆمــاری فیدراڵــی ئەڵمانیــا وەك دەوڵەتێکــی ئەنــدام لەیەکێتــی ئەوروپــادا بەشــدارە.

## ١٠. بەشداریکردن لە کاروبارەکانی دەرەوەدا

بەپێــی بڕگــە (١) یەکــی مــادده (٣٢) ســی و دووی قانوونــی بنەڕەتــی، فیدراســیۆن بەرپرســیارە لــە بەڕێوەبــردن و سەرپەرشــتی کردنــی پێوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان لــە تــەك وڵاتانــی تــردا. ئــەم ماددەیــە ئــەو بەرپرســیارییەتییە بــە هیــچ دەزگەیەکــی دەســتووریی تایبەتمەنــدەوە نابەســتێتەوە. بــەم جــۆرە هیــچ کام لــە بۆنــدسرات، یــان بۆندشــتاغ وەك ئۆرگانــی فیدراڵــی نابوێرێــت و بــە دووریــان ناگرێــت.. لەگــەڵ ئەمەشــەوە حکومەتــی فیــدراڵ زۆربــەی زۆری چالاکییــە سیاســییەکانی دەرەوە ئەنجام دەدات.

هــەر بــە گوێــرەی بڕگــە (٢)ی دووی مــادده (٥٩) یاســای بنەڕەتیــی، بــۆ ڕێککەوتنــە نێودەوڵەتییــەکان ئەوانــەی پێوەندییەکانــی فیدراسیۆنەکە لەگــەڵ نەتەوەکانــی دیکــەدا ڕێکدەخــەن، یاخــود پەیوەســت بــە بابەتگەلــە یاساســازییە فیدراڵییەکانــەوە، ئــەوە (ڕەزامەندیــی یــان بەشــداریکردنی ئەنجوومەنــە شــیاو و گونجاوەکانــی یاســازیی لــە شــێوەی قانوونێکــی فیدراڵــدا) پێویســت دەبێــت. لــە چەمکەکانــی مافەکانــی بۆندسراتــدا ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێــت (یاســایەکی پەیمانبەســتن) بــە نــاوی (یاســای پەســەندکردنی پەیــمان مۆرکــردن) پێویســتی بــە ڕەزامەندیــی بۆنــدسرات هەیــە. هەروەکــو دەرچواندنــی یاســایەکی خۆماڵیــی بــە هەمــان نــاوەڕۆك، ئەمیــش بەپێــی

قانوونــی ئەساســیی پێویســت بــە ڕەزامەندیــی بۆنــدسرات دەکات.

ئەگــەر بۆنــدسرات ڕەزامەندیــی لەســەر پەیماننامەیەکــی نێودەوڵەتــی لــەو جــۆرە نــەدا ئــەوا ئــەو ڕێککەوتننامەیــە کاری پێناکرێــت، بــۆ نموونــە چوونــی کۆمەڵگــەی ئەوروپاییــەکان (وڵاتــەکان) بــۆ نێــو (یەکێتــی ئەوروپــا) لــە ڕێــگای پەیماننامەکــەی (ڕێککەوتننامــە) ماســتریختەوە (Maastricht) پێوســیتی بــە پەســەند کردنــی (بۆنــدسرات) دەکــرد.

جۆرەکانــی دیکــەی ئــەو پەیماننامانــەی پێویســتیان بــە پەســەندکردنی بۆنــدسرات-دەبێــت ئەمانــەی خــوارەوە دەگرێتــەوە:

ڕێککەوتنامــە لەســەر هاوکاریــی بەپەلــە و نــاکاو، یارمەتیــدان لــە بــواری یاســایی و فەرمییــدا، یاســاکانی بــاج و گومــرگ، یاســاکانی خانەنشــینی، پاراســتنی ســەرمایە گرنگــەکان و گرنگیــدان بەژینگــە (ژینگەپارێزیــی). تەنانــەت ئەگــەر قانوونــی ئەساســی بــۆ خســتنەکاری ناوەرۆکــی پەیماننامەیەکــی نێودەوڵەتــی لــە نــاوەوەدا پێویســتی بــە ڕەزامەندیــی نەبێــت، پەیماننامەکــە هــەر دەبێــت پێشکەشــی بۆنــدسرات بکرێــت، وەلــێ لێــرەدا بۆنــدسرات تەنهــا مافــی ڕەتکردنــەوەی لــە (خوێندنــەوەی دووەم)دا هەیــە، لــەم جــۆرە حاڵەتانەشــدا بۆندشــتاغ بــۆی هەیــە ڕازینەبــوون و لارییەکــەی بۆنــدسرات پووچــەڵ کاتــەوەو بــەم شــێوەیەش ڕێگــە لەبــەردەم پەســەند و مۆرکردنــی پەیماننامەکــە ئــاوەڵا دەکات.

### ١١. کاروفەرمانی تر

قانوونی بنەڕەتی ژمارەیەك ئەرك و فەرمان و چالاکیی دیکەی بە بۆندشتاغ ئەسپاردووە، بۆ نموونە هەر یەك لە (بۆندشتاغ و بۆندسرات) نیوەی ئەندامانی دادگەی دەستووریی فیدراڵ (دادگەی هەرە باڵا) هەڵدەبژێرن. بۆ ئەم هەڵبژاردنانەش پێویستی بە ٣/٢ دوو لەسەر سێی ئەندامان هەیە و بۆندسرات هەروەها بۆی هەیە نادەستووریی بوون و لادان لە دەستوور بخاتەڕوو. هەروەکو دەشتوانێ لە دادگاییکردندا وەکو شایەد لەبەردەم دادگەی دەستووریی فیدراڵیدا ئامادە بێت.

### ١٢. دەسەڵاتەکانی بۆندسرات:

بیرۆکەی بنەڕەتیی لە پشت دەستووره دیموکراتیی و فیدرالییەکەی ئەڵمانیاوە، دابەشبوونی هێز و دەسەڵاتەکانە. لە ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکانیاندا فیدراسیۆن و لاندەر پێویستە سیستمێکی هاوکێشەیی دوو لایەنی لە نێوان دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتیدا پیادە بکەن و هەروەها دەبێ هاوکاریی و ڕێز لەیەکگرتنی دوو لایەنەش پێڕەوی بکەن. جیاوازی هەرە سەرەکیی لە نێوان شێوەی فیدرالیزمی ئەڵمانیی و سیستمە فیدرالییەکانی تردا لە ڕووی دابەشکردن و ئەنجامدانی کارو ئەرکدا بریتییە لەوەی کە حکومەتەکانی تاك ویلایەتەکان لە سیستمە ئەڵمانییەکەدا ڕاستەوخۆ بەشداریی لە بڕیارەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی فیدراسیۆندا دەکەن و، ئەمەش لە ڕێگەی بۆندسراتەوە جێبەجێ دەبێت.

کەواتە لە سیستمی دابەشبوونی دەسەڵات و بەیەکەوە گرێدراوی ئەنجامدانی کارو ئەرکەکاندا (بۆندسرات) سێ ئەرك و فەرمانی سەرەکیی و ناوەندیی هەیە:

١. لە بەرامبەر فیدراسیۆن و هەروەها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش لە بەرامبەر (یەکێتی ئەورووپا)دا داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی (لاندەر) دەکات.

٢. تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەزموون و شارەزاییە کارگێڕیی و سیاسییەکانی

لانـدەر لەگـەڵ یاساسـازیی و کارگێڕیـی فیدراسـیۆن و هەروەهـا کاروبارەکانـی (یەکێتـی ئەوروپـا)دا تێکەڵاوکـراون و یەکیانگرتۆتـەوە.

٣. وەکـو ئۆرگانـە دەسـتورییەکانی دیکـەی فیدراسـیۆن بەرپرسـیاریەتێکی جیهانیـی بـۆ کۆمـاری فیدرالیـی ئەڵمانیـا لەئەسـتۆ دەگرێـت.

## ١٣. بۆندسرات وەك فاکتەرێکی رامیاریی

قانوونـی ئەساسـی (بۆنـدسرات) تەنهـا بەئەرکـی نوێنەرایەتیکردنـی بەرژەوەندییەکانـی (لانـدەر)ەوە نابەسـتێتەوە. بەڵکـو بۆنـدسرات وەکـو دامەزراوەیەکـی فیدراڵیـی لـە بەرپرسـیارییەتی لـە تێکـڕای سیاسـەتەکانی فیدراڵـدا بەشـدارە، ئەمـەش لەبازنـەی بەرفرەوانـی بەرپرسـیاریەتییەکانیدا رەنگـی داوەتـەوە.

بۆنـدسرات دەزگایەکـی رامیارییـە. ئەندامەکانـی سیاسـەتمەدارن و ئـەرك و فەرمانـی سیاسـیانەی هەیـە کـە دەبـێ ئەنجامیـان بـدات. ئـەم فەرمانانەشـی دەیخاتـە پێگەیەکـی سروشـتییەوە بـۆ کێبڕکـێ کـردن لەگـەڵ هەریـەك لـە بۆندشـتاغ و حکومەتـی فیدراڵـدا. بۆنـدسرات لەبـەر ئـەوەی کـە نوێنەرایەتیـی حکومەتەکانـی (لانـدەر) دەکات نـەك حزبـە سیاسـییەکان ئـەم پرسـیارەی لێـرەوە قوتدەبێتـەوە ئەوەیـە کـە (ئاخـۆ تـا چەنـد سیاسـەتی حزبایەتـی لەنێـو بۆندسراتـدا جێـی دەبێتـەوە؟) پرسـیاری ئـەوەش داخـۆ کاریگەریـی حزبـەکان لـە پرۆسـەی وەرگرتنـی بڕیـاری سیاسـیدا چەنـدە و هێڵـی نێـوان (بۆندسراتێکـی رامیاریـی) و (بـە خراپـی بەکارهێنانـی دەسـەڵاتەکانی بۆنـدسرات لـە ئەنجامـی سیاسـەتی حزبایەتییـەوە) پرسـیارێکە مایـەی مشـتوومڕ لەسـەرکردن و ناکۆکییـە. لەراسـتیدا هیـچ پێوەرێکـی یاسـایی بـۆ بڕیـاری لـەم جـۆرە بوونـی نییـە. ئەمەیـان بـۆ حزبـە سیاسـیەکان خۆیـان دەگەڕێتـەوە کـە بڕیـاری رەخنەئامێـزی خۆیـان بەکاربێنـن، بـە لەبەرچاوگرتنـی رۆڵـی بۆنـدسرات کـە بەپێـی دەسـتوور پێناسـە کـراوە، کەچـۆن بۆنـدسرات بکـەن بـە دەزگەیەکـی حکومەتیـی کەهێـز و دەسـەڵاتێکی سیاسـی سـەربەخۆیە لەسەرئاسـتی فیدراڵـدا. بۆنـدسرات بـە بەردەوامـی سـەڵماندوویەتی کـە ئەمـە

چۆن لـە رابـردوودا ئەنجامـدراوە بەبـێ گوێدانـە پێکهاتـەی سیاسـیانەی حزبایەتـی لــە هیــچ کاتێکــی دیاریکــراودا. جوداوازییــە سروشــتییەکان لــە پێوەندیــی نێــوان فیدراسـیۆن و لانـدەردا، کـە سـەرجەم لانـدەرەکان یەکدەخـات بەبـێ ناچاربـوون بـە لەبەرچاوگرتنـی وەلائەکانـی حزبایەتـی بەرتەسـك و بەرژەوەندییـە سیاسـییە ناوچەیـی و هەرێمایەتییــەکان ئەوانــەی کــە لــە گۆڕەپــان و ســنوورەکانی حزبــە سیاســییەکان بـەدەرن، گەرچـی بەرەکانـی حزبـە سیاسـییەکانی بـەم شـێوەیە نەسـڕیونەتەوە، بـەڵام لانــی کــەم ســســت و لاوازی کــردوون و توندوتیژییەکەیانــی هێــۆر کردوونەتــەوە.

## ١٤. هاوسەنگیی لەتەك حکومەتی فیدراڵدا

بۆنـدسرات هیـچ کاریگەرییەکـی لـە پێکهێنـان یـان هەڵوەشـاندنەوەی حکومەتـدا نییــە. وێــڕای ئەمــەش بۆنــدسرات هــەر ئــەو دەزگایــە کــە لــە تــەك (بۆندشــتاغ)دا چاودێریــی چالاکییەکانــی حکومەتــی فیــدراڵ دەکات. ئــەم چاودێرییــە چالاکییــەکان بـە زۆری شـێوازی تێکەڵبـوون لـە پرۆسـەی یاساسـازیدا وەردەگرێـت و لـەم رێگەیـەوە دەبێــت، چونکــە ســەرجەم پــرۆژە یاســاییەکانی حکومــەت پێویســتە ســەرەتا بدرێنــە بۆنـدسرات بـۆ دەربڕینـی رای خـۆی لەبارەیانـەوە، بۆنـدسرات بـۆی هەیـە تەنانـەت پێـــش وردبوونـــەوە و لێکۆڵینـــەوە و تاوتوێکردنیشـــیان لەلایـــەن (بۆندشـــتاغەوە) چاودێرییەکــی گشــتیی و هەمــە لایەنــە ئەنجــام بــدات. بــەم شــێوەیە پێکهاتــەی بۆنـدسرات، یاخـود بڵێیـن ئـەو راسـتییەی کـە بۆنـدسرات لـە ئەندامانـی حکومەتەکانـی لانـدەر پێکدێـت و ئەگـەری دامەزراندنـی فەرمانبـەر و کارمەندانـی مەدەنیـی شـارەزا و ئەزموونــداری لانــدەر بــە ســیفەتی (شــاندی راوێــژکاران) بــۆ ئــەوەی راســتەوخۆ بەشـداریی لـە کۆبوونەوەکانـی کۆمیتەکانـدا بکـەن، سـەلماندوویەتی کـە (بۆنـدسرات) ئێجــگار کاریگــەر بــووە، ئەمــەش ئــەو واتایــە دەبەخشــێت کــە لــە ســەر ئاســتی (تەکنیکـی)دا کارامەیـی و لێهاتوویـی وەزیـرە فیدراڵییـەکان بـە ئەزمـوون و زانیاریـی دەســتەیەکی هاوتاکردنــی هــەرە بــەرز و بــژاردە و کامــڵ دەبێــت.

هەمــان شــتیش ســەبارەت بــە کاروبارەکانــی یەکێتــی ئەورووپــاوە، کــە بەهــۆی

پەرەســەندنی پرۆســەی یەکبوونەوەکــەوە، ئتیــر چیــتر خەســڵەتی سیاســەتە کلاسـیکییەکەی دەرەوەیـان نەمـاوە. بەڵکـو بوونەتـە بەشـێك لـە سیاسـەتی نـاوەوەی ئەوروپــاوە.

دەستوور، بۆندشتاغ، بۆندسرات حکومەتی فیدراڵ

فەرمانــی چاودێریــی و راســتکرنەوە- هەڵوێســتی ناکــۆ و دژیەکەیەکــی ئۆرگانــە دەســتوورییەکان

## رۆڵی حزبە سیاسییەکان

بۆنــدسرات لــە هەمانکاتــدا رۆڵێکــی فــرەوان لــە هاوکێشــەپێکردن لــە نــاو دامودەزگەکانــی فەرمانڕەوایەتیــدا دەبینێــت بەلەبەرچاوگرتنــی کار و ئەرکــە راســتەقینەکانی راپەڕاندنــی حکومەتــی فیدراڵــدا، بــە کاراکــردن و گوڕوتینــدان بــە فەرمـان و نەرێتـەکان و بـە مـاددە گشـتییەکانی بەڕێوەبـردن بـەو پێیـەی کـە ژمـارەی هــەرە زۆری ئــەم مــاددە و بڕگــە یاسـاییانە تەنهـا بـە رەزامەندیـی و پەسـەند کردنـی بۆنـدسرات دەکـرێ بخرێنـە واری کارپێکردنیانـەوە. لـەم بـوارەدا بۆندشـتاغ تەنهـا لـە حاڵەتــە نائاســاییەکاندا دەوری دەبێــت و ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنــێ کــە حکومــەت تەنهــا لەلایــەن دەزگــەی نوێنەرایەتیکردنــی (لانــدەر)ەوە چاودێــری دەکرێــت.

ســەرەنجام دەکــرێ بڵێیــن لــە رووی سیاســییەوە (بۆنــدسرات) رەکابــەر و بەرهەڵســتکارێکی کاراتـرە لـە بۆندشـتاغ لـە بەرامبـەر حکومەتـی فیدراڵـدا، چونکـە بەپێــی سیســتمی پەرلەمانیــی حکومەتــەوە، ئــەوە زۆرینەیــە لــە بۆندشــتاغدا کــە کابینــەی حکومــەت دادەمەزرێنــێ و پشتیوانیشــی لێــدەکات.

کەچــی لــە بۆندسراتــدا، بــە پێچەوانــەوە، حزبــی سیاســی تــر و هاوپەیمانییەتــی دەشــێت زۆرینەیــان هەبــێ و هەروەکــو فاکتەرگەلــی تریــش دەتوانــن کار لــە پرۆســەی بڕیــاردان بکــەن، بــۆ نموونــە سیاســەتە ســەربەخۆکانی کاربەدەســتانی (لانــدەر) ئەوانــەی بەهــۆی کەســایەتییەکانیان و ئــەو متمانەیــەی لەلایــەن دەنگدەرانـەوە پێیانـدراوە، دەیانەوێـت سـەربەخۆیی خۆیـان و شـارەزایی و کارامەیـی

کـــە بەتاقیکردنـــەوە و لـــە ئەزموونـــی کردارەکـــی کارگێڕیـــی و سیاســـیی خۆیانـــدا بەدەســـتیان هێنـــاوە، لـــە تـــەك پاراســـتن و داكۆكیـــی كـــردن لـــە بەرژەوەندییەكانـــی (لانـــدەر) بۆخۆیـــان بپارێـــزن (بهێڵنـــەوە).

## ١٥. دوو ئەنجومەنی یاسازیی

قانوونـــی ئەساســـی بەرپرســـیارییەتی یاســـازیی خســـتۆتە ئەســـتۆی دوو ئەنجومەنـــی یاســـازییەوە. لەگـــەڵ ئەمەشـــەوە بۆندشـــتاغ و بۆنـــدسرات لەكاركردنـــدا بـــە تەواویـــی وەك یـــەك و یەكســـان نیـــن. (تێوەگلانـــی) بۆنـــدسرات بـــە گوێـــرەی نیـــوەڕۆك دەگۆڕێـــت و جـــوداوازە، لـــە حاڵەتـــی پـــڕۆژە یاســـاییە قەبوڵكراوەكانـــدا ئەركـــی گونجانـــدن و راســـتكردنەوەی بۆنـــدسرات زۆر روون و ئاشـــكرایە، وەلـــێ لەپـــرۆژە یاســـاییە رەتكراوەكانیشـــدا بەشـــێوەیەكی كەمـــتر بەدەردەكەوێـــت. بۆنـــدسرات بـــۆی هەیـــە مشـــتوومڕ و گفتوگـــۆی زیاتـــر یـــان هـــی نـــوێ و بڕیارگەلـــێ زێـــدە بخاتـــە نێـــو پرۆســـەی یاســـازییەكەوە. دەشـــتوانێت ئەگـــەر پێویســـت بـــكات لـــە دژی پەســـەندكردنی یاســـاكانی بـــاری كەســـییەتیدا (ڤیتـــۆ) بـــەكار بێنـــێ. هەرچۆنـــی بـــێ پێداگرتـــن و جەختكردنـــەوە هێنـــدە بـــۆ ئەگـــەری بەكارهێنانـــی (ڤیتـــۆ) یاخـــود بەمەبەســـتی دژایەتیكـــردن نییـــە ئەوەنـــدەی بـــۆ دەســـتەبەركردنی دەرفەتێكـــە بـــۆ فەراهەمكردنـــی یەكدەنگیـــی تـــەواو بـــۆ رەخســـاندنی رێككەوتـــن لەســـەر چارەســـەرێكی مامناوەندیـــی.

گومانـــی تێـــدا نییـــە كـــە (بۆنـــدسرات) هەمیشـــەو بـــەردەوام لەگـــەڵ (بۆندشـــتاغ)دا رێكناكەوێـــت، بـــەڵام ناشـــكرێ بـــەوە تۆمەتبـــار بكرێـــت كـــە ناتەبایـــی و رێكنەكەوتـــن بەرپـــا دەكات. زۆران جـــار دیـــد و راو بۆچوونـــی لێكجیـــاواز و مشـــتوومڕی تونـــد و تیـــژ لـــە ئـــارادا هەنـــە، وەلـــێ مەبەســـتی ســـەرەكیی و بنەڕەتـــی ئەوەیـــە كـــە چارەســـەریی كاریگـــەر و گونجـــاو بـــۆ ئـــەو كێشـــەو ناكۆكییانـــە بدۆزرێنـــەوە كـــە پێویســـتیان بـــە چارەســـەركردنە. هـــەر ئەمـــەش خواســـت و مەبەســـتی ســـەرجەم هـــەوڵ و تەقـــەلا و كارەكانـــەوە، ئـــەوە بەشـــێكی بەرچـــاوی سیاســـەتە لـــە سیســـتمی دیموكراتیـــدا، هەربۆیـــەش ئـــەرك و فەرمانـــی راســـتكردنەوەكە نـــەك هـــەر پێكهاتەیەكـــی نێگەتیـــڤ

نییـە، بگـرە ئێجـگار بەسوودیشـە. ژمـارەی ناکۆکییـە چارەسـەرنەکراوەکان و سـازیش و رێککەوتنەکانـی نێـوان بۆنـدسرات و بۆندشـتاغ کـە هـەردوو لایـان بـە ناتەواویـان زانیـون لەمـاوەی پـتر لـە ٥٠ سـاڵدا زۆر کەمبوونـە.

## ١٦. پێوەندیی نێوان فیدراسیۆن و ویلایەتە فیدراڵییەکان

بۆنـدسرات ئـەو ئۆرگانـە دەسـتوورییە فیدراڵییەیـە لـە فیدراسـیۆنەکەدا کـە لـە رێگـەی ئەمـەوە (لانـدەر) وەك ویلایەتگەلـی ئەنـدام دەتوانـێ راسـتەوخۆ لـە دارشـتن و رەنگرێژکردنـی بابەتـە سیاسـییەکانی سەرتاسـەریی دەوڵەتـی نەتەوەییـدا بەشـداری بـکات. لەلایەکـی تـرەوە هـەر لـە رێگـەی بۆندسراتـەوە فیدراسـیۆنەکە دەتوانـێ سـوود لـە ئەزمـوون و شـارەزاییەکی لانـدەر لـە رووی کارگێڕیـی و رامیارییـەوە وەربگرێـت و بـە رەزامەندیـی بۆندسراتیـش پانتایـی و سـنووری چالاکییەکانـی خـۆی بـۆ نێـو دەڤەرەکانیـان درێـژ بکاتـەوە.

بـە واتایەکـی تـر، بۆنـدسرات لەیـەك کاتـدا هـەم خـۆی ئەنجوومەنـی فیدراڵـی ویلایەتەکانـی لانـدەرە و هـەم ئەنجوومەنـی ویلایەتەکانیشـە بـۆ فیدراسـیۆنەکە. بـەم پێوەندییـە نزیـك و توندوتۆڵـەی نێـوان لێهاتوویـی و چالاکییەکانـی فیدراسـیۆن و لانـدەردا، ئـەم فەرمـان و ئەرکـی نێـوان و ناوبژییکردنـە نـرخ و بەهـا و گرنگییەکـی هـەرە بـەرزی هەیـە.

(بۆنـدسرات) لەسـەری پێویسـتە پارێزگاریـی و داکۆکـی لـە بەرژەوەندییەکانـی (لانـدەر) بـکات، کەچـی لـە هەمـان کاتیشـدا لەسـەریەتی رێـز لـە پێداویسـتییەکانی دەوڵەتـی نەتەوەیـش وەکـو گشـت بگرێـت. ویلایەتـە فیدراڵییـە تاکەکانیـش لـە رێگـەی (بۆندسراتـەوە) وەك ئۆرگانێکـی فیدراڵیـی کـە لەلایـەن حکومەتەکانـی (لانـدەر)وە پێکهێـنراوە زۆر لـە نزیکـەوە لـە نێـو لیژنـە دەسـەڵاتپێدراوەکاندا لەسەرتاسـەری دەوڵەتـی یەکێتـی ئەڵمانیـای فیدراڵیـدا یەکیانگرتـووە. بـەم شـێوەیەش یەکێتـی لـە تـەك جیـاوازی و هەمـە چەشـنیدا بەیەکـەوە گرێـدراون و یەکـتری تـەواو دەکـەن.

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرۆژە یاسای ڕەتکراوە لەلایەن بۆندسراتەوە و فەشەلیان هێناوە | ٨ | ٦ | - | ٢ | ٢ | ١ | ٨ | ٩ | ٢ | - | ١ | ٩ | ١٠ |
| لاریی بوون | ١ | ١ | ٢ | - | - | ١ | ٥ | ٧ | ٧ | - | ١ | ٥ | ١٣ |
| ڕەتکراوە لەلایەن بۆندشتاغەوە | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ٤ | ٥ | ٦ | - | ١ | ٤ | ١٢ |
| فرمان و یاسای شارەوانی لەلایەن بۆندشتاغەوە تاوتوێکراون | ٤٢٦ | ٥٧٩ | ٤٧١ | ٥٥٠ | ٥٢٥ | ٤٧١ | ٦٨٠ | ٥٥٤ | ٢٩٨ | ٤٤٨ | ٥٤٥ | ٦٢٩ | ٦١٩ |
| پێشنیازەکانی یەکێتی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان | | | ٢٤ | ٤٧٨ | ٨٢٦ | ١٠١٧ | ٦٦٠ | ٤٠٥ | ٦٢٤ | ٦٣٤ | ٧٦٩ | ٧٨٣ | ٧٤٦ |
| کۆبوونەوە گشتییەکان | ١١٦ | ٦٩ | ٥٤ | ٥٠ | ٥٦ | ٤٣ | ٥٥ | ٥١ | ٢٨ | ٥٢ | ٥٣ | ٥١ | ٥٤ |
| دانیشتنەکانی لیژنەکان | ٧٦١ | ٦٠٤ | ٤٧٥ | ٤٤٢ | ٥٤٥ | ٢٨٤ | ٥٢٣ | ٥٠٣ | ٢٨٩ | ٥٤١ | ٥٩٣ | ٧٩٤ | ٧٣٢ |
| دانیشتنی لیژنە فەرعییەکان | ٢٣١ | ٢٨٣ | ٢٤٢ | ٢٦٢ | ٢٥٨ | ٢٦٦ | ٢٩٧ | ٢٩٣ | ١٤٧ | ٢٨٧ | ٢٩٥ | ٢٤٤ | ١٩٩ |
| کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یەکێتی ئەوروپا | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | ٢ | ٤ | ١ |

| خولی یاساسازی بۆندسرات | ١٩٤٩ | ١٩٥٢ | ١٩٥٧ | ١٩٦١ | ١٩٦٥ | ١٩٦٩ | ١٩٧٢ | ١٩٧٦ | ١٩٨٠ | ١٩٨٢ | ١٩٨٧ | ١٩٩٠ | ١٩٩٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٢ | ١٩٥٧ | ١٩٦١ | ١٩٦٥ | ١٩٦٩ | ١٩٧٢ | ١٩٧٦ | ١٩٨٠ | ١٩٨٢ | ١٩٨٧ | ١٩٩٠ | ١٩٩٤ | ١٩٩٨ |
| پرۆژەی یاسای لەلایەن حکومەتی فیدرالییەوە هاتووە | ٤٨١ | ٤٣٤ | ٢٩١ | ٢٧٠ | ٤١٤ | ٢٥٠ | ٤٧٠ | ٣٢٣ | ١٥٥ | ٢٨٣ | ٣٣٤ | ٤١٣ | ٤٤٣ |
| پرۆژەی یاسای لە بۆندسراتەوە هاتوو | ٢٩ | ١٦ | ٥ | ٨ | ١٤ | ٢٧ | ٧٥ | ٥٢ | ٢٨ | ٦١ | ٥١ | ١٠٨ | ١٤٧ |
| پرۆژەی یاسای هاتوو لە بۆندشتاغەوە | ٢٠١ | ٤١٤ | ٢٠٧ | ٢٤٥ | ٢٢٥ | ١٧١ | ١٣٦ | ١١١ | ٥٨ | ١٨٢ | ٢٢٧ | ٢٩٧ | ٢٢٩ |
| پرۆژەی یاسای لە بۆندشتاغەوە دەرچوو | ٥٥٩ | ٥١٨ | ٤٢٨ | ٤٢٩ | ٤٦١ | ٢٢٤ | ٥١٦ | ٢٥٤ | ١٢٩ | ٣٢٠ | ٢٦٩ | ٥٠٧ | ٥٦٥ |
| گەڕانەوە بۆ لیژنەی ناوبژیی | ٧٥ | ٦٥ | ٤٩ | ٢٩ | ٢٩ | ٣٣ | ١٠٤ | ٧٧ | ٢٠ | ٦ | ١٢ | ٨٥ | ٩٢ |
| لەلایەن بۆندسراتەوە | ٧٠ | ٥٩ | ٤٦ | ٣٤ | ٢٤ | ٢١ | ٩٦ | ٦٩ | ١٧ | ٦ | ١٢ | ٧١ | ٧٤ |
| یاسا دەرچوێنراوەکان | ٥٤٥ | ٥١٠ | ٤٢٤ | ٤٢٥ | ٤٥٢ | ٢٣٢ | ٥٠٦ | ٢٣٩ | ١٢٦ | ٢٢٠ | ٢٦٦ | ٤٩٢ | ٥٥١ |
| یاسای دەرچوێنراو کە پێویستی بە پەسندکردنی بۆندسراتە | ٪٤٢ | ٪٥٠ | ٪٥٦ | ٪٥٣ | ٪٤٩ | ٪٥٢ | ٪٥٣ | ٪٥٤ | ٪٥٢ | ٪٦٠ | ٪٥٥ | ٪٥٧ | ٪٦٠ |

## دادگەی دەستووریی فیدراڵی

(لەلایەن نووسینگەی چاپەمەنیی و میدیای سەر بەدادگەی دەستووری فیدراڵییەوە پەخش و بڵاوکراوەتەوە).

تەلارەکە

دادگەی دەستووریی فیدراڵ لەوەتا لە ساڵی ١٩٥١ەوە دامەزراوە بارەگاکەی هەر لە (Karlsruhe) بووە. سەرەتا لە (پرینز- ماکس- پاڵی Prinz- max- palais) لە کاریسترابا (karistrabe) دەوامیکردووە. ساڵی ١٩٦٩ دادگەکە بۆ شوێنی رەسمیی ئێستەیدا گوێزراوەتەوە کە راستەوخۆ دەکەوێتە نزیك قەڵای (Karlsruhe) وە لە نێوان سکلۆز پلانز (schlossplatz) و باخچەی بۆتانیکال (Botanical) دا. تەلارەکە لەسەر پلان و نەخشەسازیی ئەندازیاری بەناوبانگی تەلارسازیی بەرلین پۆل بۆمگارتن (Paul baumgarten) لە نێوان ساڵەکانی (١٩٦٥-١٩٦٩) دا دروستکراوە.

ئەم لە بنەڕەتدا بە وردی نەخشەی بۆ (کۆشکی دادوەریی) دانەڕشتبوو. شێوە کراوەکەی تەلارەکە بۆ ئەوە بوو کە خەسڵەت و نیشانەکانی دیموکراسییەت بە روونی بەرجەستە بکات. بەشە هەرە درێژەکەی بۆ ئاپۆڕەی جەماوەر تەرخانکراوە، ئەمەش ئەو بەشەیەتی کە ژووری دادگەی تیادا هەڵکەوتووە.

ئەنجوومەنی یاسادانەران

بۆ خوێنەر:

هیوادارین ئەم پەرتووکە بتوانێت وێنەیەکی ئەرکەکان و میتۆدی (شێوازگەلی کارکردن) و هەروەها رێکخستنی دادگەی دەستووریی فیدراڵییەت پێبدات. بۆ زانیاری زیاتریش دەکرێ سەردانی ماڵپەڕی (de.bverfg.www) و هەروەها (de.bundesverfassungsgericht.www) بکەیت.

## ئەرکەکان

ئەرکـی سـەرەکیی دادگـەی دەسـتووریی فیـدراڵ ئەوەیـە لـەوە دڵنیـا بێـت کـە سـەرجەم دەزگا و دامەزراوەکانـی دەوڵـەت ملکەچـی دەسـتوورەکەی کۆمـاری ئەڵمانیـای فیدراڵـن (قانونـی بنەڕەتـی).

هـەر لـە رۆژی دامەزراندنیشـیەوە سـاڵی ١٩٥١ دادگـە یارمەتـی دابینکردنـی رێزگرتـن و کاریگەریـی تـەواوی بـۆ سیسـتمە بنەڕەتییـە دیموکراتییـە ئازادەکـە پێشـکێش کـردووە، ئەمەیـش بـە شـێوەیەکی تایبەتـی پیادەکردنـی مافـە بنەڕەتییـەکان دەگرێتـەوە. لەسـەر هەمـوو دەزگـە و ئەنجومەنـە حکومەتییـەکان پێویسـتە پابەنـدی قانوونـی بنەڕەتیـی بـن و بـە تەواوەتـی پەیـڕەوی لێبکـەن. هەرکاتێکیـش کێشـەو ناکۆییـەك رووبـدات ئـەوا پەنـا وەبـەر دەسـەڵاتی دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵـی دەبرێـت و بڕیـاری دادگەیـش لـەم حاڵەتـەدا کۆتایـی دەبـێ. سـەرجەم دامودەزگـە حکومەتییـەکان پابەنـدن بـە قانوونـی بنەڕەتییـەوە.

کارەکانـی دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵـی هەروەهـا کاریگەریـی سیاسیانەیشـی هەیـە ئەمـەش بەتایبەتـی ئـەو دەمـە زیاتـر روون دەبێتـەوە کـە دادگەکـە بڕیـار لەسـەر نادەسـتوورییەتی قانوونێـك دەدات. بـەڵام دادگەکـە خـۆی دەزگەیەکـی رامیاریـی نییـە. قانوونـە بنەڕەتییەکـە تاکـە سـەرچاوەی باوەڕپێکراویەتـی بـۆ پێداچوونـەوە و هەڵسـەنگاندنی قانوونـەکان. پـرس و کێشـەی سیاسـی ئەوەنـدەی پێوەندییـان بـە دادگـەوە هەبێـت هەرگیـز رێگەیـان پێنـادرێ هیـچ دەورێکیـان هەبێـت. دادگـە تەنهـا چوارچێـوە دەسـتوورییەکەی بڕیـارە سیاسـییەکان دیـاری دەکات. سـنووردانان بـۆ دەسـەڵاتەکانی دەوڵـەت بەماددەکانـی یاسـاوە پەیوەسـتە و کاری ئەوانـە.

## رێکخستن

دادگـەی دەسـتوریی فیـدراڵ لـە ١٦ دادوەر پێکدێـت ئەمانـە لەلایـەن هـەردووك ئەنجوومەنەکانـی یاسـادانانی فیدرالییـەوە (بۆندشـتاغ و بۆنـدسرات) هەڵبژێـردراون.

نیـــوەی دادوەرەکان لەلایـــەن بۆندشـــتاغەوە هەڵبژێـــردراون و نیوەکـــەی تریـــان لەلایـــەن بۆندسراتـــەوە.

لـــە هەریـــەك لـــە ئەنجوومەنەکانـــدا بـــە زۆرینـــەی (٣/٢) دوو لەســـەر ســـێی ئەندامـــان هەڵدەبژێردرێـــن و هەڵبژاردنەکـــە بـــۆ مـــاوەی ١٢ ســـاڵە و دووبـــارە هەڵبژاردنەوەیـــان بـــۆ نییـــە. دادگـــە لـــە ڕێگـــەی ئەنجومەنێـــك یـــان دەزگایەکـــەوە بڕیـــار دەردەکات.

دادگا لـــە دوو ئەنجومەنـــی ســـوێندخۆران پێکدێـــت هـــەر یەکەیـــان ٨ ئەندامـــی هەیـــە. ئەنجوومەنـــی یەکەمیـــان لەلایـــەن ســـەرۆکەوە سەرپەرشـــتی دەکرێـــت و ئـــەوەی دووهەمیـــان لەلایـــەن جێگـــری ســـەرۆکەوە. بینینـــی شـــکایەت و ســـکاڵا دەســـتوورییەکان و پێداچوونـــەوە و تێڕوانینـــی قانوونـــەکان هاوبەشـــە لـــە نێـــوان هـــەردوو ئەنجومەنەکانـــدا. کەچـــی لەگشـــت ڕێوشـــوێنەکانی دیکـــەدا هـــەر بـــە تەنهـــا ئەنجوومەنـــی دووهەمـــە کـــە بڕیـــار دەدات.

لەهـــەر ئەنجوومەنێکـــدا ســـێ گرووپـــی ســـێ ئەندامیـــی هەنـــە. کاری ئـــەو گرووپانـــە ئەوەیـــە کـــە لەســـەرەتادا بڕیـــار دەدەن ئایـــا داوایەکـــی دەســـتووریی وەربگیرێـــت بـــۆ لێکۆڵینـــەوە و بڕیـــار لەســـەردانی یـــان نـــا.

لەلایەکـــی دیکـــەوە، دەشـــێت گرووپەکـــە ســـکاڵایەکی دەســـتووریی وەربگرێـــت بێـــت و داواکـــە بـــە روونـــی و بـــە چاکـــی ئامـــادە و ڕێکخرابێـــت و پێشـــەکی خاڵـــی یاســـایی لەلایـــەن گرووپەکـــەوە بڕیـــاری لەســـەردرابێت و دەستنیشـــانکرابێت. وەلـــێ لـــەو ڕێوشـــوێنانەی گرنگیـــی بنەڕەتیـــی و تایبەتیـــان هەیـــە ئـــەوا هەمیشـــە لەلایـــەن ئەنجوومەنەکـــە خۆیـــەوە بڕیاریـــان لەســـەر دراوە.

جەماوەریـــش بەشـــێوەیەکی ســـەرەکیی لـــە ڕێـــی ڕێوشـــوێنەکانی ئەنجوومەنەکـــەوە دادگەکـــە دەناســـن، چونکـــە تەنهـــا ئەنجوومەنـــەکان دادگایـــی و لێپرســـینەوەی زارەکیـــی ئەنجـــام دەدەن. هەرچۆنـــێ بـــووە پشـــکێکی هـــەرە زۆری کارەکان لـــە ئەنجوومەنەکانـــدا تاوتـــوێ دەکرێـــن. لـــە نێـــوان (١٩٥١ و ٢٠٠٦)دا (٦،٧٨٣) بڕیارگەلـــی

ئەنجوومەنەکـە و هەروەهـا (١٣٣,٨٣) فەرمانیـش لـە گرووپەکانـەوە دەرچوێـنراون.

سـەرەڕای ئەمانەیـش (١,٧٨٩) پێشـنیاز بـۆ فەرمانـی دادگەیـی کاتیـی بڕیاریـان لێدرابــوو. بــەم شــێوەیەش گرووپــەکان بەشــێکی زۆری ئــەرك و بارگرانییەکانــی سەرشــانی ئەنجوومــەن ســووك دەکــەن، چونکــە بەهــۆی ژمــارەی ئێجــگار زۆری داوا و کێشـەکانەوە چـار نییـە ئەمـە هـەر دەبـێ ئاوەهـا بێـت.

لـە ئێسـتادا سـاڵانە نزیکـەی (٦,٠٠٠) داوای دەسـتووریی دێنـە بـەردەم دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵـەوە. کۆبوونـەوەی گشـتیش لەهـەر ١٦ ئەندامەکانـی دادگەکـە پێکدێـت. ئـەم بڕیـاری ئـەوە دەدات گـەر یەکێـك لـە دوو ئەنجومەنـەکان بیەوێـت و بــۆی هەبــێ لــە راوبۆچوونــی یاســایی ئەویتریــان جــودا بێتــەوە. ســەرباری ئەمەیـش کاروفەرمانـی رێکخستنیشـی بـە ئەسـتۆوەیە. هەروەکـو لـە چوارچێـوەی قانوونیشـدا چالاکییـەکان و دەرامـەت و گوزەرانـی ئەنجوومەنـەکان رێکدەخـات.

ئەنجوومەنــەکان لــە هــەر ســاڵێکی کارکردنیانــدا چالاکییەکانیــان بــۆ دیــاری دەکرێــت و پێیــان دەســپێردرێت.

دادگــەی دەســتووری فیدراڵــی دەزگایەکــی دەســتورییە و ژێربــاری هیــچ سەرپەرشــتیی و لێپێچینــەوەی هیــچ وەزارەتێــك نییــە. ســەرۆك بــە فەرمانــی بەڕێوەبردنـی دادگاکـە هەڵدەسـتێت و بڕیـارە سـەرەکییەکانی رێکخسـتن لەلایـەن کۆبوونــەوە گشــتییەکەوە وەردەگیرێــن، هەروەکــو بڕیــار لەســەر خەملاندنــە ســەرەتاییەکانی بودجــەش دەدات. لــە بودجــەی فیدراڵیــدا بــۆ ســاڵی (٢٠٠٦) کــە گۆژمەکــەی نزیکــەی (٢٦١,٦) بلیــۆن یۆرۆیــە، بودجــەی تایبەتــی دادگــەی دەســتووریی فیدراڵــی کــە بــۆ خەرجیــی تەرخانکــراوە دەگاتــە نزیکــەی (٢٠,٦) ملیــۆن یــۆرۆ.

## ئەنجوومەن

## رێوشوێنەکان

دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵـی تەنهـا لەسـەر بنەمـای داواکارییـەوە کار دەکات. کەتەلۆگێـك بەشـێوەگەلی رێوشـوێنەکان رێکدەخرێـت هـەر کاتـێ هانـا بـردن بـۆ بـەر دەسـەڵاتەکانی دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵـی لـە ئارادابێـت. وردەکارییەکانیـش لـە قانوونـی بنەڕەتـی و لـە یاسـای دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵیـدا رێکخـراون. هـەرە گرنگترینـی ئـەو رێوشـوێنانەش ئەمانـەی لای خـوارەوەن:

سکاڵا و داوای دەستووریی:

هەرکەسـێك هەسـت بـەوە بـکات کـە مافـە سـەرەکییەکانی لەلایـەن دەسـەڵاتە گشـتییەکانەوە پێشـێل کـراوە بـۆی هەیـە سـکاڵایەکی دەسـتووریی لـە دژیـان بـەرز بکاتـەوە. سـکاڵاکە دەشـێ لـە دژی پێوەرێکـی دەزگەیەکـی بەڕێوەبـردن (ئیداریـی) یـان دژی بڕیارێکـی دادگـە، یاخـود لـەدژی قانوونێکـەوە بێـت. داوا و سـکاڵای دەسـتوریی پێویسـتی بـە وەرگرتـن بـۆ بڕیـار لەسـەردان هەیـە و ئەگـەر بایـەخ و گرنگییەکـی دەسـتووریی بنەڕەتیـی هەبـێ، یـان ئەگـەر زیانەکانـی داواکارەکـە لـە ئەنجامـی پێشـێلکاریی مافـە سـەرەکییە دەسـتوورییەکانییەوە توندوتیـژی لێکەوتبێتـەوە، یانەخـۆ کابـرای خـاوەن سـکاڵا بەتایبەتـی زەرەرو زیانـی زۆر سـەختی بەهـۆی فەشـەلهێنانییەوە لـە وەرگرتنـی بڕیارێـك و توێژینـەوە لـە کێشـەکەیدا لـێ بکەوێـت، ئـەوا ئـەو کاتـە دەبـێ سـکاڵاکە وەربیگرێـت بـۆ بڕیـار لەسـەردانی. هـەر دادگـەی دەسـتووریی فیدراڵیـش دەبـێ خـۆی بڕیـاری ئـەوە بـدات (ئایـا پێداویسـتییەکان بـۆ وەرگرتنـی سـکاڵاکە جێبەجێکـراون و کەموکوڕییـان نییـە لـە پێـش بڕیـاردان لەسـەر سـکاڵا دەسـتوورییەکەدا).

وەك نەریتێکـی گشـتی و باویـش، سـکاڵایەکی دەسـتووریی تەنهـا ئـەو کاتـە بـۆی هەیـە قەبـوول بکرێـت کـە خـاوەن سـکاڵاکە بەسـەرنەکەوتوویی پەنـای بردبێتـە بـەر دادگـە شـیاوەکانی دیکـەدا و فەشـەلی هێنابێـت پێویسـتە

جۆرەهــا شــێوازی تۆمارکردنـــی بەڵگەنامــەکان لـــە دادگـــەدا پێــڕەوی بکرێـــن. ســـکاڵا دەســـتوورییەکە پێویســـتە بـــە نووســـین و هۆکارگەلـــی پتـــەو رادەســـتی دادگــە بکرێــت. هیــچ پێویســتیش بــەوە نــاکات لەلایــەن پارێزەرێکــەوە پێشــکێش بکرێــت. رێوشــوێن و کارەکانیــش هەمــووی بــە خۆڕایــی و (بــێ بەرامبــەر) ئەنجــام دەدرێــن. تەنهــا لــە حاڵەتــی پێشــێلکردنی یاســا و ســەرپێچیکردندا ئــەوا لەوانەیــە ســزای ٢٦٠٠ یــۆرۆ بســەپێنرێت. دادگــەی دەســتووری فیدراڵــی هــەر تەنهــا لــە پەیڕەوکردنــی یاســا دەپێچێتــەوە ســەبارەت بەمافــە بنەڕەتییــەکان. دادگایــی کردنــە بابەتــەکان قانوونییەکانــی دیکــە و ، هەڵێنجــان و دۆزینــەوەی راســتییەکان ئەرکــی دادگەکانــی دیکەنــە بــە تەنهــا. هەتــا ئــەو جێگەیــەی هیــچ مافێکــی بنەڕەتیــی پێشــێل نەکرابــێ و زیانـــی پێنگەیشــتبێ ئـــەوا دادگـــەی دەســـتووریی فیدراڵـــی پابەنــد و ملکەچــی بڕیارەکانــی ئــەو دادگەیانەیــە.

لــە نێــوان ســاڵەکانی ١٩٥١، ٢٠٠٦دا ١٦٣,٣٤٨ داوا و ســکاڵا کــە خرابوونــە نێــو تۆمــاری رێوشــوێنەکانەوە درابوونــە دادگــەی دەســتووریی بەمەبەســتی تاوتوێکــردن و کار لەســەر کردنیانــەوە. لەوانــەش ١٥٧,٣٤٢ یــان ســکاڵا و داواکاریــی دەســتووریی بــوون زۆرینەیەکــی زۆریشــیان بــۆ بڕیــار لەســەردان وەرنەگیرابــوون وتەنهــا ٣,٨٣٥ لــەو ســکاڵا دەســتورویيانە ســەرکەوتوو بــوون کــە رێــژەی لەســەدا دوو و نیــو ٢,٥٪ی ســکاڵاکانی پێکدەهێنــا. وێــڕای ئــەم ژمــارە کەمەیــش ســکاڵای دەســتووریی چارەســەرێکی قانوونیانــەی لــە رادەبــەدەر و بــێ ئەنــدازە گرنگــە. بڕیارێکــی دروســت و گونجــاو بــۆی هەیــە ئەنجامــی ناڕاســتەوخۆی وای لێبێکەوتــەوە کــە کاریگەریــی بــۆ زۆر لــە کێشــە کەســییەکەوە دوورتریــش بگەڕێتــەوە.

کارکردن لە دەستووریبوونی قانوونەکان:

تەنهــا دادگــەی دەســتورویی فیدراڵیــی بــۆی هەیــە بڕیــاری ئــەوە بــدات کــە قانوونێــك لەگــەڵ یاســای بنەڕەتییــدا یەکناگرێتــەوە و ناکۆکــە. بێــت و دادگەیەکــی تــر بڕیــاری نادەســتووریی بوونــی یاســایەك بــدات و بــەم پاســاوە نەیەوێــت کاری

پێبـــکات، ئـــەوا لەســـەری پێویســـتە پێشـــەکی ڕاو بڕیـــاری دادگـــەی دەســـتووریی فیدراڵـــی لـــەم ڕووەوە وەربگرێـــت (ئەمـــە پێداچوونـــەوە و هەڵســـەنگاندنی کۆنکرێتـــی قانوونەکانـــە).

ســـەرەڕای ئەمەیـــش، حکومەتـــی فیـــدراڵ، حکومەتـــی ویلایەتێـــك، یاخـــود سێیەکێکی ئەندامانـــی بۆندشـــتاغ ئـــەو مافەیـــان هەیـــە دەســـتووریبوونی قانوونێـــك هەڵســـەنگێنن و بڕیـــاری لێبـــدەن (پێداچوونـــەوە و هەڵســـەنگاندنی مانایـــی (مەعنـــەوی) یاســـاکان.

## ناکۆکیی و کێشە دەستوورییەکان

دەســـەڵاتی دادگـــەی دەســـتووریی فیدراڵـــی هەروەهـــا بـــۆی هەیـــە لـــەو ناکۆکیـــی و جوداوازییانـــەی بیـــروڕادا تێـــوە بگلێـــت کـــە ســـەبارەت بـــە مـــاف و ئەرکـــە دەستوورییە دوو لایەنییەکانیانـــەوە لـــە نێـــوان دامودەزگـــە دەســـتورییەکاندا یـــان لـــە نێـــوان فیدراســـیۆن (نێوەنـــد) و لانـــدەر (ویلایەتـــە فیدراڵییـــەکان)دا ســـەرهەڵدەدەن و دێنـــە ئـــاراوە.

ڕێوشـــوێنەکانی ئۆرگانشـــترایت (Organstreit) ، کێشـــە و ناکۆکییەکانـــی دەوڵـــەت و (حکومەتـــە فیدراڵییـــەکان) . لـــە ڕێوشـــوێنە ئۆرگانشـــترایتەکاندا بابـــەت و مەســـەلە کێشـــەدارەکان لەوانەیـــە پێوەندییـــان بـــە پرســـەکانی قانوونـــی حزبـــی سیاســـییەوە و قانوونـــی هەڵبژاردنـــەکان، یـــان پەرلەمانتارییـــەوە هەبێـــت. کەچـــی کێشـــەگەل و ناکۆکییەکانـــی نێـــوان دەوڵەتـــی ناوەنـــد و حکومەتەکانـــی ویلایەتـــە فیدراڵییـــەکان لـــە زۆربـــەی کاتەکانـــدا ئەوانـــەن کـــە پێوەندییـــان بـــە مەســـەلەی دەرامـــەت و گوزەرانـــەوە هەیـــە.

ســـەرەڕای ئەمانـــەش، دادگەکـــە شـــیاو و لێهاتووشـــە بـــۆ ڕێوشـــوێنەکانی پەیوەســـت بـــە پشـــکنین و چاودێریکردنـــی هەڵبژاردنەکانـــەوە و یاخـــود قەدەغەدانـــان بەســـەر حزبـــە سیاســـیەکان و هەروەهـــا بـــۆ ئـــەو ســـکاڵا دەســـتوورییانەی لەلایـــەن شـــارەوانییەکانەوە بـــۆ دادگـــە بـــەرز دەکرێنـــەوە.

# خودموختاریی هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە (چین)

**فەرمانگەی زانیارییەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری گەلیی چین**

■■■

**مەجید ئاسنگەر**
**لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی**
**ئامادەکردنی: پارێزەر طارق جامباز**
**ئەندامی لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان**

**کوردستان ٢٠٠٦**

# کتێبێکی دانسقە و
# هەڵوێستێکی وڵاتپارێزانە

لیژنـەی پشـتیوانی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان بـۆ لیسـتی هاوپەیمانـی کوردسـتان لــە پەرلەمانــی عێــراق لــە ســاڵی (٢٠٠٥)دا تاوەکــو دەســتووریی هەمیشــەیی عێــراق تــەواو بــوو، (٣٨) ڕۆژ لــە بەغــدا ماینــەوە و لــەو ماوەیــەدا توانــرا بــە پێشـنیازی (بەنـدە) دەسـتووری عێـراق لەلایـەن چوارپەرلەمانتـاری کوردسـتانەوە لــە عەرەبییــەوە وەربگێڕدرێتــە ســەر زمانــی کــوردی و دواتــر هاوشــان لەگــەڵ زمانــی عەرەبــی لەلایــەن (NU) دانــی پیانــرا و بــە زمانــی کــوردی یــەك ملیــۆن دانــەی لــێ چــاپ کــراو دواتــر بڵاوکرایــەوە.

ئێمــەی ئەندامانــی شــاندی کوردســتان لــەو ئوتێلــەی (شــوێنی حەوانەوەمــان بــوو) لــە هەمانکاتــدا کۆنســولی چینــی میللــی و هەنــدێ لــە کارمەندانــی کوســنولیەتەکەش، هــەر لــەوێ بــوون ڕۆژێ لــە ســوچێکی نهۆمــی خــوارەوەی ئوتێلەکــە( بــە بۆنــەی جەژنــی نیشــتمانی چینــی میللی)یــەوە کــە ژمــارەی دانیشـتوانی ملیارێـك و سێسـەد و حـەوت ملیـۆن کەسـە پێشـانگایەکی کتێـب و کاسـێتی (D.V.D) و وێنـەی فۆتۆگرافـی کرایـەوە و کتێبـەکان و کاسـێتی (D.V.D) بـە دیـاری دەدرا بـەو کەسـانەی دیدەنـی پێشـەنگایەکەیان دەکـرد، منیـش چـوار کتێـب بـە زمانـی ئینگلیـزی و کتێبێـك بـە زمانـی عەرەبـی و کاسـتێکی (D.V.D) م لەبـارەی چینـەوە وەرگـرت، کـە گەڕامـەوە ژوورەکـەم لـە نهۆمـی حەوتەمـی ئوتێلەکــە (لاپەڕەکانــی کتێبەکانــم هەڵدەدایــەوە) دانەیەکیــان زۆر ســەرنجی ڕاکێشـام کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی لەبـارەی نەتەوەکانـی وڵاتـی چینـەوە دانرابـوو. هەرکـە گەیشـتینەوە کوردسـتان، یەکسـەر پەیوەندیـم بـە مامۆسـتای بیرتیـژ و هۆشـمەند، مامۆسـتا (مەجیـد ئاسـنگەر)ەوە کـرد کـە کتێبێکـم لایـە باسـی هـەر (٥٥) نەتەوەکانــی چیــن دەکات و لــەم بارەشــەوە بەدەگمــەن خەڵــك زانیارییــان هەیـە، بۆیـە پێشـنیازی بەڕێزتـان دەکەیـن کـە لـە ئینگلیزییـەوە بیکەنـە زمانـی

کــوردی، لــە وەڵامــدا بــێ دوو دڵــی وتــی ســێ و دوو لێکــردن خۆشــمێرانە و کوردانــە ئامادەیــی خــۆی دەربــڕی و کــە کتێبەکــەم بــۆ بــرد، هــەر ئەوســا بڕیــاری دا هەمــوو کاتێکــی بــۆ وەرگێڕانــی ئــەم کتێبــە تەرخــان بــکات، بۆیــە بڕیاریــدا هەمــوو پرۆژەکانــی (نووســینەوە و خوێندنــەوە) دوا بخــات. بــۆ رۆژی دوایــی مامۆســتای هێــژا پەیوەنــدی پێــوە کــردم و گوتــی بەراســتی کتێبێکــی دانســقەیە، بۆیــە بەڵێنەکــە بــە زووتریــن دەرفــەت جێبەجێــی دەکــەم و دەیکەمــە زمانــی کــوردی. چونکــە لــەم رووەوە کتێبخانەکانــی کوردســتان هــەژارە، منیــش لــە وەڵامــدا سوپاســی ئــەم هەڵوێســتە وڵاتپارێزیانــەم لــێ کــرد و بەڵێنــی ئــەوەم پێــدا کــە لــە وەرگێڕانــی بــووەوە یەکســەر پیتچنیــن و هەڵەچنــی دەکەیــن، ئینجــا چــاپ و بــڵاوی دەکەینــەوە و لــە هەمانکاتــدا برادەرێکــی بازرگانــم لــە چیــن گەڕابــۆوە و چەنــد جــۆرە پــارەی (دراوی) کاغــەزی چینــی کــە پێــی دەوتــرێ (ریمبــی) بــۆ هێنــام کــە بــە پێنــج زمــان لەســەری نــووسراوە، گەرچــی چینــی میللــی وڵاتێکــی فیدرالیــش نییــە، بــەڵام کێشــەی نەتــەوەکان چارەســەرێکی مافپارێزیــان بــۆ کــراوەو زمــان و کەلتــوور و..هتــد یــان پارێــزراوە. خۆزیــا ئەوانــەی دەچنــە هەنــدەران چاپەمەنــی لــەم جــۆرە بابەتەیــان لەگڵــە خۆیــان دەهێنــا، تاوەکــو ســوودیان بــۆ پتەوکردنــی ئەزموونــی میللەتەکەمــان لــێ وەربگریــن.

پارێزەر/طارق جامباز

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

٢٠٠٦/٨/١٥

## پێشەکی بابەتەکان

١. دەوڵەتێکـــی فرەرەگەزیـــی یەکگرتـــوو، خودموختاریـــی هەرێمایەتـــی بـــۆ کەمینـــە نەتەوەییـــەکان
٢. قـــەوارەی دانپێدانـــراوی رامیـــاری خوموختاریـــی هەرێمایەتـــی بـــۆ کەمینـــە نەژادییـــەکان و دامەزراندنـــی ناوچەگەلـــی حوکمـــی خۆجێیـــی.
٣. مافی خۆبەڕێوەبردنی ناوچە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکان.
٤. پشـــتگیری و یارمەتیدانـــی حکومەتـــی ناوەنـــد بـــۆ ناوچـــە گەلـــە خودموختارییـــەکان.
٥. پەرەســـەندنی مێژوویـــی ئەرکـــە جۆراوجۆرەکانـــی ناوچـــە گەلـــە نەژادییـــە ئۆتۆنۆمییـــەکان.
٦. کۆتایی (دەرەنجام)

پاشکۆ: راستییە بنچینەیەیکان دەربارەی هەر (١٥٥) ناوچەگەلە ئۆتۆنۆمییەکان.

## پێشەکیی

## کۆماری گەلی چینی وڵاتێکی فرە رەگەزیی یەکگرتووە.

لــە ئێتســادا (٥٦) گرووپــی نەژادیــی لەلایــەن حکومەتــی ناوەندیــەوە بــە فەرمــی نــاسراون و دانیــان پێداهێــنراوە، گرووپــە نەژادییــەکان بــە قەبــارە زۆر لەیەکــدی جیــاوازن. لــە کاتێکــدا گرووپــی رەگــەزی هــان (HAN) خاوەنــی زۆرتریــن ژمــارەی هاووڵاتییانــە، لــە بەرامبــەردا و بــە بــەراورد قــەوارەی هەریــەك لــە (٥٥) گرووپــە نەتەوەییەکانــی دی ئەوەندە بچووکــن کــە بەهۆیــەوە هەمیشــە بــە (کەمینــە نەژادییــەکان) ئاماژەیــان بــۆ دەکرێــت، بەپێــی پێنجەمیــن ســەرژمێریی سەرتاســەریی کــە ســاڵی (٢٠٠٠) ئەنجامــدراوە، ژمــارەی تێکــڕای هاووڵاتییانــی هــەر (٥٥)گروپــی کەمــە نەژادیەیــکان گەیشــتە (١٠٤،٤٩) ملیــۆن کــەس کــە تەنیــا رێــژەی (٨،٤١) ی لەســەدای ســەرجەم دانیشــتوانی (چیــن) پێکدێنــن.

گەلانــی گشــت گرووپــە ئەتنییەکانــی چیــن بەیەکــەوە بەشــداری گرنگیــان لــە دامەزراندنــی وڵاتێکــی فرەرەگەزیــی یەکگرتــوودا، هەروەهــا لــە هێنانــە کایــەوەی ئــەو شارســتانییە شــکۆدارەی ئیمــڕۆی (چیــن)دا کــردووە. هەروەکــو لــە پێشــکەوتن و پەرەســتاندنی مێژوویــی (چیــن)دا کردوویانــە. خودموختاریــی هەرێمایەتــی بــۆ کەمــە نەتەوایەتییەکانــی (چیــن) ئــەوە دەگەیەنێــت کــە لــە ژێــر ســایەی ســەرکردایەتی یەکگرتــووی دەوڵەتــدا ئــەو ئۆتۆنۆمییــە لــە ناوچــە گەلێکــدا پیــادە دەکرێــت کــە خەڵکانــی کەمــە رەگــەزەکان لــە کۆمەڵگــەی جیــاوازدا بەیەکــەوە دەژیــن. لــەو دەڤەرانــەدا زۆرەهــا دامــەزراوەی خۆبەڕێوەبــردن بــۆ پیادەکردنــی ئۆتۆنۆمییەکــە دامەزرێــنراون. جێبەجێکردنــی ئــەم سیاســەتەیش زۆر گرنگ و کاریگەریشــە بۆ پتەوکردن و فەراهەمبوونــی پێوەنــدی گەلــی یەکســانیی، یەکێتــی و هاوکاریکردنــی یەکــتری لــە نێــوان گرووپــە نەژادییــە هەمــە جۆرەکانــدا ئەویــش بــە مەبەســتی چەســپاندنی یەکێتــی نیشــتمانی و، لەهەمــان کاتیشــدا بــۆ خێراتــر کردنــی پێشخســتن و پەرەپێدانــی ئــەو شــوێنانەی ئۆتۆنۆمــی هەرێمایەتییــان تیــادا پیــادە دەکرێــت و هەروەهــا بەگوڕخســتنی پێشــکەوتنەکانیانەوە.

## وڵاتێکی فرەرەگەزیی یەکگرتوو، خودموختاریی هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەژادییەکان

هەر لە رۆژی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١ دا پارتی کۆمۆنیستی چین بەردەوام هەوڵی زۆری داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە (چین) دا، ئەم پارتە سەرکەوتووانە رێوشوێنی سیاسی گونجاوی پەیوەست بە کەمینە نەتەوایەتییەکانەوە داهێناوە، سەرکەوتووانەش پیادەی کردووە, توانیویە سەرجەم گەلانی گرووپە نەژادییەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە و بەمەبەستی بە دەستهێنانی سەرکەوتنی ئێجگارەکی لە شۆڕشی نوێی دیموکراسیدا سەرکردایەتیان بکات. یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیی (کۆنفرانسیی راوێژکاریی رامیاریی گەلانی چین) لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٩-دا بەر لە دامەزراندنی کۆماری چینی گەلی بەسترا. نوێنەرانی گرووپە نەژادییە جیاجیاکان و حزبە سیاسییەکان لەسەر پێشنیازی پارتی کۆمۆنیستی چین، کۆنگرەی گەل و راگۆڕینەوەی زۆریان سازداو، سەرەنجام بڕیاری (دامەزراندنی کۆماری گەلیی چین)یان وەك وڵاتێکی فرەرەگەزیی یەکگرتوو، پەسەند کرد. هەروەها لەو کۆنفرانسەدا پرۆگرامە گشتییەکەی خۆیشی، کە بەشێوەیەکی کردەنی وەکو (دەستووری کاتیی کۆمارە تازەکە) وە بەرکاربوو، پەسەند کرا. پەرەگرافێکی پرۆگرامە گشتییەکە بەتایبەتی پەیوەست بوو بە سیاسەتەکانی چینی تازە و سەبارەت بە نەتەوایەتییەکان و زۆر بە روونیی پێدانی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی بە کەمینە نەژادییەکان بەسیاسەتی بنەڕەتیی دەوڵەت دانا. ئەم بڕیارە مێژوویە گرنگەیش بە گوێرەی رەوش و بارودۆخی تایبەتی ناوخۆی (چین)ەوە وەرگیراو پەسەند کرا.

ماوەی درێژەی هەبوونی وڵاتێکی فرە رەگەزیی یەکگرتوو بناخەیەکی مێژوویی دارشتووە بۆ پیادەکردنی ئۆتۆنۆمی هەرێمایەتی بۆ کەمینە ئەتنییەکان.

چیـن وڵاتێکـی فـرە رەگەزیـی یەکگرتـووی خـودان مێژوویەکـی درێـژە. هـەر لـە سـاڵی ٢٢١ی پێـش زایینـەوە پاشـاکانی (سـوڵتان) بنەماڵـەی (Qin) (٢٢١- ٢٠٦ پ.ز) یەکـەم ئیمپراتۆریەتـی دەرەبەگـی لەدیرۆکـی (چیـن)دا بـۆ یەکەمجـار (یەکێتـی) بـۆ وڵات داهێنـا. دوابـەدوای ئەمیـش شـای حوکمڕانیـی خانـەوادەی هـان (Han) (٢٠٦ پ.ز ٢٢٠ی زاییـن) زیاتـر پـەرەی بـە یەکێتـی وڵاتەکـەدا. لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا چەنـد دەڤەرێـك بـۆ حوکمڕانـی کـە بـە ویلایـەت(jun) و موقاتەعـەی (xian) ناسرابـوون دامەزرێـنران و کارکـرا بـە شـێوازی یەکگرتـووی باوەڕپێکـراو لـە بوارەکانـی یاسـا، زمـان، سـاڵنامە و رۆژمێریـی گواسـتنەوە، پـارەو دراو، هەروەهـا کێـش و پێوانـە و پێـوەرەکان دا، ئەمەیـش بـووە هـۆکاری پەرەسـەندنی پرۆسـەی تێکەڵاوبـوون و ئاڵوگۆڕیکـردن لـە نێـوان گرووپـە نەژادییـە جیـاکان و ناوچـە گەلـە جۆراوجۆرەکانـدا، کـە چوارچێوەیەکـی سـەرەکیی و بنچینەیـی خولقانـد بـۆ گەشـە و پەرەسـتاندنی رامیاریـی، ئابـووری و رۆشـنبیری لـە (چیـن) وەك وڵاتێکـی فرەرەگەزیـی یەکگرتـوو لـە مـاوەی پـتر لـە دوو هـەزار سـاڵی دواتریشـدا.

حوکمڕانکانـی دواتـر، چ ئەوانـەی سـەر بـە گەلـی هـان (Han) بـوون وەك (sui) (٥٨١-٦١٨) یـان تانـگ (tang) (٦١٨-٩٠٧ ز) یاخـود سـۆنگ (song) (٩٦٠-١٢٧٩) هەروەهـا مینـگ (ming) (١٣٦٨-١٦٤٤) یـان ئەوانـەی سـەر بـە گرووپەکانـی رەگـەزە کەمینەکانـی تـر بـوون، وەکـو یوانـەکان (The yuan) (١٢٧١-١٣٦٨) و گینـگ (Qing) (١٦٤٤-١٩١١) هـەر هەموویـان خۆیـان وەك دەسـەڵاتدار و شـاگەلی ئەرسۆدۆکسـیی چیـن دەزانـی و دامەزراندنـی وڵاتێکـی فرەرەگەزیـی یەکگرتـووش بەرزتریـن ئامانجـی سیاسـیان بـوو.

سـەرجەم دەسـەڵاتە ناوەندییەکانـی پاشـایەتییە دەرەبەگییـەکان هەمیشـە بەرامبـەر بـە کەمینـە رەگەزییـەکان سیاسـەتی (بەگوێـرەی دابونەریـت حوکـم بکـە) یـان پەیـڕەو دەکـرد. لـە سـایەی ئـەم سیاسـەتەوە یەکێتـی چیـن بەدیهـات و لـە هەمانکاتـدا رێگـە بـە کەمینـە ئەتنییەکانیـش درابـوو کەلتـوور

و سیستەمی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان بپارێزن، فەرمانڕەوایانی سەر بە نەتەوەی (هان) فەرمانگەی پارێزگاریی گشتییان لە ناوچەکانی خۆرئاوادا کە ئیمڕۆ بەهەرێمی خودموختاری Xingjang Uygur دەناسرێت دامەزراند و حوکمڕانەکانی تانگ (Tang)یش فەرمانگەی (Beting) و (anxi)یان بەهەمان شێوە لە هەمان ناوچەکەدا دامەزراند. ئەم رێکخراوانەیش تەنیا کاروبارە رامیاریی و سەربازییەکانیان دەبرد بەڕێوە. کەچی دەسەڵاتدارانی (Qing) بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانی کەمینە ئەتنیەیکان پێوەرگەلی جوداوازیان گرتە بەر کە لەگەڵ خەسڵەتە خۆجێییەکانیاندا بگونجێن لەو دەڤەرانەی مۆنگۆلییەکانیان تیادا دەژیان سیستەمێکی بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆیانەوە لە شێوەی ویلایەت و موقاتەعەی تایبەت پیادە کرا. لە تایبەت دا حکومەتی ناوەند وەزیری یەکەمی خاوەن دەسەڵاتی بۆی هەنارد و فەرمانڕەوایەتی ئایینی (لاما)کان و (ئەشرافەکانی) پێڕەو کرد، ئەوەیش بە بەخشینی نازناوی شکۆدار و پیرۆز بە هەردووك گرنگترین (بودا)کان کەلە ژیاندان بەناوی (دالای لاما) و (بانچن لاما). لەو بەشانەشدا کە گەلی (Uygur) لە کۆمەڵگەی دوورەدەستدا دەژیان سیستەمی (بەگ) کە نازناوێکی گشتی سەرۆکەکانی گروپە موسڵمانەکانە حکومەتی ناوەند دایاندەمەزرێنێ، پیادە دەکرا. ئەو ناوچانەش کە رەگەزەکانیتر لە باشووری چیندا تیایدا دەژیان سیستەمی (Tusi) (فەرمانگەیەکی سەرەتایی و خۆجێیەتی فەرهەنگیی داهێنرابوو، لەژێر سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆندا، کارێکی مەحاڵ بوو (یەکسانیی) بە مانا تازەکەی وشەکەوە بۆ سەرجەم گرووپە نەژادییەکان فەراهەم بکرێت و بە پێچەوانەوە ناکۆکی و بەربەرەکانی و بەگژیەکدا چوون و تەنانەت شەڕ و پێکدادانیش لە نێویاندا زۆر شتێکی ئاسایی بوون. سەرباری ئەمانەشەوە هەبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی فرەنەژادیی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە دیرۆکی چیندا کاریگەریی هەبوو لەسەر زێتر بەتینتر کردنی، ئاڵوگۆڕیی رامیاریی، ئابووری و فەرهەنگیی نێوان

گرووپـە ئەتنیـەی جیاوازەکانـدا و هەمشـە و بـەردەوام پێوەندیـی و دڵسـۆزیی و وابەسـتەیی ئـەو گرووپانـەی بـە حکومەتـی ناوەنـدەوە بـەرەو پێـش بـردووە.

٢- هەسـتی نیشـتمانیی کـە لەسـەردەمی تـازەدا و لـە مـاوەی جەنگـی دژەداگیرکارییـەکان دروسـتبوو، بۆتـە بناخەیەکـی رامیاریـی بـۆ پیادەکردنـی ئۆتۆنۆمـی هەرێمایەتـی بـۆ کەمینـە نەتەوەییـەکان: چیـن لـە جەنگـی ئۆپیـۆم (Opium war) ەوە لـە (١٩٤٠)دا بـۆ مـاوەی (١١٠) سـەدەو دە سـاڵان بـەردەوام ئـازاری داگیرکردنـی لەلایـەن هێـزە ئیمپریالیسـتەکانەوە چەشـتووە، گەلانـی چیـن بەگشـت گرووپـە ئەتنییەکانییـەوە کەوتوونەتـە بـەر شـاڵاوی چەوسـاندنەوە و کۆیلایەتییـەوە. لـە سـاتە چارەنووسسـازەکاندا کـە چیـن رووبـەڕووی مەترسـیی لەبەریـەك هەڵوەشـانەوە و پارچەپارچـە بوونـدا ببـۆوە، لەوکاتـەی کـە نەتـەوە کەوتبـووە سـەر لێـواری کۆیلایەتـی، گەلانـی چیـن بەگشـت رەگەزەکانییـەوە بـوون بـە یـەك و دژوارتریـن و توندتریـن خەباتیـان دژی داگیرکەرانـی بیانـی بەرپـا کـرد بـۆ ئـەوەی سـەربەخۆیی وڵات بپارێـزن و سـەرفرازی و رزگاربوونـی گـەل بەدەسـت بێنـن. بەتایبەتـی لەمـاوەی جەنگـی داکۆکیکـردن و مانـەوەی لـە دژی دەسـتدرێژییەکانی ژاپۆنییـەکان (١٩٣٧-١٩٤٥) گەلانـی چیـن بـە هەمـوو گرووپـە رەگەزییەکانیـەوە کـە قینێکـی هاوبەشـیان هەبـوو دژی داگیرکـەران، راپەڕیـن و هەڵمەتێکـی بەرەنگاربوونـەوەی هاوبـەش و یەکگرتوویـان لـە دژیـان بەرپـا کـرد، بەمەبەسـتی پاراسـتنی نیشـتمانەکەیان، چەنـدان هێـزی دژە ژاپۆنیـی کـە ئەندامەکانیـان بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە کەمینـە نەژادییـەکان پێکهاتبـوون، بـۆ نموونـە مەفرەزەکانـی سـەر بـە نـەژادی (hui) و گەریلاکانـی (مەنگۆلیـای نـاوەوە) شـەڕی قارەمانانەیـان دژ بـە ژاپۆنییـە داگیـرکارەکان کـرد و، بەشـدارییەکی بەرچاویشـیان لەسـەرکەوتنی کۆتایـی بەسـەر (فاشـیزمدا) هەبـوو، هـەر لەمـاوەی جەنگـی دژ بـە داگیرکارییەکانـی ئیمپریالیسـتەکاندا، گەلانـی چیـن بەگشـت گرووپـە ئەتنییەکانـەوە شـەڕێکی سەختیشـیان دژی پیلانەکانـی جوداخوازیـی لـە

پێنـاوی سـەربەخۆبوونی (تیبـەت و تورکسـتانی رۆژهـەڵات و مانچوکـو)دا کـرد، کـە ژمارەیەکـی کەمـی جودایخـوازان بـە پشـتیوانی هێـزە ئیمپریالیسـتەکان پێـی هەڵسـابوون، لەسـەروبەندی ئـەو خەبـات سـەختەدا دژی داگیرکارییەکانـی بێگانـان، گەلانـی چیـن بـە هەمـوو گروپـە نەژادییەکانییـەوە بـە تەواوەتـی لـەوە تێگەیشـتن کـە نیشـتمانی مەزنـی دایـك مـاڵ ئارامگـەی هاوبەشـی هەمووانـە، تەنیـا ئـەو دەمـەی سـەروەریی و یەکێتـی خـاك و سـنوورەکانی چیـن پارێـزراو دەبـن ئەوکاتـە سـەرجەمی گرووپـە نەتەوەییـەکان بەراسـتی شـاد دەبـن بەسەربەسـتی، یەکسـانیی، گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی راسـتەقینە. وێـڕای ئەمەشـەوە پێویسـتە گەلانـی گشـت گرووپـە ئەتنییـەکان هەمیشـە یەکێتیەکەیـان بەهێزتـر و پتەوتـر بکـەن بەمەبەسـتی پاراسـتنی (سـەروەریی و یەکێتـی خاکـی نیشـتمان) تاوەکـو (چیـن) بکـەن بـە وڵاتێکـی سـەرکەوتووی دەوڵەمەنـد.

٣- شـێوەی دابەشـبوونی دانیشـتوانە گروپـە ئەتنییەکانـی چیـن کـە هەندێکیـان لـە پانتایـی زۆر بەرفرەوانـدا بەیەکـەوە دەژیـن، لـە کاتێکـدا هەندێکـی دیکەیـان لـە ناوچـەی بەرتەسـك و لـە کۆمەڵگـەی چـڕی دوورە دەسـتدا دەژیـن، وێـڕای جیاوازییـەکان لـە نێـوان ناوچـە هەمـە جۆرەکانـدا لەبـارەی سـەرچاوە سروشـتییەکان و قۆناخەکانـی گەشـە و پەرەسـەندندا، ئـەم فاکتەرانـە وایانکـردوە پیادەکردنـی (سیاسـەتی ئۆتۆنۆمـی هەرێمایەتـی بـۆ کەمـە نەتەوەییـەکان) ببێتـە ئەمـری واقیعـی مێژوویـی، پەرەسـەندن و پێشـڤەچوونی گرووپـە نەژادیەیکانـی چیـن یەکێکـە لـە بەیەکگەیشـتن و تێکەڵاوبوونـە بەردەوامـەکان. گروپگەلـی رەگـەزە جیاوازەکانـی چیـن لـە مـاوەی پەرەسـتاندنی مێژوویـی دوورودرێژیـدا بـەردەوام لـە جێگۆڕکـێ دابوونـە و لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیکـە گواسـتوویانەتەوە بـەرە بـەرە شـێوازێکیان بـۆ پێکـەوە ژیانـی خۆیـان لـە پانتایـی بەرفرەوانـدا داهێنـاوە. نەتـەوەی هـان (Han) کـە گەورەتریـن ژمـارەی دانیشـتووان پێکدێنـن، بەسـەر سـەرتاپای وڵاتـی چیـن دابەشـبوونە. لەکاتێکـدا گەلانـی هـەر (٥٥) رەگەزەکانـی

دی بە بەراورد بچووکن و زۆربەیان لە ناوچەگەلە سنوورییەکاندا نیشتەجێن و لە چەند کۆمەڵگەیەکی بچووکی داخراودا درێژە بە ژیان دەدەن، لەگەڵ ئەمەشەوە لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە هەرێمایەتییەکاندا و لە شارو شارۆچکە دوورە دەستەکاندا بە بەربڵاویی دەبینرێن. ئەو شێوازەی دابەشبوونی دانیشتوانەکان بە دامەزراندنی ناوچەگەلی نەتەوایەتی خودان ئۆتۆنۆمی هەمە چەشن و بە پلەها جوداواز لە بەڕێوەبردندا کەلەو هەرێمانەدا کە کەمینە ئەتنییەکانی تیادا لە کۆمەڵگەگەلی داخراودا دەژین بنیاتنران، بوونەتە هۆکاری هارمۆنی و دروستبوونی پێوەندیی چەسپاوی بەردەوام و پەرەستاندنی گشتیی هاوبەش لە نێوان گرووپە نەژادییە جیاکاندا.

ئەو ناوچانەی کەمینە نەتەوەییەکانیان لە کۆمەڵگە گەلی داخراودا تیادا ئاکنجین زۆر بەرفرەوان و لە رووی سەرچاوەی سروشتییەوەش دەوڵەمەندن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ هەرێمەکانی تردا، بەتایبەتی گەشەسەندووەکانیان، ئەوا ئاستی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و پێشڤەچوونیان تا رادەیەك بە دواکەوتوو دەژمێردرێن.

ئۆتۆنۆمی بۆ کەمایەتییە نەژادییەکان دەرفەتی ئەوەیان پێدەدات کە دەستکەوتگەلی هەرێمایەتی بەرچاو بۆ خۆیان فەراهەم بکەن و پەرە بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ کردن و هەرەوەزیی و هاوکاریی لە نێوان هەرێمەکانی خۆیان و ئەوانی دیکەدا بدەن کە ئەمەیش لە خۆیدا دەبێتە هۆکاری خێراکردنی هەنگاونان بە ئاراستەی مۆدێرنیزم لە هەردوو لادا واتە هەرێمەکانی کەمینەکان و سەرتاپای وڵاتیش بە گشتیی و، لە هەمانکاتیشدا یارمەتی ئەنجامدانی گەشەسەندن و گۆڕانکاریی هاوبەش وسەرکەوتنی تێکڕای گروپە ئەتنییەکان دەدات لەسەرجەم هەرێمەکاندا.

## پێگەی سیاسی خوموختاریی هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەژادییەکان و دامەزراندنی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکان

پێگەی سیاسیی خودموختاریی هەرێمایەتی کەمینە نەژادییەکان:

یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی گەل کە لە ساڵی (١٩٥٤)دا بەسترا سیستەمی خودموختاریی بۆ کەمینە نەژادییەکان لە دەستووری کۆماری چینی گەلیدا چەسپاند و سەرجەم پێداچوونەوە و هەموارکردنێکی لەوە بەدواوەی دەستوورەکەش جەختی لەسەر پیادەکردنی ئەم سیستەمە کردۆتەوە. یاسای کۆماری چینی گەلی لەبارەی خودموختاریی نەژادیی هەرێمایەتی کە ساڵی (٢٠٠١) بەهەموارکراویی دەرچوێنراوە، زۆر بە روونیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە «سیستمی ئۆتۆنۆمیی بۆ کەمینە رەگەزییەکان بناخەی سیستمی سیاسیی دەوڵەتی چین پێکدێنێت».

هەر لە ساڵی (١٩٥٢) یشەوە حکومەتی چین شتێکی بە نێوی (بەرنامەی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی ئەتنی بۆ گەلانی کۆماری چین) دەرکردووە و بە روونی تیایدا جەخت لەسەر دەرچواندنی چەند یاسایەکی گرنگ لە وێنەی دامەزراندنی ناوچەهای خاوەنی ئۆتۆنۆمیی بۆ رەگەزەکان و هەروەها پێکهێانی دامودەزگەکانی خۆبەڕێوەبردنیان کراوەتەوە، هەروەکو مافی سەربەخۆبوون و خۆبەڕێوەبردنی ئەو جۆرە دەزگەو دامەزراوانەیش دووپاتکراوەتەوە.

رۆژی (٣)ی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٨٤)یش خولی دووەمی دانیشتنەکانی (کۆنگرەی شەشەمی نەتەوەیی) بە مەبەستی تاوتوێکردن وچڕکردنەوەی ئەزموونی پیادەکرنی سیستەمی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی کەمینە ئەتنییەکانەوە یاسای ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی بۆ سەرجەم رەگەزەکان پەسەند کرد و بڕیاریشدا کە لەیەکەم رۆژی هەمان ساڵدا بیخاتە وادی جێبەجێکردنەوە.

ئەوجا بۆ رووبەڕووبونەوەی پێداویستییەکانی خێراتر کردنی گەشەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەناوچە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکاندا لەسەردەمی ئابووری بازاڕی سۆشیالیستی و لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن و بەرجەستەکردنی خواست و ویستی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا دەژین، لە ساڵی (٢٠٠١)دا کۆمیتەی ئەوسای (کۆنگرەی نەتەوەیی گەل) چاکسازیی لە (یاسای ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی بۆ رەگەزەکان) دا ئەنجامدا و بوو بەهۆکاری ئەوەی (یاسا)کە تەواوتر و کاریگەرتریش بێت.

یاسای خودموختاریی هەرێمایەتی رەگەزەکان، ئەو یاسایەی سەرجەم بابەتەکانی وەك (سیاسەت، ئابووریی، رۆشنبریی و کۆمەڵایەتی) لەخۆگرتووە، بەڵگەنامەیەکی (دۆکیومێنت) یاسایی سەرەکییە بۆ پیادەکردنی سیتسەمێکی خودموختاریی هەرێمایەتی تایبەت بە کەمینە ئەتنییەکان بەو شێوەی کە لە دەستووردا هاتوە. هەروەها پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیی و ئەو هەرێمانەیەیش دیاریدەکات، سەرەڕای دیاریکردنی شێوەی پێوەندیی نێوان گرووپە ئەتنییە جیاوازەکان لە هەرێمەکانی نەژادە خودان ئۆتۆنۆمییەکاندا. وەنەبێت کاریگەریی یاسایی قانوونەکە تەنیا بەسەر هەرێمە نەژادییە خودموختارییەکانەوە بێت و بەس، بەڵکو هەموو تاکێك لە وڵاتی چینداو گشت دامەزراوە و دەزگەکانی دەوڵەت پێویستە پابەندی ئەم (یاسا) یەوە و ملکەچی جێبەجێکردنیشی بن.

دروستکردنی هەرێمگەلی ئۆتۆنۆمیی بۆ ئەتنییەکان

لە ژێر سەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیستدا، ساڵی (١٩٤٧) و بەرلەوەی کۆماری گەلی چینی جاریٚ دروستبوو بێت، یەکەمین هەرێمی نەژادیی خودموختار لەو ناوچە رزگارکراوانەدا دامەزرێنرا کە مۆنگۆلۆییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون. دوای ئەوەی (چینی تازە) لە (١٩٤٩)دا دامەزرێنرا، حکومەتی چین

دەستیکرد بە هێنانە کایەوەی سیستەمی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لە سەرجەمی ئەو ناوچانەی ئەو رەگەزانە لەکۆمەڵگەگەلی دووره دەست و داخراودا دەژیان. ئەوەبوو لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٥) دا هەرێمی (Xinjiang Yugur)ی خودموختار دامەزرێنرا. مانگی ئایاری (١٩٥٨) هەرێمی ئۆتۆنۆمیی (Guangxi Zhuang) هاتە دامەزراندن ولە تەشرینی یەکەمی (١٩٥٨)دا هەرێمی ئۆتۆنۆمیی (Mingxi Hui) لە ئەیلوولی (١٩٦٥)دا هەرێمی تیبەت (Tibet)ی ئۆتۆنۆمیی دامەزرێنران. بە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) دا چین (١٥٥) دەڤەر (ستان)ی ئۆتۆنۆمیی بۆ رەگەزە جیاکانی دامەزراندبوو. لەمانە (٥) هەرێمگەلی ئۆتۆنۆمیین (٣٠)یان ویلایەتی خودموختارین (Prefectures) و (١٢٠) سەد و بیستیشیان سەنجەق (Banners) بەپێی پێنجەمین ئاماری سەرتاسەری ساڵی (٢٠٠٠) چل و چار لە (٥٥)کەمە نەتەوەییەکانیان خاوەنی ناوچەگەلی ئۆتۆنۆمیی نەژادیی خۆیانن. دانیشتوانەکانی ئەو کەمینە نەژادییانەی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەییان هەیە (٧١٪) لە سەدا حەفتاویەکی سەرجەم دانیشتوانی کەمە نەتەوایەتییەکان پێکدێنن، لە کاتێکدا رێژەی پانتایی هەرێمەکانیان تەنیا (٦٤٪) لە سەدا شەستوچواری هەموو سەرزمینی چینە. لە هەندێ شوێنی تردا کە کەمینە ئەتنییەکان لە کۆمەڵگە گەلی دووره دەستی داخراودا دەژین و لە توانایاندا نییە ناوچەگەلی ئۆتۆنۆمییان بۆ دامەزرێنرێت، چونکە دانیشتوانەکانیان بە بەراورد زۆرکەمن و ناوچەکانیشیان ئێجگار بچووکن و ، یاخود لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکانیان پەرت و بڵاون، بە گوێرەی دەستوور دەبێت سیستمی بازنەیی شارۆچکەی (پەخش) تایبەت بەو رەگەزانەوە بێتە پێرەوکردن بۆ ئەویە کەمینەکان لە شوێنانە ئەمانیش بۆیان هەبێ مافی بەڕێوەبردنی کاروبارە نێوخۆییەکانی گرووپە ئەتنییەکەیان پیادە بکەن و لەهەمان کاتیشدا ببنە سەرداری ناوچەکانی خۆیانەوە. ساڵی (١٩٣٣) حکومەتی چین قانوونێکی دەرچواند سەبارەت بە کارکردن بە سیستمی

بازنەیی (ناحیەکان) بۆ شارۆچکەکانی ئەو رەگەزانە بەمەبەستی مسۆگەرکردنی پابەند بوون بە جێبەجێکردنی سیستەمەکەوە.

بەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) چین (١,١٧٣) یەکەی (بەخش)ی رەگەزایەتی لەسەرجەم ئەو بەخشانەی کەمینە ئەتنییەکانیان تیادا لە کۆمەڵگە گەلی بچووك و داخراودا دەژین دامەزراند بوو. لەو (١١) کەمینە ئەتنییانەی لە هەرێمەکانیاندا ناتوانرێت سیستمی ئۆتۆنۆمیی پیادە بکرێت، لەبەر ئەوەی ژمارەیان کەمە و پانتایی خاکەکانیان بچووکن، ئەوا سیستمی (بەخش) بۆ (٩) لەو رەگەزانە دامەزرێنراوە. دەکرێت ئەو دەڤەرانەی سیستمی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتییان بۆ کەمە نەتەوەییەکان تیادا پیادە کراوە بۆ سێ پلە دابەش بکرێن، بەم شێوەیە:

هەرێمی ئۆتۆنۆمیی ٢- ویلایەتی ئۆتۆنۆمیی و ٣- ستان (دەڤەر)ی ئۆتۆنۆمیی

ئەوەش بە گوێرەی گەورە و بچووکی گرووپە نەژادییەکان و بەرفرەوانیی و بەرتەسکیی ئەو پانتاییەی داگیریان کردوون ئەمەو سەرجەم دەڤەرەکان کە سیستمی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتییان بۆ کەمینە رەگەزییەکان تێدا پیادەکراوە بەشێکی دانەبڕاون لە خاك و سەرزەمینی کۆماری چینی گەلیدا. دامودەزگاکانی خۆبەڕێوەبردن لە نوچە خودموختارییەکاندا دەبێ یەکێتی وڵات بپارێزن و گەرەنتی ئەوەش بدەن کە دەستوور و یاساکان لە هەموو ئەو ناوچانەدا بەرکارن و بە تەواوەتی جێبەجێ دەکرێن. دەزگە هەرە باڵاکانی دەوڵەت و ئەوانەشی کە سەر بە دەڤەرە ئۆتۆنۆمییەکانن دەبێت پابەند بن بە پاراستن و پەرەپێدانی پێوەندییەکانی (یەکسانیی، یەکگرتوویی، هاوکاری و یارمەتیدانی هاوبەش لە نێوان گرووپە ئەتنییەکاندا لەو شوێنانەی کەمینە نەژادییەکان لە کۆمەڵگەگەلی داخراودا دەژین. ئەمەو بەرەچاوکردنی پێوەندییەکانی نێوان گرووپە ئەتنییەکان و پێشڤەچوونی باری ئابووریی لەو ناوچانەدا و هەڵکەوتەی مێژووییان، دەتوانرێت دەڤەرێکی خودموختار لەسەر بنچینەی یەك گرووپی

نەژادیـی دامەزرێنرێـت، وەکـو بـە نموونـە هەرێمـی ئۆتۆنۆمیـی تیبـەت (Tibet) ویلایەتـی سـیچوان لیانگشـان (sichuanLingshan – Yi Zhejiang Jingning she) یانـە خـۆ دەڤەرێکـی خودموختاریـی لـە سـەر بنچینـەی کۆمەڵگـەی داخـراوی دوان یـان زێـتر گرووپـی ئەتنیـی بێتـە دامەزرانـدن وەکـو ویلایەتـی خودموختـاری (Ginghai Haixi) مەنگولییـەکان و تیبەتییـەکان و هەروەهـا سـتانی (County) ی خودموختـاری (Dongxiang salar) Gansu Jishishan Baoan و هـی تریشـن گـەر هاتـوو چەنـد گرووپێکـی نەژادیـی تـر لـە ناوچەیەکـی ئۆتۆنۆمیـی سـەر بـە گرووپێکـی ئەتنیـی گەورەتـردا، لـە کۆمەڵگـەی داخـراوی بچووکـدا بژییـن، دەکرێـت ئـەو گرووپـە کـەم ژمارانـە ناوچـەی خودموختاریـی یـان (سیسـتمی شـار)ی تایبـەت بـە رەگەزنامـەوە دامەزرێنـن، بـۆ نموونـە ویلایەتیـی خودموختـاری (Yili Kazak) و موقاتەعـەی خودموختـاری (Yanqi Hui) هەردووکیـان لـە هەرێمـی (Cxinjiang Uygur)ی خـودان خودموختاریـی دا، دامەزرێـنراون، دەکـرێ هەرێمـی ئۆتۆنۆمیـی هـەر نەژادێـك بەپێـی هەڵکەوتـەی راسـتەقینەی نـاوەوەی کۆمەڵگـە گـەورە شـار، یـان شـارۆچکەی بچووکـتر لەخـۆ بگرێـت بـۆ دانیشـتوانەکان لـە نەتـەوەی هـان (Han) یـان گرووپـە نەژادییەکانـی تـر کـە لەوێـدا ئاکنجـی بـوون. لـە حاڵەتێکـدا گرووپێکـی ئەتنیـی لـە چەنـد کۆمەڵگەیەکـی قەبـارە جیـاوازدا بەسـەر چەنـد ناوچەیەکـدا بڵاوبووبێتـەوە، ئـەوا بۆیـان هەیـە چەنـدان ناوچـەی خودموختـاری پلـە جیـاواز دامەزرێنـن. گرووپـی نەتـەوەی (Hui) وەك نموونـە وەربگـرن دەبینـن ناوچـەی (Ningxia Hui) ی ئۆتۆنۆمیـی، ویلایەتـی (Gangsu Lixia Hui) و هەروەهـا موقاتەعـەی (Hebei Mengcun Hui)ی ئۆتۆنۆمیـی هەیـە.

تەنیـا بـۆ چەنـد حاڵەتێـك نەبـێ، نـاوی هەرێمـە خودموختارییـەکان عادەتـەن لـە ناوەکانـی شـوێنەکە و گرووپـە نەژادییەکـە و ئـەو وشـەیەی جـۆر و شـێوەی فەرمانڕەواییەتەکـە دیـاری دەکات، پێکدێـن. بـە نموونـە لـە هەرێمـی (Guangxi Zhuang) ی ئۆتۆنۆمیـی دا (Guangxi) نێـوی شـوێنەکە و (Zhuang) نێـوی

گرووپـە نەژادییەکـە و دەسـتەواژەی (هەرێمـی ئۆتۆنۆمیـی) ئاماژەیـە بـۆ جـۆری فەرمانڕەواییەکـەی.

دامەزراندنـــی هەرێمـــی ئۆتۆنۆمیـــی بـــۆ نەتەوەیـــەك و دیاریکردنـــی سـنوورەکانی و ئـەو ناسـنامەیەی بـە هەرێمەکـە دەدرێـت هەمـووی لـە دوای ئـەوەدا بڕیـاری لێدەدرێـت کـە ئـەو بابەتانـە بـە تەواوەتـی لەلایـەن دەزگا باڵاکانـی دەوڵـەت و ئەوانـەی خۆجێیـی پێوەندیـدار و نوێنەرانـی پەیوەسـت بـە گرووپـە ئەتنییەکـەوە گفتوگـۆی تێروتەسـەلیان لەبـارەوە دەکرێـ، ئەوجـا بڕیارەکانیـان لەبـەر ڕۆشـنایی ڕێوشـوێنە دیاریکراوەکانـی یاسـادا پەسـەند دەکرێـن و دەخرێنـە واری جێبەجێکردنـەوە. بـۆ دامەزراندنـی هـەر هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمیـی پێویسـتە (کۆنگـرەی نیشـتمانی گـەل) پەسـەندی بـکات. لـە کاتێکـدا دەستنیشـانکردنی سـنوورەکانی هەرێـم، یـان دامەزراندنـی ئوسـتان (پارێزگەریـی) یاخـود موقاتەعەیـەك و دیاریکردنـی تخووبەکانیـان دەبـێ لەلایـەن (ئەنجوومەنـی دەوڵەتـەوە) بڕیـاری لەسـەر درابێـت. هەرکاتێکیـش هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمیـی بـۆ (نەژاد)ێـك بێتـە دامەزرانـدن ئـەوە هەرگیـز ناشـێت هەڵوەشـێنرێتەوە، یانەخـۆ بخرێتـە سـەر هەرێمێکـی دیکـەوە تەنیـا بەگرتنەبـەری ئـەو ڕێوشـوێنانە نەبـێ کـە (یاسـا) دیاریکـردوون.

وەختێکیـــش هێڵەکانـــی ســـنووری دەڤـــەرە نەژادییـــە ئۆتۆنۆمییـــەکان چەسـپێنراون، ئیـتر نابـێ بـە هیـچ کلۆجـێ دەسـتکارییان بکرێـت تەنیـا لـە ڕێگـەی گرتنبـەری ئەوهەنگاوانـە نەبـێ کـە لـە (یاسـا)داهاتوون. بێتـو ڕووبـەڕری یەکـێ لـە ڕەگـەزە خودموختارییـەکان بەراسـتیی پێوسـت بـە هەڵوەشـانەوە، یـان تێکەڵکـردن لەگـەڵ هـی تـردا بـکات، یاخـود سـنوورەکانی بـە واقیعـی پێویسـتی بـە گۆڕانکاریـی هەبێـت، ئـەوا دەبـێ بابەتەکـە بـە تێروتەسـەلی لەلایـەن بەشـە پێوەندارەکانـی دامودەزگـە حکومەتییـەکان لـە ئاسـتی باڵاتـر و دامودەزگـە خۆجێییەکانـی هەرێمەکـەوە بخرێتـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە و بڕیـاری کۆتایـی و

راسپاردەکانیشـیان بـە گوێـرەی ئـەو ڕێنمایـی و هەنگاوانـەوە پەسـەند دەکرێـن و وەردەگیرێـن کـە لـە (یاسـا)دا دەستنیشـانکراون.

پێکهێنانـی دامودەزگەکانـی حوکمـی خۆجێیـی لـە هەرێمـە نەژادییـە ئۆتۆنۆمییەکانـدا: ئـۆرگان و دەزگەکانـی فەرمانڕەوایەتـی خۆجێیـی لـە هەرێمـە خودموختارییەکانـدا بریتیـن لـە کۆنگرەکانـی گـەل و حکومەتەکانـی گـەل لـە هەرێـم و پارێزگـە و ئـەو دەڤەرانـەدا کـە خودموختارییـان هەیـە، ئەمـەو لـە (کۆنگـرە میللییـەکان)ی دەڤـەرە ئۆتۆنۆمییەکانـدا، سـەرباری نوێنەرانـی ئـەو ڕەگـەز یـان ڕەگەزانـەی لـە هەرێمەکـەدا سیسـتمی ئۆتۆنۆمیـی پێـڕەو دەکـەن، دەبێـت ژمارەیەکـی گونجـاو لـە ئەندامانـی گرووپـە ئەتنییەکانـی دیکـەش ئەوانـەی لـەو هەرێمـە ئۆتۆنۆمییـەدا دەژیـن لـە (کۆنگـرە میللییـەکان)دا بەشـداری بکرێـن. هەروەهـا پێویسـتە هاووڵاتییـەك یـا زیاتریـش لـە گرووپـی ئـەو ڕەگـەزەی یـان ئـەو ڕەگەزانـەی تـر کـە لـەو دەڤـەرەدا پیـادەی ئۆتۆنۆمیـی دەکـەن لـە نێـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئـەو لێژنەیـەدا (بەسـەرۆك و جێگرەکانییـەوە) هەبـن کـە (کۆنگـرەی میللـی) لـە دەڤەرێکـی خودموختاریـدا دەبـەن بەڕێـوە.

سـەرۆکی هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمیـی پارێزگایـێ یـان ناوچەیەکـی خودموختـار دەبـێ هاووڵاتییەکـی سـەر بـە نـەژادی ئـەو گروپـە بێـت کـە لـەو پانتاییـەدا سیسـتمی ئۆتۆنۆمیـی پیـادە دەکات. ئەندامەکانـی دیکـەی حکومەتـە میللییەکانـی ڕووبـەرە ئۆتۆنۆمییـەکان پێویسـتە ژمارەیەکـی گونجاویـان لـە ئەندامانـی گرووپـە نەژادییـە خـاوەن خودموختاریـی و کەمینـە نەتەوەییەکانـی دیکـەی نێـو دەڤەرەکەیـان تێـدا بـن، هەروەکـو دەبـێ بـۆ فەرمانبەرانـی بەشـە کارگوزارییەکانـی دیکـە، ئەوانـەی بـۆ هاوکرایـی و یارمەتیدانـی دامودەزگەکانـی حکومەتـی خۆجێـی دادەمەزرێـن، هەمـان شـێواز پێـڕەو بکرێـت.

## مافی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمە نەژادییە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکان

ئەندامانی دەزگاکای خۆبەڕێوەبردن لە پانتاییە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکاندا بەو شێوەیە ئەرك و فەرمانەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن (رادەپەڕێنن) کە لە (پەرەگرافی سێهەمی بەشی پێنجەم) لە دەستووردا دیاریکراوە. هەروەها مافی خۆبەڕێوەبردن بەو جۆرە پیادە دەکەن کەلە دەستوور و یاسای خودموختاریی نەژادیی هەرێمایەتی و یاساگەلی دیکەشدا چەسپێنراوە. هەمان شتیش سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاساکان و سیاسەتەکانی دەوڵەت لەژێر رۆشنایی بارودۆخ و رەوشی خۆجێییەتی تایبەتی دەڤەرەکەیاندا، ئۆرگانە باڵاترەکانی دەوڵەتیش گەرەنتی ئەوە دەدەن کە دامودەزگەکانی حوکمەتی خۆجێیی هەرێمە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکان بەتەواوەتی مافی خۆیان لە خۆبەڕێوەبردندا پیادە دەکەن.

گرووپە نەژادییەکان کاروبارە ناوخۆییەکانی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکانیان سەربەستانە بەڕێوە دەبەن.

دانیشتوانەکانی سەر بە رەگەزە جیاوازەکان لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکاندا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا پارێزراوە، وەکو لە دەستوور و چەند یاسایەکی تردا هاتووە، هەروەکو مافە دیموکراتییەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە نێوخۆییەکانی گرووپە نەژادییە تایبەتییەکانی خۆیان لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکاندا لە رێی هەڵبژاردنی نوێنەرانی دیکەی خۆبەڕێوەبردندا، بە کردەنی (عملیا) پیادە دەکەن. هاووڵاتییانی سەر بەو گرووپە نەژادییانەی لەو هەرێمانەدا پیادەی سیستەمی ئۆتۆنۆمیی دەکەن نوێنەریان هەیە لە نێو سەرۆك و جێگرەکانی ئەو کۆمیتانەی سەرپەرشتی کارەکانی (کۆنگرە میللییە)کانی سەرجەم (١٥٥) دەڤەرە خودموختارییەکان لە وڵاتی (چین)دا دەکەن.

سـەرۆکەکاکانی گشـت هەرێـم، پارێزگـە و ناوچەگەلـە خودموختارییـەکان هـەر هەموویـان هاووڵاتـی سـەر بـەو گرووپـە نەژادییانـەن کـە لـە ناوچـە پێوەندارەکانـدا پیـادەی ئۆتۆنۆمیـی هەرێمایەتـی دەکـەن. بـۆ دڵنیابوونیـش لـەوەی کـە ئۆرگانەکانـی خۆبەڕێوەبـردن بەتەواوەتـی و بەبـێ کەموکوڕیـی مافـی رامیاریـی خۆیـان لـە ئەنجامدانـی گشـت کاروبـارە ناوخۆییەکانـی گرووپـە نەژادییانـەن لەنێـو ناوچـە خودموختارییەکانـدا پیـادە دەکـەن، دەزگا دەوڵەتییـەکان لـە ئاسـتی باڵاتـر و بەهەماهەنگـی لەگـەڵ ئۆرگانـە خۆجێییەکانـدا لـە هەرێمـەکان هەمـوو پێوانەیەکیـان گرتۆتـە بـەر بـۆ پێگەیانـدن و راهێنانـی ژمارەیەکـی زۆری کادیـران لەکەمینـە نەتەوەییـەکان و چەندیـن کەسـایەتی شـارەزا و پسـپۆریان لـە بوارەکانـی زانسـت، تەکنەلۆژیـا، کارکـردن و بەڕێوەبردنـدا پێگەیانـدوون و بـە کۆتایـی هاتنـی سـاڵی (٢٠٠٣)دا ژمـارەی کادیـر و پسـپۆرانی کەمایەتییـە ئەتنییـەکان گەیشـتە زێـتر لـە (٢,٩) ملیـۆن کـەس، لـە هەمانکاتیشـدا لـە رێگـەی هەڵبژاردنـی نوێنەرانیانـەوە بـۆ (کۆنگـرەی گشـتیی نیشـتمانیی) کەمینـە نەژادییـەکان مافـی بەشـداریکردن لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵەتـدا پیـادە دەکـەن. هـەر لـە یەکەمیـن (کۆنگـرەی گشـتیی نیتشـمانیی) (گـەل)ەوە تاوەکـو رۆژی ئیمـڕۆ، رێـژەی نوێنەرانـی ئـەو نەژادانـە لەهـەر (کۆنگرەیەکـدا) لـە نێـو کـۆی سـەرجەم نوێنەرانـدا پـتر بـووە لـە رێـژەی نفووسـی نەتەوەکەیـان بـۆ دانیشـتوانەکانی (چیـن) بەگشـتی، لەسـەردەمی بەسـتنی (کۆنگرە)کـەدا، بـۆ نموونـە لـە دەهەمیـن کۆنگـرەی نیشـتمانیی گـەل NPCدا (٤١٥) نوێنـەری کەمینەکانـی تێدابـوو، کـە دەیکـردە رێـژەی (١٣,٩١) سـەدی ژمـارەی سـەرجەم نوێنەرانـی (کۆنگـرە) و رێـژەی (٥٠,٥٪) ی ژمـارەی دانیشـتوانەکانیان بـۆ کـۆی ژمـارەی گـەل بەگشـتی و بگـرە زیاتریـش. هـەر گرووپـە ئەتنیەیـك نوێنـەری یـان چەنـد نوێنـەری تایبەتـی خۆیـان لـە (NPC)دا هەیـە و هـەر گرووپێکیـش ژمارەیـان لـە ملیۆنێـك پـتر بـێ پێویسـتە لـە کۆمیتـەی سـەرۆکایەتی (NPC)دا نوێنەریـان هەبێـت.

هەرێمـە نەژادییـە ئۆتۆنۆمییـەکان مافـی ئەوەیـان هەیـە یاسـا و ڕێوشـوێنی سـەربەخۆ و جیـاوازی خۆبەڕێوەبـردن بـۆ خۆیـان دابهێنـن.

یاسـا لەبـارەی خودموختاریـی هەرێمـی نەژادییـەوە ئـەوەی سـەپاندووە کـە (کۆنگرەکانـی گـەل) لـە دەڤـەرە ئۆتۆنۆمییەکانـدا وێـڕای کەلـك وەرگرتـن لـە هەمـان ئـەو مافانـەی دەزگـە کارگێڕییـە دەوڵەتییـە خۆجێییەکانـی تـر پیادەیـان دەکـەن، مافـی ئەوەشـیان هەیـە یاسـاگەلی خۆبەڕێوەبـردن و ڕێوشـوێنی سـەربەخۆ و جـوداواز بۆخۆیـان پێـڕەو بکـەن بەپێـی هەلومەرجەکانـی رامیاریـی و کەلتووریـی تایبـەت بـە گرووپـە نەژادییەکـەی نێـو ئـەو هەرێمـەوە. یاسـای کۆمـاری چینـی گەلـی لەبـارەی یاسـادانانەوە جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە (یاسـاکانی خۆبەڕێوەبـردن و ڕێوشـوێنە تایبەتـە جیـاوازەکان دەکرێـت مـاددە و مەرجـی وەهـا لەخۆبگـرن کـە بـە سـووکی وپـێ بەپـێ لەسـەر بنەمـای یاسـا بـەرکارەکان و یاخـود ڕێوشـوێنی یاسـاکانی پەیوەسـت بـە کاروبـاری بەڕێوەبـردن و کارگێڕییـەوە هەمـوار بکرێـن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ هەلومەرجـە تایبەتییەکانـی گرووپـە ئەتنییەکـەدا بگونجێـن). هەروەهـا جەخـت لـەوەش دەکاتـەوە کـە (لەهـەر شـوێنێکدا یاسـاکانی خۆبەڕێوەبـردن و یاسـا جـوداوازە تایبەتـەکان گۆڕانکاریـی گونجاویـان بـۆ قانوونـە بـەرکارەکان و ڕێوشـوێنە کارگێڕیەیـکان و یـان مەرجـەکان و ڕێوشـوێنە خۆجێییـەکان کردبێـت، ئـەو حەلـە پێویسـتە لـەو دەڤـەرە خودموختـارەدا کار بەرێوشـوێنەکانی حکومەتـی خۆجێیـی و مەرجـە تایبەتییـە جیاوازەکانـی بکرێـت). دیسـانەوە بەپێـی قانوونـی پەیوەسـت بـە ئۆتۆنۆمـی هەرێمایەتـی نەژادییـەوە، ئەگـەر بڕیـار و فەرمـان و ڕێنموونییەکانـی ئۆرگانەکانـی دەوڵـەت لـە ئاسـتی بـەزرت لەگـەڵ بارودۆخـی تایبەتـی دەڤەرێکـی خودموختـاردا نەگونجـان، ئۆرگانەکانـی خۆبەڕێوەبـردن بۆیـان هەیـە بە(راپـۆرت) بەرپرسـانی سـەرەوەتری دەزگـە دەوڵەتییـە پێوەنـددارەکان ئـاگادار بکەنـەوە، داوایشـیان لێبکـەن ڕێگـەی ئەوەیـان پێبـدەن دەقـاودەق کاریـان پێنەکـەن و یـان هـەر

بیشیانوەستێنن». بە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) هەرێمە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکان (١٣٣) یاسایی خۆبەڕێوەبردن و (٣٨٤) قانوونی جوداوازی دیکەیان دەرچواندبوو، هەروەها لەبەر رۆشنایی رەوشی تایبەتی هەر یەکێکیاندا، ناوچە نەژادییە خودموختارییەکان زۆر گۆڕانکاریی ورد و هێمنانەیان داهێناوە بۆ سەر (٦٨) ماددەدا لە قانوونەکانی وەك «یاسای هاوسەرگیری» و «یاسای میراتگریی» «یاسای هەڵبژاردن» «یاسای زەویوزار» و «یاسای پاوانەکان (لەوەڕگە)» و یاخود تەواوکەر و (پاشکۆ)یان بۆ زیاد کردووە.

بەکارهێنان و پەرەپێدانی (زمانی ئاخافتن و نووسینی) گرووپە نەژادییەکان

بەپێی ئەو رێنماییانەی لە یاساکانی حکومەتی خۆجێیی لە دەڤەرە نەژادییە خودموختارییەکاندا هاتوون، ئۆرگانەکانی حکومەتی خۆجێیی ئەو دەڤەرانە دەبێ بۆ ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانە رەسمییەکانیان یەکێك یان پتر لەو زمانە ناوچەییانە بەکاربێنن کە لەوێدا زیاتر کاریان پێدەکرێت (باوان) و لە حاڵەتی بەکارهێنانی پتر لەیەك زمانیشدا ئەوا پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی زمانی ئەو گرووپە نەژادییە بەکار ببرێت کە پیادەی ئۆتۆنۆمیی هەرێمایەتییەکە دەکات. دەڤەرە خودموختارییەکانی وەکو (مەنگولیای ناوەوە، خینچیانگ و تیبەت) بە رەچاوکردنی بەکارهێنان و گەشەپێدانی زمانەکانی ئاخافتنو نووسینی تایبەت بە گرووپە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە، چەند رێوشوێنێکیان بۆ خۆیان داهێناوە و لەسەری دەڕۆن، هەروەکو چەند قانوون و رێبازیان بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو رێوشوێنانە هێناوەتە ئاراوە. هەر زوو دوای دامەزراندنی (چینی تازە) و دەوڵەت یارمەتی ژمارەیەك لە کەمینە رەگەزییەکانیدا بۆ پەرەپێدان، یاخود دروستکردنی زمانی نووسینی تایبەت بەخۆیان و بە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) (٢٢) کەمینەی رەگەزیی لە (چین) و ٢٨ زمانی نووسینیان بەکارهێناوە، ئەمەو لە وڵاتی (چین)دا زمانەکانی

ئاخاوتن و نووسینی کەمینە نەژادییەکان بە بەرفرەوانیی لە بوارەکانی (یاسا و دادپەروەریی، کارگێڕیی، پەروەردە، ژیانی رامیاریی و کۆمەڵایەتی و بوارگەلی تر)دا بەکاردێن. لەکاتی سازدانی کۆبوونەوە و گرنگەکانی وەك (کۆنگرەی نیشتمانیی پارتی کۆمۆنیستی چین CPC، کۆنگرەی نیشتمانیی گەل NPC و دانیشتنەکانی تایبەت بە کۆنفرانسی راوێژکاریی رامیاریی گەلی چین CPPCC دا بەڵگەنامەکانی (دۆکیۆمێنت) کۆبوونەوەکان بە زمانەکانی (مەنگۆلی، تیبەتی، ئۆیگۆری، کازاکی، کۆریایی، یی (Yi) و ژوانگ)ی دەخرێنە بەردەست و لە هەمانکاتدا وەرگێڕی راستەوخۆ لەو زمانانە لەوێدا ئامادە دەبن.

ڕێزگرتن و مسۆگەرکردنی (گەرەنتیی) سەربەستی بڕوای ئایینی بۆ کەمینە نەژادییەکان:

زۆربەی زۆری ئەندامانی کەمینە نەژادییەکان خاوەنی باوەڕی ئایینی تایبەت بە خۆیانن. هەندێك گرووپی نەژادیی هەن زۆرینەی خەڵکەکەی پێڕەوانی ئایینێکی تایبەتن. بۆ نموونە زۆربەی (تیبەتیەکان) شوێنکەوتووی ئایینی (بووزیی تیبەتین) لە کاتێکدا نەتەوەکانی Uegur (Hui) لەسەر ئایینی (ئیسلامن)، ئۆرگان و دامەزراوەکانی حکومەتی خۆجێیی لە پانتاییە ئۆتۆنۆمییەکاندا، بە گوێرەی بڕگەکانی دەستوور و قانوونە کارپێکراوەکان ڕێز لە ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی کەمینە نەتەوەییەکان دەگرن و دانیان پێدادەنێن و داکۆکی لەسەرجەم چالاکیی و جموجۆڵە ئایینییە شەرعی و ئاساییەکانیان دەکەن بەکۆتایی هاتنی (٢٠٠٣) دا (١٧٠٠) شوێن بۆ ئەنجامدانی چالاکیی تایبەت بۆ (بووزییەکان) لە ناوچەی (تیبەت) دەستەبەرکرابوو، هەروەکو (٤٦) هەزار قەشە و پەرستار - نێر و مێ-) نیتشەجێ و (٢٣٧٨٨) مزگەوت و (٤٦) هەزار رابەری ئیکلیرکی لە هەرێمی (Xinjiang Uygur) ی خودموختارییدا و لە هەرێمی (Ningxia Hui) ی ئۆتۆنۆمیی دا (٣٥٠٠) مزگەوت

و (٥١٠٠) پەرستگەی ئەکلیرکی خۆجێی، هەبوون. ئەمەو سەرجەم چالاکیەی ئایینییەکانیش بەشێوەیەکی زۆر سروشتیی و ئاسایی بەڕێوە دەبردرێن و ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی کەمینە نەژادییەکان بەتەواویی ڕێزلێگیراو و مسۆگەر کراوە.

هێشتنەوە، یان هەموارکردنی دابونەریت و شێوازە فۆلکلۆرییەکانی گرووپە ئەتنییەکان

ئۆرگانەکانی حکومەتە خۆجێییەکان لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکاندا گەرەنتی دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکانی گشت کەماتییە ئەتنییەکان دەدەن بۆ پێڕەوکردنی دابونەریت و شێوازە فۆلکلۆرییە بۆ ماوەییەکانی خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لە کاتی راپەڕاندنی جموجۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە ئەم بابەتانە لە خۆدەگرن، ڕێزگرتن لە رەوشت و دابونەریتی کەمینەکان، ڕێزگرتن و پێدانی بایەخی تایبەیت بە بۆنە و جەژنەکانیان. دڵنیابوون لە دەستەبەرکردنی جۆری خواردەمەنی تایبەت، دڵنیابوون لە بەرهەمهێنان و گەیاندنی کەلوپەلی تایبەت و هەروەها ڕێزگرتنی نەریتەکانیان لە بۆنەی ژنهێنان و مردن و پرسەیاندا. لە هەمانکاتیشدا، کەمینە نەژادییەکان هاندەدرێن کە فێری ئەوە بن لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیاندا و هەروەها لە بۆنەکانی ژنهێنان و پرسەشیاندا، دابونەریتی زانستیانە و شارستانیانەی دروستی سەردەمیانە و تازە بابەت دابهێنن و پێڕەوییان لێبکەن.

ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و گەشەپێکردنی سەربەخۆییانەی بونیادی ئابووریی:

ئۆرگان خۆجێییەکان لە هەرێمی ئۆتۆنۆمییەکاندا بۆیان هەیە بەپێی بڕگەکانی قانوون و خەسڵەتەکانی گەشەسەندنی ئابووری ناوەخۆ (خۆجێیەتی) بەشێوەیەکی عەقلانی و بە هۆشیاریی چاکسازیی لە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان یان بونیادی ئابووریی هەرێمەکەدا ئەنجام بدەن.

دامودەزگەکانی حکومەتە خۆجێیەکانی دەڤەرە خودموختارییەکان لەسەریان واجبە ژینگە ناوخۆییەکانیان بپارێزن و پەرەشیان پێبدەن و دژی گەندەڵیی پیسبوون و هەرجۆرە پشێوییەکی گشتی بوەستنەوە، هەروەکو بەپێی برگە یاساییەکانیش بڕیار لە مافی خاوەندارێتی و بەکاربردنی پاوان و دارستانەکان لە سنووری دەڤەرەکەیاندا دەدەن. هەروەها بەپێی یاسا سەرچاوە سروشتییە خۆماڵییەکان بەڕێوە دەبەن و دەشیانپارێزن خۆشیان سەرپشکن، بە گوێرەی برگە یاساییەکان و نەخشە وپلانە هاوبەش و گشتییەکانی دەوڵەت، لە سوود وەرگرتن لەو سەرچاوەسروشتییانەی دەستیان پێیانڕا دەگات و پەرەپێدانیشیان، بۆ نموونە پارێزگە ئۆتۆنۆمییەکانی سەر بە (Sichuan Aba Tibeten) (Qiang) ئەوپەڕی سوودیان لە هەردوو ناوچەی (Hanglong ) و (Jiuzhaigou) کە دوو شوێنی بۆماوەیی سروشتیی ناسراوی جیهانین وەرگرتووە. بەوەی کە سەرچاوە گەشتوگوزارییەکانیان بۆ بنیاتنانی پیشەسازیی گەشتیاریی بەکارهێناوە و، لەپەرەپێدانی ئەم چەشنە پیشەسازییەشدا بایەخی تایبەت بە پاراستنی هەردوو شوێنەکان دەدەرێت. ئۆرگانە خۆجییەکان لە هەرێمە خودموختارییەکاندا مافی بەڕێوەبردنی کاروباری پێوەندیداریان بە بوارەکانی دارایی ناوخۆییەوە هەیە. سەرجەمی داهاتە داراییەکانی سەر بە هەرێمە نەژادییە خودموختارەکان دەتوانرێت، بەپێی سیستمی دارایی دەوڵەتەوە لەلایەن ئۆرگانەکانی حکومەتی خۆجێیەوە بەبێ هیچ لێکەمکردنەوەیەك بەکار ببرێن. هەر بەپێی پرەنسیپەکانی دەوڵەتەوە دەبێ تێچووی بودجە لە دەڤەرە ئۆتۆنۆمییەکاندا برێك سەرمایەی نەختینە وەك (یەدەگ و پاشەکەوتی) تیادا هەبێت کە رێژەکەی بەرامبەر بە خەرجییە گشتییەکان بەزرتر بێت لە هاوشێوەکانی لە هەرێمەکانی دیکەدا. ئەوان بۆیان هەیە لە ژێر رابەرایەتی نەخشەکانی دەوڵەتیدا و بە پشتبەستن بەسەرچاوە دارایی و کەرەستە و کانە خۆجییەکان وبارودۆخی تریشەوە پرۆژەکانی بونیادنانی سەرمایەی ناوە خۆیان رێکبخەن و بەشێوەی سەربەخۆیش دامەزراوە

و پەیمانگـە خۆجییەکانیـان ببـەن بەڕێـوە. هـەر بەپێـی ڕێوشـوێنە دەوڵەتییـەکان هەرێمـە ئەتنییـە ئۆتۆنۆمییـەکان بۆیـان هەیـە بازرگانـی لەگـەڵ دەرەوەدا بکـەن، هەروەکـو دەشـتوانن بـە وەرگرتنـی مۆڵەت لـە (ئەنجوومەنـی دەوڵەتیی) بۆ پرۆسـەی بازرگانیـی دەرەکیـی (بەنـدەران) بـۆ خۆیـان بکەنـەوە. سیاسـەتی دەوڵەتیـش لـەو رووەوە ئەوەیـە بـۆ بازرگانیـی لەگـەڵ دەرەوەدا پشـتگیریی لە هەرێمـە ئۆتۆنۆمییەکان دەکات. هەمـوو هەرێمـە نەژادییـە خودموختـارەکان بەمەبەسـتی پەرەپێـدان و گەشـە ئابووریـی و رامیـاری پلانگـەل و ئامانـج و پێـوەری تایبـەت بەخۆیانیـان داهێنـاوە بەرێـگای پێڕەوکردنـی پلانـە سەرتاسـەرییەکانی دەوڵەتـی بـۆ پێشـڤەبردنی ئابووریـی و کۆمەڵایەتیـی نیشـتمانیی، ئەمەیـش بەرەچاوکردنـی هەلومەرجـە ناوخۆییەکانـەوە هەروەکـو ئۆرگانـە حکومەتییـە خۆجێییەکانـی دەڤـەرە خودموختـارەکان لـە پرۆسـەی بەڕێوەبردنـی بودجـەی داراییـدا سـەربەخۆن لـە رێکخسـتن و بەکاربردنـی ئـەو بـڕە پـارە زیادانـەی لـە پاشـەکەوتیی خەرجییەکانـەوە گل دەدرێنـەوە. کاتـی جێبەجێکردنی یاسـاکانی باجـی دەوڵەتیی،سـەرباری ئـەو پرۆژانـەی باجیـان لەسـەرکەمکراوەتەوە، یـان لەلایـەن دەوڵەتـەوە بەخـشراون، ئۆرگانـە خۆجییەکانـی هەرێمـە ئۆتۆنۆمییـەکان دەتوانـن داشـکاندن و هەروەهـا بەخشـین لـە (بـاج و گومـرگ) لەسـەر داهاتـە خۆجییەکانیـان بـۆ پرۆژەگەلێـك کـە پێویسـتیان بـە هانـدان و پشـتگرتن و مامەڵـەی تایبـەت هەیـە دەسـتەبەر بکـەن.

سـەربەخۆبوون لـە شـێوازگەلی ئەنجامدانـی پرۆسـەی پێشخسـتنی پەروەردەیـی، زانسـتی، تەکنەلۆژیـی و فەرهەنگییـدا.

(ئۆرگانەکانـی حکومەتـە خۆجییەکانـی هەرێمـە خودموختارییـەکان خۆیـان بڕیـار دەدەن لەسـەر پلانـە پەروەردەییـەکان، دامەزرادنـی خوێندنگەکان، سیسـتمی خوێندن (ئـەو شـێوازانەی قوتابخانەکانـی پێـوە بەڕێـوە دەچـن، پرۆگرامەکانـی خوێنـدن) زمانـی فێرکـردن وشـێوازی تۆمارکـردن، ئەمانەیـش گشـتیان بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ

سەرەتاکانی پەیوەست بە پەروەردە و ڕێنماییە یاساییەکانی دەوڵەتدا دەکرێن. قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکانی سەر بە نەژادەکان، ئەو جۆرانەی بەشی ناوخۆیی و دەستگیرۆیی بۆ زۆربەی خوێندکاران فەراهەم دەکەن، لەناوچە پاوانیی و شاخاوییەکاندا دروست دەکرێن. کە عادەتا لەوشوێنانە خێزانەکان کێشەو گرفتی دارایییان هەیە و بە پەرت و بڵاویی دەژین، بۆ ئەوەی لەوەی دڵنیابن کە خوێندکارەکان دەتوانن قۆناخی خوێندنی تەوزیمی (ئیلتزامی) بەکۆتا بێنن. فێرگەکانی(یاخود پۆلەکان) و پەیمانگە پەروەردەییەکانی تر، ئەوانەی زۆرینەی قوتابیانیان رۆڵەی خێزانەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەییەکانن پێویستە چەندی دەرفەت هەبێ ئەو پەرتووکانە (کتێب) بەکار بێنن کە بە زمانی تایبەتی خۆیان چاپکراون، هەروەکو دەبێ (وانە)کانیش هەر بەو زمانانە بگوترێنەوە. خولی تایبەتیش بۆ فێرکردنی زمانی (چینی) دەبێ بەگوێرەی بارودۆخی ناوخۆیی ناوچەکان لە ماوەی جیاجیای خوێندنی سەرەتاییدا بکرێنەوە، ئەمەیش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی زمانی (ستانداردی چینی) کاربەدەستە خۆجییەکان لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکاندا سەربەستانە پەرە بە ئەرکە فەرهەنگییەکانی وەك (ئەدەب، هونەر، هەواڵ و چاپەمەنیی، پەخشی رادیۆیی، سینەما و پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆن) دەدەن، هەرخۆشیان چەندین بەش و سازمانی گونجاو رێکدەخەن بە نیازی کۆکردنەوە، نووسینەوە، وەرگێڕان و بەچاپگەیاندنی پەرتووکگەلی مێژوویی و رۆشنبیریی، هەروەها شوێنە سروشتییە دڵرفێنەکان و شوێنەوارە مێژوویی و رۆشنبیرییە بەهادارەکان و شتە گرنگەکانی دیکەی کەلتورویی ناوچەیی خۆیان دەپارێزن، کە لە کۆنەوە بە میرات بۆیان ماونەتەوە لە هەمان کاتیشدا ئەو کەلتووری نەتەوەییەی پشت بە پشت بۆ گروپەکەیان هاتۆتە خوارەوە دەپارێزن و پەرەیشی پێدەدەن. لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٤)دا (چین) خاوەنی ٢٩ شوێنەواری کەلتووریی و سروشتیی جیهانی بوو، کە دوانیان بەناوی کۆشکی پۆتالا (Potala palace) لە لاسا (lhasa)

و شــارۆچکەی (Lijiang)ی دێریــن، هەروەهــا ســێ لــەو شــوێنەوارە سروشــتییە بۆماوەییانــە بــە ناوەکانــی (Hanglong Scenic) و (Jiuzhagou Valley Scenic) دەڤــەری دڵگــری مێژوویــی و دیمەنــە ســیحراوییە مێژووییەکــەی (Three parallel Rivers) هــەر هەموویــان کەوتوونەتــە هەرێمــە نەژادییــە ئۆتۆنۆمییەکانــەوە. سـەرەڕای ئەمانیـش بەڵگەنامـە کلاسـکییەکانی (Dongba) دۆنگبـای گرووپـی نـەژادی ناخســی (naxi) خراونەتــە نێــو (لیســتی یــادگارە بــۆ ماوەییــە جیهانییەکانــەوە).

بەرپرســانی حکومەتــە خۆجییەکانــی دەڤــەرە خودموختــارەکان ســەربەخۆیانە نەخشـەکانی پێشخسـتنی زانسـت و تەکنەلۆژیـای ناوچەکانیان دادەڕێژن بەمەبەسـتی بڵاوکردنــەوە و پەرەپێدانیــان. هەروەکــو بــە ویســتی خۆشــیان بڕیــار دەدەن لەســەر نەخشـە و پلانەکانـی بەرەوپێشـبردنی کاروبـار و دۆخـی تەندروسـتی و دەرمانسـازیی لەسـەر شـێوازی سـەردەمیانە، لـە تـەك گرنگیـدان بـە دەرمانـە کۆنەکانیشـیانەوە. بـە کۆتایـی سـاڵی (٢٠٠٣)دا. (١٥٧) نەخۆشـخانەی ئەتنیـی لـە (چـی) هەبـوو کـە (٥٥) یــان پەیوەســت بــە داودەرمانــی (تیبیەتیــەکان) بــوون و (٤١)یــان بــە داودەرمانــی (مەنگۆلییــەکان) و (٣٥)یــان ســەر بەداودەرمانــی ئۆیگــۆر (Uygur)یــەکان و (یەکێك) بـۆ دای (Dai) و (٢٥) شـیان بـۆ شـێوەکانی دیکـەی دەرمانسـازیی نەژادیـی بـوون. کــۆی تەختەکانــی (سریــر) ئــەو نەخۆشــخانە هەمــووی (٥٨٢٩) بــوون. دامودەزگەکانی حکومەتــە خۆجییــەکان لــە دەڤــەرە ئۆتۆنۆمییەکانــدا لــە هــەر شــتێکی پێوەندیــی بــە وەرزش و پێشــڤەبردنی چالاکییــە وەرزشــییە نەژادییــە دێرینەکانــەوە هەیــە بڕیارگەلـی تایبەتـی خۆیانیـان هەیـە بـە کۆتایـی سـاڵی (٢٠٠٣) (چیـن) حـەوت جـار نمایشــی نیشــتمانیی بــۆ وەرزشــە کەلوپوورییەکانــی کەمینــە نەژادییــەکان ســازدابوو، لــە حەوتەمیــن نمایــش و فیســتیڤاڵی نیشــتمانی بــۆ وەرزشــە کەلەپوورییەکانــی کەمینــە ئەتنییــەکان کــە ســاڵی (٢٠٠٣)لــە هەرێمــی (Ningxia Hui)ی ئۆتۆنۆمیــی دا بەڕێوەچـوو، (١٤) جـۆر پێشـبڕکێ و (١٢٥) چالاکیـی هەمەجـۆری وەرزشـیی تیـادا نیشـاندرا بـوون.

## پشتگیریی و یارمەتی حکومەتی ناوەند بۆ هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکان

دەستوور جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «دەوڵەت هەرچی لە توانای دا هەیە دەیکات بۆ بەرەو پێشبردن و چاککردنی پەرەسەندنی گشتیی و هاوبەشی گرووپە ئەتنییەکان. هەروەکو (یاسای ئۆتۆنۆمیی هەرێمە نەژادییەکان) بەشێوەیەکی زۆر روونتر ئەوە بە ئەرکێکی شەرعی و رەوا دادەنێت کە ئۆرگانە باڵاترەکانی دەوڵەتی پێویستە لەسەریان و دەبێ هاوکاری دەڤەرە ئەتنییە خودموختارەکان بکەن بۆ خێراتر کردنی گەشەکردنیان. جا حکومەتی چین بۆ بەئەنجامگەیاندنی بڕگەکانی ناو (دەستوور و یاسای ئۆتۆنۆمیی هەرێمە نەژادییەکان) زنجیرەیەك پێوانەو شێوازی بەم شێوەیەی خوارەوە داهێناوە.

پێدانی گرنگیی سەرەکیی بە خێراکردنی گەشەسەندنی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییەکانی نەژادەکان

لە کاتی نەخشەدانان بۆ گەشەپێکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی سەرتاسەریی نیشتمانیی، حکومەتی ناوەند بایەخ و گرنگیی تەواو بە خەسڵەت و پێداویستییەکانی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکان دەدات ستراتیژییەکی سەرەکیی بۆ خێراکردنی گەشەپێکردنیان داڕشتووە لە چاو رێکخستنی گشتی و داخوازییەکانی گەشەکردنی نەتەوەیی سەرتاسەریی دا. بەمەبەستی پەلەکردن لە پێشخستنی هەرێمەکانی خۆرئاوای چین و دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکان، حکومەتی چین ستراتیژییەکی زۆر گرنگی بۆ گەشەپێدانی خۆرئاوای ئەم وڵاتە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دەستپێکردووە، (٥) هەرێمی ئۆتۆنۆمیی (٢٧) پارێزگەریەتی خودموختاریی و(٨٣) لە (١٢٠) بەخشە خودموختارییەکان دەگرێتە خۆ، سەرباری ئەوەش سێ پارێزگەریەتی خودموختاری دیکەش رێگەی پێدراوە

کەڵك لەو سیاسەتە لاگیرییە وەربگرن کە دەوڵەت بۆ هەرێمەکانی خۆرئاوا پێڕەویی لێدەکات. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لەوکاتەوە کە ستراتیژییەتی چاککردنی ڕەوشی بەشی ڕۆژئاوای وڵات خراوەتە کار، بنیادنانی (٦٠) پڕۆژەی زۆر گرنگ دەستی پێکراوە، کە هەموویان بەیەکەوە (٨٥٠) بلیۆن یوان (Yuan) بەرهەمیان دەبێت و ڕۆڵێکی گرنگیش لە سەرخستنی پرۆسەی گشەپێکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکاندا دەگێڕێت.

پێدانی پلەی یەکەم بە پڕۆژە بنچینەییەکان لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکاندا:

لە وەختی ئامادەسازیی بۆ بنیاتنانە بنچینەییەکان و بەکاربردنی سەرچاوەکانی پانتاییە نەژادییە خودموختارییەکاندا حکومەتی ناوەندیی پشکی وەبەرهێنان و قەرد وەرگرتن لە بانکەکان بەرز دەکاتەوە لەهەمانکاتیشدا دەڤەرە خۆجییەکان بە گوێرەی بارودۆخە جیاوازەکانیان لە قازانجی گوژمەی قەردەکانیان دەیانبەخشێت، یاخود دایاندەشکێنێ (کەمیان دەکاتەوە).

بە دەستپێکردن لە ماوەی (یەکەم پلانی پێنج ساڵەیی ١٩٥٣ -١٩٥٧) دا حکومەتی چین ژمارەیەك پڕۆژەی بۆ بنیادنانی سەرەکیی لە دەڤەرە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکاندا ئامادە کردووە، کە ئەمانەی لەخۆگرتوون: بنکەی باوتۆی (Baoto) ئاسن و پۆڵا لە مەنگۆلیای ناوەوە، وێستگەی هێزی هایدرۆی (Qingtongxia) لە (Ningxia) گەڕان بە دوای پەترول (نەوت)دا لە (Xinjiang) و ئۆتۆپانە سەرەکییەکان کە سیچوان (Sichuan) و تیبەت (Tibet) و (Xinjiang) و تیبەت بە یەکەوە دەبەستنەوە. هەروەها هێڵە سەرەکیەیکانی ئاسن بە (شەمەندەفەر) ئەم ناوچانە بەیەکەوە دەگەیەنێت: (Baotou , Lanzhou) (Lanzhou) و (xining) هەروەها (Lanzhou) لەگەڵ (Urumqi) دا. لە ١٩٩٠دا دامەزراوەگەلی زەبەلاح بۆ گواستنەوە دروستکراون، وەکو هێڵی ئاسنی نێوان

(Zhongwei) لـە(Ningxia) و (Baoji) لـە (Shaanxi)، هەروەهـا هێڵـی ئاسـنی (Nanjiang) و فڕۆکەخانـەی تاچینـگ (Tacheng) لـە (Xinjiang) لـە سـاڵی (٢٠٠٠) دەوڵـەت هەڵسـاوە بـە یارمەتیدانـی دەڤـەرە ئەتنیـەی ئۆتۆنۆمییـەکان تاکـو زیاتـر سـەرچاوەکانیان بـۆ دەسـتکەوتی ئابووریـی بگۆڕنـەوە بـە ڕێگـەی وەبەرهێنانیـان لەدامەزراندنـی ژمارەیـەك لەپرۆژەگەلـی سـەرەکیی وەکـو (پـرۆژەی گوێزانـەوەی گازیـی سروشـتی ڕۆژئـاوا، ڕۆژهـەڵات) (پـرۆژەی گواسـتنەوەی وزەی خۆرئـاوا، خۆرهـەڵات) و (هێڵـی ئاسـنیی نێـوان (Tibet) و (Qinghai) دەوڵـەت ئامادەباشـیی تایبەتـی بـۆ بنیادنانـەوەی ژێرخانـی ئاوەدانکردنـەوە و گەشـەپێدانی پیشەسـازییە بنچینەییـەکان لـە تیبـەت دا ئەنجامـداوە. لـە سـاڵی ١٩٨٤ەوە تـا سـاڵی ١٩٩٤ بەگشـتی (٤٣) پـرۆژە دامەزرێـنراون بـە خسـتنەکاری (٤٨٠) ملیـۆن یـوان (Yuan) وەك یارمەتیـی لەحکومەتیـی ناوەندیـی و (نـۆ) ناوچـە ناوخۆییـەکان و شـارەوانییەکانیانەوە. لـە(١٩٩٤) تـا (٢٠٠١) نزیکـەی ٣٠ پـرۆژە بنیادنـراون بـە هاوکاریـی ڕاسـتەوخۆی (٣٠٩) بلیـۆن یـوان لـە حکومەتـی ناوەندییـەوە. هەروەهـا (٣٢) پرۆژەیـش کۆتیایـان پێهاتبـوو بـە دەسـتگیرۆیی نزیکـەی (٩٦٠) ملیـۆن یـۆان لـە دەڤـەرە گەشـە سـەندووەترەکانی خۆرهەڵاتـەوە. لـە ماویـە دەهەمیـن نەخشـەی پێنـج سـاڵەیی (٢٠٠١-٢٠٠٥)دا حکومەتـی ناوەنـد (٣١٠٢) بلیـۆن یوانـی لـە (١١٧) پـرۆژان بەتەنهـا لـە تیبـەت (Tibet) بـەکار بـردووە.

لـە سـاڵی ١٩٩٠ەوە حکومەتـی چیـن پرۆگرامگەلێکـی بەرفرەوانـی بـۆ دامـەزراوە بنچینەیەیـکان لـە بـواری گواسـتنەوە (ترانسـپۆرت)دا دەسـتپێکردووە بەمەبەسـتی سـوودگەیاندن بەگشـت هەرێمـە نەژادییـە خودموختـارەکان، بـۆ نموونـە «ئۆتۆبانـە دەرەکییـەکان بـۆ پەخشـە هـەژار و دواکەوتـووەکان» ڕێـگا قیرتاوکـراوەکان بـە گشـت موقاتەعەکانـی خۆرئـاوای چیـن» هەروەهـا (ئۆتۆبانەکانـی لادێ و موقاتەعەکانـی (پەخـش) نـاوەوە. بەدرێژایـی (٢٢٥٠٠) کیلۆمەتـر ڕێگاوبـان لـە لادێ و پەخشـەکاندا دروسـتکراون یاخـود نۆژەنکراونەتـەوە کەنزیکـەی سـەد

بلیۆن (یوان)یان تێچووە، ئەم کارە بەشێوەیەکی بەرچاو هەلومەرجی نالەبار و دواکەوتووی گواستنەوە (ترانسپۆرت)ی لەهەندێ لەو دەڤەرانەدا چاککردەوە کە کەمینە ئەتنییەکانیان تیادا ئاکنجی بوونە.

پتەوکردنی پشتگیریی دارایی بۆ هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکان

بە پێشکەوتنی ئابووریی نەتەوەیی و زیادبوونی داهاتی دارایی، حکومەتەکان لەگشت ئاستەکاندا پێ بەپێ کرێی زیاتریانداوە بۆ گواستنەوە لە گەنجینەکانەوە (خەزێنە) بۆ دەڤەرە ئۆتۆنۆمییەکان. لە رێگای کرێی گواستنەوەی ئاسایی لە گەنجینەکانەوە، کرێی گواستنەوەی بۆ مەبەستی تایبەت لە گەنجینەکانەوە و کرێیاری گواستتنەوە لە گەنجینەکانەوە بە گوێرەی سیاسەتێکی کە کەمینە نەتەوەییەکان زێتر لەبەرچاو دەگرێت و بە چەند رێگایەکی تریش، حکومەتی ناوەندیی داهاتی دارایی هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکانی زیاد کردووە بۆ ئەوەی پەرە بە گەشەی ئابوورویی و پێشخستنی کۆمەڵایەتی خۆیان بدەن و بەرە بەرەو لەسەرخۆ ئەو جیاوازییە کەمکەنەوە کە لە نێوان ئەمانە و دەڤەرە گەشە سەندووترەکانی دیکەدا هەیە. حکومەتی چین هەندێ سەرمایەی بۆ مەبەستی تایبەت تەرخانکردووە لەوانە «دەزگەی کۆمەککردنی دەڤەرەکانی کەمینە رەگەزییەکان» کە لە ساڵی (١٩٥٥)ەوە دامەزراوە، سەرمایەی پشتگیری کردن (Stand- by) بۆ دەڤەرەکانی کەمایەتییە رەگەزییەتییەکان لە ساڵی ١٩٦٤دا. هەروەها حکومەت پێرەویی لە چەند سیاسەتێکی تایبەتمەندی وەك زیادکردنی پشکی سەرمایەی پاشەکەوتکراو کردووە بۆ ئەو دەڤەرانە بۆ ئەوەی یارمەتی دەڤەرە نەژادییە خودموختارەکان بدات تا گەشە بە ئابوورییەکانیان بدەن و ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە بەرز بکەنەوە. لە ماوەیە (١٩٨٠-١٩٨٨)دا بودجەی ناوەندیی سیستەمێکی بە زیادەیەکی (١٠٪) لە سەدا دەی ساڵانەوە بۆ

کۆمــەك پێکــردن بــۆ هەریــەك لــە هەرێمەکانــی (مەنگۆلیــای نــاوەوە، خینجیانــگ، گوانگخــی، نینگخیــا و تیبەتــی) خودموختــار پیادەکردبــوو. هــەروەك ئەمــەی بــۆ موقاتەعەکانــی (یوونــان، گویزهــاو، وەگینگهــای)ش کردبــوو کــە ژمارەیەکــی زۆری دانیشــتوانەکانیان لــە کەمینــە ئەتنییــەکان پێکهاتــوون. ســاڵی (١٩٩٤) حکومەتــی ناوەندیــی چاکســازییەکی بنەڕەتیــی لەشــێوەکانی بەڕێوەبردنــی داراییــدا دەســتپێکرد کــە تیایــدا گرنگیــی ســەرەکی درا بــە سیســتەمی هاوپشــکبوونی دەســەڵاتەکانی ناوەندیــی و خۆجێییەتــی لــە داهاتــەکان (بــاج و گومــرگ)دا کەچــی سیاســەتی بەخشــینی کۆمەڵێــك و هاوکاریــی تایبــەت بــۆ هەرێمەکانــی کەمــە رەگــەزەکان وەك خــۆی مایــەوە و بــەردەوام بــوو. کاتێکیــش ســاڵی (١٩٥٥) شــێوازی وەرگرتنــی کرێــی لەســەر ترانزێــت (تێپەڕبوونــی کاڵا و کەلوپــەل بــە هەرێمــدا) خســتەکار، حکومەتــی ناوەندیــی بەرامبــەر ناوچــە ئۆتۆنۆمییەکانــی کەمینــە ئەتنییەکانــی سیاســەتێکی پێڕەوکــرد کــە بریتــی بــوو لــە زیادکردنــی کرێیەکانــی پەیوەســت بــە گواســتنەوە کــە دەدرێنــە ئــەو هەرێمانــەوە، کــە ئەمانــەی خــوارەوەی دەگرتنــەوە. هەرێمەکانــی (مەنگۆلیــای نــاوەوە، خینجیانــگ، گوانگخــی، نینگخیــا، تیبــەت) کــە هەموویــان خودمختــارن، لەگــەڵ چەنــد موقاتەعەیەکــی خودموختاریــی وەك (یۆنــان، گویزهــاو، گینگهــای) هەروەهــا چەنــد پارێزگاگەلــی ئۆتۆنۆمیــی ســەر بــە کەمینــە نەژادییــەکان لــە موقاتەعاتــی تــردا.

گرنگیــدان بــە دامــەزراوە شــوێنەوارییەکان و پاراســتنی ژینگــە لــە هەرێمــی ئەتنییــە ئۆتۆنۆمییەکانــدا

هــەر چــوار دەڤــەرە ســەرەکییەکان و هــەر چــوار پــرۆژە گەلــە ســەرەکییەکان کــە خراونەتــە نێــو نەخشــە و پلانــە نەتەوەییەکــەی حکومەتــی چیــن ســەبارەت بــە دامــەزراوە ژینگەیــی و شــوێنەوارەکانی، هەموویــان دەکەونــە دەڤەرەکانــی کەمینــە نەژادییەکانــەوە «پــرۆژەی پاراســتنی دارســتانە سروشــتییەکان» و هەروەهــا

پرۆژەکانی گۆڕینی کێڵگەکان بۆ جەنگەڵ و لەوەڕگا بەشێوەیەکی گشتی لە دەڤەرەکانی کەمینە نەتەوەییەکاندان. نزیکەی نیوەی هەر (٢٢٦) یەدەگە سروشتییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا کەوتوونەتە ئەو دەڤەرانەوە و ئەمانەیش دەگرێتەوە. (zoige wetland nature reserve) لە سیچوان (Sichuan) و (xishuangbanna nature reserve). سەرباری ئەمەیش حکومەتی ناوەندیی دەستی بە "پرۆژەی باشکردنی هۆشیارانەی ژینگەی تاریم باسین (Tarim Basinx) لە خنجیانگ دا کردووە لەتەك پرۆژەی پارێزگاریی لێکردنی سەرچاوەی سێ رووبارەکان (Three rivers) لە پارێزگەیی یووشووی تیبەتی ئۆتۆنۆمیی کینگهای دا. لە هەمان کاتیشدا گرنگییەکی زۆریداوە بە چاککردنی باری شوێنەوارەکانی دەڤەرەکانی (Karst) لە باشووری چیندا.

پێڕەوییکردنی پێوەری تایبەت بۆ یارمەتیدانی هەرێمە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکان تاکو پەرە بە پەروەردە بدەن:

دەوڵەت یاریدەی هەرێمە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکان دەدات بۆ ئەوەی خوێندنی تەوزیمی نۆ ساڵە بکەن بە ئەرکێکی گشتی و شێوازی خوێندنی تێکەڵاویش بەرەوپێش ببەن. دەڤەرە خودموختارییە نەژادییەکان ئامانجی سەرەکی پلانەکانی دەولەتن بۆ گشتاندنی خوێندنی نۆ ساڵەیی تەوزیمی بەشێوەیەکی بنچینەیی و لە ریشەوە هەڵکێشانی نەخوێندەواریی لە نێوان گەنجان و تەمەن ناوەندییەکانی دانیشتووانەکاندا « پرۆژەکەی خوێندنی تەوزیمی بۆ دەڤەرە دواکەتووەکان» کە دەوڵەت دەستیپێکردووە بۆ هەرێمە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکانی خۆرئاوای چینیش هەمان مەبەستی هەیە. لەوەیش زیاتر دەوڵەت هەروەها پەیمانگەگەلی بۆ خوێندنی باڵاتر دامەزراندووە و قوتابخانە و خولی شیاندن و ئامادەیی بۆ خوێندکارانی کەمینە نەژادییەکان دەکاتەوە. پەیمانگەکانی خوێندنی باڵا و قوتابخانەکانی فرە هونەرەکان

وایانکـردوە سـتاندەردی وەرگرتنـی خوێندکارانـی کەمینـە ڕەگەزییـەکان بەهۆیانـەوە دابەزێـت و سەرپشـکیی داوەتـە داواکاران لـەو کەمینـە ڕەگەزییانـەی ژمـارەی دانیشـتوانەکانیان زۆر کەمـە. تـا ئێسـتێ (١٣) پەیمانـگای خوێندنـی بـاڵا هەیـە بـۆ کەمینـە نەژادییـەکان لـە چیـن. لـە هەرێمـە پێشـکەوتووترەکان خوێندنگـەی ناوەندیـی هەنـە بـۆ کەمینـە نەژادییـەکان و پۆلـی تایبـەت بـەو کەمینانـەوە لـە قوتابخانـە ناوەندییـە ئاسـاییەکاندا بـۆ وەرگرتنـی خوێندکارانـی کەمینـەکان کراونەتـەوە بەمەبەسـتی شـیرینکردنی ڕاهێنـان بـۆ توێـژە سـەرەکییە ئاسـت بەرزەکانی کەمینـە نەژادییـەکان، حکومەتـی چیـن بڕیاریـداوە، لەسـەر بنچینەیەکـی تاقیکراوەییـەوە (٢٥٠٠) خوێنـدکاری پرۆگرامەکانـی (ماجسـتێر) و (PhD) دکتـۆرا بـۆ سـاڵی (٢٠٠٥) لـە هەرێمەکانـی ئۆتۆنۆمییـە نەژادییەکانـە وەربگیرێـن و ئامانجیـش بـۆ سـاڵی (٢٠٠٧) ئەوەیـە کـە (٥٠٠٠) هـەزار کـەس تۆمـار بکرێـن و بـەم شـێوەیە کـۆی ژمـارەی ئـەم جـۆرە خوێندکارانـە بگاتـە (١٥) هـەزار.

بەهێزکردنی یارمەتیدانی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییە دواکەوتووەکان.

لـە سـاڵەکانی ناوەڕاسـتی هەشـتاکانەوە (١٩٨٠) کـە حکومەتـی چیـن دەسـتی داوەتـە هەڵمەتێکـی بەرفـرەوان بـۆ نەهێشـتنی هەژاریـی بـە ڕێگایەکـی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو و ڕێکوپێکـدا، کەمینـە ئەتنییـەکان و هەرێمەکانیـان بوونەتـە ئارمانجـی سـەرەکیی بـۆ یارمەتییەکانـی حکومـەت. لـە نێـوان (٣٣١) موقاتەعەگەلـی هـەژار و دواکەوتـوو کـە دەستنیشـان کـرا بـوون لـە سـاڵی ١٩٨٦ دا یارمەتییەکانـی حکومـەت بیانگرێتـەوە (١٤١) لـەوان لـە هەرێمـە ئۆتۆنۆمییـە نەژادییەکانـدان کـە ڕێـژەی (٦,٤٢٪) لـە کـۆی گشـتی پێکدەهێنـن.

سـاڵی ١٩٩٤ حکومـەت دەسـتی بـە جێبەجێکردنـی پرۆگرامێکـی حـەوت ساڵەیی کـرد بـۆ دەربازکردنـی ٨٠ ملیـۆن کـەس لـە خانـەی هەژارییـەوەن لـە نێـوان (٥٩٢) موقاتەعـە گەلـی دواکەوتـوودا کـە دیاریکـراون لـە پێـش ئەوانیـتر

یارمەتییەکانی دەوڵەت وەربگرن (٢٥٧) لە دەڤەرە نەژادییە خودموختارییەکاندا بوون کە ڕێژەی (٤,٤٣٪) لە کۆی گشتیی پێکدەهێنن. پرۆگرامی دیار و بەرچاوی لە نێوبردنی هەژاری و بۆ پێشکەوتنی هەرێمەکانی لادێیی چین کە ساڵی ٢٠٠١ دەست بە جێبەجێکردنی کراوە هەمدیس دەڤەرەکانی کەمینە نەژادییەکانی بە ئارمانجی بنچینەیی بۆ یارمەتیدان ڕەچاو کردوون. لە (٥٩٢) موقاعەتەگەلی کەلە نوێ دەستنیشانکراون بۆ ئەوەی پلانی دەوڵەت بۆ گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاریی بیانگرێتەوە (٢٦٧)یان کەوتوونەتە دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکانەوە (جگە لە تیبەت) و ڕێژەی (١,٤٥٪) لە کۆی گشتی پێکدەهێنن. (تیبەت) وەك یەکێك خراوەتە نێو پلانەکەوە، وەك ئارمانجێکی سەرەکی دەوڵەت بۆ گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاریی.

ساڵی ١٩٩٠ دەوڵەت (سەرمایەی خۆراك و پۆشاك)ی دامەزراند بۆ دەڤەرە هەژارەکانی کەمینە نەژادییەکان کە ئارمانجی سەرەکیی تیایدا موقاتەعاتەکانی کەمینە نەژادییەکان بوون لە ١٩٩٢ دا دەوڵەت (سەرمایە بۆ گەشەپێدانی کەمینە نەتەوەییەکان) دامەزراند کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە بەکاردێت چارەسەریی کۆسپ و تەگەرە تایبەتیەکان بکات کە ڕووبەڕووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکان دەبنەوە، هەروەها دێنە پێش بەرهەمهێنان و ژیانی ئەو کەمینانەوە. لەساڵی ٢٠٠٠یشەوە دەوڵەت ڕێبازێکی گرتۆتە بەر ناسراوە بە (کرداری یان پرۆسەی سنوورگەلی سەرکەوتووتر و خەڵکانی خۆشگوزەرانی تر). لە هەمانکاتدا چەند پێوەری تایبەتمەندیی داهێناوە بەمەبەستی دروستکردنی (٢٢) گروپگەلی کەمینە ئەتنییەکان کە هەر یەکێکیان ژمارەی دانیشتوانەکانی کەمتر لە سەد هەزار بێت، بەتایبەتیش تیشك دەخاتە سەر بنیادنانی دامەزراوە بنچینەییەکان و ئاریشەکانی خۆراك و پۆشاك بۆ خەڵکە هەژارەکەی هەرێمە سنوورییەکان و ناوچەکانی کەمینە نەژادییەکان، ئەوانەی ژمارەی دانیشتوانەکانیان کەمن.

زێدەکردنــی داهاتــی تەرخانکــراو بــۆ خزمەتگوزارییــە کۆمەڵایەتییــەکان لــە هەرێمــە ئۆتۆنۆمییــە نەژادییەکانــدا:

دەوڵــەت پــارەی خەرجیــی بــۆ خزمەتگوزاریــی تەندروســتی لــە دەڤــەرە ئۆتۆنۆمییــە نەژادیەیکانــدا زیــاد کــردووە بــۆ ئــەوەی ئاســتی بایەخپێدانــی نۆژداریــی (ســاخڵەمیی) بــە دانیشــتوانی ئــەو هەرێمانــەوە بــەرز بکاتــەوە. لــە ســاڵی ٢٠٠٣دا حکومەتــی ناوەندیــی ســەرمایەیەکی تایبەتمەنــدی بــە گوژمــەی (٣٧,١) بلیــۆن یــوان تەرخانکــرد بــۆ خزمەتگوزاریــی تەندروســتی لــە (مەنگۆلیــای نــاوەوە، خینجیانــگ، گوانگخــی، نینگخیــا، لەگــەڵ تیبــەت) کــە هەرێمگەلــی ئۆتۆنۆمییــن و ئــەو لایەنانەیــش دەگرێتــەوە لــەش ســاخی گشــتی دامــەزراوە بنچینەییەکانــی تەندروســتیی لادێ، نەخۆشــخانە پســـپۆڕییە تایبەتمەنـــدەکان، خزمەتگوزارییـــە نۆژدارییــە هاوکارەکانــی لادێــی و کۆنترۆڵکردنــی پەتــاو نەخۆشــییە درمــەکان ســاڵی ١٩٩٨ حکومەتــی چیــن پرۆژەیەکــی دەســتپێکرد بەهۆیــەوە هەمــوو گوندێــك پەخشــی تەلەڤزیــۆن و رادیۆیــی بگاتــێ، کۆمــەك و یارمەتیــی بــۆ ئامانجــی تایبــەت بدرێتــە موقاتەعــە ســەرەکییەکان کــە وەك کلیــل وان بــۆ هەڵمەتــی نیشــتمانیی بــۆ قەڵاچۆکردنــی هەژاریــی و بــەرەو پێشــچوونی دەڤەرەکانــی ناوەڕاســت و خۆرئــاوادا. ئەمەیــش گوڕوتینــی زۆری دا بــە چاکبوونــی خزمەتەکانــی فیلمســازی ورادیــۆ و تەلەڤزیــۆن لــە هەرێمەکانــی کەمینــە نەژادییەکانــدا.

بــە کۆتایــی (٢٠٠٣) و بــە کۆمــەك و پێدانــی (٤٥٠) ملیــۆن یــوان، زێــتر لــە (٧٠) ملیــۆن گوندنشــین لــە (٣٤٤,١١٧) گوندیــی خــاوەن کارگێڕییەتــی دا بوونــە خاوەنــی پەخشــی رادیــۆ و تەلەڤزیۆنیــی خۆیــان. ئــەو پرۆژەیــە (٣٥٦,٥٤) ئاوایــی خــاوەن کارگێــڕی گرتــەوە لــە (مەنگۆلیــای نــاوەوە، خینجیانــگ، گوانگخــی، نینگخیــا و تیبــەت) دا کــە هەمــوویــان هەرێمگەلــی ئۆتۆنۆمییــن، هەروەکــو پەخشــەکە موقاتەعەکانــی (گینگهــای، گانســو، یونــان، گیزهــاو، ســیچو)یش کــە ژمارەیەکــی زۆری کەمینــە نەژادییەکانیــان تیــادا دەژیــن دەگرێتــەوە.

لــە (٢٠٠٤)دا دەوڵــەت هەڵمەتێکــی دیکــەی خســتە واری جێبەجێکردنــەوە بــۆ ئــەوەی ئــەو گوندانــەی پــتر لــە (٥٠) ماڵیــان تیادایــە و وزەی کارەباشــیان بــۆ فەراهەمــە، پەخشــی تەلەڤزیــۆن ورادیۆییــان بگاتــێ، وایــش مەزەنــدە دەکرێــت کــە نــەوەد هــەزار ئاوایــی (گونــد)ی دیکەیــش لــە مــاوەی دوو ســاڵی ئاینــدەدا پەخشــی تەلەڤزیــۆن و رادیۆییــان دەگاتــێ کــە لــە نێوانیانــدا پەنجــا و نــۆ هەزاریــان لــە دەڤەرەکانــی کەمینــە نەتەوەییەکانــدان.

یارمەتیدانــی هەرێمــە ئۆتۆنۆمییــە نەژادییــەکان بــۆ کرانــەوەی زێــتر بەســەر دونیــای دەرەوەدا:

دەوڵەتــی چیــن گرنگیــی زۆر زیاتــر بــە دامەزراوەکانــی بەرهەمهێنــان دەدات لــە دەڤــەرە خودموختارییــە ئەتنییەکانــدا لەلایەنــی پرۆســەی بازرگانیکــردن لەگــەڵ دەرەوەدا، هانیشــیان دەدات بەرهەمــە خۆجییەکانیــان بنێرنــە دەرەوە، لەمبارەیــەوە سیاســەگەلی تایبەتــی دەربــارەی بازرگانیــی دەرەوە پیــادە بکــەن، دەوڵــەت هەروەهــا ئــەو دەڤەرانــە هانــدەدات و پشتگیریشــیان دەکات رۆڵێکــی تــەواو بــدەن بــە تایبەتمەندییــە جیوگرافــی و فەرهەنگیــی (کەلتووریی)یەکانیــان لەکاتــی فرەوانکردنــی کرانەوەیــان و هەماهەنگیــی و هاوکاریکردنیــان لــە تــەك وڵاتانــی دراوســێدا. لــە ســاڵانی (١٩٩٢) دا حکومەتــی چیــن ســتراتیژییەتی کردنــەوەی ســنوورەکانی خــۆی دەســتپێکرد و نــاوی (١٣) شــاری کــراوە و (٢٤١) دوو ســەد و چــل و یــەك بەنــدەری کــراوەی پلەیەکــی دەستنیشــانکردن و (١٤) چــواردە زۆنــی (ناوچەگەلــی) ســنووریی بــۆ هاریکاریــی تەکنەلۆژیــی و ئابووریــی دامەزرانــد کــە زۆربــەی هــەرە زۆریــان کەوتوونەتــە نێــو دەڤــەرە ئۆتۆنۆمییــە نەژادییەکانــەوە.

هەماهەنگــی لــە نێــوان دەڤــەرە گەشەســەندووترەکان و هەرێمــە ئۆتۆنۆمییــە ئەتنییەکانــدا لــە رووی یارمەتییــەوە:

حکومەتــی چیــن تەشــجیعی دەڤــەرە حــاڵ باشــەکان و گرووپــە ئەتنییــەکان

دەکات کـە یارمەتیـی ئەوانـە بـدەن کـە تـا ئێسـتێ حاڵیـان بـاش نەبـووە، بـەم ڕێگایـە سـەرکەوتنی گشـتیی و هاوبـەش بـەدی بێنـن. لـە کۆتایـی سـاڵی (١٩٧٠) وە حکومەتـی چیـن وایکـردووە کـە دەڤـەرە گەشـە سـەندووترەکان بـە درێژایـی کەنارەکانـی خۆرهـەڵات یارمەتیـی بـەردەوام بنێـرن بـۆ دەڤەرەکانـی خۆرئـاوای وڵات و هاریکاریـی هەرێمەکانـی کەمینـە نەژادییـەکان بکـەن تاوەکـو ئابووریـی و خزمەتگوزارییـە گشـتییەکانیان پێـش بخـەن و پەرەیـان پێبـدەن. سـاڵی (١٩٩٦) هاوکارییـە بەردەوامەکـە شـێوازێکی تایبەتمەندیـی زێـتری وەرگـرت، بـەوەی کـە (بێیژینـگ) یارمەتـی (مەنگۆلیـای نـاوەوە) و (شـاندۆنگ) هـی (خینژیانـگ) و (فوژیـان) هـی (نینگخیـا) و هەروەهـا (گواتگدۆنـگ) یـش یارمەتـی (گوانگخـی) بـدەن. هەرچـی (تیبەت)یشـە ئـەوا یارمەتیـی لەسـەرجەم دەڤەرەکانـی دیکـەی وڵات وەردەگرێـت.

لـە (١٩٩٤)ەوە هەتـا (٢٠٠١) (١٥) موقاتەعەگەلـی پێشکەشـکردنی هاوکاریـی و چەنـد وەزارەتێـك و کۆمیسـیۆنێك لـە ژێـر ڕێنمایـی و راوێـژکاری دەوڵەتـدا بەخشـی، یارمەتـی و هاوکارییـان پێشـکەش کـردووە بـە مەبەسـتی دامەزراندنـی (٧١٦) پـرۆژەی هەمەجـۆر کـە تێکـڕا (١٦,٣) بلیـۆن یوانـی تیـادا خەرجکـراوە، (بێجگـە لـەو پارەیـەی لەلایـەن حکومەتـی ناوەندییـەوە خراوەتـە بـەرکار). لـە مـاوەی دەهەمیـن نەخشـەی پێنـج ساڵەییدا (تیبـەت) بەگشـتی گوژمـەی (٠٦٢,١) بلیـۆن یوانـی وەك یارمەتیـی و بەخشـش لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا وەرگـرت بـۆ دامەزراندنـی (٧١) پـرۆژەی هەمـە جـۆر.

بایەخـدان بـە پێداویسـتییە تایبەتییەکانـی کەمینـە نەژادییـەکان بـۆ بەرهەمهێنـان و زیندەنگیـی

وەکـو ڕێزلێنـان لـە دابونەریتەکانـی کەمینـە نەژادییـەکان بەمەبەسـتی دابینکردنـی پێویسـتییە تایبەتییەکانیـان لـە بەرهەمهێنـان و گوزەرانـی ژیـان،

دەوڵــەت سیاســەتێکی تایبەتمەنــدی ســەبارەت بــە بازرگانیــی و بەرهەمهێنانــی پێداویســتییەکانیان گرتۆتــە بــەر. لــە (١٩٦٣) دا دەوڵــەت سیاســەتگەلێکی تایبەتمەندیــی بــۆ دەزگا و دامەزراوەکانــی کەمینــە نەتەوەییــەکان خســتەبەرکار ســەبارەت بــە پاراســتن و پاشــکەوتکردنی ســوودو قازانــج و ســەرمایەگەلی تایبەتــی خەڵــك و کۆمــەك لــە بــواری نرخــەوە. لــە حوزەیرانــی (١٩٩٧)دا دەوڵــەت سیاســەتێکی تایبەتمەنــدی تــازەی ســەبارەت بــە بازرگانیکــردن و بەرهەمهێنانــی پێداویســتییەکانی کەمینــە ئەتنییــەکان داهێنــا کــە جەختــی لــەوە دەکــردەوە کــە پێویســت بــوو لــە مــاوەی بــە ئەنجامگەیاندنــی نۆهەمیــن پلانــی پێنــج ســاڵەیی (١٩٩٦- ٢٠٠٠)دا (بانکــی گەلــی چیــن) هــەر ســاڵێك بــڕی ســەد ملیــۆن (یــوان) بــەلاوە بنێــت (گلّداتــەوە) تــا وەکــو بــە قازانجێکــی زۆر کــەم قــەرد بــە کەمینــە ئەتنییــەکان بدرێــت بــۆ ئــەوەی تۆڕگەلــی بازرگانیــی دامەزرێنــن و هەروەهــا بــە شــێوازی هونەریــی و بــە گوێــرەی تەکنەلۆژیــای ســەردەم دامەزراوەکانیــان، ئەوانــەی بــۆ دەســتەبەرکردن و فەراهەمبوونــی پێداویســتییەکانی ئــەو کەمینانــە تەرخانکــراون، چــاك و نــۆژەن بکرێنــەوە. هەروەهــا بەڵێــن دەدات کــە ئــەوکارو بازرگانیانــەی دەوڵــەت خاوەنیانــەو ئــەو کەرەســتانەیش کــە ســەرچاوەیان ڕەگــی ڕووەکییــە و لەگــەڵ گشــت هەروەزییەکانــی ســەر بــە بــازاڕ، کــە لــە دەڤەرەکانــی کەمینــە ئەتنییــەکان لــەو ناوچانــەدا ئەنجامدەدرێــن کــە قــەوارە و ئاســتیان لــە هــی (موقاتەعــە) کەمــتر و نزمــترن، پێویســتە لــەو بــاج و گومرگانــە ببەخشرێــن کــە دەخرێنــە ســەر زیــادەی قازانجــەوە.

بــە کۆتایــی هاتنــی ســاڵی (٢٠٠٣)دا (٣٧٨,١) بەرهەمهێنــەری پێداویســتییە تایبەتییــەکان بــۆ کەمینــە نەژادییــەکان لــە چیــن ناونــووس کرابــوون، کــە ســوودیان بینــی لــەو سیاســەتە تیبەتمەندییانــەی پەیوەســت بــە ڕێــژەی قازانجــی ســەرمایەی بەقــەرد وەرگیــراو بــۆ کارکــردن و قــەردی وەرگیــراو بــۆ نۆژەنکردنــەوەی تەکنەلۆژیــا بــە قازانــج و ســوویکی داشــکاو لەگــەڵ کەمکردنــەوە و یــان بەخشــین لەبــاج و

گومـرگ، دەوڵـەت بـە لەبەرچاوگرتنـی گرنگیـی و بایەخـی هەنـدێ پێداویسـتیی تایبەتمەنـد وەك (چایـی) لـە ژیانـی رۆژانـەی هەنـدێ لـە کەمینـە نەژادییەکانـدا، هەڵسـا لـە مـاوەی جێبەجێکردنـی هەشـتەمین پلانـی پێنـج ساڵەییدا.

(١٩٩٥-١٩٩٩) بـە دامەزراندنـی سیسـتەمی پاشـکەوتکردن (یـەدەگ) بـۆ (چایـی کیسـەکراو) (Brick- tea) بـە مەبەسـتی دڵنیابـوون لـە هەبوونـی بەردەوامـی ئـەو جـۆرە (چاییـە) لـە (٢٠٠٢) دا دەزگایـەك دامەزرێـنرا بـە نێـوی (پێـوەرەکان بـۆ کارگێڕیـی پاشـکەوتی "چـای کیسـەکراو"ی نیشـتمانی) بـۆ ئـەوەی ئەرکـی بەڕێوەبردنـی کارەکانـی پاشـەکەوتکردنی مـاددە خامەکانـی چایـی کیسـەکراو، بەرهەمـەکان بـە ئەسـتۆوە بگرێـت، هەروەهـا پشـتگیریش بـۆ ئـەو بەشـانە مسـۆگەر بـکات کـە مـاددە پێوەندیـدارەکان دا دەکـەن (خـەزن دەکـەن) دەبـێ بـە تەنـگ ئەوەیشـەوە دەبێـت کـە (گەنجینـەی ناوەندیـی) دەبـێ قازانجـی ئـەو قەرزانـە بداتـەوە کـە لـە پاشـەکەوت و پاراسـتنی مـاددە خامەکانـی (چاییەکـە) دا خەرجکـراون.

## پەرەسەندنی مێژویی ئەرکە هەمە جۆرەکان لە دەڤەرە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکاندا

بەرلـەوەی چینـی تـازە دابمەزرێنرێـت، دەڤەرەکانـی ئۆتۆنۆمییـە نەژادییـەکان بەدەسـت کـەم بەرهەمیـی و دواکەوتوویـی لـە بوارەکانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کەلتووریـدا دەیانناڵانـد و پیشەسـازییەکی مۆدێرنـی ئێجـگار کـەم و خزمەتگوزاریـی پەروەردەیـی و نۆژداریـن دەگمـەن و دەزگـە و بونیادیـی ئاوەدانیـی زۆر نابووتیـان هەبـوون. زۆرینـەی زۆری دانیشـتوانەکانیان نەخوێنـدەوار بـوون و هەمیشـە دەبوونـە قوربانیـی دەرد و پەتـا درمیـە زۆر باوەکانـی وەکـو تاعـوون و خوریکـە و لەرزوتـا (مەلاریـا)وە، بەشـێوەیەکی سـەرەکیش خەریکـی کشـتوکاڵ و ئـاژەڵ بەخێوکـردن بـە شـێوازی کـۆن بـوون و تـا ئـەو دەمانەیـش لـە هەنـدێ لـە دەڤەرەکانـی ئۆتۆنۆمییـە رەگەزیەکانـدا شـێوازی (بسـووتێنە و پاککـەرەوە) یـان لـەکاری نێـو کێڵگـەدا بـەکار دەهێنـا و کەرەسـتەی ئاسـن لـە هەنـدێ شـوێندا زۆر بـەکار نەدەبـرا. خەڵکەکـە لـە هەژاریـی و نەبوونییەکـی کوشـندە دەژیـان و ئەوانەیشـی کـە لـە ناوچـە چیاییـەکان و بیابانـەکان و یـان ئـەو بەشـانەی خاکەکەیـان خوێـواوی (پڕخـوێ) بـوون دەژیـان زۆربـەی سـاڵەکان بـۆ مـاوەی چەنـد مانگێـك کـەم خـۆراك دەبـوون و یـان هـەر بـێ خـۆراك دەمانـەوە. بۆیـەکا گەشـەکردنی کەمینـە نەژادییـەکان کۆسـپ و ئاسـتەنگیی مەترسـیداری لـە پێـش بـوو. تەنانـەت هەندێکیشـیان لەسـەر لێـواری نەمـان و لـە نێوچوونـدا بـوون. لەوەتـەی دامەزراندنـی چینـی تـازەوە و بەتایبەتـی لەوەتـەی سیاسـەتی چاکسـازیی کرانـەوە و خراوونەتـە واری کار پێکردنـەوە، خەڵکانـی گروپگەلـی نـەژادە جۆراوجـۆرەکان لـە دەڤـەرە خودموختارییەکانـدا گەیشـتوونەتە دەسـتکەوتگەلی تایبـەت بـە خۆیانـەوە، بـە پشـت بەسـتن بـە هـەوڵ و چالاکیـی خۆیـان زۆر خۆڕاگرانـە و بـە پەرۆشـەوە کاریانکـردووە و بـە بەردەوامـی پەرەیـان بـە توانسـتی گەشەسـەندنی

خۆیـان داوە، بـە هاوکاریـی و یارمەتیدانـی بـێ پایـان لەلایـەن دەوڵـەت و دەڤـەرە گەشـە سـەندووترەکانەوە وەك ئەنجامێکـی زێـتر لـە نیـو سـەدە هەوڵـدان لـە دەڤەرەکانـی کەمینـە نەتەوەییەکانـدا، هەلومەرجەکانـی ژیانـی خەڵکەکـە و هەروەهـا ژینگەیـش بەشـێوەیەکی زۆر و بەرچـاو گۆڕانکارییـان بەسـەرداهاتووە و ئابووریـی خۆجێیـی و جۆرەهـا خزمەتگوزارییـە گشـتییەکانیش زۆر بـە خێرایـی گەشـەیانکردووە و چاکـتر بوونـە. هاوشـان لـە تـەك خەڵکانـی بەشـەکانی دیکـەی چینـدا، بەشـداریی لـە ئەنجامدانـی ئـەو پێشـکەوتن و پەرەسـەندنەدا دەکـەن کـە بەهـۆی مۆدەرنیێـزە و سـەرلەنوێ دامەزراندنـەوەی وڵاتـەوە هاتۆنەتـەدی و تیاشـیدا هاوپشـکن.

پەرەسەندنی خێرای ئابووری:

سـاڵی ٢٠٠٣ (قەبـارەی بەرهەمـی خۆماڵیـی) دەڤـەرە نەژادییـە ئۆتۆنۆمییەکانـی چیـن گەیشـتە (١,٠٣٨١) بلیـۆن یـوان کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە (١٠٠٠) بلیـۆن یوانـی تێپەڕانـد. لـە (١٩٩٤)ەوە بـۆ (٢٠٠٣) ئـەو قەبارەیـە سـاڵانە بـە (تێکـڕا) ی (معـدل)ی (٩,٨٧) لەسـەدا زیـادی کـردووە کـە بـە نزیکـەی یـەك خاڵـی سـەدی لـە (معـدل) تێکـڕای نەتەوەیـی بـە زووتـر بـوو. پشـکی بەشـداری قەبـارەی بەرهەمـی خۆماڵیـی دەڤـەرە ئۆتۆنۆمییـە نەژادییـەکان لـە کـۆی نەتەوەییـدا کـە سـاڵی ١٩٩٤ (٨,٥) بـوو لەسـەدا، سـاڵی ٢٠٠٣ بـۆ (٨,٩) لەسـەدا بـەرز بـووەوە. سـاڵی ١٩٩٤ پشـکی هـەر تاکێکـی ئـەو کەمینانـە لـەو بەرهەمانـە بەڕێکەوتبـوو (٦٣,٥) لـە سـەدای موعەدەلـی پشـکی هـەر تاکێـك بـوو لـە چیـن بەگشـتیی، کەچـی سـاڵی ٢٠٠٣ ڕێـژەی سـەدی ئـەو پشـکە گەیشـتە (٦٦,٣) هەروەهـا لـە هەمـان ئـەم سـاڵەدا بەهـای بەرهەمـی خۆجێیـی ئـەو دەڤەرانـە گەیشـتە (٦٧,٤) بلیـۆن یـوان کـە سـێ جـاران بەقـەد ئـەوەی سـاڵی (١٩٩٤) بـوو. سـاڵی ٢٠٠٣ (قەبـارەی بەرهەمـی خۆماڵیـی) ی خینجیانـگ (١٨٧,٧٦١) بلیـۆن یـوان بـوو کـە

دەیکـردە (١,٦٠) لـە سـەدی کـۆی نەتەوەیـی و بـە زیـادەی (٠,٠٦) لەسـەدا بـە بەبـەراورد لەگـەڵ سـاڵی (١٩٩٣)دا کەچـی قەبـارەی ئـەو بەرهەمـەی (تیبـەت) (١٨,٤٥٠) بلیـۆن یـوان بـوو کـە (٠,١٦) ی لـە سـەدای کـۆی نیشـتمانیی پێکدێنـا، بـە زیـادەی (٠,٠٤) خاڵـی سـەدیی لـە چـاو سـاڵی (١٩٩٣)دا. هـەر لـە هەمـان ساڵیشـدا پشـکی هـەر تاکێـك لـەو (بەرهەمانـە) لـە دەڤـەری خینجیانـگ دا (٩٧٠٠) یـوان بـوو کـە یەکسـانە بـە (١٠٦,٥٨) لـە سـەدای تێکـڕای پشـکی هـەر تاکێـك لەسـەر ئاسـتی نەتەوەییـدا و پشـکی هـەر تاکێـك لـە (تیبـەت) گەیشـتە (٦٨٧١) یـوان ئەمەیـش یەکسـانە بـە (٧٥,٥) لـە سـەدای تێکـڕای پشـکی هـەر هاووڵاتییـەك لـە چیـن بەگشـتی.

بەرزبوونەوەی بەرچاوی ستاندەری زیندەگیی:

سـاڵی ٢٠٠٣ پوختـەی پشـکی هەرتاکێـك لـە گوندنشـینەکانی دەڤـەرە نەتەوەییـە خودموختارییەکانـدا (١,٨٩٥) یـوان بـوو کـە (٢,٣١) جـاران بەقـەد ئـەوەی سـاڵی ١٩٩٤ بـوو. پوختـەی پشـکی داهاتـی تاکـی گوندییانـی (خینجیانـگ و تیبـەت) یـەك لـە دوای یەکـدا گەیشـتە (٢١٠٦١٩) یـوان و (١٦٩٠٧٦) یـۆان، کـە یەکسـانیبوون بـە (٨٠٣٢) و هەروەهـا (٦٤٤٨) لـە سـەدای پشـکی گوندنشـینانی وڵاتـی چیـن بەگشـتیی.

لـە سـاڵی ١٩٩٣ دا هەلومەرجـی نیشـتەجێبوون بـۆ دانیشـتوانانی دەڤـەرە ئەتنییـە ئۆتۆنۆمییـەکان بـەردەوام بـەرەو باشـیی دەچـوو. رووبـەڕی خانـوو دروسـتکردن بـۆ هـەر تاکێکـی دەڤـەرە شارسـتانییەکان (١٩,٨) مەتـری دوو جـا بـوو، کەچـی لـە لادێکانـدا (٢٢,٩) مەتـری دووجـا بـوو. بـە تێکـڕا هەمـوو پاشـەکەوتییە هەمـە جۆرەکانـی دەڤـەرە نەژادییـە ئۆتۆنۆمییـەکان (١,١٧٥) بلیـۆن یـۆان بـوو کـە لەمانـە هـی دانیشـتوانانی هـەردوو دەڤەرەکانـی شـاریی و لادێـی (٧٣٥,٣) بلیـۆن یـوان بـوو کـە دەیکـردە چـوار جـار بەقـەد ئـەوەی سـاڵی (١٩٩٤).

پێشکەوتنی دیار و بەرچاوی ژێرخان و ئاوەدانکردنەوە:

ساڵی ٢٠٠٣ کۆی ئەو سەرمایەیەی بۆ دامەزراوە بنچینەییە چەسپاوەکان لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکاندا وەبەرهێنرا (٣٧٣,٤) بلیۆن یوان بوو کە (٣,٧) جار بەقەد ئەوەی ساڵی (١٩٩٤) بوو. لەوەیش (٢٨٣,٧) بلیۆن یوان بۆ دامەزراوەی بنیادنانی ژێرخان تەرخانکرابوو کە (٤,٢) جاران بەقەد ئەوەکەی ساڵی ١٩٩٤ بوو. بە کۆتایی ٢٠٠٣ (٢٢,٧٣) ملیۆن کەس لە دەڤەرە ئۆتۆنۆمییە نەژادییەکاندا ئامێری تەلەفۆنی چەسپاویان بەکاردەهێنا کە لە نێویاندا (١٥,٣٢) ملیۆن دانیشتوانی شارەکان بوون. ژمارەی بەکارهێنەرانی ئامێری تەلەفۆنی (مۆبایل) یش گەیشتە (٢٣,٠٧) ملیۆن کەس. هێڵی ئاسنینی (شەمەندەفەر)یش کە دەوڵەت خاوەندارێتی دەکرد، لەو دەڤەرە ئەتنییانەدا گەیشتبووە (١٥,١٠٠) کیلۆمەتر کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٥٢ دا نزیکەی سێ جاران زیادیکردبوو. درێژیی ئۆتۆبانەکانی (های ویی) کەبۆ هاتووچۆ هەردەم کراوەبوون لەو دەڤەرانەدا بەتێکڕا (٥٤٧,٨٠٠)کیلۆمەتر بوو کە (٢١) ئەوەندەی ساڵی (١٩٥٢) ی پێکدەهێنا. لەپاڵ ئەوانەشدا ئاستەکانی بە شارستانیبوونی دەڤەرەکانی مەنگۆلیای ناوەوە، نینگخیا، هەروەها خینجیانگش وەپێش موعەدەلی گشتی وڵات کەوتوونەتەوە.

پاراستن و بایەخدان بە کەلتوورە کۆنینەکان:

لە ساڵی ١٩٥٠ کانەوە هەتا ساڵەکانی ١٩٨٠ کان دەسەڵاتەکانی ناوەندیی زێتر لە (٣٠٠٠) سێ هەزار شارەزا و زانای ئامادەکردن و سازیدان تا پێنج زنجیرە کتێب لەسەر کەمینە نەژادییەکان دابنێن و بەچاپیان بگەیەنن کە خۆیان لە (٤٠٣) بەرگ داو پتر لە ٩٠ ملیۆن کەسایەتی (چین)یان گرتەوە. زنجیرەکانیش بریتین لە (کەمینە ئەتنییەکان لە چین، زنجیرە کتێبێك دەربارەی کورتە مێژوویەکی کەمینە ئەتنییەکان لە چین، زنجیرە کتێبێك

لەمەڕ کورتە مێژوویەکی کەمینە ئەتنییەکان لە چین، زنجیرە کتێبێك دەربارەی ئامار و رووپێویی دەڤەرە ئۆتۆنۆمییەکانی کەمینە نەژادییەکان لە چین، هەروەها کۆکراوەیەك لە کەرەستەگەلی توێژینەوە لە بارەی کۆمەڵگەکان و مێژووەکانی کەمینە نەژادییەکان لەچیندا، پتر لە (٥٠٠٠٠٠) دانە لەو بابەتانە بڵاوکراونەتەوە. ئیمڕۆ هەریەك لە (٥٥) کەمینە نەژادییەکانی چین کورتە مێژووییەکی نووسراوی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. هەر ٥٥ کەمینە نەژادییەکان لە چین تەنها (Hiu) (Manchu)ەکان نەبێ کە بە زمانی چینی دەدوێن، هەریەکە و زمانی تایبەتی خۆیانیان هەیە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر بە زمانەکانی مەنگلۆی، تیبەتی، ئۆیگۆری، کۆریی و یی (Yi) لە نێو دەستە زمانییەکان و ستاندەرەکانی لەسەر ئاستی نەتەوەییدا لە (کیبۆرد) و لیست و سێتی پیتەکان خۆیانیان جێگیر کردووە و کۆدی تایبەت بە خۆیشیان هەیە و دەتوانرێت بخرێنە نێو سیستەمی ویندۆزەوە (Windows) هەروەها چاپکردنی وێنەیی بە (لێزەر) لەو زمانانەدا بەکارهاتووەو ئەنجامدراوە. هەروەها یەك لە دوای یەکی زمانەکانی کەمینە نەژادییەکان دەخرێنە نێو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەرەوە، هەندێك دەستکەوتی باش لە ئەنجامی توژینەوەی زانستی لە بواری (OCR) و ناسینەوەی کارەکتەرەکانی پەیوەست بە چاو، هەروەها وەرگێڕان بە هاوکاریی ئامێرەوە لە زمانەکانی کە ماتییە رەگەزییەکاندا ئەنجامدراوە.

دەوڵەت پەیمانگەلی تایبەتی دامەزراندووە بۆ مەبەستی کۆکردنەوە و رێکخستن و پۆلێنکردن و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە بەشێوازێکی پرۆگرام بۆ دانراو و رێکخراودا سەبارەت بە هەر سێ داستانە قارەمانییەتیەکانی کەمینە نەژادییەکانی چینەوە، بە ناوەکانی گێزار (Gesar) داستانێکی زارەکیی تیبەت و جانگار (Jangar) داستانی مەنگلۆلییەکان و ماناس (Manas) کە داستانێکی گەلی قرغیزە (Kirgiz) لە دەیەی رابردوودا، دەوڵەت پتر لە ٣٠ ملیۆن

یوانــی بــۆ پێداچوونــەوە و بژارکــردن و لەچاپدانــی (١٦٠) ســەد و شەســت بەرگــی کتێبــی تریپاتــکا (Tripitaks) بــووزی بــە زمانــی (تیبــەت)ی تەرخــان کردبــوو، هەروەهــا دەوڵــەت ســەرمایەیەکی زۆریشــی بــۆ چاککــردن و نۆژەنکردنــەوەی دێرەکانــی دربپونــگ (Drepung) ســەرا (sera) و گانــدن (Ganden) لــە تیبــەت و دێــری کومبــوم (kumbum) لــە کینگهــای (Qinghai) و هــەزار ئەشــکەوتەکانی (Kizil) کێریــل لــە خنجیانــگ و زۆرەهــا شــوێنەواری دیکــەی پیــرۆز و کەلتووریــی نەتەوایەتــی ســەرەکیی، دیاریکردبــوو. لــە ســاڵی ١٩٨٩ وە بــۆ ســاڵی ١٩٩٤ دەوڵــەت (٥٥) ملیــۆن یــوان و (١٠٠٠) یــەك هــەزار کیلۆگــرام زێــڕی بــۆ قۆناخــی یەکەمــی نۆژەنکردنــەوەی کۆشــکی پۆتــالا (Potala palace) لــە لاســا (Lhasa)ی پایتەختــی هەرێمــی ئۆتۆنۆمیــی (تیبــەت)دا خەرجکــردووە و لەســاڵی ٢٠٠١دا (٣٣٠) ملیــۆن یوانــی بــۆ قۆناغــی دووەمــی نۆژەنکردنــەوە کــە تەرخانکــرد بــوو.

ســاڵی ٢٠٠٣ بــە هاوکاریــی دەوڵــەت و کۆششــی دەڤــەرە ئەتنییــە خودموختارییــەکان ٤,٧٨٧ ناونیشــانی کتێبــان بــە زمانەکانــی کەمینــە نەژادییــەکان بــە چاپگەیانــدرا بــوون کــە ژمارەیــان گەیشــتبووە (٥٠,٣٤) ملیــۆن دانــە (نوســخە) هەروەهــا (٢٠٥) گۆڤــار و (٨٨) رۆژنامەیــش بــەو زمانانــە دەرچــوون ژمــارەی گۆڤــارەکان (٧٨١) ملیــۆن و هــی رۆژنامەکانیــش (١٣١٣٠) ملیــۆن دانەبــوون. دەڤــەرە نەژادییــە ئۆتۆنۆمییــەکان ســاڵی (٢٠٠٣) (٥١٣) تیپــی هونەریــی و (٥٦٦) کتێبخانــە و (١٦٣) مۆزەخانەیــان دامەزراندبــوون. هەروەکــو (١٢٢) رێکخــراوی پەخشــکردن و (٧٣) وێســتگەی رادیۆییــان هەبــوون کــە بــە (١٥) زمانــی کەمینــە نەژادییــەکان بەرنامەیــان پەخــش و بــڵاو دەکــردەوە، هەروەهــا (١١١) رێکخــراوی پەخشــی تەلەڤزیۆنــی بــە (٩٤) وێســتگە گەلــی تەلەڤزیۆنــی و (٨٣٠) وێســتگەی پەخشــی تەلەڤزیــۆن کــە بــە (١١) زمانــی کەمینــە ئەتنییــەکان بەرنامەکانیــان پەخــش دەکــرد. هەروەهــا لــە هەمــان ســاڵدا (٢٥٤٩٠٠) ئامێــری ســەتەلایت بــۆ سیســتەمی پەخشــکردن و وەرگرتنــی بەرنامەکانــی تەلەڤزیــۆن ورادیــۆ هەبــوون.

ئاستی پەروەردە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە

لـە سـاڵی (٢٠٠٣) دا (٨٣,٧٢٦) قوتابخانـە لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکاندا و بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە لـە دەڤـەرە نەژادییـە ئۆتۆنۆمییەکانـدا هەبـوون، کـە بـە گشـتی (٢٩٤٣) ملیـۆن خوێنـدکار تیایانـدا تۆمارکـرا بـوون، ئەمەیـش بـە زیـادەی پێنـج هەنـدێ بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵی ١٩٥٢ داو بـە زیـادەی (٢٩,٧) ڕێـژەی سـەدی لـە چـاو سـاڵی ١٩٨٤ و (١٠,٦) ی ڕێـژەی سـەدی لەچـاو سـاڵی (١٩٩٤)دا.

(١٥٤١) ملیـۆن مامۆسـتای پسـپۆریش هەبـوون کـە بـە ڕێـژەی ١٦٪ لـە هـی سـاڵی ١٩٩٤ پـتر بـوون. پێشـڤەچوون و پەرەسـەندنی پـەروەردە سـاڵەکانی خوێندنـی خەڵکانـی کەمینـە نەژادییەکانـی زۆر درێـژ کردۆتـەوە، پێنجەمیـن ئامـاری سەرتاسـەریی کـە سـاڵی (٢٠٠٠) سـازدرا دەریخسـتووە کـە سـاڵەکانی خوێنـدن بـۆ (١٤) کەمینـەی نەتەوەیـی بـە گرووپەکانـی کۆریـی، مانچـوو Manchu، مەنگۆلیایـی و کازاکـی (Kazak)یـەوە زۆر لـە معـدل تێکـڕای نەتەوەیـی لەسـەر ئاسـتی چیـن بەرزتـر بـوون.

٦- پێشکەوتنی بەردەوام لە خزمەتگوزاریی نۆژداریی و تەندروستی گشتیدا:

لـە کۆتایـی ٢٠٠٣دا دەڤـەرە ئۆتۆنۆمییـە ئەتنییـەکان (١٥٢٣٠) پەیمانگـە گەلـی نۆژدارییـان هەبـوو، کـە ١٣ جـاران ئەوەنـدەی ژمارەیـان لـە سـاڵی ١٩٥٤ دا پـتر بـوو (٣٨٠٠٠٠) تەختـی نەخۆشـخانە کـە نزیکـەی (٦٧) جـاران ئەوەنـدەی ژمارەیـان بەقـەد هـی سـاڵی (١٩٥٤) و (٤٦٠٠٠٠) تەکنیـکاری نۆژداریـی کـە (٢٦) جـار بەقـەد سـاڵی (١٩٥٢) و ٩٣٤ پەیمانگـە گەلـی تایبەتمەنـد بـۆ کۆنترۆڵکردنـی نەخۆشـییە درمـەکان بـۆ خۆپاراسـتن و عیلاجکـردن (الوقایـە و العـلاج) و (٣٧١) عەیـادەی پزیشـکی و مەڵبەندگەلـی لـەش سـاخیی کـە تایبەتـن بـە ئافرەتـان و منداڵانـەوە. لـە دەڤـەرە دەشـتەکیەکاندا (٧٢٣٤) نەخۆشـخانەی جیگیـر بـە (٥٥٠٠٠) تەخـت بـۆ نەخۆشـان هەبـوون، بـەم شـێوەیە پێشـکەوتنی خزمەتگوزارییـە نۆژدارییـەکان کارێکـی زۆری کردۆتـە سـەر زیادبوونـی ڕێـژەی تەمەنـی خەڵکانـی کەمینـە

نەژادییەکانــەوە. تێکــڕای تەمەنــی مرۆڤــەکان لــە (١٣) لــەو کەمینانــەدا بەرزتــرە لەچــاو (معــدل)ی گشــتیی لــە (٧١٤٠) ســاڵە، ئــەو معدەلــەش لــە نێــو حــەوت لەمانــەدا بەرزتــرە لــە موعەدەلــی تەمەنــی مرۆڤەکانــی نەتــەوەی هــان (Han) کــە(٧٣٣٤) ســاڵە.

پێشڤەچوونی خێرای بازرگانیی دەرەکیی و گەشتوگوزار

ســاڵی ٢٠٠٣ کــۆی بەهــا هــاوردە و هەنــاردە (الــواردات و الصــادرات)ی دەڤــەرە نەژادییــە ئۆتۆنۆمییــەکان (١٣,٦) بلیــۆن دۆلاری ئەمەریکــی بــوو، لەمەیــش (٧,٩) بلیۆنیــان بەهــای هــاوردەکان و (٥,٧) بلیــۆن دۆلاری ئەمریکــی بەهــای هەنــاردەکان بــوون. ئــەو (٣٢٦٣) دامــەزراوە بازرگانییــە بیانیــی و دەرەکییانــە لــەم دەڤەرانــەدا دوو بلیــۆن دۆلاری ئەمەریکییــان لەســەرمایە بیانییــەکان ســاڵی ٢٠٠٣ بەکارهێنــا. هــەر لەهەمــان ساڵیشــدا ئــەم هەرێمانــە میوانداریــی (١٢٣,٣٣) ملیــۆن گەشــتیاری ناوخۆیــی (خۆماڵیــی) و (٢١٥) ملیۆنیــش گەشــتیاری نێونەتەوەیــی (جیهانیی)یــان کــرد و دەستکەوتیشــیان لــەو گەشــتوگوزارییە نێوخۆیــی و جیهانییــەوە گەیشــتە (٥٦,٣) بلیــۆن یــوان و (٦٠٠) ملیــۆن دۆلاری ئەمریکیــی، بــە دوای یەکــدا.

## دەرەنجام (کۆتایی)

ئەزموونـــی زیاتـــر لـــە نیـــو ســـەدە ئـــەوەی ســـەلماندووە کـــە سیتســـەم و پیادەکردنـــی ئۆتۆنۆمیـــی بـــۆ هەرێمـــە نەژادییەکانـــی چیـــن ئێجـــگار ســـەرکەوتوو بـــووە. ئۆتۆنۆمیـــی هەرێمـــە ئەتنییـــەکان چارەســـەرێکی راســـت و دروســـتی دۆزی گرووپـــە ئەتنییـــەکان لـــە چیـــن و هەماهەنگـــە هـــەم لەگـــەڵ هەلومەرجەکانـــی واقیعـــی چیـــن و هـــەم لەگـــەڵ بەرژەوەندییـــە گشـــتییەکانی ســـەرجەم گرووپـــە نەژادییـــەکادا.

چیـــن وڵاتێکـــی زۆر فراوانـــە و هـــەردەم لـــە پێشـــکەوتندایە. ژمـــارەی دانیشـــتوانەکانی چیـــن گەیشـــتۆتە (١,٣) بلیـــۆن (واتـــە هـــەزار و ســـێ ســـەد ملیـــۆن) کـــەس. لـــە پرۆســـەی چاکســـازیی و کرانـــەوە و مۆدێرنیزەکردنـــی نەتەوەییـــدا و بەمەبەســـتی پێشخســـتنی گەشـــەکردنی ئابووریـــی و کۆمەڵایەتـــی لـــە دەڤـــەرە نەژادییەکانـــدا، دەوڵـــەت و دەڤـــەرە نەژادییـــە ئۆتۆنۆمییەکانیـــش جۆرەهـــا پێوەریـــان پیادەکـــردووە، بـــەڵام بەهـــۆی کاریگەریـــی مێژوویـــی و جوگرافیـــا و چەنـــد هەلومەرجێکـــی دیکـــەوە پرۆســـەکە ســـنووردار بـــووە، بۆیـــەکا ئاســـتی گەشەســـەندنی ئابـــووری و کۆمەڵایەتیـــی بەشـــەکانی خۆرئـــاوای چیـــن کـــە دانیشـــتوانەکانی ســـەر بـــە کەمینـــە نەژادییـــەکان زیاتـــر بـــە چڕینـــی تیایانـــدا نیشـــتەجێن بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ دەڤەرەکانـــی خۆرهەڵاتـــدا کـــە زێـــتر گەشـــەیان کـــردووە، هـــەر بـــە نزمـــی ماونەتـــەوە. هەنـــدێ لـــە دەڤـــەرە دوورەدەســـتەکان بەشـــێوەیەکی تایبەتـــی تـــا ئێســـتەش زۆر دواکەوتـــوون. بـــۆ بنیادنانـــی کۆمەڵگەیەکـــی پتـــەوی پێشـــکەوتوو لـــە گشـــت رووێکـــەوە لەســـەدە و چەرخـــی تـــازەدا، لەســـەر چیـــن پێویســـتە لەهـــەوڵ و کۆششـــدا بێـــت بـــۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەگەلی وەك دڵســـۆزیی و پابەندبوونـــی مرۆڤـــەکان بـــە سیســـتمی ئۆتۆنۆمیـــی هەرێمـــە نەژادییەکانـــەوە و پێشخســـتنیان و بایەخدانـــی تـــەواو بـــە پێشـــڤەچوون و دەســـتکەوتەکانی سیســـتەمەکە و بەرزکردنـــەوەی بەردەوامـــی ئاســـتەکانی گەشـــەی ئابووریـــی و کۆمەڵایەتیـــی لـــە

دەڤەرەکانــی کەمینــە ئەتنییەکانــدا.

حکومەتــی چیــن بــۆ ئــەوەی هەلومەرجــە راســتەقانییەکانی وڵات رەچــاو بــکات، پێویســتە زۆر بــە وردی پابەنــدی چەمکــی زانســتیانەی بــەرەو پێشــبردنی مرۆڤــی ســەر بــە رۆژهــەڵات بێــت بەگشــتیی کــە دەکرێــت ئــەو بــەرەو پێشــبردنە بــە شــێوەیەکی یەکســانیی و هەماهەنگیــی بچەســپێنرێ و پــەرەی پێبدرێــت و بــە دوای ئــەوەدا بگەڕێــت کــە زیاتــر فــۆڕم وشــێوازی تایبەتمەنــد بــە بەجێبەجێکردنــی سیســتەمی ئۆتۆنۆمیــی هەرێمــە نەژادییــەکان بدۆزێتــەوەو چاکســازیی لــە یاســاکان و رێنماییــە پاڵپشــتەکانی (یاســا لەبــارەی ئۆتۆنۆمیــی هەرێمایەتــی بــۆ ئەتنییــەکان) دا بــکات و بــەردەوام پێگــە و بناخــە و زەمینــەی مەتیریالــی (مــاددی) لەبــار و گونجــاو بــۆ ئەنجامگەیاندنــی سیســتەمی ئۆتۆنۆمیــی هەرێمــە نەژادییــەکان بڕەخســێنێت و بــە هێزتــر وپتەوتــری بــکات، هەروەهــا دەبــێ بەگشــتی پــەرە بــە گەشەســەندنی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی کەمینــە ئەتنییــەکان لــە هەمــوو رووێکــەوە و هەروەهــا دەڤەرەکانیشــیان بــدات.

تێبینی: یەك بلیۆن واتە یەك میار، کە دەکاتە هەزار ملیۆن.

## پاشکۆ:

راستییە بچنیەییەکان لەمەڕ هەر (١٥٥) ناوچە گەلە نەژادییە ئۆتۆنۆمییەکان (لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣)دا

| ناوی دەڤەری نەژادیی ئۆتۆنۆمی | مێژووی دروستبوون | پایتەخت | رووپێو (کیلۆ مەتر دووجا) | دانیشتوان بە هەزار | رێژەی دانیشتووانی کەمینەی نەژادیی بۆ کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| پێنج هەرێمی ئۆتۆنۆمی | | | | | |
| هەرێمی مەنگۆلیای ناوەوەی ئۆتۆنۆمی | ١ی ئایاری ١٩٥٨ | شاری Hohhot | ١٩٧٥٤٧ | ٢٢,٧٩٦١ | ٢١,٣٥ |
| هەرێمی Guangxi Zhuang | ١٥ی ئایاری ١٩٥٨ | شاری Nanning | ٢٣٧٦٩٣ | ٤٨٥٧٠٠ | ٢٨,١٢ |
| هەرێمی (تبەت)ی ئۆتۆمیی | ١ی ئەیلوولی ١٩٦٥ | شاری Lhasa | ١٢٤٧٩١٠ | ٢٩٥٢١ | ٩٥٩٣ |
| هەرێمی ئۆتۆنۆمیی Ningxia hui | ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٥ | شاری Yinchuan | ٦٢٨١٨ | ٥٨٠١٩ | ٢٥٥٢ |
| هەرێمی ئۆتۆنۆمیی Xingiang Uygur | ١ی ئۆکتبەری ١٩٥٥ | شاری Urumqi | ١٦٥٥٨٢٦ | ١٩٢٣٩٥ | ٦٠١٣ |

## ٣٠ ویلایەتە خودموختارییەکان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. پرۆڤێسی (موقاتەعە) Jilin | | | | موقاتەعەی Jilin | |
| ٤٠٨٩ | ٢١٨٥٧ | ٤٢٧٠٠ | شاری yangi | ٣ی ئەیلوولی ١٩٥٢ | ویلایەتی ئۆتۆنۆمیی Yanbian Korean |
| ٢. پرۆڤێسی (موقاتەعە) Hubei | | | | موقاتەعەی Hubei | |
| ٥٢٨٠ | ٢٨١٧٩ | ٢٣٩٤٢ | شاری Enshi | ١ی کانوونی یەکەم ١٩٨٣ | ویلایەتی ئۆتۆنۆمیی Enshi Tujia miao |
| ٣. پرۆڤێنسی Hunan | | | | موقاتەعەی هونان | |
| ٧٤٥٩ | ٢٦٥٥٥ | ١٥٤٦١ | شاری Jishou | ٢٠ی ئەیلول ١٩٥٧ | ویلایەتی ئۆتۆنۆمیی Xiangxi tujia miao |
| ٤. پرۆڤینسی Sichuan | | | | موقاتەعەی Sichuan | |
| ٧٣٢٥ | ٨٤٧١ | ٨٤٢٤٢ | County | ١ی کانوونی دووەم ١٩٥٣ | ویلایەتی ئۆتۆمۆمیی Aba Tibetan Qiang |
| ٤٧٢٤ | ٤١٥٤٨ | ٦٠٤٣٣ | شاری Xichang | ١ی ئۆکتەبەر ١٩٥٢ | ویلایەتی ئۆتۆمۆمیی Liangshan Yi |
| ٨١٧٣ | ٩٠٤٩ | ١٥٢٦٢٩ | Kangding county | ١٤ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠ | ویلایەتی ئۆتۆنۆمیی Garze Tibetan |
| ٥. پرۆڤێنسی Guizhou | | | | موقاتەعەی گیزهاو Guizhou | |
| ٧٧١٠ | ٤١٩٣٨ | ٢٠٣٢٧ | شاری Kaili | ٢٢ی تەمموزی ١٩٥٦ | ویلایەتی خودموختاریی Qiandongnan Miao-dong |
| ٥٥٢٨ | ٢٧٩٠١ | ٢٦١٩٣ | شاری Duyan | ٨ی ئاب ١٩٥٦ | ویلایەتی خودموختاریی Qiannan Bouyeimiao |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٢٩٤ | ٣٠١٦٢ | ١٦٨٠٤ | شاری Xingyi | ١ی ئایار ١٩٨٢ | ویلایەتی خودموختاریی Qianxinan bouyei miao |
| ٦. پرۆڤینسی Yuanan | | | | موقاتەعەی Yunnan | |
| ٧٤٨٣ | ٨٦٩٢ | ١٩٧٠٠ | Jinghong County | ٢٤ی کانوونی دووەم ١٩٥٢ | ویلایەتی خودمومختاریی Xishuangbanna dai |
| ٥٦٦٤ | ٢٣٢٢٧ | ٣٢٢٢٩ | Wenshan County | ١ی نیسان ١٩٥٨ | ویلایەتی خودموختاریی Wenshan Zhuang miao |
| ٥٦٢٦ | ٤٠١٤٥ | ٢٢٩٣١ | شاری Gejiu | ١٨ی نۆڤەمبەر ١٩٥٧ | ویلایەتی خودموختاریی Honghe Hani-Yi |
| ٥١٦١ | ١٠٤٨٠ | ١١٥٢٦ | Luxi conty | ٢٤ی تەمموز ١٩٥٨ | ویلیەتی خودموختاریی Dehong dai- jingpo |
| ٩٢١٧ | ٤٧١٥ | ١٤٧٠٢ | Lushui Cunty | ٢٢ی ئاب ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاریی Nujiang lisu |
| ٨٦٥٤ | ٣٥٣٨ | ٢٣٨٧٠ | Zhongdian county | ١٣ی ئەیلوول ١٩٥٧ | ویلایەتی خودموختاریی Deqen Tibtan |
| ٤٩٤٩ | ٢٣٥٨٣ | ٢٩٢٥٨ | شاری Dali | ٢٢ی نۆڤەمبەر ١٩٥٦ | ویلایەتی خودموختاریی Dali bai Autonomous |
| ٢١٧٠ | ٢٥٥٠٣ | ٢٩٢٥٨ | شاری Chuxiong | ١٥ی نیسان ١٩٥٨ | ویلایەتی خودموختاریی Chuxiong Yi |
| ٧. پرۆڤێنسی Gansu | | | | موقاتەعەی Gansu | |
| ٥٦٨٨ | ١٩١٣٧ | ٨٤١٧ | شاری Linxia | ١٩ی نۆڤەمبەر ١٩٥٦ | ویلایەتی خودموختاریی Linxia Hui |
| ٥٧١٦ | ٦٨٢٩ | ٤٠٢٠١ | Xiahe county | ١ی ئۆکتەبەری ١٩٥٢ | ویلایەتی خودموختاریی Gannan Tibetan |

| ٨. پرۆڤێنسی Qinghai | | | | موقاتەعەی فینگهای Qinghai | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦١٣٤ | ٢٦٧٥ | ٢٩٢٥٤ | Haiyan County | ٢١ی کانوونی یەکەم ١٩٥٢ | ویلایەتی خودموختاریی Haibei tibtan |
| ٩٣٤٠ | ٢١٢٦ | ١٧٢٥٤ | Tongren County | ٢٢ی کانوونی یەکەم ١٩٥٢ | ویلایەتی خودموختاریی Huanqnan tibetan |
| ٦٨٣٢ | ٣٩٤١ | ٤٥٨٩٥ | Gonghe County | ٦ی کانوونی یەکەم ١٩٥٣ | ویلایەتی خودموختاریی Hainan tibetan |
| ٩٢٦٥ | ١٢٨٦ | ٧٦٣١٢ | Maqen County | ١ی کانوونی دووەم ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاریی golog tibetn |
| ٩٥٧٩ | ٢٧٤٨ | ١٨٨٧٩٤ | Yushu County | ٢٥ی کانوونی یەکەم ١٩٥١ | ویلایەتی خودموختاریی yushu tibetan |
| ٢٩٣١ | ٢٤٠٢ | ٢٢٥٧٨٥ | شاری.... | ٢٥ی کانوونی دووەم ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاریی Haixi Mongolian Tibetan |
| ٩. هەرێمی ئۆتۆمی Xinjiang Yygur | | | | موقاتەعەی Xinjiang Yygur | |
| ٤٢٢١ | ١٥٤٢٢ | ٧٧٥٨٢ | شاری CHANGI | ١٥ی تەمموز ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاری Changji Hui |
| ٤٢٢٤ | ١١٢٦٥ | ٤٧١٥٢٦ | شاری Korla | ٢٢ی حوزەیران ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاری Bayingolin Mongolian |
| ١٦٧٨ | ٤٥٨٤ | ٦٩٨١٥ | شاری Attux | ١٣ی تەمموز ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاری Kizilsu Kirgiz |
| ٢٢٢٨ | ٤٢٨٦ | ٢٤٩٠٠ | شاری Bole | ١٣ی تمموز ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاری Bortala Mongolin |
| ٥٤٨٣ | ٤٠٨٢٢ | ٢٦٩١٦٨ | شاری Yining | ٢٧ی تشرینی دووەم ١٩٥٤ | ویلایەتی خودموختاری Ili kazak |

## ١٢٠ موقاتەعەی ئۆتۆنۆمی

| ١. پرۆڤێسی (موقاتەعە) Jilin | | | | موقاتەعەی Jilin | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤٢٧ | ١١٢٠ | ١٧٦ | شارۆچکەی dachang | ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥ | موقاتەعەی خودموختاری dachang |
| ٢٢٩٨ | ١٨٧٢ | ٢٩٢ | شارۆچکەی mengoun | ٣٠ تشرینی دووەم ١٩٥٥ | موقاتەعەی خودموختاری mengcun Hui |
| ٦٨٤٠ | ٥١٦٥ | ٢٣٠٩ | شارۆچکەی Qinglong | ١٠ی ئایاری ١٩٨٧ | موقاتەعەی خودموختاری Qinglong manchu |
| ٦٨٠٥ | ٣٨٠٥ | ٨٧٤٧ | شارۆچکەی dage | ١٥ی ئایاری ١٩٧٨ | موقاتەعەی خودموختاری fengning manchu |
| ٥٧٨٤ | ٥١٥٧ | ٩٠٥٨ | شارۆچکەی weichang | ١٢ی حوزەیران ١٩٩٠ | موقاتەعەی خودموختاری weichang Manchu mongolin |
| ٦٣٥٠ | ٢٣٣٩ | ١٩٣٣ | شارۆچکەی kuancheng | ١٩ی حوزەیران ١٩٩٠ | موقاتەعەی خودموختاری kuancheng nanchu |
| ٢. هەرێمی ئۆتۆنۆمی مەنگۆلیای ناوەوە | | | | هەرێمی ئۆتۆنۆمی inner mongolia | |
| ١١٥٢ | ٢٨٣١ | ١٣٨٠٠ | شارۆچکەیAlith | ١ی ئۆتۆنۆمی ١٩٥١ | سەنجەقی ئۆتۆنۆمی Oroqen |
| ١٩٧٠ | ٣١٤٦ | ٢٣٥١ | شارۆچکەیNierji | ١٥ی ئابی ١٩٥٨ | سەنجەقی ئۆتۆنۆمی Morian Dawa daur |
| ٣٩٥٦ | ١٤٤٣ | ١٦٨٠٠ | شارۆچکەی Bayntuohai | ١ی ئایاری ١٩٥٨ | سەنجەقی ئۆتۆنۆمی Ewenki |

لێرە بەدواوە هەر (١١٠) و هەر هەموو (ستان یاخود دەڤەری) ئۆتۆنۆمین.

| Liaoning | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ستانی (دەڤەری) ئۆتۆنۆمیی Fuxian Mongolian | ٧ی نیسان ١٩٥٨ | شاری Fuxian | ٦٢٤٦ | ٧٢٦٥ | ٢٠٢٠ |
| County of harqin left wing | ١ی نیسان ١٩٥٨ | شارۆچکەی Dachengzi | ٢٢٤٠ | ٤٢٢٦ | ١٩٧١ |
| Xiuyan manchu | ١١ی حوزەیران ١٩٥٨ | شارۆچکەی Xinyan | ٤٥٠٢ | ٥٠٢١ | ٧٩٩٥ |
| Xinbin manchu | ٧ی حوزەیران ١٩٥٨ | شارۆچکەی Xinbin | ٤٢٧٨ | ٢٠٦٦ | ٧٢٥٠ |
| Qingyuan manchu | ٦ی حوزەیران ١٩٩٠ | شارۆچکەی Qinguan | ٢٩٢١ | ٢٤١٦ | ٦١٠٠ |
| Benxi manchu | ٨ی حوزەیران ١٩٩٠ | شارۆچکەی Xiaoshi | ٢٣٦٢ | ٢٩٩٩ | ٦٢٨٥ |
| Juanren manchu | ١٠ی حوزیران ١٩٩٠ | شارۆچکەی Juanren | ٢٥٤٧ | ٢٠٢٩ | ٥٩٠٠ |
| Kuandian manchu | ١٢ی حوزەیران ١٩٩٠ | شارۆچکەی Kuandian | ٦١٨٦ | ٤٣٤٦ | ٥٤٩٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Jilin Provinceپرۆڤینسی جیلین | | | | | |
| Changbai korean | ١٥ی ئەیوول ١٩٥٨ | شارۆچکەی Changbai | ٢٤٩٦ | ٨٥١ | ١٥٨٦ |
| Mongolian Qian Gorlos | ١ی ئەیلوول ١٩٥٦ | شارۆچکەی Qiangou | ٥١١٧ | ٥٧٥٤ | ٩٩٩ |
| Yitong Manchu | ٢٠ی ئاب ١٩٨٩ | شارۆچکەی Yitong | ٢٥٢٣ | ٤٦٦٤ | ٢٩٧١ |
| Heilogjiang province پرۆڤینسی | | | | | |
| Mongolian autonomous county of dorbod | ١٥ی کانوونی یەکەم ١٩٥٦ | شارۆچکەی Taikang | ٦٤٢٧ | ٢٤٨٨ | ٢١٠٠ |
| Zhejiang Province پرۆڤینسی | | | | | |
| county | ٢٤ی کانوونی یەکەم ١٩٥٨ | شارۆچکەی Hexi | ١٩٥٠ | ١٧٩٣ | ٩٩٤ |
| Hubei پرۆڤینسی | | | | | |
| Changyang tujia | ٨ی کانوونی یەکەم ١٩٨٤ | شارۆچکەی Longzhouping | ٢٤٢٠ | ٤٠٩٧ | ٥٠٦٥ |
| Wufeng tujia | ١٢ی کانوونی یەکەم ١٩٨٤ | شارۆچکەی Wufeng | ٢٠٧٢ | ٢٠٥٩ | ٨٤٨٨ |
| Hunan پرۆڤینسی Hunan موقاتەعەی | | | | | |
| Chengbu maio | ٢٠ی نۆڤەمبەر ١٩٥٦ | شارۆچکەی Rulin | ٢٦٢٠ | ٢٥٧٢ | ٥٧٥٩ |
| Tongdao dong | ٧ی ئایار ١٩٥٤ | شارۆچکەی Shuangjing | ٢٢٢٥ | ٢٢١١ | ٨٨٥٠ |
| Jinghua yao | ٢٥ی نۆڤەمبەر ١٩٥٥ | Toujiangشارۆچکەی | ٣٢١٦ | ٤٥٨٣ | ٦٣٩٧ |
| Xinhuang dong | ٥ی کانوونی یەکەم ١٩٥٦ | شارۆچکەی Xinhuang | ١٥١١ | ٢٥٠٥ | ٨٧٥٦ |
| Zhijiang dong | ٢٤ی ئەیلوول ١٩٨٧ | Zhijiangشارۆچکەی | ٢٠٩٦ | ٣٥٦٩ | ٦١٢٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧٣٠٠ | ٢٦٠١ | ٢٢١١ | شارۆچکەی Quyang | ٢٤ی ئەیلوول ١٩٩٠ | Jingzhou miao dong |
| ٧٧٩٧ | ٣٥٩٨ | ١٥٦١ | شارۆچکەی Gaocun | ١ی نیسان ١٩٩٠ | Mayang miao |
| پرۆڤینسی Cuangdong موقاتەعەی گوانگدۆنگ | | | | | |
| ٥١٥٥ | ١٥٥٦ | ١٢٣١ | شارۆچکەی Sangiang | ٢٥ی کانوونی دووەم ١٩٥٢ | Liannan Yao |
| ٦٢٨٨ | ١١٤٧ | ١٢٦٤ | شارۆچکەی Jitian | ٢٦ی ئەیلوول ١٩٦٢ | Lianshan Zhuang Yao |
| ١١٣٨ | ٢٠١٣ | ٢١٢٥ | شارۆچکەی Rucheng | ١ی ئۆکتبەر ١٩٦٣ | Ruyuan Yao |
| هەرێمی ئۆتۆنۆمیی Guangxi Zhuang موقاتەعەی گوانگخی زوانگ | | | | | |
| ٩٧٤٥ | ٦١١٢ | ٤٠٩٢ | شارۆچکەی Anyang | ١٥ی کانوونی یەکەم ١٩٥٥ | Duan Yao |
| ٧١٨٣ | ٤٦٨١ | ٤٦٦٥ | شارۆچکەی Rongshui | ٢٦ی نۆڤەمبەر ١٩٥٢ | Ronghui Miao |
| ٨٦٤٠ | ٣٤٧١ | ٢٤٥٥ | شارۆچکەی Guyi | ٣ی کانوونی یەکەم ١٩٥٢ | Sanjiang dong |
| ٧٧٤٠ | ١٦٥٥ | ٢٥٣٧ | شارۆچکەی Longsheng | ١٩ی ئاب ١٩٥١ | Longsheng ی تێکەڵاو/ فرەرەگەز |
| ٧٨٤٠ | ١٤٨١ | ٢٥١٧ | شارۆچکەی Jinxiu | ٢٨ی ئایار ١٩٥٢ | Jinxiu Yao |
| ٨٠٨١ | ٣٥٧٦ | ٣٥٤٢ | شارۆچکەی Xinzhou | ١ی کانوونی دووەم ١٩٥٢ | Longlinی تێکەڵاو/ فرەرەگەز |
| ٨٦٦٤ | ٢٤٠٢ | ١٩٦٦ | شارۆچکەی Bama | ٩ی شوبات ١٩٥٦ | Bama yaoی تێکەڵاو/ فرە رەگەز |
| ٧٣٠٧ | ٣٦٠٥ | ٢٦٣٩ | شارۆچکەی Dongmen | ١٠ی کانوونی دووەم ١٩٨٤ | Luocheng Mulainی تێکەڵاو/ فرەرەگەز |
| ٤٦٧٧ | ٢٩٩٨ | ١٥٧٢ | شارۆچکەی Fuyang | ١ی کانوونی دووەم ١٩٨٤ | Fuechuan Yao |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٣٩٦ | ٤٠٢٤ | ٢٧٥٤ | Dahua شارۆچکەی | ٢٣ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Dahua Yao |
| ٩١٦٧ | ٣٦٦٩ | ٤٥٥٨ | Sien شارۆچکەی | ٢٤ی نۆڤەمبەر ١٩٨٧ | Huanjiang Maonan |
| ٥٨٩٨ | ٢٧٩٦ | ٢١٤٩ | شارۆچکەی Gongcheng | ١٥ی ئۆکتەبەر ١٩٩٠ | Gongcheng yao |
| پرۆڤینسی Hainan موقاتەعەی Hainan | | | | | |
| ٦١٣٦ | ١٨١٦ | ٢١١٧ | Yacha شارۆچکەی | ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Baisha li |
| ٣٦٧٧ | ٢٣٢١ | ١٥٦٩ | Shilu شارۆچکەی | ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Changjiang Li |
| ٣٨٠١ | ٤٦٩٤ | ٢٧٤٧ | Baoyou شارۆچکەی | ٢٨ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Ledong Li |
| ٥٥٩٨ | ٣٣٠١ | ١١٢٨ | Yelin شارۆچکەی | ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Ling shui li |
| ٥٦٥٦ | ٢٠٣٦ | ٢٧٠٦ | Yinggen شارۆچکەی | ٢٨ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Qiongzhong li miao |
| ٩٠٥٧ | ١٠٥٥ | ١١٦١ | شارۆچکەی Baocheng | ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩٨٧ | Baoting li- miao |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شارەوانی Chongqing | | | | | |
| Shizhu tujia | ١٨ی نۆڤەمبەر ١٩٨٤ | شارۆچکەی Nanbin | ٣٠١٣ | ٥١٢٣ | ٦٩٤٩ |
| Xiushan tujia miao | ٧ی نۆڤەمبر ١٩٨٣ | شارۆچکەی Zhongduo | ٢٤٥٠ | ٦٠٦٠ | ٥٢٤١ |
| Youyang tujia miao | ١١ی نۆڤەمبەر ١٩٨٤ | شارۆچکەی Zhongduo | ٥١٧٣ | ٧٤٥٠ | ٨٣٦٠ |
| Pengshui miao tujia | ١٠ی نۆڤەمبەر ١٩٨٤ | شارۆچکەیHanjia | ٣٩٠٣ | ٦٣٠٣ | ٥٩٦٣ |
| پرۆڤنسی Shichuan موقاتەعەی شیجوان | | | | | |
| Beichuan qiang | ٢٥ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٣ | شارۆچکەی Qushan | ٢٨٦٥ | ١٦١٢ | ٥٨٨٩ |
| Multi tibetan | ١٩ی شوبات ١٩٥٣ | شارۆچکەی Qiaowa | ١٣٢٥٢ | ١٢٦٣ | ٧٨٤٢ |
| Mabian yi | ٩ی ئۆکتۆبەر ١٩٨٤ | شارۆچکەی Minjian | ٢٣٨٣ | ١٨٠٢ | ٤٠٥٧ |
| Ebian Yi | ٢٥ی ئۆکتۆبەر ١٩٨٤ | شارۆچکەی Shaping | ٢٣٩٥ | ١٤٨٩ | ٣١٢٤ |
| پرۆڤێسی Chizhou موقاتەعەی گویزهاو | | | | | |
| Shngtao Miao | ٣١ی کانوونی یەکەم ١٩٥٦ | شارۆچکەی Liaogao | ٢٨٦١ | ٦٣٩٩ | ٤٢٤٩ |
| Zhenning bouyei- maio | ١١ی ئەیلوول ١٩٦٣ | شارۆچکەی Chengguan | ١٧٢١ | ٣٣٤٦ | ٥٨٦١ |
| Ziyun miao- boyei | ١١ی شوبات ١٩٦٠ | شارۆچکەی Songshan | ٢٢٨٤ | ٣٢٢٤ | ٦٨٤٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Weining Yi hui miao | ١١ی نۆڤەمبەر ١٩٥٤ | شارۆچکەی Caohai | ٦٢٩٦ | ١٠٩٥٩ | ٢٥٣٧ |
| Guanling Bouyei- miao | ٣١ی کانوونی یەکەم ١٩٨١ | شارۆچکەی Guansu | ١٤٦٨ | ٣٢٠٠ | ٥٨٩٩ |
| Sandu Shui | ٢ی کانوونی دووەم ١٩٥٧ | شارۆچکەی Shanhe | ٢٣٨٣ | ٣١٤٧ | ٩٦٨٥ |
| Yuping dong | ٧ی نۆڤەمبەر ١٩٨٤ | شارۆچکەی Pinxi | ٥١٦ | ١٣٦٨ | ٨٢٧٠ |
| Daozhen gelao- miao | ٢٩ی نۆڤەمبەر ١٩٨٧ | شارۆچکەیYuxi | ٢١٥٦ | ٣٣٦٦ | ٧٩١٨ |
| Wuchuan gelao miao | ٢٦ی نۆڤەمبەر ١٩٨٧ | شارۆچکەی Duru | ٢٧٧٣ | ٤١٩٣ | ٩٦٢٥ |
| Yinjiang tujia- miao | ٢٠ی نۆڤەمبەر ١٩٨٧ | شارۆچکەی Yinjiang | ١٩٦١ | ٣٩٩٤ | ٧١٣٦ |
| Yanhe Tujia | ٢٣ی نۆڤەمبەر ١٩٨٧ | شارۆچکەی Heping | ٢٤٦٩ | ٥٥٨٧ | ٥٥٧٤ |
| | موقاتەعەی یۆنان | پرۆڤینسی Yunnan | | | |
| Eshan Yi | ١٢ی ئایار ١٩٥١ | شارۆچکەی shuangjiang | ١٩٧٢ | ١٤٩٠ | ٦٥٤٦ |
| Shilin Yi | ٣١ی کانوونی یەکەم ١٩٥٦ | شارۆچکەی Lufa | ١٧٧٧ | ٢٢٩٣ | ٣٤٢٩ |
| Canguan va | ٢٨ی شوبات ١٩٦٤ | شارۆچکەی mengdong | ٢٥٣٩ | ١٦٦٩ | ٩٠٩٠ |
| Gengma dai- VA | ١٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٥ | شارۆچکەی gengma | ٣٨٣٧ | ٢٥٥٠ | ٥١٦٠ |
| Yulong Naxi | ٢٦ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٢ | شارۆچکەی hangsham | ٦٥٢١ | ٢٠٩٧ | ٨٥٠٣ |
| Ninglang Yi | ٢٠ی ئەیلوول ١٩٥٦ | شارۆچکەیdaxing | ٦٢٠٦ | ٢٣٥٤ | ٧٩٣٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨١٢٠ | ١٠٩٤ | ٣٤٧٦ | شارۆچکەی Menglie | ١٨ی ئایار ١٩٥٤ | Jiangchen g Hani- Yi |
| ٧٧١٢ | ٤٧٠٦ | ٨٨٠٧ | شارۆچکەی Menglang | ٧ی نیسان ١٩٥٣ | Lancang Lahu |
| ٨٥٨٤ | ١١٤٢ | ١٩٥٧ | شارۆچکەی Nayun | ١٦ی حوزەیران ١٩٥٤ | Menglian dai-lahiu-va |
| ٩٤٠٦ | ٨٢٩ | ١٣٩١ | شارۆچکەی Mengsuo | ٥ی ئادار ١٩٦٥ | Ximeng va |
| ٦٣٤٩ | ٧٨٢ | ١٣١٣ | شارۆچکەی Hekou | ١١ی تەموز ١٩٦٣ | Hekou Yao |
| ٦١٩٥ | ١٤٦٢ | ١٩٠٥ | شارۆچکەی Yuping | ١ی تەمموز ١٩٦٣ | Pingbian Miao |
| ٩٢٢٤ | ٣٠٤٢ | ٤٥٠٦ | شارۆچکەیCikai | ١ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٦ | Gongshan Drung- Nu |
| ٤٣٢٠ | ٣٠١٧ | ٢٢٦٦ | شارۆچکەی Wenhua | ٩ی نۆڤەمبەر ١٩٥٦ | Weishan Yi-Hui |
| ٤٩٣٢ | ٢١٥٤ | ١٨٠٢ | شارۆچکەی Nanjian | ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٩٦٥ | Nanjian yi |
| ٢١٨٢ | ٥٠٣٩ | ٣٩٦٦ | شارۆچکەیRende | ٢٠ی کانوونی یەکەم ١٩٧٩ | Xundian Hui- Yi |
| ٧٩٢٤ | ١٩٦٥ | ٢٨٥٨ | شارۆچکەیLijiang | ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٨٠ | Yuanjiang Hani-Yi- Dai |
| ٦٩٧٦ | ٢٦٩٧ | ٤٢٢٣ | شارۆچکەی Guishan | ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٨٠ | Xinping Yi-dai |
| ٧٣٩٧ | ٣٥١٠ | ٥٤٥٩ | شارۆچکەی Lianzhu | ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ | Mojiang Hani |
| ٤٤٣٦ | ١٦٣٨ | ٢٢٩٢ | شارۆچکەی Mengmeng | ٣٠ی کانوونی یەکەم ١٩٨٥ | Shuangija-nglehu va blang dia |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٣٤٧ | ١٩٠٥ | ٤٤٥٥ | شارۆچکەی Jinding | ٢٥ی ئایار ١٩٨٨ | Lanping Bai- pumi |
| ٨٣٢٨ | ١٤٤٦ | ٤٦٦١ | شارۆچکەی Baohe | ١٣ی ئۆکتۆبەر ١٩٨٥ | Weixi Lisu |
| ٤٦٠٣ | ٣٥٣٠ | ٤٥٣٢ | شارۆچکەی Jinping | ٢٠ی کانوونی یەکەم ١٩٨٥ | Jingdong Yi |
| ٤٦٤٤ | ٢٩١٧ | ٧٧٧٧ | شارۆچکەی Weiyuan | ٢٥ی کانوونی یەکەم ١٩٨٥ | Jinggu dai-Yi |
| ٤٩٥٤ | ١٨٥١ | ٣٦٧٠ | شارۆچکەیNinger | ١٥ی کانوونی یەکەم ١٩٨٥ | Puer Hani-Yi |
| ٦٣٢٨ | ١٠٠١ | ١٩٥٧ | شارۆچکەی Shangjie | ١ی نۆڤەمبەر ١٩٨٥ | Yangbi Yi |
| ٣٠٤٢ | ٣١٦٨ | ٤٣٧٨ | شارۆچکەی Pingshan | ٢٥ی نۆڤەمبەر ١٩٨٥ | Luquan Yi-miao |
| ٨٥٥١ | ٤٤٨٨ | ٣٦٧٧ | شارۆچکەی Jinhe | ٢٧ی کانوونی یەکەم ١٩٨٥ | Jinping Maio- Yao- Dai |
| ٥١٨٠ | ٢٠٤٣ | ٤٢٢٣ | شارۆچکەی Enle | ١٥ی ئازار ١٩٩٠ | Zhenyuan Yi- Hani Lahu |
| موقاتەعەی (پرۆڤینسی) Gansu | | | | | |
| ٦٩٧٥ | ٣١٥٠ | ١٣١١ | شارۆچکەی Zhangjiachuan | ٦ی تموز ١٩٥٣ | Zhangjiac- huan hui |
| ٣٨٠٠ | ٢١٤١ | ٦٨٨٥ | شارۆچکەی Huazangsi | ٦ی ئایار ١٩٥٠ | Tianzhu Tibetan |
| ٥٥٣٠ | ٣٥٣ | ٢٠٤٥٦ | شارۆچکەی Hongwansi | ٢٠ی شوبات ١٩٥٤ | Sunan yuger |
| ٤١٠٨ | ١١١ | ٥٥٠٠٠ | شارۆچکەی Dangchengwan | ٢٩ی تەمموز ١٩٥٠ | Subei Mongolian |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٦٠ | ٨٠ | ٣١٢٧٤ | شارۆچکەی Hongliuwan | ٢٧ی نیسان ١٩٥٤ | Aksay kazak |
| ٨٨١١ | ٢٦٧٣ | ١٤٦٧ | شارۆچکەی Suonan | ٢٥ی ئەیلوول ١٩٥٠ | dongxiang |
| ٥٤٤٥ | ٢١٩٨ | ٩١٠ | شارۆچکەی Chuimatan | ٣٠ ی ئەیلوول ١٩٨١ | Jishishan baoan- dongxing salar |
| موقاتەعەی (پرۆڤینسی) Gansu | | | | | |
| ٦٩٧٥ | ٣١٥٠ | ١٣١١ | شارۆچکەی Zhangjiachuan | ٦ی تموز ١٩٥٣ | Zhangjiac- huan hui |
| ٣٨٠٠ | ٢١٤١ | ٦٨٨٥ | شارۆچکەی Huazangsi | ٦ی ئایار ١٩٥٠ | Tianzhu Tibetan |
| ٥٥٣٠ | ٣٥٣ | ٢٠٤٥٦ | شارۆچکەی Hongwansi | ٢٠ی شوبات ١٩٥٤ | Sunan yuger |
| ٤١٠٨ | ١١١ | ٥٥٠٠٠ | شارۆچکەی Dangchengwan | ٢٩ی تەمموز ١٩٥٠ | Subei Mongolian |
| ٣٢٦٠ | ٨٠ | ٣١٢٧٤ | شارۆچکەی Hongliuwan | ٢٧ی نیسان ١٩٥٤ | Aksay kazak |
| ٨٨١١ | ٢٦٧٣ | ١٤٦٧ | شارۆچکەی Suonan | ٢٥ی ئەیلوول ١٩٥٠ | dongxiang |
| ٥٤٤٥ | ٢١٩٨ | ٩١٠ | شارۆچکەی Chuimatan | ٣٠ ی ئەیلوول ١٩٨١ | Jishishan baoan- dongxing salar |
| پرۆڤینسی Qinghai | | | | | |
| ٢٥١٣ | ٣٧٠٨ | ٣٣٢١ | شارۆچکەی Weiyauan | ١٧ی شوبات ١٩٥٤ | Huzhu tu |
| ٧٨٥٧ | ٢٣٢٥ | ٢٧٤٠ | شارۆچکەی Bayan | ١ی ئادار ١٩٥٤ | Hualong Hui |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Xunhua salar | ١ی ئادار ١٩٥٤ | شارۆچکەی Jishi | ١٧٤٩ | ١١٦٣ | ٩٤٠٥ |
| Henan Mongolim | ١٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٤ | شارۆچکەی Youganning | ٦٢٥٠ | ٣١٩ | ٩٧١٦ |
| Menyuan Hui | ١٩ی کانوونی یەکەم ١٩٥٣ | شارۆچکەیHomen | ٦٨٩٦ | ١٥٠٦ | ٥٦٩٣ |
| Datong Hui Tu | ١٠ی تەمموز ١٩٨٦ | شارۆچکەی Qiotou | ٣٠٩٠ | ٤٢٥٥ | ٤٦٥٠ |
| Minhe Hui Tu | ٢٧ی حوزەیران ١٩٨٦ | شارۆچکەی Chuankou | ١٧٨٠ | ٣٧٦٧ | ٥٤٨٤ |
| هەرێمی ئۆتۆنۆمی Xinjiang Uygur | | | | | |
| Barkol Kazak | ٣٠ی ئەیلوول ١٩٥٤ | شارۆچکەی Barkol | ٣٦٩٤٧ | ١٠١٠ | ٣٣٨١ |
| Taxkorgan Tajik | ١٧ی ئەیلوول ١٩٥٤ | شارۆچکەی Taxkorgan | ٥٢٣٠٠ | ٣٣٢ | ٥٢٧٠ |
| Mulei Kazak | ١٧ی تەمموز ١٩٥٤ | شارۆچکەی Mulei | ١٣٥١٠ | ٨٥٥ | ٣١٤٤٠ |
| Yanqi Hui | ١٥ی ئادار ١٩٥٤ | شارۆچکەی Yanqi | ٢٤٢٩ | ١٢٤٧ | ٥٤٧٧ |
| Qapqal Xibe | ٢٥ی ئادار ١٩٥٤ | شارۆچکەیQapqal | ٤٤٨٢ | ١٦٤٨ | ٦٣٦٠ |
| Hoboksar Mongolian | ١٠ی ئەیلوول ١٩٥٥ | شارۆچکەی Hoboksar | ٢٨٧٩٩ | ٤٩٥ | ٦٥٨٠ |

# سیستەمی فیدراڵی

## لە چەند وڵاتێکی جیهاندا - ٢٠٠٥

■■■

**مەجید ئاسنگەر**

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان

هەولێر- کوردستان ٢٠٠٨

## پێشدەستیی و پێناسەیەك

خوێنەری هێژا

ئـــەم پەرتووکـــەی بەردەســـتی بەڕێزتـــان کـــە دوا بـــەدوای وەرگێـــڕان و بەچاپگەیاندنـــی هـــەردوو کتێبـــی (خودموختاریـــی هەرێمایەتـــی بـــۆ کەمینـــە نەتەوەییـــەکان لـــە چیـــن) و (یاســـای زمانـــە فەرمییـــەکان لەچەنـــد وڵاتێکـــی فـــرە زمانـــدا) دێـــت، بریتییـــە لـــە وەرگێڕانـــی پێنـــج بابەتـــی نێـــو کتێبێـــك بـــە زمانـــی ئینگلیـــزی بەنێـــوی (Handbook of federal countries', 2005) لەبـــارەی سیســـتەمی فیدرالیـــزم و گەشەســـەندنی لـــە (٢٥) وڵاتـــی جیـــاوازی جیهانـــدا کـــە هەریەکەیـــان لەلایـــەن شـــارەزا و پســـپۆڕێکەوە نـــووسراوە. بـــرای بەڕێـــزم پەرلەمانتـــار و پارێـــزەر (طـــارق جامبـــاز) ئەندامـــی لیژنـــەی یاسـایی لـــە ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان پەیدایکردبـــوو، بـــۆ منـــی هێنـــاو و وامـــان بـــە پەســـەند زانـــی بـــۆ ئێســـتا پێنـــج لـــەو دەوڵەتانـــەی وەربگریـــن و بیکەیـــن بـــە کـــوردی، بەتایبەتـــی ئەوانـــەی لـــە رووی پێکهاتـــەی فـــرە نەتەوەیـــی و فـــرە زمانیـــی گەلەکەیانـــەوە بـــە جـــۆرێ لـــە جـــۆرەکان هاوشـــێوەی عێراقـــن بـــە کوردســـتانەوە تاکـــو پیشـــانی خەڵکانـــی بدەیـــن بەتایبەتـــی ئەوانـــەی پێیانوایـــە (فیدرالیـــزم) واتـــای دابەشـــکردنی وڵات و جودابوونەوەیـــە و پیادەکردنـــی ئـــەم سیتســـەمە لـــە وڵاتـــدا و جودابوونەوەیـــە و پیادەکردنـــی ئـــەم سیســـتەمە لـــە وڵاتـــدا خێرێکـــی گـــەورە و مەزنـــە حکومەتـــی نێوەنـــد و نەتـــەوەی سەردەســـتی وڵات دەیکـــەن و بـــە نەتەوەکانـــی دیکـــە و بـــە هەرێـــم و ناوچەگەلـــە جۆراوجۆرەکانـــی نیتشـــمانی دەبەخشـــن.

ئێمـــە لـــەم پەرتووکـــە دانســـقەیەدا پێمانباشـــبوو باســـەکانی لەمـــەڕ وڵاتانـــی (هیندســـتان، ســـویسرا، کەنـــەدا، ئەفریقیـــای باشـــوور و بەلژیـــکا) بکەینـــە کـــوردی و بیخەینـــە بەردەســـت و دیـــدەی بەڕێزتانـــەوە بەمەبەســـتی شـــارەزابوون و بەدەســـتهێنانی زانیاریـــی لەبارەیانـــەوە و هەوڵـــدان بـــۆ ســـوود لێوەرگرتـــن بـــە ئومێـــدی پێڕەوکردنـــی ئـــەو رێبازانـــەی ئـــەوان گرتوویانەتەبـــەر لـــە پێنـــاو

پێشــڤەبردنی وڵاتەکانیــان و دابینکردنــی ســەرجەم مافەکانــی هاونیشــتمانیاندا و مسـۆگەرکردنی ئاییـنـدە و دوارۆژێکـی گـەش و ئاسـوودە و بەختـەوەر بـۆ تێکـڕای تاکەکانـی گەلەکانیـان بەبـێ فـەرق و جیـاوازی. باشـتریش دەبـوو گـەر بکرابایـە عەرەبیـی هەتـا بـرا عەرەبەکانـی ئێـراق و ناوچەکـە و دەرەوەش بیانزانیبایـە کـە پێڕەوکردنـی فیدراڵـی لـە ئێـراق و ناسـینی گەلـی کـورد و زمانەکـەی و هـی سـەرجەم پێکهاتەکانـی دیکـەی ئێـراق بـە رەسـمیی و دانپێدانانیـان بەیاسـا، هیـچ کارێکـی نەکـردە و سـەیر نییـە و هیـچ منەتێکیشـی تێـدا نییـە و جگـە لـە سـوود پێبەخشـین هەرگیـز زیـان بـە وڵات ناگەیەنێـت. لێرەشـدا بـە پێویسـتی دەزانـم ئامــاژە بــە هاوکاریــی و پشــتگیریی لــە رادەبــەدەری ســەرۆکایەتی پەرلەمانــی کوردســتان و بەتایبەتـی رۆڵـی سـەرۆکی پەرلەمـان رێـزدار کاك (عەدنـان موفتـی) بـدەم بـۆ بەگەرمیـی بەدەنگـەوە هاتنـمان و ئاسـانکاری و یارمەتیدانمـان لـە پێنـاو بـە ئەنجامگەیاندنـی ئـەم ئەرکـە پیـرۆزەی سەرشـانماندا، کـە هیواداریـن مایـەی پەســەندکردن و رەزامەندیــی ئێــوەی بەڕێــز و خۆشەویســت بێــت و بــەم کارە چکۆلانەیەمـان کەلێنێکـی بچووکـمان لـە تـەلاری رۆشـنبیری میللـی و کتێبخانـەی بێنــازی کوردیمانــدا پڕکردبێتــەوە!

وەرگێڕ/ مەجید ئاسنگەر

هەولێر ٢٠٠٨/٥/١٤

# کەنەدا

**نووسینی: دیڤید کامیرۆن David R. Cameron**

١- دێرۆك و پەرەئەستاندنی فیدرالیزم

کەنـــەدا وڵاتێکـــی دیموکراســـی پەرلەمانتارییـــە، ســـەرۆکی وڵات خاوەنشـــکۆ (شـاژن ئەلیزابیسـی دووەهەمـە) کـە (حاکمـی گشـتیی) لەسـەر ئاسـتی فیدرالیـی لـە کەنـەدا نوێنەریەتـی و، لـە هەرێمەکانیشـدا (جێگرەکانـی فەرمانـڕەوا) نوێنـەری شـاژنن، رووبـەری وڵات لـە (٩) ملیـۆن کـم٢ کلۆمەتـر دووجـا تێپـەڕ دەبێـت و دانیشـتوانەکەی دەگاتـە (٣١) ملیـۆن کـەس کـە زۆربەیـان لەشـارە گـەورەکان و شـارۆچکەکاندا کـە لـە ناوچەیەکـی تـا رادەیـەك باریکۆکـە لـە باکـووری سـنوورەکانی (USA)دا پـەرش و بـڵاون، ژیـان بەسـەردەبەن.

کەنـەدا بەرەنجامـی ئـەو یەکگرتنـەی ساڵی (١٨٦٧)ی سێ کۆلۆنـی بەریتانییـە (نۆڤاسـکۆتیا، نیوبرانزویـك و هەرێمـی یەکگرتـووی کەنـەدا) لـە ئەمەریـکای باکـووری سـەر بـە بەریتانیـادا (هەرێمـی یەکگرتـووی کەنـەدا پێکهاتبـوو لـە کەنـەدای خۆرهـەڵات و کەنـەدای خۆرئـاوا، ئەوانـەی ساڵی ١٨٦٧ بـەدواوە بـوون

بە(کوبیـك و ئۆنتاریـۆ) شـەش هەرێمـی دیکەیـش پێوەندییـان بـە (کەنـەدا)وە کـردووەك مانیتۆبـا ١٨٧٠، کۆڵۆمبیـای بەریتانیـی ١٨٧١ دوورگـەی شـازادە ئیـدوارد ١٨٧٣ ساسـکا چـوان و ئەلبێرتـا ١٩٠٥ لەگـەڵ نیوفاوندلەنـد لـە سـاڵی ١٩٤٩ دا وێـڕای ئەمانەیـش سـێ ناوچـەی باکـوور هەنـە (یۆکـۆن، ناوچـە خۆرئاواییەکانـی باکـوور و نۆناڤیـل کـە سـاڵی ١٩٩٩ لـەوەی دواییـان جیابۆتـەوە، فیدرالیزمـی کەنـەدا، دابەشـبوونی زمانـی لـە وڵات کـە لـە پێوەنـدی نێـوان زمانەکانـی ئینگلیـزی و فەرەنسـیدا چڕبۆتـەوە، هەروەهـا دابەشـبوونە کەلتوورییـە ئەتنیکیەکـەش کاریـان تێکـردووە.

بەهـۆی بوونـی مێژوویـی دوو کۆمەڵگـەی سـەرەکیی زمـان، کەنـەدا دوو زمانـی فەرمـی هەیـە، فەرەنسـیی و ئینگلیـزی. ئینگلیـزی زمانـی دایکـی پـتر لـە ٦٠٪ سـەدا شەسـتی کەنەدیەیکانـە و فەرەنسـیش هـی نزیکـەی ٢٤٪ یانـە کـە بەزۆریـی لـە هەرێمـی کۆیبیکـدا چڕبوونەتـەوە. بەهـۆی ئـەوەوە کـە سـەقامگیریی و گەشەسـەندنی کەنـەدا زۆر پشـتی بـە کۆچکـردن بەسـتووە، نزیکـەی ١٤٪ ی خەڵکـەکان زمانـی دایکـی جوداوازیـان هەنـە و ساڵی ١٩٩١ نزیکـەی یـەك ملیـۆن لـە دانیشـتوانەکانی کەنـەدا سـەلماندبوویان کـە زمانەکانیـان بنەمـا و سـەرەتای زمانـی خەڵکـە رەسـەنەکانی وڵاتەکەیـان هەبـووە.

ئابووریـی کەنـەدا لەنێـوان وڵاتـە پیشەسـازییە خۆرئاواییەکانـدا حەفتـەم گەورەترینیانـە و کەنـەدا ئەندامێکـی گرووپـی هەشـتی (G8) ی وڵاتـە پیشەسـازییەکانە. ئاسـتەنگەکانی بـەردەم بازرگانیکردنـی نێودەوڵەتیـی لـە بەینـی کەنـەدا و وڵاتانـی تـردا لەوەتـای جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە بـەردەوام لـە کەمبوونـەوەدا بـووە. هەنـاردەکان نزیکـەی ٤٠٪ی کـۆی بەرهەمـی نیشـتمانی (G.D.P) پێکدەهێنـن (یەکێکـە لـە بەرزتریـن رادده لـە جیهانـدا) بـە نزیکـەی ٨٠٪ ئـەو هەناردانـە بـۆ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا دەچێـت.

لـە راسـتیدا ئابـووری کەنـەدا بـە تووونـدی بـە ئابـووری ویلایەتـە

یەکگرتووەکانــەوە پەیوەســتە، بەشــێوەیەك هــەردوو وڵات بــە حەقیقــەت گەورەتریــن تــەواوکاری بازرگانیــی یەکتریــن. تێکەڵاویــی ئابــووری ئەمەریــکای باکــوور لەرێــی رێککەوتنــی بازرگانیــی ئــازادی نێــوان ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و کەنــەداوە هەنــدەی تــر زیــادی کــردووە (ســاڵی ١٩٨٩ ئیمــزا کــراوە) و هەروەهــا رێککەوتننامــەی بازرگانــی ئــازادی ئەمەریــکای باکــوور (NAFTA) کــە ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و کەنــەدا و مەکســیك بەیەکــەوە دەبەســتێتەوە (کانوونــی یەکەمــی ١٩٩٢) جێبەجێکــراوە.

ســامانی کەنــەدا هــەر لــە دێرزەمانــەوە بــە ســوود وەرگرتــن لــە قەبــارەی زۆر و زەبەنــدی ســەرچاوە سروشــتییەکانیەوە هاتــووە، ئیمــڕۆش ســێکتەرە پیشەســازی و تەکنەلۆجیــا هــەرە پێشــکەوتووەکان رۆڵــی گرنــگ لــە ئابوورییــەك دەبینــن کــە زۆر پــەرەی ســەندووە و خۆماڵییــە. هەروەکــو پــتر لــە نیــوەی بەرهەمــی ئابــووری کەنــەدا لــە هەرێمــە ناوەندییەکانــی وەك (کویبیــك و ئۆنتاربــۆ) بەرهــەم دەهێنرێــن، ئەوانــەن بەیەکــەوە (٨٠٪) ی هێــز و توانســتی دروســتکردنی وڵاتــی کەنــەدا لەخــۆ دەگــرن. وێــڕای گەشــەکردنی ئابووریــش چــوار هێــزی مــەزن لــە جەنگــی دووەمــی جیهانییــەوە ئەزموونــی فیدراڵــی کەنەدایــان رەنگرێــژ کــردووە.

یەکەمیــان دروســتکردنەوەن دوایــی ســنووردانان بــۆ سامانی دەوڵەتیــی کەنەدایــە، دووەهەمیــان بریتییــە لــە ســەرهەڵدانی شــێوەیەك لــە نەتەوەپەرســتیی لیبرالــی لــە شەســتەکانی ســەدەی بیســتدا لــە کویبیــك، ئــەو هەرێمــەی کــە زۆرینــەی دانیشــتوانەکانی فەرەنســیی زمانــن. شــان بەشــانی ئەوەیــش، هــۆکاری ســێهەم دێــت کــە بریتییــە لــە پرۆژەگەلــی گرنگــی (بنیاتنانــەوەی هەرێــم) لــە ژمارەیــەك لــە هەرێمەکانــی کەنــەدادا. چوارەمیشــیان (خواســتی بەهێــزی خۆبەڕێوەبردنــە) لەلایــەن خەڵکــە رەســنەکانی وڵاتــەوە. بێگومــان هــەر ئەمانــە (تەنیــا) هێــز نیــن یەکــێ بتوانــێ دەستنیشــانیان بــکات، وەلــێ ئەمانــە لــە هەمــووان زیاتــر پێوەندییــان بــەم بــارەی فیدرالیزمــی کەنــەداوە هەیــە.

٢- بڕگە دەستوورییەکانی پەیوەست بە فیدرالیزم

کەنەدا یەکەم وڵات بوو خۆی وەك فیدراسیۆنێکی پەرلەمانیی ناساند واتە سیتسەمێکی فیدرالیی کە تیایدا دەسەڵات لە نێوان حکومەتەکانی ناوەند و هەرێمەکاندا دابەشکراوە و شێوەکانی فەرمانڕەوایەتی هەردوولایان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی پەرلەمانیی بەریتانیادا بەپێی دەستوور داڕێژراون. ئەو سیتسەمەی کەنەدا زیاتر مۆدێلێکی دابەشکراو تا مۆدێلی هاوپشکی فیدراڵیی دەخاتەڕوو، کە تیایدا بەشی هێزەکان زۆر بەروونی دیاریکراون، لەگەڵ سەربەخۆیی کاروباری باج و باجگریی بۆ هەردووحکومەتەکان، نوێنەرایتیکردنێکی بێ هێز و لەرزۆکیش لە ناوەنددا.

فێدرالیزمی پەرلەمانیی کەنەدا حکومەتێکی جێبەجێکاری بە توانای لە (ئۆتاوا) و لە پایتەختە هەرێمایەتییەکان بەرهەمهێناوە کە بەستراو بە سیناتێکی (ئەنجوومەنی پیران) بێ دەسەڵات بۆتە هۆکاری باڵادەستبوونی پێوەندییەکانی جێبەجێکردن لە نێوان بەشدارەکاندا.

کەنەدا ساڵی ١٨٦٧ وەك فیدراسیۆنێکی ناوەندیی هاتە دامەزراندن، هێزە سەرەکییەکانی رۆژانەی لەدەست (ئۆتاوا)دا بوون لەتەك رۆڵی چاودێرییەکی هاوپشکی باڵاتری بەهێز بۆ (ئۆتاوا) تەرخانکراو لەبەرامبەر هەرێمەکاندا. سەرەڕای بنچینەکانیشی کەنەدا بووەتە وڵاتێکی لامەکەرزی، ئەویش وەك دەرەنجامی چەند هۆکارێك،

یەك: راوبۆچوون و لێکدانەوەی دادگەریی سەبارەت بە دابەشبوونی هێزەکان زیاتر لە بەرژەوەندیی حکومەتەکانی هەرێمەکان دابوو تا بۆ حکومەتی فیدراڵ.

دوو: دامودەزگە ناوەندییەکانی وڵات نەیانتوانیوە بە تەواوەتی نوێنەرایەتی دابەشبوونە هەرێمایەتییەکەی کەنەدا بکەن، بۆیەکا پشتگیرییەکی بەربڵاوی گەل بۆ رێزگرتن لە هێزی هەرێمایەتی هاتۆتە ئاراوە، بەتایبەیت لە هەرێمە

هــەرە بەهێزەکانــدا.

ســێهەم: رووبــەڕووی بەرپرســیاریەتی هەرێمایەتــی لەبابەتگەلــی وەك تەندروســتی، ســامان و پــەروەردە، کــە لــە ســەدەی نۆزدەهەمــدا بابەخێکــی ئەوتــۆی حکومەتییــان پێنەدرابــوو، لەســەدەی بیســتدا ئــەو گرنگــی پێدانەیــان زۆر زیــادی کردبــوو، بــەو شــێوەیە رۆڵــی هەرێمەکانــی ئێجــگار بەهێــز وکاراکــرد، چوارەمیــش: هەســتی نەتەوەپەرســتیی لــە (کوبیــك) دوای جەنگــی دووەمــی جیهانیــی یارمەتــی زۆری بــۆ ســەپاندنی پرۆســەیەك بــۆ کەمکردنــەوەی دەســەڵاتەکانی (ناوەنــد) داوە، هەرێمەکانیــش ســوودی زۆریــان لەمــە بینیــوە.

دەرەنجــام کەنــدا بــوو بــە خاوەنــی حکومەتــی زۆر بەهێــز لــە (ئۆتــاوا) و لــە هەرێمەکانیشــدا کــە لەنێوخۆیانــدا کەوتنــە کێبەرکێــی توونــد بەمەبەســتی بنیادنانــی کۆمەڵگــە و پەرەپێــدان و پێشخســتنی کۆمەڵایەتــی و ئابــووری لەســەر هەمــوو ئاســتەکاندا. بەڕێوەبردنــی ئــەم سیســتەمە پێویســتی بــە شــێوەگەلی هاوکاریــی لــە نێــوان حکومەتەکانــدا هەیــە و هەنــدێ جاریــش دەبێتــە هــۆکاری دروســتبوونی ناکۆکیــی و دژایەتییەکــی ســەخت و تــاڵ لــە مابەینــی حکومەتەکانــدا.

دوو بەڵگەنامــەی ســەرەکیی دەســتووری لــە کەنــەدا بریتیــن لــە قانوونــی دەســتووریی ســاڵی ١٨٦٧ و قانوونــی دەســتووری ســاڵی ١٩٨٢.

ئــەوەی ساڵی ١٨٦٧ کــە پێشــتر بــە (قانوونــی باکــووری ئەمەریــکای بەریتانیــی) ناسرابــوو، قانوونێکــی پەرلەمانــی بەریتانیــا بــوو کــە (کەنــەدا)ی لــە ســێ کۆلۆنییــە ســەرەکییەکاندا پێکیهێنــا و بونیــادی فیدرالیــی و پەرلەمانیشــی پێبەخشــی. ئیــتر لــەم بەڵگەنامەیەوەیــە کــە مــرۆڤ دەتوانــێ برگــە و یاســا گشــتییەکان بدۆزێتــەوە ســەبارەت بــە دابەشــبوونی دەســەڵاتەکان و دامەزراندنــی پەرلەمــان و هەروەهــا دەزگەکانــی یاســادانان و دادگەکانــی هەرێمایەتــی. هەرچــی یاســای ســاڵی ١٩٨٢ یشــە ئــەوا دەســتوورەکەی لــە دواییــن قانوونەکانــی دەســەڵاتی بەریتانیاییــەوە وەرگرتــووە لــە رێــگای داهێنانــی شــێوەیەکی هەموارکــراوی کەنەدایــی بــە

دابینکردنــی مافەبنەڕەتیــی و داهێــنراوەکان بــۆ خەڵکانــی ڕەســەنی کەنــەدا و پێشکەشـکردنی قانوونێـك بـە نێـوی (پەیـمان یاسـای مـاف و ئازادییەکان) کەسـەرجەم هاووڵاتییـان دەگرتێـەوە و هەمـوو حکومەتـەکان و دەزگەکانـی یاساسـازیی پێیـەوە پابەنــدن. ماددەکانــی (٩١-٩٥) ی قانوونــی دەســتوورەکەی ١٨٦٧ دەســەڵاتەکان لــە نێــوان حکومەتــی فیــدراڵ و حکومەتەکانــی هەرێمەکانــدا دابــەش دەکات. فرەوانتریــن و کاراترینــی دەســەڵاتەکانیش بــەر لــە پەرلەمانــی کەنــەدا کەوتــووە هــەر دەســەڵاتێکیش بەتایبەتــی و بەبــێ زیــاد و کــەم لــە دەســتووردا دیارنەکرابــێ ئــەوا بــۆ پەرلەمانــی فیدراڵــی (ناوەنــد) دەگەڕێتــەوە. باقــی دەســەڵاتەکانی دیــش بــە روونــی و تایبــەت بــە هەرێمەکانــەوە دیاریکرابــوون. لێکدانــەوەی بەرفرەوانــی دادگەریــی (مافــە شارســتانییەکان و مافــی خاوەنداریەتــی زەوی و زار) ی هەرێمەکانــی بــۆ دەســەڵاتی خــۆی گەڕاندبــۆوە. (بەشــی ٩٢) (١٣١) کەچــی دەســەڵاتەکانی بــۆ یاســادانی فیدرالیــی بەشــێوەیەکی ســەرەکی لــە بەشــی (٩١)ی دەســتوورەکەی ســاڵی (١٨٦٧)ی کەنــەدا دا دەبینرێــت کــە بەبەخشــینی دەســەڵات دەســتپێدەکات بــەوەی کــە پەرلەمــان بــۆی هەیــە (یاســا دابنێــت بــۆ ئاشــتی، پاراســتنی ئاســایش و ئاســوودەگیی و ســوودی حکومەتــی کەنــەدا) کــە پێوەندبــن بــە گشــتبوارێکەوە ئەگــەر بــە ئەکیــدی بــۆ ئەنجومەنــی یاســادانانی هەرێمایەتــی تەرخــان نەکرابــن. دوای ئــەوە یاســادانەرانی دەســتوورەکە ٢٩ ســەرناوی هێزیــان ریزبەنــد کــردووە کــە بەشــێك لــەو دەســەڵاتە ســەرەکییانەی پەرلەمــان پێکدێنــن. لــە پــاش (١٨٦٧)وە دادگــەکان هەوڵیانــداوە واز لــەو بۆچــوون و لێکدانــەوە برفراوانــە بێنــن بــۆ دەســەڵاتەکانی (حکومەتــی ئاشــتی و ئاســایش و رێــك و پێکــی و چــاك (POGG) لــە جیاتــی ئــەوەدا متمانــەی زیاتریــان لەســەر ٢٩ ســەرناوەکانی هێــزە ئەژمــاردراوەکان کــردووە و (POGG) یــان بــە ســێ پێگــەی ســەرەکیی ســنووردار کــردووە بــەم شــێوەیە  لەهــەر شــوێنێك لــە دابەشــکردنی دەســەڵاتدا کــە لەبــەرێ بەرچــاو بکەوێــت، وەك (ســەرچاوەکانی دەرەوەی کەنــارەکان، یــان سیاســەتەکانی

پەیوەست بە زمانی فیدرالیی) لە شوێنێك بابەتەکە سەر بە (بەرژەوەندیی نیشتمانیی) بێت و لە هیچ کام لە ٢٩ سەرناوەکانی دەسەڵاتی فیدرالیدا نەهاتبێت، وەکو (هێزەکانی دەریاوانیی و فرۆکەوانیی) یاخود لەهەر جێیەك (نائاساییەکی (پشێوی) نیشتمانی وەك شلەژانی باری شارستانی قەیرانێکی ئاڵۆز و سەختی ئابووری لە وڵاتدا سەرهەڵبدات. هەندێ لەسەرناوە ریزکراوە گرنگەکانی هێز ئەمانەن:

١- رێکخستنی بازرگانی (بەشی ٩١ ،٢) ئەوەی لە ئێستادا بازرگانی نێوان هەرێمەکان و بازرگانیی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە لە تەك رێکخستنی گشتیی بازرگانیکردن لەسەرتاسەری وڵاتدا.

٢- بیمەی بێکاری (تأمینکردنی بطالە) (بەشی ٩١ ، 2A) کە بە قانوونی دەستوور لە ساڵی ١٩٤٠ دا زیادکراوە.

٣- کاروباری باجگریی (وەرگرتنی باج) (بەشی ٩١ ، ٣) ئەوەی ماوە بە حکومەتی فیدرال دەدات بڕی داهاتەکان بەرزکاتەوە بەهەر رێگایەك و سیستەمێکی باجدانانەوە بێت.

٤- هیندییەکان زەوی و زاری تەرخانکراو بۆیان بەشی ٩١ (٢٤).

٥- هێزی رێککەوتننامە (بەشی ١٣٢) کە دەسەڵاتی گفتوگۆ و ئیمزاکردنی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بە حکومەتی کەنەدا دەدات بەڵام ئەگەر رێککەوتنێك پێوەندیی بە کاروباری دادوەریی هەرێمایەتییەوە هەبێ ئەوا جێبەجێ ناکرێت هەتا لەلایەن هەرێمەکانەوە بە یاسا پەسند نەکرێت.

٦- هەروەها دەسەڵات سەبارەت بە (دراو) و کاروباری بانکەکان و ترانزپۆرت (گواستنەوە)ی نێوان هەرێمەکانەوە.

شانزە سەرناوی هێز (دەسەڵات) ی تایبەتمەندکراو بۆ هەرێمەکان لە (بەشی ٩٢)ی دەستووری ساڵی ١٨٦٧ دا دیاریکراون و ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

١- باجگریی راستەوخۆ (بەشی ٩٢, ٢) کە (مافی کاروبارەکانی باجگریی راستەوخۆ لە نێو هەرێمدا دەداتە هەرێمەکان بەمەبەستی بەزرکردنەوەی بڕی داهاتەکان بۆ خزمەتگوزارییە هەرێمایەتییەکان).

٢- بەڕێوەبردن و فرۆشتنی زەوی و زاری گشتی (یان زەوییەکانی تاج) بە سەرچاوە سروشتییەکانەوە لەنێو سنووری هەرێمێکدا موڵکی ئەو هەرێمەن و بەم شێوەیە سەرچاوەیەکی بایەخداری سامان بە هەرێمەکە دەبەخشێت و توانای بەڕێوەبردنی ئابووری هەرێمایەتی بۆ دەستەبەر دەکات.

٣- تەندروستیی و خۆشگوزەرانیی (بەشی ٩٢ ، ٧) ئەو بەرپرسیارییەتیەی لە سەدەی بیستدا گرنگییەکی زۆری بەدەستهێناوە، لە ئێستادا بایەخدان بە لەشساغیی بۆتە تاکە بواری هەرە فراوانی پارە خەرجکردن بۆ حکومەتە هەرێمایەتییەکان.

٤- دامەزراوە شارەوانییەکان (بەشی ٩٢ , ٨) کە ئەوە دەگەیەنێت دەتوانرێت حکومەتە شارەوانییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دامەزرێن و هەڵوەشێنرێنەوەش.

٥- کارگە و کارخانە ناوچەیەیکان و بەڕێوەبردنیان بەشی ٩٢ (١٠).

٦- موڵکایەتیی و مافە شارستانییەکان لەنێو سنووری هەرێمدا (بەشی ٩٢ (١٣) کە بەشوێەیەکی گشتی بە گرنگترین دەسەڵاتی سەرەکیی هەرێم دادەنرێت، چونکە هەرێمەکان لە رێگەیەوە مافی ئەوەیان دەبێت یاسای پەیوەست بە بواری رۆشنبیریی و خاوەندارییەتی زەوی و زار و موڵکی تایبەت و مافە شارستانییەکان و بابەتگەلی سروشتیی خۆجێیەتی لە سنووری هەرێمایەتی خۆیاندا ئەنجام بدەن.

بەشی ٩٢ (١٦) کە ئەمەیش بەسەرچاوەیەکی گرنگی دیکەی دەسەڵاتی هەرێمایەتی دەژمێردرێت، چونکە پەیوەستە بە ئەو بابەتانەی بەشێوەیەکی تایبەیت ناکەونە ژێر هیچ کام لە دەستەڵاتەکانی دیکەوە کە یەك بەیەك

بــۆ هەرێمــەکان دیاریکــراون، ئەوانــەی سرووشــت و خەســڵەتگەلی خۆجێیــی و تایبەتیـان هەیـە.

هەروەهـا چـوار هێـزی هاوکاریکـەری هاوبەشـی تایبەتمەنـد هەیـە، یەکەمیـان پێوەندیـی بـە کشـتوکاڵ و کۆچکردنـەوە هەیـە (بەشـی ٩٥) ئـەو بەشـە دەسـەڵات دەدات بـە هــەردووك پەرلەمانــی فیــدراڵ و ئەنجوومەنــی یاســادانانی هەرێــم تــا قانوونــی پەیوەســت بــەم بابەتانــەوە دەربچوێنــن کــە ئەنجوومەنــی یاســادانانی فیـدراڵ لـە حاڵەتـی رێکنەکەوتنـدا بـاڵا دەسـتتر دەبێـت تیایانـدا. هێـزی دووەم پەیوەسـتە بـە سـەرچاوە سروشـتییەکان بەشـی ٩٢ (A) ئـەم بەشـەیان لـە ئەنجامـی گفتوگـۆ دەسـتووریەکانی ١٩٨٠ -١٩٨٢ دا ئیزافـە کـراوە. ئەمەیـش رێ بـە هەرێـم دەدات هەنـاردەی لـە دارەکانـی ئـەو جەنگەڵانـەی کۆنـترۆڵ بـکات کـە ناتوانرێـت تـازە بکرێنـەوە و هەروەهـا کۆنترۆڵکردنـی هەنـاردەی سـەرچاوەکانی وزەی کارەبـا (ئەگەرچـی نابـێ بـۆ وڵاتێکـی تـر بێـت) بـەو پێیـەش ئـەو کۆسـپ و ئاسـتەنگانە ناهێڵێـت کـە پێشـتر بەسـەریاندا سـەپێنرابوون.

لە حاڵەتی ناکۆکیشدا باڵادەستیی بۆ پەرلەمانی فیدراڵە.

پانتایــی دەســەڵاتی ســێهەم پــەروەردە دەگرێتەوە(بەشــی ٩٣) پــەورەردە لـــەم لیســـتەداهاتووە هەرچەنـــد مافـــی فیـــدراڵ (ناوەنـــد) بـــۆ کارپێکردنـــی زۆر گشــتی نییــە بــەڵام تەنهــا لــە بۆنــەی ئێجــگار تایبەتمەنــدەوە دەبێــت، پــەروەردە بەرپرســیارییەتی هەرێمەکانــە بــە چەنــد مەرجێــك کــە بــۆ پاراســتنی گرووپــە کەمینــەکان و ســەبارەت بــە قوتابخانــە جــوداوازەکان دانــراون، لەتــەك دەســەڵاتێکی فیدراڵیــدا بــۆ تێپەڕاندنــی یاســازییەکی هەموارکــردن (چاکســازیی) کــە لــە راســتیدا هەرگیــز بەکارنەهێــنراوە. پــەروەردەش بەشــێوەی لەشســاخیی و خۆشــگوزەرانیی و بەختەوەریــی بۆتــە بەرپرســیارییەتیەکی ناوەندیــی لــە دەوڵەتــی دیموکراســی مۆدێــرن لــە ســەدەی بیســتەمدا. کەنــەدا تەنانــەت لەنێــو فیدراسیۆنەکانیشـدا نـا ئاسـاییە بـە پێدانـی دەسـەڵاتێکی هینـدە کـەم لـەم رووەوە

بــە حکومەتــی فیــدراڵ.

رووبــەری هێــزی چــوارەم بــۆ دادگەریــی هاوبــەش پەیوەســتە بــە مووچــە و مانگانــەی خانەنشــینییەوە بەشــی (٩٤ ) (A) ئــەم بەشــە کــە ســەرەتا لــە ســاڵی ١٩٥١ دا خرایــە نێــو دەســتوور و ســاڵی ١٩٦٤ هەموارکــراوە، بــاس لــە دەســەڵاتی هاوبــەش دەکات بــە گرنگــی دان و رێزگرتنــی خانەنشــینکراوە بەســاڵاچووەکان و بیمــە و دەســتکەوتە پاشــکۆکانیان.

لێرەشــدا لــە حاڵەتــی رێکنەکەوتــن لــە نێــوان ئەنجوومەنــی یاســادانانی هەرێــم و فیدراڵـــدا، بڕیــاری کۆتایــی بــۆ ئەنجوومەنــی هەرێمایەتــی دەبێــت وێــڕای هەبوونــی ژمارەیەکــی کەمــی دەســەڵاتی هاوبــەش، ســێ پانتایــی تــر هــەن کــە دەســـەڵاتەکانی فیدراڵــی و هەرێمایەتــی تیایانــدا تێکــەڵاون. یەکەمیــان (یاســای تاوانکاریی)یــە بەشــی (٩١) و (٢٧) دەســەڵاتی داوەتــە پەرلەمــان یاســای پەیوەســت بــە قانوونــی تاوانــکاری دابڕێژێــت کــە پرۆســە و هەنگاوەکانــی ســەبارەت بــە کاروبــاری تاوانکارانـــەوەی تیایــدا دیاریکــرا بێــت، کەچــی بەشـــی (٩٢) (١٤) بەرپرســیارییەتی بەڕێوەبــردن و سەرپەرشــتیکردنی دادوەریــی بــە هەرێمــەکان ئەســپاردووە.

بــەم پێیــە قانوونــی تاوانکاریــی ئــی ناوەنــدە، بــەڵام جێبەجێکردنــی قانوونەکــە لەلایــەن پۆلیســەوە بــە گوێــرەی بڕگــە و ماددەکانیــی ئــەوە کاری هەرێمەکانــە.

دووەمیــن گۆڕەپــان دادگاکانــن. کەنــەدا سیســتمێکی دادوەریــی یەکگرتــووی هەیــە، کــە تیایــدا حکومەتــی ناوەندیــی بەرپرســیارە لــە دامەزرانــدن، مووچــە و مانگانــە، بەخشــش و خانەنشــینی دادوەرانــی دادگــە باڵاکانــدا، لــە کاتێکــدا هەرێمــەکان لــە دروســتکردنی تــەلاری دادگاکان و بەڕێوەبردنیــان بەرپرســیارن و لــە هەمــان کاتیشــدا بەرپرســیاریەتی تەواویــان هەیــە بەرامبــەر دادگــە بەراییــەکان لەهــەر هەرێمێکــدا.

ســێهەم مەیدانــی تێکەڵاوبــوون بریتییــە لــە هێــزی خەرجکردنــی ناوەنــد

و بەشـداریکردنی لـە نـرخ و تێچـووی پرۆگرامەکانـدا. یەکـێ لـە هـەرە پانتاییـە گرنگەکانـی فیدرالیزمـی کەنـەدی ئـەو بەرنامانـەن کـە تێچووەکانیـان هاوبەشـن، واتـا حکومەتـی فیـدراڵ پـارە و پـوول بـۆ حکومەتەکانـی هەرێمـەکان دەنێرێـت بەمەبەسـتی هاوکاریکردنیـان لـە ئەنجامدانـی هەنـدێ لـە بەرپرسـیاریەتییە دەسـتوورییەکانیان. لـەو رووەوە بەرفراوانتریـن پرۆگرامـەکان پەیوەسـتن بـە (تەندروسـتی، هاوکاریـی کۆمەڵایەتـی- سۆشـیال) و پـەروەردەی دوای قۆناخـی دواناوەندیـی کـە لـە ئێسـتادا بـە بەرنامەکانـی (لەشسـاخی و گواسـتنەوەی سۆشـیالی کەنـەدا) بەسـتراون، ئـەم پرۆگرامـە گوێزانـەوەی پـارەی کاش (نەختینـە) و بـاج بـە گوژمـەی سـاڵانەی ٢٥ بیلیـۆن دۆلاری کەنـەدی دەگرێتـەوە.

دەسـەڵاتی حکومەتـی فیدرالیـش بـۆ ئـەم کارە (هێـزی خەرجکردنـی پـارە) هـەر تەنهـا لـە بەشـی (٩١)دا روون نەکراوەتـەوە. بەڵکـو لـە چەندیـن مـاددەی قانوونـی دەسـتووری سـاڵی ١٨٦٧دا ئەوانـەی بـە دەسـەڵاتی بـاج و خەرجییـەوە پەیوەسـتن وەرگیـراوە.

دووەمیـن ئەنجوومەنـی بـاڵای پەرلەمانـی کەنـەدا سـیناتە (the senate) ئەمیـش (١٠٥) ئەندامـی هەیـە کـە حاکمـی گشـتیی دایاندەنێـت لەسـەر پەسـەندکردن و راسـپاردەی سـەرەك وەزیرانـەوە ئەوەیـش بەپێـی سیسـتەمێکی ئاڵـۆزی نوێنەرایەتیکردنـی هەرێمایەتـی و رەچاوکردنـی لایەنـی سیاسـی (زۆربـەی کات لەپاداشـتی دڵسـۆزیی و خزمەتگوزاریـی بـۆ حزبـی دەسـەڵاتدار)ەوە دەبێـت.

قانـوون دەبـێ بـە هـەردوو ئەنجوومەنـی گشـتیی و سـیناتدا تێپـەڕ بێـت، لـە راسـتیدا مافـی ڤیتـۆ (رەتکردنـەوە) بـە ئەنجوومەنـی سـینات دراوە، وەلـێ بـە کـردەوە زۆر کـەم ئـەو دەسـەڵاتەی خۆیـی پیـادە کـردووە و پێـش ناچێـت بشـیکات. وەك ئەنجوومەنێکـی دانـراو زیاتـر لـەوەی هەڵبژێردراوبێـت، بەشـێوەیەکی سـەرەکیی بۆتـە ئەنجوومەنێـك بـۆ دەسـەڵاتی سـەرەك وزیـرەکان قۆرخکـراوە. بـەم پێیـەش هیـچ رەوایەتییەکـی (شـەرعییەتی) دیموکراتیـی) بـۆ

نییـە.

تـا ئێسـتا زۆران پێشـنیاز بـۆ هەمـووار کردنـی ئـەم سـیناتە پێشـکەش کـراوە، بەتایبەتـی بـۆ ئـەوەی بـە شـێوازی هەڵبـژاردن پێـك بهێنرێـت و بکرێـت بـە دەنگێکـی کاریگـەر بـۆ هەرێمـەکان لـە نێـو حکومەتـی فیدراڵـدا کەچـی هیـچ هەموارکردنێکـی بـۆ ئەنجـام نـەدراوە.

هەتـا سـاڵی ١٩٤٩ کۆمیتـەی دادگەریـی بەریتانیـی کـە بەشـێکە لـە (ئەنجوومەنـی لۆرداتـی بەریتانیایـی) باڵاتریـن دەسـەڵاتێك بـووە قانوونـی دەسـتووری کەنـەدای خسـتۆتە واری پراکتیکـەوە و ناکۆکییەکانـی نێـوان هـەردووك حکومەتەکانـی یەکلاییکردۆتـەوە. هـەر لـەو ساڵەوە هیچـی تـر داواکاریـی بـۆ ئـەم کۆمیتەیـە بـەرز نەکرایـەوە و لـەو مێـژوووە (دادگـەی بـاڵای کەنـەدی) بووەتـە تاکـە دەسـەڵاتی دادوەریـی، ئەوەیـش بەپێـی (ئەنجوومەنـی یاسـادانانی فیدرالی)یـەوە دامەزرێـنراوە نـەك بـە گوێـرەی بڕگـە و ماددەیەکـی دەسـتووری و دادوەرەکانیشـی تەنهـا لەلایـەن حکومەتـی کەنـەداوە دادەمەزرێنرێـن، بەبـێ هیـچ رۆڵێکـی فەرمیـی هەرێمایەتـی لـەم کارەدا، ئەگەرچـی بەگشـتیی دادوەران لەسـەر بنەمـای رێوشـوێنی هەرێمایەتـی دێنـە دامەزرانـدن.

هەرچەنـد دەسـتوور بـە پیـرۆز راگیـراوە، قانوونـی دەسـتووری سـاڵی ١٩٨٢ رێگـەی بـۆ هەموارکردنـی دیاریکـردووە، بـەم شـێوەیە هەموارکردنـی دەسـتوور بـوو بەکارێکـی کردەنـی بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ پەرلەمانیـی بەریتانیایـی و، بـۆ هەموارکردنەکەیـش پێنـج شـێواز بـە گوێـرەی بابەتـەکان لـە ئـارادان.

بـەڵام بەگشـتیی هەموارکردنەکـە پێویسـتی بـە پەسـەندکردن هەیـە لەلایـەن پەرلەمانـی کەنـەداوە، لەگـەڵ پەسـەندکردنی حـەوت لـە دە ئەنجوومەنەکانـی هەرێمەکانـدا، کـە بەیەکـەوە لانـی کـەم رێـژەی ٥٠٪ لەسـەدا پەنجـای دانیشـتوانیان هەبێـت.

٢- هێزی جوولێنەری رامیاری سەردەم

لــە دەیــەی رابــردوودا ئــەو ریفراندۆمــەی لەمــەڕ ســەربەخۆیی لــە مانگــی تەشرینــی یەکەمــی ســاڵی ١٩٩٥ لــە ناوچــەی (کوبیــك) ســازدرا، گرنگتریــن رووداو بــوو لــە فیدراســیۆنی کەنەدیــدا روویــدا.

جوداخــوازەکان بــە رێژەیەکــی زۆر کــەم دۆڕان و ئەوانــەی دژی جودابوونــەوەی هەرێمەکــە لــە کەنــەدا بــوون بــە کــۆی ٥٠,٦٪ لەســەدا پەنجــا و پۆینــت شەشــی دەنگــەکان بردیانــەوە. راپرســییەکە زنجیرەیــەك تەقینــەوەی رامیاریــی- گــەورە و بچــووك- لــە سیســتمی سیاســی کەنــەدادا بەرپــا کــرد. وەك دەرەنجامێــك، ژاك پارێــزۆ- ســەرۆك وەزیرانــی کوبیــك دەســتی لەکارکێشــایەوە و لوســیان بووچــارد شــوێنەکەی گرتــەوە. بووچــارد تــا ئــەو ســاتە ســەرۆکی حزبــی (بلــۆك کوبیکــوا) بــوو، کــە خوشــکە حزبــی (پارتــی کوبیکوا)یــە لــە ســەر ئاســتی فیدراڵیــدا.

دەرەنجامێکــی راســتەوخۆی دیکــەی ریفراندۆمەکــە ئەوەبــوو کــە ســەرەك وەزیــران کریســتیان رێگــەی بــۆ تێپەڕاندنــی دوو بڕیــاری پەرلەمانــی خۆشــکرد، یەکێکیــان ناســاندنی (کوبیــك)ە وەك کۆمەڵگەیەکــی دیــار و جیــاوازی تایبــەت و ئەویتریــان بەڵێنــدان بــە پێدانــی مافــی (ڤیتۆ)یــەك لەســەر بنەمــای (ئەمــری واقیــع) بــۆ کوبیــك لەهــەر هەموارکردنێکــی دەســتووریی لــە ئاینــدەدا. هەروەهــا حکومەتــی فیــدرال بەرپرســیارییەتی چەندیــن بــواری رامیاریــی بــۆ هەرێمــەکان گوێزایــەوە، بەشــێوەیەکی ســەرەکیی هــی ئــەو بابەتانــەی زەمانێکــی درێــژ و لەمێــژە جێــی بایەخپێدانــی حکومەتــە یــەك لــە دوایەکانــی (کوبیــك) بوونــە.

بــۆ رەواندنــەوە و نەهێڵانــی ئــاژاوەی گشــتیی لــە (کوبیــك) دەربــارەی دەرەنجامەکانــی هــەر ریفراندۆمێکــی پۆزەتیــڤ لــە ئاینــدەدا، حکومەتــی ناوەنــد پرســیاری لــە (دادگــەی بــاڵای کەنــەدا) کــردووە، روونــی بکاتــەوە، ئایــا (کوبیــك) بــە حوکمــی هیــچ یاسایەکی نێوخۆیــی یــان نێودەوڵەتییــەوە، ئــەو مافــەی هەبــووە یــەك لایەنــە جودابێتــەوە (لــە کەنــەدا) جێگــەی سەرســوڕمان نییــە کــە (دادگــە) لــە رایەکــی خۆیــدا لــە مانگــی ئابــی (١٩٩٨) گوتویەتــی (کوبیــك) ئــەو جــۆرە

مافـەی نەبـووە و جیابوونـەوەی هـەر هەرێمێـك پێویسـت بـە گفتوگـۆ دەكات لەبـەر رۆشـنایی ماددەكانـی پەیوەسـت بـە هەمواركردنـی دەسـتووری كەنـەدادا.

لەوەیـش سـەیرتر (دادگـە) كـە روونیكـردەوە كـە دەنگدانێكـی بەهێـزی كاریگـەر لەسـەر (پرسـیارێكی روون) لـە راپرسـییەكی داهاتـووی (كوێبێـك)دا دەخـوازێ كـە حكومەتـی فیـدراڵ و هەرێمەكانـی تـر گفتوگـۆی ئـەم بابەتـە لەگـەڵ (كوێبێـك)دا ئەنجـام بـدەن.

جـا بـە جەختكردنـی (دادگـە) لەسـەر پێویسـتی هەبوونـی دەنگدانێكـی روون و پرسـێكی روون، حكومەتـی فیـدراڵ پـڕۆژە یاسـایەكی بەنـاوی (Clarity bill) یاسـای روونكردنـەوەی هەڵوێسـت لـە پەرلەمانـی كەنـەداوە دەرچوانـد. ئـەم قانوونـە ئـەم هەنگاوانـەی دیـار دەكات كـە بەهۆیانـەوە (ئۆتـاوا) بڕیـاری ئـەوە بـدات پرسـیار و كێشـەی راپرسـییەكی ئاینـدە و ئـەو دەنگـی زۆرینـەی بەدەسـتی دەهێنێـت راسـت و (روون) دەبـن.

كەچـی (كوێبێـك) لـەلای خۆیـەوە بـە بڕگەیەكـی یاسـایی كـە هەڵوێسـتی حكومەتـی فیـدراڵ رەتدەكاتـەوە وەرامـی دایـەوە. سـەیرە لـە كاتێكـدا ئـەم رووداوانـە پـاش راپرسـییەكە روویانـدەدا، دانیشـتوانانی كوێبێـك گرنگیـی پێـدان و سـەرنجی خۆیانیـان لـە مەسـەلەی جیابوونـەوە دەگوێزایـەوە بـۆ بابەتگەلـی دیكـەی جـوداواز، هیـما و ئامـاژە روونەكانـی حكومەتـی فیـدراڵ كاریگـەری ئێجـگار كەمیـان بەسـەر رای گشـتی (كوێبێكیەكانـەوە) هەبـوو، هـەروەك راوێـژ و رێنماییەكانـی دادگـەی بـاڵا و (قانوونـی كلاریتـی) كەمتریـن كاردانـەوە و بایەخپێدانیـان بـەدوادا نەهـات.

راسـتە (حزبـی كوێبیكـوا) بـە سـەرۆكایەتی (لوسـیان بووچـارد) لـە دووبـارە هەڵبژاردنـەوەی هەرێمایەتیـدا بردیانـەوە بـەڵام لیبراڵـە فیدرالییەكانیـش بەرابەرایەتـی (ژان كرێتیـان) سـاڵی ١٩٩٧ هەمـان سـەركەوتنیان بەدەسـتهێنا.

واپێدەچـوو، وەك ئـەوەی كوێبیكییەكانیـش بەشـێوەی كەنەدییەكانـی تـر بڕیـاری

ئەوەیـان دابووبێـت نێـوەی دوەومـی سـاڵەکانی نـەوەدەکان بـۆ کۆنترۆڵکردنـی کاروبارەکانـی دارایـی فیدرالیـی و هەرێمایەتـی تەرخانبکرێـت. هـەر دوو حکومەتـە فیدرالــی و هەرێمایەتیەیــکان بەرنامەیــان دارشــتبوو بەنیــازی کەمکردنــەوەی بودجــەی دارایــی، لــە پێنــاو هەوڵــدان بــۆ نەهێشــتنی کورتهێنانــی بودجەکانیــان (عجــز المیزانیــە) و کەمکردنــەوەی قــەردە کەڵەکەبووەکانــی ســەریانەوە بــەو ئامانجــەی وڵاتیــش و هەرێمەکانیــش بخەنــە دۆخێکــەوە بتوانێــت بچێتــە نێــو بەربەرەکانــی و کێبەرکێــی نێودەوڵەتییــەوە. پێوەندییــە نێوحکومەتییەکانــی ئــەم ماوەیـەی چاکسـازیی دارایـی زۆر لـەوە کەمـتر بـوون کـە چاوەڕواندەکـرا بـە بڕیـن و کەمکردنـەوەی باربووەکانـی فیدرالـی بـۆ هەرێمـەکان و بەرپرسـیاریەتیکردنیان لەبەخۆگرتنــی بارگرانیــی پرۆگرامــە بەهــا زۆرەکانــدا.

بــەڵام لــە ئێســتادا بارودۆخــی دارایــی زۆر باشــتربووە و حکومەتــی فیــدراڵ و زۆر لــە حکومەتەکانــی هەرێمــەکان لــە وەزعــی زۆر باشــتردان، کەچــی هیــچ ئاماژەیــەك بــۆ بوژاندنــەوەی هەســتی نەتەوەپەرســتیی (نەشــینالیزمی) کویبیکــی لــە ئــارادا نییــە. بــۆ درك کردنیــش بــەو سســتبوونەوەی هەســتی نەتەوەپەرســتیی دەکـرێ تەنهـا سـەرنجی سـێ رووداوی رامیاریـی هـەرە گرنـگ بدرێـت: یەکەمیـان شکســتەکەی هەڵبژاردنــی سەرتاســەری ســاڵی (٢٠٠٠)ە، کــە (ژان کریتیــان) و (حزبــی لیــبراڵ)ی بــۆ جــاری ســێهەم هێنایــەوە ســەر دەســەڵات. ئەمەیــش گرنگـە کـە (لیبرالیـەکان) کـە (کریتیـان) ئـەو سیاسـەتمەدارەی لەلایـەن زۆران لـە کویبیکــە فەرەنســیزمانەکانەوە رێــزی کەمــتری لێگیــراوە. رابەرایەتییــان دەکات. کورسـیی زۆریـان لـە خـودی (کویبیـك)دا بەدەسـتهێناو لەچـاو (بـلاك کویبیـە) جوداخوازەکانــەوە رادەیەکــی بەرزتریــان دەنگــی جەمــاوەر مســۆگەر کردبــوو. دەرەنجـام (لوسـیان بووچـارد) لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠٠١دا وەك سـەرۆکی (کویبیـك) دەستلەکارکێشـانەوەی خـۆی راگەیانـد و یەکێکـی لـەم توندڕۆتـر (بێرنـارد لانـدری) جێگەکــەی گرتــەوە، ئەمیــش بــە هیــوای ئــەوە بــوو دووبــارە بڵێســەی گیانــی

دەسەڵاتداریەتی بگەشێنێتەوە، یان لانی کەم پێگەی (پارتی کیبیکوا) لە حوکمدا بپارێزێت.

سەرەك (لاندری) بانگەشەی بۆ هەڵبژاردنێکی هەرێمایەتی کرد لە ١٤ی نیسانی (٢٠٠٣) کە بووە هۆی دووەم رووداوی هەرە بایەخداری سیاسی. هەڵبژاردنەکەی کویبیك بەشکستخواردنی (پارتی کویبیکوا) لە دوای دوو خولی حوکمڕانی تەواو بوو. هەروەکو بوو بەهۆی هەڵبژاردنی (پارتی لیبرال) بە سەرۆکایەتی (ژان کارێست)ی فیدرالیخوازی (فیدرالیست) روو هەڵماڵدراو.

لێبرالیەکان لە کۆی (١٢٥) کورسیی لە (ئەنجوومەنی نیشتمانیی) (٧٦) کورسیان بەدەستهێناو، پارتی (کویبیکوا) (٤٥) و پارتی نەتەوەیی میانڕۆ بەناوی (بزاڤی دیموکراتی کویبیك) چوار کورسییەکەی کە مابۆوە. پێدەچێ دەنگدەرانی کویبیك ئامادە بووبن پرسی نەتەوەیی وەلاوە بنێن و چارەنووسی خۆیانیان رادەستی سەرکردایەتییەکی سیاسی ئەوتۆ کردبێت کە چالاکیەیکانیان بە چڕی ئاراستە بکەن بۆ بابەتگەلی ئاسایی و پەیوەست بە سیاسەتی گشتیی وەکو بەڕێوەبردنی دارایی (ئابووری) کاروباری تەندروستیی، پەروەردە، فەرمانڕەوایی کردنی شارەوانیی و شتی تری لەو جۆرانەوە.

سێهەم رووداو رۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ روویداوە، کە (ژان کریتیان)ی سەرەك وەزیرانی کەنەدا دەستی لەکار کێشایەوە و (پۆل مارتین) شوێنی گرتەوە. دوورکەوتنەوەی (کریتیان) لە شانۆی سیاسەتەوە دەستنیشانی سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێی سەرکردایەتی سیاسی دەکات کە بەلایانەوە چیتر نەتەوەپەرستیی کویبیك تاکە توخمی (رەگەز) هەرە گرنگ نییە کە جیهانبینیان رەنگڕێژ بکات. پۆل مارتین، هەرچەند سیاسەتمەدارێکی فیدراڵییە بەڵام لەبەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کویبیکدا لەوەی پێشتری خۆی ئاسوودەتر و سۆزدارترە. هەروەك چۆن سەرۆك وەزیر (ژان کاریست)ی بەرەگەز (کویبیك) لە (بێرنارد لاندری) پێشەخۆی زۆر زیاتر سۆزداری کەنەدا

و فیدرالیزمــی کەنەدییــە.

وەرچەرخانــی بەیەکــەوەی ســەرکردایەتی سیاســیی لــە زۆران لــە هەرێمەکانــی تریشــدا وایکــردووە بــڕوا بــە خەڵــك بێنێــت کــە کەنــەدا خەریکــە پێوەندییــە نێــو حکومەتییەکانــی شــێوەزارگەلی جــوداواز لەخــۆ بگــرن.

وەختــێ بەهاتنــە ســەرکاری ســەرەك وەزیرانێکــی نــوێ ئەگــەری هاتنەکایــەی پلەیەکــی فیدرالییەتــی هەرەوەزیــی (هاوکاریــکار) کــە پێشــتر نەبیــنراوە، دێتــە ئــاراوە. نابــێ چاوەڕوانیــی ئــەوە بکرێــت کــە هــەر شــتێك شــیرینی و ڕۆشــنایی دەبەخشــێت، لەگــەڵ ئەمەشــدا دەشــێت بابەتــەکان و شــێوازی تاوتوێکردنیــان بــە تــەواوی جیــاواز و گــۆڕاو ببێــت.

ســەرەڕای ئەمانیــش، وا دێتــە بەرچــاو کــە ئاوارەیــی و هەســتی نامۆبوونــی ناوچەیــی لەخۆرئــاوای کەنــەدادا پێویســت بــە بایەخپێــدان و بەتەنگــەوە هاتنــی حکومەتــی نیشــتمانیی و ناوەندیــی کەنــەدا دەکات لــە ســاڵانی داهاتــوودا. بەهــۆی دەرگــە لەسەرداخســتنیان و ڕێگــەی هاتنــەژوورەوەی نێودەســەڵاتی نیشــتمانیی لێگرتنیــان لەوەتــای شکســتهێنانی حزبــی پارێــزگارە پێشــکەوتووخوازەکان لــە هەڵبژاردنــە سەرتاســەرییەکەی ســاڵی ١٩٩٣وە، خەڵــکان لــە هەرێمەکانــی خۆرئــاوای کەنــەدا بــە تونــدی نیشــانگەلی ناهومێدیــی و بێزاربــوون و ناڕەزایــی ســەبارەت بــە پرۆســەی فیدراسیۆن دەردەبــڕن، چونکــە ئــەوان وای بــۆ دەچــن کــە بەرژەوەندیــی و خواســتە ســەرەکییەکانیان بــە تــەواوی پشــتگوێ دەخــات.

لــەم لایەنــەوە گرنگپێدانــی لەمێژینــەی بــە کوبیــك و پێگەیەکــی لــە مێــژووی کەنــەدادا هــەر بــای ئەوەنــدە هاوکاربــووە کــە ســەرجەم بیــروڕا و ئارەزوویــەك بــۆ چاکســازیی (بــۆ نموونــە چاکســازیی ئەنجوومەنــی ســینات) بــە مەیلــی بەرتەســککردنەوەی ســنوورەکانی وڵات ســەبارەت بــە کوبیــك لێکدەدرێتــەوە.

بەمەبەســتی هەوڵــدان بــۆ دامەزراندنــی (حزبێکــی سیاســی کۆنەپارێــزی نەتەوەیــی) نــوێ لــە کەنــەدا لەپاشــماوەکانی (حزبــی هاوبەندیــی) و حزبــی

(پارێــزگارە پێشــکەوتنخوازە) کزبــووەکان و بــۆ ئــەوەی ســەرکەوتوویش بێــت، دەبـوا دەنگـدەران جێگرەوەیەکـی رامیاریـی نیشـتمانیان لـە جیاتـی (لیبرالیـەکان) پێشـکەش بکرابوایـە، ئەوانـەی لـە مـاوەی دەیـەی پێشـووتردا سـوودێکی زۆریـان وەرگرتبـوو لـەوەی کـە تەنهـا تاکـە داخوازییەکـی نەتەوەیـی فرەوانیـان هەبـووە.

لــە کۆتاییــدا، دەرەنجــام شــوێن و پێگــەی دانیشــتوانە رەســەنەکان لــە کۆمەڵگــەی کەنەدیــدا لەســەرمانەوەی وەك کێشــەو گرفتێکــی پڕئــازار و چارەســەرنەکراو بــەردەوام دەبێــت و کاریگەریــی ئاشــکرای بەســەر دیاریکردنــی شـێوازی پەرەئەسـتاندن و بـەرەو پێشـڤەچوونی فیدرالیزمـی کەنەدیـی دەبێـت لـە پاشــەرۆژدا.

دانوسـتاندن لەمـەڕ داواکاریـی بـۆ زەوی و مافەکانـی رێککەوتننامـە شـان بەشـانی بڕیارەکانـی دادگـە باڵاکانـی پەیوەسـت بـەم بابەتانـەوە، لـە ئێسـتاوە کاریگەریـان لەســەر چۆنیەیتــی بۆچــوون و تێگەیشــتنی کەنەدییەکانــەوە لەبــارەی سیتســەمە سیاسـی و دەسـتوورییەکەیان بەدیـار کەوتـووە، هەروەکـو خواسـتی بـاڵای خەڵکـە رەســەنەکان بــۆ حوکمــی خۆکــردن (خۆبەڕێوەبــردن) هەمــوو ئەمانــە ئەگــەری ســەرهەڵدان و هاتنــە ئــاراوەی شــێوازێکی ســێهەمی فەرمانڕەوایەتــی (حکومــەت) یــان لــە فیدرالیزمــی کەنەدیــدا زیاتــر کــردووە.

ئەگەرچـی سروشـتی ئـەو شـتانەی بـۆ فیدراسـیۆنی کەنەدیـی بەڕێـوەن تـا ئێسـتێ بـە تـەواوی دیـار و روون نییـە، وەلـێ شـتێکی ئاشـکرایە کـە (سیاسـەت و فیدرالیـزم) لـە سـەدەی تـازەدا بەشـێوەیەکی زۆر هەسـتپێکراو جـوداواز دەبێـت لــەوەی لــە رابــردووی نزیکــدا و تــا ئێســتا کەنەدییــەکان ناســیویانە و پێــی ئاشــنابوونە.

## خشتەی (١)

## هێما رامیاری و جوگرافییەکانی شاری پایتەخت (ئۆتاوا)

| | |
|---|---|
| ژمارە و جۆری یەکە پێکهێنەرەکان | دە هەرێم (ئەلبێرتا، کۆلۆمبیای بەریتانیایی، مانیتۆیا، نیویرونزریك، نیوفاوندلەندو لابردادۆر، نۆڤاسکۆتیا، ئۆنتاریۆ، دوورگەی شازادە ئیدوارد، کویبیك، ساسکاچوان (٣٠) ناوچە: ناوچەکانی خۆرئاوا، نووناڤوت یوکون |
| زمانە فەرمییەکان | ئینگلیزی و فەرەنسی |
| رووبەر | ٩٩٨٤٦٧٠ کم٢ |
| رووبەر/ مەزنترین یەکەی پێکهێنەر | کویبیك ١٥٤٢٠٥٦ کم ٢ |
| رووبەر/ بچووکترین یەکەی پێکهێنەر | دوورگەی شازادە ئیدوارد ٥٦٦٠ کم ٢ |
| کۆی دانیشتوانان | ٣١٥٥٩١٨٦ (نیسانی ٢٠٠٣) |
| ژمارەی دانیشتووانانی یەکە پێکهێنەرەکان (رێژەی سەدی بۆ کۆی گشتیی دانیشتوانان) | ئۆنتاریۆ (٣٨,٤٪) کویبیك (٢٣,٧٪) کۆلۆمبیای بەریتانی (١٣,٢٪) ئەلبێرتا (٩,٩٪) مانیتۆیا (٣,٧٪) ساسکاچوان (٣,٢٪) نۆڤا سکۆتیا (٣٪) نیو برونزویك (٢,٤٪) نیوفاوندلاندو لابرادۆر (١,٧٪) دوورگەی شازادە ئیدوارد (٠,٤٪) نۆرثۆیست تێرنتۆریز (ناوچەکانی خۆرئاوا) (٠,١٣٪) بۆکۆن (٠,١٠٪) و نووناڤوت (٠,٠٩٪) |
| سیستمی رامیاری- فیدرالی | فیدراسیۆن- سیستمی پەرلەمانتاری |

| | |
|---|---|
| سەرۆکی دەوڵەت- فیدراڵ | شاژن ئەلیزابیسی دووەم: نوێنەری شاژن لەکەنەدا، حاکمی گشتیی لە ئێستادا (ئەدریان کلارکسۆن) کە شاژن لەسەر پەسندکردن و راسپاردنی سەرەك وەزیرانەوە دایمەزراندووە. |
| سەرۆکی حکومەت- فیدراڵ | سەرەك وەزیران پۆل مارتن (٢٠٠٣/١٢/١٢) پارتی لیبرالی کەنەدا، سەرۆکی پارتەکە و زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەنگدانی گەل بۆ خولێکی پێنج ساڵەی پەرلەمان کە دەکرێ نوێش بکرێتەوە، هەڵبژێردراوە. |
| پێکهاتەی حکومەت- فیدرالی | (upper Huuse) پەرلەمانی دوو ئەنجوومەنی باڵا- سینات، ١٠٥ ئەندام، لەسەر بنەمایەکی هەرێمایەتی و بە ئامۆژگاریی سەرەك وەزیران لەلایەن حاکمی گشتییەوە دادەنرێن، تا تەمەنی (٧٥) ساڵی لە فەرمان دەمێننەوە. |
| (lower house house of commons) لقی ئەنجومەنی نوێنەرانی پەرلەمان ئەنجومەنی نوێنەران (٣٠١) ئەندام، لە پێکهاتە تاکەکاندا وەك تاك ئەندام بۆ خولێکی پێنج ساڵەیی قابیلی تازەکردنەوە هەڵدەبژێردرێن. | |
| ژمارەی نوێنەران لە لقی ئەنجومەنی نوێنەرانی پەرلەمانی حکومەتی فیدراڵی خاوەن یەکەی پێکهێنەری زۆرترین دانیشتوانان | ئۆنتاریۆ ١٠٣ نوێنەر |
| ژمارەی نوێنەران لە لقی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پەرلەمانی حکومەتی فیدراڵی خاوەن یەکەی پێکهێنەری کەمترین دانیشتوانان | دوورگەی پرێنس (شازادە) ئیدوارد (٤) نوێنەر |

| | |
|---|---|
| دابەشبوونی نوێنەرایەتیکردن لە (Upper House) ی حکومەتی فیدراڵدا | ئەنجوومەنی سینات زێتر لە سەر نوێنەرایەتیکردنی هەرێمایەتی (تا ئەوەی ناوچەیی) دامەزرانە بەم شێوەیە: ٢٤ ئەندامیان لە ناوچەکانی ماریتایم (maritime) (نیوبرونزویك، نۆڤاسکوتیا و دوورگەی شازادە ئیدوارد) ٢٤یان لە کوبیبیك، ٢٤یان لە (ئونتاریو) و ٢٤یشان لە ناوچەکانی خۆرئاوا (ئەلبێرتا، کۆلۆمبیای بەریتانی، مانیتۆیا و ساسکا چوان) شەش کەسیان لە (نیوفاوندلاندو لابرادۆر) ئەندامێکیش لە هەریەك لە تێریتۆرییەکانەوە دێن. |
| دابەشبوونی هێز و دەسەڵاتەکان | دەستورو ٢٩ دەسەڵاتی دیاریکردووە کە سەر بە حکومەتی فیدراڵن و ئەمانە لەخۆدەگرن: (باج و گومرگ، بەرگری، پاراستنی نیشتمان، بازرگانی، یاسای تاوانکاریی، هاوسەرگیریی و تەڵاقدان، پارەو دراو، مافی سکە لێدان (دەرکردنی پارەی وردە) مافی چاپکردن (پەرتووك و بەرهەمی بڵاوکراوە) پێدانی مافی داهێنان (براە الاختراع) و خزمەتگوزارییە سەرتاسەرییەکانی وڵات. ناوچەکانی دەسەڵاتی دیاریکراویان بەسەر ١٦ بابەتدا هەیە وەکو: باج و گومرگی راستەوخۆ لە ناوچەکەدا، پەروەردە، مولکایەتی و مافە شارستانییەکان لە ناوچەکەدا، حکومەتی فیدرال و ناوچەکان دەشێت سەبارەت بە کشتوکاڵ و کۆچکردن و هەروەها خانەنشینی و دەسکەوتی زیادە یاسای هاوبەش دەربچوێنن. |
| دەسەڵاتەکانی پتر | ئەم دەسەڵاتانە بۆ حکومەتی فیدراڵ دەگەڕێتەوە |
| دادگەی دەستووریی (باڵاترین دادگەی پەیوەست بە بابەتە دەستوورییەکان) | دادگەی بەرزی کەنەدا لە (٩) دادوەر بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی سەرەکیی پێکدێت بەراسپاردە و پەسەندکردنی سەرەك وەزیران لەلایەن حاکمی گشتییەوە دامەزرێنران. |

| | |
|---|---|
| سیستەمی سیاسیی یەکە پێکهێنەرەکان | یەك ئەنجومەنی یاسایی هەیە، ئەنجومەنی یاسادانان/ ئەنجوومەنی یاسازیی ئەندامان راستەوخۆ هەڵبژێردراون بۆ خزمەتکردن لە خولێکی کە لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت و قابیلی تازەکردنەوەیە. |
| سەرۆکی حکومەت یەکە پێکهێنەرەکان | سەرۆکی دەوڵەت نوێنەری شاژن وەك جێگری حاکمی گشتیی ئاماژەی پێدەکرێت، لەسەر راسپاردە و راوێژی سەرەك وەیزرانەوە حاکمی گشتی دایدەمەزرێنێت. سەرۆکی حکومەت، سەرەك وەزیر،سەرکردەی ئەو حزبەی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی یاسادانانی هەبێت، بۆ خولێکی زۆرتر نەبێ لە ٥ ساڵان و قابیلی نوێکردنەوە بێت، لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە. |

## خشتەی (٢)
## هێما و ئاماژە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

| | |
|---|---|
| CDP کۆی داهاتی گشتی ساڵانە | ٩٤٠,١ بیلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| پشکی تاك لەداهات | ٢٩,٩٠٠ دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| قەردی نیشتمانی (درەوە) | ١,٩ بیلیۆن دۆلاری ئەمەریکی |
| Sub- national debt قەردی لاوەکی (ناراستەوخۆ) نیشتمانی | ١٥٨,٩ بیلیۆن دۆلاری ئەمەریکی |
| ڕێژەی بێکاری نیشتمانی | ٪٧,٤ (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣) |
| یەکەی پێکهێنەر خاوەن بەرزترین ڕێژەی بێکاری | نیوفاوندلاندو لابرادۆر ٪١٦,٧ |

| | |
|---|---|
| یەکەی پێکهێنەر خاوەن نزمترین ڕێژەی بێکاری | مانیتۆیا ٥٪ |
| ڕێژەی خوێندەواری هەرزەکاران | ٪٩٩ |
| خەرجـی نەتەوەیـی لەسـەر پـەروەردە وەك ڕێـژەی سـەدی | ٥,٥٪ لەکۆی گشتی بودجە |
| هیوای ژیان بە ساڵ | ٧٩,٢ |
| داهاتـی حکومەتـی فیـدراڵ لـە گومـرگ و سـەرچاوەگەلی هاوپێوەنـد | ١٣٨ بیلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٣) |
| داهاتـی (٤)یەکـەی پێکهنـەرەکان لـە گومـرگ و سەرچاوەهاوشـێوەکان | ١٧٦,٧ بیلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٣) |
| یارمەتییەکانی فیدرال بۆ یەکە پێکهاتەکان | ٣٧ بیلۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٣) |
| میکانیزمەکانی هاوسەنگی (یەکسانی کردن) | سـێ میکانیزمـەی سـەرەکی بـۆ هاوسـەنگی و یەکسـانی کردنـی ئاسـۆیی لـە نێـوان ناوچەکانـدا هەنـە: بەرنامـەی تەندروسـتی و یارمەتیدانـی کۆمەڵایەتـی (سۆشـیال) ی کەنـەدی، هاوکاریـی لەسـەر بنەمـای سـتاندەردی پێنـج ناوچەیـی هەروەهـا دەزگیرۆیـی ناوچەیـی. |

# سویسرا
# کۆنفیدرالیەتی سویسری

## نووسینی: تۆماس ستاوفەر و نیکۆل تۆپەرڤیان

١- دیرۆك و پەرەئەستاندنی فیدرالیزم

سـویسرا وڵاتێکـی (٧,٢) ملیـۆن کەسـییە لـە نیوەڕاسـتی ئەوروپـادا، دراوسـێکانی بریتیـن لـە ئەڵمانیـا، نەمسـا، لیختنشـاین، ئیتالیـاو فەرەنسـا، لـە سـاڵی (١٨٤٨) ەوە بووەتـە فیدرالیـی و، دەزگـە فیدرالییەکانـی سـەلماندوویانە کـە وڵات توانیویـە لــە ڕووی سیاســییەوە شــێوەگەلی هەمەجــۆر وجــوداواز رابێنێــت، بەدرێژایــی مێـژوو هـەر (٢٦)کانتـۆن و نزیکـەی (٣٠٠٠) سـێ هـەزار کۆمیونەکانـی توانیویانـە دابونەریـت و کەلتـووری خۆیـان ئاوەهـا گەشـە پێبـدەن کـە سـویسرا، لـە رابـردوو لـە ئێستەیشـدا بـە گوێـرەی هەرێـم و کانتـۆن و کۆمیونەکانـی خاوەنـی فەرهەنـگ و کەلتــووری فرەیــی بــووە و هــەر وایــش ماوەتــەوە. ســویسرا وەکــو وڵات هەوڵینـەداوە سـەرجەم دانیشـتوانەکانی بکاتـە یـەك، هەروەکـو هەوڵـی ئەوەشـی نـەداوە بەپێـی هێڵـی زمانەوانیـی و ئایینـی و فەرهەنگەکانـەوە جوداوازییـان لـە نێوانـدا بـکات، ئەگەرچـی هەنـدێ لـە کانتۆنەکانـی ئەمەیـان کـردووە خاڵـی

دەسـپێکی فەرەمیـی مێـژووی سـویسرا بـۆ سـاڵی (١٢٩١) دەگەڕێتـەوە. لـەو ساڵەدا سێ کانتـۆن (ئێسـتێ بـە (orte) نـاو دەبرێـن). ڕێککەوتننامەیەکیـان ئیمـزا کـرد و یەکەیەکـی بەرگەرییـان دامەزرانـد، پابەنـد بـە سیسـتەمێکی ناوبژیوانیکـردن لـە کاتـی پەیدابوونـی ناکۆکـی لـە نێـوان کانۆتنەکانـدا. یەکێتییەکـە بـەو مەبەسـتە بـوو ڕێ بـە دەسـتدرێژیی دەرەکـی نـەدات و هاوسـەنگیی هێـز لـە نێـوان کانۆتنـە ئەندامییەکانیـدا دەسـتەبەر بـکات. ئەوجـا چەنـد کانتۆنـی دیکـەش بـە بەسـتنی ڕێککەوتنامـەی دواتـر هاتنـە نێـو یەکێتییەکـەوە، بـوو بەهـۆی پەرەسـەندنی فیدراسـیۆنێك کـە لەسـەر بنەمـای سیتسـەمێکی ڕێککەوتنـدا دامەزرێنرابـوو، کۆنفیدراسـیۆنەکە دەبـوا ئەوەنـدەی پێویسـتی دەکـرد هاوکاریـی و یارمەتیـی بـۆ داکۆکـی و بەرگریکـردن لـە سـەروەریی سـویسرا دابیـن بـکات، شـان بەشـانی پاراسـتن و چەسـپاندنی دەسـەڵات و سـەربەخۆیی کانتۆنەکانیشـی.

لـە کۆتایـی سـەدەی هەژدەهەمـدا نوێکردنـەوە لـە وڵاتانـی دراوسـێدا لـە ژێرکاریگەریـی بیروباوەڕەکانـی شۆڕشـی فەرەنسـیدا داواکاریـی گـەرم و بـە پلـەی بـۆ هەنـدێ مەرکەزییـەت و تازەگەریـی لـە سـویسرادا هێنایـە ئـاراوە. سـاڵی ١٧٩٨ هێزەکانـی فەرەنسـا بەسـەرکردایەتی (ناپلیـۆن) سـویسرای داگیرکـرد و دەوڵەتێکـی (مەرکـەزی) لـە شـێوەی ئـەوەی فەرەنسـادا دامەزرانـد. کانتۆنـەکان بۆیەکـە گەلـی بەڕێوەبردنـی یەکسـان گـۆڕدران وەلـێ، سـویسرا سـەلماندی کـە وەکـو دەوڵەتێکـی ناوەندیـی ناشـێ ببرێـت بەڕێـوە و ناپلیـۆن سیسـتەمی کانتۆنیـی بـۆ گێڕایـەوە و سیسـتەمێکی فیدرالیـی لـە سـویسرادا خسـتەڕوو. ئەمـەو دوای تێککشـانی ناپلیـۆن سـویسرییەکان دووبـارە دەنگیـان بـۆ کۆنفیدراسـیۆنێکی شـلۆق و خـاو دایـەوە ئـەوە بـوو لـە کۆنگـرەی ڤییەننـادا، سـاڵی ١٨١٥ سـنوورەکانی سـویسرا دیاریکـراون و بـێ لایەنیـی وڵاتیـش بڕیـاری لێـدرا.

کاتێـك زۆر لـە کانتۆنـە (پرۆتسـتانتەکان) حکومەتگەلـی کۆماریـی پێشـکەوتنخوازیان پەسـەند کـرد، لەکانتۆنەکانـی دیکـەدا، کـە (کاسـۆلیکەکان)

تیایانــدا باڵادەســت بــوون، خانــەوادە دەوڵەمەنــد و دەســەڵاتدارە دێرینــەکان دامودەزگــەی دەســەڵاتی کۆنەپارێزیــان دامەزرانــدووە. کانتۆنــە پێشــکەوتنخوازەکان هەوڵیــان بــۆ دیموکراتیزەکــردن و بــەرەو مەرکەزییــەت بردنــی یەکێتییەکــە دەدا. جــا کانتۆنــە کۆنەپارێــزەکان (بــە زۆری کاســۆلیك) بەمەبەســتی ســنووردارکردنی هەژموونــی کانۆتنــە پێشــکەوتنخوازەکان (بــە زۆری پرۆتیســتانەکان) یەکێتییەکــی نهێنیــان دامەزرانــد (Sander bund) ئــەم کارە ڕێککەوتنەکــەی فیدراســیۆنی هەژانــد. وەختــی یەکێتییەکــە ئاشــکراکراو کانتۆنــە کاســۆلیکەکان ڕازی نەبــوون هەڵیوەشــننەوە. کانۆتنــە پرۆتســتانتەکان بــە زەبــری هێــز هەڵیانوەشــاندەوە.

ســاڵی (١٨٤٧) وەك ســاڵی (شــەڕی ناوخۆیــی) چــووە نــاو مێــژووی ســویسراوە. ئــەو شــەڕەی بــە تێکشــکاندنی کانۆتنــە کاســۆلیکەکان کۆتایــی هــات.

ســاڵی ١٨٤٨ دانیشــتوان و کانۆتنەکانــی ســویسرا دەســتوورێکی فیدراڵییــان پەســەند کــرد. ئــەم دەســتوورە سازشــکردنێکی (پراگماکــی) گونجــاو بــوو لــە نێــوان بــراوەکان و دۆڕاوەکانــی شــەڕی ناوخۆییــدا. ئــەوە بــوو جۆرێــك لــە مەرکەزییەتــی داهێنــاو، لــە هەمانکاتــدا لــە ڕێگــەی دەســتوور و ســنووردارکردنی دەســەڵاتەکانی حکومەتــی ناوەنــدەوە ڕێزگرتنــی بــۆ هەمەچەشــنیی و جوداوازیــی کانۆتنــەکان دابینکــرد، نیشــانەیەکی پراگماتیزمــی دەســتوورەکە نــاوە فەرمییەکــەی ســویسرایە کــە هــەر وەکــو شــێوە لاتینییەکــەی (CH) واتــە (confederation Helvetica) هێڵرایــەوە بــۆ ئــەوەی هیــچ کێشــە کێشــێك لەســەر ناوەکــەوە دروســت نــەکات. ئەنجامــی ئەمەیــش ئەوەبــوو کــە وڵاتــی (ســویسرا) زۆرجــاران پێیدەگوترێــت (کۆنفیدراســیۆن) هەرچەنــد خــۆی لــە راســتیدا (فیدراسیۆن)یشــە.

ســویسرا بــە دەســتووری ١٨٤٨ هەنگاوێکــی مــەزن و گرنگــی بــەرەو مۆدێرنیتــە هاویشــت و بــووە وڵاتێکــی فیدرالیــی خــاوەن حوکمــی هاوبــەش و (فەرمانڕەوایــی خۆبەڕێوەبــردن کــە لــە ســەر بنەمــای دەســتوور چەســپێنراوە).

تازەگەریــی لــە وڵات بــۆ ئــەوە نەبــوو دانیشــتوانانی بکاتــە یــەك چەشــن (یــەك

رەنـگ) بەڵکـو هەوڵیـداوە نەتەوەیەکـی سـویسری دروسـت بـکات بـە هێڵانـەوەی جوداوازیـی و هەمـە رەنگییەکـەی ئـەوەی کـە پێشـتر لـە ئارادابـووە، تێکەڵاوکردنـی فەرمانڕەوایـی هاوبـەش و خۆبەڕێوەبـردن بـووە هـۆکاری ئـەوەی وڵاتەکـە لـە جوداوازیـی و هەمەرەنگییـەوە یەکێتییـەك دروسـت بـکات، هەرچەنـدە لـەم چەنـد ساڵانەدا دەسـتووریش و پرۆسـەی سیاسـی زێـتر بـەرەو پێشـەوە چوونـە و پەرەیـان ئەسـتاندووە، دوو پێداچوونـەوەی گشـتی بـۆ دەسـتوورەکە (١٨٧٤، ١٩٩٩) ئەنجامـدراون، لەگـەڵ ئەمەشـەوە دیزاینـە گشـتییەکەی هـەروەك خـۆی ماوەتـەوە. دەسـتووری فیدرالـی نەخشـەو بناخـەی گونجـاوی بـۆ بـە ئاشـتیی وپێکـەوە ژیانـی گروپهـای فەرهەنگـی، زمانەوانیـی و ئایینـی جیـاواز فەراهەمکـردووە.

٢- مادده و مەرجە دەستوورییەکانی پەیوەست بە فیدرالیزم

سـویسرا فیدراسـیۆنێکە لـە (٢٦) کانتـۆن پێکهاتـووە (مـاددەی ١) کـەوا شەشـیان بـە (نیـوە کانتـۆن) ناودەبرێـن کـە لـە دابەشـبوونی دێرینیـە سـێ کانۆتنانـەوە پەیدابوونـە، ئـەو دابەشـبوونەی بـەر لـە دروسـتبوونی فیدراسـیۆنەکەوە سـاڵی (١٨٤٨) روویدابـوو. نیوکانۆتنـەکان هەمیشـە هەمـان پێگـەی بیسـت کانتۆنەکانـی دیکەیـان هەیـە (مـاددەی ٣)ی وەلـێ لـە حاڵەتـی پەیوەسـت بـە ئامرازەکانـی حوکمڕانیـی هاوبـەش تەنهـا نیـوەی ژمـارەی نوێنەرانیـان هەنـە، کـە ئـەوە دەگەیەنێـت ئـەوان لـە (ئەنجوومەنـی ویلایەتـەکان) دا لـە جیاتـی دوو نوێنـەر تەنیـا یەکێکیـان دەبێـت (مـاددەی ١٥٠) هەروەهـا نێودەنگـی کانتۆنیـان هەیـە ئەگـەر زۆرینـەی کانۆتنەکانـی پێویسـت کـرد بـۆ راپرسـییەك لەسـەر ئاسـتی فیدراڵیـدا. مـاددەی ١٤٢).

بـە گوێـرەی دەسـتووری فیدرالـی سـویسرای سـاڵی ١٩٩٩ و هەروەهـا دەسـتوورەکانی پێشـووتریش، کانتۆنـەکان سـەروەریی خۆیانیـان هەیـە تـا ئـەو جێگەیـەی سـەروەرییەکەیان بەپێـی دەسـتوور سـنووردار کرابێـت (مـاددەی ٣). سـەروەریی لـەم حاڵەتـەدا واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئـەوان مافـی

خۆبەڕێوەبردنیـــان هەیـــە لەنێـــو ســـنوورەکانی کانۆتنەکانیانـــدا و حکومەتـــی ناوەنـــد لەســـەری پێویتســـە ڕێـــز لـــە ســـەروەریی کانۆتنـــەکان بگرێـــت، لەگـــەڵ ئەمەشـــەوە ئـــەم ســـەروەرییە ڕەهـــا نییـــە. دەســـتوور بـــە زۆران ڕێـــگا و شـــێوازی جـــوداواز ســـەروەریی کانۆتنەکانـــی ســـنووردار کـــردووە. بـــۆ نموونـــە دەســـتوور مافـــە بنەڕەتیەکانـــی بـــۆ ســـەرجەم دانیشـــتوانانی ســـویسرا دابیـــن کـــردووە (ماددەکانـــی ٧-٣٦) و چاوپێداخشـــاندنەوەی دەســـتووریی لەلایـــەن (دادگـــەی فیدرالیـــی ســـویسرا) وە دانـــاوە کـــە چاودێریـــی بەســـەر پاراســـتنی ئـــەو مافـــە ریشـــەییانە لەلایـــەن دەســـەڵات و بەرپرســـانی کانۆتنەکانـــەوە دەکات. روونـــتر ســـنووردارکردنی ســـەروەریی و دەســـەڵاتەکانی کانتۆنـــەکان لـــە دەســـەڵاتەکانی یاســـادانان و کارگێڕیـــی حکومەتـــی ناوەنـــدەوە ســـەرچاوە دەگـــرێ.

دابەشـــبوونی دەســـەڵات لـــە نێـــوان کۆنفیدراســـیۆن (حکومەتـــی ناوەنـــد) و کانۆتنەکانـــدا بەپێـــی سیســـتمی هێـــزە دیاریکراوەکانـــی فیدرالیـــدا ڕێکخـــراوە.

دەســـەڵاتەکانی فیدرالـــی (نێوەنـــد) پێویســـتە لـــە دەســـتووری فیدرالیـــدا باســـکرابن. هیـــچ بۆشـــاییەك کـــە لەبـــەر لـــە نێـــوان قەڵەمـڕەوی ســـەروەریی نێوەنـــد و هـــی کانتۆنەکانـــدا نییـــە. هـــەر مەســـەلەیەکی تازەبابـــەت کـــە لـــە دەســـتووردا باســـی نەکرابێـــت بەشـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکـــی دەکەوێتـــە بازنـــەی دەســـەڵاتەکانی کانۆتنەکانـــەوە (مـــاددەی ٣).

بـــەم شـــێوەیە، ئەگـــەر بـــە تیۆریـــی بدوێیـــن، ئـــەوا هەرگیـــز درز یـــان بۆشـــایی لـــە دابەشـــبوونی دەســـەڵاتەکاندا بەرچـــاو ناکەوێـــت. تێبنییەکـــی تـــر پەیوەســـتە بەهێـــز بـــۆ دابەشـــکردنی دەســـەڵاتەکان. مادامەکـــی پێداچوونـــەوە بـــە دەســـتوور مەســـەلەیەکی فیدرالییـــە (ماددەکانـــی ١٩٢-١٩٥) و دابەشـــبوونی دەســـەڵاتەکانیش تەنهـــا لـــە دەســـتوورەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت، بۆیـــەکا پێداچوونـــەوە بەهێـــزەکان دەســـەڵاتی حکومەتـــی فیدراڵـــە (نێوەنـــد) هەرچۆنـــێ بـــووە، ئـــەم هێـــزە بـــە مافێکـــی کانتۆنـــی لـــە حوکمڕانیـــی هاوبەشـــدا دیاریدەکرێـــت.

لەوەتـــای پێداچوونـــەوەی ســـاڵی (١٩٩٩)ی دەســـتوور بـــە روونـــی ئـــەوەی ســـەپاندووە کـــە کۆنفیدراسـیۆن (نێوەنـد) تەنهـا ئـەو ئەرکانـە بەجـێ دەگەیەنێـت کـە پێویسـتیان بـە گونجـان و ڕێکخسـتنی هاوشـێوە و گشـتیی هەیـە (مـاددەی ٢، ٤٢).

بەپێـی ئـەم قانوونـەوە ناوەنـد لەدابەشـبوونی هێـز و دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان خۆیـی و حکومەتەکانـی کانتۆنەکانـدا پشـکی پاشـکۆیی بوونـی بەردەکەوێـت، بـەو مانایـەی نێوەنـدە تەنهـا ئـەو دەمـە دەسـەڵاتی دەبێـت کـە ڕێکخسـتنێکی هاوشـێوە و گشـتیی پێویسـت بـکات.

ئەگەرچـی بەپێداچوونـەوە بـە دەسـتووری فیدراڵیـدا هەنـدێ چالاکیـی نـوێ بـۆ فیـدراڵ تەرخانکـراوە، وەلـێ ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە بابەتـەکان لەنێـو بازنـەی دەســەڵاتەکانی کانتۆنەکانــدا ماونەتــەوە. لیســتی خــوارەوە چەنــد نموونەیــەك دەخاتـەڕوو کـە بـۆ فەرمانڕەوایەتـی خۆبەڕێوەبردنـی کانتۆنـەکان گرنـگ و مایـەی بایەخپێدانــن.

١- دەســتووری دەوڵەتــی: دەرچواندنــی دەســتوورە دەوڵەتیەیــکان ئەرکــی کانتۆنەکانــە. ئــەوان ڕژێــم و سیســتمی تایبەتــی خۆیــان دەستنیشــان دەکــەن.

٢- شـــارەوانییەکان: هـــەر کانتۆنـــەی هێـــزی جـــوداواز دەبەخشـــێتە شـارەوانییەکان، بـەڵام هـەر وەختـی ئـەو هێزانـە خرانـە نێـو دەقـی قانونـەوە ئـەو دەمـە لەلایـەن (دادگای فیدراڵـی سـویسرا) وە گەرەنتیـان پێدەدرێـت و بەهەمـان ئـەو ڕێگەیـە دەپارێزرێـن کـە مافـە بنەڕەتییەکانـی تاکەکانیـان پـێ دەپارێزرێـت.

٣- پـەروەردە: پـەروەردە هـەر لـە کۆنـەوە بابەتێکـی سـەر بـە کانتۆنەکانـە، کانتۆنـەکان تـا ڕاددەیەکـی زۆر (پرۆگرامـەکان) دادەنێـن و دەسـتەی مامۆسـتایان (میـلاك) و تـاد.. دادەمەزرێنـن یـان هەڵیاندەبژێـرن.

٤- بـاری گشـتی: لەسـەردەمی ئاشـتی و ئارامیـدا بـاری گشـتیی هـەر بەپێـی دابونەریتیـی کـۆن بابەتێکـی سـەر بـە کانتۆنـەکان بـووە.

٥- رۆشـنبیری: لـە هەنـدێ بوارانـدا نەبێـت پشـتگیریی كردنـی چالاكییـە فەرهەنگییـەكان و پاراسـتنی كەلوپەلـە كەلتوورییەكانـی بـە كانتۆنـەكان ئەسـپاردراون.

٦- ژێرخـان: كردنـەوەو دروسـتكردنی جـادە و شـەقام و دەسـتەبەركردن و پێدانـی ئـاو و كارەبـا بـە زۆریـی بـە ئەسـتۆی كانتۆنەكانـەوەن.

٧- باجـی راسـتەوخۆ: كانتۆنـەكان باجەكانـی كەسـەر بـە خۆیانـن بـەرز دەكەنـەوە و رێـژەی بـاج و گومـرگ دیاریدەكـەن. لەگـەڵ جـۆر و بابەتـی ئـەو شـتانەی بـۆ داهاتەكانـی گومـرگ دەگەڕێنـەوە. پرەنسـیپی هاوكاریكـردن دانانـی قانوونیـش دەگرێتـەوە.

حكومەتـی (ناوەنـد) خـۆی زۆر قانوونەكانـی فیـدراڵ كـە لـە سـنووری دەسـەڵاتە دەسـتوورییەكانی خۆیدانـە، پیادەیـان نـاكات. ئـەوە كانتۆنەكانـن كـە لـە كارپێكردنـی قانوونـە فیدراڵییـەكان بەرپرسـیارن، ئەمـەش دەرفەتـی بـاش بـۆ ئاییندارییـی و بایەخـدان بـە خەسـڵەتە تایبەتییەكانیـان بـۆ كانتۆنـەكان فەراهـەم دەكات. هـەر بـە گوێـرەی پرەنسـیپی هاوكاریكردنـەوە، حكومەتـی فیـدراڵ (نێوەنـد) پێویسـتە جێبەجێكردنـی قانونـی خـۆی بـۆ كانتۆنـەكان جـێ بهێڵێـت، تـا ئـەو جێیـەی كـە مومكینـەو تەنهـا ئـەو مەسـەلانە یەكلایـی بكاتـەوە كـە یەكبوونیـان دەیخوازێـت. ژمارەیـەك دامـەزراوە ئەزمـوون و تاقیكردنـەوە كاریگەریـی گرنـگ لـە رووی وەرگرتنـی بڕیارگـەل لەسـەر ئاسـتی فیدراڵـدا دەخەنـە سـەركانۆتنەكانەوە.

یەكـەم: دەسـەڵاتدارانی یاسـادانانی فیـدراڵ پێویسـتە لەسـەریان راسـتەوخۆ ئـاگاداری كانتۆنـەكان بكەنـەوە لەبـارەی نیازەكانیـان و لـە زۆربـەی حاڵەتەكانـدا قانـون ئـەو مافـە بـە كانتۆنـەكان دەبەخشـێت كـە دەبـێ پرسـیاریان پێبكرێـت. بـەم شـێوەیە كانتۆنـەكان كاریگەرییـان بەسـەر پرۆسـەكەوە هەیـە تەنانـەت بەرلەوەیـش پێشـنیازێك بگاتـە پەرلەمانـی فیدراڵیـش (ماددەكانـی ٤٥, ٥٥). ئەمـە گرنگـە چونكـە لـەم قۆناغـەدا كانتۆنـەكان هێشـتا كاریگەریـی دیاریـان بەسـەر

پێکهێنانــی ئەنجوومەنــی یاســادانانەوە هەیــە، کەچــی دواتــر کاریگەرییەکەیــان لــە تەنیــا گوتنــی (بەڵــێ، یــان نــە) دا دەمێنێتــەوە.

دووەم: پەرلەمانـــی فیـــدراڵ (ئەنجومەنـــی فیـــدراڵ) بـــۆ دوو ئەنجومـــەن دابەشــکراوە، (ئەنجومەنــی نیشــتمانیی) کــە نوێنەرایەتــی خەڵــك دەکات، لەگــەڵ (ئەنجومەنــی ویلایەتــەکان) کــە نوێنەرایەتــی کانتۆنــەکان دەکات و تیایــدا هــەر کانتۆنێــك ژمــارەی دەنگــی یەکســانیان هەیــە. هــەر ئەنجوومەنیــش بەتــەواوی هەمــان هێــز و دەســەڵاتیان پێــدراوە، هیــچ قانوونێکــی فیدراڵــی ناکرێــت بەبــێ رەزامەندیــی هــەردوو ئەنجومەنــەکان کاری پێبکرێــت، ماددەکانــی (١٦٣،١٥٦،١٤٨).

کاریگـــەری کانتۆنـــەکان لـــە نێـــو ئەنجومەنـــی ویلایەتەکانـــدا ســـنووردارە، ســەبارەت بــەو فاکتــەرەوە کــە کانتۆنــەکان بۆیــان نییــە رێنمایــی قانوونیــی مولزیــم بــە نوێنەرەکانیــان بــدەن (مــاددەی ١٦١) بەهــەر حــاڵ کانتۆنــەکان کاریگەریــی ناڕاســتەوخۆ، بــەڵام گرنگیــان بەســەر ئەندامانــی (ئەنجوومەنــی نیشــتمانی)دا هەیــە، ئەمەیــش بەهــۆی سیســتەمی هەڵبژاردنەوەیــە. تاکــە کاریگەریــی دەرەکــی بەســەر (ئەندامانــی پەرلەمــان)وە بریتییــە لــە پێویســتبوونیان بــە دووبــارە هەڵبژاردنەوەیــان. لــە هەڵبژاردنەکانــدا بــۆ (ئەنجومەنــی نیشــتمانی) کانتۆنــەکان یەکــەکان پێکدەهێنــن (مــاددەی (١٤٩) هەروەکــو لقــی حزبــەکان لــەو کانتۆنانــەدا کاندیــدەکان (پاڵێــوراوان) دیاریدەکــەن.

لــە ســویسرا، حزبــە سیاســیەکان لەســەر ئاســتی کانتۆنەکانــدا ئێجــگار بەهێــزن، بۆیــەکا نوێنەرانــی هــەردوو ئەنجومــەن هــەردەم لــە هەوڵــی ئــەوەدا دەبــن چالاکییــە سیاســییەکانیان بگونجێنــن لەگــەڵ قازانــج و بەرژەوەندییەکانــی لــق و کۆمیتەکانــی ئــەو حزبانــەی کــە لایەنگیریانــن لــە کانتۆنەکانــدا.

ئــەم رەوشــە بــە بــەراورد قورســاییەکی زۆر دیــار دەبەخشــێتە ئــەو هێزانــەی خوازیــاری مەرکەزییەتــن لــە وڵاتــدا.

ســێهەم: چاکســـازیی و هەموارکردنـــی قانوونـــەکان و دەســـتوور هەمیشـــە

دەخرێتــە راپرســیی (ریفرانــدۆم) گشــتییەوە (ماددەکانــی ١٤٢,١٤٠) لــەم رووەوە پێویســتە رەچــاوی جــوداوازی دوو جــۆر ریفرانــدۆم بکرێــت. بــۆ یاساســازی ئاســایی قانوونێکــی فیدراڵــی بــۆ وێنــە، راپرســییەکە ئیختیارییــە و، تەنهــا ئەوکاتــە پێویســتە بکرێــت کــە (٥٠٠٠٠) پەنجــا هــەزار هاوڵاتــی یاخــود هەشــت کانتــۆن داوایــان کردبێــت. پێشــنیازێك ئــەو کاتــە پەســەند دەکرێــت کــە زۆرینــەی دەنگدەرانــی وڵات بەگشــتیی لەســەری کــۆك و رازیــی دەبــن. ســەبارەت بــە بڕیــارە گرنگــەکان وەك پێداچوونــەوەی دەســتوور و چوونــە نێــو رێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانــەوە بەمەبەســتی ئاسایشــی گشــتیی و هاوبــەش، یاخــود رێکخــراو گەلــی خــاوەن هێــزی دەرەکیــی (لەســەرووی دەســەڵاتی نیشــتمانەوە) ئــەوا ریفرانــدۆم (ئیجباریــی) دەبێــت و هیــچ پێویســت بــە کۆکردنــەوەی ئیمــزا نــاکات.

لــەم حاڵەتــەدا زۆرینەیەکــی دوو لایەنــە پێویســت دەبێــت، ئەویــش بریتییــە لــە پەســەندکردنی زۆربــەی کانتۆنــەکان وێــڕای زۆرینــەی دەنگدەرانیشــەوە. ئەمەیــش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە پێویســتە زۆرینــەی دەنگــدەران لەسەرتاســەری ســویسرادا، هەروەهــا زۆرینــەی دەنگدەرانیــش لــە زێــتر لــە نیــوەی کانتۆنەکانــدا، پەســەندی بکــەن بەرەچاوکردنــی جوداوازیــی بەرچــاو لــە رووی دانیتشــوانانەوە لــە نێــوان کانتۆنــە گــەورە و بچووکەکانــدا هــەر پێشــنیازێك بــۆ هەموارکردنــی دەســتوور لــە رووی تیۆرییــەوە بــۆی هەیــە رەتبکرێتــەوە هەرچەنــدە بــە نزیکــەی (٪٩٠) لەســەدا نــەوەدی دانیشــتوانان پەســەندیان کردبێــت، ئەگــەر رەتکردنــەوەی ئەولــە ســەدا دەیــە بــە یەکســانیی لــە کانتۆنــە هــەرە بچووکەکانــدا بەشــداریی تیــادا کرابێــت. بــە وتەیەکــی تــر ئــەو دەمــەی پێویســت بــە پەســەندکردنی زۆرینەیەکــی کانتۆنــەکان بــکات، ئــەوا دەنگدەرێکــی ســەر بــە بچووکتریــن کانتۆنــی تــەواو (یــووری Uri) بەرامبــەر بــە (٣٥) ســی و پێنــج دەنگدەرانــی دانیشــتووی کانتۆنــی زیۆریــخ دەوەســتێت.

بێجگــە لــە دەزگــە رەســمییەکانی حوکمڕانیــی هاوبــەش، کانتۆنــەکان ئامــرازی

دیکەیــان لەبەردەســتدایە کــە بــە هۆیانــەوە کاریگەرییــان بەســەر سیاســەتی فیدرالــەوە دەبێــت. گرنگتریــن فاکتەریشــیان لــە خــودی سیســتەمی دیموکراســیدایە کــە هەمــووان لەســەری کۆکــن.

ئەمەیــش لــە بنەڕەتــدا وا دەگەیەنێــت کــە هــەر بڕیارێکــی سیاســیی گرنــگ هەمیشــە بــە ڕێککەوتــن و ڕەزامەندیــی و رای ســەرجەم حــزب و گــرووپ و کانتــۆن وئاییــنە گرنگــەکان وەردەگیرێــت. بناغــەی ئــەم شــێوازەی سیاســەتکردن لــە دامودەزگەکانــی دیموکراســیی راســتەوخۆ، بەتایبەیــت لــە راپرســیی گشــتییەوە ســەرچاوەی گرتــووە. سیاســەتێکی نێوەنــد ئەگــەر گرووپێکــی ڕێکخــراوی خــاوەن دەســەڵات ڕەزامەندیــی لەســەر نەبــێ لەوانەیــە ئەســتەم بێــت جێبەجــێ بکرێــت، چونکــە بەرهەڵســتکارێکی بەهێــز بــۆی هەیــە زۆر بــە ســانایی بەرێگــە گەلــی دیموکراتیــی راســتەوخۆ پەکــی بخــات و بیوەســتێنێ.

لایەنــەی جێبەجێــکار لــە حکومەتــی فیــدراڵ، ئەنجوومەنــی فیــدراڵ ماددەکانــی ١٧٤-١٧٩ نموونەیەکــی چــاك لەدیموکراســیی پەســەندکراوی هەمــوو لایــەك دەخاتــەڕوو. ئــەو ئەنجوومەنــە لــە (٧) راوێــژکاری فیــدرال پێکهاتــووە، کــە لەلایــەن هــەردووك ئەنجومەنەکانــی پەرلەمانــی فیدراڵــەوە هەڵبژێــردراون، هەریەکێکیــان ســەرۆکی وەزارەتێکــە و هەموویــان بەیەکــەوە دەســەڵاتی جێبەجێکردنــی فیــدراڵ پێکدەهێنــن. بــۆ بڕیارەکانــی حکومــەت ســەرجەم ئەندامانــی (ئەنجومەنــی فیــدراڵ) دەنگــی یەکســانیان هەیــە ئەمەیــش وایکــردووە کــە بــۆ ســەرۆکی فیــدراڵ تەنهــا ئەوەیــان هەڵبژێردرێــت کــە لــە هەموویــان توانــا و کارامەتــرە لــە نێوانیانــدا. وەك دەرەنجامێکــی ئــەو دیموکراسییەشــیان هەتــا بکرێــت ســەرجەم گرووپــە گــەورە و ســەرەکییەکان نوێنەریــان لەنێــو (ئەنجوومەنەکــە) دا دراوەتــێ، کــە مانــای ئەوەیــە حزبــە سیاســیە گرنگەکانــن هەروەهــا گرووپــە زمانەوانییــەکان، کانتۆنــەکان و هــەر دوو توخــم نێــرو مــێ نوێنــەری خۆیانیــان لەوێــدا هەنــە. ئــەم نوێنەرایەتیکردنــە دەرەنجامــی ماددەیەکــی قانوونیــی نییــە، هــەروەك لــە دەســتووری فیدرالیشــدا

باسـی نەکـراوە.

بەهەرحـاڵ لەوانەیـە پەرلەمانتارێکـی ئەڵمانیزمـان لـە حزبـی (رادیـکاڵ) دەنگـی بداتــە کاندیدکراوێکــی فەرەنســیزمانی حزبــی سوشــیال دیموکــرات ئــەو کاتــەی نــۆرەی ئــەوەی دواییــان بــێ شــوێنی یەکــێ لــە نوێنەرەکانــی ئەنجوومەنەکــە بگرێتــەوە. پێوەندیــی ئەمەیــش بــە سیتســەمی دیموکراتییەکــەوە ئەوەیــە کــە پــرۆژە یاســایەك لەلایــەن دەســەڵاتی جێبەجێــکاری فیدرالــەوە دەرچووێنرابێــت. دەرفەتــی ئێجــگار کەمــی دەبێــت کــە لەلایــەن خەڵکــەوە قەبــووڵ بکرێــت ئەگــەر هاتــو یــەك گروپــی ســەرەکی (یــان زێــتر) بــۆ وێنــە، حزبێــك یــان چەنــد کانتۆنێــك پشــتگیریی لێــوە نەکــەن. مادامەکــی بەرهەڵســتێکی بەهێــز بتوانــێ زۆربــەی چالاکییەکانــی (ئەنجومەنــی یاســادانان) بوەســتێنت، ئــەوا لــە بەرژەوەندیــی هــەر حزبێــك دا دەبێــت کــە گروپەکانــی دیکەیــش رۆڵیــان لەگشــت پــرۆژە و پێشــنیازە گرنگەکانــدا هەبێــت.

بــەم شــێوەیەش، لــە دەســەڵاتی جێبەجێــکاری فیدرالیــدا نوێنەریــان ببێــت. کاروبــاری دادگەریــی تــا رادەیەکــی زۆر لــە دەســتی کانتۆنەکاندایــە، (تەنهــا چەنــد بابەتێــك نەبێــت) هەمــوو کارێکــی یاســایی ســەرەتا لــە دادگەیەکــی کانتۆنییــەوە دەســت پێــدەکات بەبــێ گوێــدان بــەوەی کــە ســەر بــە یاســای کانتۆنــی یــان فیدرالییەوەیــە و، زۆربــەی بڕیارەکانیــش لــە کانتۆنەکانــەوە دەدرێــن. (دادگــەی فیــدراڵ) تاکــە دەســەڵاتی دادوەریــی فیدرالییــە. گرنگتریــن ئەرکەکانــی (دادگــەی فیــدراڵ) ئەوەیــە کــە بــە بڕیارەکانــی دادگــە هــەرە باڵاکانــی کانتۆنەکانــدا بچێــەوە لەمــەڕ داواکان و رۆڵــی دادگەیەکــی دەســتووری بگیرێــت، بــەڵام تەنهــا بــۆ هەنــدێ بابەتــی تایبــەت نەبــێ کــە (دادگــەی فیــدراڵ) یەکــەم دادگــە و تەنهــا دادگەیــە. وێــڕای ئەمەیــش بــە گوێــرەی فیدرالییەتــی ســویسراوە(دادگەی فیــدراڵ) ناتوانــێ کۆنترۆڵــی پابەندبوونــی بەرپرســانی کۆنفیدراســیۆنەکە بــە دابەشــبوونی دەســەڵاتە دەســتورویەکانەوە بــکات، وەك لــە فیدراســیۆنەکانی تــردا هەیــە.

(دادگـەی فیـدراڵ) باڵاتریـن دەسـەڵاتی دادوەریـی فیدرالییـە (مـاددەی ١٨٨) وەلـێ بـە ئەنجوومەنـی یاسادانی فیدراڵـەوە پابەنـد کـراوە، ئەوەیـش بەشـێوەیەکی دیموکراسـییانە لـە ڕێگـەی ڕاپرسـییەکی گشـتییەوە ڕەوایەتـی پێدەدرێـت. لێکدانەوەیەکـی ئاسـایی بـۆ ئـەم خەسـڵەتە بـێ وێنەیـە بـۆ بـێ متمانەیـی لـە مێژینـەی دانیشـتوان لـە هەمبـەر هێـز و توانسـتی دادوەران و هەروەهـا بڕوابوونێکـی پتەویـان بـە پرۆسـەی دیموکراسـی دەگەڕێتـەوە، تەنهـا ئەوکاتەیـش لەمـە تێدەگـەن ئەگـەر زانیـمان هەمـوو قانوونێکـی فیدرالیـی بناغـەی لەسـەر لێکتێگەیشـتنێکی ڕوون و دیـار لـە نێـوان سـەرجەم هێـزە سیاسـییە سـەرەکییەکاندا داکوتـراوە. ئەمەیـش وای لـە نووسـەرانی دەسـتوورەکە کـرد بڕیـار بـدەن کـە دادوەران بۆیـان نییـە و نابێـت ئـەوەی بـە ڕێگـەی دیموکراسـیی بڕیـاری لێـدراوە ئـەوان بیانسـڕنەوە. بـە کردەنیـش ئـەو متمانەیـە بـە دەزگـە دیموکراتییـەکان دراوە بـە زۆریـی لەجێـی خۆیـدا بـووە، تەنهـا لـە چەنـد حاڵەتێکـی نائاسـاییدا نەبێـت، دەسـتەی یاسـادانەران گوێرایەڵـی ئـەو قانوونانـە بوونـە کـە پێیانـەوە پابەنـدن. سیسـتەمێك کـە فیدراڵـی بـێ و لەسـەر ریفرانـدۆم بنیاتـنراو بێـت، بەتایبەتـی پێویسـتبوونی پەسـەندکردنی زۆرینـەی کانتۆنـەکان لـە بڕیـارە گرنگـەکان هەندێـك جـاران ڕەخنـەی ئەوەیـان لێدەگیرێـت کـە پرۆسـەی سیاسـیی لـە وڵاتـی سـویسرادا خاودەکەنـەوە.

بەتایبەتـی سیاسـەتمەدارە پێشـکەوتنخوازەکان کێشـەی سـەرەکیی و گشـتییەکان دەبینـن، چونکـە زۆربـەی کانتۆنـە بچووکـەکان لەکاتـی دەنگدانـدا ڕەفتاریـان کۆنەپارێزانەیـە و دەتوانـن بەهـۆی هێزیانـەوە لـە ڕاپرسـییەکاندا و هەروەهـا بـە بوونیـان لـە (ئەنجوومەنـی دەوڵـەت)دا زۆر لـە پێشـنیاز و پـڕۆژە پێشـکەوتنخوازەکان بوەسـتێنن و ڕێگەیـان لێبگـرن. ئەمـە یـەك لـەو هۆکارانەیـە کـە وایکـردوە پرۆسـەی سیاسـیی سـویسرا بـە بـەراورد لەگـەڵ پرۆسـەی سیاسـی وڵاتانـی دیکـەدا هێواشـتر و لەسـەرخۆتر بێـت.

وەلێ لەلایەکی ترەوە سیستەمەکە سیاسەتسازان ناچار دەکا بیروڕاکانیان زۆر وەرگێڕ و هەڵگێڕ پێبکەن و لەوانەیشە وڵاتی سویسرای لەگەڵێك بڕیاری هەڵەشە و بەپەلەوە دورخستبێتەوە. بەو مانایەی سیستەمەکە دەشێ یەکێك بووبێت لەو فاکتەرانەی یارمەتی ئەوەیانداوە بەردەوامیی بە چەسپاویی و خۆراگریی سیاسیانەیان دابێت، ئەوەی هەر لە سەرەتای دروستبوونی فیدراسیۆنەکەوە لە ساڵی (١٨٤٨)دا تاکو ئیمڕۆ درێژەی هەیە و بەردەوامە.

هێزە بزوێنەرەکانی رامیاریی سەردەم

رۆژی یەکی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٠) دەستوورێکی تازەی فیدراڵیی شوێنی دەستوورەکەی ساڵی (١٨٧٤)ی گرتەوە، ئەمە نەك تەنها کۆتایی هێنا بە پرۆسەیەك کە پەرلەمانی فیدراڵی ساڵی (١٩٦٥) دایهێنابوو، بگرە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی پرۆسەکەش بوو،رای گشتیی لەو کاتەدا ئەوەبوو کە سیستەمی رامیاریی سویسرا هی ئەوە نەبوو لەتەك گۆڕانکارییە خێرا و فرەوانەکانی سەردەمی دوای جەنگی دووەهەمی جیهانیدا خۆی بگونجێنێت، دەستووره تازەکە بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی پێوانەکانی دەستوورە کۆنەکە بگۆڕێت و دەستکارییان تیادا بکات رێکیاندەخاتەوە. بە بەرکاهێنانی زمانی سەردەمیانە و بنیادنانەوەی تەرتیبەکانیان (ریزبەندییەکان).

هەروەها هەندێ ناوەرۆکی تازەشی تیائاخنرا، بەتایبەتی بەرەچاوکردنی فیدرالیزمی هەرەوەزیی، ئەمەو وێڕای پێداچوونەوە بە دەستوورەکەیش هەموارکردنی سەرەکیی لە سیستەمی دادوەریی و دیموکراسییەتی راستەوخۆ لە چەند ساڵی رابردوودا ئەنجامدراون، وەك لەخوارەوە باسکراون:

لەوانەیە گرنگترین پەرەسەندنی سەرەنجراکێش لەو چەند ساڵانەی دواییەدا چوونی سویسرا بووبێت بۆ نێو نەتەوەیەکگرتووەکان لە (١٠) ئەیلوولی (٢٠٠٠)دا. ئەمەیش لە ئەنجامی راپرسییەکی دەستوورییەوە کە تیایدا، زۆرینەی (٥٥٪)ی پەنجاوپێنج لە سەدا دەنگی جەماوەر و زۆرینەی

(١١) کانتۆنــی تــەواو دوو نیوەکانتــۆن پەســەندیان کردبــوو. ئیــتر پێدەچــێ لــەو ساتەوەڕا ئــەو بێنەوبەردەیــەی کــە ســەردەمانێ لــە لوتکــەی گەرمییــدا بــوو، بــە ئێجــگاری و بەتەواوەتــی لــە هەســتی جەمــاوەردا کوژابێتــەوە.

جیــا لەمەیــش هێــزە بزوێنەرەکانــی سیاســی ســەردەم بــەردەوام کەوتوونەتــە بەرکاریگەریــی پەرەســەندنی ڕێکخســتن و یەکگرتنــی ســویسرا، هــەم لــە ڕووی جیهانــی و هــەم لــە تــەك ئەوروپــاوە، لەگــەڵ ئەمەشــەوە هــەر لــەو کاتــەدا کــە ســویسرا زیاتــر بــەرەو یەکگرتــن دەچێــت. هەنــدێ بۆچوونــی گشــتیی دژ و بــە پێچەوانــەی ئــەو ڕەوتــە لــە وڵاتەکــەدا لــە کاردان و کاریگەرییــان هەیــە. بــەم شــێوەیە، بــۆ نموونــە داواکاریــی بیرۆکــەی گۆڕانکاریــی پێوەندیــدار بــە پێکهاتــەی ســنووریی ســویسراوە، لەوەتاییەکگرتنــەوەی هــەردووك کانتۆنــی (جنیــڤ وڤــاود) (Genevak vaud) بــە دەنگــی جەمــاوەر (ڕاپرســی) ڕەتکرایــەوە، بایەخــی جارانــی خــۆی لەدســەتداوە. هەروەهــا حزبــی (SPP) (حزبــی گەلپــەروەری ســویسرا)ی کەنارگیــر پێگــەی خــۆی زێــتر فــرەوان و چەســپاوتر کــردووە، بەتایبەتــی لــە کانتۆنــە فرەنســی زمانەکانــدا و بــۆی هەیــە لــە ئێســتادا بانگەشــەی ئــەوە بــکات کــە حزبێکــی نەتەوەییــە. لــە هەڵبژاردنەکانــی ئەنجوومەنــی یاســادانان لــە مانگــی ئۆکتۆبــەر (تەشرینــی یەکــەم) ی ســاڵی (٢٠٠٣)دا، بــە بەدەســتهێنانی زێــتر لــە (٢٧٪) ی دەنگــی نەتــەوە، ئــەم حزبــە بــو بــە بەهێزتریــن حــزب کــە (٥٥) کورســی لــە کــۆی (٢٠٠) کورســییەکانی (ئەنجومەنــی نیشــتمانی) (Lower house) ی بەدەســتهێنا. دەرەنجــام گۆڕانکارییەکــی بنەڕەتــی لــە حکومەتــی هاوبەندیــی کــە لــە ســاڵی (١٩٥٩)وە لەســەرکاربووە بــوو بــە کارێکــی ناچاریــی بــۆ هێشــتنەوە و جێگیرکردنــی هاوســەنگیی سیاســی لــە سیســتمی دیموکراســیی نیمچــە ڕاســتەوخۆی ســویسرادا.

حزبــی (SPP) کورســییەکی دووەمیشــی لــە (ئەنجوومەنــی فیــدراڵ- حکومــەت)دا لەســەر حســابی (گرووپــی دیموکراتــی کریســتیانی) کــە دەنگەکانیــان لەدەســتدابوون، وەرگــرت. بەهــۆی ئــەم بەهێزبوونــەی هێــزە دووەپارێزەکانــەوە (کەنارگیــرەکان)

چوونـە نێـو یەکێتـی (ئەوروپـا) (EU) لـە هـەر کاتێـك زیاتـر بـە دوور دەزانرێـت. بـەم پێیـە، کۆتایـی هاتنـی رێککەوتنـە دووقۆڵییـەکان لەگـەڵ یەکێتـی ئەوروپـا (EU)دا بـووە کارێکـی دژوار بـۆ رێکخسـتن و یەکگرتنـی سـویسرا لەنێـو ئەرووپـادا.

یەکـــەم ئەلقـــەی رێککەوتنـــەکان لـــە حوزەیرانـــی (٢٠٠٢) دا خرایـــە بـــەرکار کـە ئەمانـە دەگرێتـەوە، توێژینـەوە، داهاتـی گشـتیی، بەربەسـتە تەکنییەکانـی بـەردەم بازرگانیـی، کشـتوکاڵ، فڕۆکەوانیـی شارسـتانی، گواسـتنەوەی سـەرزەویی، لەگـــەڵ هاتووچـــۆی ئازادانـــەی تاکـــەکان. ئەلقەیەکـــی دووەم کـــە دانوســـتانی لەبـــارەوە کـــراوە. لەنێـــو زۆر بابەتـــی دیکـــە خزمەتگوزارییـــەکان، ژینگـــە و پـــەروەردەش دەگرێتەخـــۆ. دانوســـتانەکان تەنانـــەت بـــۆ کێشـــە ئاڵۆزەکانیـــش درێژەیـان هەیـە، کێشـەکانی وەکـو وەسـتاندنی بـاج گومـرگ و پێـوەرەکان بـۆ قەدەغەکردنـی درۆ و تەلەکبازیـی و (رێگەگرتـن لـە گەندەڵـی) و بەشـدرابوون لـە بـواری ئاسایشـی گشـتیی و چارەسـەریش پێدەچێـت وا بەڕێوەبـێ. ئەگـەر بێتـو سـویسرا لـە ئیمزاکردنـی ئـەم رێککەوتننامەیـەدا سـەرکەوتووبێت ئـەو حەلـە بـۆی دەلـوێ لـە زۆران سیاسـەتگەلی گشـتیی (UE٩دا بەشـداری بـکات بـێ ئـەوەی لەسـەری وەرگیرابێـت. کانتۆنـەکان لـەو دانوسـتانەدا بەشـداریدەکەن کـە بەپێـی دەسـتوورەکەی (١٩٩٩) بەڕێوەدەچـن ئەوەیـش مافـی کانتۆنـکان بـۆ بەشـدرابوون لـە دروسـتکردنی بڕیـارەکان پەیوەسـت بەسیاسـەتی دەرەوە بەگشـتی لـە دانوسـتانە نێودەوڵەتییەکانیشـدا کـە پەیوەسـتن بـە دەسـەڵاتەکانیانەوە، بەتایبـەت بـە پیـرۆز دادەنێـت. ئـەو پەرەسـەندنەش بەشـێکە لـە ئـارەزووی گشـتیی بـۆ هاوسـەنگیی دروسـتکردن لـە نێـوان لەدەسـتدانی پـێ بەپێـی خودموختـاری کانتۆنـەکان، لـە دەرەنجامـی هاریکاریـی نێودەوڵەتییـەوە، لەگـەڵ شـێوازە تازەکانـی فەرمانڕەوایـی هاوبـەش لـەم جـۆرە بابەتانـەدا.

وەکـو باسـکرا، دوو هەموارکردنـی بنەڕەتیـی دەسـتورویی لـەم چەنـد سـاڵانەی دواییـدا ئەنجامـدراون. یەکـەم هەموارکردنێکـی مافـە گشـتییەکان کـە لـە (٩)

شـوباتی (٢٠٠٣)دا خرایـە دەنگدانـەوە و پەسـەندکرا. ئـەم هەموارکردنـە ڕێـگا بـۆ دەستپێشـخەرییەکی گشـتیی جەماوەریـی خۆشـدەکات (تاکـو ئـەو کاتـە تەنهـا دەستپێشـخەریی دەسـتووریی لـە ئارادابـووە). هەروەهـا ڕێـگا بـە ڕاپرسـیی گشـتیی دەدات بـۆ ڕێککەوتنگەلـی نێودەوڵەتـی کـە پێوانـەی یاسـایی گرنگیـان تیادابـن، ئەگـەر بگونجێـت لـە تـەك بەکارهێنانـی یاسـادا.

دووەم ئەگەرچـی گرنگـە لـە ڕوانگـەی فیدرالییـەوە هەمـوار کـردن و چاکسـازیی سیسـتەمی دادگەریـی (بـە ڕاپرسـییەکی دەسـتووریی لـە ئـاداری ٢٠٠٠دا پەسـەند کـراوە) زۆر گرنگـترە. چونکـە بناغـە بۆیەکخسـتنی شـێوەی جێبەجێکردنـی هـەردوو یاسـای تاوانکاریـی و یاسـای شارسـتانی دادەنێـت و بەشـوێنە گۆڕکـێ یـەك لـەدوای یەکـی ٢٩ و ٢٧ ڕژێمـی جـداواز بـە تەنهـا تاکـە دەسـتوورێکی فیدرالـی بـۆ هەریەکێکیـان وەك دەرەنجامێـك پێویسـت دەکات کانتۆنـەکان دەسـتبەرداری بەشـێکی گرنگـی خۆبەڕێوەبردنـی خۆیـان بـن لـە بەڕێوەبەرایەتـی دادگەرییـدا.

بەدواداچـوون و توێژینـەوە و دادخوازیـی تاوانـی نەخشـەبۆکێشراو (ڕێکخـراو) دەسـتگیرۆیی دارایـی تیرۆریـزم و تاوانـە ئابوورییـەکان لـە ئێسـتادا لـە دەسـەڵاتی فیدرالیانـە بـەو پاسـاوەی کـە تاوانکارییـەکان بـە زۆری و بەشـێوەیەکی سـەرەکیی لـە دەرەوە یـان لـە نێـو زیاتـر لـە کانتۆنەکانـدا ئەنجامـدراون. بـەم ئامانجـە هـەردووك پۆلیسـی فیدرالـی و فەرمانگـەی دادخـواز و داواکارە گشـتییەکان ڕێکخـراون. بـە هەموارکردنـی سیسـتەمی دادگەریـی و چاکسـازیی مافەکانـی جەمـاوەر (خەڵـك) هەموارکردنـی سـاڵی (١٩٩٩)ی دەسـتوور بەکۆتـا هاتـووە.

سـەرەنجام لـە پـاش مشـتومڕێکی زۆردا چاکسـازیی هاوسـەنگیی و یەکسـانیی دارایـی لەلایـەن پەرلەمانـەوە پەسـەندکرا. وەکـو لەچاپـی یەکەمـی ئـەم کتێبـەدا ئامـاژەی پێکـراوە، سیسـتەمی دارایـی سـویسری بـەوە دەنـاسرێ کـە تارادەیـەك مەرکەزیەیتـی بەهێـزی هەیـە لـە خەرجیشـی و هـەم لـە داهاتیشـدا. هاوسـەنگکردنی دارایـی بـە ڕەسـمیی لەسـەر ئاسـتی فیدرالیـدا تەنهـا سـاڵی (١٩٥٩)

پێشکەش کراوە ئەو دەمەی کە حکومەتی ناوەند بەپێی دەستوور ڕێی پێدرابوو کە کار بۆ هاوسەنگیی دارایی بکات لە نێوان کانتۆنەکاندا. هەموو پێویستییەکی کانتۆنەکان دەستەبەر بکات تا بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، هەروەها ئاستێکی بنەڕەتیی (وەلێ نایەکسان)ی خزمەتگوزاری بۆ گشت هاووڵاتیان دابین و مسۆگەر بکات. ئامرازی سەرەکیش بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە بریتی بوو لە ئەو پارانەی ناوەند دەیبەخشن و هەروەها بەشداریکردنی کانتۆنەکانیش لە پێدانی ئەو پارانەی بۆ خەرجیی کارەکانی فیدراڵی پێویست بوون بەپێی خشتەیەك کە لەسەر ڕێژەی توانستی دارایی بنیاتنراوە. بەداخەوە ئەم سیستەمە هاوسەنگییەکی راستەقینەی زۆر کەم دێنێتە ئاراوە و لەمەڕ بەئاسانی هاتووچۆ گواستنەوەی (السیولە)ی بازرگانیی و لە دروستکردنی بڕیارداندا تەمومژاویی و ناڕۆشنە. دوایین کاریش کە لەلایەن پەرلەمانەوە لە ئەیلوولی (٢٠٠٣)دا دەنگی لەسەردرا بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەو پێشنیازە هاوبەشەوە بوو کە گرووپی کاری هاوبەش و تێکەڵاویی فیدرالیی و کانتۆنی خستبوویانە روو.

بەتایبەتی چاکسازییەکە:

١- بەرپرسیارییەتییە یەك لە دوای یەکەکان لێکدی جودا دەکاتەوە.

٢- هاریکاری لە نێوان ئەو کانتۆنانەی بەپێی دەستوور بەشداری باربوکردنیان بەسەردا سەپێنراوە هاوتاو بەهێز دەکات.

٣- شێواز و ڕێبازگەلی تازەی هەرەوەزیی لە پانتاییەکانی بەرپرسیاریەتی هاوبەش (تێکەڵاو) دادەهێنێت.

٤- سیستمێکی تازە بۆ هاوسەنگ کردنی دارایی راستەوخۆ دادێنێت.

ئەم سیستەمە کەمترین خەڵات و بەخشش بەکانتۆنەکان دەدات لە ڕێگای ئاڵۆوگۆڕکردن و گواستنەوەی ئاسۆیی بێ مەرج لە نێوانیاندا و لە هەرجێیەك پێویست بکات لەلایەن فیدرالەوە بۆیان تەواو دەکرێت.

ئـــەو هەروەهـــا قەرەبووکردنـــەوەی ئاســـۆیی زیانـــەکان (بەفیڕۆدانـــەکان و دەسـتگیرۆیی سـتوونیی بـۆ بـارو ئەرکـە نائاسـاییەکان (جیوگرافـی، تۆبۆگرافـی یـان سۆسـیۆن دیمۆگرافـی) دەگرێتـەوە. گۆڕانـەکان پێگەیەکـی پتەوتـر (بەهێزتـر) بـۆ پەرلەمـان مسـۆگەر دەکات، لەگـەڵ شـیمانەی بوونـی راپرسـییەك بـە رەچاوکردنـی گونجـان لەگـەڵ پیـڕۆ کردنـی رێککەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان سـەبارەت بـە کانتۆنـە غەیـرە حزبییـەکان و بەشـداریی کردنـی کانتۆنـە دەوڵەمەنـدەکان لـە هاوسـەنگیکردنی ئاسـۆییدا سـنووردار دەکات و زەمینـە دەڕەخسـێنێت بـۆ درێژکردنـەوەی مـاوەی قۆناغەکانـی دانـەوەی قـەردەکان و وادەی پـارە ژمـاردن.

خشتەی (١)

هێما سیاسی و جیوگرافییەکان:

١. ژمــارە و جــۆری یەکــە پێکهێنــەرەکان (٢٦) کانتــۆن (شەشــیان نیــوە کانتۆنــن).

٢. زمانە فەرمییەکان: ئەڵمانیی، فەرەنسیی، ئیتالی و رۆمانشیی.

٣. رووبەر: (٤١٣٠٠ کیلۆمەتری دووجا).

٤. رووبــەر- مەزنتریــن یەکــەی پێکهێنــەر (گراوبۆنــدن (Graubunden) ٧٠١٥ کــم ٢.

٥. رووبــەر- بچووکتریــن یەکــەی پێکهێنــەر: باســیل شــتات (basel shtadt) ٣٧,٢کــم ٢.

٦. کۆی دانیشتوانان: ٧٢٢٨٠٠٠ کەس (ساڵی ٢٠٠٢).

٧. رێــژەی ســەدیی دانیشــتووانانی یەکــە پێکهێنــەرەکان بــۆ کــۆی گشــتیی: (زیۆریــخ ١٦,٩٪، بێــرن ١٣,٥، ڤــاود ٨,٦٪ ئـارگاو٧,٦٪ ســانت گالــەن ٦,٢٪ جنێــف ٥,٧٪ تیســینۆ ٤,٣٪ لــۆزان ٤,٨٪ ڤاڵــی ٣,٨٪ڤــن باســیل لانشــافت ٣,٦٪ ســۆلۆزان ٣,٤٪ فریــورگ ٣,٣٪ نوشــتاتیل ٣,٣٪ ثــورگاو ٣,١٪ گراوبنــدن ٢,٦, باســیل شــتات ٢,٣٪ شــوایز ١,٨٪ بێــرن ١,٧٪ زۆگ ١,٤٪ شــالفهاوزن

١٪ جـۆرا ١٪ ئەپێنـزل ئۆسـەر ٠ رۆدن ٠,٧٪ گلاروس ٠,٥٪ ئۆبرالـدن ٠,٥٪ بـووری ٠,٤٪ ئەپێنـزل ئینـەر- رۆدن ٠,٢٪

٨. سیستەمی رامیاری: فیدرالیی- کۆماریی فیدرالیی.

٩. سـەرۆکی دەوڵـەت- فیـدرال: سـەرکۆمار، پۆسـتێکی رەسـمیی و کـەم دەسـەڵات. سـاڵانە لـە نێـوان ئەندامانـی ئەنجوومەنـی فیدرالیـدا دەخولێتـەوە. سـەرۆك بـۆ مـاوی یـەك سـاڵ دادەنرێـت و سـەرۆکایەتی کابینـە یـان (ئەنجومەنـی فیدراڵـی) دەکات کـە لـە حـەوت نوێنەرپێکدێـت کـە بۆمـاوەی چـوار سـاڵان بـەردەوام دەبـن لەکارەکانیانـدا. هـەردوك سـەرۆك و ئەنجوومەنەکەیـش لەلایـەن (ئەنجومەنـی فیدرالییـە) هەڵدەبژێردرێـن.

١٠. سـەرۆکی حکومـەت- فیـدراڵ: سـەرۆك جۆزیـف دایـس (Joseph deiss) لـە یەکـی کانوونـی دووهەمـی ٢٠٠٤وە) دەسـەڵات و ئەرکەکانـی سـەرۆکی حکومـەت بـە بەشـداریی هـەر حـەوت ئەندامەکانـی ئەنجوومەنـی فیدرالییـەوە بـە ئەنجـام دەدرێـن (تێبینـی: سـەرۆك وەك (یەکەمـی بـە توانـاکان» رۆڵ دەبینـێ) وەلـێ ئـەو دەسـەڵاتە بەرفراوانـەی نییـە کـە عادەتـەن بـە سـەرۆکێك دەدرێـت).

١١. بونیـادی حکومـەت- فیـدراڵ: دوو ئەنجوومەنـی پەرلەمـان. ئەنجوومەنـی فیدرالـی سـویسرا: دووهـەم ئەنجوومـەن: ئەنجوومەنـی ویلایەتـەکان (Standerat) ٤٦ کورسـی، ئەندامانـی ماویـە چوارسـاڵ دەمێننـەوە.

یەکـەم ئەنجومـەن: ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی (nationalrat) ٢٠٠ کورسـیی: ئەندامانـی راسـتەوخۆ بـۆ ماویـە چوارساڵان هەڵدەبژێردرێـن. بـە گوێـرەی رێـژەی دانیشـتوانانی هـەر کانۆتنێـك بـۆ کـۆی گشـتیی (پێویسـتە هـەر کانتۆنـێ لانـی کـەم نوێنەرێکـی هەبێـت).

-١٢ کانۆتنـی زیۆریـخ کـە خاوەنـی زۆرتریـن ژمـارەی دانیشـتوانانە ٣٤ نوێنـەر

لــە ئەنجوومەنــی لــۆوەری (lower)ی حکومەتــی فیدرالیــدا هەیــە. کانتۆنەکانــی (ئەپێنزیـل نۆسـەر- ڕۆدن و ئەپێنـزل ئینـەر- ڕۆدن و گلاروس و نیدواڵـدن و هەروەهـا (یــووری) ئەوانــەی نزمتریــن ڕێــژەی دانیشــتوانیان هەنــە، هــەر یەکێکیــان تەنهــا یــەك کورســییان هەیــە.

١٣- دابەشـبوونی نوێنەرایەتیکـردن لـە ئەنجوومەنـی بـاڵا (U peer House) ی حکومەتـی فیدراڵیـدا: هەریـەك لـە (٢٠) کانتۆنـە تـەواوەکان دوو کورسـیی و هــەر یــەك لــە (٦) نیــوە کانۆتنــەکان یــەك کورســییان هەنــە. پرۆســە و هەنگاوەکانــی هەڵبـژاردن بـە یاسـای کانتۆنـی بڕیـاری لێدەدرێـت و دەشـێ لـە کانتۆنێکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر جـوداواز بێـت.

١٤- دابەشــبوونی دەســەڵاتەکان: تەنهــا حکومەتــی ناوەنــد (فیــدراڵ) دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەیـە لـە بوارەکانـی (کاروبارەکانـی دەرەوە، بەرگریکـردن، ڕەگەزنامـە، بازرگانیـی ناوخۆیـی و دەرەوە، پـارە دەرکـردن، بەنکـەکان، هێڵـی ئاسـن، خزمەتگوزاریــی گەیانــدن، کشــتوکاڵ و وزەی ناوەکــی) کانتۆنــەکان خودموختاریــی داراییــان هەیـە، لەگـەڵ مافـی بەڕێوەبردنـی کاروبارەکانـی ناوخۆیـی کانتۆنـەکان. ئــەوان دەســەڵاتیان هەیــە بەســەر بابەتگەلــی وەك (شــارەوانیەیکان، پــەروەردە، ڕۆشــنبیری (کەلتــورو) نیزامــی گشــتیی (ســەقامگیری) و ژێرخــان. دەســەڵاتە هاوبەشـەکان (کۆچکـردن و ئاسایشـی گشـتی و ناوخۆیـی). دەگرێتـەوە. حکومەتـی ناوەنـد و کانتۆنـەکان هــەردوولا دەسـەڵاتی سـەپاندنی باجیـان هەیـە.

١٥- پاشــماوەی دەســەڵاتەکان (دەســەڵاتەکانی تــر) ئــەو دەســەڵاتانەی کــە ماونەتــەوە بــۆ کانتۆنــەکان دەگەڕێنــەوە.

١٦- دادگــەی دەســتووریی (باڵاتریــن دادگــەی پەیوەســت بــە بابەتــە دەســتوورییەکان) دادگــەی فیدراڵــی هەرچەنــدە باڵاتریــن دادگەیــە، کەچــی دەســەڵاتی پێداچوونــەوەی دادگەرییەکانــی نییــە.

١٧- سیســتمی ڕامیاریــی یەکــە پێکهێنــەرەکان: یــەك ئەنجومەنــی یاســایی:

پەرلەمـان، یـان ئەنجومەنـی دەوڵـەت (Kantonsrat crosser rat or grand conseil) ئەندامـان راسـتەوخۆ هەڵدەبژێردرێـن. بـە نیسـبەت کانتۆنەکانـی (ئەپێنـزل ئینـەر-رۆدن و گلارەس)ەوە (ئەنجوومەنێکـــی کـــراوە (دەرەوە)ش هەیـــە بـــۆ ســـەرجەم دەنگـــدەران (ئـــەن ئەنجوومەنـــە شـــوێنی پارلەمـــان ناگرێتـــەوە. بەڵکـــو پاشـــکۆ و تەواوکەریەتـــی. ئەنجوومەنـــە دەوڵەتییـــەکان لـــە (٥) تـــا (٩) ئەندامـــان پێکدێـــن.

تێبینی: سیستەمە رامیارییەکانی کانتۆنەکان زۆر لە یەکدییەوە جیاوازن:

سـەرۆکی حکومـەت- یەکـە پێکهێـنەرەکان: سـەرۆك یـان وتەبێـژی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبـردن (کارگێڕیـی) لەلایـەن (پەرلەمانـەوە) دادەمەزرێـت. ئـەو سـەرۆکایەتیەی هەمـوو سـاڵێك دەگۆڕێـت. (سـەرۆکایەتییەکی خـولاوە).

## خشتەی (٢)
## هێما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | GDP کۆی داهاتی گشتیی ساڵانە | ٢٠٥ بلیۆن دۆلاری ئەمەرکی (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ٢ | پشکی تاك لە داهات | ٢٨٣٥٧ دۆلار (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ٣ | قەردی لاوەکی (ناڕاستەوخۆ) نیشتمانی | ٦٨٤،٨ بلیۆن دۆلا (ئەیلوولی (٢٠٠٣) |
| ٤ | قەردی لاوەکی (ناڕاستەوخۆ) نیشتمانی | ٧٨،٦ بلیۆن دۆلار (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ٥ | ڕێژەی بێکاری نیشتمانیی | ٢،٥٪ (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ٦ | یەکـەی پێکهێنـەری خـاوەن بەرزترین ڕێـژەی بێکاریـی | جنیف ٥،٤ ٪ (ساڵی ٢٠٠٣) |
| ٧ | یەکەی پێکهێنەری خاوەن نزمترین ڕێژەی بێکاری | ئەپێنزل ئینەر – ڕۆدن ٠،٩٪ (٢٠٠٣) |
| ٨ | ڕێژەی خوێندەواری هەرزەکاران | زیاتر لە ٩٥٪ |
| ٩ | خەرجیـی تەوەیـی بـۆ پـەروەردە وەك ڕێـژەی سـەدی لەداهاتـی گشـتی | ٥،٥٪ |
| ١٠ | تەمەنی چاوەڕوانکراو بەساڵ | ٧٩،٠ (ساڵی ٢٠٠١) |
| ١١ | داهاتـی حکومەتـی فیـدراڵ لـە گومـرگ و بـاج و سـەرچاوە هاوشـێوەکان | ٢٧،٥ بلیۆن دولار (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ١٢ | داهاتـی یەکـە پێکهێنـەرەکان لـە بـاج و گومـرگ و سـەرچاوە هاوشـێوەکان | ٣٤،٦ بلیۆن دۆلار (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ١٣ | یارمەتییەکانی فیدرال بۆ یەکە پێکهێنەرەکان | ٥،٧ بلیۆن دۆلار (ساڵی ٢٠٠١) |
| ١٤ | میکانیزمیەکانی هاوسەنگی (یەکسانیی) کردن | بەشـداریکردنی داهاتـی فیـدرال بـە گوێـرەی توانسـتی دارایـی کانتۆنـەکان پێـڕەو دەکرێـت. |

# هیند

## نووسینی: جۆرج ماپیۆ (George mapiu)

١- دیرۆك و پەرەئەستاندنی فیدرالیزم

رووبەری هیند (٣,٢٨) ملیۆن کیلۆمەتری دوجایە و ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا (١,٠٤٨) هەزار و چل و هەشت ملیۆن کەس بوون. وڵاتی هیند پانتاییەکی فرەوانی پاشخانی ئەتنی و زمانەوانیی و فەرهەنگ و کەلتوورگەلی هەمەجۆری هەیە.

هیندستان لە (٢٨) ویلایەت (٧) ناوچەی یەکگرتوو (UTS) پێکهاتووە، (بە دەلهیشەوە کە ناوچەی پایتەختی نیشتمانییە) و لە رووی سەرچاوە سروشتییەکانیان و توانستی کارگێڕیی و بەرهەمەکان و کارودەستکەوتی ئابوورییانەوە لە یەکتری جوداوازن. هێشتاش وڵاتەکە هەژاریی و نەدارییەکی چڕی تیادایە. بەپێی ئامارەکان (١٩٩٩-٢٠٠٢)ەوە نزیکەی (٢٦٠) دووسەد و شەست ملیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژارییدان (٢٦٪) ی سەرجەم دانیشتوانان کەچی ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) هیند توانیی کۆی داهاتی گشتی ساڵانەی بە

ڕێــژەی ((٦٪) بەرزکاتــەوە.

ســاڵی ١٨٥٨ لــەدوای یــەك ســەدەی حوكمڕانــی كلۆنیالیــی لەلایــەن (كۆمپانیــای هیندیــی خۆرهەڵاتــی بەریتانییــەوە) تاجــی بەریتانیــی بەڕێوەبردنــی وڵاتــی هینــدی گرتەدەســت و شــێوە حوكمڕانییەكــی ئێجــگار ناوەندیــی (مەركــەزی) دامەزرێــنرا كــە دەســەڵاتەكانی یاســادانان، جێبەجێكــردن و ئابــووری وڵات تیایــدا لــە دەســتی (حاكمــی گشــتی)دا كۆكرابوونــەوە، كــە وەك بریــكار (نوێنــەر)ی حكومەتــی بەریتانیــا كاری دەكــرد.

ئەوەبــوو ئاســتەنگەكانی بــەردەم پێڕەوكردنــی حوكمــی نێوەنــدی بوونــە هــۆكار بــۆ دابەشــكردنی دەســەڵاتەكان كــە بەپێــی قانوونــی ســاڵی (١٨٦١) ی ئەنجوومەنــەكان و دواتریــش قانوونــی (مینتــۆ- مۆرلــی minto morly Chelmsford)ی ســاڵی (١٩٠٩) هاتــە ئــاراوە. ئــەوەی پرەنســیپی (حكومەتــی بەرپرســیار)ی لــە هەرێمەكانــدا خســتەڕوو. ئەگــەری بــۆ تەنهــا چەنــد كاروبــاری دیاریكراویــش بووبێــت.

لــەو ماوەیــەدا حكومەتــی بەریتانیــا بــە پەرۆشــەوە خەریكــی جڵەوگیریــی بزووتنــەوەی نیشــتمانیی هینــد و چەســپاندنی دەســەڵاتی خــۆی بــوو بەســەر ئــەو وڵاتــەدا.

جــا (ڕاپۆرتــی كۆمیســیۆنی ســیمۆن ســاڵی ١٩٣٠) و (كۆنفرانســی مێــزی بازنەیــی) و (دواتریــش (قانوونــی حكومەتــی هینــد ســاڵی ١٩٣٥) هەموویــان هەوڵــدان بــۆ گەیشــتن بــەو ئامانجــە بــوون.

قانوونەكــەی حكومەتــی هینــد ئاوڕێژێــك بــوو لــە بونیــادی فیدرالــی دەرەبەگیــی ئــەو ســەردەمەدا كــە كاری بۆهێنانــەدی فیدراســیۆنێك دەكــرد بــە ڕێگــەی پێكــەوە ڕێكخســتنی ناوچەكانــی هینــدی بەریتانیایــی و ویلایەتــە هیندییەكانــی نــاسراو بــە ویلایەتــە شــازادییەكان كــە لەلایــەن شــاهانەوە حوكــم دەكــران. ئــەو ویلایەتــە شــازادیانە لــەوەدا سەرپشــك كرابــوون بچنــە نــاو فیدراســیۆنەكەوە، یــان نــە،

وەختێکیش ڕەزامەندییان بەدەستنەهات فیدراسیۆنەکە ئەو کاریگەرییەی نەما وەك نەخشەی بۆ کێشرابوو.

قانوونەکەی ساڵی (١٩٣٥)یش دەسەڵاتە یاساییەکانی لەنێوان ئەنجوومەنەکانی یاسادانانی هەرێمەکان و نێوەندا دابەشکراو، هەرێمەکان لە سنووری دیاریکراوی خۆیاندا بریتی بوون لە یەکەی گەلی کارگێڕیی ئۆتۆنۆمی خاوەن دەسەڵاتی سنووردار. ئەو جێگەیە حکومەتی هیند ڕۆڵی حکومەتێکی فیدارڵی دەدیت لە بەرامبەر حکومەتە هەرێمایەتییەکاندا، بەبێ ویلایەتە شازادییەکانەوە. ئەو ڕێکخستنەیش بە هەڵگیرسانی جەنگی دووەهەمی جیهانی کۆتایی پێهات.

هیندستان لە (١٥)ی ئابی (١٩٤٧)دا سەربەخۆیی بەدەستهێنا. دەستوورەکەیشی ڕۆژی ٢٦ی نۆڤەمبەری (تەشرینی دووهەم)ی ١٩٤٩دا لەلایەن (ئەنجوومەنی ێپداچوونەوەی دەستور)ەوە پەسەند کراو، ڕۆژی (١٦)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٠ خرایە بەرکارەوە. دەستوورەکە پێشبینی ناوەندێکی بەهێزی دەکرد. هەر چواردە ویلایەت و شەش ناوچە یەکگرتووەکان بە گوێرەی ئەو چوارچێوە مێژووییانەیوە کە تیایدا حوکمکرابوون و بەڕێوەبردرابوون دابەشکرانەوە.

ساڵی ١٩٥٥ (کۆمیسیۆنی ڕێکخستنەوەی ویلایەتەکان هاتە دامەزراندن. واش دانرابوو ڕێکخستنەوەیەکی ناوچەیی لەسەر ئەم پرەنسیپانە بنیات بنرێت (پاراستن و بەهێزکردنی یەکێتی و ئاسایشی هیند، یەکشێوەیی و چۆنییەتی زمان و کەلتوور، هەروەها بەتەنگەوەهاتنی لایەنەکانی دارایی، و ئابووری و کارگێڕیی، فاکتەری زمانەوانیی چونکە زمان پەیوەستە بە ناسنامەی سۆسیۆ-کەلتورییەوە (کەلتووری کۆمەڵایەتی) و ڕۆڵی هەرە گرنگی هەبوو لە بڕیاردانی دووبارە ڕێکخستنەوەی یەکە پێکهێنەرەکانیدا. بۆچوون وابوو کە ئەو قانوونەی بەنێو (قانوونی ڕێکخستنەوەی ویلایەتەکانی ساڵی ١٩٥٦)ی لێکەوتەوە.

ئــەوەی بەشــێوەیەکی ســەرەکیی ویلایەتەکانــی لەســەر بناغــەی ئــەو زمانانــەوە ڕێکخســتنەوە کــە کــە لــە دەڤەرەکــەدا قســەیان پێدەکــرا، دەشــیا چارەســەری گونجــاو دەســتەبەر بــکات بــۆ کێشــەگەلی هەمــە چەشــنەی وەك نایەکســانیی ئابووریــی، پەرەســەندنی لاســەنگ و نارێــك، یاخــود باڵادەســتبوونی چیــن و توێــژی تایبەتــی. هــەر لــە ســاڵی (١٩٥٦)ەوە ژمارەیــەك پێشــڤەچوون لــە ولایەتەکانــدا ئەنجامــدراون، هــەرە تازەترینیــان دروســتکردنی ســێ ویلایەتــی بچووکــی نــوێ بــوون لــە باکــووری خۆرهەڵاتــدا (چاتیســگار، جەهارکانــدۆ ئۆتارانچــاڵ) کــە لــە مانگــی تەشرینــی دووەهەمــی ســاڵی ٢٠٠٢دا لــە ویلایەتەکانــی دیکــەوە دابڕێــنران.

ئــەو دەمــەی دەســتوورەکەی تێــدا نــووسرا، خەمــی هــەرە گــەورەی (باوکانــی دامەزرێنــەر) ئەوەبــوو یەکێتــی و یەکپارچەیــی هیندســتان بپارێــزن، کــە لەکاتــی ســەربەخۆییدا زیاتــر لــە (٦٠٠) ویلایەتگەلــی شــازادەیی جــوداوازی لــە تــەك ناوچەکانــی هینــدی بەریتانیــادا هەبــوون. بێگومــان لــە هیــچ شــوێنێکی دەســتوورەکەدا (فیدرالــی) بــاس نەکــراوە.- دەســتوورەکە دەڵێــت: (هینــد یەکێتــی ویلایەتەکانــە و مەرکەزییەتــی بەهێــز دەخاتــەڕوو). بــی, ئــار. ئامبــدکار (B. R. Ambedkar) ئەندازیــاری دەســتووری هیندســتان گوتویەتــی» بەکارهێنانــی وشــەی (یەکێتــی) وەك قۆناغێــك وابــوو» کۆمیتــەی نووســینی پــرۆژە یاســاکە ویســتی ئــەوە روونکاتــەوە کــە: «ئەگەرچــی هیندســتان دەبــوا ببێتــە (فیدراســیۆنێك) دەرەنجامــی ڕێککەوتنێــك بــە دەستپێشــخەریکردنی ویلایەتــە پێکهێنەرەکانــی نەبــوو». لــە کاتــە ئاســاییەکاندا هینــد وەکــو (فیدراســیۆن) کار دەکات، کەچــی لــە بارودۆخــە نائاســاییەکاندا دەکــرێ و رووشــیداوە کــە ببێتــەوە بــە وڵاتێکــی مەرکەزیــی یەکپارچــە و یەکگرتــوو.

٢- (مادده و مەرجە دەستوورییەکان سەبارەت بە فیدرالیزم):

هینــد کۆمارێکــی فیدرالیــی خــاوەن سیســتەمێکی پەرلەمانییــە و لــە ٢٨ یەکــەی بەشــدار پێکهاتــووە، کــە (٣) ســیانیان وەکــو لــە ســەرەوەدا باســکراوە

تەنهـا بـەم دواییانـە دروسـتکرابوون، پەرلەمانـە فیدرالییەکـەی دوو ئەنجوومەنییـە (دوو ئەنجومەنـی هەیـە)، لـە راجیاسـابها (Ragya sabha) (یـان ئەنجوومەنـی ویلایەتـەکان) ئەنجومەنـی ئەپـەر هـاوس و لـۆك سـابها (the lok sabha) (یـان ئەنجوومەنـی خەڵـك- لـۆوەر هـاوس) پێکدێـت. توێـژەرەوە و زانایـان ئەوانـەی لەمـاوەی ئـەو پەنجاسـاڵەی دواییـدا لەبـارەی هینـدەوە لێکۆڵینەوەیـان کـردووە، سیسـتەمی رامیـاری هیندییـان بـەوە وەسـف کـردووە کـە (فیدراسـیۆنێکی بـێ فیدرالیزمـە) بەشـێوەیەکی هەمەجـۆر ئاماژەیـان بـە فیدرالیزمەکـە داوە، وەك (هـەرەوەزی، کـە بـۆ جێبەجێکـردن شـیاوە، تـازە بابـەت، بەرپرسـیار، پەرلەمانتارییەتـی، جەمـاوەری (گەلـی) یاسـادانەر تایبـەت بـە کێبرکێـی، دارایـی، بنیاتـنراوە، نەخـوازراو یـان (رواڵەتیـی).

هەرچییـەك بێـت، رەگـەزی فیدرالییـەت وەکـو پرەنسـیپێکی شـاراوە بـوو لـە سیاسـەتی فەرمانڕەوایـی هیندسـتاندا سـەرەڕای چەنـدان هەوڵـی (نێوەنـد) بـۆ قۆرخکردنـی دەسـەڵاتەکان و زەوتکردنـی مافـی دەسـەڵاتی دادگەریـی ویلایەتـەکان بـە رێـگای قانوونەکانـی پەرلەمانـەوە. لـە دەسـتووردا چەنـد ماددەیـەك هـەن کـە رێگـە بـە (نێوەنـد) دەدەن دەسـت بەسـەر مافەکانـی ویلایەتـەکان دابگرێـت. یەکـەم: لەژێـر مـاددەی (٢٤٩) داهاتـووە (ئەگـەر راجیـا سـابها- ئەپەرهاوسـی پەرلەمـان- رابگەیەنێـت، بـە بڕیارێـك کـە ٢/٣ دوو لەسـەر سـێی ئەندامـە ئامادەبـووەکان لاگیریـی لێبکـەن و دەنگـی بـۆ بـدەن بـۆ مەبەسـتی رێککەوتـن و بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی، کـە پەرلەمـان پێویسـتە یاسـایان دەربچوێنێـت بـە لەبەرچاوگرتنـی هەربابەتێـك لەسـەر (لیسـتی دەوڵـەت) جسـابکرابێت، ئـەوا پەرلەمـان بـۆی هەیـە و دەتوانـێ ئـەو کارە بـە ئەنجـام بگەیەنـێ. بڕیارێکـی لـەو جـۆرەش بـۆ ماویـە یـەك سـاڵ بـەرکار دەبێـت و دەشـکرێ بـۆ سـاڵێکی دیکـەش درێژبکرێتـەوە. خشـتەی حەوتەمـی دەسـتوورەکە ئەرکـەکان و دابەشـبوونی دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومەتـی یەکێتـی و حکومەتەکانـی ویلایەتەکانـدا

دیاریــدەکات (لیســتی یەکێتــی) ٩٧ بڕگەیــی و (لیســتی ویلایــەت) بــە٦٦ بڕگــە و (لیســتی هاوبــەش)ی دەســەڵات و مافــەکان بــە٤٧ بڕگــەوە هەنــە. هەنــدێ لــە بەنــد و مــاددە گرنگەکانــی (لیســتی یەکێتــی) تایبەتــن بــە: بەرگریــی، وزەی ناوەکــی (ئەتــۆم) راوێژکاریــی دیبلۆماســیی و نوێنەرایەتیکردنــی بازرگانیــی، رەگەزنامــە (هاووڵاتیبــوون) رادەســتکردنەوەی گومــان لێکــراو و تاوانبــار، بازرگانیکردنــی نێــوان ویلایەتــەکان، پێداچوونــەوەی حیســابەتەکان، دەرکردنــی پــارە و دراو، هەروەهــا چاودێریــی وسەرپەرشــتی کردنــی یاســایی و ئاڵوگۆڕیــی دەرەکیــی، لــە کاتێکــدا (لیســتی ویلایــەت) لــە نێــوان شــتهای تــردا ئەوانــە لەخــۆ دەگرێــت: نیــزام و ئاسایشــی گشــتی، حکومەتــی خۆجێیەتــی، ســاخلەمیی و تەندروســتی گشــتیی، پێوەندیــی و گەیاندنــەکان، کشــتوکاڵ، ماســیگرتن، بازرگانیکــردن لــە نێــو ویلایەتەکانــدا. بــاج و گومــرگ و پۆلیــس. ئەمــەو یاســاکانی تــاوان جەنگــەڵ و دارســتانەکان، نەخشــە و پلاندانانــی ئابووریــی و کۆمەڵایەتــی (سۆشــیال) یەکێتییەکانــی بازرگانــی، پــەروەردە و دەســتەبەرکردنی کاتیــی چەنــد ماددەیەکــی گرنگــی نــاو (لیســتە هاوبەشــەکەن). ئەمــەو بەتێپەڕبوونــی ســاڵان گۆڕانکاریــی بەســەر لیســتەکاندا هــات کــە لــە بەرژەوەندیــی حکومەتــی (ناوەند)دابــوون.

دووهــەم بڕگــەی دەســتووری کــە مــاوە بــە (نێوەنــد) دەدات مافەکانــی ویلایەتــەکان قــۆرخ بــکات مــاددەی (٢٥٠)یــە. بەپێــی ئــەو ماددەیــە پەرلەمــان بــۆی هەیــە یاســا بــۆ هــەر بابەتێکــی نێــو (لیســتی ویلایــەت) دەربــکات بــۆ ســەرجەم یــان هــەر بەشــێکی هیندســتان.

لەکاتــی راگەیاندنــی بــاری (نائاســایی)دا حکومەتــی نێوەنــد بەپێــی مــاددەی (٣٥٢) دەســەڵاتی ئەوەیشــی هەیــە بڕیــار بــدات کــەی (بــاری نائاسایی)پێویســت دەبێــت. بــاری نائاســایی بەپێیــی ماددەکــەوە لــە مانگــی ئۆکتۆبــەری ســاڵی ١٩٦٢دا راگەیەنــرا (کێشــەو قەیرانی-ســینۆ- هینــد) و ســاڵی ١٩٦٨ هەڵوەشــێنرایەوە. هەروەهــا لــە مانگــی کانوونــی یەکەمــی ســاڵی ١٩٧١ (شــەڕ لەگــەڵ پاکســتان)دا

مانگی ئاداری ١٩٧٧ هەڵوەشێنرایەوە. هەروەها پەرلەمان بە سوود وەرگرتن لە ماددەی (٢٥٠) پێنج بابەتی لە (لیستی ویلایەتەکان)دا بڕیوە و پێنج بڕگەی خستۆتە سەر (لیستی هاوبەش) و سێ بڕگەشی هاویشتۆتە سەر (لیستی یەکێتی)یەوە. ئاوەها بۆ نموونە قانوونی دەستوورەکە (سێهەم گۆڕانکاریی) ساڵی ١٩٥٤ خشتەی حەوتەمی گۆڕیی و چاککرد و پانتایی مادده و بڕگەکانی (لیستی هاوبەش)ی فرەوانتر کرد. ئەمەیش پەیوەست بوو بە بازرگانیی ناوەوەو دەرەوە. بەرهەمهێنان، هێنان و دابەشکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان، خۆراك، ئالیکی ئاژەڵ و گاگەل و لۆکە (پەمۆ)وە. بە یاسای دەستوور ساڵی ١٩٥٦ (چاککردنی شەشەم) حکومەتیی یەکێتی دەسەڵاتی پێدرا کە رادەیەکی زیاتر باج لەسەر کەلوپەلی بازرگانیی نێوان ویلایەتەکاندا بسەپێنێت.

قانوونی دەستوور ساڵی ١٩٨٢ (چاککردن و هەموارکردنی چوارەم) دەسەڵاتی بە (یەکێتی) داوە لە بازرگانیکردنی نێوان ویلایەتەکاندا گومرگ لەسەر هەناردەی شتوومەك دابنێت. قانوونی دەستوور ساڵی ١٩٧٦ (چل و دووەمین هەموارکردن) گۆڕانکاریی زۆری لە خشتەی حەوتەمدا کردووە، بە راگواستنی ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە (پەروەردە، جەنگەڵستان، پاراستنی ژیانی گیاندار و رووەکی کێویی، کێش و پێوانەکان) لە (لیستی ویلایەتەکانەوە بۆ سەر لیستی هاوبەش) لە هەمووی گرنگتر، گۆڕانکارییەکە دەسەڵاتی بە (یەکێتی)داوە. بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی لە هەریەك لە ویلایەتەکاندا و لە هەمانکاتیشدا کۆنترۆڵ بەسەر هێزە چەکدارەکان بۆخۆی بهێڵێتەوە. بەمەش کۆنترۆڵی حکومەتەکانی ویلایەتە پێوەندیدارەکان بەسەر ئەو هێزە چەکدارانەوە کە بڵاوکراونەتەوە کەمدەکاتەوە.

سێهەم بڕگە ئەوەی رێگە دەدات بە (نێوەند) دەست بخاتە کاروباری دادگەریی ویلایەتەکانەوە ماددەی (٣٥٦)ە بە حوکمی ماددەکەوە (فەرمانی سەرۆك) کە بەهۆیەوە حکومەتی نێوەند دەتوانێ راستەوخۆ دەست بەسەر

حکومەتـی ویلایەتێکـدا بگرێـت لـە سـاڵی ١٩٥٠ وە پـتر لـە سـەد جـاران بەسـەر ویلایەتەکانـدا سـەپێنراوە، ئەمەیـش رەخنـەی تونـد و دژواری وروژانـدووە بـەوەی کـە دەسـتدرێژییە بـۆ سـەر تایبەتمەندیـی فیدرالیـی هیندسـتان و سـاڵی ١٩٩٤ (دادگـەی هـەرە بـاڵای هینـد) بڕیـاری ئەوەیـدا کـە دەسـەڵاتی حکومەتـی (نێوەنـد) بـە حوکمـی مـاددەی (٣٥٦) بـۆ لێخسـتنی حکومەتـی ویلایەتێـك و لادانـی لەسـەر حوکـم دەسـەڵاتێکی رەهـا نەبـووە، بەڵکـو دەسـەڵاتێکی مەرجـدار بـووە.

چاکسازیی لە دەستووری هیندا دەکرێ بەسێ رێگە ئەنجام بدرێت:

یەکـەم: ئـەو بڕگـە و ماددانـەی دەسـتوور کـە (ناشـێت بـە دەسـتوور هەمـوار بکرێـت)، دەتوانـرێ پەرلەمـان بـە زۆرینەیەکـی سـاکار (ئاسـایی) بیانگۆڕێـت.

دووەم: لـە چەنـد بارێکـی (حاڵەت)تـردا دەبێـت پـرۆژە یاسـایەك لەهـەر یەکێـك لـە ئەنجوومەنەکانـی پەرلەمانـدا بخرێنـەڕوو (پێشـکەش بکرێـت) و لـە هـەردوو ئەنجوومەنەکانـدا تێپـەڕ بێـت و بـە زۆرینەیـەك لـە کـۆی گشـتی ئەندامەکانـی ئـەو ئەنجوومەنـەوە زۆرینەیەکـی کـە کەمـتر نەبێـت لـە ٣/٢ دوو لەسـەر سـێ ئەندامەکانـی ئـەو ئەنجومەنـە، ئەوانـەی ئامـادە و بەشـداریی دەنگدانەکـە بـوون. بـە دەسـتەبەرکردنی رەزامەندیـی سـەرۆکیش دەسـتوورەکە هەمـوار دەکرێـت.

سـێهەمیش: دەربـارەی ئـەو ماددانـەی کار لـە بونیـادی فیدرالـی وڵاتـدا دەکـەن وا پێویسـت دەکات رەزامەندیـی دەسـتەی یاسـادانی لانـی کـەم نیـوەی ویلایەتـەکان مسـۆگەر بکرێـت.

دوابـەدوای ئەنجامدانـی ئـەو رێوشـوێنانەی لـە خاڵـی دووەهەمـی سـەرەوەدا باسـیان لێوەکـراوە بـەر لـەوەی پـرۆژە یاسـاکە بـۆ وەرگرتنـی رەزامەندیـی سـەرۆك بخرێتـە بـەردەم سـەرۆك کۆمـارەوە.

لەلایەکـی تـرەوە پێوەندییەکانـی نێـوان حکومەتـی نێوەنـد و ویلایەتـەکان زۆر کات ئاڵـۆز و پـڕ کێشـە بـووە، بۆیـەکا دەسـتەیەکی یاسـایی بەنـاوی (ئەنجومەنـی

نێــوان ویلایەتــەکان) دامەزرێــنراوە بەمەبەســتی تاوتوێکردنــی پێوەندییەکانــی نێــوان ویلایەتەکانــەوە. مــاددەی (٢٦٣)ی دەســتوور دەڵێــت «ئەگــەر هەرکاتــێ بــۆ (ســەرۆك) دەرکــەوت کــە بەرژەوەندیــی گشــتی تێدایــە ئــەوا بــۆی هەیــە ئەنجوومەنێــك دامەزرێنێــت و سروشــتی ئەرکەکانــی بــۆ دیاریــی بــکات. بەشــێوەیەکی گشــتیی ئەنجومەنەکــە ئــەم کارانــەی پــێ ســپێردراوە.

١- توێژینــەوە و ئامۆژگاریکــردن دەربــارەی ئــەو ناکۆکییانــەی دەشــێ لــە نێــوان ویلایەتەکانــدا روویانــدا بێــت.

٢- پشــکنین و گەنگەشــە کــردن لەســەر ئــەو بابەتانــەی هەنــدێ یــان هەمــوو ویلایەتــەکان، یاخــود (یەکێتــی) و یــەك یــان زیاتــر لــە ویلایەتــەکان بەرژەوەندییەکــی هاوبەشــیان تیــادا هەبێــت.

٣- راســپاردن و پەســەندکردن، بەتایبەیــت راســپاردنی پەیوەســت بــە رێکخســتن و هاوتاکردنــی سیاســەت و کارکــردن بەرچاوکردنــی هــەر بابەتێــك کــە کێشــەی لەســەر بێــت و مایــەی ناکۆکــی و گفتوگۆکــردن بــێ.

(دادگــەی هــەرە بــاڵای هیندســتان) پارێــزگاری دەســتووری هینــدە، (مــاددەی ١٢٤) لــە ئێســتادا، دادگەکــە لــە دادوەرێکــی ســەرەکی (ســەرۆك) و ٢٥ دادوەر پێکــدێ کــە لەلایــەن ســەرۆکی وڵاتــەوە دامەزرێــنراون. دادگــە لــە کێشــەگەلی نێــوان ویلایەتــەکان و کێشــەکانی نێــوان (یەکێتــی) و ویلایەتەکانــدا دوایــن سەرپشــك دەبێــت. تێبینــی کــراوە کــە دادوەریــی و دەســەڵاتەکانی دادگــەی هــەرە بــاڵای هیندســتان لــە سروشــت و مەودایــان لــە ئەوانــەی لەلایــەن باڵاتریــن دادگەکانــی وڵاتانــی تــردا پیــادە کــراون و فرەوانــترن.

دەســەڵاتەکانی باجدانانــی (یەکێتــی) و ویلایەتــەکان لێــك جــودا کراونەتــەوە، لیســتی یەکێتــی ١٢ دوانــزدە بابەتــی باجدانــان لەخــۆ دەگرێــت و لیســتی ویلایــەت ١٩ بابــەت هەروەکــو دامــەزراوە خۆجییەکانــی شــارەکان و لادێکانیــش دەســەڵاتی باجدانیــان هەیــە.

لــە بابەتەکانــی پەیوەســت بــە دارایــی دەکــرێ بڵێیــن بۆچوونــی ســەرەکی لایەنگیــری مەرکەزییــەت دەکات و بــەم پێیــە حکومەتــی نێوەنــد بەهێزتــردەکات. پەرەســەندنەکانی چــل ســاڵی دوایــی ئــەوە نیشــان دەدات پەیمانگــە و لایەنــە ئابوورییــەکان خوازیــاری پشــتگیریی و هاندانــی جۆرێــك سیســتەمگەلی بەڕێوەبــردن بــوون کــە بــە تەواوەتــی لەگــەڵ بیرۆکــە و مەفهوومــی فیدرالیزمــدا ناگونجێــن.

مــاددەی (٢٨٠)ی دەســتوور رێگــە بــە دروســتکردنی (کۆمیســیۆنی دارایــی ناوەندیــی) دەدات لەلایــەن ســەرۆکی وڵاتــەوە هــەر پێنــج ســاڵ جارێــك. ئــەو کۆمیســیۆنە لەســەرۆکێك و چــوار ئەندامــی تــر پێکدێــت کــە ســەرۆکی وڵات دایاندەمەزرێنێــت. کۆمیســیۆن راســپاردە و رێنمایــی پێویســت لەمــەڕ پێوەندییــە داراییەکانــی ویلایــەت و نێوەنــد پێشــکەش دەکات. راسپاردەکانیشــی لەســەر بنەمــای خەملاندنێکــی قــووڵ لەبــارەی پێگــەی دارایــی حکومەتەکانــی نێوەنــد و ویلایەتــەکان و هەروەهــا پــرس و راگۆڕینــەوەی فــرەوان لەگــەڵ خــاوەن پیشــەکاندا ســەرچاوە دەگــرن.

رێژەیەکــی ســەدیی دیاریکــراو لەســەرجەم بــاج و گومرگەکانــی نێوەنــد بــۆ ویلایەتــەکان تەرخانکــراوە. کاتــی حســابکردنی پشــکی گومــرگ و باجەکانــی ناوەندیــی و بەخشــیش و یارمەتییــەکان بەمەبەســتی لێدەرهێنانــی بەشــی ویلایەتــەکان. کۆمیسیۆنەکە رێــژەی هەنــاردەکان لــە نێوەنــدەوە بــۆ ویلایەتــەکان رەچــاو دەکات و، راســپاردەکانی خــۆی رادەگەیەنێــت ئــەوەش لەســەر بنەمــای گریمانــەی ئــەوەوە کــە ســپاردن و پێدانــی بــاج و بەخشــەکان لــە نێوەنــدەوە بــۆ ویلایەتــەکان نابــێ لــە ٣٧,٥٪ لــە ســەدای ســەرجەمی داهاتەکانــی نێوەنــد لــە بــاج و گومــرگ و بوارەکانــی دیکــەوە تێپــەڕ بــکات. ســاڵی ٢٠٠٢ دوانزدەمیــن (کۆمیســیۆنی دوانزەهەمــی دارایــی) دامەزرێــنرا، وای بــۆ دانرابــوو کــە راپۆرتــی خــۆی لەمانگــی حوزەیرانــی ٢٠٠٤دا پێشــکەش بــکات و ئــەم راپۆرتــەش دەبــوا بــۆ مــاوەی نێــوان ٢٠٠٥-٢٠٠٦ تــا ٢٠١٠-٢٠١١ کاری پێبکرێــت.

کۆمیسیۆنی پلاندانان لە نێوەند و ئەنجومەنە ئۆتۆنۆمییەکان لە ویلایەتەکاندا ئامرازی زۆر گرنگی پێوەندییەکانی نێوان نێوەند و ویلایەتەکانن.

کاتێ هیندستان سەربەخۆی بەدەستهێنا، نەخشەدانان بووە ئەرکێکی بنەڕەتیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی (هەژاریی، نەخوێندەواری، نەبوونی و کەمیی خۆراك و هەروەها دواکەوتوویی پیشەسازی).

لە ماگی ئاداری ١٩٥١ دا کۆمیسیۆنی نەخشەسازیی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پلاندان پێکهێنراو دواتریش نەخشەکانی ساڵانە و پێنج ساڵی دارێژران و بە ئابوورییەك ئەنجامدراون کە تیایدا ڕۆڵێکی زۆرتر بۆ کەرتی گشتیی و ڕۆڵێکی کەمتر بۆ سێکتەری (کەرت) تایبەتی سەر بە ویلایەتەکان تەرخانکرابوو.

پرۆژە سەرەکییەکان و بەرنامەکان (پرۆگرامەکان) پێویست بوو لەلایەن کۆمیسیۆنەکەی پلاندانانەوە پەسەند بکرێن بەرلەوەی هیچ ماددەیەکی بودجە بۆ خەرجییەکانی دابنرێن یان بڕیاریان لەسەر بدرێت. بڕیاردان و بڕینەوەی یارمەتیی بۆ ویلایەتەکان سەرەکیترین کاری کۆمیسیۆنەکەیە.

جا بە هۆی ئەوەوە کە سەرچاوەکانی پلانە گشتییەکان سنووردارن، هەروەها نایەکسانیی لەدابەشبوونی سەرچاوەکان لە نێوان ویلایەتەکاندا هەیە، بەشداربوون لە سەرچاوەکان هەمیشە وەك هۆکارێکی ناکۆکیی و ڕێکنەکەوتن دەمێنێتەوە لە پێوەندییە فیدرالییەکاندا.

٤- هێزە بزوێنەرەکانی رامیاریی سەردەم

کورتهێنانە سەرەکییەکەی دەستوور لەوەدابووە کە نەیتوانیوە حوکمڕانییەکی یەکگرتوو بێنێتە ئاراوە کە لە ژێر سایەی دەستە هەڵبژێردراوەکان لە گوند و شارۆچکەکاندا بۆ (ناوەند) کار بکات. ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە بە گەڕان بە دوای پاکانە و پاساوی پێویستدا بۆ هێشتنەوەی هیندستان بە یەکگرتوویی، ژمارەیەك لە بڕگە و ماددەکانی دەستوور سەراوژێرکران. دەرەنجام

هیند لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا (بیستەم) رووبەڕووی کێشەگەلی (توندوتیژی، مەترسیی و هەڕەشەی جیابوونەوە، خودموختاریی، چارەی خۆنووسین، گۆڕانکاریی رادیکالی (بنەڕەتی) دەسەڵاتەکانی بۆ ویلایەتەکانی بووەوە. بە لەبەرچاوگرتنی فرەیی و هەمە جۆریی کۆمەڵایەتیی هیندستان، پرەنسیپی فیدرالیزم تاکە بناغەی خۆراگریی و بەردەوامبوونە کە بۆ دەستەبەرکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی هیند دەستبدات. هەر تەنیا بە دەوڵەتێکی شێوە فیدرالیی دەکرێت هەمە جۆریی و پەرشوبڵاویی کەلتووریی- کۆمەڵایەتی وڵات بەگشتی و ویلایەتەکانی بەتایبەتی بەیەکەوە ببەسترێنەوە و رابگیرێن.

هیند گەیشتبووە خاڵێکەوە ئەگەر راستییە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان لەسەرئاستەجوداوازەکان رەچاو نەکرابان (ئەوا یەکێتییەکە)ی خۆی نەدەگرت و لەنێودەچوو. بۆیەکا گەڕان بەدوای رێوشوێنی دەستورویی بۆ چاککردن و بەرەوپێشبردنی سیستەمی فیدرالیی بوەتە ئایندە و خاڵی هەرە سەرەکی لە کارنامەی رووناکبیر و یاسازان و حزبەسیاسییە پێوەندیدارەکاندا.

لە ساڵەکانی دوای هەشتاکاندا زانرا کە بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی فیدرالیزم خۆی سەپاندووە بەسەر (مەرکەزییەت)دا لەسەر ئاستە ناسەرەکییەکانی دەوڵەتیدا. هەربۆیەش حکومەتی یەکێتی (ناوەند) لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ دا کۆمیسیۆنێکی دامەزراند بە نێوی (کۆمیسیۆنی سەرکاریا (sarkaria commission) بەمەبەستی پێداچوونەوە بە رێکخستنەکانی نێوان (یەکێتی)یەکە و ویلایەتەکان، بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتەکان و ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکان لەسەرجەم بوارەکاندا و هەروەها بۆ دۆزینەوە و راسپاردنی پێوەرگەلی گونجاو بۆیان.

ئەو راپۆرتەی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٨ دا وەرگیرا هیچ گۆڕانکارییەکی رادیکالیی (بنەڕەتیی) لە پێوەندییەکادا پێشکەش نەکردبوو، بگرە لەگەڵ

چوارچێوەی فیدرالییە دوو ئاستەکەدا مابووەوە، (کۆمیسۆنەکە سەرکارییەکە) رەخنەی گرت لەو مەیلی گشتییەی لاگیری چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوو لە (مەرکەز)دا و لە نێوان شتهای تردا کەمکردنەوەی ئەو نەخشەسازییانەی پەسەند کرد کە لەلایەن مەڵبەندەوە (نێوەند)وە سەرپەرشتی و چاودێریدەکران و تایبەتن بە کایە گرانبەهاکانی ویلایەتەکان سەبارەت بە بابەتگەلی سەر بەیەکێتی لەنێو (لیستی هاوبەش)دا. هەروەکو راپۆرتەکە تێبینی بە سوودی نیشاندا لەمەڕ پێویستبوونی گواستنەوەی هێز و دەسەڵات بۆ خوار ئاستی ویلایەتەکان بۆ دەست هەڵبژێردراوە ناوچەییەکان. کەچی ئەمانە وەك فیدرالیزمی هەمە ئاست کورتیان هێنا. لەوانەیە بزاڤی رووە و فیدرالیی فرە ئاست لە ناوەندی هەشتاکاندا گرنگترین هەنگاوەکانی فیدرالیزمی هیندی بووبێت لەم ساڵانەی دواییەدا.

پێشترێ هەوڵی مێژوویی بە ئاراستەی دروستکردنی رایەڵی نزمتری حکومەت دراوە، وەلێ رووکارگەلە تازەکان دیموکراتیتر و پەسەند و جێگیرتربوون.

ئەو راستییەی کە ئەنجوومەنەکان گوندەکان (پانچایات) و هەروەها شارەوانییەکان هیچ پێگەیەکی دەستوورییان نەبووە، رێگربووە نەك هەر لەبەردەم نەشونماکردن و پەرسەندنیان، بەڵکو لەبەردەم دابەشبوونی دەسەڵاتە ناوەندییەکانیشیدا. دەستوورەکە بە تەنیا دان بە (یەکێتی ویلایەتەکان) دا دەنێت، وەلێ لەسەرەتای هەشتاکاندا گفتوگۆ لەمەڕ پێدانی رەوایەتیی قانوونیی و دەستووریی بە دەستە ناوچەییەکانیش دەستی پێکردبوو. تاقیکردنەوەکان لە (بەنگالی خۆرئاوا) ١٩٧٨ و (کارنەتاکا ١٩٨٧) و هەروەها لە (ئەندراپرادیش ١٩٨٧)دا وەڵامدانەوەی زۆر نائاسایی دانیشتوانیان لێکەوتەوە. لە رۆژی ١٥ی ئایاری ١٩٨٩ دا پرۆژە یاسایەك شەستوچوارەمین هەزارکردن) لەلایەن سەرەك وەزیرانی ئەوساوە (راجیف گاندی Rajiv gandi) درایە پەرلەمان تا (پانچایاتەکان) بێنێتەوە ژێر رکێفی دەسەڵاتی دەستوورەوە، ئەم هەنگاوە

پێشــوازیی لێکــرا، بــەڵام رووبــەڕووی بەرهەڵســتییەکی زۆر توندیــش بوویــەوە، ئــەوەش لــە ســەردوو بنەمــا:

١- پرۆژەکـە چاودێریـی و چاوپۆشـیی لـە ویلایەتـەکان دەکـرد بۆیـەکا وەکـو ئامرازێکــی (نێوەنــد) بــۆ مامەڵەکردنــی راســتەوخۆ لەتــەك (پانچایاتــەکادا) ســەیر دەکـرا.

٢- نموونەیەکــی وەکیەکــی (نمــوزج موحــد) بەســەر ســەرتاپای وڵاتــدا دەســەپاند لــە جیاتــی ئــەوەی مــاوە بــدات بــە ویلایەتــە تایبەتییــەکان هەتــا وردەکارییەکانــی یاســا بــە گوێــرەی رەوش و بارودۆخــە ناوچەییەکانیــان دابڕێــژن.

هەروەکــو لــە دەرەوەی پەرلەمانیشــەوە لەلایــەن پارتــە سیاســیەکان و رۆشـنبیران و هاووڵاتییـە پێوەندیدارەکانـەوە بانگـەوازی بەرهەڵسـتیکردنی پرۆژەکـە بەرزکرایـەوە. هەرچەنـدە پرۆژەکـە لـە ١٥ی ئۆکتۆبـەری ١٩٨٩ لـە (لـۆك سـابها و راجیـا سـابها)دا زۆرینـەی ٣/٢ دوو لەسـەر سـێی دەنگەکانـی بەدەسـتهێنا، بـەڵام بـە دوو دەنـگ دۆڕاو پەسـەند نەکـرا. لەسـەر ئاسـتێکی تـر لەوانەیـە بـە راگەیانـدن و بانگەشــەی فرەوانتربووبــێ بــۆ فیدرالییەتــی هەمــە ئاســتەوە کــە ژمارەیــەك ئەنجوومــەن پێکهێنرابــوون، لەوانــە (ئەنجوومەنــی دارجیلینــگ گۆڕهــا هیــل) (dargeeling gorkha hill) ١٩٨٨، (ئەنجوومەنـی ئۆتۆنۆمیـی بۆدۆلانـد (Bodoland autonomous couneil) ١٩٩٣، ئەنجوومەنــی خودموختــاری دەڤــەری ژەهارهانــد (Jharkhand area autonomous council) ١٩٩٤، هەروەهــا (ئەنجوومەنــی خودموختاریــی هیــل دیســترێکت بــۆلاداخ (autonomous hill district conneil for ladakh) ســاڵی ١٩٩٥، ئەمانــە هەمــوو یەکــەی (لامەرکەزیــی) نــوێ بــوون کــە واتــا و گوڕوتینــی زۆرترینیــان بــە سیســتەمی (فیدرالیزمــی فرەئاســت) بەخشــیی و، هەروەکـو هانـدەر و پاڵپشـتی گرتنێـك بـوون بـۆ رێکخسـتنی دامودەزگاکانـی توێــژە فــرەو جــوداوازەکان لەنێــو چوارچێــوە فیدرالییەکــەی هیندیــدا.

لــە ئەیلوولــی ١٩٩١دا حکومەتــی کۆنگرێــس بەســەرۆکایەتی (نارســیماراو)

(narasimha rao) دوو پـــرۆژە یاســـای پێشـــکەش کـــرد یەکێکیـــان بـــۆ دەســـتەو ئەنجوومەنەکانـــی دیهـــات (پانچاياتـــەکان) و ئەویتریـــان بـــۆ پانچاياتـــەکان درابـــوو باجـــی خۆجێیـــی کۆبکەنـــەوە و داهاتەکـــەی بـــۆ ناوچەکـــەی خۆیـــان بەکاربێنـــن. لـــە ئەنجامـــی ئـــەو چاکســـازییە دەســـتووریانەوە چینێـــك لـــە حوکمڕانیـــی دیفاکتـــۆ (ئەمـــری واقیـــع) بـــە بنەمایەکـــی دیموکراســـی فـــرەوان هاتـــە نـــاوەوە. پێـــش ئەمـــە هینـــد نزیکـــەی ٤٩٦٣ ئەندامـــی هەڵبژێـــردراوی لـــە پەرلەمـــان و ئەنجوومەنەکانـــی ویلایەتەکانـــدا هەبـــوو، وەلـــێ لـــە ئێســـتادا هـــەر پێنـــج ســـاڵ جارێـــك ســـێ ملیـــۆن نوێنـــەر دێنـــە هەڵبـــژاردن، کـــە زیاتـــر لەیـــەك ملیۆنیـــان ئافرەتـــن. ژمارەیەکـــی زۆریـــش لـــە گـــرووپ و کۆمەڵـــە بەشـــدارنەبووەکانی پێشـــوو ئەمێســـتاکە خراونەتـــەوە نـــاو دەزگا بڕیاربەدەســـتەکانەوە. هیندســـتان لـــە فیدرالییەکـــی دوو ئاســـتییەوە (یەکێتـــی ویلایەتـــەکان) رووە و فیدرالیزمێکـــی فـــرە ئاســـتی خـــاوەن دامودەزگـــەی خۆجێییەتـــی (پانچایـــات و شـــارەوانییەکان) لەســـەر ئاســـتی هەرێـــم و نزمتریـــش کـــە بوویەتـــە ســـێهەم ئاســـت هەنـــگاو دەنێـــت.

هەنـــدێ لـــە راڤـــەکاران پێیانوایـــە ئـــەم پرۆســـەیە تەنیـــا (فیدرالیزمـــی ئیداریـــی) بەهێـــز دەکات و هیچـــی تـــر، بـــەو مەبەســـتەی یارمەتیـــی نوێنەرانـــی دەســـەڵاتە دارایـــی و کارگێڕییـــەکان بـــدات و لـــە ویلایەتـــەوە، بیانداتـــەوە بـــە دەزگـــە و دامـــەزراوە خۆجێییـــەکان. دەســـەڵاتی کارگێڕیـــی و ســـەرچاوە داراییەکانـــی دامودەزگـــە خۆجێییـــەکان بـــۆ پیادەکردنـــی ئـــەم دەســـەڵاتانەیان پشـــت بـــە رێگـــەی یاســـادانانەوە دەبەســـتن کـــە دەبـــێ لەلایـــەن ویلایەتـــەوە دەربچوێنرێـــن. ئەمـــان خۆیـــان هیـــچ دەســـەڵاتێکی جێبەجێکـــردن و یاســـازیی و دارایـــی، یـــان دادوەریـــی دیاریکراویـــان نییـــە.

لەبـــەر ئەمـــە بەپێـــی ئـــەم قوتابخانەیـــەوە پێگـــەی دەســـتووریی هەڵبژاردنەکانیـــش ئـــەو مانایـــە نابەخشـــن کـــە ئەمـــان ســـێهەم چیـــن (پلـــە)ی حوکمڕانیـــی بـــن. ئەمـــە بـــە هەرحـــاڵ دیـــد و بۆچوونێکـــی ســـنوردارە لـــە هەمبـــەر ئـــەو گۆڕانکارییـــە

دیموکراتیی و سیاسیانەدا کە بەدیهاتوون.

خەڵکانی تر پێیانوایە ئەم تێڕوانین و ڕێبازە گۆڕانکارییەکی چلۆنایەتی لەکارەکتەری فیدرالیزمی لە شێوازی فرەمانڕەویی هیندیدا دەگەیەنێت. هەر یەکێك لە ویلایەتەکان بووەتە یەکەیەکی فیدرالیی کە سێ چین لە خوارەوە خۆیدا هەنە، ناوچە، بلۆك و گوند.

ئەمەش جۆرە فیدرالیزمێکی بێ وێنە و تاکە و، هیند پێویستە کۆشش بکات بۆ هاوسەنگییەکی گونجاو، هەروەها رایەڵ و پێوەندیی دروست بکات لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانەدا، لە (گرام سابها، ئەنجوومەنی گوند) ەوە بۆ (لۆك سابها) لە پەرلەمانی فیدرالیدا، ئەو ڕێوشوێنە فرە ئاستانە لە هیند گوزارشت لە نیشانەی گەڕانی نوێ و بەردەوام بەدوای شێوازی تازەدا دەکەن کە گونجاو بێت لە هەمبەر ئەو فشارانەی لە ئەنجامی پەرەستاندنی دیموکراسییەوە دروستبوون.

بۆ ئەوەی فیدرالیزمی هەمە ئاست کاریگەریی ببێت، لەسەر نێوەند پێویستە سۆز و خواستێك پەرەپێبدات بۆ بەشداریی پێکردنی ویلایەتەکان لە دەسەڵاتەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان. داهێنان و تازەکردنەوەی نەریتی ئامۆژگاریی و کۆمەڵایەتی مەرجی پێویستن بۆ پتەوکردنی چوارچێوەی فیدرالی. شێوەی حوکمی فیدرالیی هیندستان نەگۆڕ و جێگیر نییە. وەك (رەشید خان) ی شارەزا و پسپۆر لە فیدرالیزمی هیندیی وای بۆ دەچێت (گەلی هیند خاوەن فیدرالییتێکە وردە وردە پەرەدەستێنێت. هیند وەك (گەل)ێك نیو سەدەی تێپەڕاندووە و لە تەك ئەو رەوتەیەشدا بەپێی ئەمری واقیع (دیفاکتۆ) پێی ناوەتە نێو بازنەی فیدرالییەتێکی فرەئاستەوە. ئەوەیش گۆڕانێکە جوداوازە لەوەی کە تەنها (یەکێتییەکی چەند ویلایەتێك) بێت.

ئەوەیش گرنگە تێبینی رەوتێکی دیاری دیکەی فیدرالیزمی هیندی بکەین، سیستمی هەمیشە لە گۆڕانیی حزبی سیاسی. ئەوە بوو هەتا هەڵبژاردنەکانی

پەلەمـــان لــە ســاڵی ١٩٧٧دا، (حزبــی کۆنگرێــس) دەســتی بەســەر گۆڕەپانــی سیاسـیی هیندسـتان داگرتبـوو. لەگـەڵ ئەوەشـەوە لـەو کاتـەوەدا چەنـدان حزبـی هاوپەیمانــی تــر پەیدابــوون تــا ھێننــەوە، نــەك تەنهــا لــە (نێوەنــد) بگــرە لــە ویلایەتەکانیشــدا.

ئاوەهــا، لــە ئیمــڕۆدا تەنانــەت (پارتــی کۆنگرە)یــش ناتوانــێ دەســەڵاتەکان بەتەنیــا بۆخــۆی قــۆرغ بــکات، بەڵکــو لەســەری پێویســتە داوای پشــتگیریی و هاوکاریــی لــە حزبەکانــی هەرێمــەکان بــکات تاوەکــو لــە دەســەڵاتدا ھێنێتــەوە (حکومەتــی ئێســتای هینــد لــە هاوپەیمانیــی ٢٤ حــزب پێکهاتــووە). (مەبەســت ســاڵی نووســینی ئــەم لێکۆڵینەوەیــە وەرگێــڕ- مەجیــد ئاســنگەر) ئێســتێ لــە هیندســتان پــتر لــە (٥٥٠) حزبــی سیاســی تۆمارکــراو هەنــە، کــە لــە نێوانیانــدا بەتەنیــا (٦)یــان وەك حزبــی نەتەوەیــی (سەرانســەریی) دەژمێردرێــن، چلیــان لەســەر ئاســتی ویلایەتەکانــن و (٥٠٤)یــش تەنیــا پێگــەی خۆجێیەتــی (ناوخۆیــی) یــان هەیــە. پارتیــە هەرێمایەتییــەکان یــان ویلایەتییــەکان کاریگەریــی دیاریــان لەســەر (نێوەنــد) هەیــە و بــەم پێیــە بەهەنــد هەڵگرتنــی (نێوەنــد) تــا رادەیەکــی زۆر زیــادی کــردوە، هــەر کاتــێ حزبــێ (یــان چەنــد حزبێــك)ی دیــار و بەهێــز کــە هاوبەندییەکــی فەرمانڕەواییــان پێکهێنــاوە، لەســەر هەنــدێ بابەتــی سیاســی یــان بەرژەوەندیــی هەرێــم یــان ویلایەتــەوە، پشــتگیریی خۆیــان بکێشــنەوە ئــەو وەختــە حکومەتــی (نێوەنــد) توانــای مانــەوەی نامێنێــت.

هەنــدێ چاکســازیی رامیــاری و دەســتووریی لــە مــاوەی (٣) ســاڵی رابــردوودا کاریگەریــی دیاریــان بەســەر شــێوازی فەرمانڕەوایــی هینــددا جێهێــڵاوە، یەکەمیــن چاکســازیی گرنــگ ئــەو هەموارکردنــە دەســتوورییانەی کــە لــە ســاڵەکانی دەســتپێکی ســەدەی بیســتویەکەمدا جێبەجێکــراون. دوابــەدوای هەشــتایەمین هەموارکردنــی دەســتورو ســاڵی (٢٠٠٠) ســەرجەم داهاتەکانــی یەکێتییەکــە ئێســتا دەکــرێ لەگــەڵ ویلایەتــەکان دابــەش بکرێــت. هەموارکردنــی ژمــارە (٨٤)

هەشـتاو چـواری دەسـتوور سـاڵی (٢٠٠٢) دیاریکردنـی سـنووری بـۆ دەنگدەرانـی ناوچەکانـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی هەتـا سـاڵی (٢٠٢٦) هەڵپەسـاردووە. پاسـاوی ئـەم هەموارکردنـەش ئەوەبـوو ئەگـەر سـنووردانانەکان هـەر لـە سـاڵی (٢٠٠١)ەوە پیـادە بکرابوایـە ئـەوە دەبـوا ئـەو ویلایەتانـەی باشـوور کـە لـە پێداچوونـەوە بـە زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتوانیان سـەرکەوتوو بـوون، بـە ناهـەق سـزا بدرانایـە. ویلایەتـە هینـدی زمانـەکان لـە باکـوور کـە چڕیەکـی زۆری دانیشـتوانیان هەنـە، بـەم شـێوەیە دەرفەتـی زیادکردنـی هێـزو توانـای پەرلەمانییـان لەدەسـتداوە.

هەموارکردنێکـی بایەخـداری دیکـە لـە یاسـای (هەموارکردنـی نوێنەرایەتـی کردنـی خەڵـك) دابـوو کـە سـاڵی ٢٠٠٣ دەرچـووە و سیسـتمێکی کـراوەی پێشـکەش کـردووە بـۆ شـێوەی دەنگـدان و لیسـتەکانی پاڵێـوراون لـە هەڵبژاردنـەکان بـۆ (راجیـا سـابها- ئەنجوومەنـی بـاڵا) و مەرجەکانـی دیکەیشـی بـۆ نارەزایـی دەربڕیـن و بەربەرەکانێـی هەڵبژاردنـەکان بـۆ ئـەو ئەنجوومەنـە وەلانـاوە. ئەندامانـی راجیـا سـابها لەلایـەن ئەندامانـی ئەنجومەنەکانـی یاسادانانی ویلایەتەکانـەوە هەڵدەبژێردرێـن. بەپێـی مەرجەکانـی پێشـتر، دەبـوا کاندیدکـراو بـۆ راجیاسـابهای ویلایەتێکـی تایبـەت خەڵـك و دانیشـتووی هەمـان ویلایـەت بوایـە. مەرجـە تـازەکان رێگـە دەدەن کـە دانیشـتوویەکی هـەر ویلایەتـێ بـۆی هەیـە هەڵبژێردرێـت بـۆ راجیاسـابها لەهـەر ویلایەتێکـی دیکـەی (هینـد)دا. دەشـگوترا کـە ئـەم گۆڕانکارییـە کار لـە خـودی بناغـەی بنیادنانـی فیدرالییەتەکـە دەکات. (کۆمیسـیۆنی نەتەوەیـی بـۆ چاودێریکردنـی دەسـتوور) لـە شـوباتی ٢٠٠٠ دامەزرێـنرا و لـە کۆتایـی ٢٠٠٢ دا راپۆرتـی خـۆی بڵاوکـردەوە و تیایـدا زۆر بـە دووردرێـژی رێنایگەلـی دەربـارەی بنیـاد و پێکهێنانـی حکومـەت لـە مەڵبەنـد (نێوەنـد) و لـە ویلایەتەکانـدا و هەروەهـا لەمـەڕ پێوەندییـە هاوکۆیەکانـی نێـوان حکومەتـە ناوخۆییەکانـەوە دەرکردبـوو.

کۆمیسـیۆنەکە داوای چاکسـازی گشـتگیری لـە سیسـتمی کۆمیتەکانـدا کـردووە بـە

شێوەیەك كۆسپ و ئاستەنگەكانی بەردەم پەرلەمان و ئەنجوومەنەكانی یاسادانان لە ویلایەتەكاندا نەهێڵێت. كۆمیسیۆن پێشنیاری پێكهێنانی سێ كۆمیتەی تازەی كردبوو (بە هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لە كۆمیتەكانی ئەو سەردەمە، ئەوانەی تایبەت بوون بە مۆڵك و خانووبەرە (عقارات) خزمەتگوزارییە گشتییەكان و ئەنجوومەنە پاشكۆییەكانی یاسادانان، ئەوانەی داوایكردبوون بریتی بوون لە (كۆمیتەیەكی دەستوور- پەیوەست بە چاكسازییەكان) كۆمیتەیەك بۆ ئابووری نەتەوەیی، كۆمیتەیەكیش بۆ یاسادانان).

سەبارەت بە پێوەندییەكانی نێوەند و ویلایەتەكانەوە، كۆمیسیۆنەكە ئامۆژگاریی بەهێزكردنی (ئەنجومەنەكەی ئێستای نێوەند و ویلایەتەكانی) كرد ئەمەش هەماهەنگە لەگەڵ گیانی فیدرالیزمی هاوكاردا كە پێویستی هەیە بە لەیەك گەیشتنی تایبەتی و متمانەی دوو لایەنەو چارەسەركردنی بێ دواخستن و بە پەلەی ئەو كێشانیە سەر بە بەرژەوەندیی گشتین. هەروەكو پێكهێنانی (كۆمیسیۆنێكی بۆ رێكخستنی بازرگانی (نێوان ویلایەتەكان) بە پەسەند زانیوە، (مادەی ٣٠٧)، دەروازەی ٤٢، لە لیستی یەكێتیدا) ماددەی ٣٠٧ ئاماژە بە دامەزراندنی دەسەڵات دەكات لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ ئەنجامدانی بازرگانیی و ئاڵوگۆڕكردن و چالاكییە پێوەندیدارەكانی تر لە نێو سنووری هیندستاندا واتا ئازادیی ئاڵوگۆڕكردن و قەدەغەكردنیان لە ناوەوەی وڵاتدا لە نێوان ویلایەتەكانیشدا. كەچی دەروازەی (٤٢) لە (لیستی یەكێتی)دا ئاماژە بۆ بازرگانیی و گۆڕینەوەی شتوومەك لە نێوان ویلایەتەكاندا دەكات.

پێشنیازێكی پێشوازیلێكراوی دیكە ئەوەبوو كە (بەر لە ئیمزاكردنی هەر رێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی كە كاریگەریی بنەڕەتیی زۆر گرنگی لەسەر بەرژەوەندییەكانی ویلایەتەكاندا هەبێت لەمەڕ ئەو بابەتانەی لەسەر لیستی ویلایەتدان، دەبوا حكومەتی یەكێتی پێشەكی پرس و راگۆڕینەوە لەگەڵ (ئەنجوومەنەكەی نێوان ویلایەتەكان)دابكات.

دەبێ لێرەدا تێبینی ئەوەش بکرێت کە ئێستێ دوو حاڵەت هەنە لە (دادگەی باڵای هینددا) لە چاوەڕوانیدان لەلایەن حکومەتەکانی ویلایەتەکانی (پونجاب و تامیل نادۆ)وە پێشکەش کراون بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە ئیمزاکردنی یەکلایەنەی ڕێککەتننامەی ڕێکخراوەی بازرگانیی نێودەوڵەتیی لەلایەن حکمەتی (ناوەندیی یەکێتییەوە) لە ساڵی ١٩٩٥دا.

لە ماوەی دوو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نێوان ویلایەتەکاندا مانگی تەشرینی دووهەمی٢٠٠١ و ئابی ٢٠٠٣) ویلایەتەکان دەستکەوتی زۆریان بەدەستهێنا. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەسەڵاتە زیادەکان ئەوانەی پێشتر بۆ حکومەتی (نێوەند) مابوونەوە بۆ (لیستی هاوبەش) بگوێزرێنەوە، هەروەها بە یاساکردنی ئەم لیستەیەش بە پرس و راکردن لەگەڵ حکومەتەکانی ویلایەتەکان دابێت.

راسپاردەیەکی گرنگی دیکەش کە ئەنجوومەنی نێوان ویلایەتەکان قەبووڵی کرد ئەوە بوو حکومەتی نێوەند دەبوا بۆ دامەزراندنی پارێزگاکان پرس بە سەرەك وەزیری ویلایەتەکەوە بکات و حکومەتی نێوەندیش بەڵێنی داوە بەو پێیە دەستوورەکە هەموار بکاتەوە.

هەروەها کۆبوونەوەکەی (سرینگار sringar) ی ئەنجوومەنی نێوان ویلایەتەکان لەبارەی (مادده و مەرجەکانی) حاڵەتی لەناکاو (تەواریی) سەربە ماددەی (٣٥٦) گفتوگۆی کرد و چەند بڕیارێکی دیاریکراوی لە سوود و بەرژەوەندیی ویلایەتەکان دەرکرد و بەهۆیانەوە سنوورێك دانرا بۆ خواست و ئارەزوە ناڕەواکانی حکومەتی یەکێتی (یەکگرتوو) بە لەبەرچاوگرتنی دیاریکردن و جاڕدانی باری تەنگانە و ناکاویی.

لەبارەی جەنگ دژی تیرۆریزمەوە مافی بەکارهێنانی هێزی تایبەتی لە ویلایەتێکدا کاتی سەرهەڵدانی حاڵەتێکی تەنگانە و ناکاوییدا وەکو مافێکی تایبەت بە حکومەتی نێوەند (یەکێتییەکە) سەلمێنرا.

بــەڵام لەبارەکانیــتر پــرس و راوێژکــردن لەگــەڵ ویلایەتەکانــدا بــە پەســەند زانــرا. هەروەکــو هێنانــە ئــاراوەی سیســتمێك بــۆ ئاڵوگۆڕکردنــی ئەفســەرانی هێــزە چەکدارەکانــی پۆلیــس لــە نێــوان یەکێتــی و ویلایەتەکانــدا پەســەند کرابــوو.

ئەنجوومەنەکــەی نێــوان ویلایەتــەکان لــە کــۆی ٢٤٧ راسپاردەکانی (کۆمیســیۆنی ســارکاریا) وە(٢٣٠) یانــی پەســەند کــردن و (١٧٠)شــیان هــەر پێشــتر کاریــان پێکرابــوون.

ئەنجوومەنەکــە لــە دواییــن کۆبوونەوەیــدا بڕیاریــدا کــە ئیــتر لــەوەو دوا ببێتــە کــۆڕ و دوانگەیــەك بــۆ دەستنیشــانکردنی مەســەلە بایەخدارەکانــی پەیوەســت بــە فیدرالیزمــی هەرەوەزیــی (هاوکاریــکار) و گرنگیــدان بــە چاپەمەنیــی و پەخــش و بڵاوکردنــەوەی چەمکــە کۆمەڵایەتیــی و ئابوورییەکانــی. کاروچالاکییەکانــی ئەنجوومەنەکــە (ISC) ئــەو پانتاییــە روو لــە فەراوانبونــە کــە لــە ئێســتادا ویلایەتــەکان لــە بونیــادی فیدرالیزمــدا وەدەســتیانهێناوە عەکــس دەکاتــەوە.

پرۆســەی بــە فیدرالیبــوون لــە هیندســتاندا گــوڕ و تــەوژم بەخــۆوە دەگرێــت. یاریزانــە ســەرەکییەکانی پرۆســەکەش بریتیــن لــە (ســەرەك کۆمــاری هیندســتان) دادگــەی بــاڵا، کۆمیســیۆنی مەڵبەندیــی هەڵبژاردنــەکان و کۆمیســیۆنی نەتەوەیــی بــۆ مافەکانــی مــرۆڤ، هەروەهــا رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی چــالاك و زینــدووی هیندســتان و راگەیانــدن – میدیــا- بەهەمــان شــێوە یاریکــەری ســەرەکیی و کاریگــەرن لــە پرۆســەکەدا. هیــچ ســاتێکی ســتوخاو ناخــۆش و بــێ ئومێدیــی لــە کۆمەڵگــەی هیندســتاندا بوونــی نییــە و سروشــتی زبــر و (تونــدی) سیاســەتە هەمیشــە لــە گۆڕانکارییەکانــی هینــد تەنیــا و تەنیــا ویلایەتەکانــی بەهێزتــر و کۆتوبەنــدە گورچکبڕەکانــی (نێوەنــد) یــان لاوز و بــێ هێزتــر کــردووە.

## خشتەی ژمارە (١)

## هێما و رامیاریی و جیوگرافییەکان-

| | | |
|---|---|---|
| ١ | شاری پایتەخت | نێودەلهی |
| ٢ | ژمارەی و جۆری یەکە پێکهێنەرەکان | 28 ویلایەتن: ئەندراپرادیش، ئاردوناخاڵ پرادیش، ناسام، بێهار چهاتیگار. گۆوا, گۆجارات، هاریانا. هیما چال پرادیش. جامو کشمیر, جهارخاند. کارناتاکا. کەرالا. مادیا پرادیش. مەهار اشترا. مانیپور. مەگهالایا. میزوارم. ناگالاند. ئۆریسا. پونجاب. راجاستهان. سککیم. تامیل نادو. تریپورا. ئوتراانچال. ئۆتار پرادیش. بەنگالی خۆرئاوا. |
| حەوت یەکێتی ناوچەیی: | | |
| دوورگەکانی ئەندامان و نیکۆبار، چاندیگار. دادراو ناگار هاڤەلی. دامان و دایو. لاکشادویب. پۆندیچاری و دەلهی. | | |
| ٣ | زمانە فەرمییەکان | ئاسامیی. بەنگالی. گوجاراتی. هیندیی کاننادا. کشمیریی. کۆنکانیی. مالایالام. مانیپوری. مارادی. نیپالی. ئۆریا. پونجاپی. سانسکریتی. سندی. تامیل. تەلوگو. ئوردو. |
| ٤ | رووبەر | ٣٢٨٧٥٩٠ کیلۆمەتری دووجا |
| ٥ | رووبەر- فرەوانترین یەکەی پێکهێنەر | راجاستهان- ٣٤٢٢٣٩ کیلۆمەتری دووجا |
| ٦ | رووبەر- بچووکترین یەکەی پێکهێنەر | گۆوا Goa ٣٧٠٢ کیلۆمەتری دووجا |
| ٧ | کۆی (سەرجەم) دانیشتوان | ١٠٤٨٢٧٩٠٠٠ (ساڵی ٢٠٠٢) |

## خشتەی ژمارە (٢):

## هێما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | داهاتی گشتی | کۆی داهاتی گشتی ساڵانە GDP ٢,٧ تریلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢). پشکی تاك (هەر تاکێك) لە داهات ٢٥٧٠,٩ دۆلاری ئەمەریکی (ساڵی ٢٠٠٢).<br>قەردی نیشتمانی (دەرەکیی) ٩٧,٣ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠١). قەردی لاوەکیی ناڕاستەوخۆ ٨٢,٦ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی. ڕێژەی بێکاری نیشتمانیی ٨,٨٪<br>یەکەی پێکهێنەر کە زۆرترین ڕێژەی بێکاری هەبێ: گۆوا Gao ١٣,٦٪ یەکەی پێکهێنەر کە نزمترین ڕێژەی بێکاریی هەبێ: گوجارات و راجاستهان ٠,٨٪.<br>ڕێژەی خوێندەواریی هەرزەکاران (گەنجان) تەمەنی ١٥ و بە سەرەوە ٥٨٪.<br>ڕێژەی خەرجیی لە کۆی گشتی داهات بۆ پەروەدرە ٤,١٪.<br>هیوای ژیان بە ساڵ (٦٣,٣) (ساڵی ٢٠٠١) .<br>داهاتی حکومەتی فیدراڵ لە گومرگی و سەرچاوەگەلی هاوپێوەند (٢٠٠٢-٢٠٠٣) ٤٥,٦ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی.<br>داهاتی یەکە پێکهێنەرەکان لە گومرگ و سەرچاوە هاوشێوەکان ٣١,٤ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢-٢٠٠٣).<br>یارمەتییەکانی ناوەند (فیدرال) بۆ یەکە پێکهێنەرەکان ١١,٥ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢-٢٠٠٣). |
| | میکانیزمەکانی هاوسەنگی (یەکسانی) کردن | بەخشش و یارمەتی مەرجدار و بێ مەرجیش، هەروەها پشك و بەش لە باج و گومرگی فیدراڵی بۆ ویلایەتەکان دەنێردرێن لەسەر راسپاردە و (کۆمیسیۆنەکانی دارایی) سەربەخۆوە. |

# بەلژیکا

# شانشینی بەلژیك Kingdom of Belgium

نووسینی: ئەندری لیکۆرس Andre lecours

١- دیرۆك و گەشەکردنی فیدرالیزم

بەلژیك دیموکراسییەکی بچووکی ئەوروپای خۆرئاوایە، رووبەرەکەی (٣٢٥٤٥ کم٢) و ژمارەی دانیشتوانەکەی کەمێك لە ١٠ دە ملیۆن کەس زیاترە، پێناسەی رامیاریی وڵاتەکە لە خەسڵەتی فرەزمانیدا بەرجەستەیە، نیوەکەی باکوروی بەلژیکا، فلاندەرزنیشتەنیی کۆمەڵانی هۆڵەندیزمانەکانە (کە نزیکەی شەش ملیۆن دەبن بە فلەمیش (Flemish) ئاماژەیان بۆ دەکرێت، کەچی بەشەکەی باشوور، والۆنیا (Wallonia) کە ٣,٣ ملیۆن و لە دەیا سێی ملیۆنکێن، فەرەنسیزمانن. وەلێ ئەم تابلۆزمانییە بە بوونی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانانی جەرمانیزمان لە باشووری رۆژهەڵاتدا شێوێنراوە کە نزیکەی (٧٠٠٠٠) هەفتا هەزار کەسێکن، هەروەها برۆکسیلییەکان (Brussels) (یەك ملیۆن کەس) کە کەوتۆتە سەرووی سنووری زمانییەکانەوە بەڵام بە زۆری زمانی فەرەنسی تیایدا زاڵە. توندوتیژی نێوان گرووپە زمانییەکان و هەر لە

سـەدەی نۆزدەمـەوە هەمیشـە ئادگارێکـی ناوەندیـی سیاسـەتی بەلژیکـی بـووە، ئەوەیـش بـە دوو دابەشـبوونی بنەڕەتیـی تـرەوە لـەم دەوڵەتـە لێکـدراوەدا گرفتـار بـووە کـە بریتیبـوون لـە ئاییـن و چینایەتیـی.

کێشـەی درێژخایـەن و هەمیشـەی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان وەکـو لـە سیاسـەتەکانی نەتەوایەتـی/ ئایینیـدا ڕەنگیداوەتـەوە بزوێنـەر و داینەمـۆی پرۆسـەی نوێـی بـە فیدرالیبوونـی دەوڵەتـی بەلژیـك بـووە.

سـنوورەکانی ئیمـڕۆی بەلژیـکا لـە شانشـینی هۆڵەندییـەوە دابڕێـنراون و سـاڵی ١٨٣٠ لەلایـەن کەسـایەتییەکی بـورژوازی فەرەنسـیەوە کـە دژی سیاسـەتەکانی شـاویلیامی یەکەمـی (ئۆرینـج) بـووە لەمـەڕ زمـان و ئاینـەوە کراونەتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ (بەلژیـکا).

بەلژیـکا وەکـو دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی ناوەندیـی زۆر بەهێـز و سـەرەڕای نەبوونـی بڕگـە و مـاددەی فەرمیـی دەسـتووریی تایبـەت بـە بەکارهێنانـی زمانـەوە، بـە تەواوەتـی کاریـان بـە زمانـی فەرەنسـی دەکـرد.

ئـەم ڕەوشـتە لەلایـەن پتـی بـورژوا تەقلیدییـە فلەمیشـیەکانەوە ئەوانـەی بەلژیکایـان وەك نیشـتمانێکی جووتزمـان و دوو کەلتووری دەدی، مایـەی قەبولکـردن نەبـوو. هـەر لـەم دیدگەیەشـەوە وەختـێ بزووتنـەوەی فلەمیشـی سـەریهەڵداو کەوتـە خەباتکـردن بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی یەکسـانیی بـۆ هۆڵەندیـی نـەژادەکان لەگـەڵ فەرەنسـیزمانەکاندا، ئیـتر وێـڕای بەرهەڵسـتیکردنی کۆمەڵانـی خەڵکـی فەرەنسـیزمان، یەکسـانیی فەرمیـی بەپێـی یاسـا لەسـاڵی ١٨٩٨ دا هاتـە کایـەوە. ئەوەیـش بـە قانوونـی دی ڤرێنـدت- کۆرمانـس (De vrindt coremans law) بـوو هەرچەنـد زمانـی فەرەنسـیی وەك زمانـی سـەرەکیی و زاڵ مایـەوە.

دواتـر بزافـی فلەمیشـی هەوڵیـدا پێگەیەکـی فەرمیـی بـۆ ڕەوشـی جووتزمانـی بـۆ هەرێمـە فلەمیشـزمانەکان دەسـتەبەر بـکات وەلـێ ئـەم داخوازییانەیـان بەتایبەتـی ئەوانـەی سـەبارەت بـە باشـوور، ڕووبـەڕووی بەرهەڵسـتییەکی بەهێـزی

فەرەنسـیزمانەکان بوونـەوە.

لـەم حاڵەتـەدا بزاڤـی فلەمیشـی چالاکییەکانـی خـۆی لـە پانتایـی فرەوانـی وڵاتـەوە بـەرەو بەشـەکانی باکـوور گوێزرایـەوە تـا رەوشـی فرەزمانـی بەشـێوەیەکی رەسـمیی بـۆ ئـەویٚ بچەسـپێنێت. ئـەم ئامانجەشـیان بەشـێوەیەکی فـرەوان لـە سـاڵەکانی ١٩٣٠ یەکانـدا بەدیهـات و چەنـد یاسـایەکی زمانیـی بـۆ رەواییـدان بـە فرەزمانیـی ناوچەیـی دەرچوێـنران. هەرچـی فەرەنسـیزمانەکانیش بـوون (بزووتنەویـە والـۆن) یـان پێکهێنـا بەمەبەسـتی بەرهەڵسـتیکردنی داخوازییەکانـی بزاڤـی فلەمیشـی. یەکەمیـن پەرچەکرداریشـیان ئەوەبـوو داوای گێڕانـەوەی بەلژیکایـان دەکـرد بـۆ رەوشـی بـەر لـە سـاڵی ١٨٣٠ بـەڵام کـە (بزاڤـی فلەمیشـی) رۆژ دوای رۆژ بەهێزتـر دەبـوو، ئەمـان سـتراتیژییەتی خۆیانیـان گـۆڕی و فەرەنسـیزمانەکانیان لـە (فلانـدەرز) و دواتریـش لـە (بروکسـل) پشـتگویٚ خسـتن و چاویـان بڕیـە دەڤـەری (والونیـا) کـە زمانـی فەرەنسـی تیایـدا زاڵ و بەدەسـەڵات بـوو.

کێشـەکەی پێوەندیـی کۆمەڵایەتـی لەپـاش جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا ئەوەندەیـتر بـەرەو گرژیـی و ئاڵۆزیـی چـوو وەختێـك لـە ئەنجامـی هەڵوێسـتی شـا لێیۆپۆلـدی سـێهەم لەمـەڕ تەرخانکردنـی پـارە بـۆ قوتابخانـەکان زنجیرەیـەك کێشـە و هـەرا هـەردوو کۆمەڵگـە زمانییەکانـی دژی یەکـتری کردنـەوە. سیاسـەتوانان هەوڵیانـدا لـە رێـی بەهێزکردنـی رەوشـی (فرەزمانیـی) ناوچییـەکان بەهـۆی دانانـی یاسـاگەلی تـازەی زمانییـەوە ئـەو گرژیـی و ناکۆکییانـە دامرکێننـەوە.

سـاڵەکانی ١٩٦٢-١٩٦٣ ژمـارە یاسـایەك دەرچوێـنران کـە چـوار هەرێمـی زمانیـان دروسـتکرد: (فلانـدەرز)ی فرەزمـان (والۆنیـا)ی فـرەزان (برۆکسـل)ی جووتزمـان، لەگـەڵ ناوچەیەکـی (جەرمانیـزان) ئەوجـا بـە زنجیرەیـەك سـەرژمێریکردنی دانیشـتوان تخووبـی قەڵەمـڕوی زمانەکانیـان دەستنیشـانکردن و کۆمۆنـەکان و شـارەوانییەکان خرانـە نێـو هەرێمـی زمانیـی گونجـاوی تایبـەت بەخۆیانـەوە. سـنورەکەش دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٣وە چیـترکاری پێنەکـرا بـەوەی کـە سـەرژمێرییەکە وەکـو

ئامرازێـك بـۆ سـازدان و گونجانـدن وازی لێهێـنراو، بەهیـوای پەرەپێدانـی زیاتـر بەیەکسـانیکردن بایەخـی پـتر درا بـە چەسـپاندنی یەکزمانیـی کارگێڕییـەوە. وەلـێ ئـەم سـتراتیژیەتەش سـەری نەگـرت چونکـە گرژیـی لـە ساڵەکانی شەسـتەکاندا بـە دامەزراندنـی حزبەتـازە دروسـتبووەکانی کۆمەڵگاکانـدا هـەر درێـژەی کێشـا. ئـەم حزبانـەش (فۆلکسـۆنی) نەتەوەیـی فلەمیشـی و (راسـیمبلەمێنت والـوون)ی سـەر بـە هەرێمـی والـوون و بـەرەی (دیموکراتیکـی فرانکفۆنـەکان) کـە لـە (برۆکسـل) دامەزرابـوو، ئەمانـە فشـاری هەڵبژاردنـی سیاسـی بەرچاویـان خسـتبووە سـەر پارتییـە تەقلیدییەکانـی وەك (دیموکراتـی مەسـیحی، سۆشیالیسـت و لیبراڵـەکان) حزبـە سیاسـیە تەقلیدییـەکان، کـە ناچارکـران خەباتـی پـتر لـە کێشـەکانی کۆمەڵایەتـی خەڵـك (لـە نێـو کۆمـەڵ) بکـەن، پـەرەی زیاتریـان بەباڵـە زمانییەکانـدا و سـاڵەکانی حەفتـاکان لەسـەر بنچینـەی زمانـی ئینشـقاقیات تێکـەوت.

ئـەوەی راسـتی بێـت، تایبەتمەندییەکـی کـە سیسـتەمی سیاسـی بەلژیکـی هەیەتـی بریتییەلـە سیسـتمی پارتایەتییەکـەی!

لـە وڵاتـی بەلژیـکادا هیـچ حزبێکـی نەتەوەیـی بوونیـان نییـە. بگـرە پارتـەکان گشـتیان تایبـەت بـە زمانەکانـن. وەك دەرەنجامـی رێوشـوێنە هاوپشـك و یەکگرتووەکانـی بەلژیـکا. ئـەم گۆڕانکارییـە بـووە هـۆی دابەشـبوونی زیاتـری لەژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیدا، بـۆ نموونـە: سـەندیکا و یەکێتییەکانـی بازرگانیـی ئەگەرچـی بـە فەرمیـی یەکگرتـووە و نوێنەرایەتـی بەرەیەکـی گشـتیی و هاوبـەش دەکات لـە بەرامبـەر دەسـەڵاتە گشـتییەکاندا. وەلـێ پـەرەی بـە چەندیـن گرووپـی جوداوازیـش داوە بـۆ کاری زمانەوانیـی. هەروەهـا چەنـد دامەزراوەیەکـی خۆبەخـش و ژمارەیـەك رێکخـراوی کۆمەڵگـەی شارسـتانیی (مەدەنـی) پێکهاتەگەلـی دوو جەمسـەرییان بۆخۆیـان هەڵبژاردبـوو پیادەیـان دەکـرد.

بـە فیدرالیبوونـی بەلژیـکا هەنـگاو بـە هەنـگاو جێبەجێکـرا. زۆران چاکسـازیی دەزگەیـی و دەسـتووریی لـە سـاڵەکانی ١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٨٨ و هەروهـا ١٩٩٣

دا ئەنجامــدران. هــۆکاری ســەرەکیی بــۆ سروشــتی پەرەســەندنی پرۆســەکە ئەوەیــە کــە پارتییــە فلەمیشــییەکان و فەرەنســیزمانەکان مۆدێلگەلــی فیدرالیزمــی جــوداواز و هەمەجۆریــان پەســەند دەکــرد. لایەنــە فلەمیشــییەکە داکۆکیــان لــە فیدرالیزمێکــی دوو قۆڵــی دەکــرد بــۆ هــەردو کۆمەڵگــە زۆرینەیەکانــی زمانیــی و کەلتووریــی، کەچــی ســەرکردەکانی فەرەنســیزمانەکان پێیانوابــوو فیدرالییەتــی ســێ لایــەن کــە تیایــدا والوونیــا و برۆکســل و فلاندەرزیــش یەکــە پێکهێنەرەکانــی بــن پەیــڕەوی بکرێــت باشــترە. ناکــرێ ئەوەیــش نایــدده بگریــن کــە ئــەم گۆڕانکارییــە دەســتوورییانە هەمــان کات لــەو دانوســتاندنانە هاتــن کــە توخمێکــی گرنــگ و پێویســتی حکومەتــە هاوپەیمانەکانــن، ئــەوەی کــە تایبەتمەندیــی خــۆی هەیــە لــە سیاســەتی فیدراڵیــی بەڵژیــکادا.

تەنگژەکانــی لەمــەڕ پێوەندیــی کۆمەڵایەتیــی نێــوان گرووپــە زمانییــەکان لەســەرەتای پرۆســەکەی بەفیدرالبوونــدا، ئێجــگار ئاڵــۆز و دژواربــوون کــە بــە ســانایی کۆتاییــان پێنەدەهێــنرا. لــە نێوەڕاســتی هەشــتاکاندا رەوشــەکە تەقییــەوە، ئەوەیــش وەختــێ بــوو کــە پارێــزگاری ڤۆیــرن (the mayor of Vereen) بــە فەرەنســیی پێیدەگوتــرێ (Fouons) کــە شــارەوانییەکی بچووکــی (٤٠٠٠) هــەزار کەسیی بــوو لــە ســاڵی ١٩٦٣ دا لــە (والوونیــا) دابڕێنرابــوو خرابــووە ســەر فلانــدەرز ئــەو پارێــزگارە رازینەبــوو زمانــی هۆڵەندیــی (dutch) لەکاروبــارە فەرەمییەکانــدا بــەکار ببرێــت وەکــو لــە یاســادا رێــی پێیدرابــوو!

ئــەو رووداوەی (ڤۆریــن) بــووە هــۆی پێداچوونــەوەی ســاڵی١٩٨٨ بــە دەستوورەکەدا و رێککەوتــن و ســازش کــرا بەســەر (برۆکســل) کــە کرایــە یەکەیەکــی فیدرالــی هەروەکــو پارتییــە فەرەنســیزمانەکان خواســتیان بــوو، لــە بەرامبــەر ئەوەشــدا حزبەفلەمیشــیەکان مافــی پارێزگاریکردنیــان لەکەمینــە فلەمیشــییەکانی ناوبرۆکســل بەدەســتهێنا، لەگــەڵ رێککەوتننامەیــەك کــە ســنووری شــارەکە نابــێ تخووبەکانــی ١٩ کۆمیۆنــەکان تێپەڕێنێــت. ســەرەتای نــەوەدەکان بڕیــاری حزبــە

چەپڕەوە فلەمیشیەکان ئەوەبوو کە بەرهەڵستی گرێبەستێکی فرۆشتنی چەك و تەقەمەنیی بۆ (عەرەبستانی سەعوودی) بکەن کە سوودی بە پیشەسازیی (والوون) دەگەیاند و ئەمە تەنگژە و قەیرانێکی کۆمەڵایەتی زۆری نایەوە. ئیتر ئەوەبوو ئەم ناکۆکیی و دووبەرەکییانە بوونە هۆکاری چاکسازییەکانی ساڵی ١٩٩٣ و بە رەسمیی گۆڕین و گوێزانەوەی وڵاتی بەلژیك بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی.

٢- مادده و بڕگە دەستوورییەکانی پەیوەست بە فیدرالیزم

تایبەتمەندیی فیدرالیزمی بەلژیکا لەوەدایە کە دوو جۆر یەکەی پێکهێنەری جوداواز لەخۆ دەگرێت. کۆمەڵگە و هەرێم (ماددەکانی ٢،٣) لە وڵاتەکەدا سێ کۆمەڵگە هەنە (فلەمیشی، فەرەنسی و جەرمانی) و سێ هەرێمیش (فلەندەرزن والۆونیا و برۆکسل).

ئەم خەسڵەتە جیاکارە سەرنجڕاکێشە تایبەتە لە ناوەرۆکی خەباتی مێژوویی (بزاڤی فلەمیشی لە پێناو پاراستنی زمان و کەلتوور و، لە تێکۆشانی نوێتری (بزاڤی والوون) دا بۆ خودموختاریی (ئۆتۆنۆمی) ئابووری رەنگدەداتەوە، بەرجەستە بووە. کۆمەڵگەکان لە ساڵی ١٩٧٠ دا پێکهێنراون و بەبێ دواکەوتن (دەستوور) یان پێبەخشراو، بێجگە لە کۆمەڵگەی جەرمانیزمان کە ساڵی ١٩٨٢ رەوایەتی دەستووریی بە تەواویی پێدراوە، ئەو کۆمەڵگانە دەسەڵاتیان هەیە بەسەر زمان، کەلتوور (رۆشنبیریی) پەروەردە و خوێندن و کاروباری کەسییەتیدا، هەروەکو لەزمانی دووڕەگ و تێکەڵاوی بەلژیکادا هەیانە کە بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك چاودێریی تەندروستیی (نەك بۆ بیمەی تەندروستیی کە بەشێکە لە ئەرك و بەرپرسیارییەتیەکانی حکومەتی فیدراڵ) ئەو چاودێرییەش وابەستەیە بە پێوەندیی راستەوخۆیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییانەوە.

ئەگەرچی هەرێمەکان یەکە گەلێکن سنووری زەمینی دیار و ئاشکرایان

هەنـە، بـەڵام کۆمەڵگـەکان زێـتر بـە کەسـییەتی زمانییـەوە پەیوەسـتن تـا سـنووری زەوی، کــە ئەمەیــش وایکــردووە بــبن بــە ئاڵۆزتریــن رەگــەز و توخمەکانــی فیدرالیزمــی بەلژیکــی.

ئەندامبوونیشـیان بڕگـەی (٤) چـواری دەسـتوور بڕیـاری لێـدەدات بـە گوێـرەی هەرێمەکانــی زمانیــی و رەچەڵــەك و بنەچــەی خێزانییــان و بوونیــان لەنــەژادی فلەمیشـیەکان، بـۆ ئـەوەی داوای ئۆتۆنۆمیـی رۆشـنبیریی (کەلتووریـی) بکـەن. بـەم پێیـەش هۆڵەندیزمانـەکان لـە (برۆکسـل) سـەر بـە کۆمەڵگـەی فلەمیشـین، هەمـان شـتیش سـەبارەت بـە ئەوانـەی لـە (فلانـدەرز)دا نیشـتەجێن هەروەهایـە کەچـی دانیشــتوانە فەرەنســیزمانەکانی (برۆکســل) ئەندامــی کۆمەڵگــەی فەرەنســیین هەروەکـو (والۆنییـەکان). بـە هەرحـاڵ هەندێـك حاڵەتـی بـەدەر لـە بیرۆکـەی کۆمەڵگــەی لەســەر زمــان بنیاتــنراودا هەیــە بــۆ نموونــە، لــە راســتیدا کەمینــە (سـەرەکییە) فەرەنسـیزمانەکانی (فلانـدەرز) سـەر بـە کۆمەڵگـەی فەرەنسـیی نیـن. ئەمــە لەبــارەی هۆڵەندیزمانــە کەمەکانــی (والوونیــا)ش راســتە. بــە واتایەکــی تــر کۆمەڵگەگەلـی وابەسـتە بـە تاکەکەسـەکانەوە، نەتەوایەتـی لاوەکییـان لـە نێـوان دانیشـتوانانی بەلژیـکادا پێکهێنـاوە. هەرێمـەکان بریتیـن لـە یەکـە گەلـی ناوچەیـی کـە وەکـو وەڵامدانەوەیـەك بـۆ داخوازییەکانـی والوونییـەکان سـەبارەت بـە ئابووریـی هەرێمـەکان دامەزرێنرابـوون. فلانـدەرز و والوونیـا سـاڵی ١٩٨٠ دەسـتووریان دانـاوە واتـە دە سـاڵ پـتر لـە دوای ئـەوەوە کـە چاکسـازییە دەسـتوورییەکەی سـاڵی ١٩٧٠ خواسـتی کـۆ بـۆ دروسـتکردنی هەرێمـەکان، بەدەرکەوتـووە. برۆکسـلیش هەمـان شـتی لـە سـاڵی ١٩٨٨ دا بـە ئەنجامگەیانـدووە.

هەرێمــەکان دەســەڵاتیان بەســەر ئــەم بابەتانــەدا هەیــە، گەشەســەندنی ئابووریــی هەرێمایەتــی، نەخشەســازیی و پلاندانانــی شارســتانیی، بەڕێوەبردنــی دەڤــەرەکان و کۆمۆنــەکان، خانووبــەرە کاروبــاری گشــتی و کۆمەڵایەتــی، ئــاو، وزە، گواســتنەوە و هاتووچــۆ، ژینگــە و مەشــق و راهێنانــی کاروپیشــە. (هەروەکــو

بەم دواییانە ڕێککەوتننامەیەك ئیمزاکراوە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات بەسەر سیاسەتی کشتوکاڵی و بازرگانی نێودەوڵەتییش بۆ هەرێمەکان).

ساڵی ١٩٨٠ (هەرێمی فلەمیشی و کۆمۆنەکە) دەستوورەکانیان کردنەوەیەك، ئەمەیش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو قەوارەکان تا ئێستەیش لە گۆشەنیگای دەستوورییەوە لە (فلاندەرز) بوونیان هەرماوە، بەڵام حکومەتێکی گشتی فلەمیشی و پەرلەمانێکیش هەنە(لەگەڵ هەندێ لێببەدەربوونی پەیوەست بە (برۆکسل)ەوە کە بە هۆیانەوە بایەخی زیاتر بە لاسەنگیی و ناڕێکی فیدرالیزمی بەڵژیکی دەدرێت.

هەرچی حکومەتی فیدراڵیشە ئەوە دەسەڵاتی بەسەر ئەم بوارانەدا دەشکێت، سیاسەتی کاروباری دارای یو پارە ودراو، دادوەریی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، (بیمەی دامەزراندن، خانەنشینی و شتهای تر). هەروەها هەندێ لایەنی خزمەتگوزارییەکانی لەشساخیی (بیمە، کە نزیکەی ٩٠٪ ی بودجەی تەندروستیی دەگرێتەوە). هەندێ هاوکاریی و یارمتیی گشتی، بەرگری نیشتمانیی و ئاراستەکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان (هەرچەندە هەرێمەکان و کۆمەڵگەکانیش بۆیان هەیە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی- نەختێ سنووردار- ساز بدەن). بەگشتیی لامەرکەزیی پێویستییەکی گرنگ و سەرەکیی بوو، لە راستیدا هەرێمەکان و کۆمەڵگەکان بەسەر ٤٠٪ لەسەدا بودجەی نیشتمانییدا باڵادەستن. هەرچەندە ئەم سەرچاوە داراییانە لەلایەن حکومەتی نێوەندەوە دەستەبەر دەکرێت.

چاکسازییەکانی ساڵی ١٩٩٣ دوو گۆڕانکاریی سەرەکیی و بنچینەیی بۆ دەستوورەکانی ناوەند و پێوەندییەکانیان لە تەك کۆمەڵگەکان هەرێمەکاندا لێکەوتەوە. گۆڕانکاریی یەکەم بریتی بوو لە دووبارە پێناسەکردنی پێکهاتە و رۆڵی ئەنجوومەنی پیران (سینات) ئەنجوومەنی پیرانی (سیناتی) بەڵژیکا ئەندامەکانی خاوەن دید و بۆچوونی هەمەجۆر و جوداوازن، لەوانە چلیان

راســـتەوخۆ هەڵدەبژێردرێـــن و ٢١یـــان لـــە (ئەنجومەنەکانـــی کۆمەڵگەکانـــەوە) وەردەگیرێـــن، بـــەم شـــێوەیە:

(١٠ ئەنـــدام لـــە هەریـــەك لـــە ئەنجوومەنەکانـــی کۆمەڵگەکانـــی فلەمیشـــی و فەرەنسـیی و یەکێکیـش لـە (ئەنجوومەنـی کۆمەڵگـەی جەرمانیزمانـەکان) دەبـن. ١٠ دیکەشـیان سـیناتۆرەکان دایاندەمەزرێنـن. لـەو هـەردوو بەشـانەی کـە لـە پێشـەوە ناویـان هاتـووە. لەسـەرجەم حاڵەتەکانـدا ئەنجوومەنـی پیـران د ەتوانـێ لـە پـرۆژەی یاسـایەك بکۆڵێتـەوە و پێشـنیازی هەموارکردنـی بۆبـکات کـە دەشـێ لەلایـەن خانـەی نوێنەرانـەوە پەسـەند بکـرێ یـان نەکرێـت. هەروەهـا ئـەو دەسەڵاتەیشـی پێـدراوە دەستپێشـکەریی یاسـادان بـکات، وەلـێ ئەمـەی کۆتیـای هـەر بـۆ (خانـەی نوێنـەران) دەگەڕێتـەوە. سـەبارەت بـەو بابەتانـەی پەیوەسـتن بـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و بونیـادی دەوڵەتیشـەوە پـرۆژە یاسـاییەکان دەبـێ لەلایـەن هـەردووك خانـەی نوێنـەران و ئەنجوومەنـی سـیناتەوە بـە یەکسـانیی پەسـەند بکرێـن. بـۆ کێشـەکانی کۆمەڵگـەش، پرۆسـەی یاسـازیی رێوشـوێنی تایبـەت دێنێتـە پێشـەوە کـە پێویسـت دەکات لایەنگیریـی و پشـتگیریی لێکردنـی زۆرینـەی هـەردووك گرووپـە زمانییەکانـی (فلەمیشـی و فەڕەنسـیی) لـە هـەردووك ئەنجوومەنـدا (خانـە) و سـینات بەدەسـت بێنێـت لەگـەڵ زۆرینـەی ٣/٢ دووسـێیەکی هەریـەك لـە هـەردوو ئەنجومەنەکانیشـدا.

بـۆ ئەندامییەتیـش لـە گرووپێکـی زمانەوانیـی نێـو پەرلەمانـدا ئـەوە لەلایـەن سیسـتەمی زمانەوانیـی ئـەو ناوچەیـەی هەڵبژاردنـەوە بڕیـاری لێدەدرێـت کـە پارلەمانتارەکـەی تیـادا هەڵبژێـردراوە. بـە رەسـمی بوونـی ئـەم گرووپانەیـش لـە حوکمـی مـاددە (٤٣) چـل و سـێهەمی دەسـتورەوە سـەرچاوە دەگرێـت.

دووەهـەم گۆڕانکاریـی کـە چاکسـازییەکەی ١٩٩٣ هێنایـە ئـاراوە داهێنانـی هەڵبژاردنـی راسـتەوخۆ بـوو لـە هـەردوو پەرلەمانەکانـی فلەمیشـی و والوونـی کـە پێشـتر ئەندامەکانیـان لـە خانـەی نوێنەرەکانـەوە دەهێـنران. پەرلەمانـی

فلەمیشی لە ئێستادا (١١٨) ئەندامی راستەوخۆ هەڵبژێردراوی هەنە لەگەڵ شەش ئەندامی دی کە لە گرووپی فلەمیشی نێوپەرلەمانی (برۆکسل)ەوە کێشراونەتەوە.

پەرلەمانی ناوچەی پایتەختی هەرێمەکەیش کە لە ساڵی (١٩٨٨) ەوە ئەندامەکانی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن، لە ئێستادا ٧٥ نوێنەری هەنە، ٦٥ فەرەنسیزمان و ١٠شیان هۆڵەندیزمانن. ئەنجوومەنەکەی کۆمەڵگە فەرەنسیییەکەش لەسەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی والوونی لەگەڵ ١٩ ئەندامی فەرەنسیزمانی نێو پەرلەمانی برۆکسلدا پێکدێت. کۆمەڵگەی جەرمانیزمایش هەر لە ساڵی (١٩٨٣)ەوە هەر (٢٥) ئەندامەکانی خۆی بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت.

لە دەرەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەشدا ژمارەی ئەندامانی (خانەی فیدراڵ) بۆ سەد و پەنجا کەس کەمکرایەوە، کە هەر بەشێوەی راستەوخۆ دێنە هەڵبژاردن ئەوەیش بە پێڕەوکردنی سیستەمێکی رێژەیی بۆ نوێنەرایەتیکردن (ماددەی ٦٢).

هەستیاریی بەرامبەر پاراستنی کەمینەی فەرەنسیزمان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵدا رەنگدەداتەوە کە لەوێدا پێویست دەکات ژمارەی وەزیرە جەرمانیزمان و فەرەنسیزمانەکان وەکو یەك و یەکسان بن (بڕگەی ٩٩). هەرچی سەرەك وەزیرانیشە ئەوا (بە دەر لەو مەرجە) بە زۆری لە فلەمیشیەکان دەبێت. بەشێوەیەکی تر لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەندیی دوانەیی بەلژیکا خودی (شا)یە کە لە ئێستادا ئەلبەرتی دووهەمە (Albert II) کەسایەتییەکی زمانەوانیی نییە. وەلێ پایە شکۆدارییە رەمزییەکەی لەوەدایە کە نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی بەلژیکا دەکات رەمزییەکەی جوداوازیی کەلتووریی یان زمانەوانییە.

لەلایەکی ترەوە سیاسەتکارانی بەڵژیکی هەمیشە دوودڵ بوونە لە پێدانی

دەسەڵاتی بنچینەیی راستەقینە بە دەزگە و دەسەڵاتی دادگەریی سەبارەت بە کاروباری سیاسیی، لەگەڵ ئەوەشەوە بە فیدرالیکردنی دەوڵەت هیچ خەیارێکی بۆ نەهێشتنەوە ئەوە نەبێ کە (دادگەیەك) دابمەزرێنن ئەرکی ئەوە بێت (رەوایەتیی دەستووریی قانوونەکان) بۆخۆی کۆنترۆڵ بکات بەرەچاوکردنی دابەشبوونی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەکان و پێکهاتەکەشی لەسەر بنەمای زمانی دایك و بەرهەڵستی کردنی (حکومەتی دادوەران)ەوە بڕیاری لێدەدرێت. بەم شێوەیەش (دادگە) کە لە ١٢ (دادوەر) پێکدێت کە نیوەیان هۆڵەندیزمان و نیوەکەی تریان فەرەنسیزمانن و هەروەها نیوەیان (پیشەوەر) و نیوەیشیان کۆنە سیاسەتوانن کە مەرج نییە لە قانوون راهێنرابن و مەشقیان پێدرابێت.

دووکەسیش سەرۆکایەتیی دەکەن یەکێك لە هەر گرووپە زمانەوانییەکەوە بە نۆرە و یەك لەدوای یەکدا کار و ئەرکەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجامدەدەن. شێوەی ئەنجامدانی هەموارکردنی دەستووری بەلژیکا ئیجگار ئاڵۆزە، چونکە جارێ دەبێ پەرلەمانی فیدراڵ هەڵوەشێنرێتەوە، هەڵبژاردنێکی تازە ئەنجام بدرێت و تەنها ئەوکاتە پەرلەمانە تازە پێکهێنراوەکە بۆی دەبێت بەمەبەستی دەنگدان لەسەر پێشنیازی پێداچوونەوەکە بە دەستوور دانیشتنێك ساز بدات. بۆ پەسەندکردنی پێشنیازەکەش پێویست دەکات زۆرینەی (٣/٢) دوو لەسەر سێی هەریەك لە ئەنجومەنەکان دەستەبەر بکات. ئەم شێوازە لە ئێستادا نەختێ کۆن بووە و باوی نەماوە، چونکە شێوازەکە لە سەردەمێکدا داهێنراوە کە بەلژیکا دەوڵەتێکی یەکگرتووی یەکپارچە بووە، بەم پێیە یەکە پێکهێنەرەکانی ناگرێتەوە و هیچ ئاماژەیەکیشی بۆ گرووپە زمانییەکان تیادا نییە.

جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجڕاکێشانە کە پرۆسەی یاسادانانەکە لە ئاماژە بە کێشەگەلی نێو کۆمەڵگەکاندا پتر داکۆکیی لە گرووپی زمانەوانیی کەمینەکان

دەکات. زیاتر لەوەی لە دەستورە هەموارکراوەکەدا بۆی پێشنیازکراوە.

دوو بڕگەی دەستووریی شیاوی باسکردنن لەبەر گرنگی و بایەخدان بۆ گونجاندنی رامیاریی لە کۆمەڵگە فرە زمانییەکان (یان فرە نەژادییەکان) و بۆ سیستمی فیدرالیزم لە بەلژیکا.

بڕگەی یەکەم بریتییە لە شێوازی (زەنگی ئاگادار یان وریاکردنەوە) کە بۆ داکۆکیکردنی زیاتر لە فەرەنسیزمانەکان داهێنراوە. ئەم شێوازە ڕێگە بە گرووپێکی زمانەوانیی لە نێو پەرلەمانی فیدرالیدا دەدات ئەگەر بتوانێ لیستێك بە ئیمزای سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی خۆی پێشکەش بکات کە بە شێوەیەکی کاتیی مافی دەستپێشخەریی ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ یاسایەکی تازە بابەت رابگرێت کە هەستی بە مەترسی لێوە بکرێت بۆ سەر کۆمەڵگە یان هەڕەشەیەك بێت بۆ پێوەندییەکانی نێو کۆمەڵگە (ماددەی ٥٤) ئەوکاتە دەقی پڕۆژە یاساکە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران (کە فرە زمانیی تیادایە) دەگەڕێتەوە و ئەنجوومەن بۆی هەیە هەمواری بکات یان هەروەکو خۆی بەبێ گۆڕانکاریی بیهێڵتەوە، لەم حاڵەتەشدا لەسەری پێویست دەبێ ئەوە نیشان بدات کە یاسادانەران هیچ ئەنجامێکی نەرێنی (نێگەتیف) لە پێشنیازەکەی لایەنگرەکانی پێشبینی ناکەن. ئەگەرنا ئەوە دەبێ پێشنیازەکەیان بکێشنەوە. ئەم شێوەازی (زەنگی هۆشیارکردنەوە)یە میکانیزمەی یاساسازیی بۆ زۆران قانوونی تایبەتی و پرەنسیپی فرە زمانیی ئەنجوومەنی کارگێڕیی بەیەکەوە دەگونجێنێت. هەروەکو لە هەرێمی (برۆکسل)ی جوتزمانیشدا بەکارهێنراوە بۆ پاراستنی کەمینەی فلەمیشیەکان.

دووهەم بڕگە لە بوارەکانی هاوکاریی نێودەوڵەتییدا دەسەڵات بە هەرێمەکان و کۆمەڵگەکان دەدات، بەدەسەڵاتی بەستنی پەیمان و رێککەوتنامەشەوە لەسەر ئەو بابەتانەی دەکەونە سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیانەوە (ماددەی ١٦٧) لەسەر یەکەکانیش پێویستە حکومەتی

ناوەنـدی لـە چالاکییـە نێودەوڵەتییەکانـی خۆیانـەوە ئـاگادار بکەنـەوە، لـە راسـتیدا ئەگـەر حکومەتـی فیـدراڵ هیـچ نارەزاییەکـی لەمـەڕ پەیمانێکـی تایبەتـی هەبـێ ئـەوە بـۆی هەیـە بابەتەکـە بنێرێـت بـۆ دەسـتەیەکی رازیکردنـی میانگیـر کـە لـە ئەندامـان و نوێنەرانـی سـەرجەم حکومەتـەکان پێکهاتـووە و بڕیارێکـی بێلایەنانـە دەردەکات یـان بەراگرتنـی رێککەوتننامەکـە، یـان رێگەپێدانـی بـۆ ئـەوەی کاری پێبکرێـت و هـەردوو لایەنەکانیـش پێـی رازیدەبـن، جـا ئەگـەر هاتـوو نەگەیشـتن بـە رێککەوتنێـك ئـەوە بـۆ حکومەتـی فیـدراڵ هەیـە پرۆسـەی رێککەوتننامەکـە رابگرێـت و بیوەسـتێنت تەنانـەت بێـت و ئـەم راگرتنـە پێچەوانـەی پەیـمان و بەڵێنـە نێودەوڵەتییەکانـی بەڵژیـکاش بێـت یاخـۆ وڵاتانـی بیانیـی، ئەوانـەی بەڵژیـکا پێوەندیـی دیبلۆماسـی لەگەڵیانـدا هەیـە، یـان نییـە تێـوە بگلێنێـت.

سـەرەڕای ئـەم میکانیزمەگەلـەی کۆنترۆڵکردنیـش یەکـە پێکهێنەرەکانـی بەڵژیـك دەسـەڵاتی فرەوانیـان لـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا هەیـە کـە دەکـرێ ئـاوا بێتـە بەرچـاو کـە لۆژیکـی فیدرالییـەت بـەرەو دواییـن ئەنجامـی کۆتایـی خۆیـەوە ببـات، یانەخـۆ پێشـبینی بێـت بـۆ شـێوازێکی رێکخراوەیـی سیاسـیی لامەرکەزیـی کـە کارو ئەرکەکانیـان تیایـدا لەیەکـتر جـودا و دابەشـکراو دەبـن.

دەزگەیەکـی گرنگـی دیکـە لەمبارەیـەوە (کۆمیتـەی هاریکاریـی و یەکخسـتنە) کـە دەسـتەیەکی فرەلایەنەیـەو لـەم کەسـانە پێکدێـت، سـەرەك وەزیرانـی فیـدراڵ، پێنـج وەزیـری فیـدراڵ (نێوەنـد) و شـەش ئەندامـی حکومەتـی فیدراڵییـەکان (مـاددەی ٣١ی قانوونـی ئاسـایی سـاڵی ١٩٨٠ی چاکسـازییە دەسـتوورییەکان) ئـەم دەزگایـە بەشـێوەیەکی یەکسـان لەنێـوان فەرەنسـیزمانەکان و هۆڵەندیزمانەکانـدا دابەشـکراوە، رۆڵەکەیشـی ئەوەیـە چارەسـەریی بـۆ (ناکۆکیـی بەرژەوەندییـەکان) بدۆزێتـەوە، واتـە ئـەو کردەوانـەی بـە فەرمانێکـی حکومیـی لـە فیدراسـیۆنەکەدا ئەنجـام دەدرێـن کـە دەشـێت کاریگەریـی پێچەوانـەی بەسـەر فەرمانێکـی دیکـەوە هەبێـت، دەزگاکـە بـە رەوایەتیـی (یاسـایی) فەرمانەکـەدا ناچێتـەوە، بەڵکـو بـە

دروستیی و شیانی راستەقینەی پێوانە و هەنگاوەکانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی- جێبەجێکردن- یان ئەنجومەنی یاسادانان‌دا دەچێتەوە.

ئەو ئەنجوومەنەی کارگێڕییەی کە بۆی هەیە زەرەرمەند بێت، دەتوانێ بابەتی کێشەکە بخاتە بەردەستی (کۆمیتەکە) وە ئەمیش پرۆژەی یاساکە بۆ ماوەی شەست رۆژان هەڵدەپەسێرێت و لەوماوەیەدا بە دوای دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی هاوبەش و سازش لەسەرکردندا دەگەڕێت. هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنەکانی یاسادانان بۆیان هەیە بە دەنگدانی ¾ سێ چواریەکی ئەندامانی خۆیان پرۆژەی یاسایەکی ئەنجومەنێکی دیکە بۆ (کۆمیتەی هاوکاریی و یەکخستن) بەرز بکەنەوە. ئەوجا ئەگەر لە ماوەی شەست رۆژەکەدا هیچ چارەسەرێك پەیدا نەبوو، ئەوە گەڵاڵەنامە یاساییە مشتومڕ لەسەرکراوەکە دەکرێ قەبووڵ بکرێت.

هەڵبژاردنە سەرتاسەریەیکانی ساڵی (٢٠٠٣) ئەو رێبازانەی چەسپاند کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٩)وە دانرابوون، حزبە لیبراڵەکان زۆرینەی کورسییەکانیان مسۆگەرکرد، کەچی حزبە مەسیحییەکان (کریستیان) لە حکومەتی فیدراڵ وەدەرنران (دوور خرانەوە) ئەوەیش بۆ دووەهەمین جار لە ماوەی نزیکەی (٤٠) ساڵاندا. حکومەت لەلایەن هاوپەیمانییەتی سۆسیالیست- لیبرالەوە پێکهێنراوە.

هەروەکو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ شکستێکی بەرچاوی بۆ (پارتە سەوزەکان) و پێشکەوتنێکی بۆ ( Blok vlaams) حزبی فلەمیشی نەتەوەپەرستیی راسترەوی بەخۆوە بینی. گۆڕانکاریی زۆر لە سیستەمی پارتایەتیدا بۆ ئەم هەڵبژاردنانە کران. (پارتی سوشیالیستی مەسیحی) بووەتە (حزبی سەنتەری دیموکراتی مرۆڤایەتی) (دیموکرات مەسحییەکانی فلەمیش) لە ئێستادا ناوەکەیان بۆتە کریستەلیژك دیموکراتیش ئەن فلامز (christelijk &democratisch en vlaams) (CD) لیبراڵە فەرەنسیزمانەکانی ئێستێ لە ژێر

چەترێکدا (سەیوان) چالاکیی دەنوێنن بەناوی (بزاڤی چاکسازیی) (movement Reformatew) لە کۆتاییدا باڵی چەپی ڤۆلکسۆنی نەتەوەیی فلەمیشی، دووچاری (ئینشقاق) بووەتەوە و یەك لە پارچەکانی بەناوی سپیریت (spirit) چۆتە نێوسۆسیالیستە فلەمیشیەکانەوە خۆشیان ناوی خۆیانیان ناوە (Socialistiche partij anders).

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە نەریت و دەستووری سیاسەتەکانی بەلژیکایان زیاتر چەسپاند کە لە ئێستادا بەباشی جێگیر بووە. سەرەڕای لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی حزبە کۆنە تەقلیدییەکان و دابەشبوونیان بەسەر هێڵە زمانییەکاندا، پارتی گەلی سەر بە هەمان خێزانی ئایدیۆلۆژیاوە لە ئیمڕۆدا بەیەکەوە بەشێکن لە حکومەتی فیدراڵ، یاخود لە دەرەوەی حکومەتدان.

کێشە سەرەکییەکانی کە ڕووبەڕووی فیدرالیزمی بەلژیکی دەبنەوە لە (پۆستی کۆمەڵگە)ەوە سەر هەڵدەدەن. سەرتۆپی کارنامەکانیش (ئاسایشی کۆمەڵایەتییە). هەرچەندە بەلژیك فیدراسیۆنێکی لامەرکەزییە. کەچی بەشی هەرە زۆری پرۆگرامەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەر لە دەستی حکومەتی فیدرالدا ماونەتەوە.

لە هەرێمی (فلاندەرز) فشاری بەهێز هەیە بۆ (بە فیدرالیکردنی) سیاسەتی کۆمەڵایەتیی. بەڵگە و بیانووش بۆ ئەم هەڵوێستە ئەوەیە کە دانیشتوانی فلاندەرز زەنگینترەکە (ساماندارترەکە) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ کڕینی دەنگەکانیان بەپارە یارمەتی دانیشتوانەکانی هەرێمی (والوونیا) دەدەن کە لە خۆیان نەدار و هەژارترن. یانەخۆ پەیوەست بە دەستبلاویی و نەریتی نەتەوەیی فلەمیشەکان، ئەوا هەر خێزانێکی (فلەمیشی) هەموو ساڵێك پارەی کڕینی ئۆتۆمبیلێکی نوێ هەر خێزانێکی (والوونی) دەدات، ئەم توێژینەوەیەش ئاستی نزمی یەکگرتوویی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەلژیکا بەیەکەوە نیشاندەدات.

فەرەنسیزمانەکانیش لەلای خۆیانەوە بەرهەڵستی هەر هەنگاوێك بەرەو (دابەشکردنی) ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەن و چەندان هۆکار و پاساویان بۆ ئەم هەڵوێستەیان هەیە لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکی لەو جۆرە کاریگەریی زۆر نەرێنی (سەلبی) و خەراپی بۆ سەر گەشەسەندن و خۆشگوزەرانیی (والوونییەکان) دەبێت.

والوونییەکان هەمیشە دەڵێن کە ئەمان بەشداریی پەرەسەندن و پێشڤەچوونی (فلاندەرز)یان کردووە لە دوا دوای سەدەی نۆزدەهەم و لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەو پێیەی کە باشووری بەلژیکا لانە و کانگەی سەرەکیی وزەی پیشەسازیی وڵات بووە. جا دەڵێن هەر بڕە پارەیەکی ئێستا لە (فلاندەرز)ەوە بۆیان بنێردرێت ئەوە تەنها دانەوەی قەردێکی خۆیانە.

هەژموونی فلەمیشی بۆ بە بەفیدراڵیکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (سۆشیال) والوونییەکان بەتایبەتی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس دەکات چونکە ژمارەیەکی زۆری بە ساڵاچووکانیان بەهۆی کارکردنیان لە پیشەسازییە قورسەکاندا دووچاری تەندروستی زۆر نالەبارهاتوون و لەبەر ئەوە پێویستیان بە پرۆگرامگەلی بەهێزی سۆشیال هەیە.

دوایش بەلای فرانکفۆرتەکانەوە (فەرەنسیزمانەکان) نەك تەنها هەر لە والوونیا، بگرە لە (برۆکسل)یشدا بە فیدرالیکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (سۆشیال) بە مانای کۆتایی هاتنی بەلژیکا دێت مادامەکی بەکردەنی هیچ هێز و دەسەڵاتێکی راستەقینە بۆ حکومەتی فیدراڵ (ناوەند) ناهێڵێتەوە.

سەرکەوتنی حزبە فەرەنسیزمانەکان لە بەرهەڵستیکردنی پرۆسەی بە فیدرالیکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هیچ گەرەنتییەکی بۆ نییە چونکە پێگەی سیاسیان لە بەلژیکادا زۆر لەق و بێهێزە.

سیناریۆیەکی لە هەمووان زێتر رێی تێبچێت بریتییە لە بە فیدرالیکردنێکی

بــەرە بــەرە هەنــگاو بــە هەنــگاوی بەرنامــە زۆرەکانــی کۆمەڵایەتیــی کــەوت و بەشــە جۆربەجۆرەکانــی سیســتەمی ئاسایشــی کۆمەڵایەتیــی، لــەم جەمســەر و بارودۆخــەی سیاســیی بەڵژیــکادا پــرس و کێشــەی ئاسایشــی کۆمەڵایەتیــی لــە کێشــە فرەوانترەکــەی ئایینــدەی سیاســیی بەڵژیــکاوە جــودا ناکرێتــەوە. ســەرکردە فلەمیشــیەکان پێیانوایــە هــەر هەنگاوێکــی تــر بــەرەو پەرەســەندنی خودموختاریــی (ئۆتۆنۆمــی) و هەروەهــا بــەرەو هێنانەکایــەی مودیلێکــی کۆنفیــدراڵ، یــا هەنــدێ جــار وەك تواندنــەوەی دەوڵەتــی بەڵژیــك لــە نێــو بۆتــەی نیزامێکــی سیاســیی تــازەی کیشــوەریی وەك (ئەوروپــای هەرێمــەکان)دا ســەیری دەکــەن. ئــەم بۆچوونەیــش لەلایــەن (فرانکفۆنەکانــەوە) ئەوانــەی پێیانوایــە هــەر گۆڕانکارییەکــی دەســتووریی دەبــێ دوایــن بێــت و هیچــی تــری بــەدوادا نەیــەت و رەفــزی هــەر بــەرەو لامەرکەزییــەت چوونێکــی تــر دەکەنــەوە. بــە توندیــی بەرهەڵســتی و دژایەتــی دەکرێــت. وێــڕای ئەمەیــش پارتییــە فرانکفۆنــەکان لەســاڵی ٢٠٠١دا موافەقەیــان کــرد لەســەر (بــە فیدرالیکــردن)ی کشــتوکاڵ، بازرگانیــی دەرەکیــی، هەنــدێ جــۆر و بەشــی یارمەتیــی و هاریکاریــی بــۆ دەرەوە، لــە تــەك ئیمزاکردنــی ژمارەیــەك قانوونــی خۆجێیــی (ناوچەیــی) و هەرێمایەتــی ســەبارەت بــە گۆڕینــەوەی پــارە بــۆ زیادکردنــی بــڕی یارمەتییــەکان بــۆ (کۆمەڵگــەکان).

هەروەهــا ئــەم باقــە نوێتریــن چاکســازییە دەســتوورییانە کــە بــە (رێککەوتننامــەی لامبەرمۆنــت- یــان ســانت- پۆلیــکارپ) نــاسراوە. خودموختاریــی دارایــی زێــتری بــۆ هەرێمــەکان دەســتەبەر کــردووە هەروەکــو گۆڕانکاریــی لــە بونیــادی ئاڵۆزکاویــی دەســتووریی هەرێمــی (برۆکســل)دا بــۆ ئــەوە بــوو کــە رێگــە نەدەنــە (فلامــز بلۆکــە٩ تونــدڕۆکان هەرگیــز ئــەو سیســتەمە سیاســییە ئــەوەی بەنــاوی رێکخســتنی لۆمبــارد ئەکــۆرد (Lombard acoord) ەوە نــاسراوە، لــەکاری بخــەن و بیوەســتێنن. نــەوەکا ناکۆکیــی و مشــتومڕێکی بــەردەوام ئــەو ١٢٠٠٠٠ ســەد و بیســت هــەزار فەرەنســیزمانانەی کــە لــە (فلاندەرز)نزیــك بــە ســنوورە

زمانییەکـە (هەرێمـی برۆکسـل) یـان لـە دەوروپشـتیدا دەژیـن، تێـوە بگلێنێـت و ئەوانیـش بگرێتـەوە.

ئـەم فەرەنسـیزمانانە سـوودی زۆر لـە (ئاسـانکارییە زمانەوانییـەکان) دەبینـن، کـە مانـای ئەوەیـە بـە بەرخزمەتگوزارییەکانـی شـارەوانیی دەکـەون کـە بابەتێکـی ئێجـگار پـڕ بایەخـە لـە وڵاتـی بەلژیـکادا، بـەو پێیـەی کـە شـارەوانیی هەمیشـە و بـە زۆری خاڵـی بەیەکگەیشـتنی هاوشـاریی و خزمەتـە فیدراڵیەکانـە. ئـەم واقیعـە هەمیشـە لـە جەرگـەی یـان لـە چەقـی چەنـدان ناکۆکیـی و مشـتومڕی دیکـەدا ئامادەیـی هەبـووە. بـەلای حزبـە فلەمیشییەکانیشـەوە ئـەو یارمەتیـی و ئاسـانکارییانە کاتـی و راگووزاریـن و چارەنـووس و سـەرەنجامی کۆتایـی ئـەو خەڵکـە فەرەنسـیزمانانە هـەر توانـەوە دەبێـت لەنێـو بۆتـەی کولتـووری زاڵـی فلەمیشـیدا. کەچـی پارتەکانـی فەرەنسـیزمانەکان لای خۆیانـەوە بـە تونـدی سەرزەنشـتیی ئـەم وەزعـە دەکـەن و ئاسـانکارییە زمانەوانییـەکان بەرێوشـوێنی جێگیـر و بـەردەوام سـەیر دەکـەن. ئـەم هەڵوێسـتە ناکـۆك و دژ بەیەکانـە ئەگـەری ئـەوەی بـۆ کێشـەی کەمینـەی فەرەنسـیزمانەکانی (فلانـدەرز) لێدەکەوێتـەوە کـە ببێتـە هـۆکاری دروسـتبوونی ناکۆکیـی و توندوتیژیـی و پێکـدادان لـە سیاسـەتی سـەردەمی ئێسـتەی بەلژیـکادا.

سـەرچاوەیەکی دیکـەی بارگرژیـی لـە سیاسـەتەکانی بەلژیـکادا لـە (فلامـز بلـۆك Vlaams bluk) ەوە دێـت کـە حزبێکـی نەتەوەپەرستیی ئەوپـەڕی راسـتڕەوە دژایەتـی (کۆچکـردن) دەکات و چوارچێـوە سیاسـییەکەی بەلژیـکا رەتدەکاتـەوە. ئـەو حزبـە (فلامـز بلـۆك) لـە رووی سیاسـییەوە لەپارتەکانـی دیکـەوە ئەوانـەی بەشـێوەیەکی گشـتیی بـە (نادیموکراتیـی) دایدەنێـن، وەلانـراوە. لـە هەمانکاتـدا پارتەکانـی فەرەنسـیزمانەکانیش وەك (فاشیسـت) ئامـاژەی پێدەکـەن، هەرچـی (فلامـز بلۆك)یشـە بـەوە بەرپەرچیـان دەداتـەوە کـە کۆشـش و هەوڵەکانـی حزبـە تەقلیدییـەکان لـە پێنـاو کپکردنـی دەنگـی ئەمانـدا بـە بەشـداریی (میدیـا)

و ئەکتــەرە سۆشیالیســتەکانی تــر لــەو پیلانەیانــدا نیشــانەی ئاشــکرای نەبوونیــی دیموکراســییەتە لــە بەڵژیــکادا و لــە بەرامبەریشــدا خۆیــی وەك نموونەیەکــی زۆر تایبەتمەندیــی گــەل دەخاتــەڕوو، وەکــو قارەمانێکــی دیموکراســیی کــە لایەنگیریــی تــەواو لــە راپرســیی و چاکســازیی پەرلەمانیــی و زۆر شــتی تــری لــەو بابەتــەوە دەکات. (فلامــز بلــۆك) پشــتگیریی دابەشــبوونی ئاسایشــی گشــتیی (سۆشــیال) دەکات وەلــێ ئــەوە رەتدەکاتــەوە کــە ئــەم هەڵوێســتەی نیشــانەی فەرامۆشــکردن و پشتگوێخســتنی فەرەنســیزمانەکان بێــت- بگــرە بــە پێچەوانــەوە بــە بۆچوونــی ئــەوان گۆڕانکارییەکــی لــەو شــێوەیە دەبێتــە هــۆکار و یاریــدەدەر بــۆ ئــەوەی فرانکفۆنــەکان پـتر بەرپرســیار بکرێنــو لــە مــاوەی دووریشــدا بــە ســوود و قازانجــی هەمــووان دەگەڕێتــەوە.

ئامانــج و مەبەســتی (فلامــز بلــۆك) لــە پێکهێنانــی ویلایەتێکــی ســەربەخۆی فلەمیشــیدا بەهەرحــاڵ ئەگــەری ســەرکەوتنی بــۆ نییــە، لەبــەر ئــەم هۆکارانــەی خــوارەوە:

١- بڕۆکسـل بـە زۆرینـە بەرفرەوانـە فەرەنسـیزمانەکانییەوە لـەوە دووتـرە کـە قوتبدرێـت بـەڵام لەبـەر هۆکارگەلـی تایبەتـی و مێژوویـی ناشـکرێ (موسـتەحیلە) دەسـتی لێهەڵبگیرێـت و فەرامـۆش بکرێـت.

٢- جودابوونـەوەی ویلایەتەکـە لەوانـە نییەلەلایـەن هاوپشـکە (هاوپەیـمان) ئەوروپاییەکانــی بەڵژیــکاوە پێشــوازیی لێبکرێــت.

٣- فلەمیشــییەکان بــە تەواوەتــی دامودەزگاکانــی هەرێمەکــەی خۆیانیــان کۆنــترۆڵ کــردوە، دەتوانــن هێــز و دەســەڵاتی زۆرتــر لەســەر ئاســتی نیشــتمانیدا بــەکار بێنــن. ئەمەیــش وەك دەرەنجامــی زۆرینەیــان لــە رووی ژمــارەوە و هەرەهــا:

٤- مانــەوەی هەســتی ئینتیــما و وڵاتپارێزینووســان بــە بەڵژیــکاوە لەنێــو هەریــەك لــە فلەمیشــی و فەرەنســیزمانەکاندا هــەر بەهێــزو بــەردەوام دەمێنێتــەوە، ســەرەڕای یاخــود لەوانەیــە لەبــەر پرۆســەی چــڕ و لــە ئەندامــە بــەدەری

لامەرکەزییـــەت بێـــت کـــە لەلایـــەن دەســـتەی هەڵبـــژاردە و پێشـــڕەوەکانییەوە نەخشـــەڕێژیی و جێبەجێکردنەکـــەی ئەنجـــام دەدرێـــت.

ژێدەر و سەرچاوە بۆ زانیاری پتر

1- Deprez, KAS and LOUIS VOS (eds) nationalism in Belgium. Shifting identities, 1780-1995 new York: st: martin (poks press 1998.

2- Fitzmaurice john the politics of Belgium, London hurts 1996.

3- Jacobs, dirk and marc swyngedouw, territorial and non territorial federalism: reform of the Brussels capital region, 2001 regional and federal studies vosl 13, no 2 (2003).

4- MC Rae Kenneth D conflict and compromise in multilingual societies Belgium, waterloo on. Wilfrid Laurie university press 1986.

## خشتەی (١)

## هێمای رامیاریی و جیوگرافییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | شاری پایتەخت | برۆکسل Brussels |
| ٢ | ژمارە و جۆری یەکە پێکهێنەرەکان | ٣ هەرێم: هەرێمەکانی فلەمیشی، والوونیا و برۆکسل (هەرێمی پایتەخت)<br>سێ کۆمۆنە: کۆمۆنەکانی فەرەنسی، فلەمیش و جەرمرمانیی. |
| ٣ | زمانە فەرمییەکان | زمانەکانی هۆڵەندیی، فلەمیشی، فەرەنسیی و جەڕمانیی |
| ٤ | رووبەر | رووبەر ٢٢٥٤٥ کم ٢ |
| ٥ | رووبەری گەورەترین یەکەی پێکهێنەر | هەرێمی والوونیا ١٦٨٤٥ کم ٢ |
| ٦ | رووبەری بچووکترین یەکەی پێکهێنەر | هەرێمی برۆکسلی پایتەخت ١٦٢ کم ٢ |
| ٧ | سەرجەم دانیشتوانان | ١٠٣٢٠٠٠٠ کەس (ساڵی ٢٠٠٢) |
| ٨ | رێژەی سەدەی دانیشتوانانی یەکە پێکهێنەرەکان ٪ | هەرێمی فلەمیشی ٥٧,٩٪ والوونیا ٣٢,٦٪ برۆکسلی پایتەخت ٩,٥٪ |
| ٩ | سیستمی رامیاریی- فیدراڵ | فیدرالیی پەرلەمانتاریی دیموکراسی، لە ژێر سایەی پاشایەتی دەستووریدا |
| ١٠ | سەرۆکی دەوڵەت- فیدراڵ | شا ئەلبەرتی دووەم |

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ | سەرەك وەزیران (گەی ڤێر هۆفشتاد (٢٠٠٣) فلەمیشییە لیبرالییەکان و دیموکراتەکان، سەرکردەی ئەو حزبەی زۆرترین کورسییەکانی بەدەستهێناوە، یاخود سەرکردەی هاوپەیمانیی زۆرینەی پەرلەمان لەلایەن پادشاوە بە سەرکەوەزیران دادەنرێت و دواتر پەرلەمان پەسەندی دەکات.<br>تێبینی: پێویستە کابینەکە لەژمارەی یەکسان لە فەرەنسیزمان و هۆڵەندیزمانەکان پێك بهێنرێت.<br>تێبینی: لە (١٣ی تەمووزی ٢٠٠٣)وە (VLD) فلەمیشییە لیبرالەکان و دیموکراتەکان حکومەتێکی هوبەندییە لە ئەندامانی هەر یەك لە (VLD) (بزاڤی چاکسازیخوازان (RM) (سۆشیالیست پارتی ئەندەرز SPA وسۆشیالیست پارتی دیفرەنت و سپیریت (Spa spirit) و هەروەها پارتی سۆشیالیست PS پێکهاتووە |
| ١٢ | بونیاد – پێکهاتەی حکومەت-فیدراڵ | جووت پەرلەمانیی: Upper House ئەنجوومەنی باڵا سینات: ٧١ کورسیی، ٤٠یان راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن و ٢١یان لە ئەنجوومنەکانی کۆمۆنەکانەوە دەهێنرێن (وەردەگیرێن) دەیان لە هەریەك لە ئەنجوومەنی کۆمۆنەی فلەمیشی و فەرەنسیی و یەکێکیشیان لە ئەنجوومەنی کۆمۆنەی جەرمانیەیوە دەی دیکەشیان لەلایەن سیناتۆرەکان خۆیانەوەدادەنرێن.<br>سیناتۆرەکان ماوەی چوارساڵ دەمێننەوە.<br>ئەنجوومەنی پایین Lower House خانەی نوێنەران ١٥٠ کورسی هەیە، ئەندامانی (٦٢) فەرەنسیزمان و (٨٨) هۆڵەندیزمان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەسەرپەرشتی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیی رێژەیی هەڵدەبژێردرێن بۆ خولێك کە ماوەکەی لە چوار ساڵان زیاتر نەبێت. |
| ١٣ | ژمارەی نوێنەران لە ئەنجوومەنی پایینی سەر بە حکومەتی فیدراڵ لە یەکەی پێکهێنەری خاوەن زۆرترین دانیشتوان | هەرێمی فلەمیشی ٧٩ کەس |
| ١٤ | ژمارەی نوێنەران لە ئەنجوومەنی پایینی سەر بە حکومەتی فیدراڵ لە یەکەی پێکهێنەری خاوەن کەمترین دانیتشوان | هەرێمی برۆکسلی پایتەخت ٢٢ کەس |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | دابەشکردنی دەسەڵاتەکان | دەسـەڵاتەکانی حکومەتـی نێوەندیـی (فیـدراڵ) ئـەم بابەتانـەی خـوارەوە دەگرێتـەوە.<br>ئاسایشـی کۆمەڵایەتیـی (سۆشـیال) یەکێتـی ئابووریـی، سیاسـەتی پـارەو دراو، گومـرگ و بـاج، بەرگریـی و کارەوبـارە نێودەوڵەتییـەکان، بازرگانیـی دەرەکـی، سیاسـەتی زانسـتی، کـۆچ و ئاوارەیـی، کاری بانـك، پـارە لێـدان، بیمـە (تەئمیـن) هێڵـی ئاسـن، پێوەندییـەکان و گەیانـدن، بیمـەی لەشسـاخیی، قـەردی گشـتیی، یاسـاو بڕیـار، هەرێمەکانیـش دەسـەڵاتی سەرپەرشـتی کردنـی ناوچـەکان و شـارەوانیەیکان پیـادە دەکـەن بێجگـە لـە دامەزراندنـی حاکمـی (پارێـزگاری) ناوچـەکان و (عومـدەکان) هەروەهـا بێجگـە لـە دانانـی پرەنسـیپ و ڕێنماییگەلـی ئۆپەرسـایۆنە سـەربازییەکان بـۆ هێزەکانـی پۆلیسـی شـارەوانییەکان چونکـە ئەوانـە بـە بەشـێك لـە دەسـەڵاتی فیـدراڵ (نێوەنـد) دا دەژمێردرێـن.<br>کەچـی هەرێمـەکان لـە بنەڕەتـەوە بەرپرسـیارن لەکاروبـارە کۆمەڵایەتـی-ئابووریـەکان واتـە: پلاندانانـی شاراسـتانیی، خانووبـەرە و نیشـتەجێکردن، ژینگـە، پەرەپێدانـی ئابووریـی، دامەزرانـدن) کۆمۆنەکانیـش بەرپرسـیارن لـە پـەروەردە، کاروبـاری ڕۆنشـبیری (کولتووریـی) و بایەخـدان بـە تەندروسـتی (بێجگـە لـە بیمـەی تەندروسـتی) |
| ١٦ | دەسەڵاتەکانی تر: | ئەو دەسەڵاتانەی کە دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ دەگەڕێتەوە |
| ١٧ | دادگەی دەستووری (باڵاترین دادگەیە کە لە بابەتە دەستوورییەکان دەکۆڵێتەوە | کۆردارببیـتراج (cour darbitrage) دوانـزدە دادوەرن پێکهێنـان لەسـەربنەمای ڕەچەلەکـی زمانەوانیـی (هۆلەندیـی و فەرەنسـیی) دەبێـت دادگەکـە دوو سـەرۆکی هەنـە یەکێـك لـە کۆمەڵگـە فەرەنسـی و ئەویـتر لـە کۆمەڵگـە هۆڵەندیـی و سـەرکردایەتییەکە بـە نـۆرە دەبێـت. |
| ١٨ | سیستمی رامیاریی یەکە پێکهێنەرەکان | کۆمەڵگـە گەلـی فلەمیشـی فەرەنسـیی و جەرمانیزمـان، هەرێمەکانـی والوونیـا و برۆکسـلی پایتەخـت هـەر یەکیـان ئەنجوومەنێکـی یاسـادانان و دەسـتەیەکی جێبەجێکردنیـان هەیـە کـە لەلایـەن ئەنجوومەنەکانـەوە لەخۆیانـەوە هەڵدەبژێردرێـن. |
| ١٩ | سەرۆکی حکومەتە یەکە پێکهێنەرەکان | ئەنجوومەنەکانـی یاسـادانانی هەرێمایەتـی، ئەندامەکانیـان راسـتەوخۆ بـۆ خولێکـی پێنـج سـاڵی هەڵدەبژێردرێـن. دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیـش لـە دەسـت حکومەتـی هەرێمدایـە |

## خشتەی دووەم (٢)
## هێما و ئاماژە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | (GDP) کۆی گشتی داهاتی ساڵانە | ٢٧٥,٥ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| ٢ | پشکی تاك لە داهات | ٢٦,٦٩٥ دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| ٣ | پەردی نیشتمانی (دەرەوە) | ٢٨,٣ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (١٩٩٩) |
| ٤ | قەردی لاوەکیی نیشتمانی | ١١,٤ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (حوزەیرانی ٢٠٠٣) |
| ٥ | ڕێژەی بێکاریی نیشتمانی | ٧,٦٪ ساڵی (٢٠٠٢) |
| ٦ | یەکەی پێکهێنەری خاوەن بەرزترین ڕێژەی بێکاریی | هەرێمی برۆکسلی پایتەخت ١٦,٤ ٪ |
| ٧ | یەکەی پێکهێنەری خاوەن نزمرین ڕێژەی بێکاری | هەێمی فلاندزەرز- ٥,٤٪ |
| ٨ | ڕێژەی خوێندەواری هەرزەکاران (تەمەنی سەرووی ١٥ ساڵ) | ٩٩٪ |
| ٩ | خەرجی نەتەوەیی لەسەر پەروەردە وەك ڕێژەی سەدی لە داهاتی گشتیدا | ٥,٩٪ |
| ١٠ | هیوای ژیان بە ساڵ | ٧٨,٥ ساڵ (٢٠٠١) |
| ١١ | داهاتی حکومەتی فیدراڵ لە گومرگ و سەرچاوەگەلی هاوپێوەند | ٦٤,٩ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٣) |
| ١٢ | داهاتی یەکە پێکهێنەرەکان لە گومرگ و سەرچاوە هاوشێوەکان | ٥,١ بیلۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| ١٣ | یارمەتییەکانی فیدراڵ بۆ یەکە پێکهێنەرەکان | ٢١,٢ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| ١٤ | میکانیزمەکانی هاوسەنگیی (یەکسانی) کردن | بەخششێکی بێ مەرج بە هەرێمەکان دەبەخشرێت تاوەکو کۆی (معدل) داهاتی تاکەکانیان لەسەرچاوەی باج و گومرگ بۆ ئاستی کۆی نەتەوەیی (نیشتمانیی) بەرز ببێتەوە. |

# ئەفریقیای باشوور

## نووسینی: جانیس ڤاندیر وێستهۆیزن (Janis van der westhuizen)

١- دیرۆك و پەرەسەندنی فیدرالیزم

ئەفریقیـای باشـوور کەوتۆتـە گۆشـەی هـەرە خـواروی کیشـوەری ئەفریقیـاوە و فەرمانڕەوایـی بەسـەر هەرێمـی باشـووری ئەفریقـادا دەکات و (نامبیـا، بۆتسـوانا، زیمبابۆێـی و مۆزنبیـق) هـاوس هـەرە نزیکەکانیـن و خۆیشـی بەتـەواوی دەوری (سـوازیلاند و لیزۆثـۆ)ی داوە.

رووبەرەکـەی (١٢١٩٠٩٠) کلۆمەتـر دووجـا و ژمـارەی دانیشـتوانەکانی دەگاتـە نزیکـەی (٤٣) ملیـۆن کـەس. لـە سـاڵانی نـەوەدەکان ٧٥,٢٪ رەشپێسـت و لـە سـەدا ١٣,٦٪ سـپی و ٨,٦٪ رەنـگ پێسـت و ٢,٦٪ یـان هیندیـی بـوون.

چەمکـی فیدرالیـزم لـە ئەفریقیـای باشـووردا پێشـتریش و ئێسـتەیش زۆر بـرەوی هەیـە، بـە لەبەرچاوگرتنـی بـە قوولیـی دابەشـبوونی لەمێژینـەی رەوتـی سیاسـەتکردنی وڵاتەکـەوە. چوارناوچـە و هەرێمـی بەریتانیایـی- موسـتەعمەرەی کاپ the cape colony و ناتـاڵ (پێشـتر لـە ژێـر کۆنترۆڵـی بەریتانیـادا بـوو)

کۆمارەکانــی (بوێــر) لــە ترانزڤائــال و دەوڵەتــی ئــازادی ئۆرەنــج- بەپێــی (قانوونــی ئەفریقیــای باشــوور) کــە ســاڵی ١٩٠٩ دا ئەفریقیــای باشــوور بــووە دۆمینیۆنێکــی خودموختــار لەنێــو کۆمۆنوێلســی بەریتانیاییــدا.

یەکگرتنەوەکــە لــە چارەســەرێکی مامناوەندیــی بــوو. بــەڵای ئەفریکانۆکانــەوە ئــەوە ســەربەخۆیی زیاتــر و بێهێزکــردن و کەمکردنــەوەی دەســەڵاتەکان و کاریگەریــی ئیمپریالیزمــی بەریتانیــی دەگەیانــد. بەریتانییەکانیــش پێیانوابــوو یەکێتــی یەکــە کاریگەریــی ئەمــان بەهێزتــر و پتەوتــر دەکا و دەســەڵاتەکانیان دەچەســپێنێ. لەســەرەتادا یەکگرتنــی ســاڵی ١٩١٠ ئەفریقیــای باشــوور بــە روونــی گشــت بەهانەکانــی فیدرالیزمــی رەتکردنــەوە. لــەو کاتــەدا یەکێتییەکــە وەك پێکهاتــن و رێکخســتنەوەی بەرژەوەندیــی ئەفریکانــۆکان و بەریتانییــەکان ســێبەری خــۆی خســتبووە ســەر پێوەندییــە نەژادییەکانــی نێــوان ســپییەکان و رەشپێســتەکانەوە. لــە راســتیدا پرۆســەی دامەزراندنــی یەکێتیەیکــە یارمەتیــدەری هێرشــە درێژخایەنەکــە بــوو لــە دژی مافــە سیاســییەکانی ئەفریکانــۆ رەشپێســت و رەنگاورەنگەکانــی ئەفریقیــای باشــوور. ئەگەرچــی یەکێتیەیکــە ســەرەتاییەك بــوو بــە ئاراســتەی یەکخســتنەوەی بەرژەوەندییەکانــی ئەفریکانــۆکان و بەریتانییــەکان، بــەڵام نەیتوانــی ئەفریقیــای باشــورو (یەکگرتــوو) بــکات چونکــە زۆرینــەی رەشپێســتەکان لــە بەشــداریکردن لــە سیاســەت بەدەرنرابــوون. ئەمەیــش دواتــر هەتــا ســاڵەکانی نــەوەدەکان لــە مێــژووی ئەفریقیــای باشــووردا رەنگیداوەتــەوە.

بــە پەیدابوونــی دەوڵەتــی خــاوەن سیاســەتی رەگەزپەرســتیی و جیــاکاری دژی رەشپێســتەکان ســاڵی ١٩٥٠ دەســەڵات تــا دەهــات زیاتــر لــە چــوار دەڤەرەکانــی (ترانزڤائــال، ئۆرێنــج فــری ســتەیت، نتــال و کاپ)دا کۆدەبــووە کــە بــە شــێوەی یەکەگەلــی ئیداریــی تایبــەت بــە (ســپی پێســتەکانی) ئەفریقیــای باشــوور بوونیــان هەبــوو. نیشــتمانە نەژادییــەکان کــە بــە (بانتوســتان) ناودەبــران، هەروەکــو داگیرکــراوی دەســتووری یــان پاشــکۆی ناســەرەکیی ســەیر دەکــران لــە چــوار

(ویلایەتـی بەناوسـەربەخۆ) پێکهاتبـوو، ئەویـش بریتـی بـوون لـە (بۆفۆتسـوانا، ڤێنـدا، سـیکای و تراتسـکای) سـەرباری شـەش (ناوچەگەلـی خودموختـار) ئـەم قەوارانـە لەسـەر دڵـی ئـەوە راوەسـتاون کـە بـە (ئەپارتایـدی مـەزن) ناوبانگـی دەرکردبـوو، چونکـە لـە رێگـەی ئـەم دەڤەرانـەوە هێڵـە خێڵەکییـەکان دیاریکرابـوون کـە وادانرابـوو گوایـا رەشـەکانی ئەفریقیـای باشـورو بۆیـان هەبـوو مافـە شارسـتانییەکان و مافـی دەنگدانیـان تیـادا پیـادە بکـەن، لـە راسـتیدا واتـای ئـەوە بـوو کـە کەمێـك زیاتـر لـە کرێـکارە میوانـەکان) ئەوانـەی بەشـێوەیەکی کاتیـی لـە ئەفریقیـای باشـووری (سـپی)دا نیشـتەجێبوون سـوودیان لـەو مافانـە وەردەگـرت.

سـەرباری (گرانـد ئەپارتهایـد) (پیتـی ئەپارتهایـدی بچـووك) کـە بریتـی بـوو لـە تۆڕێکـی بەربـڵاوی کۆنترۆڵـی دەوڵـەت و بەوهۆیـەوە هەمـوو لایەنێکـی ژیانـی رۆژانـە لـە نێـوان رەگـەزە جیاوازەکانـی دانیشـتووی ئەفریقیـای باشـووردا لێـك جوداکرابوونـەوە، کـە ئەمانـەی دەگرێتـەوە، گواسـتنەوە، شـوێنەکانی نیشـتەجێبوون، زانکـۆکان، دەروازەی دوکانـەکان، شـوێنە گشـتییەکانی رابـواردن و کات بەسـەربردن و تەنانـەت سـێکس و هاوسـەرگیریش.

بەهەرحـاڵ تەنهـا نرخێـك کـە هەوڵێکـی ئاوەهـا چڕلەسـەر ئەنـدازەی کۆمەڵایەتـی لەتـەك بـێ توانایـی رژێمـی فەرمانڕەواییـدا بـۆ (فەراهەمکردنـی دەرفەتـە جـوداواز، بـەڵام یەکسـانەکانی) ژیـان بـۆ رەشپێسـتەکانی ئەفریقیـای باشـورو سـەرەنجام بـە دارمانـی و (سـەرنەگرتنی) سیاسـەتی (ئەپارتهایـد) کۆتایـی هـات.

پرۆسـەی شارنشـین کـردن بـە هەمـان هێـز بـەردەوام بـوو کـە بەهۆیـەوە بیرۆکـە و چەمکـی گرانـد ئەپارتهایـدی کـردە تەنهـا ئەندێشـە و چیرۆکێکـی خەیاڵـی.

جـا کـە دانیشـتوانە رەشـەکانی ئەفریقیـای باشـوور گیـرۆدەی هەژاریـی،

بێکاریــی و خواســتی ســەرفرازیی بوبــوون، ناڕەزایــی کۆمەڵایەتــی بــە درێژایــی ســاڵەکانی شەســتەکان و حەفتــاکان و هەشــتاکان بوونــە هــۆی ریســواکردنێکی نێونەتەوەیــی و لاتەریــك خســتن و ئابلوقــە لەســەردانان کــە دەرەنجــام کزبوونــی گەشەســەندنی ئابــووری لێکەوتــەوە. بــۆ رووبەڕووبونــەوەی بازنــەی ناڕەزایــی نێودەوڵەتیــی، بێکاریــی و هەڵچوونــی کۆمەڵگــە، ئێــف، دەبلیــۆ دی کلێــرك F.W de klerk دوا ســەرکۆماری دەوڵەتــی ئەپارتهایــد قەدەغــەی لەســەر کۆنگــرەی نیشــتمانیی ئەفریقیــای (ANC) و بزووتنــەوە جەماوەرییــە سیاســییەکانی دیکــەی هەڵگــرت. ئەمــەش پرۆســەیەکی هێنایــە ئــاراوە کــە ئازادکردنــی نلســۆن ماندیــلای لــە بەندیخانــە و گفتوگــۆی بــە ئاراســتەی دەســتوورێکی کاتیــی و هەڵبژاردنــی دیموکراتیــی لێکەوتــەوەو دەرەنجــام حکومەتێکــی هاوپەیمانیــی لــە ژێــر دەســتووره کاتییەکــەدا دامەزرێــنراو، پەرلەمانێکــی بــە دیموکراتیــی هەڵبژێــردراوی وەك ئەنجوومەنێکــی دەســتووری لــێ هاتــە کایــەوە بــۆ ئەویــە دەســتووره نوێیەکــە دەربچوێنێــت و لــە ســاڵی ١٩٩٦دا دەســتوورێکی تــازە پەســەند بــکات.

گریــمان سیاســەتی ئەپارتهایــد هەندێکــی لەســەر شــێوەیەکی فیدرالیســتیدا پاســاوی هەبووبێــت، ئــەوا فیدرالیــزم ســەرباری هەنــدێ ناڕەزایــی لەلایــەن زۆرانــەوە هــەر بەچــاوی پڕبایەخــەوە ســەیر کــراوە لــە مــاوەی قۆناغــی گواســتنەوەی رامیاریــی ئەفریقیــای باشــووردا لەســەرەتای نەوەدەکانــدا. بەتایبەتــی ئەندامانــی (ANC) چەنــد پێشــنیازیان بــۆ حکومەتــی بەهێــزی هەرێــم وەك شــێوەیەك لــە ئەپارتهایــدی تــازە بابــەت لێکدایــەوە، بەتایبەتیــش چونکــە حزبــی نیشــتمانیی دەســەڵاتدار بــووە گەرمتریــن پاڵەوانــی فیدرالیــزم لەگــەڵ هەڵمەتــی گۆڕانەکــەدا. پارتــی (ANC) و هاوپەیمانەکانــی لــەوە دەترســان سیســتەمێکی فیدراڵیــی بــە پێدانــی دەســەڵات بــە ناوچــەکان بــۆی هەبــێ دەســەڵات بەشــێوەیەکی دیــار پــەرش و بێهێــز بــکات، بەوەیــش توانــای حکومەتــی ناوەنــد بــۆ خســتنەکاری میکانیزمەکانــی دروســتکردنەوە و پەرەپێدانــی ســەردەمی دوای ئەپارتهایــد زۆر

کەمکاتــەوە.

پشــتیوانی لێکردنــی فیدرالیــزم لــە زۆرلایەنانــەوە هــات. بێجگەلــە حزبــی نیشــتمانیی و حزبــی دیموکراتــی کــە پارتێکــی لیــبرال دیموکــرات بــوو، پارتــی ئازادیــی ئینخاتــا (Inkhata freedom party) کــە هەمیشــە خــۆی وەك تاکــە پارێــزەر و بەرپرســی بەرژەوەندییــە سیاســییەکانی گەلــی (زۆلــۆ) (Zulu) دەناســێت، ئەمەیــش داوای خودموختارییەکــی پەرەســەندووی دەکــرد بــۆ هەرێمــی (کوازولــو- ناتــاڵ) (kwazulu- natal) کــە (زولــوەکان) تیایــدا زۆرینــەی ئەتنــی پێکدێنــن و تەنانــەت داوای مافــی بڕیاردانــی چارەنووسیشــیان کــردووە، بــە هەمــان شــێوە گروپێکــی بچکۆلانــەی ئەفریکانــۆی رادیکالــی کــە خوازیــاری مافــی زیــادەن بــە دەنگــی بــەرز دروشــمی دروســتکردنی (ڤۆڵکشــتات) یــان وەك نیشــتمانێکی تایبــەت بــە ئەفریکانــۆ ســپی پێســتەکان بەرزکردبــۆوە. لــە راســتییدا لەیــەك نزیکبوونــەوەو یەکگرتنەکــە وێــڕای جوداوازیــی بەرچــاوی بیروبــاوەڕ (ئایدیۆلۆژیــی) نێــوان پێکهاتــەکان ســەبارەت بــە بەرژەوەندییەکانیــان لــە ئۆتۆنۆمییــدا، ســەرەنجام هاوپەیمانییەتێکــی نامەرکەزیــی رێکوپێکــی لەمــاوەی پرۆســەی گفتوگۆکانــدا لێکەوتــەوە کــە بــووە هــۆی پەرەپێــدان و زیادبوونــی توخمەکانــی فیدرالیزمــی لــە دەســتوورەکەی ئەفریقیــای باشــووردا. لــە هەمووشــی گرنگــتر پارتــی نیشــتمانیی- نوێنــەری زۆرینــەی ســپی پێســتەکان و (رەنــگ پێســتەکانیش کــە تــا دەهــات زیاتــری دەکــرد) وای بــۆ دەچــوو کــە فیدرالیــزم و لەگەڵیشــیدا قانوونــی مافــەکان چاودێــر و جلەوگیرێکــی گرنــگ دەخاتــە ســەر زێدەڕۆیــی و خــراپ بەکارهێنانــی هێــز و دەســەڵات لــە رێگــەی حکومەتێکــی تــازەی زۆرینــەوە.

پرۆســەی وتوویــژەکان کــە بــە توندیــی دوژمنایەتیــی و هەڕەشــەی راگرتنــی لێدەکــرا، ســەرەنجام تەنگوچەڵەمەکــە کــە بــە پێشــنیازێکی (ئــاداری ســاڵی ١٩٩٣) دامرکایــەوە کــە لــە (راپۆرتێکــی متمانەیــی بــۆ پارتییــە سیاســییەکان) داهاتبــوو کــە (براڤــی راوێژکاریــی بازرگانیــی) ئامــادە و پێشکەشــی کردبــوو. پێشــنیازەکە

(٣٤ پرەنسـیپە دەسـتوورییەکان)ی خسـتبوونەڕوو بـۆ ئـەوەی ئەنجوومەنـی دەسـتورورییە بەشـێوەیەکی دیموکراسـیی هەڵبژێردراوەکـە پەیڕەویـان لـێ بـکات لەکاتـی دانانـی دەسـتووریی کۆتاییـدا. هـەرە گرنگترینیـان داواکاریـی لـە هـەر دوو ئاسـتی حکومەتـە (نیشـتمانیی و هەرێمایەتـی) لەخۆگرتبـوو کـە هـەردوو دەسـەڵاتە تایبەتـەکان و گشـتگیر و دەسـەڵاتە هاوبەشـەکان هەبێـت (پرەنسـیپی ١٩) و لـە هەمانکاتـدا، ڕووناکیـی زۆری دەخسـتە سـەر پرەنسـیپی یاریـدەدەری ئـەوەی دەڵێـت بڕیـارەکان پێویسـتە لەسـەر هـەر ئاسـتێك کـە هـەرە (بەرپرسـیار و پاسـاو دراوە) وەربگیرێـن (پرەنسـیپی ٢٠).

زۆربـەی توێـژەرەکان وایدەبینـن کـە دەسـتووری ئەفریقیـای باشـوور بەشـێوەیەکی سـەرەکیی فیدراڵییـە بەتایبەتـی لەسـەر شـێوەی مۆدێلـی فیدرالیزمـی یەکگرتـووی جەرمانیـی (ئەڵمانیـی) دارێـژراوە کـە چوارچێوەیەکـی یاسـازیی و یەکگرتنێکـی یەکسـانی نەختـێ توندوتۆڵـی لـە نێـوان حکومەتەکانـی نێوەنـد و هەرێمەکانـدا هەیـە لـە ڕێگـەی بۆندسـترات (bundestrat) ەوە جێبەجێکـراوە، بـە واتایەکـی تـر، ئەگەرچـی هەرێمـەکان بـە تەواویـی بەشـداری لـە دارشـتنی ئـەو سیاسـەتانە دەکـەن کـە پێوەندییـان بـە ناوچەکانـەوە هەیـە، بـەڵام بڕیـاری کۆتایـی هـەر بـۆ حکومەتـی ناوەندیـی دەگەڕێتـەوە.

٢- مەرج و بەندە دەستوورییەکانی پەیوەست بە فیدرالیزم

کۆمـاری ئەفریقیـای باشـوور دیموکراتییەکـی پەرلەمانتارییـە کـە سـەرۆکێکی هەیـە سـەرۆکی حکومـەت و لـە هەمانکاتـدا سـەرۆکی دەوڵەتیشـە.

ئـەو سیسـتەمە سـەرۆکایەتییە پەرلەمانتارییـە تێکـەڵاوە و دەسـتوورەکەی لـە ١١ی ئۆکتۆبـەری ١٩٩٦دا کاری پێکـراوە. دەسـتوورەکەی سـاڵی ١٩٩٦ دابڕانێکـی یەکلایەنـەی تـەواو بـوو لـە پرەنسـیپی دەسـەڵاتدارییەتی پەرلەمانیـی سـەر بـە بەریتانیـاوە، ئەوەیـش بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەو سـنوورانە دەگەڕێتـەوە کـە دەسـتوورەکە سـەپاندوویەتی.

دەستووری ئەفریقیای باشوور (بەتایبەتی قانوون و لیستی مافەکان) بەیەکێك لە هەرە پێشکەوتخوازەکان لە دنیادا دەژمێردرێت.

ژمارەیەك بەندی تایبەتی بۆ چەندین کۆمیسیۆن و فەرمانگەکان دادەنێت (بەشی ٩) کە ئەمانە دەگەڕێتەوە وردبینی گشتیی (بەشی ٢٨٨) پارێزەر یان (وەسیی) گشتیی (بەشی ١٨٢) کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ (بەشی (١٨٤) کۆمیسیۆنی یەکسانیی نێرومێ (بەشی ١٨٧) کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن (بەشی ١٩٠) کۆمیسیۆنێك بۆ پەرەپێدان و پاراستنی مافەکانی کۆمەڵە کەلتووریی، ئایینی و زمانییەکان (بەشی ١٨٥) هەروەها دەسەڵاتی سەربەخۆی پەخش و بڵاوکردنەوەی رادیۆ و تەلەڤزیۆن (بەشی ١٩٢).

بەپێی دەستوورەکەوە یەکێتییەکی فیدرالیی لە نۆیەکەی پێکهێنەر دامەزرێنراوە کە ئەم دەڤەرانەن (کوازولو- ناتانل، گاوتینگ، فریی ستەیت، کاپی خۆرئاوا، کاپی خۆرهەڵات، لیمپۆپۆ، خۆرئاوای باکوور، کاپی باکوور و مپومالانگە (بەشی ١٠٣).

جیا لە زۆربەی فیدراسیۆنەکان لە دابەشبوونی قووڵی کۆمەڵگاندا، تخووبە هەرێمایەتییەکان لەسەر بنەمای تخووبی خێڵەکی یان رەگەزایەتی نەکێشراون، بگرە پێویستییە سیاسییەکان رەچاو کراون بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاقیکردنەوەی هاوشێوەکانی رابردوو.

دەستوورەکە دان بە حکومەتەکانی سێ ناوچەی دەسەڵات دادەنێت (بەشی ٣)ی دەستوورەکە بەکارهێنانی زاراوەی (ئاستی حکومەت)ی رەتکردەوە. بەرەسمیی ناسینی حکومەتی خۆجێی وەك ناوچەیەکی دەسەڵاتی دەستووریی لە ئەفریقیای باشووردا جیاوازیی هەیە لەگەڵ نموونەکانی زۆران فیدراسیۆندا، ئەوانەی حکومەتە خۆجێیەکانیان دەکەونە بەر حوکم و دەسەڵاتی یەکە پێکهێنەرەکانەوە.

دەستوورەکەی ١٩٩٦ بۆ ئەوە داهێنراوە کە زیاتر پەرە بە مۆدێلێکی

فیدرالیزمـــی هەرەوەزیـــی بـــدات تـــا یەکێکـــی بەربەرەکانـــێ و رکابـــەر. بۆیـــەکا حکومەتـــە ناوچییـــەکان داوایـــان لێدەکرێـــت بـــە گوێـــرەی دەق و رۆحـــی پرەنسـیپەکانی حکومەتـی هەرەوەزیـی رەفتـار بکـەن وەك لەبەشـی (بەنـدی ٣) دەسـتوورەکەدا هاتـووە. لـە یـەك جوداکردنەوەیەکـی چەسـپاوی کارو و ئەرکـەکان لـە نێـوان مـەودای دەسـەڵاتەکانی حکومەتـدا بوونـی نییـە ئەمەیـش بەروونیـی لەلایـەن (ئەنجومەنـی هەرێمـەکان)ەوە پێشـنیاز کـراوە، کـە بەرژەوەندییەکانـی حکومەتـی نیشـتمانیی و هەرێمایەتـی و خۆجێییەتـی تیایـدا یەکدەگرنـەوە.

لەگــەڵ ئەوەشــدا پرەنسـیپی حکومەتـی هەرەوەزیـی زیـان بـە ئۆتۆنۆمـی هەرێمایەتـی ناگەیەنێـت. بـۆ نموونـە هـەردوو هەرێمـی (کاپـی خۆرئـاوا و کوازولۆناتـال) مافـی دارشـتنی دەسـتووری تایبەتـی هەرێمایەتـی خۆیانیـان بەکاربـردووە (بەشـی ١٠٤) ئەوەیـش تەنهـا بـە پەسـەندکردنی پێشـەکی لەلایـەن (دادگـەی دەسـتورویی)یەوە (بەشـی ١٤٤) تەنانـەت دەبـێ ئەوەیـش بزانرێـت کـە دابەشـکردنی مافـی پێدانـی دەسـەڵات لـە حکومەتـی نێوەنـدەوە کـە پێوانـە و نموونـە گشـتیەیکان دادەنێـت و لەوانەیـە پێوانـە نموونەییەکانـی هەرێمایەتـی، کـە دەبێتـە مایـەی هەڕەشـەکردن لـە یەکێتـی نیشـتمانیی و پێوانـە نیشـتمانییەکان، پووچەلکاتـەوە. لیسـتێکی ئێجـگار کورتـی دەسـەڵاتە تایبەتییەکانـی هەرێمایەتـی هەیـە، وەك (کوشـتارگەکان) (قەسـابخانە)، پلاندانانـی ناوچەیـی، رێگاوبـان، وەرزش، کاروبارەکانـی سـەر بـە کەلتـوور و ڤێتێرنەریـی- خزمەتگوزاریـی بەیتەریـی) لـە بـوارە هەسـتیارترەکانی تـردا دەسـەڵاتەکان هاوبەشـن و بـەم شـێوەیە هـەردوولا بۆیـان هەیـە یاسـازییان بـۆ بکـەن هەرچەنـدە هەمدیـس قانوونـی نیشـتمانیی (فیدرالیـی) سەرپشـکە لـەو بابەتانـەدا کـە ناتوانـرێ بەشـێوەیەکی کاریگەرانـە لەلایـەن هەرێمەکانـەوە بەڕێـوە ببرێنـن یـان پێویسـتیان بـە یەکجۆریـی و نەگـۆڕان هەیـە بـۆ ئـەوەی کاریگـەر بـن.

ئەفریقیـــای باشـــوور پەرلەمانێکـــی جـــووت ئەنجوومەنـــی هەیـــە لـــە

(ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی) و (ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی هەرێمــەکان) پێکهاتــووە کــە بــارەگای هەردووکیــان لــە شــاری کێــپ تــاون (Cape town)دان بەشــی (٦) ٤٢). (ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی)یەکە لــە ٤٠٠ نوێنــەر پێکدێــت کــە لەســەر بنەمــای نوێنەرایەتیــی ڕێژەیــی و سیســتەمی لیســتی پارتایەتــی هەڵدەبژێردرێــن (بەنــدی چــوارەم، بەشــی ٦٠-٧٢) ئــەو (ئەنجوومەنــە نیشــتمانییە) وەك ئەنجوومەنێکــی پلــە خوارتــری بــە دیموکراتیــی هەڵبژێــردراو، پێویســتە لەســەری (حکومــەت لەلایــەن خەڵکــەوە لــە ژێــر ســەروەریی دەســتووردا) دابیــن و مســۆگەر بــکات.

شــتێکی هەندێــك نائاســاییە کــە دامــودەزگا کارگێڕییــەکان و یاساســازییەکان لــە شــارگەلی جــوداوازان، وەلــێ ئەگەرێکــی زۆر بەهێــز لــە ئارادایــە کــە (پەرلەمــان) بچێتــەوە بــۆ پایتەختــی کارگێڕیــی (بریتۆریــا)وە بــۆ ئــەوەی خەرجییەکانــی پــەرش و بڵاوبوونــی پێتەختــەکان کــەم بکرێنــەوە.

ئەنجوومەنــی باڵاکــە لەســەردەمی دەســتووری کاتیــدا پێیدەگوتــرا (ســینات) (The senate) وەلــێ لــە دەســتوورەکەی ســاڵی ١٩٩٦دا نــاوی بۆتــە ئەنجوومەنــی نیشــتمانی هەرێمــەکان. ئــەم ئەنجوومەنــە لــە (٩٠) ئەنــدام پێکدێــت نوێنەرایەتیــی بەرژەوەندییــە تایبەتەکانــی هــەر (٩) هەرێمــەکان دەکــەن و بەتەنــگ ئــەوەوەن کــە دڵنیابــن ئــەم بەرژەوەندییانــە لەلایــەن حکومەتــی ناوەنــدەوە زیانیــان پــێ نــاگات (بەشــی ٤٢/٤) ئەوەنــدەی پێوەندیــی بەکاروبــاری داراییــەوە هەیــە هەرێمــەکان بۆیــان هەیــە پشــکی داهاتــی بــاج و گومرگــی میریــی دیاریکــراوی خۆیــان زیــاد بکــەن. هەروەهــا دەســەڵاتی وەرگرتنــی زۆر کــەم قەردیــان پێــدراوە (بەشــی ٢٣٠) یاســا بنەڕەتیەیــکان لــە دەســتوور و هەروەهــا (قانوونــی پێوەندییــە داراییەکانــی نێــوان حکومەتەکانــدا) چەســپێنراون کــە یەکەمجــار لــە بودجــەی ســاڵی ١٩٩٩دا کاری پێکــرا. فیدرالیزمــی داراییــی لــە بــواری دابەشــکردنەوە ئێجــگار مەرکەزییــەت پێــڕەو دەکات، بــە ڕەچاوکردنــی فاکتەرگەلــی داراییــی وەك پێداویســتییەکانی حکومەتــی نیشــتمانیی (نێوەندیــی) و هێــزی چەکــداری حکومەتــە ناوچەییــەکان

و هەروەهــا پێویســتیی زاڵبــوون بەســەر نایەکســانیی دەســکەوت و داهــات (لــە نێــوان هەرێمــەکان)دا. بەشــی G) (٢) /٢١٤، (کۆمیســیۆنی ســامان ودارایــی) بــۆ ئــەوە دامەزرێــنراوە تــا رێنمایــی لەمــەڕ دابەشــکردنی بودجــەوە پێشــکەش بــکات بەشــی (٢٢٠) (بەشــی ٢٢٧) بــۆ هــەر هەرێمێــك بەشــێكی وەك یەكــی رەوا لــە داهاتــی نەتەوەیــی دابیــن دەکات کەچــی، بەپێــی (بەشــی ٢) (٢٢٧) دەســتکەوت و داهاتــی زیــادە و ســەربار کــە هەرێمــەکان یــان شــارەوانییەکان بەدەســتیان دێنــن نابــێ لــە پشــکی ئــەوان لــە داهاتــی نەتەوەیــی یــان هــەر بەشــێکی دیکــەی تــر کــە لــە داهاتــی حکومەتــی نیشــتمانییەوە بۆیــان بڕابێتــەوە کــەم بکرێتــەوە.

دەســتوورەکە رێوشــوێنی رون و ئاشــکرای تێدایــە ســەبارەت بــە چارەســەرکردنی کێشــە دەســتوورییەکان (بەنــدی هەشــتەم) ســەرباری پرەنســیپی حکومەتــی هــەرەوەزکار، ســەرجەم بەشــەکانی حکومــەت لەســەریانە هەمــوو توانایەکــی گونجــاو بخەنەگــەڕ بــۆ چارەســەرکردن و نەهێڵانــی هــەر گرفــت و کێشــەیەك لــە رێگــەی وتووێــژ و گفتوگــۆی نێــوان حکومەتەکانــەوە. (بەشــی ٣) ٤١). هەروەهــا بەکارهێنانــی هەمــوو شــێوازێك بــەر لەگەیاندنــی کێشــەکە بــە دادگــە بــۆ یەکلاکردنــەوەی. دادگــەکان بۆیــان هەیــە ئــەو جــۆرە کێشــانە بگەڕیننــەوە بــۆ بەشــە جوداوازەکانــی حکومــەت ئەگــەر پێیانوابــوو لــەم رووەوە هــەوڵ و تەقــەلای پێویســت نــەدراوە، (بەشــی ٤) (٤١). جــا ئەگــەر دادگەیەکــی یاســا نەیتوانــی کێشــەیەك چارەســەر بــکات ئــەوا یاســای نیشــتمانیی بەســەر قانوونــی هەرێــم یــان دەســتووری هەرێمــدا زاڵ دەبێــت لــەو حاڵەتانــەدا کــە ناکۆکییەکــە لەســەر لێکدانــەوە و بۆچوونــی یاســاییدا بێــت. (بەشــی ٣) ١٤٦، بەشــی (١٤٨).

لەگــەڵ ئەوەشــدا دادگــەی دەســتووریی وەك باڵاتریــن دادگــەی پەیوەســت بەکاروبــار و بابەتــە دەســتوورییەکان، خاوەنــی دوا بڕیــارە لەبــارەی ئــەو کێشــانەی حکومەتەکانــی ناوەنــد و هەرێــم و خۆجێیەتــی تێیانــەوە گلاون (بەشــی ١٦٧) دادگەکــە لەســەرۆکێك و جێگیرێــك و نــۆ دادوەری دی پێکدێــت (بەشــی ١) (١٦٧)

و بابەتــەکان پێویســتە لانــی کــەم ٨ دادوەر بیانبینــن. دادگــەی دەســتووریی بڕیــار لەســەر ناکۆکییەکانــی نێــوان دەزگەکانــی دەوڵــەت و هەروەهــا لەبــارەی کێشــەکانی پەیوەســت بــە دەســتووریی بوونــی هــەر قانوونێکــی هەرێمایەتــی یاخــود پەرلەمانیــی یــان هەموارکردنــی دەســتوور دەدات بەشــی (٤) (١٦٧). ئــەم بابەتانــە دەکــرێ راســتەوخۆ بدرێنــە دادگــەی دەســتووریی لەلایــەن هەرکەسێکەوە چونکــە ئــەوە لــە بەرژەوەندیــی داد دایــە و بــە ئیجــازەوە رەزامەندیــی دادگــەی دەستووریشــە (بەشــی (٦) (١٦٧). رێبازگەلــی نەگــۆڕ و چەســپی و دەبــێ پەیــڕەو بکرێــن بــۆ ئەنجامدانــی گۆڕیــن و هەموارکردنــی دەســتووری (بەشــی ٧٤).

ئــەم گۆڕانکارییانــە دەکــرێ بــە گوێــرەی پێنــج بابــەت پۆلیــن بکرێــن، کــە پلــەی چەســپیوی جوداوازیــان هەنــە. جــا لەبــەر ئــەوەی ناتوانرێــت ئەمانــە گشــتیان لێــرەدا بــە دوورودرێــژی بــاس بکرێــن، بــە کورتــی ئامــاژە بەوەدەکەیــن کــە گۆڕیــن لــە دەســەڵاتە چەســپاوەکانی دەســتوور خــۆی تەنهــا بــە یاســایەك دەکرێــت کــە لانــی کــەم ٧٥٪ لەســەدای ئەنجومەنکــە (لەگــەڵ) پشــتگیریی لانــی کــەم شــەش لــە هەرێمــەکان لــە نێــو (ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی هەرێمــەکان)دا پەســەندیان کربێــت. قانوونەکــەی مافەکانیــش – بابەتــی دوو گۆڕانکاریــی- تەنهــا دەکــرێ هەمــوار بکرێــت لەلایــەن لانــی کــەم ٣/٢ دوو ســێیەکی (ئەنجومەنەکــە) و بــە پشــتگیریی لێکردنــی لانــی کــەم شــەش لــە هەرێمــەکان لــە (ئەنجومەنــی نیشــتمانیی هەرێمەکانــدا) بەشــی (٢) (٧٤).

گۆڕینــی دیکــە کــە (١) پەیوەســتن بــە ئــەو بابەتانــەی کار لــە ئەنجوومەنــی نیشــتمانی هەرێمــەکان دەکــەن. یاخــود (٢) ســنووره هەرێمایەتییــەکان، کاروئەرکــەکان، یــان دەزگــەی و کۆمەڵــە یاســا و پەیــڕەوەکان دەگــۆڕن، یــان (٣) هەموارکردنــی ماددەیــەك کــە بەشــێوەیەکی تایبەتــی پەیوەســت بــێ بەکاروبابەتێکــی هەرێمایەتییــەوە، ئەوانیــش پێویســتیان لانــی کــەم بــە پشــتگیریی دوو ســێیەکی ٣/٢ نیــو (ئەنجومەنەکــە) هەیــە لەگــەڵ پشــتگیری لێکردنــی بەکەمــی

شـەش لـە هەرێمەکانـی نێـو (ئەنجومەنـی نیشـتمانی هەرێمـەکان)دا.

پێزانیـن و داننـان بـە رۆڵـی دەسـتوریی سـەرکردە تەقلیـدی و دێرینـەکان و هەروەهـا بەمافـی بڕیاردانـی چـارەی خۆنووسـین (بەشـی ٢٣٥) نیشـانەیەکی تایبەتـی سـەیر و سەرنجڕاکێشـی دەسـتووری ئەفریقیـای باشـوورە.

دەسـتوورەکە دەرك بـەوە دەکات و دەیسـەلمێنێ کـە دەسـەڵاتی تەقلیدیـی دێریـن پێـش هاتنـی ئیسـتعماری (داگیرکـردن) ئەوروپـی بـۆ ئەفریقیـای باشـوور دەکەوێتـەوە. بـۆ باشـترکردنی ئـەو گرژییـە هەسـتپێکراوەی کـە لـە زۆر پابەندبوونـی خۆماڵیـی ئەفریقیـا بـە تەقلیـدە کۆنـەکان و سرووشـتە پاتریارکییـە زۆردراییەکەیـەوە سـەرچاوە دەگرێـت لەلایـەك و هەڵوێسـتو خوونەریتیـی کۆمەڵـی نەتەوەیـی دیموکراتیخـواز و مۆدیـرن و یەکسـانیخوازی دەسـتوورەکە لەلایەکـی تـرەوە، (ئەنجوومەنێکـی سـەرکردە تەقلیدییـەکان) پێکهێـنراوە (بەشـی ٢١٢). ئەندامەکانـی لەلایـەن (ئەنجوومەنـە هەرێمایەتییەکانـی سـەرکردە تەقلیدییەکانـەوە) دادەمەزرێـن، وەك لـە بەشـی (٢) (٢١٢)ی دەسـتووردا هاتـووە بۆیـان هەیـە و دەکـرێ دووبـارە دابنرێنـەوە. هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی هەرێمایەتیشـدا (ئەنجوومەنەکانـی سـەرکردە تەقلیدییـەکان) پێکهێـنراون. لەگـەڵ ئەوەشـەوە ئـەوە روونەکـە قانوونـی نەریتیـی کۆمەڵایەتـی (نـەك یاسـایی) و سـەرکردە تەقلیدییـەکان بەشـێوەیەکی سـەرەکیی دەسـەڵاتی ئەوەیـان پێـدراوە کـە رۆڵێکـی رەمزیـی و ئامۆژگاریـی بگێـڕن و سـەرکردایەتیی تەقلیدیـی بەنـدە بـە چاپتـەری (بـەش) ١٢ی دەسـتوورەکەوە.

سـەبارەت بـە مافـی بڕیاردانـی چـارەی خۆنووسـین کـە ئێجـگار هەسـتیارە و مشـتومڕی زۆریشـی لەسـەرە بـە زۆریـش لـە کاردانـەوەدا بەرامبـەر ئەفریکانـۆ هـەرە راسـتڕەوەکاندا و هەنـدێ پێکهێنـەری تایبـەت لـە نێـو (IFP) پارتـی سەربەسـتی ئینخاتـادا دەسـتوورەکە هیـچ رێگریـی و ئاسـتەنگێکی نەخسـتۆتە پێـش (داننـان بـە مافـی بڕیاردانـی چـارەی خۆنووسـین بـۆ هـەر کۆمەڵێکـی هاوبـەش

لــە میــرات و بــۆ ماوەیــی زمانەوانیــی و کەلتورویــی لەنێــو ســنووری یەکەیەکــی هەرێمایەتــی لــە کۆمارەکــەدا، یــان بــە هــەر ڕێگەیەکــی تــر کــە ئەنجوومەنــی یاســادانان بڕیــاری لەســەر دابێــت. (بەشــی ٢٣٥).

٣- (هێزە بزوێنەرەکانی ڕامیاریی سەردەم)

چــوار کێشــە گەلــی پلــە جیــاواز کــە بوونەتــە گرفتــی ســەرەکیی لەبــەردەم پەرەســەندنی دەســتووریيدا مشــتومڕیی سیاســیی ئەفریقیــای باشــوروی لــە ســاڵی (٢٠٠١)ەوە داگیرکــردووە، ئــەم کێشــانەش ئەمانــەن:

١- دەرەنجامەکانــی دادگایــی کردنــی نــاسراو بــە گروتبــووم (Grootboom Judgement) لەلایــەن دادگــەی دەســتوورییەوە.

٢- بــە دەســتووریی بــوون (دەســتووریەتی) قانونــی ڕێگەپێــدان بــە ســەنگەر گواســتنەوە لــە دەنگدانــی نێــو هۆڵــی پەرلەمانــدا.

٣- درێژەپێدانــی بــاس و خواســی بەربــڵاوی داســتانی سیاســەتی بوێرانــەی بەرەنگاربوونــەوە و لەنێوبردنــی نەخۆشــی (ئایــدز) و هۆکارەکانــی.

٤- دوای هەمووانیــش بــە سیاسیی کردنــی پرۆگرامــە گشــتگیرەکەی حکومــەت ســەبارەت بــە دابینکردنــی بودجــە و پێداویســتییەکانی بەرگریکــردن.

ئــەم چوارکێشــە جۆراوجۆرانــە کاریگــەری جوداوازیــان بەســەر پێوەندییــە فیدرالییەکانــەوە لــە ئەفریقیــای باشــووردا هەبــووە. لــە ٢٩ی ئایــاری ٢٠٠١دا دادگــەی دەســتووریی پشــتگیریی لــە بڕیارێکــی (دادگــەی بــاڵای کاپ) کــرد کــە سروشــتی یاســای مافەکانــی ئەفریقیــای باشــوور دەوڵــەت ناچــار دەکات پشــتگیریی نــەوەی دووهەمــی مافەکانــی (کۆمەڵایەتــی- ئابــووری) هاونیشــتمانیان بــکات. ماڵەکــەی خاتــوو (ئارینــا گروتبــووم M.s Irena grootboom) کــە ئەندامــی کۆمەڵگەیەکــی زۆر هــەژاری شانشــین بــوو لــە (کاپــی خۆرئــاوادا) رووخێــنرا تــا کاریگــەری هەبێــت بەســەر بڕیــاری دادگــەوە بــە دەرکردنــی کرێچــی لــە بەرنەدانــی پــارەی کــرێ یــان پەیــمان شــکاندن یــا نیشــتەجێبوونی نایاســایی و بــرەو بــدات بــەو بڕیــارەدا.

دادگـە بـۆی دەرکـەوت کـە لەسـەر دەوڵـەت پێویسـت بـوو کار بـۆ چاککردنـی بـاری دژوار و کێشـەکانی ئـەو ژمـارە زۆرانـەی هاووڵاتییـان بـکات کـە لـە هەلومەرجـی ئێجـگار ترسـناکدا لەسەرانسـەری وڵات ژیـان دەبەنـە سـەر بەپێـی توانـا و ئەوەنـدەی بـۆی دەلوێـت بـۆ دابینکردنـی شـوێنی نیشـتەجێبوون دەسـتی یارمەتیـی و هاوکاریکردنـی بـۆ هاونیشـتمانییان درێـژ بـکات.

بڕیارەکـەی دادگـە لـەوەدا زۆر پـڕ بایـەخ و گرنـگ کـە ملکەچبوونـی دەوڵەتیـی – لـە سـنووری دیاریکـراودا- داهێنـا بـۆ پەرەپێـدان و زیادکردنـی مافـە کۆمەڵایەتیـی و ئابوورییـەکان ئەمەیـش کاریگەرییەکـی گرنـگ دیـاری دەبێـت بەسـەر حکومەتـی ناوەنـدەوە کـە هـەر خـۆی لـە رووی داراییـەوە دەسـتکورت و کـەم دەرامەتیشـە!

چوار دەستپێشکەری و گۆڕینی یاساسازی:

١- یاسـای سـاڵی (٢٠٠٢) بـۆ هەموارکردنـی دەسـتووریی کۆمـاری ئەفریقیـای باشـوور.

٢- یاسـای سـاڵی (٢٠٠٢) ی دووهـەم هەموارکردنـی دەسـتووریی کۆمـاری ئەفریقیـای باشـوور.

٣- یاسـای سـاڵی (٢٠٠٢) بـۆ هەموارکردنـی پێکهاتنـە شـارەوانییەکانی حکومەتـی خۆجێیـی.

٤- هەروەهـا یاسـای سـاڵی (٢٠٠٢) ی هەموارکردنـی لـە دەسـتدانی توانـای مانـەوەی ئەندامیەتـی پێکهاتـەکان.

ئەمانـە کـە هـەر چواریـان بـە دوای ئـەوەدا بـوون بـە یاسـا بـۆ ژمارەیەکـی زۆری ئەندامانـی ئەنجومەنـی یاسـادانان بگونجێنـن کـە پێوەندیـی ئەندامبوونیـان لـە نێـو پارتەکانیانـدا نەپچڕێنـن واتـا (دژی سـەنگەر گواسـتنەوە لـە نێـو هۆڵـی پەرلەمانـدا) مەسـەلەی (مافـی سـەنگەر گواسـتنەوە لەهۆڵـی پەرلەمـان) گرنگـە چوکـە بـە واتـای گۆڕانکاریـی و گواسـتنەوەی هێـزی سیاسـی دێـت، گۆڕانکاریـی لـە

ئەندامییەتـی حزبایەتییـدا روویـدا لـەدوای یەکگرتنەوەوەیەکـی زووتـر لـە نێـوان حزبـە سیاسـییەکانی ئۆپۆزسـیۆندا (بەرهەڵسـتکار) (پارتـی دیموکراتـی DP و پارتـی نیشـتمانیی (پێشـتر) کـە (ببـووە پارتـی نیشـتمانی تـازە (NNP) بـۆ دامەزراندنـی (هاوپەیمانیـی دیموکراتـی (DA)، بـەڵام سـەری نەگـرت و زۆری نەخایانـد. لـە جیاتـی ئـەوە NNP ئـەوەی هەڵبـژارد بچێتـە نێـو هاوپەیمانییـەك لەگـەڵ ANC کۆنگـرەی نیشـتمانیی ئەفریقیاییـدا بـۆ پێکهێنانـی یەکـێ لـە بچووکتریـن حزبـی بەرهەڵسـتکار (بزاڤـی دیموکراتیـی یەکگرتـوو (UDM) بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی یاسـای (مافـی سـەنگەر گواسـتنەوەی نێـو هۆڵـی پەرلەمـان) لـە دادگـەی دەسـتووریدا. دادگەکـە بڕیاریـدا کـە ئـەو (مافـە) شـتێکی نادەسـتووریی نەبـوو لەسـەر ئاسـتی حکومەتـی ناوچەییـدا، بـەڵام قانوونـەکان کـە لەسـەر ئاسـتی هەرێمایەتـی و نیشـتمانیدا دەرچوێنرابـوون بـە خراپـی دەرچوێنرابـوون. بەراسـتکردنەوەی ئـەم ناتەوایـی و کەموکورتییانـە لـە مانگـی (کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٣)دا، بەپێدانـی مۆڵەتێکـی دوو هەفتەیـی لـە مانگـی نیسـانی ٢٠٠٣دا نوێنـەران رێگـەی ئەوەیـان پێـدرا کـە سـەنگەری خۆیـان لـە نێـو پەرلەمـان بـۆ پارتـە سیاسـیەکانی تـر بگوازنـەوە. لـە ئەنجامـی ئەمـەدا کورسـییەکانی (ANC) کۆنگـرەی نیشـتمانیی ئەفریقیایـی لـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیدا لـە (٢٦٦) کورسـی بـۆ (٢٧٥) کورسـی زیـادی کـرد کـە دەیکـردە (٦٨،٨٪) لـە کـۆی گشـتیی و زۆرینەیەکـی پـتر لـە ٣/٢) دوو سـێیەك هەروەهـا بـووە مایـەی ئـەوەی کـە (هاوپەیمانییـە دیموکراتییەکـە) بـووە بەرهەڵسـتکاری نوێـی فەرمـی (رەسـمیی) کورسـییەکەین لـە (٣٨) ەوە بـوون بـە (٤٦). ژمـارەی کورسـییەکانی (پارتـی نیشـتمانیی نـوێ NNP) لـە (٢٨) کورسـییەوە بـۆ (٢٠) کورسـیی دابـەزی.

لەسـەر ئاسـتی شـارەوانییدا بـە (سـەنگەر گۆڕینەکـەی) ئۆکتۆبـەری ٢٠٠٢ ANC لـە کـۆی (٥٥٥) دەنـگ و لایەنگرانـی پارتەکانـی دیکـەوە کـە (٤١٧)یـان لەوانـە (راوێژکارانـی هاوپەیمانیـی دیموکراتیـی DA بـوون) بـۆ خۆیانیـان بـردن. لـە

کاتێکـدا (٣٤٠) دەنگـی لایەنگرانـی DA چوونـە ریـزی (NNP) پارتـی نیشـتمانیی نـوێ، شـتێکی سـەیر و سەرنجراکێشـە کـە لـە هەمـوو ئەمانـەدا پارتەکـەی ئەپارتهایـد- پارتـی نیشـتمانیی (کەنـوی خـۆی گۆڕیبـوو کردبـوو بـە پارتـی نیشـتمانیی نـوێ) بـۆ ئـەوەی نیشـانی بـدات کـە گـۆڕاوە، بەمەبەسـتی رێککەوتـن لەسـەر حکومەتێکـی هاوبـەش پەیمانێکـی بەسـت لەگـەڵ ANCدا (کۆنگـرەی نیشـتمانیی ئەفریقیاییـدا) (ئـەو گرووپـەی کـە هـەر بـۆ بەرهەڵسـتیکردنی سیاسـەیت ئەپارتهایـد دامەزرێنرابـوو).

پیادەکردنـی سیاسـەتی ئابووریـی قەبـە و زل سـەرەنجام بـووە هـۆی هەڵاوسـان لـە وڵاتـدا بـە رێـژەی (٣-٦) لەسـەدا لـەو رادەیـەی (بانکـی پاشـەکەوت) بـۆ سـاڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ دایناببـوو، هەروەکـو بـووە مایـەی چاکبـوون و بـرەودان بـە پـارەو دراوی وڵاتـدا. لەگـەڵ ئەوەشـەوە سـەرباری هەنـدێ سـەرکەوتنی ئابووریـش، دوو دڵـی و نەویسـتنی سـەرۆك میباکـی (President Mbeki) بـۆ شکسـتهێنان و سـەرنەکەوتنی لـە دانـان بـە بەبوونـی پێوەنـدی هـۆکاری لـە نێـوان ڤایرۆسـی HIV و پەتـای ئایـدزدا (Aids) نەخۆشـی نەمانـی بەرگـری دەسـتکەوت) لـە وڵاتێکـدا کـە یەکێکـە لـە نێـو ئـەو وڵاتانـەی (دنیـادا) کـە بەرزتریـن رێـژەی تووشـبوونیان بـەو نەخۆشـییە تیادایـە، ئەمانـە بـەردەوام رێبـاز و مـاوەی فەرمانڕەواییەکـەی شـێواند و لەکـەداری دەکـرد.

بەمەبەسـتی پاڵپشـتی و بەهێزکردنـی هەڵوێسـتی ناوبەدکـراوی حکومـەت دەربـارەی (AIDS/HIV)ەوە، دادگـەی دەسـتووریی لـە تەممـوزی ٢٠٠٢دا بڕیارێکـی دەرکـرد بـۆ ناچارکردنـی حکومـەت بـە دابەشـکردنی دەرمانـی دژ بـە پەتایەکـە لـە سەرانسـەری وڵاتـدا، وێـڕای ئامۆژگاریـی و پشـکنینی ئافرەتـان لـە نەخۆشـخانە گشـتییەکاندا نـەك تەنهـا لـە ١٨ شـوێنە پیشـە دیاریکراوەکانـدا.

هەروەهـا ئـەم بڕیـارەی دادگـە نـەك زۆر بـە بەرفرەوانیـی لەلایـەن ئەوانـەوە پەسـەند و ستایشـکرا کـە لەگـەڵ هەڵوێسـتی حکومەتـدا لەمـەڕ (AIDS/HIV)ئـەوە

دژ وناکـۆك بـوون، بگـرە هەروەهـا ئـەو پانتاییەشـی چەسـپاند کـە ژمارەیەکـی لـە زیادبوونـدا کاروبـارە رامیارییـەکان راسـتەوخۆ لەلایـەن دادگـە دەسـتورییە تازەکـەوە بڕیاریـان لێدرابـوو.

بـەم ئاسـتەیش Equaiiy بەشـێوەیەکی یەکسـان، ئەگـەر زیاتریـش نەبـێ، بڕیارەکانـی حکومـەت بـە خسـتنەگەڕی نزیکـەی (٤٣,٨) بلیـۆن روبیـە بـۆ بەدەسـتهێنان و کڕینـی چـەك و جبەخانـە هێنـدەی تـر بوونـە مایـەی رێکنکەوتـن و مشـتومڕ لەسـەرکردن. بەلەبەرچاوگرتنـی پێداویسـتییەکانی گەشـەکردنی قووڵـی ئەفریقیـای باشـورو، کـە تیایانـدا چارەسـەرکردنی پەتـای (ئایـدز) لـە لقـە سـەرەکییەکانییەتی. ئـەم بڕیـارە لەلایـەن خەڵکانێکـی زۆرەوە ناڕەزایـی و دوژمنایەتـی لێکـرا. لەسـاڵی ١٩٩٩ەوە بابەتـی چـەك بووەتـە یەکـێ لـە کێشـە سیاسـییە هـەرە ئاڵـۆزەکان و هۆیـەك بـۆ تاقیکردنـەوەی (لـە مەحەکدانـی) دیـد و بۆچوونـە ئایدیۆلۆژییەکانـی (کۆنگـرەی نیشـتمانیی ئەفریقیایـی) لەمـەڕ یەکگرتـن و پێکـەوە گونجانـی گشـتیی ناوخۆییـدا.

لـە سـێ سـاڵی رابـردوودا، پرۆگرامـی دەسـتەبەررکردنی چـەك و تەقەمەنیـی دەنگـۆی بڵاوبوونـەوەی گەندەڵییەکـی بەربـادی تەقاندۆتـەوە کـە وەزیـرە دەسترۆیشـتووەکان و فەرمانبـەرە حزبییـەکان و خەڵکانـی جۆراوجـۆر تیـوەی گلابـوون، وەلـێ لـە ئەنجامـدا ئـەو کۆمیسـیۆنانەی کـە بـۆ توێژینـەوە لـە قەبـارە و تێچوونـی پـارەی دەسـتەبەرکردنی چـەك و هەروەهـا یاسـایی بوونـی پرۆگرامەکـە پێکهێنرابـوون بـێ ئەنجـام دەرچـوون.

هەروەهـا پارتییـە بەرهەڵەسـتکارەکانیش رایانگەیانـد کـە بەرهەڵسـتیکردنی پەرلەمانیـی لەسـەر دۆزی چـەك بـە تونـدی لەلایـەن ANC (کۆنگـرەی نیشـتمانیی ئەفریقیایـی) فەرمانـڕەواوە دەمکوتکرابـووەوە.

جـا بـۆ زیاتـر لێـڵ کردنـی ئاوەکـەوە، لەکاتـی نووسـینی ئـەم بابەتـەدا (نۆڤەمبـەر- تەشرینـی دووەمـی ٢٠٠٣) دەنگـی زۆر هەبـوون کـە (حاکمـی

گشــتیی دەســتەی دادخوازیــی) بولیلانــی نگــوکا (bulelane nguka) ســیخوڕێکی (جاســووس) ئەپارتهایــد بــووە، هەروەهــا بازرگانانــی ئەنــدام لــە حزبــەکان ئێســتا لەســەر گەندەڵیــی و بەدرەفتاریــی و بەرتیــل خــواردن رووبــەڕووی توێژینــەوە و لێپرســینەوە بوونەتــەوە.

ئــەو ناکۆکــی و مشــتومڕانە کۆمەڵگــەی سیاســیی دابەشــکردووە و هەنــدێ لــە کورتهێنــان و ســەرنەکەوتنەکان و گرژییەکانــی نێــو حکومــەت دەخەنــەڕوو.

لــە راســتیدا بــە لەبەرچاوگرتنــی ســەختی (شــان دانەبــەر) و چارەســەرکردنی ئــەو هەمــوو گرژیــی و دووبەرەکییــەی نێــوان دەســتە و تاقمەکانــی نێــو هاوپەیمانیــی ANC (کۆنگــرەی نیشــتمانیی ئەفریقیاییــدا) بەتایبەتیــش بــە پێوەندیــی لەگــەڵ کارداو، لــە ئارادانەبوونــی هیــچ بەرهەڵســتکارێکی بەهێــزی راســتەقینە، ANC (کۆنگرەکــە) لەوانەیــە هانــا بباتەبــەر کەلتوورێکــی لایەنگریــی خــزم خزمێنــە و واســیتەکاری و بەرتیــل دان بەمەبەســتی گێڕانــەوەی یەکگرتوویــی و پێکــەوە گونجانــی ناوخۆیــی حزبــی و، بــەو شــێوەیە رێ لەســەرهەڵدانی هێزێکــی کۆمەڵایەتــی بەرهەڵســتکاری رکابــەر بگرێــت.

سەرچاوە و ژێدەر بۆ زانیاری لەمەودوا:

١. ئیلــمان، ســتیڤن (لەگــەڵ پینلــۆپ ئەنــدرۆن) دەســتوورەکانی دوای ئەپارتهایــد، چاپخانــەی زانکــۆی ویتووتەرسرانــد، چاپخانــەی زانکــۆی ئۆهایــۆ, ســاڵی ٢٠٠١.

٢. ئێریکســۆن، نیــك- سیاســەت لــە ئەفریقیــای باشــووردا ٢٠٠١-٢٠٠٢ جۆهانســبۆرگ، پەیمانگــەی ئەفریقیــای باشــوور بــۆ پێوەندییــە نەژادییــەکان، ٢٠٠٣.

٣. ســپارکس، ئەلیســتێر، لــە دەرەوەی پەرچــووەوە ( beyond the miracle) کالیفۆرنیــا، چاپخانــەی زانکــۆی کالیفۆرنیــا- ٢٠٠٣.

٤. هی تریش.

## خشتەی (١)

## هێمای رامیاریی و جیوگرافییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | شاری پێتەخت | پریتۆریا Pretoria city<br>تێبینی: کیپ تاون cape town مەڵبەندی یاسادانان و (بلویمفۆنیتن) Bloemfontein مەڵبەندی دادگەرییە. |
| ٢ | ژمارە و جۆری یەکە پێکهێنەرەکان | ٩ هەرێم: ئیسترەن کێپ، فری ستەیت، گۆو تینگ، کوازولو-ناتال، لیمپۆپۆ (پێشتر نرزەن پرۆڤێنس بوو) مپومەلانگە، نۆرث وێست، نۆرزەن کێپ، وێستەرن کێپ. |
| ٣ | زمانە فەرمییەکان | ئەفریقایی، ئینگلیزیی، ئیسیندەبێلا، ئیسیخۆسا، ئیسیزۆلۆ، سپێدی، سیسوثۆ، سیسوانا، سیسواتی، نشیڤینداو خیتسۆنگە. |
| ٤ | رووبەر | ١٢١٩٠٩٠ کیلۆمەتر دووجا |
| ٥ | رووبەر- گەورەترین یەکەی پێکهێنەر | کێپی باکوور- ٣٦١٨٣٠ کم٢ |
| ٦ | رووبەر- بچووکترین یەکەی پێکهێنەر | گۆوتینگ- ١٧٠١٠ کم٢ |
| ٧ | کۆی دانیشتوانان | ٤٣٥٨٠٠٠٠ ملیۆن ساڵی (٢٠٠٢) |
| ٨ | دانیشتوانانی یەکە پێکهێنەرەکان رێژەی سەدی بۆ کۆی گشتی | کوازولو- ناتال ٢١٪، گۆوتینگ ١٩،٧٪ ئیتسەر کێپ ١٤،٣٪، هەرێمی باکوور (لیمپۆپۆ ١١،٨٪، وێستەرن کێپ ١٠،١٪، ثۆرث وێست ٨،٢٪ فری ستەیت ٠٦٪ نۆرزەرن کێپ ١،٨٪ |
| ٩ | سیستەمی سیاسی- فیدراڵی | کۆماری – سیستمی پەرلەمانیی |
| ١٠ | سەرۆکی دەوڵەت- فیدراڵی | سەرۆک (thabo mvuyelwa Mbeki ساڵی ١٩٩ کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقایی ANC لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ خولێکی پێنج ساڵەی حوکم هەڵبژێردراوە. |
| ١١ | سەرۆکی حکومەت- فیدراڵی | سەرۆک (Thabo mvuyelwa Mbeki سەرۆک کابینەکە پێکدێنێت (وەزیرەکان دادەمەزرێنێت). |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | پێکهاتەی حکومەت- فیدراڵی | پەرلەمانیی جووت ئەنجوومەنی: ئەنجوومەنی باڵا (Upeer House) ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمەکان (NCPO) ٩٠ کورسیی، ئەم ئەنجوومەنە لە٥٤ ئەندامی دائیمی و نەگۆڕ و ٣٦ ئەندامی نوێنەری تایبەتی کە بۆماوەی پێنج ساڵان هەڵبژێردراون پێکهاتووە. Lower House ئەنجوومەنی نیشتمانی ٤٠٠ کورسی نوێنەران لەسەر بنەمای سیستەمی نوێنەرایەتیکردنی رێژەیی و لیستی حزبایەتی هەڵدەبژێردرێن (٢٠٠) کورسی لە لیستی هەرێمایەتییەوە هەڵدەبژێردرێن و ٢٠٠ کورسیش لە لیستێکی نیشتمانییەوە) بۆ خولێکی پێنج ساڵی.<br>تێبینی: لەسەر ئاستی فیدرالییەوە ئەنجوومەنێکی سەرکردە تەقلیدییەکانیش هەیە، ئەندامانی لەلایەن (ئەنجوومنە هەرێمایەتییەکانی سەرکردە تەقلیدییەکان)ەوە دادەنرێن. |
| ١٣ | ژمارەی نوێنەران لە ئەنجوومەنی Lower house ی حکومەتی فیدراڵی لە یەکە پێکهێنەرە خاوەن زۆترین دانیشتوانەکاندا | تێبینی: لەبەر ئەوەی کە هەڵبژاردن بەشێوازی نوێنەرایەتی رێژەیی و سیستەمی لیست بەڕێوەدەچێ، بۆیەکا نوێنەران سەر بەکام یەکە پێکهێنەرەکانن بایەخێکی ئەوتۆی بۆ نییە. |
| ١٤ | دابەشبوونی نوێنەرایەتیکردن لە ئەنجوومەنی باڵای حکومەتی فیدراڵیدا | هەریەك لە (٩) هەرێمەکان (١٠) کورسیی هەیە. |
| ١٥ | دابەشکردنی دەسەڵاتەکان | دەستوور بەپرسیاریەتییەکان بۆ حکومەتە نیشتمانی و هەرێمایەتی و ناوخۆییەکان لسەەر بنەمای پرەنسیپی حوکمکردنی هاوبەشی لە نێوان ئەم سێ جۆرەی حکومەتدا دیاریدەکات. حکومەتی فیدراڵ (نێوەند) بەرپرسەلە دابینکردن و چەسپاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، یەکێتی ئابووریی و پێوەرە نیشتمانییە سەرەکییەکان. حکومەتە فیدراڵ و هەرێمایەتییەکان پێکەوە بەرپرسیارن لە ٣٣ بابەتگەلی وەك پلاندانان و نەخشەکێشانی هەرێمایەتی و پەرەپێدان، قانوونی خۆجێیی و دابونەریتی باو، خوێندنی قوتابخانە، تەندروستی، رەفاهیەت و چاککردنی باری گوزەرانی خەڵکی و خانووبەرە دروستکردن- نیشتەجێبوون. لە واقیعدا حکومەتی ناوەند (فیدراڵ) بڕیار لەسەر سیاسەتی وڵات دەدات و حکومەتەکانی هەرێمەکانیش لە جێبەجێکردنی بەرپرسیارن. لە حاڵەتی روودانی ناکۆکیی لە نێوان قانوونی فیدراڵ و قانوونی ویلایەتدا سەرپشکی بۆ قانوونی فیدراڵە. لیستێکی کورتیش هەیە تایبەت بە دەسەڵاتەکانی هەرێم. کە ئەمانە لەخۆدەگرێت، کاروبارەکانی کوشتارگە (قەسابخانەکان) رێگاوبان، تەندروستی، وەرزش، کەلتوور و فەرهەنگ و بەیتەریی (نۆشداریی ئاژەڵی). |
| ١٦ | دەسەڵاتەکانی تری (پاشماوەکان) | پاشماوەی دەسەڵاتەکانیش بۆ حکومەتی فیدراڵ دەگەڕێتەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | دادگەی دەستووریی (باڵاترین دادگە- لە کاروبارە دەستورییەکان) دەکۆڵێتەوە | دادگەی دەستوریی: ١١ دادوەری هەنە، ٩ پیاو و دوو ژنن، دادوەرەکان بۆ ماوەی دوانزدە ساڵ دەمێنێتەوە و نوێکردنەوەیان بۆ نییە وەلێ پێویستە لە تەمەنی (٧٠) ساڵیدا خانەنشین بکرێن. |
| ١٨ | سیستەمی سیاسی یەکە پێکهێنەرەکان | ئەنجوومەنی یاسادانان لە نێوان (٣٠) هەتا (٨٠) ئەندام پێکدێت کە بە رێگای نوێنەرایەتیکردنی رێژەیی هەڵدەبژێردرێن. ژمارەی ئەندامەکان بەپێی ئەو مەرجانەوە دیاریدەکرێن کە ئەنجوومەنی یاسادانانی نیشتمانی دایاندەنێت. تێبینی: خانەی سەرکردە تەقلیدییەکانیش پێکهێنراوە و سەرکردە تەقلیدییەکان رۆڵی ئامۆژگاریی دەگێڕن). |
| ١٩ | سەرۆکی حکومەت- یەکەی پێکهێنەر | سەرەك وەزیران، لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت. |

## خشتەی دووەم (٢)
## هێما و ئاماژە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ | کۆی گشتی داهاتی ساڵانە | کاپی خۆرئاوا ١٨,٦٪ (٢٠٠١) |
| ٢ | پشکی تاك لە داهات | ٨٥,٦٪ (٢٠٠١) (لەتەمەنی ١٥ ساڵی و بەسەرەوە) |
| ٣ | قەردی نیشتمانیی (دەرەکی) | ٥,٥٪ (١٩٩٨-٢٠٠٠) |
| ٤ | قەردی ناڕاستەوخۆ (لاوەکی) نیشتمانی | ٥٠,٩ (٢٠٠١) |
| ٥ | ڕێژەی بێکاریی لەسەر ئاستی نەتەوە | ٣٠,٧ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٠-٢٠٠١) |
| ٦ | یەکـەی پێکهێنـەری خـاوەن بەرزتریـن ڕێـژەی بێکاریـی | ٨,٤ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٠-٢٠٠١) |
| ٧ | یەکـەی پێکهێنـەری خـاوەن نزمتریـن ڕێـژەی بێکاریـی | (تێبینـی: ئـەم ژمارەیـە بـە داهاتەکانـی حکومەتـە هەرێمایەتییـەکان و حکومەتـە خۆجێییـەکان دەکات. حکومەتـە خۆجێییـەکان دەسـەڵاتی بەرزکردنـەوەی داهاتـی پتریـان هەیـە لـە حکومەتـە هەرێمایەتییـەکان) |
| ٨ | ڕێژەی خوێندەوارانی هەرزەکار | ١٦,٢ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٠-٢٠٠١) |
| ٩ | خەرجیـی نەتەوەیـی بـۆ پـەروەردە و ڕێـژەی سـەدی بـۆ کـۆی گشـتی داهـات | یارمەتییەکانـی حکومەتـی فیـدراڵ بەپێـی بنەماکانـی کۆمیسـیۆنی دارایـی و کۆمیسـیۆنی تایـەت بـە خەزێنـەی میریـی دەبێـت. |
| ١٠ | هیوای ژیان (بەساڵ) | ٧٨,٥ ساڵ (٢٠٠١) |
| ١١ | داهاتـی حکومەتـی فیـدراڵ لـە گومـرگ و سـەرچاوە گەلـی هاوپێوەنـد | ٦٤,٩ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٣) |
| ١٢ | داهاتـی یەکـە پێکهێنـەرەکان لـە گومـرگ و سـەرچاوە هاوشـێوەکان | ٥,١ بیلۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | یارمەتییەکانی فیدرال بۆ یەکە پێکهێنەرەکان | ٢١,٢ بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی (٢٠٠٢) |
| ١٤ | میکانیزمەکانی هاوسەنگیی (یەکسانی) کردن | بەخششێکی بێ مەرج بە هەرێمەکان دەبەخشرێت تاوەکو کۆی (معدل) داهاتی تاکەکانیان لەسەرچاوەی باج و گومرگ بۆ ئاستی کۆی نەتەوەیی (نیشتمانیی) بەرز ببێتەوە. |

# یاسای زمانە فەرمییەکان
# لە چەند وڵاتێکی فرەزماندا


**مەجید ئاسنگەر**

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان


پێشکەشکردن و ئامادەکردنی: تارق جامباز


هەولێر- کوردستان ٢٠٠٨

## جێبەجێکردنی زمانە فەرمییەکان لە هەندێ وڵاتی فرە نەتەوەدا

زمـان بوونـی نەتـەوە دەسـەلمێنێ چونکـە زمـان گیانـی نەتەوەیەکـە، لەبـەر ئـەوەی لـە هـزر و بیـری رۆڵەکانیـدا دەبوژێتـەوە و هەمـوو نەتەوەکانیـش شـانازی بـە زمانەکەیانـەوە دەکـەن و بـە هەمـوو شـێوەیە و شـێوازێك بایـەخ و گرنگـی پـێ دەدەن و تاکـو لەنێـو ئـەو هـەزاران زمانـەی سەرتاسـەری جیهانـدا نـاوی بهێـنرێ، بـەڵام لـە هەنـدێ وڵاتانـدا نەتـەوەی باڵادەسـت (زمانەکەیـان) بـە زۆرەملـێ سـەپاندووە بەسـەر زمانـی نەتەوەکانـی دیکـەدا و زمانەکانیشـیانی قەدەغـە و یاسـاغ کـردووە، ئەمیـش پێشـێلکارییەکی مـەزن و زەقـی مافـی مرۆڤـە، چونکـە لەگشـت یاسـاکان و ئاینەکانـدا سەربەسـتی و ئـازادی دراوەتـە مـرۆڤ کـە زمانـی خۆیـان لـە نووسـین و خوێندنـەوەدا بەکاربهێنـن و هەنووکـە لـە دەسـتووری پـتر لـە (٥٠) وڵاتـدا دوو زمانـی رەسـمی لـە دەسـتوورەکانیاندا هەیـە.

بەشـێوەیەکی گشـتی زمـان لـە بـواری بەکارهێنانـدا دابـەش دەکـرێ بـە سـێ جـۆر:

١. زمانـی نیشـتمانی کـە هاووڵاتیانـی وڵاتێـك تەنیـا زمانێـك بەکاردەهێنـن وەکـو زمانـی ئەڵمانـی لـە ئەڵمانیـا و ئینگلیـزی لـە ئەمەریـکا و بەریتانیـا و ئوسـترالیاو..هتد و هەنـدێ نەتـەوەش لەبەرئـەوەی نیشـتمانیان دابەشـکراوە بۆیـە زمانەکەشـیان لەژێرکاریگـەری زمانـی نەتەوەکانـی باڵادەسـتدا دەناڵێنـێ وەکـو نەتـەوەی کـورد (جگـە لـە بەشـێك لـە کوردسـتانی باشـوور) ئەبـێ و ئـارەزووی بلوشـتی و ئەرمەنـی (جگـە لـە کۆمـاری ئەرمینیـا) و..هتـد.

٢. زمانـی رەسـمی کـە لـە دەسـتوری زۆر وڵاتانـدا هاتـووە کـە زمانێـك یـا چەندیـن زمـان هـەن بەتایبەتـی لـە وڵاتانـی فـرە نەتـەوەدا چەندانێکیـان زمانـی رەسـمین بۆیـە لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا بەرێکوپێکـی بەکاردەهێنرێـن بـۆ نموونـە (هیندسـتان ٢٢ زمـان) باشـووری ئەفریقـی ١١ زمـان و سـویسرا چـوار زمـان و بەلجیـکا سـێ زمـان و کەنـەدا دوو زمـان).

٣. زمانــە خۆجێییــەکان کــە لــە ناوچــە جیاجیاکانــی وڵاتــان بەکاردەهێنرێــن وەکــو یاســای زمانــە خۆجێییەکانــی ژمــارە ١٩٣١/٧٤ کــە لــە عێــراق دەرچــووە و نەتەویــە باڵادەســت ئــەم ناوانــەی بــۆ دانــاون نــەك هێنــدە بەڵکــو بەکەمــە نەتەوەکانیــش ناودەبرێــن بــە نەتــەوەی کوردیشــەوە بــەڵام هەنووکــە زمانــی کــوردی لــە کۆمۆســیۆنی بــاڵای یەکێتــی ئەوروپــای هاوبەشــدا لەتــەك زمانــی تورکــی و لــە بانکــی نێودەوڵەتــی رۆلێکــس لەتــەك ٤٧ زمانــی دیکــە بەکاردەهێــنرێ و لــە ماڵپــەڕی (UN)یــش لــە عێــراق زمانــی کــوردی لــە تــەك زمانــی عەرەبــی و ئینگلیــزدا لەســەر تــۆڕی ئەنتەرنێــت بڵاودەکرێتــەوە و دەســتوروی عێــراق (٢٠٠٥) بەزمانــی کــوردی نزیکــەی ملیۆنێــك دانــەی لەلایــەن (UN)ەوە چــاپ و بڵاوکرایــەوە و گەرچــی بەپێــی مــاددەی (٤) لــە دەســتووری عێراقیــدا زمانــی عەرەبــی و زمانــی کــوردی دوو زمانــی فەرمیــن لەسەرتاســەری عێراقــدا ئەمــەش دەقەکەیەتــی:

یەکەم:

هــەردووك زمانــی عەرەبــی و کــوردی زمانــی فەرمیــن لەعێراقــدا، مافــی عێراقییــەکان بــە فێرکردنــی رۆڵەکانیــان بــە زمانــی دایــك وەك تورکمانــی و سریانــی و ئەرمەنــی لەدامــەزراوە حکومەتییەکانــی فێرکردنــدا مســۆگەر دەکات بەپێــی رێوشــوێنەکانی پەروەردەیــی، یــان بەهــەر زمانێکــی دیکــە لــە دامــەزراوە تایبەتیەکانــی فێرکردنــدا.

دووەم:

چوارچێــوەی زاراوەی زمانــی فەرمــی و چۆنییەتــی پیادەکردنــی حوکمەکانــی ئــەم بەنــدە بەیاســادیاری دەکرێــت و ئەمانــە دەگرێتــەوە:

أ- دەرچواندنی رۆژنامەی فەرمی بەو دوو زمانە.

ب- پەیڤیــن و گوتــار و دەربڕیــن لــە بــوارە فەرمییەکانــدا وەك ئەنجومەنــی نوێنــەران، ئەنجوومەنــی وەزیــران، دادگاکان و کۆنگــرە فەرمییــەکان بــە هەریــەك لــەو دوو زمانــە بێــت.

ت- دان پێدانــان بــە دیکۆمێنتــی فەرمــی و نــووسراوەکان بــە هــەردوو زمــان و دەرچواندنــی دیکۆمێنتــە فەرمیــەکان بــە هەردووکیــان.

د- کردنـــەوەی خوێندنـــگاکان بـــە هـــەردوو زمـــان بەپێـــی ڕێوشـــوێنە پەروەردییـــەکان.

هــ - هــەر بوارێکــی دیکــە کــە ســەرەتای یەکســانیی پێویســتی دەکات وەك دراوی کاغــەز، پەســاپۆرت و پــۆل.

سێیەم:

لــە دامــەزراو و دەزگاکانــی فیدرالــی لــە هەرێمــی کوردســتان هــەردوو زمانەکــە بەکاردێنــن.

چوارەم:

زمانــی تورکمانــی و زمانــی سریانــی دوو زمانــی فەرمــی دیکــەن لــەو یەکــە کارگێڕیانــەی کــە چــڕی دانیشــتوانەکانیان پێــك دێنــن.

پێنجەم:

بــۆ هــەر هەرێمێــك یــان پارێزگایــەك هەیــە هــەر زمانێکــی ناوچەیــی دیکــەش بــە زمانــی فەرمــی بناســێت ئەگــەر بێتــو زۆرینــەی خەڵکەکــەی بــە راپرســییەکی گشــتی بڕیــاری لەســەر بــدات.

بــەڵام تۆزقاڵێکــی لــێ جێبەجــێ نەکــران چونکــە خەڵکــی عێــراق راهاتــوون لەســەر (یــەك زمــان و یــەك نەتــەوە) گەرچــی وڵاتانــی دیکــە چەنــدان زمانیــان لەهەمــوو بوارەکانــدا پەیڕەوکــردووە و جگــە لــە نــووسراو ئــەوا پــارەی کاغەزیــان ســەرەڕای بــە زمانــی (E) کــە زمانێکــی جیهانییــە ئــەوا بــە چەنــدان زمانــی دیکــە چاپکــراوە، ئەمەیــش نــەك لــە وڵاتانــی فیدراڵــی بەڵکــو لــە غەیــرە فیدراڵیــش هەیــە بــۆ نموونــە چیــن ٤ زمــان و ســەنگافوورە ٣ زمــان و سریلانــکا ٣ زمــان و لــە وڵاتانــی فیدراڵــی فــرە نەتــەوەش بــۆ نموونــە ناســنامەی هەمــوو هاووڵاتیانــی ســویسری بــە پێنــج زمــان لەســەری نــووسراوە.

دراوی (پـارەی کاغـەزی) هیندیسـتان بـە ٢٢ زمـان لەسـەری نـووسراوە، بـەڵام ئـەو نموونـەی لای منـە هـی چەنـد سـاڵێك پێشـترە تەنیـا بـە (١٥) زمـان لەسـەری نـووسراوە و (٢٢)زمانەکـەش ئەمانـەن:

١. ١- ئەسـامی ٢- بەنگالـی ٣- بـۆردوی ٤- دوگـری، ٥- کوجاراتـی، ٦٠ هینـدی، ٧- کاننـدا. ٨- کەشـمیری. ٩- کۆنکانـی ١٠- مایسـلی ١١- مالایامـی ١٢-مانیپـۆری ١٣-ماراسـی ١٤-نیپالـی ١٥-ئۆریـا ١٦-پەینجابـی ١٧-سەنسـەکریتی ١٨- سانسـالی ١٩- سـەندی ٢٠ – تامیلـی ٢١- تیلوکـوی ٢٢- ئـوردو.
٢. پارەی چینی بە زمانی (مەنگولی، چینی، هاندانی، مالاوی، ئینگلیزییە).
٣. پارەی سیریلانکی بە زمانی (سیلانی، تامیلی، هیندی، ئینگلیزی)یە.
٤. پارەی سەنگافوری بەزمانی (مالاوی، چینی، هیندی، ئینگلیزی)یە.
٥. ناسـنامەی هاووڵاتیانـی سـویسری بـە زمانـی (ئەڵمانـی، فەرەنسـی، ئیتالـی، ڕۆمانشـی، ئینگلیزی)یـە.
٦. پارەی سویسری بە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی و ڕۆمانشی.
٧. پارەی مالیزی بە زمانی باهاس و مالاویە.
٨. پارەی کەنەدی، بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسییە.
٩. پاسپۆرتی کەنەدی بە دوو زمانە (ئینگلیزی و فەرەنسی).
١٠. پێگـەی ڕاگەیاندنـی دادگای بـاری کەسـی لـە ویلایەتـی کالیفۆرنیـا لـە ئەمەریـکا بـە دوو زمانـە (ئینگلیـزی و ئیسـپانی).

## تاکو زمانەکان یەکسان بن ئەوا پێویستیمان بە یاسای زمان هەیە

گەرچـی لەگـەڵ دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق لەسـاڵی ١٩٢١ دان بـە زمانـی کـوردی لـە دادگا و قۆناغەکانـی خوێندنـدا نـراوە و دواتـر یاسـایەکی تایبـەت (یاسـای زمانـە خۆجێیەکانـی لـە ١٩٣١/١/٤ دەرچـوو، هەروەهـا لـە یاسـا و بڕیارەکانـی پەیوەنـدار (زمانـی کـوردی، لـە تـەك زمانـی عەرەبـی) لەناوچـەی کوردسـتانی ئۆتۆنۆمیـدا بـە زمانـی رەسـمی نـاوی هاتـووە و دوای ئازادکردنـی عێـراق ئـەوا چ لـە یاسـای تـاڵ لـە مـاددەی (٩)دا یـا لـە دەسـتووری عێراقـی (٢٠٠٥) لـە مـاددەی (٤)دا زمانـی عەرەبـی و کـوردی لەسەرتاسـەری عێراقـدا دوو زمانـی رەسـمین، بـەڵام جـارێ ئـەو یاسـایە کـە (یاسـای زمانـە) دانەنـراوە و لـە پـرۆژەی دەسـتووری کوردستانیشـدا ئامـاژە بـە هەمـان مـاددە کـراوە و ئەمەیـش رەچـاو و پەیڕەوکـراوە لـەو وڵاتانـەی فـرە نەتـەوەن (یاسـای تایبەتیـان بـۆ زمـان دەرچووانـدووە تاکـو لەهەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا بـە رێکوپێکـی بـەکار بهێـنرێ و هـەر بـۆ نموونـە  لـە سـاڵی ١٨٦٧ ەوە دوو زمـان (ئینگلیـزی و فەرەنسـی) لـە پەرلەمانـی کەنەدیـدا بـەکار دەهێـنرێ و یاسـای زمانـە فەرمییەکانـی سـاڵی ١٩١٠ دەرچـووە و دواتـر سـاڵی ١٩٦٩ هەمـوار کـراوە و لـە سـاڵی ١٩٧٤دا بەرهەمـە بازرگانییـەکان بـە دوو زمـان دەپێچرێتـەوە و هەروەهـا کۆمیسـیۆنی زمانـە فەرمییەکانیـان دامەزرانـدووە، یاسـای زمانەکانیشـیان سـەرلەنوێ لـە سـاڵی ١٩٨٨ داڕشـتووە کـە لـە (١١٠)مـاددە پێکهاتـووە و لـەم یاسـایەدا زۆر بـە ورد و قووڵـی چۆنییەتـی بەکارهێنانـی زمانـەکان دەستنیشـانکراوە ئـەوەی پشـتگوێی بخـات ئـەوا لـە دادگاکانـدا داوای لەسـەر بـەرز دەکرێتـەوە.

لـەم دواییـەدا سـەفەرێکم بـۆ (عەمـان)ی پایتەختـی ئـوردن کـرد ئـەو ماوەیـەی لـەوێ بـووم بـە دوای بەڵگـە و نووسـین لـە بـارەی زمانـە رەسـمییەکان دەگـەڕام تاکـو رۆژێـك خزمێـك بانگهێشـتی کـردم کـە باسـی زمانەکانـم کـرد، لەبـەر ئـەوەی دانیشـتووی کەنـەدا بـوو بۆیـە (پاسـپۆرتی کەنـەدی و رەگەزنامـە (جنسـیە) و

بیمەی تەندروستی (الضمان الصحی) و مۆڵەتی لێخوڕینی بۆ هێنام، سەیرم کردن هەر هەموو نووسینەکانیان بە دوو زمان بوو، کە سەیری پارەکانیشمان کرد بە هەمان شێوە بە دوو زمان لەسەری نووسراوە و بۆ پێزانین لە ساڵی (١٩٣٦) ەوە دراوی کەنەدی بە دوو زمان لەسەری دەنووسرێ.

منیش لەم بارەوە ساڵی (٢٠٠٦) پێشنیارێکم خستە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەوانیش رەوانەی لێژنەی یاسایان کرد و لە لیژنەکەش رووبەڕووی من کرایەوە و منیش ئامادەیی خۆم دەربڕی کە لەم روەوە پێشنیازی پرۆژەی یاسای زمان فەرمییەکان گەڵاڵە بکەم و لێرەدا دەپرسم ئایا نەدەبوایە لەساڵی (١٩٩٢-٢٠٠٥) لە پەرلەمانی کوردستان (یاسای زمان) دەرچوێندرابایە چونکە تاکو یاسای زمان دەرنەچێ زمانەکان بە تەواوی و رێکوپێکی جێبەجێ ناکرێن و تاکو ئەم نووسینەی چ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و چ لە پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەکی لەمجۆرە دەرنەچووە، دەتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتانی فرە نەتەوە وەربگرین بۆ نموونە (هیندستان ٢٢ زمان) و باشووری ئەفریقا (١١ زمان) و سویسرا (٤ زمان) بەلجیکا و کۆمیرۆس و بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا (٣ زمان) ئەو ژمارانەش ژمارەی زمانی رەسمین لەم وڵاتانەدا.

زۆرم هەوڵدا ئەو بەڵگەنامانەی بە چەندان زمان لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا دەردەچن بڵاوبکەمەوە بەڵام جگە لەوانەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بڵاویان دەکەینەوە نەمتوانی هیچ بەڵگەیەکی دیکەی وڵاتانم بەدەست کەوێ گەرچی زۆر داوام لەو کەسانە کرد کە سەردانی پەرلەمان دەکەن یا بە دیداریان شاد بووم، بەڵام تا ئەم نووسینە بەڵگەنامەیەکیان بۆ نەناردووم، بۆیە هەڵوێستی دکتۆر نەوزاد باجگر هەرگیز لە یاد ناکەین چونکە کە زانیم خولیای پارە کۆکردنەوەیە کە ئەم داوایەم لای باسکرد یەکسەر ئەوەی لابوو بۆی ناردم و هاوڕێیەکم ئەویش کە هاوڵاتییەکی سویسرایە ناوەکەشی (نەوزادە) کە هاتە

لام داوای ناسنامەکەم کرد کەسەیرم کرد بە پێنج زمان لەسەری نووسرابوو، بۆیە یەکسەر داوای مۆڵەتم لێکرد کە سکانی بکەم، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە رەزامەندی دەربڕی. هەروەها سوپاسی بەڕێزان خوشکە یاسمین شێخێل حسن (پارێزەر)، جەمال قاسم (پارێزەر) و زانا رۆستایی، سەرچنار جەمال عبداللە دەکەین، هەریەکەیان یەکێ لەم نموونانەی بۆ هێنام و دەبوایە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی فیدراڵی فرە نەتەوە وەکو (هیندستان و باشووری ئەفریقا، سویسرا، بەلجیکا، کەنەدا و..هتد وەربگیرێت و شاندێك بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئەو وڵاتانەی بکردبایە ئەوسا دەمانتوانی نەك دەیان بەڵکو سەدان دیکۆمێنتمان لەبەردەستدابێ، تاکو زمانەکان بەرێکوپێکی جێبەجێ بکرێن پێویستمان بە یاسای زمانە فەرمییەکان هەروەکو لە وڵاتانی فرە نەتەوە هەیە.

پارێزەر: تارق جامباز

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

٢٠٠٧/٦/٤

# هیند

یاسادان (یاساسازی) قانوونی زمانە فەرمییەکان

قانوونێك بۆ ئەو زمانانەی کە لەوانەیە بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستە فەرمییەکانی وڵات، بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی لە پەرلەماندا، بۆ یاساگەلی ناوەند و ویلایەتەکان و، هەروەها بۆ مەبەستی دیاریکراو لە دادگە باڵاکاندا، لە چواردەهەمین ساڵی کۆماری هینددا یاسایەك لەلایەن پەرلەمانەوە دانرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ناوی کورت و کاتی دەستپێکردن

١- ئەم قانوونە دەکرێ ناوی (قانوونی زمانە فەرمییەکانی ساڵی ١٩٦٣) بێت.

٢- بەندی ٣ دەبێ لە رۆژی ٢٦ی کانوونی دووەم، ساڵی ١٩٦٥ کاری پێبکرێت و بەندەکانی دیکەی ئەم قانوونە دەبێ لەو مێژووەدا کە حکومەتی ناوەندیی لە رێگای بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری (گەزاتە)ی فەرمییدا دەستنیشانی

دەکات کاری پێبکرێـت و دەشـێ مێـژووی جـوداواز بـۆ بەنـدە جیاوازەکانـی ئـەم یاسـایە دەستنیشـان بکرێـن.

٣- (پێناسەکان لەم قانوونەدا بە مەرجێك دەقەکە شتی تر نەخوازێت).

أ- (رۆژی دیاریکـراو» پەیوەسـت بـە (بەنـدی ٣) واتـا رۆژی ٢٦ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٥ و لـە پەیوەسـت بـە هـەر بەندێکـی دیکـەی ئـەم یاسـایەوە، واتـا ئـەو رۆژەیـە کـە بەندەکـەی تیـادا بـەرکار دەکرێـت.

ب- هێنـدەی (Hindi)واتـا هیندیـی بەنووسـینی دیڤانـگاری (Devangari script) .

٤- بـەردەوام بوونـی زمانـی ئینگلیـزی بـۆ مەبەسـتگەلە فەرمییەکانـی یەکێتییەکـە (وڵات) و بەکارهێنانـی لـە پەرلەمانـدا، سـەرباری تێپەڕبوونـی مـاوەی پانـزە سـاڵان بەسـەر رۆژی دەسـتپێکردنی کار بـە دەسـتوورەکەدا، زمانـی ئینگلیـزی بـۆی هەیـە، شـان بەشـانی زمانـی هینـدی بەکاربرێـت.

أ – بـۆ گشـت مەبەسـتێکی فەرمـی یەکێتییەکـە (وڵات) کـە راسـتەوخۆ لـە پێـش ئـەو رۆژەدا بۆیـان بەکارهێـنراوە.

ت- بۆ هەسوڕاندنی کاروبار لە پەرلەماندا.

٥- کۆمیتەی زمانی فەرمی:

١- دوابـەدوای تێپەڕبوونـی دە سـاڵ بەسـەر ئـەو رۆژەوە کـە بەنـدی ٣ تیایـدا بـەرکار دەبێـت، پێویسـتە (کۆمیتەیـەك لەمـەڕ زمانـی فەرمـی بەیاسـا دابمەزرێنرێـت بـە بڕیارێـك کـە بـە هـەردووك ئەنجوومەنـی پەرلەمانـدا تێپـەڕ بووبێـت و دوای پەسـەندکردنی پێشـوەختەی سـەرۆکی کۆمـار، هـەردوو ئەنجوومەنەکـە دەریانچواندبێـت.

٢- دەبـێ کۆمیتەکـە لـە ٣٠ ئەنـدام پێکبێـت و لەوانـە ٢٠یـان دەبـێ ئەندامـی (ئەنجومەنـی گـەل و (١٠)شـیان ئەندامـی (ئەنجومەنـی ویلایەتـەکان) بـن و لەلایـەن ئەندامانـی (ئەنجومەنـی گـەل) و ئەندامانـی (ئەنجوومەنـی

ویلایەتـــەکان) بـــە گوێـــرەی سیســـتەمی نوێنەرایەتـــی هاوڕێـــژە و بـــە رێـــگای دەنگدانـــی تاکـــە کەکەســـی هەڵبژێردرابـــن.

٣- ئەرکـی کۆمیتەکـە ئـەوە دەبێـت چـاو بـەو پێشـکەوتنەدا بخشـێنێتەوە کـە لـە بەرکاهێنانـی زمانـی هینديـدا بـۆ مەبەسـتگەلە فەرمییەکانـی یەکێتییەکـە بەدەسـتهاتووە. هەروەهـا راپۆرتێـك بـۆ سـەرۆك کۆمـار بـەرز کاتـەوە و لەوبـارەوە پشـــتگیری نیشـــان بـــدات و ســـەرۆك کۆماریـــش دەبـــێ وا بـــکات راپۆرتەکـــە بخرێتـە بـەردەم هـەردوو (ئەنجومەنەکانـی پەرلەمـان)ەوە بنێردرێـت بـۆ هەمـوو حکومەتەکانـــی وڵات.

٤- ســـەرۆك کۆماریـــش، لـــەدوای رەچاوکردنـــی راپۆرتـــی ئامـــاژە پێکـــراو لـــە خاڵـی (٣)ی سـەرەوەدا و بۆچوونـەکان، ئەگـەر هیـچ هەبـێ لەلایـەن حکومەتەکانـی ویلایەتەکانـەوە، بـۆی هەیـە لـەو رووەوە رێنماییـەك دەربچوێنێـت گوجـاو بێـت لەگـەڵ هەمـووی یاخـود هـەر بەشـێکی راپۆرتەکـەدا.

٥- وەرگێڕدراوە بڕوا پێکراوەکانی یاسا ناوەندییەکان بە زمانی هیندیی:

١- وەرگێڕدراوێـك بەزمانـی هینديـی لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرکۆمار لـە (گازیتـە) (رۆژنامـەی فەرمیـی)دا لـە رۆژی دیاریکـراودا دوای ئـەو رۆژە پەخشـکراوە.

أ- بـۆ (یاسـای ناوەندیـی) یـان هـەر (یاسـایەکی شـارەوانیی) کـە لەلایـەن سـەرەك کۆمـارەوە فەرمانـی بڵاوکردنـەوەی دەرچووبێـت.

ب- بـۆ هـەر فەرمـان، قانـوون، پەخشـنامە، یـان یاسـای لاوەکـی لـە ژێـر حوکمـی دەسـتوور یـان هـەر قانوونێکـی ناوەندییـدا دەرچوێندرابێـت، دەبـێ وا سـەیر بکرێـت (بناسرێـت) کـە دەقـە هیندییەکـەی رەسـمی و باوەڕپێکـراوە.

٢- مادامەکـی لـە رۆژی دیاریکـراوەوە، دەقـە رەسـمییە بڕواپێکراوەکانـی هەمـوو یاسـاکان بـە زمانـی ئینگلیـزی کـە دەردەچوێنرێـن یـان هەموارکراوەکانیـان دەبـێ بـە هـەردوو (ئەنجومەنەکانـی پەرلەمـان)دا تێپەڕێندرێـن. پێویسـتە وەرگێڕدراوێکـی هەمـان یاسـاش بەزمانـی هیندییـان لەگەڵدابێـت بەشـێوازێك

رەسمیی و باوەڕپێکراوبێت، کە حوکمەکانی ئەم قانوونە ڕێنماییەکانی بۆ دیاری دەکات.

٦- وەرگێڕدراوی بەرەسمی ناسراوی قانوونەکانی ویلایەت بە زمانی هیندیی لەهەندێ حاڵەتی دیاریکراودا، کە ئەنجوومەنی یاساداناني ویلایەتەکە هەچ زمانێکی دیکەی جگە لە هیندیی دیاریکردبێت بۆ بەکارهێنانی لە دەرچواندنی قانوونەکان لە ئەنجوومەنەکەدا، یان ئەو فەرمانانەی کە حاکمی ویلایەتەکە دەریاندەکات و (بڵاویاندەکاتەوە) وەرگێڕدراوێکی هەمان شت بە زمانی هیندیی، وێڕای وەرگێڕدراوێکیشی بە زمانی ئینگلیزی وەك لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٣٤٨)ی دەستووردا هاتووە، دەبێ لە (ڕۆژی دیاریکراو) یان دواتر بەپێی دەسەڵاتی حاکمی ویلایەتەکە لە (گەزەتەی فەرمیی) ئەو ویلایەتەدا پەخش و بڵاوبکرێتەوە. جا لە حاڵەتێکی ئاوهادا دەبێت وەرگێڕانە هیندییەکەی هەر قانوون یان فەرمانێکی ئاوەها بە دەقێکی باوەڕپێکراوی زمانی هیندیی بناسرێت.

٧- سەرپشکبوون لە بەکارهێنانی (هیندیی) یان هەر زمانێکی فەرمیی دیکە لە دادگاییکردن..هتد لە دادگە باڵاکاندا، وەك لە (ڕۆژی دیاریکراو) یان هەر ڕۆژێکی دواترەوە، حاکمی ویلایەتەك بۆی هەیە بە ڕازیبوونی پێشوەختەی سەرەك کۆمار دەسەڵاتی بەکارهێنانی هیندیی یان زمانی فەرمیی ویلایەتەکە، سەرباری زمانی ئینگلیزیی پێدراوە بۆ مەبەستی هەر دادگاییکردنێك، فەرمانێ یان هەر کارێك، لە (دادگەی باڵا)ی ئەو ویلایەتەوە دەرچوێنرابێت و، کاتێك هەر دادگاییکردن، فەرمان هەرکارێك بە هەر یەك لەو زمانانە (بێجگە لەزمانی ئینگلیزیی) دەرچوێنرابێت، ئەوا پێویستە وەرگێڕانێکی هەمان بابەتی بە زمانی ئینگلیزیی لەگەڵدا بێت کە بە گوێرەی دەسەڵاتی (دادگەی باڵا) وە دەرچووبێت.

٨- دەسەڵات بۆ دەرچوواندنی ڕێنماییەکان

١- حکومەتـــی ناوەندیـــی بـــۆی هەیـــە بـــە بڵاوکردنـــەوەی ئاگاداریـــی لـــە (گەزەتەیـی فەرمیـی) دا ڕێنماییەگەلێـك بـۆ بەئەنجامگەیاندنـی مەبەسـتەکانی ئـەم قانوونــە دەربــکات.

٢- هــەر ڕێنماییــەك لــە ژێـر ئـەم بەشـەدا دەربچێـت پێویسـتە هـەر زوو دوای دەرچوونییــەوە بخرێتــە بــەردەم دانیشــتنەکانی ئەنجوومەنەکانــی پەرلەمــان لــە مـاوەی خولـی دانیشـتنەکانی کـە بەگشـتی ٣٠ ڕۆژ بخایەنێـت کـە دەشـێت یـەك خـول یـان دوو خولـی یـەك لـەدوای یـەك بێـت. جـا ئەگـەر بەرلەبەسـەرچوونی خولەکـەدا، کـە تیایـدا بەرچاوخـراوە، یـان خولـی دواتـری هـەردووك ئەنجوومـەن ڕێککەوتــن لەســەر ئــەوەی کــە نابــێ ڕێنماییەکــە دەربچێــت، لــە دوای ئــەوەوە ڕێنماییەکــە کاریگەریــی تەنیــا لــەو شــێوە هەموارکــراوەدا دەبێــت، یــان هیــچ کاریگەرییەکــی نابێــت، وەك حاڵەتەکــە ئاوەهــا بێــت، بۆیــە بەهــەر حــاڵ کــە هــەر دەســتکارییکردن یــان هەڵوەشــاندنەوەیەکی لــەم شــێوەیە پێویســتە بەبــێ بڕیاردانێکــی پێشــەکی بێــت دەربــارەی مــاوەی کارپێکردنــی هــەر شــتێك کــە پێشــتر لــە ژێــر ســایەی ئــەو ڕێنماییــەدا کرابێــت.

٩- بڕگەگەلـی تایبـەت جامـۆ و کشـمیر ناگرنـەوە. بڕگـەی هـەردوو بەشـەکانی (٦ و ٧) شــەش و حــەوت نابــێ بــۆ ویلایەتــی جامــۆ و کشــمیر پیــادە بکرێــن.

## زمان لە هیند
## هێز بۆ ئیمڕۆ و هیوای گەش بۆ دوارۆژ

تەشرینی دووەمی ٢٠٠١

دکتـۆر ئیـم. ئیـس ثیرومـالاّی M.S Thirumalai PH.D زمانەکانـی هینـدی بـە گوێـرەی ئامارەکـەی سـاڵی ١٩٩١

B.malikarjun, ph .d

تکایـە سـەرنجی ئـەوە بـدە کـە (ڕێکخـراوی ئاماریـی هینـد) دەڵێـت کـە دانیشـتوانەکانی جامـۆ و کشـمیر لەنێـو ئـەو ژمارانـەدا نینـە چونکـە ئامارەکـە سـاڵی ١٩٩١ لەوێـدا بەڕێوەنەچـوو بەهـۆی بـاری ئاڵـۆزکاوەوە.

هەروەهـا تکایـە تێبینـی ئـەوەش بکـە کـە لەناوەکانـی ئـەم زمانانـەدا لێـرەدا هاتـوون زیاتـر نـاوی بەرگـن، بـە هەنـدێ واتـا، چونکـە هـەر زمانـێ کـە ژمـارەی دانیشـتوانی لـەم خشـتەی خـوارەوەدا بـۆ دیاریکـراوە، لـە هەمانکاتـدا هەنـدێ زمانـی دیکـە یـان شـێوەزاری دیکـەش دەگرێتـەوە کـە بـە روونـی لـەم خشـتەیەدا دانەنـراون. بـۆ نموونـە زاراوەی kannada زمـان یـان شـێوەزاری بـادەگا badagaش دەگرێتـەوە. تامیـر: کایکـەدی kaikadi و تامیـل یارکوکـە و یارکوکـە و هـی تریـش لەخـۆ دەگرێـت.

هێنـدەی نزیکـەی ٤٨ زمـان شـێوەزار و زمانـی دایـك دەگرێتـەوە، وەکـو Awadlhi, phojpuri, garhwali, و تـاد.

ئـەو ڕاپۆرتـەی (ڕێکخـراوی ئامـار) ڕێکـی خسـتووە، لەکاتێکـدا تەنیـا مانـای زمانـەکان و زمانەکانـی دایـك دەخاتـەڕوو، دەڵێـت:

ئـەوەی لـە خـوارەوە خراوەتـەڕوو (پێشکەشـکراوە) واتـای ئەبجەدیـی زمانـان و زمانەکانـی دایکـن بەهێـزی دەهـەزار و زیاتـر لەسـەر ئاتـی هەمـوو هینـددا

لەژێـر هــەر زمانێکـدا دانـراوە.

نزیکـەی ١١٤ زمـان و ٢١٦ زمانـی دایـك و ١٨ زمانـی خشـتەبۆکراو و ٩٦ زمانیـش نەخراونەتـە نێوخشـتەکەوە.

## زمانەکانی هیند، ئاماری ١٩٩١

## زمانە خشتە بۆکراوەکان

| | ناوی زمان | ژمارەی کەسەکەکان | | ناوی زمان | ژمارەی کەسەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەسامی | ١٣٠٧٩٦٩٦ | ٢ | بەنگالی | ٦٩٥٩٥٧٣٨ |
| ٣ | گوجاراتی | ٤٠٦٧٣٨١٤ | ٤ | هیندی | ٢٣٧٢٧٢١١٤ |
| ٥ | کەنادە | ٣٢٧٥٣٦٧٦ | ٦ | کەشمیری | ٥٦٦٩٣ |
| ٧ | کۆنکانی | ١٧٦٠٦٠٧ | ٨ | مالایالام | ٣٠٢٧٧١٧٦ |
| ٩ | مانیپۆری | ١٢٧٠٢١٦ | ١٠ | ماراثی | ٦٢٤٨١١٦٨ |
| ١١ | نیپالی | ٢٠٧٦٢١٦ | ١٢ | ئۆریا | ٢٨٦١٣١٣ |
| ١٣ | پونجابی | ٣٢٧٥٣٦٧٦ | ١٤ | سانسکریت | ٤٩٧٣٦ |
| ١٥ | سیندی | ٢١٢٢٨٤٨ | ١٦ | تامیل | ٥٣٠٠٦٣٦٨ |
| ١٧ | تەلوگو | ٦٦٠١٧٦١٥ | ١٨ | ئوردو | ٤٣٤٠٦٩٣٢ |
| زمانە بێ خشتەکان | | | | | |
| ١ | ئادی | ١٥٨٤٠٩ | ٢ | ئەنال | ١٢١٥٦ |
| ٣ | ئەنگامی | ٩٧٦٣١ | ٤ | ئاو | ١٧٢٤٤٩ |
| ٥ | عارەبی | ٢١٩٧٥ | ٦ | بیهلی/ بیهلودی | ٥٥٧٣٢٠٨ |
| ٧ | بهوتیا | ٥٥٤٨٣ | ٨ | بهۆمیج | ٤٥٣٠٢ |
| ٩ | بشنوپوریا | ٥٩٢٣٣ | ١٠ | بۆدۆ/بۆرۆ | ١٢٢١٨٨١ |
| ١١ | چاکسانگ | ٣٠٩٨٥ | ١٢ | چاکرۆ/ چۆکری | ٤٨٢٠٧ |
| ١٣ | چانگ | ٣٢٤٧٨ | ١٤ | کورگی/ کۆداگو | ٩٧٠١١ |
| ١٥ | دیۆری | ١٧٩٠١ | ١٦ | دیماسا | ٨٨٥٤٣ |
| ١٧ | دۆگری | ٨٩٦٨١ | ١٨ | ئینگلیزی | ١٧٨٥٩٨ |
| ١٩ | گۆدابە | ٢٨١٥٨ | ٢٠ | گانکنە | ١٣٦٩٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | گارۆ | ٦٧٥٦٤٢ | ٢٢ | گۆندی | ٢١٤٨٢٥ |
| ٢٣ | هالابی | ٥٣٤٣١٣ | ٢٤ | مالام | ٢٩٣٢٢ |
| ٢٥ | همار | ٦٥٢٠٤ | ٢٦ | هۆ | ٩٤٩٢١٦ |
| ٢٧ | جاناپۆ | ٢٥٧٢٠ | ٢٨ | جوانگ | ١٦٨٥٨ |
| ٢٩ | کابووی | ٦٨٩٢٥ | ٣٠ | کاری/ میکری | ٣٦٦٢٢٩ |
| ٣١ | خانداشی | ٩٧٣٧٠٩ | ٣٢ | خاریا | ٢٢٥٥٥٦ |
| ٣٣ | خاسا | ٩١٢٢٨٢ | ٣٤ | خەزما | ١٣٠٠٤ |
| ٣٥ | خیمنونگەن | ٢٣٥٤٤ | ٣٦ | خوند/کۆند | ٢٣٠٧٨٣ |
| ٣٧ | کیناوری | ٦١٧٩٤ | ٣٨ | کیسان | ١٦٢٠٨٨ |
| ٣٩ | کۆچ | ٢٦١٧٩ | ٤٠ | کودا/کۆرا | ٢٨٢٠٠ |
| ٤١ | کۆلامی | ٩٨٢٨١ | ٤٢ | کۆم | ١٣٥٤٨ |
| ٤٣ | کۆندا | ١٧٨٦٤ | ٤٤ | کۆنیەك | ١٣٧٧٢٢ |
| ٤٥ | کۆرکو | ٤٦٦٠٧٣ | ٤٦ | کۆروا | ٢٧٤٨٥ |
| ٤٧ | کۆیە | ٢٧٠٩٩٤ | ٤٨ | کووی | ٦٤١٦٦٢ |
| ٤٩ | کووکی | ٥٨٢٦٣ | ٥٠ | کوروخ/ ئوراون | ١٤٢٦٦١٨ |
| ٥١ | لاهوالی | ٢٢٠٢٧ | ٥٢ | لاهندە | ٢٧٣٨٦ |
| ٥٣ | لاخەر | ٢٢٩٤٧ | ٥٤ | لالونگ | ٣٣٤٧٨ |
| ٥٥ | لێچە | ٣٩٣٤٢ | ٥٦ | لیانگمەی | ٢٧٤٧٨ |
| ٥٧ | لیمبوو | ٢٨١٧٤ | ٥٨ | لوئا | ٨٥٨٠٢ |
| ٥٩ | لوشای/ مێزۆ | ٥٣٨٨٤٢ | ٦٠ |ماڵتۆ | ١٠٨١٤٨ |
| ٦١ | ماو | ٧٧٨١٠ | ٦٢ | مارام | ١٠١٤٤ |
| ٦٣ | مارینگ | ١٥٢٦٨ | ٦٤ | میری/ میشینگ | ٢٩٠٥٨٣ |
| ٦٥ | میشمی | ٢٩٠٠٠ | ٦٦ | مۆغ | ٢٨١٣٥ |
| ٦٧ | مۆنیا | ٤٣٢٢٦ | ٦٨ | موندا | ٤١٣٨٩٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٩ | مۆنداری | ٨١٦٣٧٨ | ٧٠ | نیکۆپارسە | ٢٦٢٦١ |
| ٧١ | نیسی/ دافلە | ١٧٣٧٩١ | ٧٢ | نوکتە | ٣٠٤٤١ |
| ٧٣ | پاپتە | ٤٩٢٣٧ | ٧٤ | پارژی | ٤٤٠٠١ |
| ٧٥ | پاوی | ١٥٣٤٦ | ٧٦ | فۆم | ٦٥٣٥٠ |
| ٧٧ | پۆچۆری | ١١٢٣١ | ٧٨ | رابها | ١٣٩٣٦٥ |
| ٧٩ | رینگما | ٣٧٥٢١ | ٨٠ | سەنگتام | ٤٧٤٦١ |
| ٨١ | سانتالی | ٥٢١٦٣٢٥ | ٨٢ | ساڤارا | ٢٧٣١٦٨ |
| ٨٣ | سەما | ١٦٦١٥٧ | ٨٤ | شەرپا | ١٦١٠٥ |
| ٨٥ | تانگخوول | ١٠١٨٤١ | ٨٦ | تانگسە | ٢٨١٢١ |
| ٨٧ | ئادۆ | ١٠٧٩٩٢ | ٨٨ | تیبەتەن | ٦٩٤١٦ |
| ٨٩ | تریپووری | ٦٩٤٩٤٠ | ٩٠ | تولوو | ١٥٥٢٢٥٩ |
| ٩١ | ڤایڤێی | ٢٦١٨٥ | ٩٢ | وانچۆ | ٢٩٦٠ |
| ٩٣ | یمچونگرا | ٤٧٢٢٧ | ٩٤ | زەلیانگ | ٢٥٠٧٩ |
| ٩٥ | زەمیی | ٢٢٦٣٤ | ٩٦ | زۆو | ١٥٩٦٦٦ |

# ئەفریقای باشوور

زانیاری گشتی:

پێتەخت: بریتوریا (کارگێڕی) ساڵی ١٩٩١ (١٦٠٥٧٧٠) کەس. کیپتاون (یاسادانان) ساڵی ١٩٩١ (٣٢٠٤٨٦٧) کەس. بلۆمفۆنتین (دادگەریی) ساڵی ١٩٩١ (١٢٦٨٦٧)کەس.

پانتایی (رووبەر) ١٢١٩٩١٢ کیلۆمەتر دوجا (٤٧٠٦٩٣) میل دووجا.

شێوەی حکومەت: کۆماریی

داهاتی تاك لە کۆی گشتی: توانستی کڕین ٦٩٠٠ دۆلار ساڵی (١٩٩٩).

دانیشتوانەکان: ٤٣٤٢١٠٢١ کەس. تەمووزی ٢٠٠٠.

پێکهاتەی ئەتنی: رەشەکان: ٧٥,٢٪ سپی پێست ١٣,٦٪ هەمەرەنگەکان (خەڵکانی نەژاد تێکەڵاو): ٨,٦٪ هیندییەکان: ٢،٦٪.

زمانە فەرمییەکان (١١) یانزە زمانی فەرمیی هەنە:

ئەفریکانۆ، ئینگلیزی، نەدەبەلە، پێدی، سۆتۆ، سوازی، تسۆنگە، تسوانا،

ڤەنــدا، خۆســاوزۆلۆ.

زمانە کەمینەکان:

خۆیــی، نامــا، ســان، جەرمانــی، یۆنانــی، کۆجاراتــی، هینــدی، پورتوگالــی، تامیــل، تەلەگــو، ئــوردو، عەرەبــی، هابــروو، سانســکریتی.

١- لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی:

١- یاسادانان.

٢- پاشخان

٣- بڵاوکراوە زمانییەکان

٤- گروپە کەمینەییەکان

٥- نرخ و بەها

٦- زمان لە ژیانی رۆژانەدا

٧- رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان

٨- هەمەجۆر

٩- کۆتایی

یاسادانان:

یاساسازیی پەیوەست بە بەکارهێنانی زمانەوە:

دەســتووری ئەفریقــای باشــوور بەشــەکانی (٩,٦) (٢٩)، (٣١)،(٣٥) (١٨٦)، (٢٣٥) یاســای فــرە زمانیــی (١٠ی ئایــاری ٢٠٠٠).

Statement لێدوانــی (وتــاری راگەیانــدن) لەلایــەن پرۆفیســۆر Pro. Sme bengu وەزیــری پــەروەردە لەبــارەی (سیاســەتێکی نوێــی زمــان بەگشــتی و پــەروەردەی زیاتــر (١٤/ ی تەممــوزی ١٩٩٧).

(یاسای بۆردی زمانی سەرتاسەری ئەفریقای باشوور).

(یاســای قوتابخانــە ئەفریکانۆکانــی ئەفریقــای باشــوور ١٩٩٦). (تــا ئێســتا تــازە کردنــەوە (ئەیلوولــی ٢٠٠٢).

وەك لـە دەسـتووردا (مـاددە ٦) ئاشـكرایە (١١) زمـان دەكـرێ بـۆ كاروبـاری فەرمیـی لـە وڵاتـدا بەكارببرێـن (دوانیـان هـی سـەردەمی سیاسـەتی رەگەزپەرسـتی دژ بـە قوڵـە رەشـەكان- ئەفریكانـۆ و ئینگلیـزی لەگـەڵ (٩) زمایـن بانتـۆ (bantu) ی سـەرەكی.

دەستوور:

مامەلەكـردن بـە یەكسـانی و رێزگرتـن لـە هەمـوو زمانـە فەرمییـەكان دیـاری دەكات.

- مافـە زمانییەكانـی مـرۆڤ وەك بەردێكـی بناخـەی ژیانـی كۆمەڵایەتـی لەخـۆ دەگرێـت.

- هەموو جیاوازییەك قەدەغە دەكات.

- حكومـەت پەیوەسـت دەكات بـە پەرەپێدانـی سـەرجەم زمانـە فەرمییـەكان. كـە كۆمەڵانـی خەڵـك كاریـان پێدەكـەن (بـە زمانـی هێـماكان، زمانـە ئاینییـەكان و یەكـەم زمانەكانـی كۆمەڵەكانـەوە، خـۆی (khoi) نامـا (nama) و سـان (san).

- بایـەخ و دانپێدانانـی ئاشـكرا بـە بنەمـای جودایـی و فـرە زمانیـی دەدات. ئـەم پەیمانگەلـە دەسـتوورییانە تێكـڕا گوزارشـت لـە فرەیـی رامیارییـەوە (التعددیـە السیاسـیە) دەكـەن.

دوابـەدوای بڕیاردانـی بـە رەسـمی ناسـاندنی ١١ زمـان، لیژنەیـەك بەنـاوی (langotag) واتـە (گروپـی كاری زمـان) سـاڵی ١٩٩٦ پێكهێـنرا بـۆ ئـەوەی چوارچێوەیـەك بـۆ گەشـەپێكردنی سیاسـەتێكی نیشـتمانیی گشـتگیر بـۆ زمـان دابرێژێـت. بـەو شـێوەیە، چەنـدان وركشـۆپ و سـیمینار لەلایـەن میرییـەوە رێكخـران بەمەبەسـتی راگۆڕینـەوە و گفتوگۆكـردن لـە پێنـاو دۆزینـەوەی پـلان و نەخشـەی گونجـاودا بـۆ زمانـی نیشـتمانیی، لـە هەمانكاتیشـدا دامەزراوەیەكـی نیشـتمانیش بەنـاوی (PANSALB) واتـە (بـۆردی سەرتاسـەری ئەفریقـای باشـوور) دامەزرێـنرا تـا زمانەكانـی وڵاتەكـە پـەرە پێبـدات و چاودێریـی پێڕەوكـردن و

بــە جێگەیاندنــی پەیــمان و ڕێنماییــە زمانەوانیەیــکان بــکات. ئــەم دامەزراوەیــە هــەر لــە ســەرەتای دەســتبەکاربوونییەوە چەنــد یەکەیەکــی فەرهەنگدانانــی دامەزرانــدوون و پــارەی تەرخانکــردووە بــۆ تۆێژینــەوە و ڕووپێوێکــی زمانەوانیــی، وێــڕای ئەمانــەش DACST ئــەم دامــەزراوە دەوڵەتییــەی کــە بەرپرســە لــە ئەنجامدانــی پەرەپێدانــی بــە سیاســەتی زمــان، یەکەیەکــی ڕاوێژکاریــی تایبەتــی بــۆ نەخشــەدانانی زمــان دامەزرانــد بــۆ ئــەوەی سیاســەتێکی تایبەتــی زمانەوانیــی نیشــتمانیی پێشــنیاز بــکات. ئەوەبــوو پێشــنیازەکەی ئــەم کۆمیتەیــە لــە مانگــی ئــاداری ســاڵی ٢٠٠٠دا بــوە بناخەیــەك بــۆ یاســای زمانەکانــی ئەفریقــای باشــوور کــە بڕیــارە بخرێتــە بــەردەم ئەنجوومەنــی وەزیرانــەوە لــە مــاوەی خولــی ئێســتەی ئەنجوومەنــی نیشــتمانیدا.

پەیمانــە دەســتوورییەکانی زمــان لانــی کــەم لــە ســێ ڕووەوە ڕەخنەیــان لێگیــراوە.

یەکــەم ئــەو ڕەخنەیــەی بەشــێوەیەکی گشــتیی دەردەبڕدرێــت ئەوەیــە کــە زۆر ئەســتەمە و ناکرێــت سیاســەتێکی ١١ زمانــی پیــادە بکرێــت، چونکــە ئــەوە پارەیەکــی زۆری تێدەچێــت و بەکردەنیــش ناتوانــرێ بخرێتــە واری کارپێکردنــەوە.

ئــەم ڕەخنەگرانــە بــە ڕوونــی وادادەنێــن کــە مەبەســتی دەســتوورەکە ئەوەیــە یانــزدە زمانــان لەســەرجەم بــوارە فەرمییەکانــدا بەکاربێنــێ وەلــێ کێشــەکە ئاوەهــا نییــە.

یەکــەم: پەیماننامــەکان ڕوون و ئاشــکرا دەڵێــن کــە هــەردووك حکومەتــی نیشــتمانیی و حکومەتەکانــی هەرێمــەکان دەبــێ لانــی کــەم دوو زمانــی فەرمیــی بــۆ کاروبــارە حکومەتییــەکان بــەکار بێنــن.

دووەم پەیماننامــەکان ژمارەیــەك مەرجــی دیاریکــراو وەك (بەکارهێنانــن شــیاویی، تێچــوو، ڕەوشــی هەرێمایەتــی و هەروەهــا هاوســەنگیی لــە نێــوان پێویســتییەکان و خواســتەکانی دانیشــتووانەکاندا) لەخــۆ دەگــرن و کــە دەبــێ بــۆ بڕیــاردان لەســەر

سیاسەتە تایبەتمەندەکان ڕەچاو بکرێن.

لە حاڵەتی حکومەتە پلە سێیەکاندا، ژمارەیەك زمان تایبەتمەندییان نییە بەو بۆچوونەی کە بۆیان هەیە یەك زمان بەکاربێنن بۆ کارە فەرمییەکان کەواتە، هەرچەند فرەزمانیی تەواو لە نێو ڕۆحی دەستوورەکەدایە پەیمان و مەرجەکانی لەمەڕ زمان مەبدەئو و بنەمای جوداوازییەکان لە ڕووی کار و فەرمان و سەرژمێریی دانیشتوانان و پێوستبوونی لێك جوداکردنەوەی ناوچەکان و ئاستی پێشکەوتنی سیاسەتی لەمەڕ ئەو زمانەوە لەبەرچاو بگرن.

دووەمین ڕەخنە لە مەرجەکانی زمان ئەوەیە کە بنەمایانەی ئەوان پاڵپشتیان لێدەکەن (یەکسانی لە ڕێزلێنان، ڕەوایی و پێشخستنی زمان) دا زۆر ناکۆکن لەگەڵ دەستەواژە پێناسەییەکاندا (هەندێ جار بە نەرێ پێیاندەگوترێت «دەستەواژەی دەربازبوون» کەوا دەکات خوێندنگە دەوڵەتییەکان خۆ لەبەکارهێنان و جێبەجێکردنی سیاسەتی زان وەك لە ڕۆحی دەستووردا هاتووە بدۆزنەوە.

ڕەخنەی سێهەمیش ئەوەیە کە خوێندنگاکانی (ئەنیستیتۆ) سەر بە دەوڵەت بەکردەنی زیاتر دەبنە تاکزمانیی (ئەمەیش زۆری هەرە زمانی ئینگلیزییە) کە ئەوە دەگەیەنێ حکومەت دژی (پێچەوانەی)ی ڕۆحی دەستوورەکە کاردەکات.

یاسای زمانەکانی ئەفریقای باشوور

دووەم بەڵگەنامە کە پوێیستە ڕەچاو بکرێت یاسا پێشنیازکراوەکەی زمانەکانە، ئەم یاسایە بە لیستێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی دەست پێدەکات.

١- یارمەتیدانی دامەزراندنی تاکەکان و پەرەپێدانی نیشتمانیی.

٢- پەرەپێدانی زمانە (بانتوو)ەکان و پێشخستنیان.

٣- ئامادەکردن و پێدانی کارنامەی بەردەوام سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی کاریگەرانەی زمانە فەرمییەکان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.

٤- یارمەتیدانی چاککردنی باری ئابووری لە ڕێی پەرەپێدانی فرەزمانییەوە.

٥- بایەخ و گرنگی دان بە فێربوونی زمانەکانی ئەفریقای باشوور.

٦- پێشخستنی پەرەپێدانی توانستی زمانەکانی وڵات، بەتایبەتی لەبارەی دەقەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیاوە.

٧- یاسایەکە پێشنیازی ئەم بڕیارگەلە رامیارییانەی خوارەوە دەکات.

١- حکومەتی نیشتمانی پێویستە و نابێ بۆ کاروباری فەرمیی لە چوارزمان کەمتر بەکار بهێنێت.

٢- ئەم زمانانەش دەبێ لە هەریەك لە چواربەشەکانی زمانە فەرمییەکان لەسەر بناخەیەکی نەتەوەییدا وەك ئەمانەی خوارەوە هەڵبژێردرێن.

- زمانەنگونی (Nguni)یەکان (ندەبیلە، سوازی، خۆسا، وزولو (ndeble, swazi, xhosa and zulu)

- زمانە سۆتۆ (Sotho)یەکان (Pedi, sotho and tswana)

- ڤێنداو تسۆنگا شانگان (Venda and Tsonga shangaan)

- ئەفریکانۆ و ئینگلیزی (Afrikaans's and English)

٣- حکومەتەکانی لەسەر ئاستی و ناوخۆیی و هەروەها ئەوە ئینیستۆتانەی (پەیمانگە) ئەرکی گشتیی ئەنجام دەدەن دەبێ پابەندبن بە سیاسەتی بڕگە و مەرجەکانی یاساکەوە.

٤- سیاسەتەکەش دەبێت شیاو بێت بۆ کاروبارەکانی یاسادانان، جێبەجێکردنی و دادگەری.

٥- یەکەی زمانەوانیی دەبێت بۆ هەر بەشێکی حکوومەتی نیتشمانیی و هەر هەرێمێك دابمەزرێت بۆ ئەوەی پەیڕە و چاودێریی سیاسەت بکەن، رابەرایەتیی رووپێوی زمانەوانیی و پێداچوونەوەی بکەن. تاوەکو سیاسەتەکانی ئێستەی زمان و کارپێکردنەکانیان هەڵسەنگێنن و رای گشتیی و (جەماوەر) لە سیاسەتەکە ئاگادار بکەنەوە.

٦- پێویستە رێنمایی لە شێوەی یاسادا بۆچۆنییەتی بەکارهێنانی زمان بۆ

فەرمانــگا گشــتییەکان دەربچوێنرێــن.

یاســاکە هەروەهــا پێشــنیاری پلانێــك دەکات بــۆ بەکارهێنــان (پێویســتە چــی بکرێــت، لەلایــەن کــێ، بــۆ کــێ و کــەی بــۆ چالاکییــە ســەرەکییە هەڵبــژاردەکان، وەکــو دامەزراندنــی یەکــە زمانییــەکان، چاکترکردنــی یاســای بەکارهێنانــی زمانــەکان و بەدواداچوونــەوەی زمانەوانییــەکان، لایەنێکــی بــە نرخــی گرنــگ لــە ئامادەکردنــی یاســاکە کێشــەی پــارە و تێچووەکەیەتــی، بۆیــەکا حســابێك بــە مەزنــدە بــۆ تێچوونەکــەی بــۆ هەنــدێ لــە بەشــە هەڵبژێردراوەکانــی دەوڵەتــی ئەنجامــدراوە.

قانوونــە پێشــنیازکراوەکە بــە روونــی دیــارە کــە بەنیــازی سیاســەتێکی دیــار و ئاشــکرا بــۆ ئەنیســتیتۆتی تاکەکانــی ســەربە دەوڵــەت دانەنــراوە.

بــە زۆری ئەوەیــە چوارچێوەیــەك پێشــکەش دەکات کــە لــەو ســنوورەیدا دەبــێ پــەرە بــە پێشــڤەچوونی زیاتــری سیاســەت بدرێــت. هەمــوو بەشــێکی دەوڵەتــی (لــە هــەر ئاســتێکدا بــێ) پێویســتی بــەوە دەبێــت سیاســەتێکی تایبــەت بەخــۆی و نەخشــە و پلانێــك بــۆ بەکارهێنانــی یاســاکە بڕیاربــدات لەســەر بنەمــای ئــەو ئەرکانــەی کــە پێویســتە ئەنجامیــان بــدات، هەروەهــا لەمــەڕ شــێوەکان و ئاســتەکانی پێوەندییکــردن کــە بۆجێبەجێکردنــی ئــەرك و فەرمانەکانــی پێویســت دەبێــت بەکاریــان بهێنێــت.

دەرچواندنــی پــرۆژە یاســاییەکە لــە ئەنجوومەنــی وەزیــران و ئەنجومەنــی نیشــتمانیی مانــای ئــەوە نابــێ کــە دەســتبەجێ و بەتەواوەتــی کاری پێبکرێــت لەســەر هەرســێك حکومــەت و لەســەرجەم بەشــەکانی دەوڵەتییــدا، لــە راســتیدا پێڕەوکردنــی سیاســەتێکی کاریگەرانــە لەوانەیــە چەندیــن ســاڵی بوێــت بــە گوێــرەی ئەســپاردنی لەلایــەن ســەرۆکایەتی بەشــە دەوڵەتییەکانــەوە و هەروەهــا بەرەچاوکردنــی ســنوورەکانی بودجــە لەســەر ئاســتەکانی نیشــتمانی و هەرێمایەتییــەوە.

ســەرچاوە: کۆنگــرەی جیهانیــی لەمــەڕ سیاســەتەکانی زمــان بەرشــلۆنە، ١٦-٢٠ نیســانی ٢٠٠٢ پێشــکەوتنی سیاســەتی زمــان لــە ئەفریقــای باشــوور- لەلایــەن ڤــی

ئێـن (v.n) وێـب. سـەنتەری لێکۆڵینـەوە لـە سیاسـەتەکانی زمـان، زانکـۆی بریتۆریـا.

٢- پاشخان

چەند تێبنییەك لەمەڕ پاشخانەوە.

بیرۆکــەی نەژادگــەری لەســەردەمی (ئەپارتایــد) جیاکاریــی رەگــەزی دژ بــە رەشپێســتەکان، م.ئـا) ئێجـگار روو لــە تەقینــەوە بــوو، دوایــی لــە ١٩٩٣، ١٩٩٤ دا کــە وڵات لەســەردەمی ئەپارتایــد دوورکەوتــەوە، زۆرەهــا خەڵکــی ئەفریقــای باشـوور پەیدابـوون داوای بۆمـاوەو و میراتـی نەژادییـان و شانازیشـیان بـە بنەچـەی رەگــەزی خۆیانــەوە دەکــرد. ســەرکردە سیاســیە تــازەکان درکیــان بــە چاکــە و ســوودی بەرچــاوی سیاسـەتی دەسـت لـە پشـتدانی خەڵکەکـە کـرد و بـۆ ئـەوەی خۆیــان هــەم بــە نەتــەوە هەڵبــدەن و بناســێنن و هــەم بــەو کۆمەڵگەیــەش کــە رابردوویەکـی کۆنـتری لەهـی نەتـەوە هەبـووە، بۆیـەکا دەسـتووره راگوازرییەکـەی ١٩٩٣ گرنگــی رەگەزایەتــی دووبــارە چەســپاندەوە و بــەوەی کــە نــۆ زمانــی ئەفریقایـی خسـتە ریـزی پلـە و پایـی ئـەو زمانـە فەرمییانـەی نیشـتمانەوە، شـان بەشــانی زمانەکانــی ئینگلیــزی و ئەفریکانــۆ. هــەردوو رژێمەکانــی هۆلەندیــی و ئینگلیـزی پەرەیـان بەتاکزانـی دەدا لـە ئەفریقـای باشـووردا. وەلـێ هیـچ کامێکیـان لــەوەدا ســەرکەتوو نەبــوون. هــەر لــە ســاڵی ١٩٩٤ ەوە ئەفریقــای باشــوور بــۆ دیموکراسـییەکی فـرە زمانیـی پـەرەی سـەند و لەهـەر کاتێکـی پێشـتر زیاتربـووە وڵاتێکـی فـرە زمـان. لایەنگرانـی فـرە زمانـی پێیانوایـە یەکێتـی نیشـتمانی پێویسـتی بــە بەکارهێنانــی فەرمیــی تەنهــا یــەك زمــان نییــە. زمانــی فەرمیــی وڵاتێــك پێویسـتی بـەوە نابێـت کـە هـەر دەبـێ زمانێکـی نێونەتەوەیـی بێـت و، منـداڵان دەکــرێ زمانــی زیاتریــان فێربکرێــت و تیاشــیاندا ســەرکەوتوو دەبــن. ئەفریقــا وەك کیشــوەر و فــرە زمانــە. تەنهــا وڵاتــە تاکزمانــەکان بریتیــن لــە (بۆتســوانا، بۆرۆنــدی، لیســۆتۆ، مەدەغەشــقەر، مۆریشــەیس، روانــدا، دوورگەکانــی سیشــیل، سـۆماڵ و سـوازیلەندە) لەلایەکـی تـرەوە، نایجیریـا (٤١٠) زمـان بەکاردەهێنێـت.

زائیـر (٢٠٦) زمـان و ئەثیوپیـاش (٩٧) زمـان. فـرە زمانـی بـەوە پێناسـەکراوە کـە پرۆسـەیەکی دینامیکییـە کـە توانسـت بەوانـە دەدات کـە بەزمانگەلـی جـوداواز قسـە دەکـەن تـا پەیـام و نامـەکان بـەو زمانـە یـان زمانانـە بگۆڕنـەوە کـە خۆیـان هەڵیاندەبژێـرن. هەروەکـو بـوار خۆشـدەکات بـۆ کۆمەڵگـە جـوداوازەکان بـە زمانـی پەتـی خۆماڵیـی رۆژانەیـان گوزارشـت لـە خۆیـان بکـەن. رۆڵ و ئەرکـی بەشـەکانی هونـەری، رۆشـنبیری (کەلتـورو) زانسـت و تەکنەلۆژیـاش ئەوەیـە کـە پـەرە بـە سیسـتەمی فـرە زمانیـی لـە وڵاتـدا بـدەن و یارمەتـی داراییـش بـدەن بـە (بـۆردی زمانـی سەرتاسـەری ئەفریقـای باشـوور PANSALB) کـە لـە سـاڵی ١٩٩٦ دا بـۆ ئەوەهاتـە دامەزرانـدن کـە حـەز و ئارەزووەکانـی گشـت زمانـە فەرمییـەکان دەسـتەبەر بکـەن.

ئـەو هۆیـەی (پانسـالب)ی بـۆ دامەزرێـنرا ئەوەبـوو کـە ئـەم مەرجانـە بێنێتـە ئـاراوە کـە پێشـکەوتن و یەکسـانی لـە بەرکاهێنانـی گشـت زمانـە فەرمییـەکان مسـۆگەر بکـەن و هەروەهـا هەتـا ژینگەیەکـی پۆزەتیـڤ بـۆ فرەزمانیـی بەشـێوەیەکی گشـتی دروسـت بکـەن و بـەرەو پێشـیش ببـەن، ئەویـش زمانـە فەرمییـەکان دەگرێتـەوە ئەگەرچـی هـەر بەتەنیـا بـۆ ئـەوان نییـە. رۆڵـی (پانسـالب) ئەوەیـە دامەزراوەکانـی کۆمەڵگـە شارسـتانییەکان دامەزرێنێـت و بەهێزیـان بـکات کـە دەبنـە هـۆکاری پشـتگیریی لـە پەرەپێدانـی مەهارەتەکانـی فرەزمانیـی و زۆرکردنـی سـەرچاوە گەلـی تـازە بـۆ ئەوانـەی ئینگلیـزی نازانـن و قسـەی پێناکـەن.

| زمانە فەرمییەکان | ئەوانەی قسەیان پێدەکەن |
| --- | --- |
| ئەفریکانۆ | ٪١٥,١ |
| ئینگلیزی | ٪٩,١ |
| ئیسنیدبیلە (ئیندبیلە) | ٪١,٥ |
| ئیسیخۆسا (خۆسا) | ٪١٧,٥ |
| ئیسیزۆلۆ (زۆلۆ) | ٪٢٢,٤ |
| ساسۆلۆ (سۆثۆی باشوور) | ٪٦,٩ |
| سەسۆپۆسالیبۆ (سۆثۆی باکوور) | ٪٩,٨ |
| سەتسوانا (تسوانا) | ٪٧,٢ |
| سیسواتی (سوازی) | ٪٢,٦ |
| تشیڤیندا (ڤەندا) | ٪١,٧ |
| ختسۆنگا (تسۆنگا) | ٪٤,٢ |

تا ئەیلوولی (٢٠٠٢)

پێگەی رامیاری زمان:

زمانە سەرەکیەکانی ئەفریقای باشوور بە قووڵی لە مێژووی رامیاریی ئەو وڵاتەدا رەگیان داکوتاوە. کۆلۆنیالیزم (داگیرکاریی، م.ئا) و سیاسەتی ئەپارتاید دەیانویست و هەوڵی ئەوەیان دەدا سەرجەم زمانەکان واتای رامیاریی- سۆسیالی لەخۆیان بگرن، ئینگلیزی لەو کاتیدا زۆر بەشکۆ و لەبار بوو، زمانە ئەفریکانۆکان بەگشتی سووك و بە نزمی سەیر دەکران. زمانەکانی بانتۆ بەها و بایەخێکی ئابووری و یان پەوەرردەیی کەمیان پێدرابوو.

لە راستیدا زمانەکانی (بانتۆ) لەلایەن ئەوانەی کە قسەیان پێدەکەن وەك

سـیمبولێکی ئـەو خەڵکانـە تەماشـا دەکرێـت کـە (نەخوێنـدەوار و کۆنەخـواز و دەشـتەکیی و نارۆشـنبیری و کالفامـن). هەروەکـو «وەك زمانگەلێـك دەژمێردرێـن کـە لـە خـوارەوەی زمانـی سـتانداردن و کەمـتر توانـای ئەوەیـان هەیـە گوزارشـت لـە بیرۆکـەی گرنـگ و جیدیـی بکەنـەوە. ئەگەرچـی زمانەکانـی (یانتـۆ) هەروەکـو زمانەکانـی ئەفریکانـۆش، لـە رووی ژمارەییـەوە زمانـی زۆرینـەن، بـەڵام لـە رووی چەمکـی سیاسـییانەی زمانـەوە بـە (زمانـی کەمینـە دەژمێردرێـن).

لــە چەمکــی هێــزو دەســەڵات و شــکۆدارییەوە (ئینگلیــزی زمانــی ســەرەکی وڵاتــە و زمانەکانــی (ئەفریکانــۆ و بانتۆ)بەشــێوەیەکی زیانبەخــش خراونەتــە پەراوێــزەوە.

سەرچاوە

- کۆنگـرەی جیهانـی لەمـەڕ سیاسـەتەکانی زمـان، بەرشـلۆنە ١٦-٢٠ی نیسـانی ٢٠٠٢.

- پەرەپێدانــی سیاســەتی زمانەوانیــی لــە ئەفریقــای باشــوور لەلایــەن (V.N web) ســەنتەری تویژینــەوە لــە سیاســەت و زمانــدا، زانکــۆی پریتۆریــا. (مانگــی ئابــی ســاڵی ٢٠٠٤).

زمانەکانی ئەفریقای باشوور

خێزان: هیندۆ ئەوروپی

گرووپی جەرمانیی

گرووپی لاوەکی: جەرمانیی رۆژئاوایی

مێژوو

زمانەکانــی ئەفریکانــۆ ریشــەکانی خــۆی لــە زمانــی هۆڵەندیــی رۆژگارەکانــی ســەدەی حەڤدەهەمــەوە هەیــە، وەلــێ، دواتــر لەلایــەن زۆران زمانــەوە کاری تێکــراوە، وەك (ئینگلیــزی، مالایــی، جەرمانیــی، پورتوگالــی، فەرەنســیی و هەنــدێ

زمانــی دیکــەی ئەفریقاییــەوە).

مێژوو:

لــەوە بــەدواوەو هەتاکــو ســەدەی نۆزدەمیــن زمانــی ئەفریکانــۆ تەنهــا وەك زمانــی قســەکردن رۆڵــی دەگێــڕا وزمانــی هۆڵەندیــی وەکــو زمانێکــی رەســمیی و بــۆ نووســین بــەکار دەبــرا.

رۆژی ١٤ی ئابــی ١٨٧٥ رێکخــراوی (GRA). کــە رێکخراوێکــە بــۆ پەرەپێدانــی زمانــی ئەفریکانــۆ لەلایــەن بەڕێــز (S.J.DU. TOIT) دامەزرێــنرا. کتێبــی پیــرۆز (ئینجیــل) ســاڵی ١٩٣٣ بــۆ ســەر زمانــی ئەفریکانــۆ وەرگێــڕدرا.

بەپێــی یاســای ژمــارە (٨) ی ســاڵی (١٩٢٥)ی ئەفریقــای باشــوور، ئەفریکانــۆ بــووە زمانێکــی فەرمیــی شانبەشــانی ئینگلیــزی. هەروەهــا رۆڵێکــی گرنگــی لــە ئەفریقیــای باشــووری ئەپارتایــدا بینــی. بــە دەرچوونــی دەســتووری تــازەی ئەفریقیــای باشــووریش لــە (١٩٩٦)دا دووبــارە وەك یەکــێ لــە زمانــە فەرمییــەکان پەســەند کرایــەوە.

ئینگلیزی ئەفریقیای باشوور:

خێزان: هێندۆ ئەوروپی

گرووپ: جەرمانیی

گرووپی لاوەکی (لق): جەرمانیی رۆژئاوایی

مێژوو:

دێرۆکــی زمانــی ئینگلیــزی لــە ئەفریقیــای باشــووردا دەکــرێ بگێڕدرێتــەوە دواوە بــۆ ســەرەتای داگیرکردنــی وڵات لەلایــەن بەریتانیــاوە ســاڵی ١٧٩٥ ئینگلیــزی وەا دانرابــوو کــە زمانــی شارســتانییە و چینەکانــی ســەرەوە (بــژاردەکان) و تەنانــەت ئەوانــەی ســەر بــە هۆڵەندییەکانیــش لــە ژیانــی رۆژانــی خۆیانــدا بەکاریــان دەهێنــا. ئەکادیمییەکانــی ســەرەتایی ئەوانــەی وڵاتــی هۆڵەنــدەدا ئەیانخوێنــد لــە ئینگلتــەرەدا (ئۆکســفۆرد یاخــود کامبریــج)دا درێژەیــان بــە خوێندنــدا.

دوای مردنــی (سیســیل جــەی رۆدیــس Cecil J. Rhodes ســامانەکەی بەشــێوەیەکی گشــتی بــۆ ئــەوە تەرخــان کــرا خوێنــدکارە بەهرەمەنــدە و تێرادتیــووەکان فێــرە زمانــی ئینگلیــزی بکرێــن و بــەکاری بێنــن.

لەمــاوەی رۆژەکانــی دەســتپێکی داگیرکردنەکــەدا ئینگلیــزی بــوو بــە زمانــی حکومــەت. پــەروەردە سیســتەمی دادوەریــی و بازرگانیــی.

ســاڵی ١٩٩٧ لــە سەرپشــککردنێکی فــراوان لــە نێــوان ١١ زمانــی فەرمییــدا، زۆرینــەی خەڵکەکــە دەنگیــان بــۆ زمانــی ئینگلیزیــدا.

وشەگەلی گشتی

چەند وشەیەکی باوی ئینگلیزی ئەفریقیای باشوور:

دووال (dwaal) حاڵەتی سەرلێشێوان یان حەپەساندن.

بــرای (bbq-braai (barbecue /grill بریانــی، مەقڵــی. ئاگــردان، کەبابخانــە، ســەیران، چێشــتخانەی گۆشــت برژانــدن.

بۆیرەۆرس boerewors چەشنێکە لە سۆسەج (باسترمە).

سماك smaak وەکو (وەك)

لەکەر Lekker جوان، نایاب، چاك.

باککای bakkei عەرەبانەیەکی بچووك.

بیلتونگ (biltong (jerky گۆشتی توێ توێی وشك کراوە.

کۆپپی koppie گردی بچکۆلە.

ڤێلد veld کێڵگە، پاوان.

سپوور spoor کۆزی ئاژەڵان

زمانی Lsindebele

ئــەو مانــە هەروەهــا بــە Ndebele نەدەبیلــەی باشــوور، یــان Isikhethu یــش نــاسراوە).

خێزان: بانتۆی باشووری خۆرهەڵات (یان ntu).

گرووپی لاوەکی (لق): نگوونی Nguni (لقی گرووپی زووندا zunda).

مێــژوو: گەلــی Ndebele لــە بنەچــەدا وەچــەی گەلــی Nguni ســەر بــە Kwazulu-natal ن بـۆ دەسـترەنگینی یـان لـە هونـەردا، بەتایبەتـی بەلەبەرچاوگرتنـی خانــووە نەخشــێنراوەکانیان زەنگیانەکاریــی رەنگاورەنگیــان بەناوبانــگ و نــاسراون.

لــە قۆناخــە زووەکانــی مێژووویانــدا، (ندەبەلــەکان) بەســەردەمی گــەرم و پــڕ لــە کێشــەدا تێپەڕیــون، لــە دوای نیشــتەجێبوونیان لەناوچــەی بریتۆریــا ســاڵی ١٦٠٠ ژمارەیــان رووی لــە زیادبــوون کــرد، پاشــاکەیان Musi مــرد و براکــوژی و دوژمنایەتییەکــی بەتیــن و درێژخایــەن بەینــی هــەردوو کوڕەکانیــدا (مانــالا) و (ندزونــدزا) بــووە هــۆی خوێــنرژان و کوشــتنی ژمارەیەکــی زۆری میللەتەکەیــان. لــە کۆتاییــدا بــراکان بڕیاریانــدا لێــك جــودا ببنــەوە و هــەر یەکــە و بەتەنهــا بژیــن، (مانالا)یــان لــە هەرێمــی (بریتۆریــا) داو (ندزونــدزا)ش دوورتــر بــەلای خۆرهەڵاتــەوە.

ســاڵی ١٨٢٠ مانــالا لەلایــەن (مزیلیــکازی) ژەنەراڵێکــی (زوالــۆ) وە کــە بــە ســوپاکەیەوە لــە چنــگ (شــاکا shaka) هەڵاتبــوو بەزێــنرا.

دوای ماوەیـەك مزیلیـکازی mzilkazi لـە ترسـی ئـەوەی نـەکا شـاکا سـوپایەکی بنێرێتــە ســەر، پیاوەکانــی (ندیبەلــە)ی کوشــتن و ئافرەتــەکان و مەڕومــاڵات و ئاژەڵەکانــی بەتــاڵان بــردن و رووەو باکــوور بــۆ (بولەوایــۆ Bulawayo) لــە (زیمبابۆیــی) رۆیشــت. ئەمــە بــووە هــۆی کەمبوونەوەیەکــی هەســتپێکراو لــە ژمــارەی ئەوانــەی بەزمانــی (ندبەلــە) قســەیان دەکــرد.

لــە نێــوان ١٨٨٠ و ١٨٩٠ دا (ندەبەلــە)کان لــە چەندیــن شــەڕ و پێکدادانــی لەگــەڵ حوکمڕانــە ســپییەکاندا ناچارکــران بــە پەرشــوبڵاوی لەســەر زەوی و کێڵگــە دوور لــە یەکترییەکانــدا کاربکــەن و ژیــان بەرنەســەر.

تەنها لـە سـاڵی ١٩٨٤ دابـوو کـە نشـتەنی (مەفتـەن) (kwandebele) دامەزرێـنراو خەڵــك توانیــان بــۆ ئــەوێ بگەڕێنــەوە. هەروەهــا کۆمەڵەکانــی (ندەبەلــە) لــەو

ناوچانـــەی خوارەوەشـــدا گرتبووینەتـــەوە: بریتۆریـــا، برونکۆرستســـپۆرت، میدلبـــۆرگ، ویتبانـــك، دیلـــماس، ســـتاندەرتۆن، ماربلەهـــاڵ، گلۆبەرســـدال، هەندرینـــا، بەلفاســـت و بیتهـــال.

ئیسیخۆسا Isixhosa (هەروەها بە xhosaش ناسراوە).

خێان: بانتۆ (یان نتو ntu).

گرووپ: باشووری بانتۆی خۆرهەڵات (یان زیاتر ntu).

گوورپی لق: نگونی Nguni.

خۆســـەکان: هەروەهـــا وەك نگونـــی باشـــووری یـــان (کاپ)ی دەناسرێـــن لـــە چەنـــدان گرووپـــی خەڵـــك پێکدێـــن کـــە بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی لـــە هەرێمەکانـــی پێشـــوو، سیســـکای و کاپـــی رۆژهەڵاتـــدا کۆبووینەتـــەوە. زمانەکەیـــان، وەکـــو زمانـــە ئەفریقیاییەکانـــی دیکـــە، زمانێکـــی موزیکییـــە (ئـــاوازدارە) و (نـــاو) کـــە لەرســـتەکاندا زاڵ باڵادەســـتن، رۆڵـــی ســـەرەکی تیایـــدا دەبینـــن.

ئیرسیزولو Isizulu (هەروەکو بە (زولو)ش zulu) دەناسرێت.

خێزان: بانتۆ (یان زیاتر نتو ntu).

گرووپ: بانتۆی رۆژهەڵاتی باشوور (یان زیاتر ntu).

گرووپی لق: نگونی Nguni.

مێـــژوو: ئـــەو گرووپـــە ســـەرکەوتووەی خەڵکـــی نگونـــی Nguni ناوەکـــەی خۆیـــان لـــەو ســـەرۆکەوە وەرگرتـــووە، ئـــەوەی هێڵـــی پادشـــایەتی لـــە ســـەدەی شـــانزدەهەمدا دامەزرانـــدووە، پادشـــای جەنـــگاوەر، شـــاکا shaka هۆزەکـــەی بـــەرەو لوتکـــەی ســـەرکەوتن بـــرد لـــە ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەهەمـــدا. ئەتێکێتـــە ئاوێتـــە و ئاڵۆزکاوەکانـــی (زولـــو) لـــە ســـەردەمی دەســـەڵاتی فەرمانڕەوایـــی ئـــەودا رێکخـــران و پاککرانـــەوە.

زمانـــی زولـــو zulu خەڵکانـــی کاپ cape و هەتـــا زمبابوەیـــێ لێـــی تێدەگـــەن هەروەهـــا زمانـــی نووســـینی نگونیـــی باکووریشـــە.

سیپەدی Sepedi

خێزان: بانتو (زیاتر ntu)

گرووپ: بانتوی خۆرهەڵاتی باشوور

گروپی لق: سۆتۆ sotto

زمانی سۆتۆی باکوور بە زۆری لە هەرێمی باکووری ئەفریقای باشووردا قسەی پێدەکرێت، ئەم زمانە زۆربەی کات بەهەڵە وەك سیپەدی (Sepedi) (دەستووری ئەفریقای باشوور) ئاماژەی پێدەکرێت. کەچی لە راستیدا (سیپەدی) تەنیا شێوازێکی سۆتۆی باکوورییە.

لەو ناوچەی سۆتۆی باکووری قسەی پێدەکرێت، زۆران شێوازی جوداواز هەنە، نێردە مژدەبەخشە لۆتەریبە بەرلینیەکان دەورێکی سەرەکییان دی لەوەی کە سۆتۆی باکووریان کرد بە زمانی نووسین.

سیۆتۆ: seootho (هەروەها ناسراوە بەسۆتۆی باشوور)

سوتۆ یان سیسوتۆ (sotho یان sesuthu).

خێزان: بانتۆ (یان زیاتر ntu)

گرووپ: بانتۆی خۆرهەڵاتی باشوور

گرووپی لق: سۆتۆ sotho

مێژوو:

سیسۆتۆ کە لە لیسوتۆ، ویلایەتە ئازادەکە و گۆتێنگی خوارووی (southern Gauteng) قسەی پێدەکرێت، یەکێ بووە لە یەکەم زمانە ئەفریقاییەکان کە شێوەیەکی نووسینی هەبوو، بەلای زانایانەوە شێوەکەی بۆ نووسین بنەڕەتەوە لەسەر شێوازی تلوکوا (Tlokwa) بنیاتنراوە. هەرچۆنێ بووە لە ئێستادا بە زۆریی لەسەر شێوازەکانی کووێناو فۆکەنگ (kwena and fokeng) بنیاتنراوە. ئەز مانە ئاوازدارە زۆر جوداوازە لە زمانەکانی رۆژئاواوە، لەز مانەدا ناو رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، ناویش بۆ سەر چەندان جۆر دابەش دەبێت.

بەوەشـــەوە نـــاسراوە کـــە زمانێکـــە لـــە لێکـــدان و پێکـــەوە لکاندنـــی وشـــەگەل و بەشـــەکانی وشـــە پێکهاتـــووە بـــۆ دەربڕینـــی واتـــای تایبەتمەنـــد، لەگـــەڵ زۆران پێشـــگر و پاشـــگر لـــە بونیـــادی رســـتەیەکدا بـــەکار دەبرێـــن و دەبنـــە هـــۆی گۆڕانکارییەکانـــی کـــە لـــە دەنگەکـــەدا روو دەدەن.

سیتوسوانا Setswana و هەروەها وەکو (تسوانا)ش tswaan ناسراوە.

خێزان: بانتو (یان زیاتر ntu).

گرووپ: بانتوی رۆژهەڵاتی خواروو یان (زیاتر ntu).

گرووپی لق: سۆتۆ sotho

مێژوو:

ئـــەم زمانـــە بـــە فراوانیـــی لەلایـــەن خەڵکانـــی دانیشـــتووی (بۆتســـوانا) و کاپـــی باکـــوور و ناوەڕاســـت و ویلایەتـــی ســـەربەخۆی خۆرئـــاواوە هەروەهـــا لـــە (هەرێمـــی خۆرئـــاوای باکـــووردا قســـەی پێدەکرێـــت).

سیتســـوانا یەکەمیـــن زمـــان بـــوو کـــە شـــێوەی نووســـنی هەبـــوو، ســـاڵی ١٨١٨ دکتـــۆر رۆبـــەرت مۆفـــات dr Robert moffat لـــە (کۆمەڵـــەی نێـــردەی مژدەبەخشـــی لەنـــدەن یەکـــەم قوتابخانـــەی لـــە (بۆتســـوانا) دامەزرانـــد. هـــەر لـــە ١٨٢٥ەوە ئـــەم زمانـــە سیتســـوانای (بـــۆ نووســـین و قســـەپێکردن) لـــە فێرکردنـــدا بەکارهێنـــا.

هەرخۆیشـــی کتێبـــی پیـــرۆزی (ئەنجیلـــی لۆقـــا)ی لـــە ١٨٣٠ و (العهـــد الجدیـــد) پەیمانـــی تـــازەی لـــە ١٨٤٠ و پەیمانـــی کـــۆن (العهـــد القدیـــم- تـــەورات)ی لـــە ســـاڵی ١٨٧٥ دا تەرجومـــە کـــردووە.

یەکـــەم (مۆتســـوانا Motswana) (قســـەکەر بـــە زمانـــی سیســـتوانا) کـــە بەشـــداریکرد لـــە پێشخســـتن و پەرەپێدانـــی سیتســـوانای نـــووسراودا sol DT Plaatje بـــوو کـــە بـــە هاوکاریـــی پرۆفیســـۆر جۆنـــس jones ســـاڵی ١٩٢٩ کتێبـــی (ئاوازەکانـــی، دەنگەکانـــی ناوەکانـــی زمانـــی سیتســـوانا)ی نووســـی.

سیســـواتی: siswati: (هەروەکـــو بـــە (ســـواتی swati یـــان ســـوازی swazi)یـــش

نــاسراوە.

خێزان: بانتو (یان زیاتر ntu).

گرووپ: بانتوی رۆژهەڵاتی خواروو یان (زیاتر ntu).

گرووپی لق، نگونیی Nguni (گرووپە لقیی tekela).

میللەتــی (گەلــی) ســوازی swazi لــە دۆڵــی رۆژئــاوای پونگــۆلا Pongola لــە Kwazulu- Nataldا ســەریان هەڵــداوە و نیشــتەجێبوونە. لــە ســاڵی ١٩٠٣ وە هەتــا ١٩٦٨ ســوازیلاندە Swaziland لــە ژێردەســەڵاتی بەریتانیــادا بــووە.

تیشیڤیێندا: Tshivenda (هەروەها بە ڤێندا venda ناسراوە).

خێزان: بانتو (یان زیاتر ntu)

گرووپ: بانتوی رۆژهەڵاتی خواروو.

لقە گرووپی نییە.

شــتێکی زۆر لەبــارەی مێــژووی کۆنــی میللەتــی ڤێنــدەوە نەزانــراوە. ئــەوان ســەرەتا لــە (هەرێمــی شــاخەکانی ساوتپانسبێرگ (soutpansberg) نیشــتەجێبوون، پاشــماوەکان (شــوێنەوارەکانی) دزاتــا (Dzata)ی یەکــەم پایتەختــی ڤێنــدا تــا ئێســتەیش لــە وێــدا هــەر مــاوە و بەرچــاو دەکەوێــت.

شــێوە جۆربەجۆرەکانــی تشــیپانی Tshipani زمانــی تشــیڤێنداش وەکــو زمانــی یەکگرتــوو (ســتاندەرد) بــەکار دەبردرێــت.

خیتسۆنگا Xitsonga (هەروەکو بە (تسۆنگا)ش Tsonga ناسراوە.

خێزان: بانتو (زیاتر ntu).

گرووپ: بانتوی رۆژهەڵاتی خواروو.

لقە گرووپی نییە

مێــژوو: میللەتــی ڤاتســۆنگە vatsongaبــە ماوەیەکــی کــەم لــە پاشــتر لەچــاو زۆربــەی میللەتەکانــی دیکــەی ئەفریقــا هاتوونەتــە ئەفریقــای باشــوور.

ئــەوان لــە دۆڵــی رووبــاری لیمپۆپــۆ (Limpopo)دا نیشــتەجێبوونە، زمانــی

خیتسـۆنگا لـە مۆزەمبیقـی خـواروو، هەرێمـی باشـکووری کۆمـاری ئەفریقـای باشـوور و زیمبابۆیـی خۆرهەڵاتـی خـوارووا قسـەی پێدەکرێـت.

سەرچاوە: سیاتی زمانەکانی ئەفریقای باشوور.

زمانی ئینگلیزی لە ئەفریقای باشوور:

لـە دەقەکانـی ئەفریقیـای باشـووردا، ئینگلیـزی زمانێـك بـووە بـە جۆرەهـا شـێواز و بـۆ ئاسـتی جیـاواز هـەم زۆر بـە دەسـەڵات و کاریگـەر بـووە و هـەم کاریشـی تێکـراوە لـە رێـگای پرۆسـەگەلی تێکەڵاوبـوون لەگـەڵ جۆرەهـا کۆمەڵگـەی وڵاتەکـەدا. بـە لێکدانـەوە تـازەکان کەلەسـەر بناغـەی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٩١ دارێـژراوە ئامـاژە بـەوە دەدات کـە بـە دڵنیایـی (٤٥٪) لەسـەدا چـل و پێنجـی دانیشـتوانەکانی ئەفریقیـای باشـوور زانیارییەکـی قسـەکردنیان لـە زمانـی ئینگلیزیـدا هەیـە، وێـڕای ئەمـەش زۆرینـەی دانیشـتوانەکان لەماڵـەوە زمانـە ئەفریقاییەکانـی وەکـو (زولـو، خۆسـا، تسـوانا) یـان ڤێنـدە بـەکار دێنـن (ئینگلیـزی بـۆ تەنهـا ١٠٪ لەسـەدا دەی دانیشـتوانان زمانـی ماڵەوەیـە)

بەوشـێوەیە وا دێتـە بەرچـاو کـە لانـی کـەم یەکێـك لـە سـێ قسـەکەرانی زمانـی ئینگلیـزی سـەر بـە گرووپـی نەژادیـی جـودا لـە سـپی پێسـتەکانی وەك (هیندییەکانـی) ئەفریقـای باشـوور، فـرە رەنگـەکان و رەگـەز پێسـتەکانن).

هاتنی ئینگلیزەکان:

تۆمـارەکان نیشـانی دەدەن کـە خەڵکانـی ئینگلیـزی زمـان بـەر لـە سـەردەمی داگیرکردنـی ئەفریقـای باشـوور بـە رەسـمی لەلایـەن بەریتانیـاوە پێوەندیـی و پێکگەیشـتنی سـەرەتاییان لـە گەڵیانـدا بـووە. هـەر لەسـەدەی شـانزەمینەوە بـەدواوە دۆزەرەوە و بازرگانـە ئینگلیـزەکان، ئەوانـەی سـەردانی هەرێمەکەیـان دەکـرد، کۆمەڵـێ وشـەیان داهێنـا بـۆ وەسـفکردنی خـاك و خەڵکەکەیشـی. لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی حەڤدەهەمـدا دەسـتەیەك لـە دەریاوانانـی ئینگلیـز لەسـەر کەنـاری ناتـال lnatalدا کـە شـاری دوربـان (Durban)ی ئێسـتایە کەشـتییەکەیان

شـــکاو لەنێــو دانیشــتوانە رەســـەنەکانی ئەوێــدا و لەوانەیــە زولــو zulu بووبــن گیرســانەوە و نیشــتەجێبوون و ئەوانیــش زۆر دۆســتانە پێشــوازیان لێکــردن.

دەریاوانــەکان زمــان و دابونەریتەکانــی خەڵکــی ناوچەکــە فێربــوون و دەســتیان بەگــەڕان و دۆزینــەوەی بازرگانیــی کــرد لەناوچەیەکــی نیســبیەن لــە چاوەخــۆی فراوانــدا. لــە راســتیدا ئەوانــە یەکەمیــن ئاوەدانیــی و نیشــتەجێبوونی بەردەوامــی ئینگلیــزی زمانیــان لــە ئەفریقــای باشــووردا چەســپاند، ســەرەڕای ئــەم تێکەڵبوونــە زووانەیــش، ســێ ســەردەمی مێژوویــی بەرایــی لــە نیشــتنەجێبوونی ئینگلیــزەکان بەشــێوەیەکی فەرمیــی لــە ئەفریقیــای باشــووردا دەکــرێ بــەم شــێوانە باســیان لێــوە بکرێــت و جیــا بکرێنــەوە.

١- دوابــەدوای یەکەمیــن داگیــرکاری بەریتانییــەکان بــۆ (کۆلۆنیــی کێــپ) لــە١٧٩٥دا نزیکــەی ٤٠٠ هــەزار رەوەنــدی (کۆچــەر) بەریتانیــی لــە کێڵگەکانــی پانتایــی ســنوورەکانی رۆژهەڵاتــی کیــپ ســاڵی ١٨٢٠ نیشــتەجێبوون و ئەوانــە بەشــێوەیەکی ســەرەکیی لــە باشــووری ئینگلتــەراوە هاتبــوون و ســەربە چینــی کریــکار و توێــژی خــوارووی چینــی ناوەندیــی بــوون.

٢- دووەمیــن نیشــتەجێبوونی ســەرەکی نزیکــەی ٤٠٠٠ هــەزار کۆچبــەری بەریتانیــی لــە موســتەعمەرەی (کۆلۆنــی) ناتالــە natala لــە نێــوان ١٨٤٩، ١٨٥١ دا جــودا لــە نیشــتەجێبوونی ســاڵی ١٨٢٠ ئــەم کۆچبەرانــە کــە بــە نیشــتەجێبووەوە (بایرنــەکان byrne) ناسرابــوون، بەتــەواوی ســەربە چینــی ناوەنــد و ســەرووی چینــی ناوەنــد بــوون و زۆربــەی هــەرە زۆریــان هــی باکــووری ئینگلتــەرا بــوون، ئــەم گرووپەیــش پێوەندیــی بەتینتریــان لەگــەڵ بەریتانیــادا دروســتکرد.

٣- لــە ســاڵی ١٨٧٠ وە دۆزینــەوەی زێــڕ و ئەڵــماس و هەروەهــا شۆڕشــی پیشەســازیی بوونــە هــۆی کۆچکردنــی زیاتــری بەریتانیەیــکان و بەشارســتانبوونی چڕوپڕتــر و هێنانــە ئــاراوەی کۆمەڵگــەی چینایەتــی شارســتانیش.

پێگە و ڕەوشی زمان

لـە سـاڵی ١٨٢٢دا ئینگلیـزی وەکـو تەنهـا زمانـی فەرمیـی (کۆلۆنـی کێـپ) (cape colony)ی ناسـێنراو شـوێنی زمانـی هۆڵەندیـی گرتـەوە. لـە دوای دروسـتکردنی یەکێتـی ئەفریقیـای باشـوور لـە ١٩١٠ دا کـە کۆمـارە بوێرەکانـی boer پێشـووی (ترانسـڤال و ئۆرەنـج فـری سـتێت) لەگـەڵ کۆلۆنییەکانـی کێـپ و ناتالـدا کـردەوە یـەك، زمانـی ئینگلیـزی شـان بەشـانی زمانـی هۆڵەندیـی (ئـەوەی کـە سـاڵی ١٩٢٥ زمانـە ئەفریکانـۆکان جێگەیـان گرتـەوە) بـوو بـە زمانـی فەرمیـی ئـەو یەکێتییـە. لـە لوتکـەی بزاڤـی ڕەگەزپەرسـتیی ئەفریقیانـی و سـەردەمی ئەپارتایـدا هەروەهـا لـە دوای دامەزراندنـی کۆمـاری ئەفریقـای باشـوور لـە (١٩٦١)دا سیاسـەتێکی لـەو شـێوەیە هـەر درێـژەی پێـدراو، زمانـە ئەفریقاییـەکان هیـچ پێگەیەکـی فەرمییـان پێنـەدرا. بـە هەرحـاڵ لـە نیشـتمانە بەنـاو سـەربەخۆکاندا (کـەوەك بەشـێك لـە سیاسـەتی ئەپارتایـدی پەرەسـەندنی بەجـودا دامەزرێـنران) زمانـی ئینگلیـزی بـەدەر لــە زمانــە ئەفریکانــۆکان لەلایــەن دەســەڵاتدارەکانی نیشــتمانەوە وەك زمانێکــی فەرمیـی لـە تـەك یەکـێ یـان زیاتـر لـە زمانـە ئەفریقاییەکانـدا لـە هەرێمەکـە قسـەی پێدەکـرا.

هــەر لەیەکــەم هەڵبژاردنــی دیموکراتییــەوە لــە ١٩٩٤ دا بــە پێــی دەســتووری تــازەی ئــەو ســەردەمە ئینگلیــزی بووەتــە یەکێــك لــە ١١ زمانــە فەرمییــەکان لــە ئەفریقــای باشــووردا، لەتــەك زمانــە ئەفریکانــۆکان، زولــو، خۆســا، سیســواتی، ندەبەلــە، ســۆثۆی باشــووری، تســوانا، ســۆثۆی باکــووری، ڤێنــدە و تســۆنگا.

کاریگەری زمانی ئینگلیزی:

لــە ئێســتادا ئینگلیــزی بەتــەواوی لەسەرتاســەری کۆمەڵگــەی ئەفریقــای باشـووردا لـە نێـوان تاکەکانـی سـەر بـە ژمارەیەکـی هەمەجـۆری پاشـخانی نـەژادی یـو زمانیـدا چەسـپاوە، (ئەگەرچـی لـە دێهاتەکانـدا بەرێـژەی کەمـتر لـە دەڤـەرە شــارییەکاندا) بەتایبەتــی لەنێــو ڕۆشــنبیراندا ئینگلیــزی وەك زمانــی ناوکــۆ دەور

دەبینـێ و زمانــی ســەرەکیی حکومــەت و کاروکاســپی و بازرگانیشــە. لــە بــواری پــەروەردەدا، ئینگلیــزی ماددەیەکــی ئیجبارییــە لــە هەمــوو خوێندنگاکانــدا، ئامرازێکــی پەســەندکراوی فێربوونــە، (تەنهــا ئامرازەکــەی دیکــەی فێربــوون لــە ئاستەپێکشــەوتووەکاندا زمانــە ئەفریکانۆکانــە).

لــە نێــوان زۆرینــەی ئەفریقییەکانــدا، ئینگلیــزی وەك زمانێکــی رزگاریــی و یەکێتــی رەشــەکان ســەیرکراوە (بــە پێچەوانــە و لــە بەرامبــەر زمانــە ئەفریکانۆکانــدا کــە وەکــو ز مانــی ســتەملێکردن ژمێــردراون). هەرچۆنــێ بێــت، تەنهــا زۆر کــەم لــە ئەفریقاییــەکان لەئەمــڕۆدا دەســتبەرداری زمانــە نەتەوەییــە ئەفریقاییەکانیــان دەبــن ورووی لــە بەکارهێنانــی ئینگلیــزی دەکــەن. لەکاتێکــدا ئینگلیــزی وەکــو زمانــی پایــە و دەســەڵات و هێــز کار دەکات، زمانــە ئەفریقاییــەکان وەك هێمایەکــی هاوکاریــی دەژمێردرێــن.

ســەرەتای بڵاوبوونــەوەی زمانــی ئینگلیــزی لەنێــو ئەفریقاییەکانــدا بــۆ کاتــی ســەردەمی داگیرکــردن (ئیســتعمار) دەگەڕێتــەوە.

لــەدوای ئەمــەوە، بەهەرحــاڵ سیاســەتی ئەپارتایــد بەگشــتی و سیاســەتی پــەروەردەی جیــاکاری بانتــو بەتایبەتــی بوونەتــە هــۆکاری پاشەکشــێی بڵاوبوونــەوەی ئینگلیــزی و مایــەی کەمبوونــەوەی دەرفەتــی پێشخســتن و پەرەپێدانــی کۆمەڵــێ بەهــرە و توانســتی تایبەتــی گونجــاو لــەم زمانــەدا. لــە ئەنجامــی ئــەوەدا هەڵمەتێکــی کۆمەڵایەتــی و پەروەردەیــی ســەرەکی و بــە گــوڕ بــۆ زیاتــر وەرگرتنــی ســوود لــە زمانــی ئینگلیزیــی لــە نێــو زۆرینــەی ئەفریقاییەکانــدا بەرپاکــرا. ئێســتا وا مەزنــدە دەکرێــت لــە ٨٩٪ ســپییەکان لــە ئەفریقــای باشــوور ئینگلیــزی دەزانــن.

هەروەکــو لەنێــو ئەفریقاییــە ســپیەکاندا، ســەرباری هەســتی دژایەتیکردنــی زۆرتــری ئــەم ســەدەیە (ســەدەی بیســتەم- م. ئــا) بەرامبــەر بــە ئینگلیــزەکان، بەهــرە و توانســتی قســەکردن بــەم زمانــە بۆتــە پێویســتیەیکی ســەرەکیی.

بــۆ ئەوانــەی ســپی پێســت نیــن، ئەوانــەی زمانــی کۆنیــان ئەفریکانــۆکان بــوون،

دەسـەڵات و کاریگەریـی ئینگلیـزی و هـەر لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمـەوە زۆر زیـادی کـردووە، بەتایبەتـی لەنێـو ئـەو تاکانـەدا کـە ساماندار و دەسـەڵاتدار و رۆشـنبیرتر بـوون، بـە گوێـرەی ئامارێکـی سـاڵی ١٩٩١ لەسـەدا پەنجـاو یەکـی (٥١٪) غەیـرە سـپییەکان زانیاریـی قسـەکردنیان لـە زمانـی ئینگلیزیـدا هەبـووە.

هێندییەکانـی ئەفریقیـای باشـوور هـەر بـە تەواوەتـی زمانـی کۆنینـەی هیندیـی خۆیانیـان بـە زمانـی ئینگلیـزی گۆڕیوەتـەوە. ژمارەکانـی ئامـار ئامـاژە بـەوە دەدەن لـە سـەدا نـەوەد و نـۆی (٩٩٪) دانیشـتوانە ئاساییەکانی ئەفریقیـا (ئەوانـەی زۆرینەیـان لـە رەچەلەکیـی هیندییـن) زمانـی ئینگلیـزی تێدەگـەن.

هەروەهـا ئینگلیزیـی کاریگەرییەکـی بەهێـزی بەسـەر زمانەکانـی دیکـەوەی ئەفریقیـای باشـووردا هەبـووە ژمارەیەکـی ئێجـگار زۆر وشـەگەلی ئینگلیـزی پەڕیونەتـەوە بـۆ نێـو ئەفریکانۆکانـی تـرەوە. بـە فراوانیـی بەربڵاوەیـی تێکەڵبوونـی ئینگلیزیـی و زمانێکـی تـری خـۆ وڵاتـی لەوانەیـە بەهێزتریـن ئامـاژە بـێ بـۆ کاریگەریـی زمانـی ئینگلیـزی، ئـەم جـۆرە ئاوێتـە بوونـە بـۆ زۆران لـە قسـەکەران بۆتـە رەوشـێکی زمانەوانیـی ئاسـایی کـە پێناسـە دوانەییەکانیـان دەخاتـە ڕوو.

کاریگەرییەکانی سەر زمانی ئینگلیزیی:

(بەخۆماڵیبـوون) یـا (بـە نیشـتمانیبوون) ئـەو پرۆسـەیەیە کـە بـە هۆیـەوە زمانێـك لەگـەڵ ئەوانـەی کـە قسـەی پێدەکـەن و بـە دۆخەکانیانـدا دەگونجێنرێـت. بـەم شـێوەیە لـە ئەفریقیـای باشـوورداو لـە شـوێنەکانی دیکـەی جیهانیشـدا (جۆرەهـا ئینگلیزیـی نـوێ بـاو) هاتوونەتـە کایـەوە، کـە تەعبیـر لـە تایبەتمەندییەکانـی نەتەوەیـەك و خەڵکەکانیـان دەکەنـەوە.

ئایندەی زمانی ئینگلیزیی:

وێـڕای ئـەو راسـتییەی کـە ئینگلیـزی لەلایـەن کۆمەڵانـی خەڵکـەوە پشـتگیریی لێکـراوە، بۆچـوون و هەسـتێکی بەربـڵاو لەنێـو توێـژی رۆشـنبیراندا هەیـە کـە باڵادەسـتبوونی ئینگلیـزی ئـەو نایەکسـانییەی ئێسـتای پێوەندییەکانـی هێـز لـە

وڵاتدا دەهێڵێتەوە و دەیانپارێزێت. بەلای ئەوانەوە ئینگلیزیی زمانێکی ئاسایی و بێلایەن نییە، بەڵکو زۆر کاریگەرانە جوداوازیی لە دژی هاونیشتمانیانی وڵاتدا دەکات. لەبەر ئەوە سیاسەتی دەوڵەتی ئەفریقیای باشوور جەخت لەسەر فرەزمانیی و مافەکانی زمانە خۆماڵییەکان دەکاتەوە، وەك مەرجێکی پێشەکی بۆ دیموکراسیەت.

بەشێوەیەکی گشتی تر ئایندەی زمانی ئینگلیزی لە ئەفریقیای باشوور زۆر مەسەلەی ئەوە نییە داخۆ چەند جۆر و شێوەی ئینگلیزی سەرهەڵدەدات ئەوەندەی مەسەلەی ئەوەیە کە ئایا دەکرێت دەقێکی گونجاو بۆ فێربوون (خوێندن) دابڕێژرێت کە وا بکات ئینگلیزیی ببێتە زمانی سوود گەیاندن و دەسەڵات پێدان.

ژێدەر:

نووسینێك بەناوی (ئینگلیزی لە ئەفریقیای باشووردا) لەلایەن دێڤید ئیتنج گۆه (David H. gough).

کێشەکانی زمان

لەکوێدا یەك هەست دەکات زمان کێشەیەکە لە وڵاتدا؟

هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ ئینگلیزیی و ئەفریکانۆ تاکە زمانە فەرمییەکان بوون، هەرچەند ٩٪ لە سەدا نۆ و ١٥٪ لە سەدا پانزە لە کۆی دانیشتوانان قسەیان پێکردوون، ئەفریکانۆ لەلایەن ٨٣٪ لەسەدا هەشتاوسێی غەیرە سپییەکانەوە بەکارهێنراوە. دەستوور لە ١٩٩٤ دا نۆ زمانی (زمانە بانتۆکان) بەفەرمیی ناساندووە. هەندێك لەو زمانە ئەفریقاییانە دوو لایەنە تێگەیشتراون و زۆران رەش پێست دەتوانن بە دوو یان زیاتر لەو زمانانە ئاخافتن بکەن لە پاڵ ئینگلیزیی و ئەفریکانۆدا بەیەکەوە ئەم ١١ زمانانە زمانی سەرەکیی نزیکەی ٩٨٪ لەسەدا نەوەد و هەشتی دانیشتوانەکانی ئەفریقیای باشوورن.

لـە هەمووانیـش بەربڵاوتریـان زمانەکانـی (زولـو، خۆسـا، ئەفریکانـۆ و ئینگلیـزی)ن.

زۆران کـەس دەرکیـان بـەوە کـردووە کـە فـرە زمانیـی کێشـەیەکە زۆر بەگـران دەوەسـتێ، چونکــە وەرگێڕانــی هــەر هەمــوو بەڵگەنامــەکان (دۆکۆمیۆمێنــت) ە دەقــەکان و بڵاوکــراوەکان بــۆ ١١ زمانــی فەرمیــی، بارێکــی ئێجــگار گرانــە هەڵگرتنــی زۆر ســەخت و دژوارە.

گرووپەکانی کەمینەکان:

تــا چ ئاســتێك گرووپــی کەمینــەکان لــەم وڵاتــەدا بەهــۆی زمانەکەیانــەوە زەرەرمەنــد بوونــە؟

٦-زمان لە ژیانی رۆژانەدا:

بەکارهێنانــی زمــان لــە ژیانــی رۆژانــەدا، بــۆ نموونــە، پــەروەردە، پەخشــکردن و هــی تــر:

بەرەســمی ناســاندنی ١١ زمانــی فەرمیــی لەلایــەن دەســتوورەکانەوە کاریکــردە ســەر سیاســەتێکی تــازەی زمــان بەگشــتی و پــەروەردەی زیاتــر. بــە گوێــرەی لێدوانێکــی وەزیــری پــەروەردە لــە١٤ی مانگــی تەممــوزی ١٩٩٧دا زمانــی تــازە بابـەت لـە سیاسـەتی پـەروەردەدا روخسـار و سیمایەکی پێویسـت و جودانەکراوەیـە لـە سـتراتیژییەتی بنیاتنانـی کۆمەڵگەیەکـی دوور لـە رەگەزپەرسـتیی لـە ئەفریقیـای باشـووردا ئـەم سیاسـەتەش بـۆی هەیـە و دەبـێ ئاسـتەنگەکانی (رەنـگ و زمـان و ئاییـن) راماڵێـت و بـارودۆخ و ژینگەیەکـی پـڕ لـە رێزلێنـان بخولقێنێـت. هەروەهـا وەزیرەکـە ئەوەشـی راگەیانـد بـوون بـە هاونیشـتمانیی ئەفریقیـای باشـوور واتـە بـوون بـە فـرە زمانیـی.

خوێندنگاکان:

قوتابخانەکانــی ئەفریقیــای باشــوور پێویســتە فرەزمانیــی پەرەپێبــدەن لەگــەڵ ئەمەشــەوە فێــرکار مافــی خۆیەتــی زمانــی خوێندنەکــەی هەڵبژێرێــت، ئەگــەر خوێندنگــە ئــەو زمانــە بــەکار بهێنێــت کــە فێرکارەکــە هەڵیبــژاردووە، لــە

پلـەی پێوەندیـداردا شـوێنی فێرکارەکـە دەسـتکەوێت ئـەوا قوتابخانەکـە دەبـێ (پێویسـتە) ئـەو کەسـە وەربگرێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر هیـچ قوتابخانەیـەك زمانـە ویسـتراوەکەی دابیـن نەکـرد، یاخـود کەمـتر لـە ٤٠ خوێنـدکار لـە پلەکانـی ١ تاکـو ٦ یـا ن کەمـتر لـە ٣٥ خوێنـدکار لـە پلەکانـی ٧ بـۆ ١٢ ئارەزوومەنـدی ئەوەبـوون بـە زمانێکـی تایبـەت بخوێنـن، ئەوکاتـە بەڕێوەبـەری گشـتی پـەروەردە لـە هەرێمەکـە دەبـێ بڕیاربـدا چـۆن داخوازیـی و پێداویسـتییەکانی فێرخـوازان جێبەجـێ بکرێـت.

ماددەکانـی دەسـتوور، هەروەهـا بەشـێوەیەکی تایبەتـی پێداویسـتیی دەسـتەبەرکردنی ڕەوایـی و هەقیانەتـی هەروەهـا پێداچوونـەوە بـە ڕەفتـار و پیادەکردنـی جوداوازیکـردن لـە رابـردوودا، دەبـێ لەبەرچاوبگیرێـن و ڕەچـاو بکرێـن. ئـەم سیاسـەتە بەشـێوەیەکی فەرمیـی لەسـاڵی ١٩٩٩ دا پێداچوونـەوەی بـۆ کـراوە بـە مەبەسـتی نەخشەکێشـانی ئـەو پێشـڤەچوونەی کـە لـەم بـارەوە بـە دیهاتـووە.

سـاڵی ١٩٩٨ ئەوانـەی دەیانەویسـت لـە زانکـۆ وەربگیردرێـن پێویسـتیان بـەوە بـوو کـە تەنهـا لەیـەك زمانـی فەرمیـی و هـەر زمانێکـی دیکـەی کـە خۆیـان هەڵیدەبژێـرن، دەربچووبانـا خوێندکارانـی زانکـۆش دەبـوا لـە دوو زمانـی فەرمیـی ناجیـح بوونایـە. زۆر لـە خوێنـدکارەکان حـەز ناکـەن بـە زمانـە ئەفریقاییـەکان بخوێنـن لەبـەر نەبوونـی فەرهەنـگ و لێکۆڵینـەوەی زانسـتی لەمـەڕ ئـەم زمانانـەوە (لەسـەدا شەسـت و دووی ٦٢٪ دایـك و بـاوکان لـە شـاری کێـپ تـاون (cape town) دەیانـەوێ منداڵەکانیـان بـە زمانـی ئینگلیزیـی فێربکرێـن). لەلایەکـی دیکـەوە ئینگلیزیـی زمانـی یەکەمـی لەسـەدا نـەوەد و دووی ٩٢٪ فێرخـوازان نییـە، بۆیـەکا بـەلای هەنـدێ خەڵکانـەوە پێویسـت نییـە وەك زمانێکـی زانیاریـی و ڕێنماییەکانیـش بـەکار بهێنرێـت.

پەرلەمان:

سـەبارەت بەکارهێنانـی زمـان لەنێـو پەرلەمانـدا، سـاڵی ١٩٩٨ وا پێشـنیازکرابوو کـە چـوار زمـان دەبـوو لـە پەرلەمـان بەکاربهاتنایـە، نـەك هـەر ئینگلیـزی. ئـەو پێشـنیازە گەردەلوولێکـی لـە نارەزایـی لەنێـو ئەوانـەدا بەرپـا کـرد کـە دەیانەویسـت ئینگلیزیـی تەنهـا زمـان بێـت لـە پەرلەمانـدا.

ئەگەرچـی ئەفریقـای باشـوور فـرە زمانیـی پەرەپێـدەدات وەلـێ سـاڵی ١٩٩٦ نووسـخەکانی دەسـتوور جگـە لـە زمانـی ئینگلیزیـی بـە هیـچ زمانێکـی دیکـە دەسـت نەدەکەوتـن. خەڵـك دەتوانـن زمانـی خۆیـان لـە دادگـەدا بەکاربێنـن، بـەڵام سـەرجەم تۆمـارە نـووسراوەکان بـە زمانـی ئینگلیزیـن.

پشـتیوانانی زمانـە کۆنـەکان پێشـنیازیانکرد ئەفریکانـۆ وەك زمانـی دووەهـەم لـە پەرلەمانـدا نەهێشـترێت. بەڵگەنامـەکان پێویسـتە بـە ئینگلیـزی و (زمانـی مانـگ بـن) هـەر مانگێـك زمانێکـی جیـاواز لـە زمانـە ئەفریقاییـەکان) ئەمەیـش ئـەو پێشـنیازە بـوو کـە سـاڵی ١٩٩٨ خرایـەڕوو. (ئەیلوولـی ٢٠٠٢).

بەپێـی راپۆرتەکـەی لانگتـاك (langtag report) ٨٠ زمـان هـەن لـە ئەفریـای باشـووردا قسـەیان پێدەکرێـت. خشـتەی خـوارەوە زمانەکانـی ئەوانـە نیشـان دەدات کـە بـە زمانـە سـەرەکییەکانی ئەفریقـای باشـوور دەدوێـن.

| زمان | ئەو ژمارەی قسەی پێدەکەن | ڕێژەی سەدی دانیشتوان ساڵی ١٩٩٦ | زانیاری مەزەندەکراو لەسەر زمانی دووەم |
|---|---|---|---|
| زولو Zulu | ٩٢٠٠١٤٤ | ٢٢,٩ | ٢٤,٢ |
| خۆسا Xhosa | ٧١٩٦١١٨ | ١٧,٩ | ١٨,٠ |
| ئەفریکانۆ Afrikaans | ٥٨١١٥٤٧ | ١٤,٤ | ١٦,٥ |
| پێدی Pedi | ٣٦٩٥٨٤٦ | ٩,٢ | ١٢,٦ |
| ئینگلیزی English | ٣٤٦٧٤٦٧ | ٨,٦ | ١٨,٥ |
| تسوانا Tswana | ٣٣٠١٧٧٤ | ٨,٢ | ١١,٢ |
| سیسۆثۆ Sesotho | ٣١٠٤١٩٧ | ٧,٧ | ١٠,٥ |
| تسۆنگا Tsonga | ١٧٥٦١٠٥ | ٤,٤ | ٤,٧ |
| سوازی Swazi | ١٠١٣١٩٣ | ٢,٥ | ٢,٤ |
| ڤێندە Venda | ٨٧٦٤٠٩ | ٢,٢ | ٢,٥ |
| ندەبەلە Ndebela | ٥٨٦٩٦١ | ١,٥ | ٢,٢ |

هەروەها دەڵێن بێجگە لەو زمانانەش ئەو زمانانەی خوارەوە بەم شێوەیە خەڵك قسەیان پێدەکەن، پورتوگالی: ٥٧٠٨٠، هیندی ٢٥٩٠٠, گوجاراتی ٢٥١٢٠, تامیل ٢٤,٧٢٠,یۆنانی، ١٦٧٨٠، ئیتالی ١٦,٦٠٠، ئوردو ١٣٢٨٠، جەرمانیی ١١٧٤٠ هۆلەندی ١١٧٤٠ فەرەنسی ٦٣٤٠ و زمانی تەلەگۆ ٤٠٠٠ کەس.

هەرچەندە زمانێکی ناوخۆی نەتەوەیی (نیشتمانی) گشتی لە وڵاتەکەدا نییە، ئینگلیزی زمانێکی سەرەکییە، کە هەرخۆی بەتەنها بۆ گەیاندنی گشتیی فەرمیی بەکار دەبرێت. ئەفریکانۆ تا ئێستەیش لە شوێنی کارکردندا بەکاردێت و زمانە بانتوکان bantu بە تەنها بۆ کاروبارە ئاست نزمەکان وەك پێوەندیی کەسیەتی، دەربڕینی کەلتووری و پیادەکردنی ئایینی بەکاریان دەهێنن.

زمانـی ئەفریکانـۆ بەربڵاوتریـن پانتایـی جیوگرافـی و دیموگرافـی و نەژادیـی هەیـە کـە ٨١,٤٪ سـەدا هەشـتاو یـەك پۆینـت چـواری کۆمەڵگـە غەیـرە سـپییەکان (ئـەو ئەفریقیـا باشـووریانەی لــە نــەژادی هەمــە چەشــنە تێکــەڵاون ٥٧,٧٪ پەنجــاو حــەوت و پۆینــت حــەوت لەســەدای دانیشــتوانە ســپی پێســتەکان و ١,٥٪ یــەك و نیــو لەســەدای هیندییــەکان و ٥,٦٪ لــە ســەدا پۆینــت حەوتــی خەڵکــە رەش پێســتەکان لــە ماڵەوەیانــدا قســەی پێدەکــەن.

ئینگلیــزی لــە بنەڕەتــدا زمانێکــی شــارییە، بەوپێیــەی لــە زۆربــەی هــەرە زۆری شــارە ســەرەکیەکانی وڵاتــدا کاری پێدەکرێــت. لەلایەکــی دیکــەوە زمانــە بانتــوکان بەشــێوەیەکی گشــتی رەش پێســتەکانی ئەفریقیــای باشــوور وەك زمانــی ماڵەوەیــان قســەیان پێدەکــەن (ئامــاری ١٩٩٦).

زۆرینــەی رەش پێســتەکانی ئەفریقیــای باشــوور فرەزمانــن (هەریەکەیــان نزیکــەی بەچــوار زمــان قســە دەکــەن) و ئەوانــی دیکەشــیان لانــی کــەم جووتزمانــن، ئەفریکانــۆ و ئینگلیــزی دەزانــن.

ســەبارەت بــە زانینــی زمانەکانــی وڵات لەنێــو ئەفریقاییــە باشــوورییەکاندا، دەکــرێ ئــەم تێبینیانــەی خــوارەوە رەچــاو بکرێــن.

زانینــی زمانەکانــی بانتــو وەك زمانــی ســەرەکی و ناســەرەکی بــە زۆری لــەلای رەش پێســتەکانی ئەفریقیــای باشــوور ماوەتــەوە.

ئینگلیــزی لەوانەیــە زیاتــر لــە ســەدا پەنجــای ٥٠٪ دانیشــتوانەکانی ئەفریقیــای باشــوور بیزانــن، کەچــی ئەفریکانــۆ لەســەدا چلــی ٤٠٪  دانیشــتوانەکانی دەیزانــن.

پەیوەســت بــە پێشــکەوتنی ئەفریکانــۆ و ئینگلیــزی لەنێــو رەش پێســتەکانی ئەفریقیــای باشــووردا، رووپێوێکــی تــازە لەمــەڕ زمانەوانیــی لــە رووی کۆمەڵایەتییــەوە کــە ســاڵی ٢٠٠١ رێکخــراوی پانســالب (pansalb) ئەنجامــی دابــوو. لــە راپۆرتەکەیــدا دەریخســتووە کــە ٤٩٪ لەســەدا چــل و نــۆی ئەوانــەی بــە وەڵام بەشــداریانکردبوو یــان هــەر ئەوەتــا لــە زمانــی ئینگلیزیــی تێنەدەگەیشــتن،

یاخـود زۆر کـەم لێـی تێگەیشـتوون. ئـەم ناتەواوییـە لـە بـە باشـی زانینـی زمانـی ئینگلیـزی بـۆ ئاسـتی ٦٠٪لەسـەدا شەسـت بەرزبـۆوە. لـە نێـوان ئەوانـەدا کـە ئاسـتی خوێندەوارییـان نزمـترە و ئەوانەیشـی کـە لـە پانتاییـە دێهاتییەکانـدا، یـان ئـەو کۆمەڵگایانـەی کەمـتر گەشـەیان کـردووە و پێشـکەوتوون، ژیانیـان بردۆتەسـەر. هەروەهـا بەهـرەی تێگەیشـتن لـە زمانـی ئینگلیـزی لـە دەقـە نافەرمییەکانـدا روون و ئاشـکرا بەدیـار دەکەوێـت. ئەوانـەی پرسـیاریان لێکرابـوو، لەبـارەی بەهـرە وتوانایـان بـۆ موتابەعەکردنـی چیرۆکێـك لەرادیـۆ یـان لـە تەلەڤزیـۆن بـە زمانـی ئینگلیـزی بەمجـۆرە خۆیـان پۆلێـن کـرد.

زولـۆ ٣٢٪ سـۆثۆ ٢٨٪ سـوازی ٢٧٪ تسـۆنگا ٢٤٪خۆسـا ٢٤٪ پێـدی ١٩٪تسـوانا ١٤٪ نەدەبەلـە ٣٪ڤێنـدە ٠٪ سـیفر (هیـچ)

سەرچاوە:

کۆنگـرەی جیهانـی لەسـەر سیاسـەتەکانی پەیوەسـت بـە زمـان، بەرشـلۆنە ١٦-٢٠ی نیسـانی ٢٠٠٢ (پێشـکەوتنی سیاسـەتی زمـان لـە ئەفریقیـای باشـوور) لەلایـەن ڤـی، ئێـن وێـب V.N.WEB سـەنتەری لێکۆڵینـەوە لـە سیاسـەتەکانی پەیوەسـت بـە زمانـەوە، زانکـۆی بریتۆریـا.

دەرەنجام: تێبینی کۆتایی:

یاسازی (یاسادانان):

دەستوور: وەك لە ٨ی ئایاری ١٩٩٦دا پەسەند کراوە:

بەشی ٦:

١- زمانــە فەرمییەکانــی کۆمــار ئەمانــەن (ســەپەدی، سیســۆثۆن سیتســوانا، سیســواتی، تشــیدڤێندە، خێتســۆنگە، ئەفریکانــۆ، ئینگلیــزی، ئیســیندەبەلە، ئیسیخۆســا، ئیســیزۆلو).

٢- بەرەچاوکردنــی کەمکردنــەوەی مێژوویــی بەکارهێنــان و دابەزاندنــی پێگــەی زمانــە خۆماڵییەکانــی گەلەکەمــان، پێویســتە دەوڵــەت پێــوەرە و هەنگاوگەلــی

عەمەلیی و ئیجابی وەربگرێت بۆ بەرزکردنەوەی پێگەیان و پێشخستنی بەکارهێنانی ئەم زمانانەوە.

٣- (أ) حکومەتی نیشتمانی (ناوەند) و حکومەتەکانی خۆجێیەتی (هەرێم) بۆیان هەیە هەر زمانێکی فەرمیی تایبەت بەکار بێنن بۆ مەبەستەکانی حکومەت، بەمەرجێ ئەمانەی خوارەوە رەچاو بکرێن: بەکارهێنان، لایەنی عەمەلی، مەسروفات (تێچوو) رەوش و باری هەرێمایەتی، هەروەها هاوسەنگیی لەنێوان پێداویستییەکانی دانیشتوانان ئارەزووەکانیدا، بەگشتی یان لە هەرێمە پێوەندیدارەکەدا، وەلێ، پێویستە حکومەتی نیشتمانی و هەریەك لە حکومەتە ناوچەیەیکان لانی کەم دوو زمانیی فەرمیی هەر بەکار بهێنن.
(ب) شارەوانییەکان پێویستە بەکارهێنانی زمان و خواستەکانی دانیشتوانەکانیان رەچاو بکەن.

٤- حکومەتی نیشتمانیی و حکومەتە ناوچەییەکان پێویستە لە رێی یاسا و پێوەر و شێوازی ترەوە رێکخستن و چاودێری بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان بکەن. بەبێ کەمکردنەوە لە پلە و رێزی کە لە بەشی (٢)دا هاتووە. گشت زمانە فەرمییەکان پێویستە رێز و بەخاوەنکردنی تەواویان هەبێت و وەك یەك و بەیەك چاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

٥ - بۆردێکی زمان کە بۆ سەرتاسەری ئەفریقای باشوور لە لایەن پەرلەمانی نیشتمان دامەزراوە، لە برگەی (A)یدا هاتووە کە، پێویستە باردۆخی گونجاو بخولقێنێ و پەرەیان پێبدات بۆ پێشخستن و بەکارهێنانی:

١-سەرجەم زمانە فەرمیەکان.

٢-زمانەکانی (خۆی)، ناماو سان و.

٣-زمانی نیشانە و هێماکان و (B): رێزگرتن و پەرەپێدان بۆ:

١- هەموو ئەو زمانانەی بە گشتیی و بەربڵاوی لە لایەن کۆمەڵگاکان لە ئەفەریقای باشوردا بەکاردەهێنرێت، لەوانەش زمانەکانی (جەرمانیی، یۆنانی،

گوجاراتــی، هینــدی، پورتوگالیــی، تامیــل، و ئــوردو، هەروەهــا:
٢- عارەبایی،عیبریــی، سانســکریتی و زمانەکانــی دیکــەی بەکارهاتــوو بــۆ مەبەســتی ئایینــی لــە ئەفەریقیــای باشــووردا.

بەشی (بڕگەی) ٩:
٣) دەوڵــەت نابــێ بەشــێوەیەکی نــا یەکســانی راســتەوخۆ یــان نــا ڕاســتەوخۆ، لــە پایــە و بایەخــی هیــچ تاکێــک کەمبکاتــەوە لەســەر هــەر یــەك یــان زیاتــر لەمانــەی خــوارەوە:
نەتەوایەتــی، توخــم و ڕەگــەز نێــر یــان مــێ، ســێکس، ســکپڕی، هاوســەرگیریی، بنچینــەی ئەتنــی یــان کۆمەڵایەتــی، ڕەنــگ، تەمــەن، شــارەزایی لــە سێکســدا، ناتەوانایــی، ئاییــن، هەســت و ســۆز، بــاوەڕ، کەلتــوو و فەرهەنــگ، زمــان و، شــوێنی لــە دایکبــوون.
بڕگە (بەش) ٢٩:
٢) هــەر یەکێــک مافــی ئــەوەی هەیــە خوێنــدن بــەو زمانــە فەرمییــە یــان فەرمییانــە وەربگرێــت کــە خۆیــان هەڵیاندەبژێــرن لــەو پەیمانگــە پەروەردەییــە گشــتییانەدا کــە ئــەو خوێندنــە تیایــدا شــیاو و گونجــاو بێــت.
جــا، بــۆ ئــەوەی بــە تەواوەتــی پێرەوکردنــی ئــەم مافــە و بەکارهێنــان و ســوود لێوەرگرتنــی بــە شــێوەیەکی کاریگــەر مســۆگەر بکرێــت، دەوڵــەت دەبــێ گشــت بەدیلــە (ئەلتــەر ناتیــڤ) پەروەردەییــە شــیاوەکان لەبــەر چــاو بگرێــت، بــە پەیمانــگا تــاک رەهەندەکانیشــیانەوە، بــە ڕەچــاو کردنــی ئەمانــەی خــوارەوە :
(ئا) بێلایەنی و رەوایی.
(بێ) بتوانرێ بە عەمەلیی جێبەجێ بکرێت، و
(جیــم ) پێداویســتیی پێداچوونــەوە بــە ئەنجامەکانــی قانوونەکانــی پێشــوو لەمــەڕ نەژادپەرســتیی و کارپێکردنیانــەوە .

بڕگەی (٣٠)

هەمـــوو کـــەس ئـــەو مافـــەی هەیـــە زمانەکـــە بەکاربهێنـــێ و بەشـــداری بـــکات لـــە ژیانـــی فەرهەنگیـــی (کەلچەریـــی) کـــە خۆیـــان حەزیـــان لێیەتـــی، وەلـــێ بـــۆ پیادەکردنـــی ئـــەم مافانـــە هێـــچ کـــەس بـــۆی نییـــە ئـــەوە بەشـــێوازێك ئەنجـــام بـــدات لەگـــەڵ هیـــچ بڕگـــە و ماددەیەکـــی (لائیحـــەی مافـــەکان)دا دژ و ناکـــۆك بێـــت.

بڕگەی (٣١).

١- ئـــەو کەســـانەی ســـەر بـــە کۆمەڵگەیەکـــی کەلتووریـــی، ئایینـــی یـــان زمانەوانیـــن، نابـــێ ئینـــکاری ئـــەو مافەیـــان بکرێـــت، لەتـــەك ئەندامەکانـــی دیکـــەی ئـــەو کۆمەڵگەیـــەدا کـــە:

(ئـــا) کەلتـــووری خۆیانـــان ببـــێ و پیادەشـــی بکـــەن، پیـــادەی سروشـــەکانی ئایینـــی خۆیـــان بکـــەن و زمانەکەیـــان بەکاربهێنـــن و (بـــی) رێکخـــراوە و کۆمەڵەهـــای زمانەوانیـــی، ئایینـــی و فەرهەنگـــی و ئۆرگانگەلـــی دیکـــەی کۆمەڵگـــەی شارســـتانیی دامەزرێنـــن، بچنـــە ناویانـــەوە و پشتگیریشـــیان لێبکـــەن.

٢- ئـــەو مافانـــەی لـــە بەشـــی (١)دا باســـکراون نابـــێ بـــە شـــێوازێك پیـــادە بکرێـــن کـــە لەگـــەڵ هـــەرچ بڕگـــە و ماددەیەکـــی (لائیحـــەی مافـــەکان)دا دژ و ناکـــۆك بێـــت. (بڕگـــەی ٣٥).

٣- هەمـــوو تۆمەتبارێـــك ئـــەو مافـــەی هەیـــە کـــە دادگایەکـــی عادیلانەبکرێـــت، کـــە ئـــەو مافانـــە لەخـــۆ دەگرێـــت. (K) بـــە زمانێـــك دادگایـــی بکرێـــت کـــە کەســـی تۆمەتبـــار تێیـــدەگات، یـــان ئەگـــەر ئەویـــش گونجـــاو (عەمەلـــی) نەبـــوو دەبـــێ پرۆســـەی دادگاییەکـــە بـــۆ ئـــەو زمانـــە تەرجەمـــە بکرێـــت.

٤- هەرکاتـــێ ئـــەم بەشـــە ئـــەو بخوازێـــت کـــە زانیاریـــی بدرێـــت بـــە کەســـێك ئـــەو زانیارییـــە پێویســـتە بـــەو زمانـــە بدرێـــت کـــە کەســـەکە لێـــی تێـــدەگات.

٥- بەڵگـــە و نیشـــانەکانی بەشـــێوازێك بەدەســـت هێنرابـــن کـــە هـــەر مافێـــك لـــە (لائیحـــەی مافـــەکان) پشـــێل بـــکات پێویســـتە وەلاوە بنرێـــن ئەگـــەر هاتـــوو

قەبوولکردنـی ئـەو بەڵگەیـە وا نیشـان بـدات کـە دادگاییکردنەکـە دادەوەرییانـە نەبــووە، یـــان بـــە پێچەوانـــەوە زیـــان بـــە بەڕێوەچوونـــی دادگاییکردنەکـــەوە دەگەیەنێـــت.

(بڕگەی ١٨٥).

٦- مـاددە سـەرەتاییەکانی (کۆمیسـیۆنی گەشـەپێدان و پاراسـتنی مافـە کەلتووریـی، ئایینـی و زمانەوانیـی کۆمەڵگـەکان) ئەمانـەن:

(ئـــا) بـــۆ ئـــەوەی ڕێـــز و بایەخـــی زیاتـــر بـــە مافـــە کەلتووریـــی، ئایینـــی و زمانەوانیەیکانـی کۆمەڵگـەکان بدرێـت و (بـێ) بـۆ ئـەوەی پـەرە و گەشـە بـدەن بـــە ئاشـــتیی، برادەرایەتیـــی، مرۆڤایەتیـــی، میانڕەویـــی و لێبوردەیـــی و یەکێتـــی نەتەوایەتـی (نیشـتمانی) لەنێـوان کۆمەڵگـە زمانەوانیـی، ئایینـی و کەلتووریەکانـدا، لەســـەر بنچینـــەی یەکســـانی و (وەکیەکـــی) دوور لەلایەنگریـــی کوێرانـــە و بـــە ڕکخســـتنی ئازادانـــە.

(جیـم) بـۆ پشـتگیری لێکردنـی دامەزرانـدن یـان ناسـاندنی، بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ پەرلەمانـی نیشـتمانییدا، ئەنجوومەنێکـی کەلتووریـی یـان چەنـد ئەنجوومەنێکـی تـر بـۆ کۆمەڵگەیـەك یـان چەنـد کۆمەڵگەیەکـی دیکـەی لـە ئەفریقیـای باشـووردا.

کۆمیســۆنەکە ئـەو هێـزەی هەیـە، هـەروەك لەلایـەن ئەنجوومەنـی یاسـادانانی نیشـتمانییەوە ڕێکخـراوە، کـە پێویسـتە بـۆ ئەنجامدانـی بابەتـە سـەرەتاییەکانی، وەك هێـزی چاودێریـی، تۆمارکـردن، توێژینـەوە، پـەروەردە، ئامۆژگاریـی و ڕاپـۆرت نووسـین لەسـەر پەخـش و بڵاوکراوەکانـی پەیوەسـت بـە مافـە کەلتووریـی، ئایینـی و زمانەوانیـی کۆمەڵگەکانـەوە.

کۆمیســۆنەکە بــۆی هەیــە ڕاپــۆرت لەبــارەی هــەر بابەتێکــەوە کــە لــە بازنــەی دەســەڵاتەکاندا بـــن بـــۆ (کۆمیســیۆنی مافەکانـــی مـــرۆڤ) بـــەرز بکاتـــەوە بـــۆ ئـــاگاداری و لێتۆژینەوەیـــان.

کۆمیسـیۆن هێـز و ئەرکـی زێدەتریشـی هەنـە کـە ئەنجوومەنـی یاسـادانان

دیاریکــــردوون.

بڕگەی (١٨٦).

٤- ژمـارەی ئەندامانـی کۆمیسـیۆنی پەرەپێـدان و پارێزگاریکردنـی مافەکانـی کۆمەڵگـە کەلتووریـی و ئایینـی و زمانەوانییـەکان و دامەزراندنیـان و مەرجەکانـی نووسـینگە (فەرمانگـە) دەبـێ لەلایـەن ئەنجوومەنـی یاسـادانانی نیشـتمانیەوە دیاریبکرێـن.

٥- پێکهاتنی کۆمیسیۆنەکە پێویستە:

(ئـــا) بەشـــێوەیەکی گشـــتگیر (فـــرەوان) نوێنەرایەتـــی کۆمەڵگـــە فەرهەنگیـــی و ئایینـــی و زمانییـــەکان لـــە ئەفریقیـــای باشـــووردا بـــکات و (بـــێ) بـــە فراوانیـــی پێکهاتـــەی رەگەزایەتـــی (نێرینـــە و مێینـــە)ی کۆمەڵگـــەی ئەفریقیـــای باشـــوو تیایـــدا رەنگبداتـــەوە.

بڕگەی (٢٣٥):

مافــی گەلــی ئەفریقیــای باشــوور بەگشــتی (وەك هەمــوو) بــۆ بڕیــاری چــارەی خۆنووسـین وەکـو لـەم دەسـتوورەدا چەسـپێنراوە (بڵاوکراوەتـەوە) لـە چوارچێـوەی ئـەم مافـەدا پێشـەکی رێگـە ناگرێـت لـە (بڕوابـوون) و رێزگرتـن لـە رای گشـتیی سـەبارەت بـە مافـی بڕیاردانـی چارەنـووس تایبـەت بـە هـەر کۆمەڵگەیـەك کـە کەلتوورێکـی هاوبـەش و بـۆ ماوەیەکـی زمانەوانیـی گشـتیان هەبێـت لـە قەوارەیەکـی ناوچەیـی دیاریکـراو لـە کۆمارەکـەدا، یـان بـە هـەر رێگایەکـی دیکـەوە کـە لـە لایـەن ئەنجوومەنـی یاسـادانانی نیشـتمانییەوە بڕیـاری لێبدرابێـت.

ئەنجوومەنی یاسادانان:

کۆمـاری ئەفریقیـای باشـوور قانوونـی قوتابخانەکانـی ئەفریقیـای باشـوور (١٩٩٦) قانوونەکـە ئـەم بابەتانـەی خـوارەوە دابیـن دەکات.

مافـی فێرخـوازان بـۆ فێرکردنیـان بـە زمـان یـان زمانـە فەرمییەکانـی کـە خۆیـان هەڵیاندەبژێـرن، ئەرکـی دەوڵـەت بـە کاراکردنـی ئـەم مافـە، دەسـتەبەرکراون.

دەزگـە حکومییـەکان بۆیـان هەیـە سیاسـەتی زمـان بـۆ خوێندنگەکانیـان بڕیـار

بــدەن بــە گوێــرەی قانوونەکــە و یــان هــەر قانوونێکــی ناوچەیــی کارپێکــراوی دیکــەوە، بــە مەرجــی دڵنیابــوون لــەوەی هیــچ جیاوازییەکــی رەگەزایەتــی پیــادە نەکرێــت.

سیاسەتی زمانی خوێندنگە گشتییەکان:

١. فێرخــواز مافــی ئــەوەی هەیــە خوێنــدن (پــەروەردە) بــە زمــان یــان زمانــە فەرمییــەکان وەربگرێــت کــە خــۆی دەستنیشــانی دەکات، ئەمەیــش لــە خوێندنگەیەکــی گشــتیدا کــە تیایــدا ئــەو خوێندنــەی بەشــێوەیەکی ماقــوول بکرێــت، جــا بەمەبەســتی یارمەتیدانــی فێرخــوازان بــۆ پیادەکردنــی ئــەم مافەیــان، لەســەر دەوڵــەت پێویســتە هەمــوو جــۆرە گونجاوەکانــی پەروەردەیــی و (بەدیلەکانیــش) رەچــاو بــکات بــە پەیمانگــە تاکڕەهەندەکانــی خوێندنیشــەوە. بەگرنگــی دان بــەم لایەنانــەوە.

- رەوایی و بێلایەنی

- لایەنی کردەنی- عەمەلی و

- پێوســت بــوون بــە پێداچوونــەوە بــە ئەنجامەکانــی یاســای جوداکاریــی رەگەزپەرســتایەتی پێشــوو، پیادەکردنەکــەی.

٢. زمانێکــی پەنجەدوویــی (زمانــی نیشــانەی کــەڕوڵالان) و بڕواپێکــراو پلــەو بایەخــی زمانێکــی فەرمــی هەیــە بــۆ مەبەســتەکانی کەرتــە بەشــی (١).

٣. دەســتەیەکی حکومەتــی لــە قوتابخانەیەکــی گشــتیدا بــۆی هەیــە سیاســەتی زمانــی قوتابخانەکــە بڕیاربــدات بەپێــی دەســتوور یــان ئــەم قانوونــە و یــان هــەر قانوونێکــی هەرێمایەتــی دیکــەی کراپێکــراوەوە.

٤. هیــچ شــێوە جیاکارییەکــی رەگەزایەتــی (رەگەزپەرســتی) نابێــت بەکارببرێــت لــە پیادەکردنــی ئــەو سیاســەتەدا کــە لــە ژێــر کەرتــە بەشــی ژمــارە (٣) داهاتــووە.

## ژێدەر و سەرچاوەکان


- CIA – the world fact book 2000

- Microsoft Encarta encyclopedia 2000

- Encyclopedia Britannica 1999 -2000 Britannica. Com. Inc.

- Most clearing house linguistic rights, national constitutions South arfica

- Website of the library of congress country studies South Africa (DATA as of 1996) may.

- PANSALBs position on the promotion of multilingualism in South Africa (a draft discussion document) February 1998.

- Statement by pfof. Sme Bengu, minister of education on a new language policy in general and further education July 14, 1997.

- Republic of South Arfica schools bill 1996.

- هی تریش.

# سویسرا

پێتەخت: شاری بێرن bern ژمارەی دانیشتوان ساڵی ١٩٩٤ (١٢٧٤٦٩).

رووبەر: ٤١٢٩٠ کم٢ (١٥٩٤٠ میل٢).

شێوەی حکومەت: کۆماریی فیدرالی- دیموکراسی دامەزرێنراو لەسەر بنەمای کانتۆنگەلی فیدرالی خاوەن دوو ئەنجوومەنی یاسادانان.

پشکی تاك لە داهاتی گشتی: (٢٧١٠٠ دۆلار) (ساڵی ١٩٩١).

دانیشتوان: (٧٢٧٥٤٦٧) کەس (تەمموزی ١٩٩٩).

پێکهاتەی نەژادیی:

جەرمەنیی (ئەڵمانیی ٦٥٪

فەرەنسی ١٨٪

ئیتالی ١٠٪

رۆمانیی ١٪

هیتر ٦٪ (بەزۆری کرێکارەکانی بیانی و پەنابەران).

زمانی فەرمیی:

زمانە نەتەوەییەکان (نیشتمانی) ئەڵمانی، فەرەنسیی، ئیتالی و ڕۆمانین.

زمانـی کەمایەتییـەکان: زمانـە سـلاڤییەکان (١,٩٪)، ئیسـپانیایی (١,٧٪) پورتوگالـی (١,٤٪) تورکـی (٠,٩٪) و ئینگلیـزی (٠,٩٪).

توێژینەوەی زمانەوانیی:

١- یاساسـازیی: یاسـا سـازیی لەبـارەی بەکاربردنـی زمانـەوە: یاسـا سـازیی سـویسری لەمـەڕ زمانـەوە هـەردوو جۆرەکانـی دەگرێتـەوە:

١- یاسا فیدرالییەکان: ئەوانەی بەو ناوەوە لە وڵاتدا بەکار دەبرێن.

٢- یاسـا لاوەکییـەکان: ئەوانـەی لـە کانتۆنـەکان و ناوچـە تایبەتییـەکان و نـاسراو بـە (Gemende) کـە یەکەیەکـی بچووکـترە لـە کانتـۆن، کاریـان پێدەکرێـت. ئەمانـەی خـوارەوە لەسـەر ئاسـتی فیدرالیـدا بـە یاسـایی کاریـان پێدەکرێـت.

دەسـتووری کۆنفیدرالییەتـی سـویسرا لـە ٢٩ی ئایـاری ١٨٤٧ دانـراوە و لـە ٢٠ی نیسـانی ١٩٩٩دا پێداچوونـەوەی بـۆ کـراوە.

یاسـای فیدرالـی لەمـەڕ یارمەتیـی دارایـی بـۆ تێگەیشـتن و پاراسـتنی زمانەکانـی ڕۆمانـی و ئیتالـی و کەلتـوور (٦ی ئۆکتۆبـەری ١٩٩٥) پەیـمان دەدات بەیارمەتیـی دارایـی بـۆ کانتۆنـی گراوبونـدن (Graubunden) بـە مەبەسـتی پشـتگیری و پاراسـتنی کەلتـوور و هـەردوو زمانەکانـی ڕۆمانیـی و ئیتالـی و هەروەهـا بـۆ کانتۆنـی تیسـینۆ (Ticino) بـۆ پشـتگیری و پاراسـتنی زمانـی ئیتالیـش.

یاسـای فیدرالـی سـەبارەت بـە پەخشـی تەلەفزیـۆن و رادیۆیـی (١٩٩٧/١٠/١٤) ڕێگـە نـادات خزمەتگوزارییەکانـی پەخشـی سـویسرایی بەرنامەیـان بـە زمانـە هەرێمایەتییـەکان (ناوچەییـەکان) پێشـکەش بکـەن.

ئاژانسـی پەخشـی سـەر بـە دەوڵەتـی سـویسرا (R.S.G) کەسییەتی یەکگرتـووی یەکێتـی وڵات و پێداویسـتییەکانی کانۆتنـەکان بـۆ بەرهەمهێنانـی بەرنامەکانـی رادیۆیـی بـۆ سـەرجەم هەرێمـەکان بەزمانـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان زۆر ڕەچـاو

دەکات و بــە هەندیــان هەڵدەگرێــت. یاســای چــاپ و بڵاوکردنــەوەش ڕێگــە بــەوە نــادات کۆکــراوەی (ســەرجەم) یاســاکان بــە ســێ زمانــی فەرمیــی چاپبکرێــن.

بەنــدی هەشــتەم دەڵێــت: ڕێککەوتنــی نێوخۆیــی و نێودەوڵەتییــەکان ئەوانــەی لــە کۆکــراوەی یاســاکاندا وەرگیــراون یــان ئاماژەیــان پێــدراوە، کــە تەنیــا بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ بەیەکــەوە لکێــنراون، بەهیــچ شــێوەیەك نابێــت وەربگێڕدرێــن (تەرجەمــە) بکرێــن بــۆ هەمــوو زمانــە فەرمییــەکان، یاخــود بــە (پێــی بڕیــاری ئەنجوومەنــی فیدراڵــی) هــەر نابــێ بەهیــچ کلۆجــێ تەرجەمــە بکرێــن.

مــاددەی (١١)ی یاســای فیدراڵــی ســەبارەت بــە پەیــڕەوی جێبەجێکردنــی کارگێــڕی وا پێویســت دەکات کــە کارگێــڕی فیدراڵــی بــەو زمانــە ئەنجــام بدرێــت کــە لایەنــەکان داوای دەکــەن. کارگێڕیــی کانتۆنــەکان ئــەو زمانــە بەکرادێنــن کــە ئەنجوومەنــی یاســادانانی کانۆتنەکــە چەســپاندوویەتی. هەروەهــا قانوونــی فێدراڵیــی لەمــەڕ ڕێورەســمە شارســتانییەکانەوە (مەدەنییــەکان) و کاروبــاری تاوانــکاری دادوەر و لایەنــەکان پابەنــد دەکات کــە تەنهــا یــەك لــە زمانــە فەرمییەکانــی ســویسرا بــەکار بێنــن. بــۆ دادوەر هەیــە، ئەگــەر پێویســتی کــرد، فەرمــان بــە وەرگێڕانێــك (تەرجەمــە) بــدات.

قانوونــی لەمــەڕ کاروبــاری یاســایی فیدرالیــی پەیمانیــداوە کــە دەبــێ هەمــوو بەڵگەنامــە یاساییەکان بەیەکــێ لــە زمانــە نیشــتمانییەکان بنووسرێتــەوە، دادگاییکردنیــش عادەتــەن بــە زمانــی دادگاکــە دەنووسرێــت. بێتــو لایەنــەکان بەزمانێکــی فەرمیــی جیــاواز قســە بکــەن ئــەوا ڕاپۆرتەکــە دەکــرێ هەروەهــا بــەو زمانانــەش ئامــادە بکرێــت. بــۆ پێشکەشــکردنی ڕاســتەوخۆی داوا زمانەکانــی لایەنــە پێوەندیــدارەکان بــە هەنــد وەردەگیرێــت. (کانوونــی یەکــەم ٢٠٠٢).

دەقە سەرەتاییەکانی یاسا لەبارەی زمانەکانەوە

بەمەبەســتی پیادەکردنــی ناوەرۆکــی بڕگــە دەســتوورییەکان بەســەر زمــان و ڕۆڵەکانیانــدا لەکۆنفیدراســیۆنی ســویسرادا ســاڵی ١٩٩٨ دەســتەیەکی کارا لەســەر

ئاستی حکومەتی فیدراڵ و کانتۆنەکاندا پێکهات بۆ ئامادەکردنی یاسایەك لەسەر زمانەکانەوە. ئەو یاسایە دەبوا ببێتە هۆکار بۆ خستنە بەرکاری دەستوور (بەشێوەیەکی سەرەکیی ماددەی ٤) و پرەنسیپەکانی کۆنفیدرالییەکە لەبارەی سیاسەتی زمانەوە بچەسپێنێ و بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان رێکبخات و پەرە بە رۆشنبیریی و خوێندنێکی فرە زمانیش بدات. جا بەمەبەستی یارمەتیی و ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوونی ئەم زمانانەوە لە رەشنووسی (گەڵاڵەی) یاساکەدا هاتووە (هەروەك لە دەستووری تازەی سویسرادا ساڵی ١٩٩٩، ماددەی ٧٠ حەفتایدا هەیە) کە زمانی رۆمانیی لە کۆمەڵگەدا لە پێوەندیی بەکاری کارگێرییەوە بە زمانێکی فەرمیی دادەنرێت. بە هەمان شێوەش ماددەکە نیوەرۆکی ئەو قانوونە رێکدەخات کە پەیوەستە بە پێشخستنی تایبەتی ئەو زمانەوە، شان بەشانی زمانی ئیتالیی.

ئەگەر کۆنفیدراڵییەتەکە نەیتوانی مەسەلە پەروەردییەکان بەرێوەببات ئەوا دەبێتە ئەرکی کانۆتنەکان کار بە یاساکە بکەن. بە گوێرەی دوایین سەرژمێری (٢٠٠٠) هەردوو زمانی فەرەنسی و جەرمانی لەچاو ئەوانی دیکەدا زمینەی باشیان بە دەستهێناوە، کەچی زمانی رۆمانیی بە پلەی دەیەم هات بەپێی ئەوانەی کە قسەی پێدەکەن، لە دواوەی زمانەکانی دیکەی وەکو (سیربۆ-کرواتی) ئەلبانی و ئینگلیزی، یانەخۆ تورکی (ئۆکتەبەری ٢٠٠٣).

پەخشی گشتی (سەرتاسەریی):

لە کۆمەڵگەیەکی فرە کەلتووریی وەکو سویسرادا، سەربەستی بەکارهێنانی زمان و ئازادیی (میدیا) بەگشتی بەپێی برگەی (٣) لە مادده (٩٣)ی دەستووری فیدراڵی سویسراوە دەستەبەرکراوە، بۆیەکا هیچ رێ لێگرتنی (قەدەغەکردن) زمان بۆ پەخشی تایبەت لە ئارادا نییە. (هیچ ئاستەنگێکی زمانەوانیی لەبەردەم پەخشی تایبەت دانەنراوە).

پەخشی سەرتاسەری (SBC) لەلایەن دەستەی پەخشی سویسراوە

ئەنجامدەدرێت. ئەو دەستەیە لە خزمەتگوزاریی گشتیی نیشتمانیی بەرپرسیارە و حەوت کەناڵی تەلەڤزیۆن و (١٨) ئێزگەی رادیۆ لەخۆ دەگرێت و سەرپەرشتیان دەکات. یاسای (SBC) ژمارەی وێزگەکانی ئەو تەلەڤزیۆن و رادیۆیانە دیاری دەکات کە دەستەکە بۆی هەیە بەکاریان بخات. هەر هەرێمێك (ئەلمانیی، فەرەنسیی و ئیتالی سێ وێزگەی رادیۆی هەیە، هەروەها وێزگەیەکی رادیۆیش بۆ ئەوانە هەیە کە لە دەڤەری (Rheto- roman) بە زمانی رۆمانی قسە دەکەن. هەریەك لە سێ هەرێمەکانیش کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیان هەیە و پێویستیشە هەموویان بەرنامە بە زمانی رۆمانیش پەخش بکەن، ئەو بەرنامەیەش دەبێ بەشێك بێت لە بەرنامەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان کە بەزمانێکی خۆجێیی لە هەرێمەکەدا پەخش دەکرێت. هەروەها یاسایەکە خشتەیەکی بۆ پرۆگرامەکان دەستنیشان کردووە کە دەبێ (SBC) لە سەرجەم بەرنامە تەلەڤزیۆنی و رادیۆییەکاندا جێبەجێیان بکات بەمەبەستی:

(پەرەپێدانی تێگەیشتن) لێحاڵیبوون یەکگرتن و ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان گشت بەشە جیاجیاکانی وڵاتدا هەروەها بۆ بایەخدان بەو دانیشتوانانەی سویسری نین و هانی پێوەندیی و تێکەڵاویی بدرێت لەگەڵ ئەو هاووڵاتییە سویسریانەی لە هەندەران نیشتەجێن.

سەرچاوە: یاساسازیی لەمەڕ میدیاو دۆزەکانی کەمینەکان و لەلایەن لیوندیرایمانەوە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣.

راگرتنی کارکردن بەیاسای زمانی سویسری:

حکومەتی سویسرا لەم دواییانەدا پرۆژەیەکی داڕێژراوی یاسایی سەبارەت بە زمانی دواخستووە کە چاوەڕواندەکرا چەندان پێوەری هەمە جۆری بەمەبەستی پەرەپێدان بە فرە شێوەیی زمانەوانیی لە وڵاتدا لەخۆبگرتایە.

قانوونە تازەکەی زمان ویستی چەندین پێوەری نموونەیی ئاوەها دابنێت

کە بنبە هۆکاری پاراستنی هەمەجۆری و یەکێتییە زمانییەکەی سویسراوە. یەکێك لەوانە بریتی بوو لە تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ بەیەکەوە گرێدانی پرۆگرامە رۆشنبیرییەکانی کانتۆنەکان هەروەها پێوەرگەل بۆ پاراستنی کەمینەکان لەو کانۆتنانەی کە دوو یان زێتر زمانیان هەیە (بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی بەدرێژایی سنووره زمانەوانییەکان زمانی تێکەڵاویان هەنە) هەروەها بەتایبەتی یارمەتیدانی زمانی رۆمانیی کە لە کانتۆنی گراوبوندن، گریشچون، گریگیۆندا کە لە مەترسی فۆتان دابوو. لە هەموو شتێ گرنگتر، دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ توێژینەوە و دانانی ستراتیژی زمانەوانی بۆ رێکخستنی پرۆژەکان و کارکردنی بەردەوام لەسەر کێشە زمانیەیکان. وێڕای ئەوەش کە یاسایەکە لەتەواوبووندابوو، ئەنجومەنی فیدرالی (بۆندیستراتا) کە لە هەشت وەزیر پێکهاتووه لە دواییین خولەکدا بڕیاری پارە بۆ تەرخانکردنەکەی رەتکردەوە، ئەمەیش هەرچەندە بە رووکەش بۆ ئەوەیان گەڕاندۆتەوە کە ناچاربووبن سنوور بۆ بودجەی ئەو ساڵە دابنێن وەلێ هەندێ راپۆرتی میدیاکان وایان داناوە کە دەشێ (پارتی گەلی راستڕەوی سویسری SYP) کە بەم دواییە بە (دوو) وەزیر بەشداری لە حکومەتدا پێکراوە، بەهۆی سیاسەتەوە دژایەتی پرۆژەی یاساکەی کردبێت. ئەم بڕیارەی حکومەت لەلایەن جۆرەها گروپ و رێکخراوانەوە زۆر بە توندیی رەخنەی لێگیرا. ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرەکانی سویسری (گروپێك نوێنەرایەتی پەیمانگە پەروەردییەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا دەکات) پرۆتیستۆی کرد چونکە لە تەرخانکردنی پارەی زیادە (ئیزافی) بۆ فێرکردنی زمانی دووەم سوودمەند دەبوون. بەتایبەتی لەو بەشەی سویسرادا کە بە زمانی دووەم زۆر پەرەی سەندووە و پێش فەرەنساویش کەوتتەوە کە زمانی نیشتمانیی سویسرایە.

هەرچوار کانتۆنەکانی (بێرن، فریبۆرگ، ڤالێ و گراوبوندن، گریسچون/ گریگبوون) کە خاوەنی دوو یان سێ زمانی تێکەڵاون هەموویان تێکڕاو بە

توندی پشتگیرییان لە پرۆژەکە دەکرد، نە تەنها بە ئومێدی دەستەبەرکردنی پارەی زیادە بۆ پشتیوانیی و پەرەپێدانی بەرنامە زمانەوانیەیکان کە لە ئارادابوون، بەڵکو بەو بۆچوونەوە کە دەشیا گرتنەبەری سیاسەتێکی یەکگرتووی هاوتا سەبارەت بە زمانی یەکێتیی و پێناسەی سویسرا پتەو بەهێز بکات.

هەروەها نوێنەرایەتی لیا- رۆمانتشا (lia romantscha) ئەو رێکخراوەی کە وەك چەترێ وابوو بۆ ئەوانەی بە زمانی رۆمانی دەدوێن ئەوانیش بەو بڕیارە ئومێدبڕاوبوون، رۆمانیی تاکە زمانێکی خووڵاتییە کە تەنها چەند هەزار کەسێ لە ناوەند و خۆرهەڵاتی شێوە دۆڵەکانی گراوبوندن، گریسچۆن، گریگیۆنی سویسرادا قسەی پێدەکەن، لە مەترسی نەمان دابوو, هەروەها دادگەی سەر بە دوو زمانزانیی کە رێکخراوەیەکی تاقانەیە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی و سەرەکی پەرە بە دوو زمانزانیی دەدات لە شارۆچکەی (biel/ binne) کە بە فراوانترین شێوەی فەرمیی هەردوو زمانەکانی جەرمانی و فەرەنسیی قسەیان پێدەکرێت، ناڕزایی و هیوابڕاوی خۆی دەربڕی.

(Fribourg/freburg, biel/bienne) بە کاندیدکراوی سەرەکیی دانرابوون بۆ ئەو مەڵبەندە (سەنتەر) زمانەوانییە نەخشە بۆ کێشراوەی سویسرا.

سەرچاوە (ژێدەر): Biel/ bienner Eurulang news ٩ی حوزەریانی ٢٠٠٤، نووسینی پیتەر جۆسیکا peter josika.

٣- چەند تێبنییەکی پێشەکی:

سەربەخۆیی سویسرا (١ی ئابی ١٢٩١) و بێلایەنییەکەی لەمێژ دەمێکە لەلای هێزە سەرەکییەکانی ئەوروپاوە رێزی لێگیراوە، سویسرا هیچ جۆرە بەشدارییەکی لە هیچ کام لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا نەکردووە. یەکێتی رامیاری و ئابووری ئەوروپا لەوەتای جەنگی دووەمی جیهانییەوە پەرۆشی و ئارەزووی لەمێژینەی سویسرا بۆ بێلایەنی بەرجەستە دەکات.

کێشەکانی زمان:

لە کۆتاییدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە زمان کێشەیەکە لە وڵاتدا؟

ئەگەرچی هیچ کێشەیەکی دیار و بە دەرەوەی زمان بوونی نییە وەلێ، ڕەوشەکە هێندە نموونەیشی نییە. کەمتەرخەمیی سویسرییەکان لە هەمبەر کەمینە نەژادییەکان و گومانی کۆنینەی هەرێمەکانیش دەرهەق بە سویسرییەکانەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە پێویستە هەڵوێست و ڕەئیان بەرامبەر بە کەلتووری یەکتری (بەتایبەتی هی کەمایەتییەکان) بگۆڕن.

ئێستەیش زۆر ناوچەی کەلتووریی لە سویسرادا هەنە بە تەواویی نەناسراون، ئەمەش شتێکی نەشیاوە لە سەردەمی میدیای ئاوا زۆر و زانیاریی بەرفرەوانی وەك ئیمڕۆماندا.

کۆمەڵگەی ڕۆمانییەکان بچووکە، نزیکەی (٧٠٠٠٠٠) لە سویسراو (٤٠٠٠٠) یش لە گراوبووندا، ئەم ژمارەیەش لەوە کەمترە بشێت بۆ بازرگانیی و شتی تر بەکار ببرێت. پتر لە نیوەی دانیشتوانەکانی ئیتالیی زمان لە دەرەوەی دەڤەری ئیتالییەکەوە نیشتەجێن، هەرچۆنی بێت زمانی ئیتالی لە دەرەوەی خۆیاندا هیچ پەرەی پێنەدراوە. لەبەر ئەوەی کۆنفیدراسیۆنی سویسرا کاروباری پەروەردەیی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەو خەڵکانەی بە زمانی ئیتالیی ڕۆمانیی قسە دەکەن ئەگەر بیانەوێ پێوەندیی بە کۆمەڵگەکانی ترەوە بکەن و تێکەڵاویان بن پێویستە زمانی ئەڵمانی یو فەرەنسی فێر بن.

خوێندکاران لە بەشە ئەڵمانیی و فەرەنسییەکەی سویسرادا ئیتالیایی وەك زمانێك لە کۆنفیدراسیۆنی سویسرا دەخوێنن بەڵام تەنها لەسەر ئاستێکی سەرەتایی، لەدەرەوەی قوتابخانە بەدگمەن ڕووبەڕووی ئەو زمانە دەبنەوە، جا کە پرۆسەی ئابووری بەرەو گردبوونەوە لە ناوەند و یەکبوون دەچێت زۆر ئاساییە زمانی ئیتالیی لەکارەکانی بانك و بازرگانیی و کارگێڕیی و پۆستەدا دیار نەمێنێت.

هاوسەنگیی نێوان زمانە فەرمییەکانی کۆمەڵگاکان کەلە بەشێکدا لە سەر ئاستەکانیاندا لە سیاسەت و کارگێڕیی فێدراڵیدا بەدەست هاتبوو، ئێستا نەماوە. بۆیەکا هەڕەشەیەکی راستەقینە لە ئارادایە کە کەلتووری کەمینە سویسرییەکان سەبارەت بە زمانەکانیان بخرێتە پەراوێزەوە. هەروەها کاریگەرییەکانی ئابووریش هەیە بەتایبەتی بە ئاماژە بۆ زمانی ئەلمانیی، جوداوازییەکانی کەلتووری، رامیاری و ئابووری شان بەشانی زمان تێکەڵاو بوون و بە یەکگەیشتن لە نێوان بەشە فەرەنسی و ئەلمانییەکاندا سەخت و دژوار دەکات. فەرەنسی زمانەکان بەکارهێنانی زمانی ئەلمانیی لە کانۆتنەکەدا بە پەسەند نازانن چونکە ئەمە زیاتر شێوەزارێکی ئەلمانیی سویسرییە تا ئەوەی ئەو ئەلمانییە ستاندەر دەبێت کە لە خوێندنگەیەکی کانۆتنە فەرەنسییەکەدا دەخوێنرێت.

ئەوانەی بە ئەلمانیی قسە دەکەن یەك لە نزیکەی ٣٠ی شێوەزارە ئەلمانییەکانی جەرمانی بەکار دێنن کە ئەویش بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەلمانییە ستاندەرەکەوە دوورە. ئەلمانیی ستاندەرد بەگشتی وەك (یەکەم زمانی بیانیی) دەناسرێت، ئەو راستییەش چەندین دەرەنجامی پەروەردەیی لێکەوتۆتەوە.

کانتۆنەکان دەتوانن بڕیار بدەن کام زمان (یان زمانان) لە سنووری دەڤەرەکانیاندا بەکار ببرێن. بەم پرەنسیپە نەنووسراوە دەگوترێت پرەنسیپی دەڤەرایەتیی، لەراستیشدا ئەم پرەنسیپە لەگەڵ مافی کەسیی هاووڵاتیدا بۆ بەکارهێنانی زمانی دایك لەگشت کایەکاندا ناکۆکە. ئەوەش بە تایبەتی لە بوارەکانی پەروەردە و دادگەدا بە زەقی بەدیار دەکەوێ.

وەلێ زۆران جار لەلایەن دادگەی فیدرالییەوە نادیدە دەگیرێت (چاوپۆشیی لێدەکرێت). پرەنسیپەکە پەروەردەیەکی هاوبەش بە زمانە فەرمییەکەی کانۆتن یان کۆمەڵگەکە مسۆگەر دەکات، وەلێ رێگە لە تاکە کەس دەگیرێت کە

بــە هــەر زمانێکــی دیکــەی جــودا لــەوەی لــە پۆلەکانــی وتنــەوەی زمانــی بیانییــدا بەکارهاتــوون خوێنــدن بــکات.

ســەبارەت بەکارگــەرە کۆچــەرەکان (رەوەنــد) لــە ســویسرا هیــچ سیاســەتێکی فیدرالــی روون و دیــاری زمــان لــە ئــارادا نییــە هــەر ئــەوە نەبــێ کــە خەڵــك ئــەو مافەیــان بــۆ دەســتەبەر کــراوە زمانــی دایــك لــە هــەر کاروبارێکــی جگــە لــەکارە فەرمییــەکان بــەکار بێنــن، لەلایەکــی دیکــەوە هــەر منداڵێــك بــۆی هەیــە بەزمانــی دایکــی بخوێنێــت، کەچــی لــە هەمانکاتــدا پرەنســیپی دەڤەرایەتیــی ناچاریــان دەکات بــەو زمانــە پەروەردەیــی گشــتی وەربگــرن کــە لــە کۆمەڵگەکــە بــە فەرمیــی نــاسراوە. منــداڵان دەشــتوانن وانــەی ئیزافــی بــە زمانــی تایبەتــی خۆیــان وەربگــرن بــۆ ئــەوەی زمانەکــە فێــر بــبن و لــە کەلتــووری نەتەوەیــی خۆیانــەوە دانەبڕێــن. لەگــەڵ ئەمەشــەوە، ئــەو جــۆرە وانانــە لــە دەرەوەی خشــتەی ئاســایی قوتابخانەییــدان و پێویســتە بــۆ ئەمــە کەلــك لــە کاتــی بــێ ئیشــیی منداڵــەکان وەربگیرێــت.

گرووپە کەمایەتییەکان:

تــا چەنــد مەترســیی لەســەر  زمانــە گرووپــە کەمینــەکان لــەم وڵاتــەدا هەیــە؟ (حوزەیرانــی ٢٠٠٤).

(توێژینەوەیەك لە مەڕ هەمە جۆریی (جیاوازیی زمانەوانییەوە).

دامــەزراوەی نیشــتمانیی ســویسرایی بــۆ زانســتەکان (SNF) لــەم دواییانــەدا کاری لەســەر توێژینەوەیــەك لەمــەڕ هەمــە جۆریــی (جوداوازیــی) زمانەوانیــی و چالاکــی و کارامەیــی زمــان لــە ســویسرادا دەســتێکردۆتەوە. پرۆژەیــەك بــە هاوکاریــی وسەرپەرشــتیی میریــی دەســتی پێکــراوە بــەو نیــازەی ببێتــە گشــتگیرترین توێژینــەوە، ســەبارەت بــە رەوشــی زمانەوانیــی کــە تــا ئێســتێ لــە ســویسرا ئەنجامدرابێــت. ســێ کایــە ســەرەکییەکانی توێژینەوەکــە سیاســەتی زمانەوانیــی، پــەروەردە و هەروەهــا شوناســی تــاك و گــرووپ دەگرنــەوە.

سەرەتا بڕیاربوو پرۆژەکە بەشێ بێت لە ژمارەیەك پێوەری زۆرتر ئەوانەی بەو دواییانە لەبەر کێشەی پارە و دارایەیوە وەلاوەنرابوون. شانبەشانی هەرچوار زمانە فەرمییەکانیش (ئەڵمانیی، فەرەنسەیی، ئیتالیایی و رۆمانشی) دەبوا توێژینەوەکە هەروەها لە زمانەکانی دیکەی کۆمەڵگەشدا بکۆڵێتەوە. ئەمەو سیاسەتی زمانەوانیی لە سویسرا سەرچاوەی لەوەوە گرتووە کە پێی دەڵێن (پرەنسیپی دەڤەرایەتی) زمانی فەرمیی لە هەر شارەوانییەکدا پێشەکی لە دەستووری تایبەت بە کانتۆنەکەدا بڕیاری لێدراوە. لە ئێستادا بە تەنها یەك شارەوانیی فرەوانتر (Biele/bienne) بە فەرمیی دوو زمانی هەیە. کەچی ئەم سیاسەتە، لە ئەنجامی گۆڕانکارییە زمانەوانییەکان لە هەندێ ناوچەدا بەشێوەیەکی تایبەتیش بە درێژایی سنوورە زمانەوانییەکان و لەم ساڵانەی دواییدا بەرەو رووی رەخنەلێگرتن بۆتەوە.

دوو نموونەی هەرە دیاری ئەو شارۆچکانەی کەمینەی بەرچاوی دانیشتوانیان هەنە و بە فەرمیش بە یەکزمانیی ماونەتەوە، بەهۆی یاسا تازەکەی دەڤەرایەتییەوە بریتین لە Friborg/Freiburg ئەو شارەی بە رەسمی بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن و ئەوانەش کە تیایدا بە زمانی ئەڵمانیی قسە دەکەن هەمیشە لە زیادبووندایە. لەگەڵ شاری chur/chier کە بەرەسمی بەزمانی ئەڵمانیی دەدوێن، ئەگەرچی ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانەکانیش بە زمانی رۆمانشیی دەئاخفن.

لە ٢٥٪ ی دانیشتووانی سویسرا بیانین و زەمانگەلی وەك (ئیسپانی، سڕبۆکرواتیی، تورکی و ئەلبانیی) بە بەربڵاوی لە وڵاتدا قسەیان پێدەکرێت و خەڵك لێیانتێدەگات. لەگەڵ ئەمەشەوە هیچ کامێکیان لە رۆژگاری ئیمڕۆدا پێگەیەکی رەسمییان نییە. سەرباری ئەوەیش، بەکارهێنانی ئینگلیزی وەك زمانی پێوەندیی بەیەکەوە کردنی بازرگانیی لە نێوان ئەو سویسریانەی ئەڵمانی زمان و فەرانسەیی زمانن رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندندایە.

پـەرەروەدە بـە زمانـی بیانیـی لـە سـویسرا هـەر لـە کۆنـەوە بـە دوو زمانـە سـەرەکییەکان، ئەڵمانیـی و فەرەنسـەیی بـووە. لـەو بەشـەی سـویسرادا کـە بـە زمانـی ئەڵمانیـی دەدوێـن زمانـی فەرەنسـەیی وەکـو یەکـەم زمانـی بیانیـی فێـری خەڵـك کـراوە و بـە پێچەوانەشـەوە وێـڕای ئەمەیـش کانتۆنـی (Zurich) زیۆریـخ بڕیارێکـی تازەیـداوە کـە گرنگیـی سـەرەکی بـە زمانـی ئینگلیـزی بـدات لەسـەر ئاسـتێکی خوێندنـی سـەرەتاییدا. ئـەو بزاڤـە هـەرە بـە کێشـەو پـڕ لـە بگـرە و بەردەیـە زۆر بـە توندیـی لەسەرتاسـەری وڵاتـدا خرایـە بـەر هێرشـی رەخنـەوە. بـەو شـێوەیە توێژینەوەکـەی CNF چاوەڕوانـی ئـەوەی لێدەکرێـت هێـمای رێنمایـی.

بـۆ داڕشـتنی پەیـڕەوە بەرنامـە بـۆ ئاییـندەی خوێندنـی زمـان لـە سـویسرادا بڵاوبکاتــەوە.

د.کریسـتین مۆتـاس (Dr. Christian mottas) کـە یەکێکـە لـە رێکخەرانـی پرۆژەکـە، ئامـاژەی بـەوەدا کـە هەنـدێ زمانـی بیانیـی دیاریکـراوی وەك ئیسـپانی ئێسـتێ لەلایـەن ژمارەیەکـی زۆرتـری خەڵکـی سـویسراوە، زیاتـر لـەو زمانـە فەرمییانـەی وەکـو (رۆمانشـی) کـە مەترسـیی نەمانیـان لێدەکرێـت، قسـەی پێدەکرێـت. بـەڕای ئـەو، دەرەنجامەکانـی دیراسـەتەکە هـەر تەنهـا بـە سـوودی داڕێژەرانـی سیاسـەت و سیاسـەتوانانی سـویسرا ناگەڕێتـەوە، بگـرە دەشـێت بـە هەمـان شـێوە و بەیەکسـانی رێنیشـاندەر بێـت بـۆ پرۆژەیەکـی زۆر مەزنـتری فرەزمانیـی کـە پێیدەگوترێـت (ئەوروپـا).

ژێدەر: (Eurolang news biel/bienne) ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ پیتەر جۆسکا.

راپۆرتەکانـی کۆمیتەیەکـی شـارەزایان دەربـارەی زمانـی هەرێمـەکان و کەمایەتییـەکان لـە سـویسرا.

لـە ٢٢ی ئەیلوولـی ٢٠٠٤ دا کۆمیتـەی شـارەزایان کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی ئەورووپـاوە دامەزرێنرابـوو، دواتریـن راپۆرتـی خۆیـان لەمـەڕ رەوشـی زمانـە هەرێمایەتـی و کەمایەتییـەکان لـە سـویسراو پەیڕەوکردنـی دەسـتووری ئەوروپـی

پەیوەســت بــە زمانــە هەرێمایەتییــە و کەمایەتییەکانــەوە بڵاوکــردەوە و (خســتییە بەردەســتی رای گشــتی) بەگشــتی راپۆرتەکــە مەدحــی ئاســتی نایابــی بەردەوامــی هاریکاریــی لــە نێــوان دەســەڵاتدارەکانی ســویسرادا دەکات. هەروەهــا بــە شــانو باڵــی شــێوازی پەرەپێدانــی یاساســازی نوێــی کانتۆنــی (/Grigioni/graubunden Grischun) هەڵــدەدات کــە زمانەکانــی رۆمانــی و ئیتالیایــی وەك دوو زمانــی فەرمیــی ناســاندوون لــە پــاڵ زمانــی جەرمەنیــی ســویسرادا. دەســتووری (پەیمانــی) ئەوروپــای پەیوەســت بــە زمانەوانییــەکان دیاریکــردووە، هەروەکــو ســەرەکیترین ئــەو پێوەرانــەی دەستنیشــانکردووە کــە بــۆ پارێــزگاری کــردن لــە زمانــە هەرێمایەتیــی و کەمایەتییــەکان شــان بەشــانی و جــواداوازی زمانەوانیــی لــە ئەوروپــادا زۆر پێویســتن. ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی ســویسرا، نــاسراو بــە (lower house) ســاڵی ١٩٩٣ دەســتوورەکەی ئیمــزا کــرد، کەچــی ســاڵی ١٩٩٧ کاری پێکــرا پــاش ئــەوەی ئەنجوومەنــی فیدراڵــی (ئەنجوومەنــی کەمینەکانــی ســویسرا) ســەرەنجام پەســەندی کــرد. راپۆرتەکــە ئــەوەی دەرخســتووە کــە ئامــاری ســاڵی ٢٠٠٠ لــە ســویسرا کەمبوونەوەیەکــی هەســتپێکراو لــە ژمــارەی ئەوانــە نیشــاندەدات کــە بەزمانــە هەرێمایەتــی یاخــود کەمایەتییــەکان دەدوێــن. زمانــی خۆوڵاتیــی ســەرەکیی هەرێمایەتــی زمانــی رۆمانشــییە کــە بەتایبەتــی لــە چەنــد شــێوە و دۆڵێکــی کانتۆنــی ســێ زمانیــی (granbunden/grischun/grigioni) قســەی پێدەکرێــت رێــژەی ئەوانەشــی بــە لادن (ladin) دەدوێــن تەنهــا ٠،١٪ یــەك لــە ســەدی ســەرجەم دانیشــتوانانی ســویسرا پێکدێنێــت بــەم دواییانــە بــە رێــژەی ٠,١٪ کەمبۆتــەوە. ئیتالیایــی زمانێکــی هەرێمایەتــی ســویسرایە و لەکانتۆنەکانــی تیســینۆ (Ticino) و بەشــی بەرتەســکی (Grigioni / graubunden/ grischun) بــەکار دەهێنرێــت. کەچــی لــە ســاڵی ١٩٩٠دا (٧,٦٪) حــەوت و لــە دەیــا شەشــی ســەدی دانیشــتوانەکانی زمانیــان ئیتالییــا بــوو، کەچــی ســاڵی ٢٠٠٠ ئــەو ژمارەیــە بــۆ (٦,٥٪) شــەش و نیــو لــە ســەدا دابەزیــوە، هەروەهــا کەمینەیەکــی بچــووك لــە

رگـەزی وا لەسـەر (Walsers) هەنـە لـە باکـووری کانتۆنـی (تیسـتنۆ)ی ئیتالیایـی زمانـدا دەژیـن بـە زمانـی جەرمانـی قسـە دەکـەن و ژمارەشـیان لـە (٣٥) کەسـەوە بـۆ (٢٣) قسـەکەر کەمبۆتـەوە و زمانەکەشـیان لـە مەترسـی نەمـان دایـە. بـە گوێـرەی لێکدانـەوەکان نزیکـەی (٣٠٠٠٠) سـی هەزاریانیـش (yanish) کـە وەك قەرەجـی سـویسرایی خۆیـان دەناسـێنن بەسـەر وڵاتـدا پـەرش و بڵاوبوونەتـەوە. بەهەرحـاڵ سـویسرا بـە گشـتیی ئەوانـە وەك کەلتوورێـك حسـابیان بـۆ دەکات تـا کەمینەیەکـی زمانەوانیـی لەبـارەی لاوازییەکانـی کـە لـە راپۆرتەکەیشـدا باسـکراون کۆمیتەکـە ئامـاژەی بـەو بوارانـەی خـوارەوە داوە.

١- نەبوونـی پێـوەری تـەواو بـۆ پتەوکردنـی هەرەوەزیـی و هاریکاریـی نێـوان هاونیشـتمانییەکان بەتایبەتـی لـە نێـوان ئـەو سـویسراییانەی بـە زمانـی لادنـی ئیتالیایـی قسـە دەکـەن (لـە تیرۆلـی باشـوور، ترێنتینـۆ و بیلۆنـۆ)دا.

٢- نەبوونـی تەقـەلا و کۆشـش بـۆ بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری و شـارەزایی دانیشـتوانان لـە کایەکانـی میدیـا و پـەروەردەدا سـەبارەت بـە زمانـە کەمایەتییەکانـەوە.

٣- نەبوونـی دامـەزراوەی پەروەردەیـی بـۆ جەرمانـە والسـەریەکانی لەکانۆتنـی تیسـینۆدا نیشـتەجێن.

٤- ناساندنی (بانیشەکان) وەك شێوە زمان تاوەکو کەمینەیەکی کەلتووریی.

وێـڕای ئەمانەیشـەوە تێبینـی دەکـرا سیسـتەمی سـنووردار کردنـی زمـان لـە سـویسرا، کـەوا دەکات زمانـی فێرکـردن (خوێنـدن) لـە دامـەزراوە پەروەردییەکانـدا پشـت بـە تەنهـا زمانـی فەرمیـی شـارەوانییەك ببەسـتێت کارگەرییەکـی زیانبەخشـی بـۆ فـرە زمانیـی، بەتایبەتـی لەسەرتاسـەری سـنوورە زمانییەکانـدا دەبێـت.

سـەرباری ئەوەیـش راپۆرتەکـە ئەوەشـی باسـکردووە کـە بەرپرسـان (دەسـەڵاتداران) هانـی بەکارهێنانـی زمانـی کەمایەتییەکانـی وەك (رۆمانشـی) لەدادگـەکان و دەزگـە و فەرمانگـە و بەڕێوەبەرایەتییـە کارگێڕییـەکان و پێوەندییـە

حکومەتییـــەکان و ڕاگەیاندنـــدا نـــادەن.

ژێـــدەر: (Eurolang news) و (Biel/bienne) ٢٨ی ئەیـــوول ٢٠٠٤ (پیتـــەر جۆســـیکا)

١- تێچـوون: ئایـا سیاسـەتی سـنووردارکردنی زمانـی وڵات چەنـدی تێدەچێـت (لـە ڕووی دراو، کات و داهاتـی میرییـەوە)؟

تەنهـا تاکـە شـێوازێکی ئەدەبیـی بـە زمانـی ڕۆمانشـی کـە سـاڵی ٢٠٢٤ پێشـکەش بکرێـت، دوابـەدوای چەدیـن سـاڵ لـە بێنـە و بـەرە و چەنـد و چـوون، کانتۆنـی (graubundaen/ tringioni) سـەرەنجام یاسـایەکی دەرچوواند ڕێگـە دەدات کـە هەتـا سـاڵی ٢٠٢٤ پـێ بەپـێ شـێوازێکی وێژەیـی زمانـی ڕۆمانشـی بێتـە ئـاراوە.

ڕۆمانشـی یەکێکـە لـەو سـێ زمانانـە ڕۆمانیانـەی کـە تاکـو ئێسـتێ مـاون شـان بەشـانی لادیـن و فرۆڵیـان (ladin and fruiulian) کـە هەتـا ئیمـڕۆش لـە هەرێمـی نالپـی باشـووردا لەلایـەن خەڵکـەوە بـەکار دەبرێـن. لـە ئێسـتادا بـە گشـتی زمانەکـە لـە ژمارەیەکـی زۆر کەمـی شـێوە دۆڵەکانـی گریسـچوون وەك زمانێکـی بـە فەرمیـی نـاسراو بـەکار دێـت. ئەمـەو بەهـۆی دووریـی شـوێنی نیشـتەنی ڕۆمانشـیەکان و لەیەکـتر دابڕانیانـەوە شـێوە زارەکانیـان زۆر جـوداوازن.

نوێنەرانـی ڕێکخـراوەی ئەمبرێـلای (سـەیوان) ڕۆمانشـی لـەو بڕوایـەدان هـۆی کەمبوونـەوەی بەردەوامـی ئەوانـەی بـە زمانـی ڕۆمانشـی قسـە دەکـەن وەك لـە تازەتریـن ئامـاردا سـاخبۆتەوە تـا ڕادەیەکـی زۆر بـۆ لـە ئارادانەبوونـی زمانێکـی وێژەیـی هاوبـەش (گشـتیی) دەگەڕێتـەوە. بەهەرحـاڵ، ئـەو هەوڵـەی بـۆ هێنانـە ئـاراوەی شـێوازێکی وێژەیـی هاوبەشـیی زمانەکـە دەدەدرێـت. ڕەخنـەی زۆری لێگیـراوە لەلایـەن ئەوانـەوە کـە مەترسـیی ئەوەیـان هەیـە ئـەو فـرە زمانییـە تاکـەی لـە گریسـچوونی ڕۆمانشـی زمانـدا هەیـە، وەك خـۆی نەمێنێـت. ئـەوان وایدادەنێـن زۆر لنەشـێوەزارە ئەوروپاییـە هـەرە کۆنبـاوەکان بخرێتـە بـەر

هەڕەشـــەی لەنێوچوونـــەوە.

ئەگەرچـی زمانـی وێژەیـی هاوبـەش کـە نـاسراوە بـە (ڕۆمانشـی گریسـچوونی) هــەر لــە ســاڵانی حەفتــاکان و هەشــتاکانەوە (ســەدەی رابــردوو- ئاســنگەر) گەشــەی کــردووە. وەلــێ تاکــو ســاڵی ٢٠٠٣ بەشــێوەیەکی کاراو بەربڵاونەکەوتــە خوێندنگــە و فەرمانگــە گشــتییەکانەوە. پێشــنیازێکی لــەوەوە پێــش چەندیــن جــار دووپاتکراوەتــەوە بەمەبەســتی ڕەچاوکردنــی ویســت و داخوازییەکانــی گــروپ و پارتــە هەمــە جــۆرە پێوەندارەکانــەوە.

زمانــی ڕۆمانشــی گریســچوون دەبێــت لەمــەولا بــۆ مــاوەی ئێجــگار زیاتــر لــەوەی پێشــتر پێشــنیازی بــۆ کرابــوو کاری پێبکرێــت. لەکاتێکــدا بەکارهێنانــی زمانــە ڕۆمانشــییە گشــتییە تازەکــە بــە تەنهــا لــە چوارچێــوەی نووســینەکەدا دەمێنێتــەوە. کەچــی پەیمانگــە پەروەردەییــەکان دەکــرێ بەردەوامــبن لــە بەکارهێنانــی شــێوەزارێکی ناوچەیــی وەك زمانــی ئاخافتنیــان بەتایبەتــی لەســەر ئاســتی ســەرەتاییدا. کــۆی تێچوونــی پرۆژەکــەش کــە چــاوەڕوان دەکرێــت ســاڵی ٢٠٠٧ دەســتی پێبکرێــت بــە (١٠) دە ملیــۆن فرانکــی ســویسری خەملێــنراوە و بڕیــارە دوو ســێیەکی (٢/٣) لەلایــەن حکومەتــی فیدراڵــەوە بدرێــت.

٥- زمــان لــە ژیانــی ڕۆژانــەدا: بەکارهێنانــی زمــان لــە ژیانــی ڕۆژانــەدا بــۆ نموونــە، پــەروەردە، ڕاگەیانــدن و شــتی تــر، ســویسرا وڵاتێکــی کۆنفیدراڵییــە و هــەر ٢٦ کانۆتــن و نیــوە کانتۆنەکانــی خاوەنــی ســەربەخۆییەکی بەرفرەوانــن. ١٧یــان بەزمانــی ئەڵمانــی دەدوێــن، چــوار بــە زمانــی فەرانســەیی (جــۆرا، نیچاتیــل، ڤــاودو جنینڤــا) یەکێکــی بــە زمانــی ئیتالیایــی (تیســینۆ/ تێســین) و چواریشــیان هەریەکــە و پــتر لــە زمانێکیــان هەیــە (بێــرن، فریــووگ، ڤالــێ و گراوبۆنــدن). ســیانیان جووتزمانیــن (فەرەنســەیی و جەرمانــی) کەچــی چوارەمەکەیــان (گراوبۆنــدن) بــە ســێ زمــان دەدوێــن (جەرمانــی، ڕۆمانشــی و ئیتالیایــی).

لەبــەر ئــەوەی هــەر کانتۆنــێ یاســای تایبــەت بەخــۆی لــە بــواری پــەروەردەدا

هەیـە، بۆیـەکا پێناسـەی ئامانجەکانـی پـەروەردە لەسەرتاسـەری سـویسرادا وەك یـەك نیـن. لـە پەرەگرافـی (B) لەسـەرەوە هەنـدێ لـە کێشـەکانی خوێندنـی زمـان لـە کانتۆنەکانـدا گفتوگۆیـان لەسـەرکراوە. یـەك لـە ئاریشـەکانیش لـە بەدەسـتهێنانی خوێندەواریـی و (شـارەزایی) لـەو قوتابخانـەدا بەرچـاو دەکـەوێ کـە بەزمانـی جەرمانیـی قسـە دەکـەن، هـەر چەنـد فێرکردنـی خوێندنـەوەو نووسـین تەنهـا بـە زمانـی سـتانداردی جەرمانییـە زۆربـەی مامۆسـتاکان، بەتایبەتـی ئەگـەر قسـەکانیان پێوەندیـی بـە (کرۆکـی) (ناوەرۆکـی) بابەتـی وانەکانیانـەوە نەبـێ، وەختـێ کـە لەگەڵ منداڵەکانـی پلەکانـی یەکـەم و دووەمـی قوتابخانـەی سـەرەتاییدا قسـە دەکـەن بـە بەردەوامـی بەشـێوەزارە خۆجێییەکـە دەیاندوێنـن. بەوشـێوەیە دوو جـۆرە چوارچێوەی زمانیـی داهێـنراون و لەلایـەن منداڵەکانیشـەوە کراونەتـە نێونەتەوەیـی, وەلـێ ئـەوەی کـە زۆر جیـددی و سەرەکیشـە لـە پرۆسـەی فێربوونـدا زۆربـەی کاتیـش هێشـك و بێزارکـەرەوە بـە نووسینیشـە ئـەوا هەمیشـە بـە زمانـی ستاندەری جەرمانیـی، ئەنجـام دەدرێـت ئەوەشـیان کـە لـە پرۆسـەکەدا بەپلـە دوو دێـت. ئـەوەی پێوەندیـی نێـوان تاکـەکان دروسـت دەکات و زارەکیشـە ئـەوا بـە شـێوەزارەکە ئەنجامدەدرێـت.

منـداڵان لـە خوێندنگـەدا رووبـەڕووی چەندیـن شـێوەی جەرمانیـی سـتاندەرد دەبنـەوە کـە بـە رواڵـەت سـویسرین بەتایبەتـی لەشـێوەی گۆکردنیانـدا، ئەمەشـیان بەتـەواوی شـێوەیەکی سـتاندەردی جـوداوازە لـەوەی لـە میدیاکانـدا بەرچـاو دەکەوێـت. نەخواسـتنی بەکارهێنانـی زمانـی سـتاندەردی ئەڵمانـی لـە قسـەکردندا زیاتـر بـۆ ئـەوەش دەگەڕێتـەوە کـە لەنێـو خەڵکـدا رۆژ بـەرۆژ ئـەو بۆچوونـە پەرەدەسـێنێت کـە ئەمـە زمانێکـی غەیـرە سـویسرییە. ئەگەرچـی سـویسرا لـە دوو جەنگـی جیهانیـی دژ بـە ئەڵمانیـا لـە مـاوەی ئـەم سـەدەیەدا خـۆی بـە دوور گرتـووە، تـا ئێسـتەیش هەڵوێسـت لـە هەمبـەر ئـەو وڵاتـەوە هـەر زۆر نەیارانـە و نـا دۆسـتانەیە. ئـەو هەنـدەی لـەو بەشـەی وڵاتـدا کـە بـە جەرمانیـی قسـە دەکـەن پەیوەنـدی بـە فێربوونـی زمانـی بیانییـەوە هەیـە، زمانـی فەرەنسـی زۆر لەمێژەوەیـە

وەکــو دووەم زمانــی نیشــتمانیی فێردەکرێــت، کەچــی لــەو بەشــەیدا کــە بــە فەرەنســیی قســە دەکــەن ئــەوا زمانــی جەرمانیــی دووەم زمانــی نیشــتمانییە (LN2).

لــەو بەشــەکەی تریشــدا کــە زمانیــان ئیتالیاییــە ئــەوا دووەم زمانــی نیشــتمانیی زمانــی فەرەنســەییە لــە بنەچــەی زمانــی رۆمانشــین، کەچــی لــە حاڵەتــی کانتۆنــی (تیســینۆ)دا، زمانــی ئەڵمانیــی لــە پێــش زمانــی ئینگلیزییەوەیــە، چونکــە لــەو کانتۆنــەدا تێکەڵاویــی لەتــەك بەشــی ئەڵمانیــی زمانــی وڵاتــدا زۆر خەســتتر و بەربڵاوتــرە تــا لەکانتۆنــی جینیڤــا (Geneva)دا.

لــە شــوێنەکانی تــر فێرکردنــی دووەم زمانــی نەتەوەیــی یــان زمانــی ســێهەمیش بــەدوا دادێــت، بــۆ نموونــە (زمانــی ئیتالیایــی) لــەو کانتۆنــەدا کــە بــە زمانــی فەرەنســەیی یاخــود جەرمانیــی قســە دەکــەن، یانەخــۆ زمانــی ئینگلیــزی کــە یەکــەم زمانــی رەســەنی بیانییــە.

ســویسرا ئەگەرچــی ماوەیەکــی ئێجــگار زۆرە وڵاتێکــی فــرە زمانییــە، بــەڵام زۆربــەی ئــەو تاکانــەی لــەوێ دەژیــن دوو یــان فــرە زمــان نیــن دەســتەواژەی (چوارزمانیــی) دەکــرێ تەنیــا بــۆ وڵاتەکــە نــەك خەڵکەکــەی بــەکار ببرێــت.

ئــەوەش دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتییــە. کۆمەڵگــەی رۆمانشــی تاکــە کۆمەڵگــەی دوو زمانییــە (بــە رۆمانشــی و جەرمەنیــی) و ژمارەیەکــی زۆری خەڵکــی (رایتــۆر رۆمانشــی) لانــی کــەم بــە دوو زمانەکانــی تــر قســە دەکــەن و یــان هــەر نەبێــت لێیــان تێدەگــەن.

بــۆ ماوەیەکــی زۆر دیــاردەی بــە دوو زمــان قســە کــردن وەك هەرەشــەیەك لــە پێشــەوە لەســەر پاراویــی و پەتیەتــی زمانــی یەکــەم و دووەمیــش وەکــو هەنگاوێــك بــەرەو بــە (جەرمانیبــوون) ســەیر دەکــرا.

ئینگلیــزی خۆیــی خزاندۆتــە نێــو ریــزی زمانەکانــی دیکــەوە کــە زۆر بــە بــڕوا بەخۆبوونــەوە لــە ســویسرادا قســەیان پێدەکرێــت لــە هەنــدێ لــە کانتۆنەکانــدا بڕیــاردراوە زمانــی ئینگلیــزی لــە قوتابخانــەی ســەرەتاییدا لــە جیاتــی زمانــی

فەرەنسەیی بخوێنرێت. بێتو لەو بەشەی بە فەرەنسەیی قسان دەکەن زمای ئینگلیزی بخەنە شوێنی زمانی ئەڵمانییەوە لەوانەیە لە داهاتوودا هەر دوو بەشەکان بە زمانی ئینگلیزی چاکتر لە یەکدی تێبگەن و پێوەندیی بەیەکەوە بکەن. بەکارهێنانی ئینگلیزی بێگومان زەمینە بۆ خۆی دەڕەخسێنێت بەتایبەتی لەکاروباری بازرگانیی و توێژینەوەدا، بەڵام گرووپە حکومییەکان ئەوانەی لە بواری زمانەوە کار دەکەن پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە چوار زمان لەتەك ئینگلیزیدا لە ئارادابن، چونکە ئەرکەکانیان جوداوازن و ناشێ ئینگلیزی جێگەی هەموو زمانەکانیتر بگرێتەوە. هەروەها فرە زمانیی هەرگیز نەك هەر وەك بارگرانییەك سەیری ناکرێت، بگرە دەرفەتێکە و دەلیڤەیەکی لەسەر پشتە بۆ فرەوانکردنی ئاسۆی رۆشنی تاکەکان، هەروەکو هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەستەجەمعیش. هەر زمانێك و هەر هەرێمێك پرۆگرامگەلی تەلەڤزیۆنی و رادیۆیی خۆیانیان هەنە. وا مەزەندە دەکرێت نزیکەی ٦٠٪ لەسەدا شەستی بەرنامەی راستەوخۆکانی تەلەڤزیۆن لە سویسرا، یان ئەوانەی لەناوچەکاندا بەرهەم دەهێنرێن. بەشێوە زمانە خۆجێیەکان بێت، پەخشی دەنگوباس و هەواڵەکان، بەڵگەنامەکان (یان لەبنەڕەتەوە بە ئەڵمانییە یان وەرگێڕدراوەتە سەر جەرمانیی ستاندەرد) ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنانەی کە زۆربەی کات بریتین لە (چیرۆکی هەواڵگریی) لەلایەن و بۆ یەکێك لەو دوو کۆمپانیایەی پەخشی نیشتمانیی جەرمانیی (بەشی سویسرای ئەڵمانی زمان لە کۆمپانیای پەخشی سویسریی) و (کۆمپانیای نەمساوی بۆ پەخشکردن) و هەروەها ئەو فیلمانەی لە دەرەوە دەهێنرێن کە بەگشتی وەرگێڕدراون، بەشێوەزارێکی زمانی ستاندەردی جەرمانیی جوداواز بەرهەم دەهێنرێن.

چوارەم زمانیش خۆی بەرگوێ دەخات:

رۆمانشی کە چوارەم زمانی نەتەوەییە لە سویسرادا، بایەخ پێدانی زیاتری پێدراوە دوای ئەوەی سەنتەرێك بۆ پەخشی تەلەڤزیۆن و رادیۆیی لە شاری

چور (chur) ی پایتەختی کانتۆنی (گراوبوندن) دامەزرێنراوە. دەزگەی پەخشی سویسری (SBC) ٢٦ ملیۆن فرەنگی سویسری لەو سەنتەرە نوێییەدا خەرج کردووە. ئەوەی کە نەك تەنیا هەردوو یەکەکانی تەلەڤزیۆن و رادیۆ لەخۆ دەگرێت بەڵکو، یەکەمجاریشە بە پێدانی ستۆدیۆ تەلەڤزیۆنەکانی خۆی هاوکاریی کارمەندانی پەخشکارانی زمانە کەمینەکە دەکات.

تەلەڤزیۆن و رادیۆ بە زمانی رۆمانشی خزمەت بە کەمتر لە ١٪ یەك لەسەدای دانیشتوانانی سویسرا (نزیکەی شەست هەزار کەس) ئەوانەی بە زمانەکە قسە دەکەن، دەگەیەنێت. لەبەر ئەوەش کە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی تایبەت بە خۆیەوەی نییە ئەوا بەرنامەکانی لە رێی تەلەڤزیۆنی تایبەت بە زمانی ئەڵمانییەوە پەخش و بڵاودەکاتەوە.

دەزگەی (SBC) ساڵانە (٢٢,٥) ملیۆن فرەنگی سویسری بۆ میدیا خەرج دەکات کە ئەوەش دەکاتە ١,٥٪ سەرمایە و دەستکەوتەکانی لە وەرگرتنی رەسم و باجی مۆڵەتپێدان، وێڕای ئەمەش حکومەتی فیدراڵی و کانتۆنی گراوبووندن بە (٥) ملیۆن فەرەنك ساڵانە بەشداری دەکەن بەمەبەستی پشتیوانی و پاراستنی کۆمەڵگەی رۆمانشی.

رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان

ئایا وڵات هیچ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتیی پەیوەست بە پاراستنی کەمایەتییەکان ئیمزا کردووە؟

دەستووری ئەوروپا بۆ زمانە هەرێمایەتی یان کەمایەتییەکان کە لە رۆژی ٨ی ئۆکتەبەری ١٩٩٣دا ئیمزاکراوە و لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧دا پەسەند کراوە و لە ١ی نیسانی ١٩٩٨ دا خراوەتە بەرکار، چوارچێوەی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکە سەبارەت بە پارێزگاریکردن لە کەمینە نەژادییەکان لە ١ی شوباتی ١٩٩٥ ئیمزا کراو لە٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ پەسەند کراوەو رۆژی ١ی شوباتی ١٩٩٩ خراوەتە بەرکارەوە.

هەمەچەشنە

چیتر هەیە لەبارەی زمانەکان و کەمینەکانەوە؟

ئەنجومەنـی فیدرالـی (حکومـەت) دەسـتیکردووە بـە ئامادەکردنـی رەشنووسـی زنجیـرە یاسـایەکی نوێـی پەیوەسـت بـە مـاددەی (٧٠) هەفتـای دەسـتوور (ئـەوەی مامەڵـە لەگـەڵ زمـان دەکات) لەبـارەی زمانـە فەرمییـەکان و لـە یەکـتر تێگەیشـتنی کۆمەڵگەکانـەوە ئەمانـە خرابوونـە خشـتەوە بـۆ دەرچوانـدن لـە نیـوەی دووەمـی سـاڵی ٢٠٠٠دا. هەرچەنـدی تـا ئێسـتەیش کۆسـپ و تەگـەرەی زۆر مـاون، پێویسـتە یاسـا فیدرالییـە تازەکانـی زمـان پشـتیونیکردنی زمـان و پەرەپێـدان و چاکـتر کردنـی تێکگەیشـتن لـە نێـوان کۆمەڵگـە زمانەوانییـە جوداوازەکانـدا لەخـۆ بگـرن، هەروەهـا ئەوەیـش دیـاری بـکات کـە دەبـێ چـۆن زمانـەکان بـەکار ببرێـن لـە خوێندنگـە فیدرالییـەکان وپێوەنـدی بەیەکـەوە کردنیانـدا و رێکخسـتنی ئـەو خزمەتگوزارییانـەی لەمـاددەی ٧٠ی دەسـتووری فیدراڵـی و قانوونـە پێوەندیدارەکانـی دیکـەدا چەسـپێنراون. ئـەو گرووپـەی لـە کۆکردنـەوەی گەڵاڵـەی یاسـاکاندا کار دەکـەن، رایانوایـە کـە یاسـا سـازیی تـازە بـەو ئاراسـتەدا بێـت کـە سـویسرا وەکـو وڵاتێکـی چوارزمانیـی بهێڵدرێتـەوە. ئـەوان هیـچ پاسـاوێك نابینـن بـۆ چ دەبێـت ئـەو بۆچوونـە پێداچوونـەوەی بـۆ بکرێـت؟

دیـاردەی فـرە زمانیـی لەرادەبـەدەر بـە توونـدی بـە میراتـی کۆنینـەو بونیـادی فیدرالییـەت و هەسـتی نەتەوەییـەوە گرێـدراوە کـە لەیەکـدی دابڕانیـان ئێجـگار دژوارە.

(تەشرینی دووەمی ٢٠٠١).

لـە تشرینـی دووەمـدا کۆمیتـەی وەزیرانـی ئەنجوومەنـی ئەرووپـا رایسـپارد کـە داخوازیـی سـویسرا بۆچوونـە ژێربـاری پەیمانـی ئەوروپـاوە لەمـەڕ زمانـە هەرێمایەتـی یـان کەمایەتییـەکان قەبـوول بکرێـت. کۆمیتەکـە ئەوەیشـی راسـپارد کـە دەبـێ دەسـەڵاتە فیدرالییـەکان کانتۆنـی و شـارەوانییەکانیش ئـەوە بسـەلمێنن

کــە کۆمەڵگــەی رۆمانــی زمــان ســوودی ئەوتــۆ لــەو پاراســتنە وەربگــرن کــە لــە پەیماننامەکــەدا هاتــووە. هەروەهــا داوا دەکات هەمــوو کۆســپ و تەگەرەیەکــی قانوونــی و کردەنــی لەبــەردەم بەکارهێنانــی زمانەکانــی رۆمانــی و ئیتالیایــی لــە دادگەکانــی کانتۆنــی (گریســبۆن) دا نەهێڵرێــن و دەشــخوازێت بەکارهێنانــی لەســەر ئاســتی دامودەزگــە فیدرالییەکانــدا پــەرەی پێبدرێــت.

١- دەرەنجام: تێبینییە کۆتاییەکان

ســویسرا تاکــە وڵاتــی فــرە زمــان نییــە لــە ئەوروپــادا وەلــێ لەوانەیــە تەنهــا وڵات بێــت کــە تیایــدا فــرە زمانیــی بەرادەیەکــی زۆر پیادەکــراوە، لــە نــاوەوە و لــە دەرەوەی ئــەو چوارچێوەیــەدا کــە پەرلەمانیــی فیــدرال دیاریکــردووە پرســی زمــان تــا ئاســتێ نەبۆتــە کێشــەیەکی سیاســی و هەروەکــو هیــچ گروپێکــی زمانــە نەژادییــەکان ئەوەنــدە باڵادەســت نەبوونــە تاکــو گروپــە پەراوێزکــراوەکان ناچــار بکرێــن زمانــی زۆرینــە فێــر بــن وبــەکاری بێنــن چونکــە ســویسرا دەوڵەتێکــی نەتەوەیــی نییــە وەك فەرەنســا، بەریتانیــا، یــان ئەڵمانیــا کــە زمانــی ســتاندەردی نەتەوەییــان وەك نیشــانەو خاڵێکــی تایبــەت بــۆ یەکگرتــن و گرکردنــەوەی هەڵوێســت و هەســتی نیشــتمانیی، دەور دەبینــێ، بەڵکــو ئــەم دەوڵەتێکــە تیایــدا چەنــدان رەگــەزی بەهێــز کــە دەکرێــت بەیەکــەوە کۆببنــەوە و (پێناســەیەکی نیشــتمانیی) دابهێنــن، لــە پێکهێنانیــدا بەشــدارییان کــردووە.

جــا کارەســاتێ دەبــوو گــەر ســویسرا بــۆی نەکرابایــا شــوێنێك بۆخــۆی لەنێــو یەکێتــی ئەوروپــادا بدۆزێتــەوە، ئــەو یەکێتییــەی کــە دەیتوانــی ئەزموونــی دەوڵەمەنــدی خــۆی لەبــارەی پێکــەوە هەڵکــردن و ژیــان و گوزەرانــی کۆڵــك و تەبایــی  چۆنیەکبــوون و دەرەنجامــی ســەرکەوتووی ئــەو ئەزموونــەی لەنێــوان چــوار گروپــی نــەژاد و زمانــی جــوداواز پێببەخشــێت. بــۆ ئەنجامدانــی ئەمەیــش دەبــوا ســەرەتا پێگــە و بایەخــی کەلتــووری زەنگیــن وپایتەختــی سیاســی خــۆی بزانیبایــە، ئــەوەش تەنیــا بــەوە دێتــە دی کــە هــەر یــەك لــە گروپــە زمانیــی و رەگەزییــەکان

فێربــن کــە رێــزی خواســتەکان و مەترســییەکانی ئەوانــی تریــش بگــرن.

یاساسازیی:

دەســتوور: لەکانوونــی یەکەمــی ١٩٩٨ دا لەلایــەن پەرلەمانــەوە پەســەند کــراوە لــە ١٤ی نیســانی ١٩٩٩دا لــە ریفرانــدۆم (راپرســیی)دا پەســەند کــراوە ولــە (١ی کانوونــی دووەمــی ٢٠٠٠) وە خراوەتــە بــەرکار.

تێبینی سەرنووسەر:

دەســتوورە تازەکــە بەرەســمیی (لــە ١٤)ی نیســانی ١٩٩٩)وە بــە (٥٩٪ بەڵــێ و ٤١٪) نــەرێ) پەســەند کــراوە و هــەر لەیەکــی کانوونــی دووەمــی ٢٠٠٠ەوە بــەرکارە. لــە (٢٠ی نیســانی ١٩٩٩ پێداچوونــەوەی بۆکــراوە). دەســتوورە کۆنەکــەش لــە٢٩ی ئایــاری ١٨٧٤دا پەســەند کــراوە.

پێداچوونەوەی دەستوور لە ٢٠ی نیسانی ١٩٩٩دا:

ماددەی چوار زمانە نیشتمانییەکان

زمانــە نیشــتمانییەکان ئەمانــەن: ئەڵمانیــی (جەرمانیــی) فەرەنســەیی، ئیتالیایــی و رۆمانشــی.

ماددەی ١٨ی سەربەستیی بەکارهێنانی زمانەکان

سەربەستی زمان پارێزراوە

ماددەی (٦٩) کەلتوور:

- بواری کەلتوور بابەتێکی کانتۆنییە.

- کۆنفیدراســیۆن لەوانەیــە پشــتگیریی ئەوچالاکییــە کەلتوورییانەبــکات کــە لــە بەرژەوەندیــی ســەرجەم نیشــتماندان و هەروەهــا هانــی هونــەر و موزیك بەتایبەتــی لەگۆڕەپانــی پــەروەردەدا بــدات.

- لــە ئەنجامدانــی ئەرکەکانیــدا لەســەریەتی رەچــاوی هەمەچەشــنەیی و فرەیــی زمــان و کەلتــووری وڵات بــکات و لەبەرچــاوی بگرێــت.

ماددەی (٧٠) زمانەکان:

١- زمانــە فەرمییەکانــی کۆنفیدراســیۆنەکە بریتیــن لــە: ئەڵمانیــی، فەرەنســەیی و ئیتالیایــی رۆمانشــیش بــۆ ئەوانــەی قســەی پێدەکــەن بــە فەرمیــی دەناسرێــت.

٢- دەبــێ کانتۆنــەکان خۆیــان زمانــە فەرمییەکانــی خۆیــان دەستنیشــان بکــەن، هەروەهــا لەپێنــاو پاراســتنی هارمۆنــی لەنێــوان کۆمەڵگــە زمانەوانییەکانــدا پێویســتە لەســەریان دابەشــبوونی زمانــەکان وەك لەکۆنــەوە هاتــووە بپارێــزن و بــە بایەخــەوە بڕواننــە دابەشــبوونی زمانــە ناوچەییــەکان وەك لــە دێرزەمانــەوە هاتــووە و درێــژەی پێبــدەن و ڕەچــاوی کەمینــە زمانییــە خۆجێییەکانیــش بکــەن.

٣- دەبێــت کۆنفیدراســیۆن و کانتۆنەکانیــش هانــی لەیــەك تێگەیشــتن و ئاڵوگۆڕیــی نێــوان کۆمەڵگــە زمانییــەکان بــدەن.

٤- پێویســتە کۆنفیدراســیۆن پشــتگیریی لەکانتۆنــە فــرە زمانییــەکان بــکات لــە جێبەجێکردنــی کارەکانیانــدا.

٥- پێویســتە کۆنفیدراســیۆن پشــتگیریی ئــەو پێوەرانــە بــکات کــە لەلایــەن هــەردوو کانتۆنــی (گراوبوونــدن و تێســین) بــە مەبەســتی بەکارهێنــان و پەرەپێدانــی زمانەکانــی ئیتالیایــی و رایتــو رۆمانشــی کاریــان پێکــراوە.

یاساکاریی (هەمەجۆر)

مەسەلەکەی دێرەنگ (Derung):

گونــدی ســانت مارتــن (sant martin) بــە زۆری هــەر (٦٠) دانیشــتوانی تیــادا هەبــووە و زۆربەشــیان بــە ئەڵمانیــی قســەیانکردووە لەکاتێکــدا کەمینەیەکــی لەســەدا بیســتی ٢٠٪ ئاخاوتنیــان بــە زمانــی رۆمانشــی بــووە. مامۆســتایەکی قوتابخانەکــە زمانــی دایکــی رۆمانشــی بــووە. دوو گونــدی دراوســێ قوتابخانەیەکــی رۆمانشــیان هەبــووە. دێرەنگــەکان کــە خانەوادەیەکــی رۆمانشــی بــوون لەســەر کێڵگەیــەك دەژیــان لــە کۆنــەوە ســەر بــە رۆمانشــیەکان بــووە. ئەوانــە منداڵەکانیــان دەنــاردە خوێندنگەیەکــی رۆمانشــی لــە گوندەکــەی نزیکــی خۆیانــەوە و دواتــر هەوڵیانــدا کرێــی خوێنــدن و تێچووەکانــی دیکــەش لــە دەزگای پــەروەردەی حکومەتــی فیــدراڵ

وەربگرنـــەوە، بـــەڵام ســـەرنەکەوتن. دادگـــەی کانتۆنەکـــە بڕیاریـــدا ئاوایيەکـــی چووکەڵـەی وەك سـانت مارتـن بـە زۆرینەیەکـی ئەڵمانییـەوە لەسـەری نییـە کـرێ و خەرجـی هـەردوو خوێندنـی ئەڵمانیـی و ڕۆمانشـی بـدات.

بـــەڕای دادگـــەی کانتۆنەکـــە ســـەپاندنی خەرجییەکانـــی خوێنـــدن لـــە قوتابخانەیەکـی ڕۆمانشـی دێیەکـی دراوسـێیدا هەرگیـز سـەرپێچی و پێشـێلکردنی یاسـای ئازادیـی زمـان ناگەیەنێـت. (منداڵـەکان دەرفەتـی ئەوەیـان هەبـووە لـە قوتابخانـەی سـانت مارتنـدا بەخۆڕایـی بخوێنـن. کەچـی مامۆسـتاکە ئـەوەی زانـی دایکـی ڕۆمانشـی بـوو بەهـەردوو زمانـی ڕۆمانشـی و جەرمانیـی وانـەی دەگوتـەوە تـا ئـەو ئاسـتەی منداڵـەکان توانـای تێگەیشـتنیان دەبـوو. بەمشـێوەیە زمانـی دایکیـان بەتەواویـی بەرچـاو خـراوە. مافەکانـی زمانـی کەمینەیـش پێشـێل نەکـراون، بۆیـەکا هیـچ پاسـاو و زەمینەیەکـی ڕەوا لـە ئـارادا نییـە بـۆ داواکردنـەوەی کرێـی خوێنـدن و خەرجییەکانـی دیکـەی، کاتـێ دایـکان و بـاوکان خۆیـان بڕیاریـان دابێـت منداڵەکانیـان بچـن لـە قوتابخانەیەکـی گوندێکـی دراوسـێدا دەوام بکـەن).

بەپێـــی یاســـای فیـــدراڵ بـــۆ پـــەروەردە منـــداڵان بۆیـــان هەیـــە بنێردرێنـــە خوێندنگەیەکـی سـەر بـە دەوڵـەت لـە گوندێکـی دراوسـێدا بێتـو بۆیـان ئاسـانتر بێـت بچـن بـۆ ئـەوەێ تـا بـۆ ئـەو دێیـەی کـە لـە ڕووی کارگێڕییـەوە سـەربەوێن، ئـــەو گونـــدەی منداڵەکـــە تیایـــدا دەژێـــت عادەتـــەن خەرجییەکانـــی بـــۆ دەدات. لەگـەڵ ئەمەشـەوە لـە هـەر شـوێنێك منداڵێـك لـە قوتابخانەیەکـی گوندێکـی تـردا دەوام بـکات (لەبـەر چەنـد هۆیەکـی تایبـەت) ئـەو کات پێویسـتە خانەوادەکـەی خەرجییەکانـی بـۆ بـدات.

کاربەدەسـتانی کانتۆنەکـە داوایەکـی (دەرەنگ)یـان لـەم کێشـەیەدا ڕەتکـردەوە چونکـە منداڵەکانیـان هیـچ بەهانـە و پاسـاوێکی زمانەوانیـی جیددییـان نەبـوو بـۆ نەچوونیـان بـۆ قوتابخانـە جەرمانیـی زمانەکـەوە. دادگـەی فیـدراڵ پێشـینەیەکی بـۆ ئـەوە دانەهێنـاوە ئەگـەر زمانێکـی دایـك کەمینـە بـوو (بابڵێیـن ئەگـەر زمانـی

دایکی مامۆستایەك زمانی کەمینە بێت) بۆی بکرێتە هۆ یان پاساوێکی رەوا.

بۆیەکا روونکردنەوەکەی دادگەی کانتۆنەکەی پەسەند کرد و بەرەوا و قانوونیی لە قەڵەمدا لەگەڵ ئەوەشەوە دادگەی فیدراڵ پێیوایە کە پاراستن و هێڵانەوەی زمانی رۆمانشی لە بەرژەوەندی سویسرادایە.

«ئێمە نابێت هەندێ فاکتەری دیاریکراو فەرامۆش بکەین، منداڵە رۆمانشییەکان ئاساییە هەر چۆنێ بووە هەر دەبێ زمانی ئەڵمانیی فێر بن، لەبەر ئەوە شتێکی ئاساییە کە لە رۆژەکانی سەرەتایی قوتابخانەیانەوە زمانی جەرمانی بخوێنن. لەگوندە رۆمانشییەکاندا زۆربەی خوێندکارەکان بە زمانی ئەڵمانی وانە دەخوێنن. رەوایش نییە ئەم نزیکبوونەوەیەی کە هۆکاری عەمەلی سەپاندوویەتی، بەهەرەشە بۆ سەر ئازادیی زمانی لێکبدرتێەوە».

بەم پێیە باوکی خێزانە رۆمانشییەك لە سەریەتی لەگەڵ ئەو راستییەدا رابێت کە لە دێیەکی زۆرینەی جەرمانییدا منداڵەکانی پێویستە بچنە قوتابخانەیەکی ئەڵمانیی درەنگەکانی لە داواکەیاندا ئەوەیان خستەڕوو کە گوایا کانتۆنی گڕاوبوونەدن مافەکانیانی لە خوێندنی سەرەتایی بە خۆڕایی پێشێل کردووە. بەڵام تیایدا سەرنەکەوتن. ئەنجوومەنی فیدراڵ، بە پێداگرتن لەسەر دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی خۆیەوە بڕیارەکەی دادگەی چەسپاند و کێشەکەی براندەوەو کۆتایی پێهێنا.

پرەنسیپە دەڤەرایەتییەکە لەم کێشەیەدا بەربەستێکە لەبەردەم بەدەستهێنانی پەروەردە و (خوێندنی)ی سەرەتایی داو زمانی قوتابخانەی ناوچەیی دەکاتە هۆکارێك بۆ تێکەڵبوونەوەو یەکگرتن. بۆیە بە رەواو بە یاسایی ناسینی داواکەیان بە پێچەوانە و دژی پرەنسیپە دەڤەرایەتییەکەیە و ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە (هەرکەسێك بە ئارەزووی خۆی لە هەڵبژاردنی زماندا سەرپشك بێت. پەروەردە (خوێندن) بە زمانێکی جیا لە زمانی دایك مانای ئەوە نییە کە ناتەواوە، بێتو هەموو مەبەستەکان بدات بەدەستەوە.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان

- CIA – The world fact book 1999

- Microsoft Encarta encyclopedia 2000

- Encyclopedia Britannica 1999 -2000 Britannica. Com. Inc.

- Website "confederation Helvetica" The federal authorities of the Swiss confederation

- Lia Romansch Chur. 1996 " reheat Romansch, facts and figures"

- Plunge, 1997 "cultural Democracy and ethnic pluralism" article "language policies and Education in Switzerland" by Richard. J. Watts.

- Website of the council of Europe, council of Europe's European Treaties.

# بەلژیك (بەلجیكا)

زانیاریی گشتیی

پێتەخت: برۆکسل (٩٨٤١٢٢) هەزار کەس (ساڵی ١٩٩٦)

رووبەر: (٣٠٥٢٨) کیلۆمەتری دووجا (١١٧٨٧ میل دووجا).

شێوەی حکومەت

پاشـایەتی دەسـتووریی فیدراڵیـی خـاوەن پەرەلەمانێـك بـە دوو ئەنجوومەنـی یاساسـازییەوە.

پشـکی سـاڵانەی هـەر تاکێـك لـە داهاتـی گشـتیی (٢٣٩٠٠ دۆلار) (سـاڵی ١٩٩٩).

دانیشتووان: (١٠١٨٢٠٣٤) کەس لە (تەممووزی ١٩٩٩)دا.

پێکهاتەی نەژادیی:

بەلجیك ٩١٪

ئیتالیی ٢,٤٪

مەغریبییەکان ١,٤٪

فەرەنسیی ٠,٩٪

تورك ٠,٨٪

هۆڵەندیی ٠،٦٪

هیتر ٢,٩٪ (تشرینی دووەم ٢٠٠٣)

ساڵی ٢٠٠٢، لە سەدا (٥٧,٩) ی دانیشتوانەکان لە هەرێمی هۆڵەندیی زمانەکەدا دەژیان (لە سەدا (٣١,٩) یان لە هەرێمی فەرەنسیی زماندا و لەسەدا (٩,٥) یان لە هەرێمی جوتزمانیی بروکسلدا دەژیان. بە تەنها (٧١,٢٨٧) کەس (٠,٧٪) لە هەرێمی جەرمانیزماندا دەژیان.

لە ٢٠٠٢دا بەلجیکا (١٠٣٠٩٧٢٥) دانیشتوانی هەبوو، کە (٨٤٦٧٣٤) واتا (لە سەدا ٨,٤) یان بیانی بوون، زۆرینەیان لە هەرێمی والۆن (wallon) دەژیان. (٣١١٤٧١) زێتر لە (٢٦٠٠٠٠) بیانیی لە هەرێمی برۆکسلی پایتەختدا نیشتەجێبوون، کەچی هەرێمی فلەمیش (Flemish) ژمارەیەکی کەمتری بیانییەکانی (٢٧٥٢٢٣) تێدا بووە.

زمانە فەرمییەکان

هۆڵەندی لە (فلێمیش) فەرەنسەیی لە (والۆن) جەرمانیی لۆکسەمبۆرگی، ئۆیل (Oil).

زمانە کەمینەکان:

توێژینەوەی زمان:

١- یاسادانان: یاسازیی پەیوەست بە بەکارهێنانی زمانەوە، دەستووری بەلجیکای لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٤دا پەسەند کراوە. ساڵی ١٩٩١ دەقی دەستوورەکە بە زمانی ئەڵمانیی (جەرمانیی) هەمان پایەی فەرمیی وەکو دەقە فەرەنسییە و هۆڵەندییەکان وەرگرتووە.

یاساکانی زمان کە لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچوونە بناخە و زەمینەی یاسایی

بـۆ سیسـتەمی پەروەردەیـی ئێسـتا رەخسـاندووە. (نۆڤێمبـەری ٢٠٠٣).

پەخشی رادیۆ و تەلەڤزیۆن لە بەلجیکا:

پەخـش لـە بەلجیـکا بـە تەواوەتـی سـەر بـە کۆمەڵگەکانـە و هەریەکەیـان لـەم مەیـدان و بـوارەدا رێنمایـی و رێووشـوێنی تایبەیتـان هەیـە.

کۆمەڵگای فلەمیش:

لــە کۆمەڵگــەی فلەمیشــدا قانــوون لەبــارەی (میدیــا)وە بەپێــی فەرمانــی شـاهانەی ٢٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٩٥ رێکخـراوە کـە شـەش کۆمپانیـای جـوداواز بــۆ پەخشــی تەلەڤزیۆنــی بەرەســمی دەناسـێت.

١- کۆمپانیای گشتی پەخشکردن (Vlaamse redio en televisieomrope) (VRT) رێکخــراو (دەزگای فلمێــش بــۆ پەخشــی رادیــۆ و تەلەڤزیــۆن کــە دوو کەناڵــی هەیــە (Canvas/ ketnet, TV١) ئــەوەی (VRT)س خەرجییەکــەی بەشــێوەیەکی ســەرەکی بــە ســەرمایەی گشــتیی لــە کۆمەڵگــەی فلمێشــەوە دابینکــراوە.

٢- کۆمپانیــای پەخشــی تایبــەت بــۆ ســەرجەم کۆمەڵگــەی فلمێشــی. گرنگتریــن وێســتگەی بازرگانــی (کۆمپانیــای میدیایــی فلێمیشــەوە بەنــاوی (VTM) (VMM) (Kanal2 and Jim TV) لــە یەکــی مانگــی ئــاداری ٢٠٠٢ وەوە وێســتگەی بازرگانیــی پەخشــی بەریتانــی پێشــوو (VT4) کــە بەشــێکە لــە گرووپــی SBS) بــە مۆڵەتێکــی پەخشــکردنی فلێمیــش کار دەکات هەروەکــو بــۆ جەماوەرێکــی بەرتەســکتر یــان تایبەتمەنــد تەلەڤزیۆنــی (Liberty TV. Com) Event TV canal z (تەلەڤزیۆنــی بازرگانیــی بەلجیکــی و Vitaya (Media ad infimum NV) کــە ئێزگەیەکــی تەلەڤزیۆنــی تایبەتــە بــە ژیــان.

٣- چەنـد وێسـتگەیەکی هەرێمایەتـی دە ئێزگـەی هەرێمایەتـی هەنـە کـە بـۆ دارایـی بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بـە کرێـی سەرپەرشـتیکردن و بڵاوکردنـەوەی رێــکلام دەبەســتن.

٤- تەلەڤزیۆنـی گرووپـی تایبەتمەنـد و ئامانجـدار. ئـەم تەلەڤزیۆنـە یـەك جـۆر

پرۆگرامــی تایبەتمەنــد پەخــش دەکات، یانەخــۆ گرووپێکــی کەمینــەی دیاریکــراو دەدوێنێــت. تــا ئێســتەیش ئــەم جــۆرە تەلەڤزیۆنــە نەبۆتــە شــتێکی عەمەلــی. یــان بــۆ ئەوەیــان هەڵبــژاردوون کــە وەك پەخشــکارێکی گشــتیی مۆڵــەت وەربگــرن.

٥- کەناڵــی تەلەڤزیۆنــی بــە پــارە تاکــە تــۆڕی تەلەڤزیۆنــی بــە پارەیــە لــە (فلانــدەرز).

٦- خزمەتگوزارییەکانــی تەلەڤزیــۆن، ئێزگەیەکــی تەلەڤزیۆنــی کــە جۆرەهــا خزمەتگــوزاری پێشــکەش بــە جەمــاوەر دەکات (تــا ئێســتێ نەکەوتۆتــە کار).

فەرمانــی شــاهانەی (١٩٩٨) ڕێگــەی بــە ڕادیــۆی تایبــەت داوە لــە کۆمەڵگــەی فلەمیشــی (ڕادیــۆی نیشــتمانی) لــە ئەیلوولــی ٢٠٠١دا دوو ئێزگــەی ڕادیــۆی بازرگانیــی مۆڵەتێکــی پەخشــی ڕادیۆییــان وەرگــرت. هەروەهــا فەرمانەکــەی ٢٥ی ئۆکتەبــەری ٢٠٠٢ چوارچێوەیەکــی یاســایی بــۆ ڕادیــۆی هەرێمایەتــی پەرەپێــدا. ئەویــش ڕێگــەی پێــدراوە کــە بــۆ تەنهــا یــەك ناوچــە پەخــش بــکات.

کۆمەڵگەی فەرەنسیی:

پەخشــی کۆمەڵگــەی فەرەنســی لــە ڕووی یاســاییەوە بــە چەنــد فەرمانێــك ڕێکخــراوە. فەرمانــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٩٧ کاروبــاری پەخشــکاری خزمەتگــوزاری گشــتیی (RTBF) ڕێکخســتووە. ئــەم ئێزگەیــە دوو کەناڵــی تەلەڤزیۆنــی هەیــە. (LA deux, La Une ) لەگــەڵ شــەش کەناڵــی ڕادیۆیــی، یەکێکێکیــان پەخشــێکی جیهانییــە، هەروەهــا ئەندامیشــە لــە TV5 کــە تەلەڤزیۆنێکــی ئاســمانییە بــۆ فەرەنســەیی زمانــەکان لــە سەرتاســەری جیهانــدا.

پەخشــەکانی دیکــەی ڕادیــۆ و تەلەڤزیۆنــی لــە هەرێمــی والــۆن wallon دا بەپێــی فەرمانــی ١٧ی تەممــوزی ١٩٨٧ ڕێکخــراون. فەرمانەکــەش ڕێــی بــە چوارپرۆگرامــی جــوداوازی کۆمپانیاکانــی پەخشــی تەلەڤزیۆنــی داوە.

١- تەلەڤزیۆنــی خۆجێیەتــی و جەمــاوەری (لــە ڕاســتیدا هیــچ جیاوازییەکیــان نییــە) تــا ئێســتێ ١٢ تەلەڤزیــۆن لەلایــەن کۆمەڵگــەی فەرەنســییەوە مۆڵەتیــان

پێــدراوە.

٢- تەلەفزیۆنــی تایبــەت دوو کەناڵــی تەلەفزیۆنــی بازرگانیــی هەنــە (RTV CLBE RTL TV١).

٣- تەلەڤزیۆنــی بەپــارە، هەروەکــو لــە (فلانــدەرز) (کەناڵــی +) (CANAL+) تاکــە وێزگەیــەك کــە چەنــد کەناڵێکــی بــە پــارەی خســتۆتە ئــاراوە.

٤- خزمەتگوزارییەکانــی دی، میــری رێگــەی بــە (RTBF) دامەزراوەکانــی دیکــەی پەخشــکردن داوە کــە کێبڵەکــە جگــە لــە پرۆگرامەکانــی تەلەڤزیــۆن و رادیــۆ بۆمەبەســت و خزمەتگــوزاری تریــش بــەکار ببــەن.

ســەرچاوە: زمانــی کەمینــە لەبــارەی پەخشــکردن و یاســادانانەوە (OSCP) بەرنامــە لــە یاســای بەراوردکاریــی میدیــا و سیاســەت (رامیاریــی) (PCMLE) نێوەنــد (مەڵبەنــد بــۆ لێکۆڵینــەوەی کۆمەڵایەتــی، یاســایی، کۆلیــژی ولفســۆن Wolfson زانکــۆی ئۆکســفۆرد و پەیمانگــەی یاســای زانیــاری.

پاشخان:

تێبینی لەمەڕ پاشخانەوە

لەســەردەمی رۆمانەکانــدا، رووبــەری بەلژیــکا بەشــێك بــوو لــە گاول (Gaul) و ئــەو کەڵتییانــە (Celts)ی کرابوونــە رۆمانــی، تیایــدا نیشــتەجێبوون. ئەوەجــا بــەرە بــەرە زۆران گروپــی جەرمانییــە گۆســییەکان Gothics دزەیــان کــردە نێــو خاکەکــە و هەتاکــو ســەرەنجام لــە ســەدەکانی ســێهەم و چوارەمــی پێــش زاییــندا شــەپۆلێکی نوێــی ئەڵمانــەکان (فرانکــە ســالیکەکان) لــە خۆرهەڵاتــی باکــوورەوە بــەرەو ئــەوەیٚ کۆڕەویــان کــرد و رۆمانەکانیــان وەدەرنــا و هێڵێکیــان داگیرکــرد کــە لــە ئێســتادا بۆتــە ناوبڕێــك لــە نێــوان (فلەمینگــەکان و والوونــەکان)ی باشــوور و باکــووردا کــە ئــەوکات ناوانێکــی سروشــتی بــە جەنگەلســتانێکی چــڕ پێکهاتبــوو. تەنیــا دواتــر لەســەدەی پێنجەمــدا و دوابــەدوای پاشەکشــەی بنکــە ســنوورییەکانی رۆمانەکانــەوە زۆر لــە (فرانکســەکان) بــەرەو باشــوور خــزان و نیشــتەجێ بــوون.

فرانکسەکانی باکوور زمانە جەرمانییەکەی خۆیانیان گێڕایەوە (کە دواتر بووەتە هۆڵەندیی سەردەم) کەچی فرانکسەکان بەرەو باشوور چوون و زۆر زمانی گەولەکان (Gauls)یان وەرگرت. ئەو زمانەی کرابووە رۆمانیی و لە رووی رۆشنبیرییەوە زاڵ بوو. کە دواتر بووە فەرەنسیی. سنووری زمان لە نێوان فلەمینگەکانی باکوور و والونەکانی باشوور تاکو ئێستەش وەك خۆی ماوەتەوە و نەگۆڕاوە. ساڵی ١٨٣١ ئەنجوومەنی دەستوور دانان تاکە یەك دەوڵەتی دروستکرد، وەلێ لەبەر فرە جۆریی هەرێمەکان و پلەیەکی دیاری پەرش و بڵاوەی دەوڵەتەکە بۆ ٩ هەرێم دابەش بوو، هەر هەرێمەش بەسەر چەند دەسەڵاتێکی خۆجێی دا دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان و ناوچە خۆجێییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بوون و بەو شێوەیە دەوڵەتی بەلژیکای ساڵی ١٨٣١ وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێکهات. ئەم دەوڵەتە یەکگرتووە مەڵبەندییە ماوەی (١٤٠)ساڵان بەردەوام بوو (١٨٣١-١٩٧٠) لە ژێرکاریگەری فشاری گشتییدا بۆ چاکسازی، دەستوورەکە چوار جاران هەموار کراوە لە ١٩٧٠-١٩٧١-١٩٨٠-١٩٨٨-١٩٩٣دا.

دوایین پێداچوونەوە سیستەمی فیدراڵی ئێستەی دەوڵەتی بەلژیکای چەسپاند. هەرێم جووتزمانی بارابانت (Barabant) بۆ دوو ناوچە دابەشبوو (Vlaams- Brabant) کە بە هۆڵەندیی قسە دەکەن و (Brabant – wallon) زمانیان فەرەنسییە. بروکسل، پایتەختی نیشتمانی و هەروەها مەڵبەندی جوگرافیی هەرێمی پێشوو (برابانت) چیدیکە سەر بە هیچ ناوچەیەك نەمایەوە. ئەمیش وایکرد ببێتەوە بە هەرێمێکی جووتزمانی تایبەت. شێوەیەکی تایبەت وەك هەرێمێکی جووتززانی بەخۆوە بگرێت. بەشی زۆری مێژووی بەلژیکای تازە بریتییە لە خەباتی کۆمەڵگەی فلەمیش زوبانی ئەم وڵاتەوە.

لەکۆمەڵگەیەکدا کە بە زۆری (والوونەکان) تیایدا باڵادەست بوون، پاش

ئـەوەی وڵات سـاڵی ١٨٣٠ سـەربەخۆیی بەدەسـتهێنابوو، کۆمەڵگـەی (فلەمیشـەکان) ویسـتیان پێگـە وپایـەی رەسـمی یەکسـان بـۆ زمانـی خۆیـان بەدەسـت بێـن و داوای پشـکێکی رەوا لـە کاریگەریـی رامیاریـی و دەرفەتـی ئابـووری بۆخۆیـان بکـەن. لـە سـەدەی بیسـتەمدا لـە بەدەسـتهێنانی یاساسـازیی بـۆ پەرەپێـدان بـەم داواکاریانەیـان لـەو ئامانجەیانـدا سـەرکەوتوو بوونـە. بـەڵام جیاوازیـی زمانەوانیـی و هـی تریـش لەگـەڵ (والوونـەکان)دا هۆیەکـە بـۆ مانـەوەی ناکۆکـی و نەسـازانی نـاو بەنـاو.

سـنووری زمـان زۆر بـە وردی بـە یاسـا دیاریکـراوە و لـە رۆژهەڵاتـەوە بـەرەو رۆژئـاوا بـە هێڵێکـی خـوار شـاری برۆکسـلی پایتەختـدا لـەو سـەر بـۆ ئـەو سـەری ناوەنـدی باکـووری وڵاتـی بەلژیـکا تێپـەڕ دەبێـت. لەسـەرووی هێڵەکـەدا دەبـێ هەمـوو هێـماکان و بڵاوکراوەکانـی حکومـەت بـە زمانـی (فلەمیشـی) بـن کـە پایەیەکـی فەرمـی هەیـە.

هەمـان شـتیش بـۆ زمانـی فەرەنسـی لـە خـوارەوەی هێڵەکـەوە پەیـڕەو دەکرێـت. لەشـاری برۆکسـل کـە بـە فەرمیـی جووتزمانییـە، سـەرجەم نیشـانە و هێـماکان و و بڵاوکـراوەکان پێویسـتە بـە هـەر دووك زمـان بـن.

جەرمانیی سەد هەزار قسەکەر

هـەر لـەرۆژی دامەزراندنییـەوە لـە سـاڵی ١٨٣٠ دا وڵاتـی بەلژیـك هەمیشـە کەمینەیەکـی جەرمانیزمانـی بـووە کـە لـە ئاریـل (Arel (Arlon و (Montzen) کـە نـاسراوە بـە ئاڵـت- بێلژیـن (ALT- Belgien) نیشـتەجێبوونە. لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا، رێککەوتننامـەی ڤەرسـای سـنووری تـازەی بەخشـییە بەلژیـك کـە بـە نێـو بەلژیـك (new belgien) نـاسراوە و ئـەو دەڤەرانـەی دەوروپشـتی ماڵمێـدی (Malmedy)، ئیوپـەن (Eupen) و سـانت ڤیـپ (St with) دەگرێتـەوە. هـەردوو سـنوورەکان ئـەوە پێکدەهێنـن کـە ئیمـڕۆ هەرێمـی جەرمانیزمانـی فەرمییـە, کەچـی لـە کانتۆنەکانـی تـردا (ئاریـۆن، مۆنتزیـن و ماڵمێـدی)دا جەرمانیـی

زمانـی فەرمیـی نییـە.

ئۆیل (Oil):

وەکـو زمانـە رۆمانییەکانـی دیکـە، زمانەکانـی Oil لـە ئەنجامـی دابەشـبوونی لاتینـی لـە دوای رووخانـی ئیمپراتۆریەتـی رۆمانـەوە هاتـە ئـاراوە. لەبـەر هۆکارگەلـی مێژووییـەوە شـێوەزاری Oil (فرانسـیەن Francian کـە دواتـر بـوو بـە زمانـی فەرەنسـی) وەك زمانێکـی فەرمیـی لـە دەوڵەتـی فەرەنسـادا سـەپێندرا. ئەوەیـش لـەوەوە هـات چونکـە لـە زۆربـەی ئـەو وڵاتانـەدا کـە بـە تەواویـی یـان بـە (جوزئـی) بـە زمانـی فەرەنسـیی دەدوان، وەکـو کۆلۆنییەکانـی پێشـووی فەرەنسـاو، ئەوروپـا و هەروەهـا بەشـە فەرەنسـی زمانەکانـی بەلژیـك و سـویسرا جێگیـر ببـوو. هـەر لـە سـەدەی پانزدەهەمـەوە زمانەکـە یەکیگرتـەوە و (کـرا بەیـەك) و شـێوەی جیـاوازی (پاریسـی) وەك تەنهـا مۆدێـل وەرگـرت، وەك کـە لـە سـەدەکانی پاشـتر هـەر بایەخـی پێـدراوە ئەویـش بـووە هـۆی لەناچـوون و بـێ بایەخبوونـی زمانـە (ئۆیل)ەکانـی دیکـەوە.

٢- کێشەکانی زمان:

لە کوێدا هەست دەکرێت زمان کێشەیەکە لە وڵاتدا؟

رەوشـی بەلژیـکا لەگـەڵ زۆرینـەی وڵاتەکانـی دیکـەی ئەوروپـادا جـوداوازە. سـێ کۆمەڵگـەی زمانەوانیـی تیادایـە، فەرەنسـی، فلەمیشـی و جەرمانیـی و سـێ هەرێمیـش: برۆکسـلی پایتەخـت، هەرێمـی فلەمیـش و هەرێمـی والـوون، وێـڕای ئەمەیـش وڵاتکـە بەسـەر (١٠) ناوچـە و (٥٨٩) شـارەوانیدا دابەشـبووە. سـنووری هەرێمـی برۆکسـلی پایتەخـت جووتزمانـە (فەرەنسـی/هۆلەندی) هەرێمـی فلەمیـش بـە فەرمیـی هۆلەندیـی زمانـە. هەرێمـی والـوون هـەردوو ناوچـە فەرەنسـی زمانەکـە و کانۆتنـە ئەڵمانییـە زمانـەکان دەگرێتـەوە. لـە هەرێمـی برۆکسـلی پایتەختـدا کۆمەڵگـە فەرەنسـی و فلەمیشـەکە هەردووکیـان بۆیـان هەیـە بـە لەبەرچاوگرتنـی خەڵکەکـە و دامەزراوەکانیـان لەبـارەی دۆزی زمانـەوە بـە پێـی

پێویست و دەسەڵاتەکانی خۆیان رەفتار بکەن. لەسەر ئاستی نیشتمانیشدا، دامەزراوە یاساییەکان لە دوو ئەنجوومەنی نوێنەران وپیران (یاسادانەران) پێکدێن. هەر هەرێمێك و کۆمەڵگەیەك پەرلەمانی تایبەتی خۆیان هەیە کە پێی دەگوترێت (ئەنجومەن) دەوڵەت هەرێمەکان و کۆمەڵگەکان هەریەکەیان حکومەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە کە لەچەند وەزیرێك و لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیدا لە وەزیرانی دەوڵەت پێکدێن (مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣).

لە وڵاتی بەلژیکدا فرە زمانیی شتێکی زۆر ئاساییە. لە وەتای دەرچوونی فەرمانی (بڕیاری) ساڵی ١٩٩٨ کە فێربوونی زمانی دووەم (هۆلەندی یان ئینگلیزی) لە پلەی پێنجەمی خوێندنەوە لە هەرێمی (وەلوون) کردە شتێکی ئیجباری، هۆلەندییەکە پشتگوێ خراوە چونکە خوێندنگەکان دەبوا خۆیان بڕیار بدەن کام زمان هەڵدەبژێرن و ئەوانیش عادەتەن زمانی ئینگلیزیان پەسەند دەکرد.

ئەوەی بە (راپۆرتی براون) ناسراوە هەژاریی و کەمیی زانیاریی لە زمانە بیانییەکان لەنێو کۆڵمەگەی فەرەنسی زمانەکەدا تەئیکد دەکاتەوە و چارەسەری بنیادنراو لەسەر هەردوو توێژینەوەی زانستیی بەلژیکی و بیانیی پێشنیاز دەکات.

پرۆفیسۆر ئالین براون لە زانکۆی (مۆنز-هایناوت) کە لەسەر داخوازی سەرۆکی پەرلەمان (فرانسۆ شێپدز) راپۆرتەکەی نووسیوە، دەڵێت دەستپێکردن لە باخچەی ساوایانەوە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی ئارەزووی منداڵان بۆ فێربوونی زمانگەلی بیانی کە دواتر لە خوێندنگەدا دەبنە ئیجابری، بەهێزتر بێت. هەرکاتێ بوونە ئیجباری (لە ئێستادا زمانێکی بیانیی ئیجبارییە لە ساڵی سێهەمی سەرەتاییەوە لە (بروکس) و لە (والۆنی)ی ش لە پێنجەمین ساڵەوەیە. راپۆرتەکەی براون میتۆدی تێکەڵاوکردن لە خوێندندا پەسەند

دەکات واتـا (هەنـدێ بابەتـی وەکـو جوگرافیـا و مێـژوو، تـاد) بـە زمانـی بیانیـی بخوێنرێـن. هۆڵەندیـی، زمانـی دایکـی نزیکـەی ٦٠٪ لەسـەدا شەسـتی بەلژیکییـەکان دەبـێ یەکەمیـن زمـان بێـت کـە فێـری بـبن دوای زمانـی دایـك. دووەم زمانـی بیانیـی دەبـێ یەکێـك لـە زمانـە نێونەتەوەییـەکان بێـت (ئینگلیـزی یـان ئیسـپانی). (شـوباتی ٢٠٠٥).

تەنگـژە و Crisis (قەیـران) لـە نێـوان کۆمەڵگـەی فلەمیشـی (هۆڵەنـدی) و (والـوون)ی (فەرەنسـی)دا:

لەوەتـای کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥ پەیوەندییەکانـی نێـوان (فلەمیشـی) و (والوونـەکان) لـە پەرلەمانـی فیدراڵـی بەلژیـکادا رووە و خراپـی دەڕوات. ئـەم رەوشـەش ئەنجامـی ئـەو دەمارگیرییەیـە کـە سـەبارەت بـە هەرێمـی برۆکسـل هەیـە (کـە تەنهـا هەرێمـی جووتزمانییـە لـە وڵاتـدا) دانیشـتوانەکانی (بروکسـل) بۆیـان هەیـە دەنـگ بـۆ پارتـە سیاسـییەکانی فلەمیشـی و والوونیـش بـدەن. بـەم دواییـە حزبـە فلەمیشـییەکان داوایانکـرد دوو شـارەوانیی سەرسـنووری سـەر بـە برۆکسـل (هـال و ڤیڤـۆردە) بخرێنـە سـەر هەرێمـی فلەمیشـیەکانەوە. بەهەرحـاڵ سیاسـەتمەدارە فرەنسـییەکان دژی ئـەو پێشـنیازەن چونکـە دەبێتـە هـۆی شـکاندنی دوایـن رێککەوتنـی نێـوان دانیشـتوانە فەرەنسـی زمانەکانـی کـە لـە پایتەختـدا دەژیـن لەگـەڵ ئەوانـەدا کـە لـە دەوروبـەری فلەمیشـیەکان لـەو نزیکانـەدا نیتشـەجێن.

سیتسـەمی سیاسـی بەلژیـك هەمیشـە زۆر ئاڵـۆزکاو بـووە، تێکەڵاویـی و بەیەکـەوە ژیانـی زۆرینـەی هۆڵەندیـی زمـان و کەمینەیەکـی فەرەنسـیی زمـان بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ سـەرچاوەی ناکۆکـی و شـەڕو پێکـدادان بـووە. دەوڵـەت بـۆ هـەردوو کۆمەڵگـەکان پێگەیەکـی یەکسـانی دابینکـردووە (لەنێـو پەرلەمانـی فیدرالیـدا دوو گروپـە زمـان و یاسـای زۆرینـەی تایبـەت کـە پەیوەسـتە بـە بنیـادی دەوڵەتـەوە هـەن کـە دەتوانرێـت تەنهـا لەلایـەن زۆرینـە لـە هەریـەك لـە

گرووپــە زمانییەکانــەوە بــەکار ببرێــن.

دەسـتووری بەلژیـك دەوڵەتـی فیدراڵـی کـە (پەرلەمانـە فیدراڵییەکـە گوزارشـتی لێــدەکات (تەمســیلی دەکات) بــە چەنــد کۆمەڵگەیــەك و هەرێمگەلێکــەوە دامەزرانــدووەو، هــەر کۆمەڵگــە و هەرێمێکیــش ئەنجوومەنێکــی راســتەوخۆ هەڵدەبژێــرێ تایبەتــی و حکومەتــی خۆیانیــان هەیــە کــە بەهۆیانــەوە (لــە رێگەیانــەوە) دەتوانــن فەرمانــە نەگۆڕەکانــی خۆیــان (لەمــەڕ چەنــد بابەتێکــی تایبەتــەوە پــێ پەســند بکــەن و بەپێــی بەرژەوەندیــی خۆیــان بیانخەنــە کارەوە. (نیســـانی ٢٠٠٥).

برۆکسل (هالیی- ڤیلڤۆردە)

کێشــەی برۆکســل (هالــی- ڤیلڤــۆردە) سیاســەتەکانی بەلژیــك لــە کاردەخــات، زمانەوانیــی وتووێــژی لەمــەڕ بــە دەســتووری بوونــی رەوشــی برۆکســل – هالــی – ڤێلڤــۆردە بەردەوامــە لــە پەکخســتنی سیاســەتەکانی بەلژیکــدا. تەنانــەت هەندێــك لــەو بــاوەڕەدان کــە دەشــێت بەهۆیــەوە دەوڵەتــی بەلژیــك بکەوێتــە مەترســییەوە.

برۆکســل و دوو شــارۆچکەی هالــی و ڤیڤــۆردەی فلەمیشــی خراونەتــە یــەك بازنــەی دەســتوورییەوە کــە هەرێمــی فلانــدەرە فلەمیــش زمانــەکان و هەرێمــی پایتەختــی جووتزمانیــش دەگرێتــە خــۆ، ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێــت پارتــە سیاســییەکانی والوونییــەکان بۆیــان هەیــە لــە هەڵبژاردنەکانــی فیدرالیــش و ئەوروپیشــدا بەشــداربن (بەپێــی دەســتوور) هەرچەنــد بەشێکیشــی دەکەوێتــە نێــو فلەنــدەرە تاکزمانەکانــەوە.

ئــەو راســتییەی کــە زیادبوونــی خەڵکانــی فرەنســیی زانــی هالــە و ڤیلڤــۆردە دەتوانــن بــۆ پارتیــەی والوونییــەکان لەهەێمــی فلەمیــش دەنــگ بــدەن پێچەوانــەی دەســتووری بەلژیکــە. لــە مــاوەی ســی ســاڵی رابــردوودا فلەمیشــەکان لــە هەوڵــی ئــەوەدا بوونــە برۆکســل لــە زیادبوونــی زمانــی فرەنســی لــە ناوچــەی فــلادەرز بوەســتێنن. حزبــە والوونییــەکان نایانــەوێ پەیــڕەوی دەســتوور بکــەن چونکــە

دابەشـبوونی برۆکسـل- هالـە- ڤیلڤـۆردە دەبێتـە مایـەی لـە دەسـتدانی هێـزی هەڵبژاردنیـان و لەگـەڵ ئەوەشـدا کەسـایەتی فلەمیشـەکان لەشـارەوانییەکانی دەوروبـەری برۆکسـلدا بوونـی خۆیـان دەسـەپێنن.

سـەیرەکە لەوەدایـە کـە دابەشـبوونی دەنگدەرانـی ناوچـەی هەڵبژاردنـەکان لەوانەبـوو زیانبەخـش بێـت بـۆ دانیشـتوانی روو لـە کەمبوونـەوەی فلەمیـش زمانەکانـی برۆکسـل، ئەوانـەی بەبـێ یەکگرتـن لـە تـەك هۆلەندیـی زمانەکانـی هالـە و ڤیلڤـۆردەدا بەخێرایـی بـەرەو ئـەوە دەچـوون بـبن بـە (کەمینـە) (تەنهـا پێنجیەکەکـی دانیشـتوانەکانی برۆکسـل بـە زمانـی هۆلەندیـی دەدوێـن).

بـۆ دوو سـاڵی رابـردوون کۆمەڵگـەی فلەمیـش بـە بڵاوکردنـەوە لـە تەلەڤزیـۆن و رادیـۆدا هانـی خەڵکـە فلەمیشـەکانی داوە بـەرەو برۆکسـل رەو بکـەن، لـێ روون نەبۆتـەوە ئایـا ئـەو دەستپێشـخەرییە هیـچ ئەنجامێکـی بووبێـت. پێکهاتـەی دەوڵەتـی بەلژیـك تـا رادەیـەك ئاڵـۆز و تێکـەڵاوە. وڵاتەکـە بـۆ سـێ هەرێـم دابەشـکراوە. (هەرێمـی فلەمیشـەکان (هۆلەنـدی زمـان) هەرێمـی والـوون (فەرەنسـی زمـان) و برۆکسـلی پایتەخـت کـە بەرەسـمی جووتزمانـە. هەرێمـەکان ئـەو دەسـەڵاتەیان پێـدراوە کاروبـارە ناوچەییەکانـی خۆیـان وەك ئابـووری و پرسـە ژینگەییـەکان ئەنجـام بـدەن.

هەروەهـا سـێ کۆمەڵگـەی تریـش هـەن بێجگـە لـە هەرێمـەکان، کۆمەڵگەیەکـی هۆلەندیـی زمـان لـە باکـوور، کۆمەڵگەیەکـی فەرەنسـی زمـان لـە باشـوور و کۆمەڵگەیەکـی بچووکـی جەرمانیزمـان لـە رۆژهەڵاتـی خـواروو. هەریـەك لـە هەرێـم و کۆمەڵگـەکان حکومەتـی تایبەتـی خۆیانیـان هەیـە. پارتییـە سیاسـییەکان لەسـەر ئاسـتی فیدرالیـدا بوونیـان نییـە. هەرچەنـد پارتییـە فلەمیشـەکان پارتـی هاوشـێوە و تەواوکەریـان لـە والووندا هەنـە. هـەر بـە لێکدابـڕاوی ماونەتـەوە. حکومەتـی فیـدراڵ و حکومەتەکانـی فلەمیـش و والـوون بـە گشـتی دەبـێ بەیەکـەوە کار بکـەن بـۆ ئـەوەی بگەنـە چارەسـەرێك بـۆ

بروٚکسـل -هالـی- ڤیلڤـوٚردە.

رەوشـەکە تەنانـەت خەریکـە ئاڵۆزتـر بێـت دوای ئـەوەی (جۆزیـف هاپـەرت) سـەرۆکی حکومەتـی والـوون و مایـەر (پارێـزگاری) پێشـووتری (ڤۆریـن) پێشـنیازیان کـردووە کێشـەی ئـەو شـارۆچکەیە فلەمیشـەییە بخرێتـە بەرنامـەی کارەوە. بەرلـە بـە فەرمیـی دانانـی سـنوورە زمانەوانییەکانـەوە (١٩٦١-١٩٦٣) ڤۆریـن کەوتبـووە بەشـی فەرەنسـی زمانەکـەی وڵاتـەوە، هەرچەنـد زۆرینـەی دانیشتوانەکانیشـی بـە هۆڵەندیـی دەدوان (میسـتەر، هاپـەرت) هەمیشـە داکۆکـی لـە کەمینـە فەرەنسـییە زمانـەکان کـردووە کـە لێـرەدا ژیـاون، ئەویـش بـووە هـۆی چەندیـن پێکـدادان لـە هەشـتایەکاندا.

سـاڵی ١٩٨٦ دوای ئـەوەی بـەردەوام رەتیکـردەوە بـە هۆڵەندیـی قسـەبکات، ناچارکـرا دەسـتلەکار بکێشـێتەوە، ئێسـتێ میسـتەر هاپـەرت رەوشـێکی (دوو هەرێمـی) دەوێـت بـۆ شـارۆچکەکە، بەواتـا دانیشـتوانەکانی بتوانـن بـە ئـازادی هەڵبژێـرن و بڕیاربـدەن لـەوەی سـەر بـە (فلەمیـش یـان والـوون) بـن.

لەگـەڵ ئەمەشـەوە هەنـدێ مایـەری فلەمیشـی دیکـە بڕوایـان وایـە کـە کێشـەکانی فۆیـرن (Voeren) و بروٚکسـل- هالـی- ڤیڤـوٚردە پێوەندییـان بەیەکـەوە نییـە. ئومێدوایـە ئـەو تەنگژەیـەی ئێسـتاکێ نەبێتـە هـۆی ئاشـووب و ئـاژاوە گەلـی وەك ئەوانـەی لـە ڤۆبرنـدا (٢٥) سـاڵ بـەر لـە ئێسـتادا روویانـداوە.

سـەرچاوە: by phikippe nuyts & ٢٠٠٥ ٤ Eurolang news Antwerp april Kathleen Engels

بڕیارێـك بـۆ چۆنییەتـی چارەسـەرکردنی کێشـەی زمـان لـە وڵاتـی بەلژیـك بـۆ دوو سـاڵی تریـش دواخـرا لەبـەر ئـەوەی وتووێژکارانـی فلەمیـش و والوونـی نەگەیشـتنە رێککەوتـن لەبـارەی دابەشـکردنی دەنگەکانـی هەڵبـژاردن و دانشـتوانان لـە ناوچـەی (بروٚکسـل- هالـی- ڤیلڤـوٚردە)دا.

ئێسـتێ کێشـەکە لـە فیدرالییەتـەوە گوێزراوەتـەوە بـۆ حکومەتـی فلەمیشـی

سیاسەتمەداره والوونییەکان داوایانکردووه گشت پرسە پێوەندیدارەکان بە کۆمەڵگە و زمانەکانەوە بە هەڵپەسێردرێن. هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ٢٠٠٧دا. وەك پێشتر باسمانکرد، برۆکسل و شارۆچکەکانی هالی و ڤیلڤۆردەی فلەمیشی خراونەتە نێو یەك ناوچەی هەڵبژاردنەوە کە دوو هەرێمان دەگرێتەوە. وەك دەرەنجامێك ئەو ژمارە فەرەنسی زمانەکەی کە لە زۆر بووندایە و رووه و (فلاندزەر) رەو دەکەن دەتوانن دەنگ بۆ پارتییە والوونییەکان بدەن لە دەڤەرە فلەمیشیەکاندا کە ئەمیش لەگەڵ دەستووری بەلژیکدا ناکۆکە. فلەمیشیەکان دەیانەوێت ناوچەی دەنگدانەکە پارچەپارچە بکرێت بەو ئامانجەی کە کاریگەریی پەرەسەندووی زمانی فەرەنسی لە (فلاندەرز) سنووردار بکرێت. والوونییەکانیش داوای ئەوە دەکەن فەرەنسی زمانەکانی دانیشتووی فلاندەرز) بتوانن دەنگ بۆ پارتییە والوونییەکان لە برۆکسل بدەن. بەم پێیە هەرێمی جووتزمانیی پایتەخت فرەوان دەبێت و لەگەڵ (والۆنیا)دا هاوسنوور دەبن، لێ ئەم دوایین داواکارییە لەلایەن وتووێژکارە فلەمیشیەکانەوە رەتکرایەوە. چونکە بەلایانەوە زۆر لە پارچەپارچەکردنی برۆکسل-هالی- ڤۆلڤۆرد خراپتر دەبێت.

سەرچاوە: by Kathleen engles ,٢٠٠٥ ,١٦ Eurolang news Antwerp my.

٣- گرووپە کەمایەتییەکان:

تا چ ئاستێك گرووپە کەمینەکان لەم وڵاتەدا بەهۆی زمانەکانیانەوە زیانیان پێگەیشتووه؟

(زانیاری بەردەست نییە).

٤- نرخ و بەهاکان

ئایا بۆ دابینکردن و چاودێریی سیاسەتی سنووردانان بۆ زمان لە وڵاتدا، لە پارە و کات و سەرچاوە حکوومەتییەکان چی تێدەچێت؟

یەکسەر لە دوای سەربەخۆبوونی بەلژیکا ساڵی (١٨٣٠) ئازادیی زمانیش ڕاگەیەنراو نەتەوەکان سەرپشککران لە بەکارهێنانی هۆڵەندی، فەرەنسی یان ئەڵمانی لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ کاربەدەستان (ماددەی ٥ لە فەرمانی ١٦ی تشرینی دووەمی ١٨٣٠) ئەم یاسایە لە دوای (١٨٣٩)ەوە لەکارکەوت و زمانی فەرەنسی بوو بەتاکە زمانی کارگێڕیی و دادگاکان. ساڵی ١٨٤٢ پەیماندرا کە خوێندنی سەرەتایی دەبێ هەموو بنەماکان بە هەر سێ زمانەکان بەپێی پێداویستی بگرێتەوە. ساڵی ١٩١٤ پەیماندرا کە فێرکردن لە هەموو ئاستەکاندا دەبوا بە زمانی دایکی منداڵەکە بەڕێوە بچێت، هەرچەندە واقیع زۆربەی کات لەگەڵ ڕەوەشی یاساییدا جوداخواز دەبوو. فێرکردنی دواناوەندیی بە زمانی فەرەنسیی بەردەوام بوو. هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی کاریگەریان بەسەر بەکارهێنانی زمانی جەرمانییەوە هەبوو. هەتا ساڵی ١٩٦٠ ئەوکاتە فلەمینگەکان بەتایبەتی پەلاماری حکومەتی ناوەندیی فەرەنسیزمانیان نەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتەکەدا نەهات. فیدراسیۆنە کەلتوورییە تازە دروستکراوەکەش سوودی بە کۆمەڵگە جەرمەنیزمانەکە گەیاند. وەختێ (پانتاییەکی جەرمانیزمانی) جوگرافی تایبەتی خرایەپاڵ کە تیایدا جەرمانی وەك زمانی فەرمیی بەکار دەهات.

دووبارە ڕێکخستنەوەی حکومەت بەو ئاکارە بوو کە فیدراسیۆنەکی هەرسێك هەرێمەکان شوێنی هێز و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بگرێتەوە و لەوەتای ساڵی (١٩٨٠)وە ئەنجومەنی کۆمەڵگەی جەرمانیزمان هێزی یاسادانانی بەسەر بابەتەکانی گشت زمانەکان و کەلتوور و پەروەردەوە پەیداکردووە. بۆیەکا لە ئیمڕۆدا بەلژیکی نوێ لە هەر سێ کۆمەڵگە بەلژیکییەکان پێکهاتووە.

بێگومان گرنگترین شتێ کە لە پەرەسەندنی زمان لەم چەند ساڵانەی دواییەدا روویدابێت ئەوەیە کە پەروەردە کەوتۆتە دەستی کۆمەڵگەی جەرمانیزمانەوە لە سایەی ئەو چاکسازییە حکوومەتییەی کە جارێ لە

١٩٩٣دا بە کۆتا هاتووە.

ساڵی ١٩٩١ دەقی دەستوورەکە بەزمانی ئەڵمانیی هەمان پێگەی فەرمیی هاوشانی دەقە فەرەنسیی (بەلژیکی نوێ) و هۆڵەندییەکە وەرگرت.

دەڤەرە فەرمییە جەرمانیزمانەکەش (بەلژیکی نوێ) لە لایەن حکوومەتەوە پشتگیری چاکی لێدەکرێت و وەك کۆمەڵگەیەکی زمانیش دانی پێدانراوە.

پارەی باش بۆ فێرکردن بە زمانەکە تەرخانکراوە، وەلێ لە رووی توێژینەوەی زمانەوانیی و ئاڵوگۆڕکردنی بەرنامە دەستکەوتێکی بەرچاو هەستی پێنەکراوە. دەستەپاچەیی میریی لە هاندانی تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان گرووپە زمانییەکاندا مایەی گلە و گازاندەی خەڵکە، بەڵام ئەمە کێشەی سەرتاپای بەلژیکایە و هەر سێ زمانە نەتەوەییەکان دەگرێتەوە.

٥- زمان لە زیندەگیی رۆژانەدا

بەکارهێنانی زمان لە ژیانی رۆژانەدا، وەك پەروەردە، پەخش و بڵاوکردنەوە و هیتر.

جەرمانی: زمانی جەرمانیی لە کۆی (٥٨٩) شارەوانیی بەلژیکیدا لە (٩) نۆیان قسەی پێدەکرێت. ئەم نۆ شارەوانییانەش بەشێکن لە هەرێمی (والوون) واتە کۆمەڵگەی جەرمانیزمان لە کاروبارەکانی هەرێمدا هیچ خودموختارییەکیان نییە. دەڤەری جەرمانیزمان هەردوو بەلژیکی نوێ (NB) و بەلژیکی کۆن (OB) دەگرێتەوە. لە بەلژیکی نوێدا دوو ناوچە هەن، ئیوپن (Eupen) و سانت فیث (St With) کە زیاتر لە باشوورەوەیە.

لە بەلژیکی کۆن (OB) دا سێ ناوچە هەن، ناوچەکەی دەوروبەری مۆنتزن (montzen) کە بە هەرێمی وێلکنرێدیش ناسراوە، (باکووری بەلژیکی کۆن) بۆشۆلز (Bosholz) بە گوندەکانی دیفیلد، ئۆرت و وەتەرماڵ (ناوەندیی بەلژیکی کۆن) لە تەك (ئەرلەرلاند) لەسەر سنووری لۆکسەمبۆرگەوە، لە بەلژیکی نوێدا جەرمانی زمانی فەرمییە هەروەکو زمانی کارپێکراوی

دەڤەرەکەیشــە.

حکومەتـی ناوچەکـە کار بـۆ ئـەوە دەکات سیسـتەمێکی جووتزمانـی (ئەڵمانیـی و فەرەنسـی) بچەسـپێنێت. بەپێـی سـەرچاوەکان زۆر کێشـە سـەریانهەڵدا لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ دەسـەڵاتە خۆجێییەکانـدا، چونکـە ئەوانـە هـەم نوێنەرایەتـی کۆمەڵگـە جەرمانییەکـە و هەروەهـا حکومەتـی (والوونیـش) یـان دەکـرد. وەزیرەکانـی هەرێمـی والـوون کەمـتر بایەخیـان بـە ئامادەکردنـی داواکاریـی و فۆرمـەکان بـە زمانـی جەرمانیـی بـۆ شـارەوانییە جەرمانییەکانـی دەدا. سـەرەڕای کەموکوڕیـی سـەرەکیش لـەم رووەوە، وا دەردەکەوێـت کـە سیاسـەتی حکوومەتـی (والـوون) لـەم چەنـد سـاڵە کەمـەی رابـردوودا بەتـەواوی گـۆڕاوە بـە ئاراسـتەی ناسـاندنی زمانـی جەرمانیـی لـە هەرێمەکـەدا. سـەبارەت بـە پـەروەردەوە لـە بەلژیـکای تـازەدا (جەرمانیـی) بـە (ئیجباریـی) زمانـی فەرمیـی فێرکردنـە هـەروەك لـە یاسـاکانی زمانـی سـاڵی ١٩٦٣دا دیاریکـراوە.

ئـەو پێنـج قوتابخانـە یـان بەشـە فەرەنسـیی زمانەکانـی ئـەم دەڤـەرە لـەوە بـەدەرن. فێرکـردن بـە یەکـەم زمانـی بیانییـش هـەر بـە فەرەنسـییە.

لـە بەلژیکـی کۆنـدا تاکـە زمانـی فەرمیـی لـە ناوچەکـەدا فەرەنسـییە. یـەك هەڵاوێـرد لێـرەدا ئـەو دەڤـەرەی دەوروبـەری (مۆنتـزن)ە کـە لێـرە (پشـوویەك) و دەرفەتێـك بـۆ جەرمانیزمانـان هەیـە. لـە دەڤەرەکانـی (مالمیـدی) و بەلژیکـی کۆنـدا فەرەنسـیی تاکـە ئامـرازی فێرکردنـە لـە قوتابخانانـدا.

لـە هەنـدێ بۆنـە و رەوشـی تایبەتـدا زمانـی دایکـی منـداڵ یـان زمانێـك بەکارهێنانـی بـاو بووبـێ دەکـرێ ئەویـش ببێتـە زمانـی فێرکـردن لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان و لـە خوێندنگـە پەرسـتارییەکاندا لـە شـارەوانیی (مونتـزن) (ماددەکانـی ژمـارە ٣ و ٤ی یاسـای پـەروەردە، ٣٠ی تەمـووزی ١٩٦٣.

کەچـی لـە (ئەرلەولەنـد) لەوانەیـە (جەرمانیـی) ببێتـە زمانـی دووەم لـە خوێندنـی سـەرەتاییدا (مـاددە ١٠)ی هەمـان یاسـای سـەرەوە.

ئاگادارییـــەکان، پێوەندیـــی و فۆرمـــە گشـــتییەکان کـــە ئـــەو دەســـەڵاتانە دەریاندەچوێنـــن. لـــە بەلژیـــکای تـــازەدا بـــە زمانەکانـــی جەرمانیـــی و فەرەنســـی دەنووسرێـــن. کەچـــی لـــە پێوەندیـــی و نامەگۆڕینـــەوە لەگـــەڵ کەســـاندا تەنهـــا جەرمانـــی بەکاردێـــت. هەمـــان شـــت لەگـــەڵ بەڵگەنامـــەی کەســـیەتیدا دەکرێـــت. بڕوانامـــە، بـــۆ ئاگاداریـــی و مۆڵەتپێپـــدان بـــۆ تاکـــە کەســـەکان لەســـەر خواســـتی لایەنـــەکان خۆیانـــەوە بـــە جەرمانیی یـــان فەرەنســـی دەردەچـــن. بـــۆ خزمەتگوزارییـــە کەســـییەکان، وەکـــو لیســـتی تەلەفـــۆن و کارەبـــا بەپێـــی ئـــارەزوو جەرمانیـــی یـــان فەرەنسـیی بەکاردێـــن. لـــە بەلژیکـــی تـــازەدا زمانـــی ئەڵمانیـــی بەشـــێوەیەکی گشـــتی لـــە هەمـــوو ســـەنتەرەکانی خزمەتگوزاریـــدا باڵادەســـتە، کەچـــی لـــەو ســـەنتەرە هاوشـــێوانەی بەلژیکـــی کۆنـــدا بەدەگمـــەن قســـەی پێدەکرێـــت. هێماکانـــی هاتووچـــۆ (ڕێگاوبـــان) لـــە بەشـــی باکـــووری بەلژیکـــی تـــازەدا بـــەدوو زمـــان نـــووسراون و فەرەنســـیش بـــە ئیختیاریـــی وەك زمانـــی دووەم بـــەکار هاتـــووە.

نیشـــانە فەرمیەیـــکان تەنهـــا بـــە زمانـــی فەرەنســـین لەکاتێکـــدا هێماکانـــی هاتووچـــۆ لـە ناوچەکـەی دەوروبـەری ئیوپـن (Eupen) جووتزمانیـن و لـە بەلژیـکای کۆنـــدا نیشـــانە فەرمییـــەکان بەتەنهـــا بـــە زمانـــی فەرەنسـین. بەگشـــتی پـــەروەردە بەزمانـــی فەرمیـــی هەرێمەکەیـــە. بەوپێیـــە خوێنـــدن لـــە قوتابخانـــە فەرمیەیکانـــی هەرێمـــی هۆڵەندیـــی زمـــان بـــەو زمانەیـــە و لـــە هەرێمـــە فەرەنســـی زمانەکەیشـــدا بـــە فەرەنســـییەو و لـــە هەرێمـــە جەرمانیزمانەکەیشـــدا بـــە ئەڵمانیـــی، هۆڵەندیـــی و یـــان فەرەنســـیە بـــە ئـــارەزووی هـــەر بنەماڵەیـــەك لـــە برۆکســـلدا.

هەندێـــك خاڵیـــش بـــۆ فێرکردنـــی زمانـــی بیانیـــی بـــە پێـــی یاســـای زمانـــەوە بەڕێـــوە دەچـــن. بـــۆ نموونـــە لـــە هەرێمـــی جووتزمانیـــی برۆکســـلدا یەکـــەم زمانـــی بیانـــی لـــە قوتابخانـــە فەرەنســـیزمانەکاندا هۆڵەندییـــە و ئیجباریشـــە، بـــە پێچەوانـــەش وێـــڕای ئەمەیـــش، لـــە هەرێمـــی فەرەنســـیزمان و جەرمانیزمانەکانـــدا خوێنـــدکاران سەربەســـتن لـــە هەڵبژاردنـــی یەکـــەم زمانـــی بیانیـــدا بـــۆ خۆیـــان (هۆڵەندیـــی،

جەرمانیـــی، یاخـــود ئینگلیـــزی).

پرۆســـەی فێربوونـــی پێوەندیکـــردن بـــە زمانێکـــی مۆدێـــرن جیـــا لـــە فەرەنســـی، لانـــی کـــەم هەفتـــەی دوو ســـەعاتی دەوێـــت لـــە قۆناغـــی پێنجـــەم و شەشـــەمی ســـەرەتاییدا.

کۆمەڵگـــەی فەرەنســـیی پشـــتگیریی لـــە رێکخســـتن و کردنـــەوەی پۆلەکانـــی زمـــان دەکات لەســـەر ئاســـتی پەروەردەیـــی ســـەرەتاییدا بـــە تەرخانکردنـــی دەســـتەی فێرکردنـــی (مامۆســـتا) ئێزافیـــی بـــۆ هـــەر خوێندنگەیـــەك کـــە داوای بـــکات. ئـــەم دەســـتە (میـــلاك) ئیزافییـــە زێـــتر لـــە ســـەد (کاری یاخـــود وەزیفـــەی فولتایـــم دەســـتەبەر دەکات).

لـــە هەرێمـــی (والـــوون) دا بـــە دەر لـــەو شـــارەوانییانەی لەگـــەڵ یەکتریـــدا هاوســـنووری زمانیـــن. زمانـــە مۆدێرنەکـــەی دەکـــرێ هۆڵەندیـــی، ئینگلیـــزی یـــان جەرمانـــی بێـــت. لـــە ژێـــر هەنـــدێ بارودۆخـــدا دەکـــرێ قوتابخانەیـــەك پێشـــنیازی یەکـــێ لـــەو ســـێ زمانانـــە بـــکات. لـــە هەرێمـــی برۆکســـلدا. خوێنـــدن بـــە هۆڵەندیـــی بـــۆ قوتابییـــە فەرەنســـیی زمانـــەکان لـــە ســـاڵی ســـێهەمەوە ئیجبارییـــە. لـــە هەفتەیەکـــدا ســـێ کاتژمێـــر بـــۆ پلـــەی دووەم (ســـاڵی ســـێهەم و چوارەمـــی خوێنـــدن) دانـــراوە و، پێنـــج کاتژمێریـــش لـــە هەفتەیەکـــدا بـــۆ پلـــەی ســـێهەم (ســـاڵی پێنجـــەم و شەشـــەمی خوێنـــدن). لەوانـــەش راهێنانـــی پێداچوونـــەوە لەبابەتگەلـــی دیکـــەی پرۆگرامـــدا لەخـــۆ بگرێـــت. فێربوونـــی زمانـــی هۆڵەندیـــی ئیختیارییـــە لـــە پلـــەی یەکـــەم (ســـاڵانی یەکـــەم و دووەم) دا بـــە رێـــژەی دوو کاتژمێـــر لـــە هەفتەیەکـــدا و بـــە تەنهـــا زمانـــی ئاخافـــتن دەگرێتـــەوە. (شـــوباتی ٢٠٠١).

لیمبۆرگەر Limburger

ســـاڵی ٢٠٠٠ پارتـــی لیمبۆرگـــی نـــوێ لـــە ناوچـــەی هۆڵەندیـــدا پێشـــنیازیکرد ســـتانداردێکی نووســـین بـــۆ زمانـــی لیمبۆرگـــەر پەرەپێبدرێـــت تاوەکـــو بتوانرێـــت لـــە قوتابخانەکانـــدا بخوێنرێـــت. بەهەرحـــاڵ ئـــەم پێشـــنیازە لەلایـــەن زۆرینەیەکـــی

پەرلەمانــە هەرێمایەتییەکانــەوە رەتکردایــەوە چونکــە مایــەی قەبولکــردن نابێــت لەلایــەن هەمــوو ئەوانــەوە کــە بــە (٥٥٠) شــێوەی جیــاوازی دیکــەی لیمبۆرگــەر قســە دەکــەن. زمانەکــە نزیکــەی دوو ملیــۆن خەڵــك لــە دەڤەرەکانــی (لیمبــۆرگ) لــە وڵاتــی هۆڵەنــدە (لیمبــۆرگ) لــە بەلژیــك قســەی پێدەکــەن. لــە هۆڵەنــدەدا زمانــی لیمبۆرگــەر هــەر لــە ســاڵی ١٩٩٧ەوە لەلایــەن حکومەتــی هۆڵەندییــەوە وەکــو زمانێکــی هەرێمایەتــی نــاسراوە لــە چوارچێــوەی فەرمانیــی ئەوروپــی ئەوســا ســەبارەت بــە زمانــە هەرێمایەتییــەکان یــان کەمینــەکان. حکومەتــی هەرێمــی (لیمبــۆرگ) یــش لــە بەلژیــك بەوپێیــە هەوڵیــداو داوایکــرد زمانەکــە لــە ناوچــەی (برۆکســل) دا بناسرێــت.

لەکاتێکــدا (٧٠٪) ی خەڵکەکــە بــە لیمبۆرگــەر دەئاخفــن. کەچــی بــە تەنهــا (١٪) لــە ســەدا یەکیــان دەتوانــن زمانەکــە بنووســن. بــۆ پێشکەشــکردنی لیمبۆرگــەر لــە خوێندنگــەدا پێویســتی بــە گرامــەری ســتاندەرد و فەرهەنــگ (قامــووس) و بابەتگەلــی فێرکــردن دەبێــت. هەرچەنــدە زمانــی لیمبۆرگــەر بــە فرەوانیــی لــە ناوچەکــەدا بەشــێوەیەکی نافەرمیــی لەلایــەن مۆزیکزانانــەوە لــە ماڵانــدا و یــان لــە شــوێنە گشــتی و بــاڕو یانەکانــدا بــەکار دەبرێــت. بــەڵام قســەکردن پێــی لــە پەرلەمانــی هەرێمایەتــی لــە ماشــتریخ (Maastricht) قەبــووڵ نییــە. ســاڵی ٢٠٠١ حکومەتــی هەرێــم نەخشــەیداناوە بــۆ دامەزراندنــی (ئەنجوومەنێــك بــۆ لیمبۆرگــەر) وەك ئــەوەی لــە (فریزلانــد) کــراوە بــۆ زمانــی فریزیــان (Frisian) (نۆڤەمبــەری ٢٠٠٣).

پەخشکردن لە بەلژیك

کۆمەڵگەی فلەمیشی

لــەم کۆمەڵگەیــەدا ئێزگــەی رادیــۆی تایبەتــی دەبــێ بــە زمانــی هۆلەنــدی پەخشــی خــۆی بکاتــن هەرچەنــد دەشــکرێت بــە پێــی مۆڵەتــی بەرپرســانی رێکخســتن، بــە زمانــی تریــش بکرێــت. ئەوانــەی لــە پەخشــدا کاردەکــەن هەنــدێ

مەرجی تایبەت سەبارەت بە زمانی هۆڵەندیی دەبێ ڕەچاو بکەن، هەروەها سەبارەت بە مەرجی دیاریکراویش بۆ ڕێگەپێدانیان تا بە زمانی بیانی پەخش بکەن. بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکانی بە زمانی فلەمیش و بەرهەمە هاوبەشەکانیش پێویستە لەسەدا پەنجای (٥٠٪)ی کۆی پرۆگرامەکان لە نێوان کاتژمێر (١٨:٠٠ و ٢٣:٠٠)ی لەسەر کەناڵی پەخشی گشتی داگیر بکات.

پەخشکاری خزمەتگوزاری گشتیی شەش کەناڵی رادیۆیی هەیە: پێنجیان بۆ گشت کۆمەڵگەی فلەمیشیە (رادیۆ١ن رادیۆ ٢، کلارا، ستۆدیۆ برۆکسل و دۆنا، رادیۆ ڤلادەرن ئینترناشناڵ (رادیۆ فلەندەر ئینتەرناشنال) VRT رادیۆی خزمەتگوزاریی جیهانییە.

کۆمەڵگەی فەرەنسیی:

لە کۆمەڵگەی فەرەنسیی زماندا، وێستگەکانی رادیۆی پەخشکارە گشتیەکان لەسەریانە لانی کەم لەسەدا چلی ٤٠٪ موزیکە ناکلاسیکییەکانیان بە فەرەنسی بێت. تەنها ئەو دوو کەناڵە نەبێ کە بۆ وتار و سەرباس دانراون کە پێویستە کۆی گشتی ساڵانە مۆزیکی نا کلاسیکی ١٥٪ پانزە لە سەدا بە زمانی فەرەنسی بێت، لانی هەرەکەمی دەبێ ٣٣٪ لەسەدا سی و سێ کاتی پەخشی تەلەڤزیۆن (بە هەواڵەکان، بۆ ئاگادارییەکان، وەرزش.. تاد) لەلایەن پسپۆر و کادیرانی فەرەنسیی زمانەوە ئەنجام بدرێن.

ئێزگەکانی رادیۆی تایبەت پێویستە بە فەرەنسیی پەخش بکەن، لێ دەشکرێت بە وەرگرتنی مۆڵەت لە کاربەدەستانی ڕێکخستنەوە بە زمانی تریش بێت. لەسەدا سیی ٣٠٪ پەخشەکانی مۆزیك و گۆرانی دەبێ بە فەرەنسیی بێت و ١٥٪ پانزە لە سەدی ئەو ماوەیەش لە کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە سەرچاوەی گرتبێت.

کۆمەڵگەی جەرمانیی:

لە کۆمەڵگەی جەرمانیزماندا پەرەپێدانی زمانی ئەڵمانیی (جەرمانی)

و پێشخستنی بەیاسایە. هەروەها کۆمەڵگەی جەرمانیی پەخشکارێکی خزمەتگوزاریی گشتیشی هەیە (BRF) لەبەر ئەوەی تا رادەیەك کۆمەڵگەیەکی بەرتەسکە (بچووکە) خزمەتگوزاری تەلەڤزیۆنی (BRF) بە پرۆگرامێکی دەنگوباسیی رۆژانە دیاریکراوە. وێستگەی رادیۆکە رۆژانە ٢٤ کاتژمێر پەخش دەکات.

فەرمانی میدیای ٢٦ی نیسانی ١٩٩٩ رێگە بە پەخشی رادیۆیی خۆجێیی دەدات.

کەمایەتییەکان:

سیاسەت بەرامبەر کەمایەتییەکانیش لە ژێر چاودێری و چالاکی کۆمەڵگەکاندایە فەرمانی سەرەکیی لە فلاندەرز برێتییە لە فەرمانی سەبارەت بە کەمینەکانی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٩٨. ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی فلەمیش ئەوەیە کە دەرفەت بەوانەی بەشێوەیەکی یاسایی لە بەلژیك نیشتەجێ بوونە بدرێت ببنە ئەندامێکی بەسوودی کۆمەڵگە. بۆ ئەوانەش کەبەشێوەیەکی کاتیی دەمێننەوە ئەوا رێزێکی تەواو لە مافە سەرەکیەیکانی مرۆڤیان بۆ مسۆگەر دەکات. لە کۆمەڵگە فرەنسییەکاندا (بەشی کردەوەی کۆمەڵایەتی و کۆچکەران) چەندین کردار و خزمەتگوزاری لە خۆدەگرێت بەمەبەستی دەستەبەرکردنی یەکخستنی بیانییەکان بە رێگەی (کۆرس و خولی خوێندەواری، نەهێشتنی جیاوازیی لە رووی کۆمەڵایەتی و پێشەوەرییەوە..تاد).

پرۆگرامەکانی پەخشی تایبەت بۆ کارگەرە بیانییەکان یان بۆ کەمایەتییە نەژادی و کەلتووریەیکان لەم ساڵانەی دواییدا کەمبوونەتەوە. لە هەندێ بۆنەکاندا (سەنتەری یەکسانیی دەرفەتەکان و تێکۆشین دژی رەگەزپەرستی) سیاسەتێکی راگەیاندنی کاراتری گەرەك بووە بەرەچاوکردنی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگە فرە کەلتوورییەکان. لە ١٩ی نیسانی ٢٠٠٢ دا حکومەتی فلەمیشی پێشنیازێکی وەزارەتی فلەمیش بۆ بەرژەوەند و یەکسانیی دەرفەتەکان بۆ

دەستپێکی پەخشی کەناڵێکی TV تایبەت بەکەمایەتییەکان و پەنابەرەکان (کۆچبەرەکان) بەتایبەت بۆ تورکەکان و مەغریبییەکان رەتکردەوە. بەڕای حکومەتی فلەمیش ئەمجۆرە کەناڵە کە پرۆگرامی تەنیا بۆ کەمینەکان پەخش بکات زیان بە یەکخستن و وەکیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری گرووپە کەمینەکان دەگەیەنێت. هەندێك سەرچاوە مەترسیی ئەوەیان دەکرد ئەو جۆرە کەناڵانە ببنە هۆی دروستبوونی تەلەفزیۆنی رەگەزپەرستایەتی یان پەخشی گیتۆیی ئاسا (بەئاماژەبۆ گەڕەکە داخراوەکانی جوولەکەکان).

وەزیری راگەیاندنی فلەمیشی داوای لێکرا پلانی بۆ چاکتر بەکارهێنانی یاسای VRT (دەزگەی پەخشی گشتیی) لە ژێر ماددەی (٨)ی فەرمانی پەخشکردنی فلەمیشی و لە ژێر حوکمی رێککەوتنی جێبەجێکاری Executive ی ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٦ دا لە نێوان VRT و (دەزگەی پەخشی گشتیی) وان پەرەی پێبدرێت رێککەوتنەکە هۆکارێکی پێکەوە گونجان و نەهێشتنی جیاوازیی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم تاکەکان و خەمخۆری هەموو پێداویستییەکانی گرووپە کەمایەتییەکان بێت. وەزیریش داوای لە دەزگەی پەخشی گشتی کردووە کە پلانێك دابڕێژێت ئەو بەشەی ئەرکەکانی زۆر بەشێوەیەکی باشتر ئەنجامبدات.

سەرچاوە: پەخشی پەیوەست بە زمانی کەمینە و یاسادانان لە OSCE پرۆگرام لە یاسای بەراوردکاری میدیا و سیاسەت (PCMLP) سەنتەر بۆ دیراساتی یاسایی- کۆمەڵایەتی، کۆلیژی WOLFSON لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و پەیمانگە بۆ یاسای زانیاری و هتد.

٦- رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئایا وڵات هیچ رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی پێوەندیدار بە پاراستنی کەمایەتییەکان پەسەند کردووە؟

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵەکانی ئیرولانگ (Erolang) بەلژیك خۆی ئامادە دەکات بۆ ئیمزاکردنی (رێککەوتننامەی (یان فەرمانی) ئەوروپی بۆ زمانە هەرێمایەتی یان کەمایەتییەکان. ئەوا ئەو راستییەی کە هەرسێك کۆمەڵگە

زمانییـه رەسـمیەیکانی بەلژیـك (جەرمانیـی، فەرەنسـی و هۆلەندیـی) بەراسـتی پشـتگیریی لـە ئیمزاکردنەکـە دەکـەن ئـەوە نیشـان دەدەن کـە هیـچ ئاسـتەنگێك لەبـەردەم پەسـەندکردنی پێشـنیازەکەدا نییـە.

ئـەو رەوشـە زمانییـە ئاڵـۆزەی کـە ئێسـتا لـە وڵاتـدا هەیـە لەوانەیـە ئاڵۆزکاوتریـش ئەگـەر ئـەو راسـتییە بزانیـن کـە حـەوت زمانـی تـر کـە بەرەسـمی نـاسراون لـەم وڵاتـەدا هەنـە، ئەگەرچـی رێککەوتنێکـی هاوبـەش لەمـەڕ پێگەیانـەوە لەئارادایـە (بـەوەی کـە هەموویـان زمانگـەل یـان شـێوەزار گەلـی رۆمانـی و جەرمەنیـن).

ئەمەیـش هەمـان حاڵەتـی زمانـی لیمبۆرگییـە (limbourgish) کـە هەرچەنـد لـە هەنـدێ شـارۆچکە و دێهاتەکانـی بەلژیـك (لـەو شـوێنانەی کـە هێـما گشـتییەکان جووتزمانیـن) دانـی پیانـراوە. ئەکادیمیـای هۆلەندیـی (کـۆری زانیـاری) تالوونـی (Taaluni) پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگرێـت کـە شـێوە زارێکـی هۆلەندییـە. (ئابـی ٢٠٠١).

لـە ٣١ی تەممـوز، حکومەتـی بەلژیـك پـرۆژەی رێککەوتننامـەی پاراسـتنی کەمینـە نەژادییەکانـی ئیمـزا کـرد لەگـەڵ پاشـکۆیەکی مەرجـدار کـە نابـێ جێبەجێکردنـی ئـەم پەیماننامەیـە هیـچ زیانێـك بەدەسـتووری وڵاتەکـە و سیسـتەمی زمانەوانییەکـەی بگەیەنێـت.

رەوشـی ئاڵـۆزکاوی بەلژیـك لـە رووی کۆمەڵایەتـی و رامیارییـەوە وایکـردووە دیاریکردنـی کەمینـەی نەتەوەیـی لـە رێگـەی کۆنفرانسـێکی وەزارەتـی نێودەوڵەتـی سـەبارەت بـە سیاسـەتی دەرەوە بڕیـاری لەسـەر بدرێـت.

ئـەو پەیماننامەیـە یەکەمیـن بەڵگەنامـەی یاسـایی نێودەوڵەتییـە کـە هەوڵـی پاراسـتنی گەرەنتـی بوونـی (کیانـی) کەمینـە نەژادییـەکان دەدات بـە دەسـتەبەرکردنی گەرەنتـی دەوڵەتیـی بـە رێگـەی زنجیرەیـەك رێنمایـی و مەبدەئـی پەیوەسـت بەسەربەسـتی کۆبوونـەوە، دامەزراندنـی کۆمەڵـە و رێکخسـتن،

رادەبڕیــن، سەرپشــکبوون لەبەکارهێنانــی زمانــدا هاوبەشــیکردن لــە میدیاکانــدا، پــەروەردە، هــاوکاری و دامەزراوەیــی گواســتنەوە بــۆ دەرەوەی ســنوور.. تــاد کــە کراوەیــە بــۆ ئیمزاکــردن لەلایــەن دەوڵەتــە ئەندامەکانــی نێــو (ئەنجوومەنــی ئەوروپــا) لــە ســاڵی ١٩٩٥ەوە (نیســانی ٢٠٠٢).

کۆمیتــەی کاروبــاری یاســایی و مافەکانــی مرۆڤــی ســەر بــە (ئەنجوومەنــی پەرلەمانیــی ئەوروپــا) لــە رۆژی ٢٥ی ئــاداری ٢٠٠٢دا راپۆرتێکــی لەمــەڕ (پاراســتنی کەمینــەکان لــە بەلژیــکا) دەرکــرد. ئــەم راپۆرتــە پێشــوازیی لــەو راســتییە کــرد کــە وڵاتــی بەلژیــك لــەو دواییــەدا پەیماننامــەی ئەوروپــای لەبــارەی مافەکانــی مــرۆڤ و پــرۆژەی رێککەوتنەکەیشــی ئیمــزا کــردووە. هەروەهــا ئەوەیــش دەڵێــت کــە بەپێــی بڕیارێکــی پێشــووتری کۆنگــرەی ڤینیســی (بندقیــە) دەبــێ پەیماننامەکــە لــە بەلژیــك بەســەر کۆمەڵــەی جەرمانیزمانــەکان و فەرەنســیزمانەکان لــە هەرێمەکانــی هۆڵەندیزمــان و جەرمانیزمانــدا لەســەر ئاســتی دەوڵــەت کاری پــێ دەکرێــت.

لەگــەڵ ئەمەشــدا راپۆرتەکــە جەخــت لەســەر گرنگــی ئــەوە دەکاتــەوە کــە بەلژیــك هــەر دوو (پرۆتۆکــۆل ١٢) و پــرۆژەی رێککەوتننامەکــەی پەســەند کــردووە، هەروەکــو ئیمزاکــردن و پەســەند کردنــی یاســای ئەوروپــای لەمــەڕ زمانــە هەرێمایەتییــەکان یــان کەمینــەکان بەبەرزیــی دەنرخێنێــت.

(ئەیلوولی ٢٠٠٢)

کۆمەڵــەی رۆشــنبیری (Arelerland a sprooch ) کــە نوێنەرایەتــی دانیشــتوانە لۆکســەمبۆرگ زمانــەکان لــە بەلژیــك دەکات، ناڕەزایــی خــۆی بەرامبــەر بــە حکومەتــی بەلژیــك دەربڕیــوە. کێشــەکەش نەبوونــی یاســایەکی تایبەتمەنــدە بــۆ کەمینــە لۆکســەمبۆرگیەکان لــە وڵاتــدا، کەچــی بەشــێوەیەکی یاســایی داکۆکــی لــە کەمینــە زمانییــە جەرمانیــی، فەرەنســیی و هۆڵەندییــەکان دەکات. وێــڕای داواکــردن لــە حکومەتــی بەلژیــك بــۆ پەســەند کردنــی پــڕۆژەی پەیماننامەکــەی پەیوەســت بــە پاراســتنی کەمینــە نەتەوەییــەکان) کــە لــە تەممــوزی ٢٠٠١دا ئیمــزا کــراوە.

کۆمەڵەکـە هەروەهـا داوای پەسـەندکردنی (پرۆتۆکـۆل ١٢)ی پەیماننامـەی ئەوروپـا لەمـەڕ مافەکانـی مـرۆڤ و ئیمـزا و پەسـەند کردنـی یاسـای ئەوروپـا بـۆ زمانـە هەرێمایەتـی یـان کەمینـەکان دەکات.

بەپێـی ناوەرۆکـی پەیمانەکـە و ئـەم گرووپانـەی خـوارەوە بـە کەمینـە دەژمێردرێـن لـە بەلژیکـدا: لەسـەر ئاستی دەوڵەتـەوە، کۆمەڵـەی جەرمانیزمانـەکان و لەسـەر ئاسـتی هەرێمەکانیـش فەرەنسـیزمانەکان لـە هەرێمـی هۆڵەندیزمـان و جەریمانیزمانەکـەدا، هەروەهـاش هۆڵەندیزمـان و جەریمانیزمانەکانـی هەرێمـە فەرەنسـی زمانەکـە. ئـەم پێناسـەیە لۆکسـەمبۆرگ زمانـەکان ناگرێتـەوە، هەروەهـا ئەوانەیـش کـە بـە والوونـی قسـە دەکـەن. ئامانجـی لۆکسـەمبێرگیەکان ئەوەیـە کـە رێ بـە زمانەکەیـان بدرێـت لـە باخچەکانـی سـاوایاندا بـەکار بێـت و قوتابخانـەی سـەرەتایی بـە هـەردوو زمانـی جەرمانیـی و فەرەنسـی لەهەرێمەکـەدا بکرێنـەوە.

بـەڕای ئەلبـەرت کۆنتـەری سـەرۆکی کۆمەڵـەی (ئارلەرلانـد ئـا سـپرووچ) دانـان بـە زمانـی لۆکسـەمبۆرگ بایەخێکـی رەمزیـی بـۆ هەرێمەکـە بەدەسـت دێنـێ، کـە بـۆ پـتر لـە سـەد سـاڵ بـۆ ئـەوە خەباتیـان کـردووە کـە زمـان و کەلتـووری هەرێمەکەیـان بەشـێوەیەکی فەرمیـی بێتـە ناسـاندن. وایـش مەزەنـدە دەکرێـت نزیکـەی (٣٥٠٠٠) سـی و پێنـج هـەزار کـەس لـە بەلژیـك زانیارییـان لـە زمانـی لۆکسـەمبۆرگیی دا هەیـە.

سەرچاوە:

(Mercator news) ئابـی ٢٠٠٢، هەروەهـا (Eurolang news) برۆکسـل ١١ی ئەیلوولـی ٢٠٠٢ نووسـینی (ئیڤـا بلاسـەر). ئۆکتەبـەری ٢٠٠٢.

لـە کۆتایـی ئەیلولـدا لـە کۆبوونەوەیەکـی پەرلەمانیـی ئەنجومەنـی ئەوروپـادا ٦٨ دەنـگ لـە ١٠٠ دەنـگ، دەنگیـان بـۆ وەرگرتنـی راپۆرتەکـەی لەمـەڕ پاراسـتنی کەمایەتییەکانـدا لـە بەلژیکـدا. راپۆرتەکـە کـە لەلایـەن (لیللـی نابـۆز هایدگـەر)ی سـویسرییەوە ئامادەکرابـوو دەڵێـت بێجگـە لـە کەمینـەی نەژادیـی جەرمانیزمـان

لـە خۆرهەڵاتـی بەڵژیکـدا کەمایەتـی تریـش لەسـەر ئاسـتی هەرێمایەتـی بوونیـان هەیـە. ئەمـە ناکۆکیـی و مشـتومڕی دروسـتکرد لـە نێـوان ١٢٠٠٠٠ سـەد وبێسـت هــەزار فەرەنســیزمانی دانیشــتووی دەوروبــەری برۆکســلدا! ئەوانــەی بەشــێکن لــە کۆمەڵگــەی فلەمیشــی و دەخــوازن پێگــەی کەمینەیەکیــان لەلایــەن پەیمانــی ئەنجوومەنــی ئەوروپــاوە پــێ بدرێــت.

چەندیـن نوێنـەر لـە دانیشـتنەکەی پەرلەمانـی سـەر بـە ئەنجومەنـی ئەوروپـا دووپاتـی ئەوەیانکـردەوە کـە سیسـتەمی ئاڵـۆزی بەڵژیـك هەنـدەی دی لـە پرۆسـەی دوور و درێـژ و سـەختی دانوسـتاندندا بەمەبەسـتی راگرتنـی هاوسـەنگیی لەنێـوان هۆڵەندیـی زمـان و فەرەنسـیزمانەکانی وڵاتـدا گرژتـر و نالەبارتـر بـووە. ئـەم رێ و شـوێنانە لەلایـەن سـەرجەمی پارتییـە پێوەندییدارەکانـەوە و قەبوولکـراون. (رینـزۆ گۆبـەرت) بەنـاوی گرووپـی (پارتـی ئەوروپـا)وە دەڵێـت « ئەنجومەنـی ئەوروپـای بـۆی نییـە دەسـت بخاتەئـەو کارەوە». کەچـی بەلژیکـە فەرەنسـیزمانەکان پێیانوایـە گفتوگۆکـەی نێـو ئەنجومەنـی ئەوروپـا بـە هیـچ شـێوەیەك دەسـتتێوەردان نییـە.

(جـان پـۆل هیـنری) لـە (گرووپـی سوشـیالیەکان) لەستراسـتبۆرگ دەڵێـت: رێککەوتنـی گشـتی (یەکێتـی بیروبـاوەڕ) لـە بەلژیـك زۆر زەحمەتـە دروسـت بێـت بەبـێ یارمەتیـی دامەزراوەییەکـی بێلایەنـی وەکـو (ئەنجومەنـی ئەوروپـا). بەلژیـك بەڵگەنامـەی ئەنجومەنـی ئەوروپـای لـە تەممـووزی ٢٠٠١دا ئیمـزا کـرد بەمەرجێـك چەمکـی «کەمینـە» هێشـتا هـەر دەبـێ لـە کۆنفرانسـەکی نێـو وەزیرانـدا لەمـەڕ سیاسـەتی دەرەوە پێناسـەی بـۆ بکرێـت.

جـا کـە ئەمـە تـا ئێسـتێ نەکـراوە (راپۆرتـی ئەنجوومەنـی ئەوروپـا) دانـی بـەوە دانـاوە کـە (کەمایەتییـەك لەسـەر ئاسـتی دەوڵـەت لـە بەلژیـکا، کۆمەڵـەی جەرمانیزمانەکانــە و لەســەر ئاســتی هەرێمایەتیــش فەرەنســیزمانەکانی هەرێمــی هۆڵەندیزمــان و جەرمانیزمانەکانــن و هەروەهــا ئەوانەیشــن کــە لــە هەرێمــە فەرەنســیزمانەکەدا بــە هۆلەندیــی و جەرمانیــی قســە دەکــەن).

راپۆرتەکـە هەروەهـا ئامۆژگاریـی حکومەتـی بەلژیکـی دەکات تـا زووە پـرۆژەی پەیمانەکـە پەسـەند بـکات، تاکـو بیسـەلمێنێت کـە سـەرجەم کەمینـە نەژادییـەکان لـە وڵاتـدا لەهـەر ئاسـتێکدابن پارێـزراون.

بـۆ ئـەوەی پـرۆژەی پەیمانەکەیـش پەسـەند بکرێـت پێویسـتی بـە رەزامەندیـی ئەنجوومەنـی هـەر حـەوت پەرلەمانـە سـەرەکییەکانە بـە پەرلەمانـی فلەمیشـیەوەش.

پاتریـك دیوەیـل، سـەرەك وەزیرانـی حکومەتـی فلەمیـش، گوتـی کاردانەوەکانـی تایبـەت بـە سـەرکەوتن لەلایـەن فەرەنسـیزمانەکانەوە دوابـەدوای قەبولکردنـی راپۆرتەکـەوە، وای لێدەکـەن، لـە هـەر کاتـێ کەمـتر چاوەڕوانـی ئـەوە بێـت کۆنفرانسـی نێـو وەزیـران لەمـەڕ سیاسـەتی دەرەوە بگەنـە دانانـی پێناسـەیەکی هاوبـەش بـۆ چەمکـی (کەمایەتـی).

سـەرچاوە Eurolang news ستراسـبورگ ٢٧ی ئەیلوولـی ٢٠٠٢. نووسـینی (مارگرێـت ئۆبـەر هۆفـە).

٧- سەرەنجام: تێبینییە کۆتاییەکان:

دەوڵـەت پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ و ئازادییـەکان بەپێـی سـەرەتاکان و پێـوەرە و پێوانەکانـی یاسـای نێودەوڵەتیـی دابیـن و مسـۆگەر دەکات.

١- یاسادانان (یاسازیی)

٢- دەستوور

٣- پێگە و شوێنی زمان

دەستوور: ساڵی ١٩٧٠ بڕیاری لێدراوە.

(پێگەی بەڵگەنامەیی ١٧ی شوباتی ١٩٩٤).

لەبارەی بەڵژیکی فیدراڵ، پێکهاتەکانی و سنوورەکانی

مادەی (١)

بەڵژیـك دەوڵەتێکـی فیدرالییـە لـە کۆمەڵانـی خەڵـك و ناوچـە و هەرێمـەکان

پێکهاتــووە.

ماددەی (٢)

بەڵژیـك لـە ٣ کۆمەڵگـە پێکدێـت: کۆمەڵگـەی فەرەنسـی، کۆمەڵگـەی فلەمیشـی و کۆمەڵگـەی جەرمانـی. بەڵژیـك لـە سـێ هەرێـم پێکدێـت: هەرێمـی والـوون، هەرێمـی فلەمیـش و هەرێمـی برۆکسـل.

ماددەی (٤)

بەلژیــك چــوار هەرێمــی زمانیــی هەیــە، هەرێمــی فرەنســیزمان، هەرێمــی هۆڵەندیزمــان، هەرێمــی جووتزمانیــی برۆکســلی پایتەخــت و هەرێمــی جەرمانیزمـان. (هەریـەك لـە موقاتەعەکانـی) شانشـینەکە بەشـێکە لـە یەکـێ لـەم هەرێمـە زمانییانـەوە. گۆڕانـکاری لـە مـەودای سـنوورەکانی هـەر چـوار هەرێمـە زمانییــەکان یاخــود هەموارکردنیــان تەنهــا لــە ڕێــی یاســایەکەوە دەکرێــت کــە بــە زۆرینــەی دەنگــی هەریــەك لــە گرووپــە زمانییــەکان لەهــەر ئەنجوومەنێکــدا پەســەند کرابێــت بــەو مەرجــەی کــە زۆرینــەی ئەندامانــی هــەر گرووپێــك بەیەکــەوە کۆبووبێتنــەوە و لــەو ســاتەوەختەوە کــە کــۆی دەنگــە ئەرێییــەکان کەلەلایـەن هـەردووك گرووپـە زمانییەکانـەوە دراون یەکسـان بێـت لانـی کـەم بـە دوو سـێیەکی (٣/٢) ئـەو دەنگانــەی دەربــڕدراون.

هەرێمـی والـوون لـەم ناوچانـە پێکهاتـووە، زی و والـوون برابانـت، هاینـاوت، لیــژ، لۆکســەمبۆرگ و نامــور. هەرێمــی فلەمیشــی لــەم ناوچانــە پێکهاتــووە. ئەنتۆێــرپ، برابانتــی فلەمیشــی، فلەنــدەرزی خۆرئــاوا، فلەنــدەرزی ڕۆژهــەڵات و لیمبــۆرگ.

ماددەی (٣٠) هەڵبژاردنی زمان:

بەکارهێنانــی زمــان لــە بەلژیــك ئارەزوومەندانەیــە، تەنهــا قانــوون بــۆی هەیــە لــەم مەســەلەیەدا ڕۆڵ ببینــێ، ئەمەیــش بــە تەنهــا بــۆ فەرمــان و ئەرکەکانــی دەســەڵاتداران و بابەتــە یاســاییەکانە.

ماددەی (٤٣)

١- بـۆ ئـەو حاڵەتانـەی دەسـتوور دیاریکـردوون ئەندامـە هەڵبژێردراوەکانـی هەریـەك لـە ئەنجوومەنـەکان بەسـەر دوو گروپـی فەرەنسـیزمان و گرووپـی هۆڵەندیزمانـدا دابـەش دەکرێـن، بـەو شـێوازەی لەیاسـادا هاتـووە.

٢- ئـەو سـیناتۆرانەی (پیرانـەی) لـە ماددەکانـی (٦٧) (١) (٢،٤،٧) ئاماژەیـان بـۆ کـراوە گرووپـە فەرەنسـیزمانەکەی سـیناتەکە پێکدێنـن، کەچـی سـیناتۆرەکانی لـە مـاددەی (٦٧) (١) (١،٣،٦) ئاماژەیـان پێکـراوە گرووپـە هۆڵەندیزمانەکـەی سـیناتەکە (ئەنجومەنـی پیـران) پێکدێنـن.

ماددەی (٥٤)

١- بـەدەر لـە (بودجـە) و ئـەو یاسـایانەی زۆرینەیەکـی تایبەتیـان پێویسـتە پێشـنیازێکی ڕەوا کـە لانـی کـەم سـێ چواریەکـی (٤/٣) ئەندامانـی یەکێـك لـە گرووپـە زمانییەکانـەوە ئیمـزا کرابێـت و لـە دوای پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتەکـەوە پێشـکەش کرابێـت و بـەر لـە دەنگدانـی کۆتایـی لـە دانیشـتنێکی گشـتیدا، ئـەو پێشـنیازە دەتوانێـت بڕیـاری ئـەوە بـدات کـە بەندەکانـی پـرۆژە یاسـایەك ئێجـگار زۆر مەترسـیدارە و زیـان بـە پێوەندییەکانـی نێـوان کۆمەڵـەکان دەگەیەنێـت.

٤- ئـەم ڕێبـازە دەتوانرێـت تەنهـا یـەك جـار لەلایـەن ئەندامانـی گروپێکـی زمانییـەوە پەیـڕەو بکرێـت، بەلەبەرچاوگرتنـی هەمـان گەڵاڵەنامـە یـان پێشـنیاز.

ماددەی (١٢٩)

- ئەنجوومەنەکانـی کۆمەڵانـی فەرەنسـیزمان و هۆڵەندیزمانـەکان (بـە دەر لـە ئەندامانـی پەرلەمانـی فیـدراڵ) بـە فەرمـان حوکـم لەسـەر هـەر شـتێ دەکـەن کـە پێوەندیـی بـە هـەر یەکێکیانـەوە هەبێـت لەبـارەی بەکارهێنانـی زمـان بـۆ:

١- کاروبارەکانی بەڕێوەبردن.

٢- خوێنـدن (پـەروەردە) لـەو خوێندنگەیانـەدا کـە دروسـت دەکرێـن، پاڵپشـتی و یارمەتـی دەکرێـن و بەرەسـمی دەناسرێـن لەلایـەن دەسـەڵاتی گشـتییەوە.

٣- پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێوان خاوەنکارەکان و کارگەر و فەرمانبەرانیان وێڕای یاسا و بەڵگەنامەگەلی ناوکۆیی کە قانوون و پەیڕەوەکان دەیانخوازن و (بە پێویستیان دەزانن).

٤- ئەم فەرمانانە هێزی قانوونیان هەیە لە هەرێمەکانی فەرەنسیزمان و هۆڵەندیزمانەکاندا بە دوای یەکدا.

٥- ئەو کۆمیسیۆن یان گروپانەی دراوسێی هەرێمی زمانەوانی ترن کە یاسا تیایدا رێگە بە بەکارهێنانی زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی ئەو هەرێمەی کە تیایدا هەڵکەوتوون دەدات بۆ ئەم کۆمیسیۆنانە هەندێ رێوشوێنی مامناوەندیی بۆ بەکارهێنانی زمان دانراوە. وەك باسکراوە لە (١) دا دەکرێ تەنها لەرێگای قانوونێکەوە بێت کە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرابێت وەك لە ماددەی (٤)ی پەرەگرافی پێشوودا هاتووە.

٦- خزمەتی ئەو چالاکییانە دەکات لە دەرەوەی مەودای هەرێمە زمانییەکەدا لەگەڵ ئەوانەدا کە لە تەکیاندا دامەزرێنراون.

٧- ئەنیستیتۆی فیدرالی یان نێودەوڵەتی بەپێی یاسا دامەزراو و ئەوانەی چالاکییەکانیان هاوبەش و گشتییە بۆ زێتر لە یەك کۆمەڵ.

ماددەی (١٣٦)

١- لە قەڵەمڕەوی ئەنجوومەنی هەرێمی برۆکسلی پایتەختدا گروپگەلی زمانەوانیی هەن، هەروەها لە نێوان یەکە فەرمانڕەواییەکاندا، کە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەدا بەڕێزەوە پۆلێن دەکرێن و پێکهاتەکانیان کاروباری کارگێڕییان بەرپرسیاریەتییان و بێ ئەوەی زیان بە ماددەی (١٧٥) بگەیەنێت، خەرجیی و کاروباری داراییان بە یاسایەك رێکخراون کە بە زۆرنەی دەنگ وەرگیراوە، وەکو لە ماددەی (٤) لەپەرەگرافی سەرەوەدا باسکراوە.

ماددەی (١٣٨):

١- ئەنجوومەنی کۆمەڵی فەرەنسیی لەلایەك و گرووپی زمانەوانیی فەرەنسی

لـە ئەنجومەنـی هەرێمـی برۆکسـلی پایتەختـدا، لەلایەکـی دیکـەوە، بۆیـان هەیـە بـۆ گونجاندنـی هاوبـەش و هەمـووش بـە فەرمـان بڕیـاری ئـەوە بـدەن کـە ئەنجوومەنـی هەرێمـی والـوون و حکومـەت لـە هەرێمـی زمانیـی فەرەنسـی داو، هەروەهـا ئەنجومەنـی هەرێمایەتـی برۆکسـلی پایتەخـت و یەکـە کارگێڕییەکانـی لـە هەرێمـی جووتزمانیـی برۆکسـلی پایتەختـدا، دەشـێت تـەواوی یـان بەشـێکی بەرپرسـیارییەتییەکانی (کۆمەڵـی فەرەنسـیی) پیـادە بکـەن.

٢- ئـەم فەرمانانـە بـە زۆرینـەی ٢/٣ دوو سـێیەکی دەنگـەکان لـە ئەنجوومەنـی کۆمەڵـی فەرەنسـییدا، هەروەکـو بـە زۆرینـەی رەهـا لـە ئەنجوومەنـی هەرێمایەتـی والـوون و لەلایـەن گرووپـی زمانەوانیـی فەرەنسیی لەنـاو ئەنجومەنـی هەرێمایەتـی برۆکسـلی پایتەختـدا وەردەگیرێـن. بەمەرجێـك زۆرینـەی ئەندامەکانـی ئەنجومەنەکـە یـان هـی ئەندامانـی گروپـە زمانەوانییـە پێوەندیـدارەکان لـە دەنگدانەکانـدا ئامـادە بـن. دەشـتوانن خەرجیـی و دارایـی بەرپرسـیاریەتییەکان بچەسـپێنن کـە خۆیـان دایدەنێـن، لەگـەڵ گواسـتنەوەی کارگـەران و سـەرمایە و مافـەکان و ئەرکـەکان کـە لەوانەیـە پێوەندییـان پێیانـەوە هەبێـت.

ماددەی (١٣٩)

لەسـەر داوای حکومەتەکانـی خۆیـان ئەنجومەنـی کۆمەڵـی جەرمانیزمـان و ئەنجومەنـی هەرێمایەتـی والـوون، دەتوانـن بـە فەرمـان، بەمەبەسـتی گونجاندنـی گشـتیی هاوبـەش، بڕیـار بـدەن کـە بەرپرسـیارییەتییەکانی هەرێمایەتـی والـوون دەشـێت هەمـوو یـان بەشـێکی لەلایـەن ئەنجومەنـی کۆمەڵگـەی جەرمانیزمـان و حکومەتـەوە لـە هەرێمـی جەرمانیزمانـدا پیـادە بکرێـن.

تێبینی:

تـەواوی دەقـی دەسـتوورەکە و زانیـاری زیاتریـش لەمـەڕ پاشـخانی وڵاتـی بەلژیـك لـە (پـرۆژەی قانونـی دەسـتووریی نێودەوڵەتیـی) لـە (زانکـۆی وریزبـۆرگ) دا (University of Wurzburg) دەسـتدەکەون.

## سەرچاوەکان:


- CIA – the world fact book 1999
- Microsoft Encarta Encyclopedia 2002
- In/tarnation constitutional Law 1994-13 April 2000, University of Wurzburg.
- The European Bureau for lesser Used Languages (Brussels and Duplin office)
- Minority, languages- Belgium.
- Website of the information network on Education in Europe, Belgium.
- Euro mosaic Report on Belgium (١٩٩٨).

# پاکستان

زانیاری گشتی:

پێتەخــت: شــاری ئیســلامئاباد، ژمــارەی دانیشــتوانی (٥٢٤٥٠٠) ســاڵی (١٩٩٨)

رووبــەر(٣٠٧٣٧٤) میــل دوجــا (٧٩٦٠٩٥) کیلۆمەتــر دووجــا.

شێوەی حکومەت: کۆماری فیدراڵی.

سەرجەم بەرهەمی ناوخۆیی (نەتەوەیی) و پشکی هەر یەکێك دیار نییە.

کۆی هێزی کڕین (٢٠٠٠) دۆلار ساڵی ١٩٩٩.

دانیتشوان (١٤١٥٥٣٧٧٥) کەس لە مانگی تەممووزی ساڵی (٢٠٠٠)دا.

پێکهاتەی نەژادی (نەتەوەیی):

پونجابی ٤٨٪

سندی ١٢٪

سیرایکی (جۆرێکن لە پونجابی) ١٠٪

پەشتوون (پاتان) ٨٪

(بەلووش) (بەلووچ) ٣٪

ئەوانی دی ١٩٪

زمانە فەرمییەکان:

ئـوردۆ و ئینگلیـزی دوو زمانـی فەرمیـی سـەرەکین. لەگـەڵ ئەمەشـەوە زمانـی ئـوردو بـە تەنیـا لەلایـەن ٨٪ لـە سـەدا هەشـتی دانیشـتوانەوە قسـەی پێدەکرێـت. کەچـی ئینگلیـزی زمانـی هاوبەشـی توێـژی هەڵبـژاردەی پاکسـتان و زۆربـەی زۆری وەزارەتەکانـی حکومەتیشـە.

زمانەکانی کەمینەکان:

پونجابـی، سـیندی، سـیراکی، پەشـتوو، بەلووشـی، هیندکـۆ ٢٪ براهۆیـی ١٪ بـوو شاسـکی و ئەونـی تـر ٨٪ن

توێژینەوەی زمانەوانیی:

١- باری یاسایی.

٢- پاشخان (باکگراوند)

٣- کێشە زمانییەکان

٤- گرووپە کەمایەتییەکان.

٥- نرخەکان.

٦- زمان لە ژیانی رۆژانەدا.

٧- رێککەوتننامە جیهانییەکان.

٨- هەمەچەشنە.

٩- کۆتایی

• یاسـا: یاسـا لـە مامەڵەکردنیـدا لەگـەڵ بەکارهێنانـی زمانەکانـدا، بـە گوێـرەی دەسـتووری پاکسـتان، کـە رۆژی ١٠ی نیسـانی ١٩٧٣ پەسـەند کـراوە و بـەرکار بـووە.

٩ – پێشینە: چەند تێبینیەك لەمەڕ پاشخانەوە.

پاکستان لە ساڵی ١٩٧٤ وەك نیشتمانێك بۆ موسڵمانان لە ئاسیای باشوور دامەزرێنراوە و لە سەدا ٩٧ بۆ ٩٨ی خەڵکی پاکستان موسڵمانن. دامەزرێنەرانی وڵاتەکە بە ئومێدی ئەوە بوون (ئایین) ببێتە هۆکارێکی بەهێز و پتەو بۆ شوناسی نەتەوەیی و هاوێنەیەك بێت بەسەر جیاوازییە رەگەزیی و زمانییە بەرچاوەکانی وڵاتدا زاڵ بێت و نەیانهێڵت. لێ ئەو ئاواتە گرنگەیان بەتەواوەتی بە دینەهاتووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشەوە ئایینی ئیسلام ئامادەبوونێکی ئێجگار کارای لە کۆمەڵگەی پاکستانیدا بەدەستهێناوە و گفتوگۆش سەبارەت بە رۆڵی گونجاوی لەژیانی شارستانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەر درێژەی هەیە.

لە پاکستاندا جوداخوازیی ئایینی ئێجگار زۆر ئاڵۆز هەنە. پاکتونن و بەلووچ و بونجابییەکان و سیندییەکان گشتییان موسڵمانن، وێڕای ئەمەیش ئەوانە کەلتوور و دابونەریتی هەمە چەشنەیان هەنە و بە چەندین زمانی جوداوازیش دەدوێن (دەئاخەڤن).

پونجابییەکان کە بەرفرەوانترینی ئەو گرووپە رەگەزییانەن، لە حکومەتی ناوەند و لە سوپاشدا باڵادەستن. بەلووش وپاکتوون و سیندییەکان ئەو دەسەڵات و باڵادەستیەی پونجابییەکان لە هەمبەر ئاواتەکانیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی خۆیان بە مەترسی دەزانن.

فرە رەگەزیی و تێکەڵاوبوون لەهەر دەڤەرێکدا دەبنەهۆی ئاڵۆزتر کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتیی و رامیارییەکان، سەرباری هەبوونی پتر لە (٧) حەوت ملیۆن موهاجیر (کە بریتین لە پەناهەندە و ئاوارەکانی کە لە وڵاتی هیندەوە هاتوون و نەوەکانیشیان) کە بە زمانی (ئوردو) وەك زمانی نەتەوەیی دەدوێن. جا ئەو جیاوازییە زمانەوانییانە بووەتە هۆکارێکی سەرەکیی و کاریگەری یەکنگەرتن و پەرتبوون.

لە پاکستاندا نزیکەی٢٠ زمان قسەیان پێدەکرێت و ئەگەرچی (ئوردو) زمانی فەرمییە، بەڵام زمانی نەتەوەیی زۆرینەی دانیشتوانیان نییە، لە

رەوشــی ئــەو دابەشــبوون و جوداوازیانەشــدا، ئایینــی ئیســلام تەنهــا یەکێتییەکــی چــروك (نەچەســپاو) دابیــن دەکات.

١- کێشەی زمان

ئایا لە کوێی وڵاتدا هەست بە گرفت و کێشەکان دەکرێت؟

پاکســتان بەشــێوەیەکی گشــتی وڵاتێکــی فــرە زمانییــە و هەرگیــز ناشــێ بگوترێــت هیــچ یــەك لــەو زمانانــە لەلایــەن ســەرجەم دانیشــتوانەوە هاوبــەش نــاسراوە.

ئــوردو کــە نوێتریــن (کەمتەمەنتریــن) زمانەکانــی نەتەوایەتییــە و، ســەبارەت بــە پاکســتان بــە زمانێکــی وڵاتیــی (خۆرســك) ناژمێردرێــت، شــێوەی زۆر لــە زمانــی (هینــدی) کــە زمانێکــی فەرمیــی هیندســتانە دەکات. گەرچــی هــەردوو زمانیــش (هینــدی و ئــوردو) ریشــەی هاوبەشــیان هەیــە. وەلــێ ئــوردو لــە شــێوە ئەدەبــی و فەرهەنگییەکەیــدا زۆر وشــەگەل بــەکار دەهێنێــت کــە لــە بنەچــەدا ســەر بــە فارســی و عەرەبیــن.

لەکاتێکــدا زمانــی هینــدی وشــەگەلی وا بــەکار دەهێنێــت کــە لــە بنەچــەدا سانســکریتین، ئــوردو بــۆ نووســین و (ئەلفــو بێیــەك) بــەکار دێنێــت کــە شــێوەیەکی چاککــراوی (ئەلــف و بێــی) فارســییە، (لەراســتەوەبۆ چــەپ دەنووسرێــت). کەچــی (هینــدی) پیتــی ئەلفوبێــی (دیڤاناگــری Devanagari) کــە لــە چەپــەوە بــۆ راســت دەنووسرێــت بەکاردێنــێ.

دەســتووری ســاڵی ١٩٥٦ بەکارهێنانــی زمانــی ئینگلیــزی بــۆ کاروبــارە فەرمییــەکان بــۆ مــاوەی ٢٠ ســاڵان چەســپاند و دواتریــش دەســتوورەکەی ســاڵی ١٩٦٢ ماوەکــەی درێژکــردەوە  بــۆ کاتێکــی دیارینەکــراو، وێــڕای ئەمەیــش دەســتووری ســاڵی ١٩٧٣ ماوەیەکــی راگوزاریــی (١٥) ســاڵەیی بــۆ زمانــی ئــوردو دیاریکــرد کــە لــە پــاش ئــەو ماوەیــەدا ناشــێ چیــتر زمانــی ئینگلیــزی بــۆ کاروبــاری فەرمیــی (رەســمی) بــەکار ببرێــت.

ئــوردو زمانــی دایکــی تەنهــا ڕێژەیەکــی کەمــی (بچووکــی) دانیشــتوانی پاکســتانە. لەگــەڵ ئەمەشــەوە لــە فێرگــە و قوتابخانەکانــدا شــان بەشــانی زمانــە هەرێمایەتییەکــەی هــەر ناوچەیــەك دەخوێندرێــت و فێــری دەبــن. زمانەکــە خــۆی لــە ســەردەمی موغــاڵ (Mughal) (١٥٢٦-١٨٥٨)دا پەیــدا بــووە، بەشــێوە فەرهەنگییەکــەی واتــای زمــان (کامــپ- ئــوردوگا) دەگەیەنێــت. چونکــە لەلایــەن یەکــە ســەربازییەکانی (ســوپای) موغالــە ئیمپریالیســتەکانەوە قســەی پێدەکــرا، ئــەو داگیرکارانــەی لــە ئاســیای ناوەڕاســتەوە هاتبــوون، کاتێــك لەگــەڵ ئەوانــەدا تێکــەڵاو بــوون کــە بــە دایەلێکتــی (شــێوە زمــان)ی هینــدی باکــوور دەدوان.

ئەوەبــوو بــەرە بــەرە، ڕەگــەز و پێکاتەهــای زمانــی فارســی (کــە زمانــی ڕەســمی ئیــدارەی موغــاڵ بــوو) هاتنــە ناویــەوە و تێکــەڵاوی بــوون. ســەرەنجام لــە ســەدەکانی حەڤــدە و هــەژدەی زاینیــدا شــێوازی ئەدەبــی ڕێکوپێکــی تایبــەت بەخۆیــەوەی وەرگــرت (واتــا زمانــی ئــوردو) هەرگیــز شــێوەی نووســینی (دیڤانەگــەری) کــە لــە سانســکریتی و هینــدی تــازە و ســەردەمدا بــەکار دەبــرا بــەکار نەهاتــووە. لــە جیاتــی ئــەوەدا ئــوردو هەمیشــە بــۆ نووســین پیتــی ئەلــف و بێــی فارســی بەکارهێنــاوە.

ئــەم دوو زمانــە ئەدەبییــە، ئــوردو و هینــدی لــە زمانــی ڕۆژانــەی خەڵکــی هیندســتان کــە زمانــی هاوبەشــی هینــدی نوێــی بــەر لــە دابەشــبوون بــووە ســەرچاوەیانگرتووە و پەیــدا بوونــە، ئــوردو، گەرچــی زمانــی فەرمــی نەتەوەییــە، بــەڵام تەنهــا لــە ســەدا هەشــتی (٨٪) دانیشــتوان قســەی پێدەکــەن. ئــوردو شــوناس و ناســنامەی هاوبەشــی موســلمانان بەرجەســتە دەکات و وەکــو ئەلقەیەکــی پەیوەســتی (بەیەکــەوە گرێــدان) لــە نێــوان خەڵکانــی پاکســتاندا ڕۆڵ دەبینــێ. لــە دوای سەربەخۆبوونیشــدا هاوبەنــدی ئیســلام (هــەروەك هاوبەنــدی ســەرجەمی موســڵمانە هیندییــەکان عادەتــا ئاماژەیــان بــۆ دەکــرا) وەك زمانێکــی نەتەوەیــی پەرەیــان بــە زمانــی ئــوردودا، بەمەبەســتی ئــەوەوە کــە یارمەتــی دەوڵەتــی تــازە

دروستبووی پاکستان بدەن و شوناسنامەیەك بۆخۆی بچەسپێنێت، هەرچەند لە راستیدا ژمارەیەکی ئێجگار کەمی خەڵك قسەیان پێدەکرد.

بەڵام هەرچۆنێ بووە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەستەبژاردە و رۆشنبیر زمانی ئینگلیزی بەرەوانی دەزانن بۆیەکا ئەم زمانە (ئینگلیزی) بەپێی ئەمری واقیع بووەتە زمانی نیشتمانی. ئەو هەڵمەت و فشارەیش کە بۆ ئەوە کرا زمانی ئوردو پەرەی پێبدرێت و پێشبخرێت، پشتیوانی و لایەنگری ئەوتۆی لە رۆژهەڵاتی پاکستاندا لێنەکرا، چونکە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانەکانی بە زمانی (بەنگالی) دەدوێن (کە بە شێوەیەکی رەسمی لە وڵاتی بانگلادیشدا هەر لە ساڵی ١٩٧١ بە دواوە بەناوی بانگلا (Bangla) ئاماژەی بۆ دەکرێت). لە ناوچەی دەککا (Dhaka) دا پشێوی و کێشەکانی زمان لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە سەریانهەڵداوە و لە ئاکامدا بوونە هۆکاری گەشەسەندن و باڵادەستبوونی زمانی بەنگالی وەك دووەم زمانی نیشتمانی شان بەشانی (زمانی ئوردو)دا. تاوەکو جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی پاکستانی خۆرهەڵات لە ساڵی ١٩٧١دا، کە بەناوی بەنگلادیش وەك وڵاتێکی سەربەخۆ هاتە ئاراوە و بەنگلا (Bangla) وەك زمانی فەرمی ئەم وڵاتە نوێیە بڕیاری لێدرا و پەسەند کرا.

٢- گرووپە کەمایەتییەکان

زانیاری دروست بەردەست نییە.

٣- نرخ و بەها

زانیاری دروست بەردەست نییە.

٤- زمان لە ژیانی رۆژانەدا

بەکارهێنانی زمان لە ژیانی رۆژانەدا، بۆ نموونە پەروەردە، پەخش و بڵاوکردنەوە و شتی تریش.

لەدەستپێکی ساڵەکانی ١٩٩٠ و پتر لە ١٥٠٠ رۆژنامە و بڵاوکراوە لە وڵاتدا

هەبـوون، تیایانـدا هەبـوون بـە زمانەکانـی ئـوردو، ئینگلیـزی و هەروەهـا زمانـە ناوچییەکانیـش دەردەچوێـنران. بـە زمانـی ئـوردو دەردەچـن بریتیـن لـە (جەنـگ) (نـەوای وەقـت) (جەسـارەت) (مەسـاوات) (مەشریـق) و (حوورییـەت).

لـە کتێـکـدا رۆژنامـە نیشـتمانییە سـەرەکییەکان کـە بەزمانـی ئینگلیـزی رۆژانـە دەردەچـن بریتیـن لـە (Dawn) بەیانـی (پاکسـتان تایمـز) (morning) (Muslim news) هەواڵەکانـی سـبەینە، (nation) نەتـەوە یـان گـەل (frontier post) بەریـدی سـنوور و هەروەهــا (news) دەنگوبــاس لــە کاتێـکـدا (Herald) گۆڤارێکـی زۆر گرنگـە کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی چـاپ و بڵاودەکرێتـەوە.

لـە پاکسـتان زمانـی پونجابـی بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە قسـەکردندا بـەکار دەهێندرێـت تـا لـە نووسـیندا و، زێتریـش لـە دەڤـەرە دەشـتەکییەکان (دێهاتـەکان) دا تـا لەشـارەکان بـەکاری دێنـن، کەچـی ئـوردو نـەك پونجابـی یەکـەم زمانـە کـە لـە قوتابخانەکانـی پونجابـدا دەخوێندرێـت.

هـەر بۆیەشـە هەمـوو پونجابییەکانـی خوێنـدەوار زمانـی ئـوردو بـە خوێندنـەوە و بــە نووســین دەزانێــت. خوێنــدن و رێنماییــەکان هەتــا ســەرەتای ســاڵی هەشـتایەکانیش لـە باشـترین فێرگەکانـدا هـەر بـە زمانـی ئینگلیـزی بـوون. خەڵـك هەمیشـە پەرۆشـی فێربـوون و زانیـن و قسـەکردن بـە ئینگلیـزی بـوون چونکـە هۆکارێکـی گرنـگ و سـەرەکی بـوو بـۆ مسـۆگەر کردنـی وەرگیرانـی خوێنـدکار لـە زانکۆکانـی ئینگلتـەرە و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و ئوسـترالیا.

دواتـر ئـوردو شـوێنی خـۆی کـردەوە و بـووە زمانـی خوێنـدن و فێربـوون لـە قوتابخانـە میرییەکانـدا.

ژێدەر ( تازە بابەت- ئەیوولی ٢٠٠٢).

زمـان یەکێکـە لەکێشـە هـەرە گرنگـەکان لـە پاکسـتانی تـازەدا، زمـان خـۆی کلیلـی دابەشـکردنی هێـز و توانسـتە لـە مابێنـی سـەرجەم گرووپـە رەگەزییـەکان و چینـە ئابـووری- کۆمەڵایەتیەیـکان و تاکەکانـدا کـە لـە وڵاتـدا نیشـتەجێن.

ئینگلیزی:

زمانـی ئینگلیـزی هەرگیـز هـی ئـەوە نییـە کـەس دەسـتبەرداری بێـت، مادامەکـی هێـز و کاریگـەری شـیاوی هەیـە لـە پرۆسـەی دامەزراندنـی سـەردەمیانەدا.

هەرکەسـێ ئەگـەر زمانـی ئینگلیـزی نەزانێـت، لـە توانایـدا نابێـت کارو فەرمانـە بـاش و بـە سـوودەکانی چـی لـە دامودەزگاکانـی میـری، یاخـۆ لـە شـوێن و کارە تایبەتییەکانــدا وەدەســت بهێنــێ. جــا هەرچەنــدە ژمارەیەکــی باوەڕپێکراومــان بــۆ ئەوانــەی بــە ئینگلیــزی قســە دەکــەن لەبەردەســتدا نییــە، لەگــەڵ ئەمەشــدا ســەرژمێری (ئامار)یەکــی ســاڵی ١٩٦١ راگەیانــدووە کــە رێژەکــە لەســەدا (٢,٧٪) بووبێــت، کــە توانیویانــە بــەو زمانــە بدوێــن. ئــەو رێژەیــەش ئەلبەتــا دەبــێ زیـادی کردبـێ چونکـە چینەکانـی ناوەنـد (سـالارییەکان) فرەوانـتر بوونـە و، کارو فەرمانـە چاکەکانیـش هەمیشـە شـارەزایی و لێهاتـووی لـەو زمانـەدا لـە داوکاریـان دەخـوازن. جـا بێتـو ئەوانـەی لـە تاقیکردنەوەکانـی وەرگێڕانـی زانکـۆدا کـە تیایـدا زمانـی ئینگلیـزی بابەتێکـی ئیجبارییـە سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێناوە بـەوە بژمێرێـن کـە بـە خوێندنـەوە و بـە نووسـین ئینگلیـزی زانـن ئـەوا ژمارەکـە لـە سـاڵی ١٩٨١ (ئامـاری ١٩٨١) دەگاتــە (١٩,٥٦٪).

وێــڕای ئەمــەش زۆرینــەی دەرچووانــی ئەزموونەکانــی وەرگرتــن لــە فێرگــە ناوەندییـە گشـتییەکاندا هـەر ئەمەتـا دەتوانـن کتێبەکانـی خوێندنیـان بخوێننـەوەو بــەس، ئەگینــا ناتوانــن بەزمانــی ئینگلیــزی قســە بکــەن. بــەو پێیــە ژمــارەی ئەوانــەی بەرەوانــی زمانــی ئینگلیــزی دەزانــن دیســانەوە دادەبەزێــت بــۆ رێــژەی ٣یــان ٤ لەســەدای دانیشــتوانان.

ئوردو

بــە پێچەوانەشــەوە زمانــی ئــوردو زۆرتــر بڵاوەلــە نێــوان دەچووانــی تاقیکردنەوەکانــی وەرگرتنــدا، کاتێــك ٢٠٪ لەســەدا بیســتیان بەتەواویــی دەیزانــن. خوێندکارانـی دواناوەنـدی و پەیمانـگا لاهوتـی و خوێندنگـە ئایینیـەکان، سـەربازان،

هەروەهــا چینــە کارگــەرە نەخوێندەوارەکانیــش ئەوانــەی لــە شــارەکاندا ژیــان بەسـەر دەبـەن. زۆر بـە خێرایـی فێـری دەبـن و زۆر باشـیش بـەکاری دێـنن. ئـوردو بۆیــە وا زوو بــەو فرەوانییــە پــەرەی ســەند و بــڵاو بــۆوە چونکــە لــە پێوەندییــە نێوخۆیــی و ناوچەییــەکان و میوانداریکــردن و راگەیانــدن (میدیــا) و لەســەرووی هەمووشـیانەوە بـۆ کارەکانـی چیـن و توێـژە ناوەندییـە نزمـترەکان لەسەرتاسـەری پاکســتاندا بەکاردێــت (تەنهــا لــە دەڤــەرە دێهاتییەکانــی ســیند نەبێــت). لــە هەمانکاتیشـدا ئـوردو و زمانێکـی ئیسـلامییە بـەو مانایـەی کەلـە سـایەی حوکمـی بەریتانییەکانــدا لەلایــەن زانــا ئاینییــە ئیســلامییەکانەوە (ئولیمــە و پیاوانــی کەنیســەش (مۆلڤێــز) بــەکار هاتــووە بــۆ بڵاوکردنــەوەی ئیســلام.

هەروەکــو ئــوردو زمانــی پەخشــنامە و ئامــۆگاری (وەعــز) و کــۆڕ و وتــارە ئاینیەکانیشـــە.

عارەبی:

تەنهــا ژمارەیەکــی زۆر کەمــی خەڵکــی ئاینپــەروەر لــە خوێندنــگاکان و چەنــد ئەکادیمــی و زانایــەك ئەوانــەی پەیوەســتن بــە ئیســلام یاخــود زمــان و ئەدەبـی عارەبییـەوە، لـە زمانـی عارەبـی تێدەگـەن. ئەگەرچـی موسـلمانان فێـری خوێندنــەوەی (قورئــان) دەبــن (بەپێــی ئامــاری ســاڵی ١٩٨١ لــە ســەدا ١٨,٣٧٪ی دانیشـتوانان دەتوانـن بیخوێننـەوە) ئـەو خوێندنـەوەش لـەوە زێـتر نییـە کـە پیتـە عارەبییـەکان دەناسـن! دەنـا ئەمـان نـە واتـا و مانـای وشـەکانیان فێـر دەکرێـت، نـە دەشـتوانن وشـەگەلی عارەبـی بخوێننـەوە، گـەر بێتـو ئـەو هێـما و نیشـانانەی لەنوسـخەکانی (قورئـان)دا کـە بـە رێنووسـی پاکسـتانی لەچاپـدراون بەکاردێـن، لــەو دانانــەی (قورئــان) دا نەبــن کــە بــە رێنووســی عارەبــی چاپکــراون.

فارسی:

زمانــی فارســیش بــە تەنهــا چەنــد پســپۆڕێك لێتتێدەگــەن، زمانەکــە لەلایــەن فێرکارانــەوە وەك هەڵبژاردنێکــی ســانا لــە هەنــدێ تاقیکردنــەوەی دیاریکــراودا

کـە یارمەتیـان دەدات بـۆ وەرگرتـن لـە فەرمانگەکانـی دەوڵەتـدا وەردەگیرێـت (دەخوێندرێـت) وەلـێ خوێنـدکاران بەگشـتی هەرگیـز لـە ئەزبەرکردنـی (دەرخکردنـی) چەنـد پارچـە پەخشـانێك بـەو زمانـە زیاتـر تێناپەڕێنـن!

زمانە خۆماڵییەکانی دایك:

ئـەو زمانانـەش یـان ئەوتـا هەرگیـز ناخوێندرێـن (وەك پونجابـی) یانەخـۆ بەشـێوەیەکی نایەکسـان دەخوێندرێـن (وەك پەشـت کـە لـە هەنـدێ قوتابخانانـدا هەتـا پۆلـی پێنجـەم ئامرازێکـی فێرکردنـە و لـە ئاسـتە بەرزترەکانیشـدا وانەیەکـی (ئیختیارییـە) یـان تەنهـا لـە دەڤەرێکـی دیاریکـراودا بـۆ نمونـە (زمانـی سـیندی کـە بـە تەنهـا لـە ناوچـەی (سـیند) دەخوێندرێـت. وێـڕای ئەمەیـش هەنـدێ کـەس بـۆ سـوود و هـەر بـە ئـارەزووی خۆیـان ئـەو زمانانـە دەخوێنـن چونکـە ئـەو پەرتووکانـەی پێیـان نووسراونەتـەوە کـە بـە (چاپبـووك) نـاسراون واتـا پەرتـووك گەلـی حەکایەتـە شـەعبییەکان ئەوانـە لـە سـەرجەم شـارە سـەرەکییەکانی پاکسـتاندا دەسـت دەکـەون. ئەمـەو زانایەکـی ئەمەریکایـی (ویلیـەم هاناوێـی) و هاودانـەرە پاکسـتانییەکەی (مومتـاز نـاسر) ٩٤٠ دانـەی ئـەو پەرتووکانەیـان بـە زمانەکانـی (پونجابـی، سـیبرایکی، هیندیکـۆ، خـۆوار، پەشـتوو، سـیندیی، فارسـی و ئـوردو) لـە لیسـتێکدا تۆمارکـردوون.

هەروەهـا جۆرەهـا فیلـم و گۆرانـی کـە بـەو زمانانـەن (بەتایبەتـی پونجابـی و پەشـتوو) لـەلای خەڵکانـەوە زۆر باویـان هەیـە و لـە بـرەودان.

خوێندنگاکان بە گوێرەی زمان

سـەبارەت بـە دابەشـبوونی کۆمەڵگـەی پاکسـتانی لەسـەر بنچینـەی چینایەتییـەوە، زمانەکانـی ئینگلیـزی و ئـوردو سـیندی هـۆکار و ئامـرازی خوێنـدن و فێرکردنـن لـە قوتابخانەکانـدا.

ئـەو قوتابخانـە ناوەندییـە ئینگلیزییانـەی توێـژی بـژاردە کـە مامۆسـتاکانیان بەتـەواوی بـە زمانـی ئینگلیـزی دەرس دەڵێنـەوە و خوێندکارانیشـیان لەوانـەن کـە

پاشـخانی باشـیان لـە زمانەکـەدا هەیـە، کرێیـان گرانـن، بۆیـەکا بـۆ خوێندکارانـی سـەربەچینی ناوەنـد و چینـی کرێـکاران دەسـتنادەن. کەچـی فێرگـە ناوەندییـە سـیندی و ئوردوییـەکان، هەروەهـا چەندانێکـی تـر لـە قوتابخانـە ئاسـت نزمـەکان ئەوانـەی زمانـی پەشـتوو بـۆ خوێنـدن بەکاردێنـن، لەلایـەن دەوڵەتـەوە بەڕێـوە دەبرێـن و هەمـوو پاکسـتانییەك بـە گشـتی بۆیـان هەیـە تیایانـدا وەربگیرێـن. ئەمانـەش زیاتـر ئـەو (مەدەرسـانە)ن کـە بەعارەبـی و ئـوردو دەرسـیان تیـادا دەوترێنـەوە هـەر لەبـەر ئـەوە نـا کـە خوێنـدن تیایانـدا بـە خۆڕاییـە، بەڵکـو بەشـی ناوخۆیـی (خـواردن و جێگەشـیان فەراهەمکـردووە، بۆیـە زۆرتـر خوێنـدکار روویـان تێدەکـەن. مەدرەسـەکانی ئـەو دەڤەرانـەی زمانیـان پەشـتووە و زمانـی پەشـتوو بـۆ خوێنـدن بـەکار دێنـن، کەچـی ئەوانـەی لـە دەڤـەرە سـیند زمانەکانـدان ئـەوا بـە زمانـی سـیندی دەرس دەڵێنـەوە، لـە پەنجـاب و بەلووجسـتان هەرچەنـدە ئـوردو زمانـی فەرمـی خوێندنـە، بـەڵام شـیکردنەو و راڤەکردنـی دەرسـەکان زۆربـەی کات بـە زمانـە ناوچەییەکـە دەکرێـت.

زانیـاری و ئامـاری تایبـەت بـە ژمـارەی خوێندنـگاکان سـەبارەت بـە زمانـی وانـە وتنەوەیـان بەردەسـت نییـە.

زمان لە رووی کارەوە

خەڵـك پێویسـتیان بـە زمـان هەیـە بـۆ مەبەسـتی دامەزرانـدن و لـەم رێگەیـەوە سـەرکەوتن لەنێـو کۆمەڵگـەدا بەدەسـت دێنـن.

زۆران کـەس هـەن زیاتـر دانیشـتوانی شـارەکان کـە بەلانـی کـەم توانایـی و هێـزی خۆیـان لـەوەوە بەدەسـتدێنن کـە دەتوانـن بـە زمانـی ئینگلیـزی و ئـۆردو بنووسـن جـا وەنەبـێ ئـەو هێـز و توانسـتەیش راسـتەوخۆ بەتەنیـا لـە باڵادەسـتی یەکێکـەوە لـەو زمانانـەدا هاتبێـت، وەلـێ بەبـێ زانینـی نووسـین و قسـەکردن بـەم زمانانـەوە، هیـچ کـەس بـۆی نییـە ببێتـە کادیرێکـی بـژاردەی توێـژی سـالارییەکانی پاکسـتان، ئاوەهـا زمـان دەبێتـە (دراو) و ئـەوی دەیشـیکرێت (هێـزە) ئەگـەر

یەکێــك نەزانــێ ئــوردو و ئینگلیــزی بنوســێت، ئــەوە ناتوانێــت تەنیــا کارێکــی بچووکیــش لــە پاکســتان (جگــە لــە دەڤــەری ســیند نەبێــت) بەدەســت بێنــێ.

ئــەو کەســەیش کەتەنیــا ئــوردو بنووســێ و زمانــی ئینگلیــزی نەزانێــت، ئــەوا دەتوانێــت کاری نزمــتر لەگشــت دەڤەرەکانــی پاکســتان پەیــدا بــکات. کەچــی کارە باشــترەکان هەمیشــە بــۆ ئەوانــە قۆرخکــراوە (پارێــزراوە) کــە دەتوانــن ئینگلیــزی بنووســن و بخوێننــەوە.

سەرچاوە:

کۆنگــرەی جیهانــی لەبــارەی سیاســەتەکانی زمانــەوە بەرشــلۆنە ١٦-٢٠ی نیســانی (٢٠٠٢) هەروەهــا (فێرکردنــی زمــان و هێــز لــە پاکســتان، نووســینی د. تاریــق رەحــمان- پرۆفیســۆری زمانەوانیەیــکان و توێژینەوەکانــی ئاســیای باشــوور لــە پەیمانگــەی نەتەوەیــی بــۆ دیراســات لــە زانکــۆی قائیــدەی ئەعــزەم٠ ئیســلام ئابــاد.

٥- رێککەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان: ئایــا پاکســتان هیــچ رێککەوتننامەیەکــی نێودەوڵەتــی ئیمــزا کــردووە کــە پەیوەســت بــێ بەپاراســتنی کەمینەکانــەوە؟

زانیاری بەردەست نییە.

٦- هەمە جۆرە: چیتر هەیە لەبارەی زمانەکان و کەمایەتییەکانەوە بیزانین؟

زانیاری بەردەست نییە.

٧- یاسا: دەستوور لە ١٠ی نیسانی ١٩٧٣وە بڕیاری لێدراوە و بەرکار بووە.

ماددەی ٢٨

بــە پشتبەســتن بــە مــاددە (٢٥١) هــەر بەشــێکی هاووڵاتییــان کــە زمــان و رێنــووس و کەلتــووری جیــاواز و چەســپاویان هەیــە، دەبــێ ئــەو مافەیــان پێبدرێــت کــە بەپێــی یاســا بیانپارێــزن و پەرەیــان پێبــدەن و بــۆ ئــەو مەبەســتانەیش پەیمانگــە گەلــی هاوشــێوە دابمەزرێنــن.

مادده ٢٥١

١- زمانـــی نەتەوەیـــی (نیشـــتمانیی) پاکســـتان ئـــوردوە، پێویســـتە هەمـــوو ئامادەکارییـەك بکرێـت تـا ئـەو زمانـە لـە فەرمانگـەکان و بـۆ هەمـوو کاروبارێکـی دیکـەش لـە مـاوەی ١٥ سـاڵاندا لـە رۆژی بەرکاربوونییـەوە بـەکار بهێنرێـت.

٢- بـە پشـت بەسـتن بـە بەنـدی (١) دەکـرێ زمانـی ئینگلیـزی بـۆ کاروبـاری فەرمیـی هەتـا ئامادەکارییـەکان تـەواو دەکرێـن بـۆ ئـەوەی (ئـوردو) جێگـەی بگرێتـەوە بـەکار بهێنرێـت.

٣- بەبـێ زیانگەیانـدن بـە دۆخـی زمانـی نەتەوەیـی، بـۆ ئەنجوومەنێکـی ناوچەیـی هەیـە بەپێـی یاسـا پێوەرگەلێـك پیـادە بـکات (دابهێنـێ) بەمەبەسـتی خوێنـدن و پێشخسـتن و بەکارهێنانـی زمانێکـی ناوچەیـی لەتـەك زمانـە نەتەوەییەکانـدا.

ماددەی (٢٥٥)

سـوێندێك کـە بەپێـی دەسـتوور پێویسـتە کەسـێك بیخـوات دەبـێ بـە زمانێـك بێـت کـە ئـەو کەسـە تێیـدەگات.

## ژێدەرەکان


- CIA – the world fact book 2000
- Microsoft Encarta encyclopedia 2000
- Encyclopedia Britannica 1999 -2000 Britannica. Com. Inc.

Most Clearing house, linguistic Rights, national constitutions. Pakistan.

# قوبرس

١- زانیاری گشتی:

پایەخت شاری (نیقوسیا)

رووبەر: ٩٢٥٠ کیلۆمەتری دووجا (٣٥٧٢ میل دووجا)

شێوەی حوکم: کۆماری.

کـۆی دەسـتکەوتی تـاك لـە بەشـی یۆنانـی (سـاڵی ١٩٩٨) ١٥٤٠٠ دۆلار لـە بەشـی تورکـەکان (٥٠٠٠) پێنـج هـەزار دۆلار بـوو. ژمـارەی دانیشـتوانی (مانگـی تەمـوزی ١٩٩٨) ٧٥٠٠٠٦٤ کـەس بـوون.

پێکهاتـەی رەگەزایەتـی: یۆنانـی ٧٨٪، تـورك ١٨٪ هـی تـر ٤٪. (لـە مانگـی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٠٣دا).

بـە گوێـرەی دواتریـن ئامـاری فەرمیـی نزیکـەی (٧٥٩١٠٠) کـەس بەشـێوەیەکی یاسـایی لـە دورگەکـەدا دەژیـن و لـە سـەدا هەشـتا و پێنجیـان ( ٨٥٪) (٦٤٧١٠٠)

لەوانــە کــە لــە ناوچەکانــی ژێردەســەڵاتی حکومەتــدان، ئەندامــی کۆمەڵگــەی ســەر بــە یۆنانییەکانــن و نزیکــەی هەشــت هــەزار مارۆنــی و ئەرمەنــی و لاتینیــان لەگەڵدایــە کــە بەپێــی بڕگــە دووی دەســتوور بــە ئــارەزووی خۆیــان پێوەندییــان بــە کۆمەڵــگای یۆنانییەکانــەوە هەڵبــژاردووە. لەمانەیــش بــە نزیکــەی (٤٦٠٠) مارۆنــی هەنــە کــە بــە شــێوەزارێکی عەرەبــی زارەکــی دەدوێــن، لەگــەڵ (٢٥٠٠) ئەرمەنــی و (٩٠٠) لاتینیــدا کــە بەشــێوەی زاری ئیتالــی قســە دەکــەن. هەروەهــا نزیکــەی (٢٤٢٠٠) ٣٪ کــە دەکاتــە ســێ لــە ســەدا و لــە ناوچەکانــی ژێــر قەڵەمــڕەوی حکومەتــدا دەژیــن، خەڵکانــی بیانیــن کــە زۆربەیــان ئینگلیزەکانــی بەریتانیــان و هێزێکــی کاریگــەری فرەرەگەزیــن وەکــو (فلیپینــی، سریلانکــی، رۆمانــی و ..هتــد).

کۆمەڵــگای تورکــە موســڵمانەکانی قوبــرس کــە لــە باکــووری دوورگەکــەدا دەژیــن بــاڵا دەســتن ژمارەیــان بــە (٨٧٨٠٠ کــەس واتــە ١٢٪) مەزەنــدە دەکرێــن و ژمارەیەکــی ئێجــگار کــەم (٢٥٠ کــەس) قەرەجــی موســڵمانیان (gypsy) تێدایــە.

زمانە فەرمییەکان: یۆنانی، تورکی.

زمانــی کەمینــەکان. تورکــی دەکــرێ بــە زمانێکــی کەمینــە بژمێردرێــت چونکــە رێــژەی (١٨٪)ی هەیــە، هەروەهــا زمانەکانــی ئەرمەنــی و مارۆنیــش.

توێژینەوەی زمانەوانی

١- لــەرووی یاســاوە ٢- پاشــخان ٣- کێشــە زمانییــەکان ٤- گرووپــە کەمایەتییــەکان ٥- نــرخ و بەهــاکان ٦- زمــان لــە ژیانــی رۆژانــەدا ٧- رێککەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان ٨- هەمەچەشــنەکان. ٩- دەرەنجــام.

١- یاسازی:

پێوەندی یاسا بە بەکارهێنانی زمانەوە

دەســتووری کۆمــاری قوبــرس کــە لــە ١٦ی ئابــی ١٩٦٠ خراوەتــە بــەرکار هــەروو زمانــی یۆنانیــی و تورکــی وەکــو یــەك تەماشــا دەکات و دەبوایــە ســەرجەم یاســاکانی راپەڕانــدن، کارگێــڕی و هەروەهــا بەڵگەنامــەکان (دۆکیومێنــت) بــە هــەردوو

زمانــەکان دەربچوێنرێــن و هەنگاوەکانــی دادگــە و دادگاییکــردن دەبــوا بەزمانــی ئــەو لایەنــە بێــت کــە پێوەندیــدارن (ماددەکانــی ١٨,٣ ج) بــە دادگاییکردنــەوە (کانوونــی یەکــەم (٢٠٠٣).

یاسای پەخش و بڵاوکردنەوە:

بەپێــی یاســای پەخــش و بڵاوکردنــەوە و دەســتووری قوبــرس، مــاوەی پەخــش زۆر بــە وردی لــە نێــوان بەرنامەکانــی هــەردوو کۆمەڵگــەی قوبرســی تورکــی زمــان و یۆنانــی زمانــدا دابەشــکراوە، ئــەو سیاســەتەش بەرامبــەر بــە زمــان لــە دیرۆکــی ئاڵــۆزی وڵاتــەوە کــە پێویســتە تیایــدا ڕەچــاوی دوو کۆمەڵگــەی یۆنانــی و تورکــی بکرێــت، ســەرچاوەی گرتــووە. جــا کــە تاکــو ئێســتەش ســنووره سیاســیەکان، ئۆتۆنۆمــی و جیابوونــەوەش بــە تەواویــی هەمــوو کێشــەکانی زمانیــان چارەســەر نەکــردوون، بۆیــە پێویســتە قوبــرس سیاســەتێکی هەســتیارانە بگرێتەبــەر.

هەیئەتێکــی پەخشــکردنی قوبــرس (Cybc) کــە حکومــەت بودجەکــەی بــۆ دابیــن دەکات تاکــە دەزگــەی پەخــش بــوو لــە وڵاتــدا تــا وەکــو ئێســتگە بازرگانییــەکان لــە ســەرەتای نەوەدەکانــەوە بــە یاســا، مۆڵەتیــان پێــدرا دەســت بــە بڵاوکردنــەوە بکــەن. ئــەو هەیئەتــە (cybc) بــە ڕێکوپێکــی بەرنامەکانــی خــۆی بــە زمانەکانــی یۆنانــی، تورکــی، ئەرمەنــی و ئینگلیــزی پەخــش دەکات. دەســتوور و پەخشــی دەنــگ و ڕەنــگ بــۆ هــەردوو کۆمەڵگــەی تورکــی (لــە مــاوەی حــەوت ڕۆژدا لــە ٧٥ ســەعات کەمــتر نەبێــت) کۆمەڵگــەی یۆنانــی گەڕەتــی کــردووە، هەروەهــا دەبــێ ســەرجەم پەخشــە ڕەســمییەکان بــە هــەردوو زمانــی یۆنانــی و تورکــی بــن. یاســای پەخشــکردن ژمــارە (٧) بڕگــەی (١) هەنگاوەکانــی مۆڵەتپێــدان ڕێــك دەخــات و چاودێــری پاراســتن و جــۆر و چۆنایەتــی زمــان (تەنهــا بــۆ وێســتگە بازرگانییــەکان) بەرزەفــت دەکات (دەیخانخاتــە ژێــر چاودێــری خۆیــەوە) لەگــەڵ پاراســتنی شوناســی نیشــتمانی و کەلەپــوور و کلتــوروی خەڵکــی قوبــرس (مــاددەی ٢٦).

دەستەی (cybc) ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە سەرپەرشتی پەخشەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان بکات و گرنگی بێلایەنانە بە بەرژەوەندیی و لێهاتوویی و توانستەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکانی بدات، شان بەشانی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نێوەندەکانی ماددەی (٣١)ی یاسای ژمارە (٧) لە بڕگەی (١)دا دەڵێت:

وەزیری پەروەردە و ڕۆشنبیری بۆی هەیە، بەمەبەستی بەرەو پێشبردن و بەرزکردنەوەی ئاراستەی سیاسەتی زمانەوانی هەرکاتێ بە پێویستی بزانێت، بە هەماهەنگی کاربەدەستانی پەخشکردن سەبارەت بە چەند بەرنامەیەکی تایبەتمەند، یان سەرجەم بەرنامەکانی وێستگەکان، بۆ شوێنی گشتی یاخود تایبەتمەند بڕیاری گونجاو دەربکات بۆ ئەوەی چۆنایەتی زمانی بەکارهاتوو کۆنترۆڵ بکات و سازدانی پرۆگرامەکان لەگەڵ سیاسەتی کۆمار لە ڕووی زمانەوە دابین بکات (ساڵی ٢٠٠٤).

نەخشە و پلانەکانی UN (نەتەوەیەکگرتووەکان) بۆ قوبرس یارمەتی زمانی تورکی دەدات تا ببێتە زمانێکی فەرمی لە EU (یەکێتی ئەورووپا)دا.

نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیازی ئەوەی کردووە کە دەستووری کۆماری قوبرسی یەکگرتوو (ماددەی ٩، بڕگەی (١) پێویستە ئەو دەربڕینانە لەخۆ بگرێت:

ماددە (٩,١): زمانە فەرمییەکانی کۆماری یەکگرتووی قوبرس، یۆنانی و تورکین. بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیش بۆ مەبەستی فەرمی دەبێ بە یاسا ڕێکبخرێت. دەقە دەستوورییەکە هاوشانی چەند یاسا و ڕێککەوتننامەی دیکەدا لە دوو توێی نەخشەکەی کۆفی ئەناندا بە ناونیشانی (چارەسەری گشتگیری کێشەی قوبرس) دا هاتووە، ئەمەیش بابەتی ڕاپرسییەکەی ٢٤ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ بوو.

بەپێی ئەو سیستەمەی لە نەخشەکەدا هاتبوو، ئەگەر ئەو قوبرسیە

تورکانـــەی لـــە باکـــوور و قوبرســـییە یۆنانییەکانـــی لـــە باشـــووردا دەژیـــن دەنـــگ بـــۆ قوبرســـی یەکگرتـــوو بـــدەن، ئـــەوە ئـــەوکات تورکـــی دەبێتـــە یـــەك لـــە زمانـــە فەرمییەکانـــی یەکێتـــی ئەوروپـــا (EU) هـــەردوو زمانـــی یۆنانـــی و تورکیـــش دەبوونـــە زمانـــی دەوڵـــەت و بـــۆ دەرچواندنـــی یاســـاگەلی پەیوەســـت بـــە کاروبـــاری یاســـایی و کارگێـــڕی و دادوەری و جێبەجێکـــردن و هەروەهـــا بـــۆ بەڵگەنامـــەکان (دۆکیۆمێنـــت) حکومەتـــی فیـــدراڵ بـــەکاری دەهێنـــن. هاووڵاتیانیـــش مافـــی ئەوەیـــان دەبێـــت بەهـــەر یـــەك لـــەو دوو زمانانـــە مامەڵـــە لـــە تـــەك دەزگـــە فیدرالیەکانـــدا بکـــەن و بەهەمـــان ئـــەو زمانەشـــەوە ئاخافتنیـــان لەگەڵـــدا بکرێـــت. هەروەکـــو پێویستیشـــە ســـەرجەم خوێندکارانـــی قوتابخانـــە دواناوەندییـــەکان بەشـــێوەیەکی (ئیختیـــاری) فێـــری هـــەردوو زمانـــە فەرمییـــەکان بکرێـــن.

هەروەهـــا پلانەکـــەی کۆفـــی ئەنـــان پـــرۆژەی یاســـایەکی لەخۆگرتبـــوو لەبـــارەی قەبولکردنـــی مەرجەکانـــی چوونـــە نـــاوەوەی کۆمـــاری یەکگرتـــووی قوبـــرس بـــۆ نـــاو یەکێتـــی ئەوروپـــاوە، تێشـــیدا هاتبـــوو کـــە پـــاش تەواوکردنـــی میلاکاتـــەکان و گشـــت پێداویســـتییە تەکنیکییـــە پێویســـتەکان، زمانـــی تورکـــی دەبێتـــە یەکـــێ لـــە زمانـــە رەســـمییەکانی یەکێتـــی ئەوروپـــا و کاریشـــی پێدەکرێـــت. ســـەرباری ئەوەشـــەوە نەخشـــەکەی کۆفـــی ئەنـــان، لـــە هەمـــان کاتـــدا یاســـایەکی لەخۆگرتبـــوو بـــەم ناونیشـــانەوە (یاســـای فیدراڵـــی لەمـــەڕ زمانـــە فەرمییەکانـــی کۆمـــاری یەکگرتـــووی قوبـــرس).

٢- پاشخان: تێبینییەکانی پاشخان

دانیشـــتوانی قوبـــرس نوێنەرایەتـــی دوو گرووپـــی نەژادیـــی (ئەتنـــی) ســـەرەکی، یۆنانـــی و تورکـــی دەکـــەن. قوبرســـییە یۆنانییـــەکان کـــە زۆرینـــەن تێکەڵاوییەکـــن لـــە وەچـــە و نەوەکانـــی دانیشـــتوانە رەســـەنە دێرینـــەکان و پەنابـــەر و رەوەنـــدەکان ئەوانـــەی لـــە نیمچـــە دوورگـــەی پیلەپۆنیـــس (Peloponnes) ەوە هاتـــوون و لـــە ســـاڵانی (١١٠٠) ی پێـــش زاییـــن دوورگەکەیـــان پێکهێنـــاوە. کەچـــی قوبرســـییە

تورکەکان لە نەوەو پاشماوەکانی سەربازەکانی سوپای عوسمانلین کە ساڵی ١٥٧١ دەستیان بەسەر دوورگەکەدا گرت، هەروەها ئەو کۆچبەرانەی دوای ماوەیەکی کورت لەو مێژووەوە حکومەتی سوڵتان لە ئەنەدۆڵەوە هێناونی. هەر لە ساڵی ١٩٧٤ یشەوە کۆچبەری دیکە لە ئەنەدۆڵەوە بە خاووخێزانەوە هێنراونەتە دوورگەکەوە, تاکو زەوییە بەیارەکان وەبەربێنن و کۆی (معدل)ی هێزی کاریگەر زیاد بکەن. بۆ سەدان ساڵ قوبرس نیشتمانی هاوبەشی هەردوو رەگەزی یۆنانی و تورکان بووە. لێ تەنانەت دوای وەرگرتنی سەربەخۆی دوورگەکەشەوە لە شانشینی یەکگرتوو (UK) لە ساڵی ١٩٦٠دا.

ئەندامانی زۆرینەی یۆنانییەکانی قوبرس بزووتنەوەیەکیان بە مەبەستی یەکگرتنەوەی رەسمی لەگەڵ کۆماری یۆناندا بەرپا کرد، ئیر توندوتیژی بەربڵاوی رەگەزایەتی (رەگەزپەرستی) لە ساڵی ١٩٦٣ دا وای لە کەمینەی تورکەکان کرد ساڵی ١٩٦٤ لە حکومەت بکشێنەوە. ئەوساکە گاردی نیشتمانی قوبرس لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرە یۆنانییەکانەوە ساڵی ١٩٧٤ کودەتایەکی سەربازییان ئەنجامدا. ئەوجا تورکیا بە داگیرکردنی قوبرس و دابڕینی باکوور کە سێیەکی دوورگەکەیە و مەفتەنی کەمینە تورکەکانی دوورگەکەیە، وەڵامیدایەوە ئەوەبوو دوای یەك مانگ شەڕوپێکدادان، هێڵێکی ئاگربەست دیاریکرا. لەو کاتەوەیش قوبرس بە دابەشکراوی لە نێوان کۆماری یۆنانییەکان لە بەشی سەرەکی دوورگەکە و کۆماری تورکەکان لە بەشی باکووری قوبرسدا ماوەتەوە، ئەمیش رەوشێکە تا ئێستا بێجگە لە تورکیا لەلایەن هیچ نەتەوەیەکی دیکەوە نەزانراوە و دانی پێدانەنراوە. دواتر گیروگرفتی زۆر و ئاڵۆزتریش هاتە ئاراوە وەختێ تورکیا پتر لە سێ دەیەیە هەر لە هەوڵی چڕدایە بەمەبەستی چوونە نێو ریزەکانی یەکێتی ئەوروپاوە و بەتوندیش بەرهەڵستی لە وەرگرتنی قوبرس بۆ نێو یەکێتیەکەوە دەکات بە پاساو و بیانووی ئەوەوە گوایە حکومەتی قوبرسییە یۆنانی نەژادەکان نوێنەرایەتی

سـەرجەم دوورگەکـە نـاکات. بەهەرحـاڵ قوبرسـییە یۆنانییەکانیـش تورکیـا بەهێـزی داگیرکەرێکـی بیانـی دادەنێـن و (وەك داگیرکەرێکـی بێگانـەی تەماشـا دەکـەن).

توێژینەوەی زمان

کێشە زمانییەکان:

لــە کۆیــدا یــەك هەســت دەکات زمــان گرفتێکــە (کێشــە) لــەم وڵاتــەدا؟ (زانیــاری دروســت بەردەســت نییــە).

٣- گرووپە کەمایەتییەکان: (لە ئەیلوولی ٢٠٠٤دا).

کردنەوەی قوتابخانەی یۆنانی لە باکووری قوبرسدا:

لــە پــاش دابڕانێکــی ٣٠ ســاڵی، خوێندنگەیەکــی دواناوەنــدی قویرســیە یۆنانییــەکان ســەرلەنوێ لــە بەشــی باکــووری قوبرســدا کــە لەلایــەن تورکیــاوە داگیرکــراوە، کرایــەوە. دێــی (ویــزۆ کارپاســۆ) لــە بەشــی خۆرهەڵاتــی باکــووری قوبــرس، تەنانــەت دوای داگیرکردنــی ئــەم دەڤــەرە لەلایــەن ســوپای تورکیاشــەوە هــەر بەجێنینشــینی قوبرســییە یۆنانییــەکان ماوەتــەوە. کاتــێ ســاڵی ١٩٧٤ نزیکــەی دوو هــەزار قوبرســی یۆنانــی لەوێــدا دەژیــان، کۆمەڵگەکەیــان تــا ســاڵی ٢٠٠٤ بــۆ تەنهــا پێنــج ســەد ئەنــدام دابەزیــوە!

کاربەدەســتە تورکــەکان خوێندنگەکــەی گوندەکەیــان داخســت و بــەم شــێوەیە زۆران خوێنــدکار ناچــار کــران بــەرەو باشــوور ســەفەر بکــەن بــۆ ئــەوەی بــە زمانــی یۆنانــی درێــژە بــە خوێنــدن بــدەن. هــەر بەگەیشــتنیان بــۆ ئــەوێ، بەرپرســە تورکــەکان ڕێگەیــان پێنــەدان جارێکــی تــر بگەڕێنــەوە زێــدی بــاب و باپیرانیانــەوە. لــەم دوایانــەدا ســەرۆکی قوبرســییە تورکــەکان (محمــد علــی طلعــت) بڕیاریــدا دووبــارە قوتابخانەکــەی گونــد بکرێتــەوە. لــەو (١٧) مامۆســتایانەی دانــراون لــە قوتابخانەکــەدا وانــە بڵێنــەوە حەوتیــان تــا ئێســتا گەیشــتوونە و دەســتیان بــە وتنــەوەی وانەکانیــان (فەرەنســی، یۆنانــی، ئاییــن و..تــاد) کــردەوە.

(پۆلاکیــس ســاریس) نێــردراوی بەرپــرس لــە کاروبــاری فریاگــوزاری و کــە

قوبرسییەکی یۆنانی پێیوایە کۆمەڵگەکەی ئەمان ماوەی ٣٠ ساڵە لە ژێرهەڕەشەدا ژیان بەسەر دەبەن و ناوێرن تەنانەت لەنێو خۆشیاندا بەسەربەستی بە زمانی خۆیان (دایك) بدوێن.

هەرچۆنێ بێت، ئەو وای بۆ دەچێت کە قوتابخانەکەش هەر بەهۆی فشاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە (ئەنجومەنی ئەوروپی، یەکێتی ئەوروپا) دووبارە کراوەتەوە، چونکە زۆر بە پەرۆشەوەیە ئەندامییەتی لە EU (یەکێتی ئەوروپی) دا بەدەست بێنێت. لەلایەکی ترەوە تێری داڤێز (Terry davis) سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئەوروپی پێشوازی لەو هەنگاوەی سەرکردە تورکەکانی قوبرس کرد و گوتی ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونەوەی متمانەی زیاتری نێوان یۆنانی و تورکەکان لە دوورگەکەدا.

سەرچاوە: (هەواڵەکانی Mercator ئەیلوولی ٢٠٠٤).

٤- زمان لە ژیانی ڕۆژانەدا. بەکارهێنانی زمان بۆ کاروباری ڕۆژانە، بۆ نموونە: پەروەردە، پەخش و بڵاوکردنەوە و شتی تر.

قوتابخانەکان: سەرەتای نەوەدەکان ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستای بژاردە و لێهاتوو بۆ گشت ئاستەکان و جۆرەکانی خوێندنگەکان، هەروەها میلاکی بەڕێوەبردنیش هەبوون و هەمووشیان لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەتی سەر بە وەزارەتی پەروەردە ڕێپێدرابوون و دانرابوون. سەرجەم قوتابخانە گشتییەکان پرۆگرامی (مناهج) یەکگرتوویان هەبوو، ئامادەکردنی کتێبەکانی خوێندنیش لە ئەستۆی لیژنەکانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکاندا بوو، ئەمانیش بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کاربەدەستانی پەروەردەیی یۆنان کاریان دەکرد و هەندێ کەلوپەل و کەرەسەی خوێندن بۆ هەردوو قۆناغی پەروەردەیی و سەرەتایی و دواناوەندی، لەلایەن حکومەتی یۆنانەوە پێیان بەخشرا.

هەروەها خوێندنگەکانی قوبرس کەلوپەلی تازەی خوێندن و پێداویستیەکانیان بە چاکی بۆ فەراهەمکرابوون.

سیستەمی پەروەردەیی قوبرسییە یۆنانییەکان پێکهاتبوو لە فێرگەکانی بەر لە سەرەتایی و قوتابخانەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی گشتی و دواناوەندی تەکنیکی و پیشەیی و قوتابخانەکانی تایبەت بە کوێر و کەڕ و جۆرەکانی تری خەڵکانی پەککەوتە، ئەوانەی توانای فێربوونیان هەبووبێت. وێڕای ئەوانیش چەند پەیمانگەیەك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان و بۆ خوێندنی پسپۆڕی و بۆ پەروەردەیی رۆشنبیری هەبوون، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٠ هیچ زانکۆیەك لە کۆماری قوبرسدا نەبوو، تاوەکو لەسەرەتاکانی نەوەدەکاندا یەکێك کرایەوە دەبوا بۆ خوێندنی باڵاتر روو لە هەندەران بکرێت. ژمارەیەکی کەمیش قوتابخانەی تایبەت (ئەهلی) هەبوون.

ئەم زانیاریانە هی (مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣)یە.

پەخش و بڵاوکردنەوە: ئێستا بەگشتی لە کۆماری قوبرسدا (٦) کەناڵی تەلەڤزیۆنی سەرتاسەری و (٥) کەناڵی خۆجێیش هەنە، لەگەڵ (١٠) ئێزگەیی رادیۆیی سەرتاسەری و (٣٠) ئێزگەی رادیۆیی ناوچەیی و یەك ئاژانسی دەنگوباس (هەواڵەکان). هەروەها جودا لە ئێزگە گشتییەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن، میدیای بازرگانی و چاپەمەنی هیچ دەورێکی بەرچاویان دیار نییە سەبارەت بە پێداویستییە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەو کەمینانەی لە دوورگەکەدا دەژین.

بە گوێرەی بەشی پەخش و بڵاوکردنەوەی CYBC بە زمانەکانی ئەرمەنی و ئەوانیتر، بەرنامەکانی تورکی، رۆژانە لە نێوان کاتژمێر ٦ی بەیانی تا پێنجی دوای نیوەڕۆ پەخش دەکرێن. ل ماوەی ١١ سەعاتشدا کەناڵێکی رادیۆیی تایبەتمەندی CYBC سێ نەشرەی هەواڵەکان خوێندنەوەی رێکوپێکی چاپەمەنییە یۆنانییەکان، لەگەڵ چەند بەرنامەیەکی هەمەچەشنەی رۆشنبیری لەبارەی کاروباری رامیاری، ئابووری، کێشەکانی ئافرەتان، کەلتوور، هونەر، ئاهەنگی مۆزیکی و هەروەها وانەی تایبەت بە فێربوونی زمانی یۆنانی

بڵاودەکاتــەوە.

کەناڵێکـی تەلەڤزیۆنـی CYBC هەروەهـا ڕۆژانـە بـە زمانـی تورکـی پەخشـێکی هەواڵــەکان و هەمــوو ڕۆژانــی ســێ شــەموان و هەینیــش دوو بەرنامــەی کورتــی ڕۆشــنبیری بڵاودەکاتــەوە. بەرنامەیەکــی رادیۆیــش بــە زمانــی ئەرمەنــی هەمــوو ڕۆژێــك لەکاتژمێــر (٥)ی بەیانییــەوە دەســت پێــدەکات و ئــەو بەرنامانــە بریتیــن لــە پەخشــنامەی هەواڵــەکان ســێ جــاران لــە هەفتەیەکــدا, کێشــەکانی ئافرەتــان! پرۆگرامــی تایبــەت بــە منــداڵان و ئــەدەب و مۆزیکــی ئەرمەنــی. بــۆ گروپــوی ئاییــنی مارۆنییــەکان و لاتینییەکانیــش دوو کورتــە پرۆگــرام بــە زمانــی یۆنانــی هەمــوو پاشــنیوەڕۆیەکی شــەموان پەخــش دەکرێــن.

لــە حوزەیرانــی ١٩٩٩ەوە CYBC بەرنامەیەکیشــی بــۆ مارۆنییــەکان لــە ژێرنــاوی (دەنگــی مارۆنییــەکان)دا پەخــش دەکات و لــە ١٣ی تەشرینــی دووەمــی هەمــان ساڵیشــەوە (١٩٩٩) پرۆگرامێــك بــۆ لاتینیەیــکان دەســتی پێکــردووە.

ڕۆژانــەش لــە دەمژمێــر ٦ی ئێــوارە تاکــو نیوەشــەو بەرنامەکانــی رادیــۆ بــە زمانــی ئینگلیــزی بــەم شــێوەیە پەخــش دەکرێــن. ســێ پەخشــی دەنگوباســەکان مــاوەی هــەر یەکێکیــان دە خولەکــە، لەگــەڵ گەشــتێکی راســتەوخۆدا بەنێــو گۆڤارەکانــی نئێــوارە و هەنــدێ میوزیــك. کاتــی هاوینانیــش پرۆگرامێکــی زیــادەی ئێوارانێکــی ســەر لــە زوو بــۆ گەشــتیارانی دوورگەکــە راســتەوخۆ بــە چــوار زمــان پەخــش دەکرێــت.

٥- ڕێککەتننامــە نێودەوڵەتییــەکان: ئایــا وڵات ســەبارەت بــە پارێزگاریکردنــی کەمینــە نەژادییــەکان لــە هیــچ ڕێککەوتننامەیەکــی نێودەوڵەتیــدا بەشــداربووە؟

دەقــی پەیماننامــەی نێودەوڵەتــی بــۆ پارێزگاریکــردن لــە کەمینــە نەتەوەییــەکان ڕۆژی ٤ی حوزەیرانــی ١٩٩٦ پەســەندکراوە و لــە ڕۆژی ١٩٩٨/٢/١ کاری پێکــراوە. هەروەهــا دەقــی پەیماننامــەی ئەوروپــی بــۆ زمانــی کەمینــەکان و هەرێمایەتییــەکان لــە ڕۆژی ١٩٩٢/١١/١٢ دا ئیمــزا کــراوە.

زانیاری تا (ئەیلوولی ٢٠٠٢).

لـە ٢٧ی مانگـی ئابـی سـاڵی ٢٠٠٢دا قوبـرس بـە رەسـمی (دەقـی پەیماننامـەی ئەنجومەنـی ئەوروپـی) بـۆ زمانگەلـە هەرێمایەتیـی یـان کەمایەتییەکانـی پەسـەند کــردووە. چونکــە یۆنانــی و تورکــی زمانــی فەرمیــن پەیماننامەکــە بــە تەنهــا ئامــاژە بــە ئەرمەنــی دەکات وەکــو زمانێکــی نــا هەرێمایەتــی (زمانێــك لەلایــەن نەتەوایەتییەکانــی دەوڵــەت بــەکار دێــت و جــودا وازی لەگــەڵ زمانەکانــی تــردا هەیــە کــە دانیشــتوانەکانی دی بەکاریــان دێنــن بــەڵام ئەگەرچــی پشتاوپشــت لەنێــو ســنوورەکانی دەوڵەتــدا بەکاربــراون، ناکرێــت بەزمانــی دەڤەرێکــی تایبــەت بژمێردرێــت).

لــە کــۆی (٨٥٠٠٠٠) دانیشــتوانی دوورگەکــە تەنهــا (٢٠٠٠) یــان لــە کەمینــەی ئەرمەنیــن. ئەرمەنییــەکان ســێ قوتابخانــەی ســەرەتایی و یەکێکــی بەرزیــان هەیــە کــە بــە زمانــی دایــك (ئەرمەنــی)، یۆنانــی و ئینگلیــزی دەخوێنــن. هەروەهــا چەنــد کلیســایەك و مــاوەی یــەك کاتژمێــر پەخشــی رادیۆیــان بــە زمانــی ئەرمەنــی هەیــە.

پەیماننامەکــە بڕیــارە لــە ١ی کانوونــی یەکەمــی ٢٠٠٢دا بخرێتــە بــەرکارەوە، تاکــو ئێســتەیش ١٢ لــە ئەندامانــی (ئەنجومەنــی ئەوروپــی) بەڵگەنامەکەیــان ئیمــزا کــردووە و ١٧ ئەندامیشــیان پەســەندیان کــردووە.

زانیاری تا (کانوونی دووەمی ٢٠٠٣).

پەســەند کردنــی (پەیماننامــەی ئەوروپــی بــۆ زمانــە هەرێمایەتییــەکان یــان کەمینــەکان) و خۆبەســتنەوەی کۆمــاری قوبــرس پێیــەوە کــە لــە ١٩٩٢/١١/١٢ دا ئیمــزای کردبــوو، رۆژی ٢٠٠٢/٨/٢٦ پەســەندی کــردووە، لــە رۆژی ٢٠٠٢/١٢/١وە خرایــە بــەرکارەوە.

پەیماننامەکــە بــە تەنهــا (ئەرمەنــی) وەك زمانێکــی نــا هەرێمایەتــی باســکردووە. وەلــێ بــە هیــچ شــێوەیەك بــەلای زمانــی عەرەبــە مارۆنییەکانــەوە ناچێــت، ئــەو زمانانــەی بەپێــی ســەرچاوەی باوەڕپێکــراوی ژمــارە (١)، هــەزار و ســێ ســەد کــەس

لـە كۆمەڵگەیەكـی شـەش هـەزار كەسـییەوە كـە لەوەتـای سـەدەی هەژدەهەمـەوە لــەو دوورگەیــەدا نیشــتەجێنە قســەی پێدەكرێــت. ئەرمەنییەكانیــش لەلایەكــی دیكـەوە دوو هـەزار قسـەكەریان بـە زمانـی خۆیـان هەیـە و لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٥، ١٩٢٠ دا هاتوونەتـە دوورگەكـەوە.

سەرچاوە: هەواڵەكانی میركاتە و (Mercator) كانوونی یەكەمی ٢٠٠٢.

(٩) كاروباری یاسایی

دەستوور (لە ١٦)ی ئابی ١٩٦٠) پەسەند كراوە.

ماددەی (٢): بۆ مەبەستەكانی ئەم دەستوورەیە:

(٣) كۆمەڵگـەی یۆنانـی لـە هەمـوو ئـەو هاوڵاتییانـەی كۆمارەكـەوە كـە بـە نـەژاد یۆنانیـن و ئەوانـەی زمانـی دایكیـان یۆنانییـە، یاخـود ئەوانـەی لـە كەلتـوور و كەلەپـوور و دابونەریتـی گریكـی (یۆنانـی) دا بەشـدارن، یـان ئەوانـەی كەنیسـەی ئەڤەدۆكسـی یۆنانیـن.

(٤)- كۆمەڵـگای توركـی پێكدێـت لـە هەمـوو ئـەو هاووڵاتییانـەی كۆمارەكـەوە كـە لـە نـەژادی توركـن و زمانـی دایكیـان توركییـە. یـان ئەوانـەی لـە كەلەپـوور و دابونەریتــە كەلتورویيــە توركیەیكانــدا هاوبەشــن (بەشــدارن) یــان ئەوانــەی موســڵمانن.

ماددەی (٣):

(٨)- زمانە رەسمیەیكانی كۆمار یۆنانی و توركین.

(٩) پــرۆژە یاســاییەكانی پەیوەســت بــە كارگێــڕی و جێبەجێكردنــی و یاسـادانان، هەروەهـا دۆكیۆمێنتـەكان (بەڵگەنامـە) پێویسـتە بـە هـەردووك زمانـە رەسـمییەكان دەربچوێنرێـن، دەشـێ لـە هـەر شـوێنێ لـە ژێـر ڕێنمایـی ئاشـكرای ئـەم دەسـتوورەدا پێویسـتی بـە بڵاوكردنـەوە كـرد، ئـەوا دەبـێ بڵاوكردنەوەكـە لـە گۆڤـاری (فەرمـی كۆمارەكـەوە بـە هـەردوو زمانـە رەسـمییەكان ئەنجـام بدرێـت).

(١٠)- بەڵگەنامـە كارگێڕییـەكان (ئیـداری) یـان هـەر بەڵگەنامەیەكـی دیكـەی

فەرمی کە رووبەڕووی یۆنانییەك یان تورکێك دەکرێتەوە پێویستە بە زمانی ئەو کەسە خۆی (یۆنانی یان تورکی) بێت.

(١١)- هەنگاوەکانی بەڕێوەچوونی دادگاییکردن و هەروەها پرۆسەی دادگاییەکەش دەبێ بە زمانی یۆنانی ببرێن بەڕێوە گەر لایەنەکان یۆنانی بوون و بە زمانی تورکیش بن هاتوو لایەنەکانی تورك بوون و بە هەردوو زمانەکانی یۆنانی و تورکی بن ئەگەر لایەنەکان یۆنانی و تورك بوون، زمان یان زمانە رەسمییەکان کە بۆ ئەم جۆرە مەبەستانە لە هەموو حاڵەتەکانی تردا بەکار دەهێنرێن پێویستە بەپێی یاساکانی دادگاوە کە لەلایەن دادگەی باڵاوە لە ژێر حوکمی ماددەی (١٦٣)دا دیاریکراوە، دەستنیشان بکرێن.

(١٢)- هەر دەقێك (تێکست) لە (گۆڤاری فەرمی کۆمار)دا دەبێت بە هەردووك زمانی رەسمی لەهەمان ژمارەیدا بڵاوبکرێتەوە.

(١٣)- ١) هەر جیاوازییەك لە نێوان دەقە یۆنانی و دەقە تورکییەکاندا هەبێت لەمەڕ هەر یاسا، یان بەڵگەنامەیەکی یاسایی، راپەڕاندن یان کارگێڕیدا کە لە نێو (گۆڤارە فەرمییەکەی کۆمار)دا بڵاوکرابێتەوە، پێوستە لەلایەن دادگەیەکی توانا و لێهاتووەوە چارەسەر و یەکلایی بکرێتەوە.

٢)- دەقی کارپێکراوی هەر قانوون و بڕیارێکی ئەنجوومەنی هاوبەشی کۆمەڵگەی ئەوەی لە (گۆڤارە رەسمییەکەی کۆمار) دا بڵاودەکرێتەوە دەبێ ئەو دەقەیان بێت کە بەزمانی ئەو ئەنجومەنە گشتییە هاوبەشەوە کە پێوەندی هەیە نووسرابێت.

٣)- هەر کاتێ جوداوازییەك لە نێوان دەقە یۆنانی و دەقە تورکییەکاندا سەبارەت بە قانوون یان بەڵگەنامەیەکی راپەڕاندن یان کارگێڕییەوە دەرکەوت، کە هەرچەند لە گۆڤارە فەرمییەکەی کۆماردا چاپ نەکرابێت. بەڵام بە شێوازی تر بڵاوکرابێتەوە، ئەوا بڕیارێك لەلایەن وەزیر یاخود هەر دەسەڵاتێکی پێوەندیداری دیکەوە لە بارەی ئەوەی ئاخۆ دەبێ کار بە کام

دەقیــان بکرێــت ئــەوا ئــەم بڕیــارە کۆتایــی و کارپێکــراو دەبێــت.

٤)- بــۆ هــەر حاڵەتێکــی بوونــی جیــاواز لــە دەقەکانــدا، دادگایەکــی شــارەزا و لێهاتــوو بــۆی هەیــە ئــەو جــۆرە راســتکردنەوانە رێ پێبــدات کــە بشــێ خــۆی بــڕوای بەعەدالەتیــان هەبێــت، وەکــو لــە پێشــەوە بــاس کــراوە.

٧- زمانــە فەرمیەیــکان دەبێــت لەســەر دراوی کانــزای و پــارەی کاغــەز و پوولــی پۆســتەدا بــەکار بهێنرێــن.

١- هەرکــەس دەبــێ مافــی ئــەوەی هەبێــت بــە هــەر یــەك لــە زمانــە فەرمیەیــکان بێتــە بــەردەم کاربەدەســتانی کۆمــارەوە.

ماددەی (١١):

هەرکەسێك لەکاتــی دەســتگیرکردندا دەبێــت بــەو زمانــە کــە خــۆی تێیــدەگات لــەو هۆیانــەوە ئــاگادار بکرێتــەوە کــە پێیانــەوە دەســتگیرکراوە و پێویستیشــە رێگــەی ئــەوەی پێبدرێــت ســوود لــە خزمەتگــوزاری (داکۆکیکــردن)ی پارێزەرێــك وەربگرێــت کــە خــۆی دەستنیشــانی دەکات (هەڵیدەبژێرێــت).

٦- ئــەو دادوەرەی کەســێکی دەســتگیرکراوی دێتــە بــەردەم دەبــێ دەســتبەجێ و بەبــێ دواکەوتــن دەســت بــە لێکۆڵینــەوەی هــۆی دەســتگیرکردنەکەی بــکات ئــەوی بــەو زمانــەی کــە کەســی دەســتگیرکراو لێیتــدەگات.

هەروەکــو دەبێــت ئەوەنــدەی بتوانرێــت بــە زوویــی (لــە هیــچ حاڵەتێکــدا نابــێ لــە ســێ رۆژ زیاتــر بێــت) لــە ســاتی دەرکەوتنــی (روودانــی حاڵەتەکــەوە) یــان ئەوەتــە بەپێــی ئــەو مەرجانــەی خــۆی بــە باشــیان دەزانــێ دەســتگیرکراوە کــە بەرەڵــڵا بــکات (بەربــدات) یاخــود ئەگــەر لێکۆڵینــەوەی تــەواو لەمــەڕ بارودۆخــی تاوانکارییەکــەی کــە بەهۆیــەوە دەســتگیرکراوە بــە کۆتــا نەهاتبــێ، بــە (کەفالــەت) بــەری بــدات، دەشــێ هــەر تاوانێــك بــە کەفالــەت بــەری بداتــەوە، بــەو مەرجــەی بــۆ هــەر جارێــك لــە (٨) رۆژ تێنەپەڕێــت.

ماددەی (١٢)- (٥):

(A ئەلـف: دەسـتبەجێ و بـە دوورودرێـژی و بەزمانێـك کـە تێیـدەگات سروشـت و زەمینـەی ئـەو تاوانـەی دراوەتـە پاڵـی پێیرابگەیەنرێـت.

(E ئـــی: یارمەتـــی و هـــاوکاری بـــە خۆڕایـــی (بەبـــێ پـــارە)ی وەرگێڕێـــك (تەرجومـان) بێتـو خـۆی لـەو زمانـە تێنـەگات (نەیزانـێ) کـە لـە دادگـەدا کاری پێدەکرێـــت.

ماددەی (٢٨):

هەمـوو کەسـێك دەبـێ ئـەو مـاف و ئازادییانـەی کـە لـە دەسـتووردا هاتـوون، پیـادە بـکات، بەبـێ هیـچ جیاوازیکردنێکـی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ دژ بەهـەر یەکـێ بەهـۆی پایـەی لـە کۆمەڵـگادا، نـەژادی، ئاییـن، زمـان، رەگـەز، بیـروڕای سیاسـی و غەیـرە سیاسـی، نەتـەوە، کۆمەڵایەتـی، لـە زانیگـە، رەنـگ، سـامان، چینـی کۆمەڵایەتـی، یـان هـەر هۆکارێکـی تـر، تەنهـا ئەگـەر لـەم دەسـتوورەدا بـە ئاشـکرا ئامـاژە بـە پێچەوانـەی کرابێـت.

ماددەی (٣٠) گشت کەسێك مافی هەیە:

(E ئـــی: یارمەتـــی بەبـــێ بەرامبـــەری وەرگێڕێـــك (تەرجومـــان) وەربگیرێـــت ئەگـــەر هاتـــو خـــۆی لـــەو زمانـــە تێنـــەگات کـــە لـــە دادگـــەدا بـــەکار هاتـــووە.

مـاددەی (١٧١): لـە هـەردووك پەخشـی دەنـگ و رەنگـدا پێویسـتە بەرنامـە بـۆ کۆمەڵگـەی یۆنانیەیـکان و تورکـەکان هەردووکیـان هەبـن.

١- ئـەو ماوەیـەی بـۆ پرۆگرامەکانـی پەخشـی رادیـۆی (دەنـگ) کـە بـۆ کۆمەڵگـەی تورکـی تەرخانکـراوە پێویسـتە لـە حـەوت رۆژی هەفتـەدا (٧٥) کاتژمێـر کەمـتر نەبێـت. رۆژانەکاتەکانـی پەخشـی ئاسـایی بەسـەر گشـت رۆژەکانـی ئـەو جـۆرە هەفتانـەدا دابـەش بکرێـت. جـا گـەر لـە حاڵەتێکـدا وا پێویسـت بـکات کـۆی سـەعاتەکانی پەخشـی کـەم بکرێتـەوە بـە رادەیـەك کـە مـاوەی تەرخانکـراو بـۆ پرۆگرامەکانـی سـەر بـە کۆمەڵگـەی یۆنانـی بێتـە خـوارەوە بـۆ کەمـتر لـە (٧٥) کاتژمێـر لـە هەفتەیەکـی حـەوت رۆژەدا ئـەوا ئەوکاتـە دەبـێ

مــاوەی دانــراو بــۆ پرۆگرامەکانــی پەخشــی ســەر بــە کۆمەڵگــەی تورکەکانیــش لەهــەر هەفتەیەکــی ئاواهیــدا بــە هەمــان ڕێــژە و ژمــارەی ســەعات کەمبکرێتــەوە. وەك ئــەوە ماوەیــەی بــۆ پرۆگرامەکانــی یۆنانیەیــکان دانــراوە کــە بــۆ ژێــری ئــەو ســەعاتانە دابەزێــنراوە. ئەگەریــش مــاوەی دانــراو بــۆ پرۆگرامەکانــی تەرخانکــراو بــۆ کۆمەڵگــەی یۆنانیەیــکان زیــاد کــرا بــۆ پــتر لــە (١٤٠) کاتژمێــر لــە هەفتوویەکــی حــەوت ڕۆژیــدا ئــەوکات دەبــێ ئــەو ماوەیــەی بــۆ پرۆگرامەکانــی تەرخانکــراو بــۆ کۆمەڵــگای تورکــەکان دانــراوە زیــاد بکرێــت بــە ڕێــژەی زیــادەی ٣ کاتژمێــر بــۆ کۆمەڵگــەی تورکــی بەرامبــەر بــە هــەر حــەوت کاتژمێرێــك بــۆ کۆمەڵگــەی یۆنانییــەکان.

(٣) – لــە پەخشــی بیــنراودا (تەلەڤزیــۆن) پێویســتە لــە هــەر (١٠) ڕۆژی لــە دوای یەکــی پەخشــدا ســێ ڕۆژیــان بــۆ پرۆگرامەکانــی ســەر بــە کۆمەڵگــەی تورکــەکان تەرخــان بکرێــت و ســەرجەم (کــۆی) مــاوەی دانــراو بــۆ پرۆگرامەکانــی ســەر بــە کۆمەڵــگای تورکــی لــەو دە ڕۆژانــەی پەخشــکردنەکەدا بــە ڕێــژەی ســێ کاتژمێــر ســەر بــە کۆمەڵــگای یۆنانییەکانــەوە.

(٤)- پێویســتە ســەرجەم پەخشــە فەرمییــەکان بــە دەنــگ و ڕەنــگ لــە (ڕادیــۆ و تەلەڤزیۆنــدا بــە هــەردووك زمانەکانــی یۆنانــی و تورکــی بــن و ناشــبێت بــۆ مەبەســتەکانی ئەژماردنــی کاتــدا کــە لــەم ماددەیــەدا هاتــوو، حســابیان بــۆ بکرێــت).

ماددەی (١٨٠):

١- هــەردووك دەقــە یۆنانــی و تورکییەکــەی ئــەم دەســتوورە، هــەم بەرەســەن (ئەســڵی) دەژمێردرێــن و هەمیــش هەمــان خەســڵەت و هێــزی یاســایان (legal) هەیــە.

ماددەی (١٨٩):

١- بــەدەر لــە هەرچییەکــی لــە مــاددە (٣)دا هاتــووە هەتــا (٥) ســاڵان پــاش

ئـەو مێـژووەی کـە ئـەم دەسـتوورەی تێـدا دەخرێتـەر بـەرکار.

ئەلـف: سـەرجەم یاسـاکانی کـە بـە حوکمـی مـاددەی (١٨٨) بـەردەوام دەبـن لـە کارپێکردنیانـدا، دەکـرێ هـەر بـە زمانـی ئینگلیـزی بمێنێتـەو و (بـەردەوام بـن).

بـێ: زمانــی ئینگلیــزی دەکــرێ بــەکار بهێنرێــت لــە هــەر (ئیجرائاتێــك)دا لەبــەردەم هــەر دادگایەکــی کۆمــاری قوبرســدا.

تێبینــی: دەقــی تــەواوی دەســتوورەکە و زانیــاری زیاتــر لەســەر پێشــینەی دەسـتووری قوبـرس لـە (پـرۆژەی یاسـایی دەسـتووری نێـو نەتەوەییـدا لـە زانکـۆی ویرزبــۆرگ (university of Wurzburg)

**سەرچاوە و ژێدەر:**

CIA پەرتووکی راستییەکانی جیهانی ١٩٩٩

مایکرۆسۆفت، ئینسکالۆ پیدیا (٢٠٠٠)

ئینسایکلۆ پیدیا بریتانیکا ١٩٩٩-٢٠٠٠

ئینتەرناشــنال کۆنستیۆشــنال لـۆو ICL ١٣ی نیســان ٢٠٠٠ زانکـۆی ویرزبـۆرگ و هیــتر..

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.